# جەنگیز ئایتماتۆڤ

# کاتێك چیاكان هەرەس دەهێنن

## بووكی نەمر

و: موكەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

ناوی کتێب: کاتێك چیاکان هەرەس دەهێنن، بووکی نەمر.

نووسەر: جەنگیز ئایتماتۆڤ.

وەرگێڕانی بۆ کوردی: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی.

تایپ: وەرگێڕ.

دیزاینی بەرگ: ............

دیزاینی ناوەوە: ...............

تیراژ: (          ) دانە.

چاپخانە: چاپخانەی ..............

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (  ) ساڵی ....... دراوەتێ. هەولێر ............

# جەنگیز ئایتماتۆڤ



# پێشەکی

بابەت: ئەوەیە مرۆڤ چۆن دەبێت بژێت، چـۆن پێویـستە بمرێـت؟ تـۆ چـۆن دەژیـت و چـۆن دەمریت.

دوایەمین ڕۆمانی جـەنگیز ئایتمـاتۆڤ کاتێـك چـیاکان هـەرەس دەهێـنن (بـووکی نـەمر) تراژیدیایەکی بەرزەو، کارێکی وێژەیی زۆر تەواوو سفت و سۆڵە، لەسـەر شـێوەی تـەواوی نووسەرەکەی لە ناو ڕەگەزی ئادەمیزادی نەوەی مێژوو و شارستانیەتدا. شێوازەکەی مـرۆڤ سەرسام دەکات، لە قۆناغی پێش مێژووەوە تا سەردەمی هاوچەرخ. سـەرەتای گـەردوون و کۆتـایی گـەردوونی لـە گەشـتی گیـان و جەسـتەدا کۆکردووەتـەوەو بـە هـۆی شـاکارە نەمرەکانییەوە گیانی وەبەر زۆر قۆناغ و ئەزموونی ژیانی مـرۆڤ و کۆمەڵـدا کردووەتـەوە. ئایتماتۆڤ ساڵی ١٩٢٨ لەدایك بووە، سەردەمی منداڵی لە ئایـل قـەرغیزی شـیکیر، لـە ڕەوشـێکی ژیـانی خێڵایـەتی سـەرەتاییدا بەسـەر بـردووە، لـەباکوورەوە بـا هـەڵێکردو، بیروبۆچوونی سۆسیالیستی لەگـەڵ خـۆی هێنـا، بـاوکی بـوو بـە سـکرتێری لقـی پـارتی کۆمۆنیستی بەلشەڤی قیرغیزی، بەڵام ساڵی ١٩٣٨ گوللەباران کرا.

جەنگیز دەسـتی بـەکارکردن لـە بـواری پـەروەردەکردنی پەلـەور کـرد، بـەڵام چـاوی لـە ڕۆشنبیرییەکی بەرفرەوان دەکردەوە، دەسـتی بـە نووسـین لـە ڕۆژنامەکانـدا کـرد: نامـە، ڕاپۆرت، چیرۆکی کورت و درێژ. ئەوەندەی نەخایاند سەرنجی بەلای خۆیـدا ڕاکێـشا، بۆیـە ڕۆیشت لە ئامۆژگەی باڵا لە مۆسکۆ بخوێنێت.

ساڵی ١٩٦٣ خەڵاتی (لیـنین)ی لـە بـواری وێـژەدا بەرکـەوت و، لـە ڕیـزی پێـشەنگانی ڕۆشنبیری جیهانی دانرا. ئەو ڕێگەیەی گیانی ئەم مرۆڤـە بڕیویـەتی زۆر درێـژە هـەر لـە ئازارو ئەشکەنجەی زۆرەوە بگرە تا دەگاتە سەرکەوتن، هەر لە ڕەوشـی بێـزراوە بگـرە، تـا دەگاتە ڕەوشی (ڕۆڵەی بە ئەمەکی نیشتمان)، وەك بڵێیت ژیان ئەقڵ و ڕوحی بەرز کردەوە وەك ئەم ئازارە بۆ ئەوەی ئەم دەفرە خولقێنەرە داهێنان بکات کە بـۆ بـارە جۆراوجۆرەکـان دەشێت، کە دەشێت مرۆڤیان پێدا تێپەڕێت. ئـەم هاوسـۆزییە سەرتاسـەرییەیش لـەو ژارە

زۆرەی پاڵەوانانەدا بەرجەستە دەبێت کە نووسەر دایهێناون، ئەوانـەی خوێنـەران خۆشـیان ویستوون و لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهانـدا هەسـتیان بـە پێوەنـدی خزمایـەتی لەگـەڵیان کردووە، چونکە زۆر لە گەلانی: ئەوروپا، ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمەریکای لاتـین لـە سـەدەی بیستەمدا بەپەلـە ڕێگـەیان لـە ڕژێـم و سیـستمی باوکـسالارییەوە بـەرەو شارسـتانیەت هاوچەرخ بڕی، لە میتالۆژیاو فۆلکلۆرەوە بۆ ئەدەب و فەلسەفە. ئایتماتۆڤیش ئم چینانەی ڕوح تێکەڵ دەکات، ئەو داهێنەرێکی میتۆلۆژی و ڕۆمانـسی ریـالیزمی و نوێخـوازە. بـە چاوی نەمری لەو ڕووداوانە دەڕوانێت کە بە درێژایی مێژوو تووشی مـرۆڤ دەبـن، تووشـی ڕوح و چەمکەکانی لە هەموو قۆناغ و لە چوارچێوەی کۆمەڵدا.

ئەمە لە قۆناغی زێڕینی منداڵیەتی (قـازو قولنگـەکان زوو هـاتن)و قۆنـاغی لاویـەتی و ئەوینداری هەرزەکاری (جەمیلە)و پاشان گۆڕانارییە شۆڕشگێڕییەکان (یەکـەم مامۆسـتا، خوات لەگەڵ گۆڵساری) و گەڕان بە دوای مەغزای ژیان لە هەڵەی ئەو چەمك و بەهایانەی هەر یەکەیان ئەوی دیکەیان ڕەت دەکەنەوە...

بۆیە ئەوەی ڕۆسۆو تۆلستۆی لێك جودا دەکـردەوە تـا دەهـات ڕوونـتر دەبـووەوە: چـونکە پێشڤەچوونی شارستانیەتی و تەکنیك و شتە پێویستییە لاوەکییەکان واتای پێشکەوتن لـە ئاکاردا ناگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو مرۆڤەی بە دوای گیـان و بـە دوای ڕاسـتی باڵادا بگەڕێت، دەبێزرێت، بۆیە پێویست دەکات خۆی شەکەت و ماندوو بکات تا ڕێگـەی خۆی لەناو هـەراو هوریـاو گەوجایـەتی ئـارەزووە نزمەکانـدا، ڕووەو بلنـدی، ڕووەو ڕەهـا ببڕێت، بۆیە زۆر جار باجێکی قورس دەدات وەك لـە شـاکارەکانی: (کەشـتییە سـپییەکە، ڕۆژ پتر لە سەدەیەك درێژ دەبێتەوە، ...... )دا دیارە.

ئێستەیش، پاش هەموو ئەم پێشهاتە گورج و خێرایانەو، لەگەڵ دەرچوونی ئەم ڕۆمانەیدا، ئەوە ڕەنگە خوێنەر بپرسێت ئایتماتۆڤی نووسەرو مرۆڤ چی بەسـەرهاتووەو، ئـەو قۆناغـە مێژووییە چی لێهاتووەو، باسی چی دەگێڕێتەوەو، ئەی ( دوایەمین دەرەنجامی کۆتـایی لـە پەندی سەر زەمین ) چییە؟

ئەوە دوا نیوەدێڕی مۆنۆلۆژی فاوستە لای گۆتە، پاشان ئایتمـاتۆڤ بـە خـۆی گەیـشتووەتە تەمەنی گۆتەو تۆلستۆی، ئەوەبوو گەیشتە (دەستەڵاتی باڵا) لە هونەرو جیهانیش گەیشتە

دەرك كردنی پایەی مایسترۆو ئەكساكالی ـ دانـا. وتـەی شـاعیری ڕووسـی تیۆچـیڤ کـە بەسەر گۆتەدا گوتوویەتی، ئەویش دەگرێتەوە:

بەقەد درەختی بڵندی مرۆڤایەتییەوە،

تۆ باشترین گەڵای بوویت،

لە شیلە بێ گەردەکەیت خواردووە،

بە بێ گەردترین تیشکی هەتاو خۆت شوشت.

گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی ڕێ بە خۆی بدات لەوەی لە ئەزموون بچێت ـ لە ڕووی هزرییـەوە ـ بە دوایەمین هەنگاو، بە دوایەمین ئەزموونی مرۆڤ لە ژیاندا: تۆ چـۆنیت؟ ئێـستە چـیت بەسەرهاتووە؟ بەم شێوەیە دەڕۆیت. ئەمـە نـاوی (ڕۆیـشتن)ی لـێ دنرێـت سـەبارەت بـە زەبەلاحە مەزنەکان: داناو مەهاتماکان (گیانە مەزنەکان).

دوو کارەکتەری تـەوەری لـە ڕۆمانەکـەدا هـەن ـ پڵنگـە بازووەکـە (جابـارس)و نووسـەر (ئەرسین سامانچێ)، یان بە شێوەیەکی دیکە خودی جەنگیز ئایتماتۆڤ، بۆیە هـەردووکیان پڵنگەکەو مرۆڤ لە ڕەوشی ژیان و گوزەرانیاندا ڕوو بە ڕووی گۆڕانێکی بنـەڕەتی دەبنـەوە، چونکە جابارس کە لەناو هاوچەشنەکانی خۆیدا بکـوژو بـڕ بـوو، بـە هەناسـە ساردی و خەفەتەوە گەلە پڵنگەکان بەجێ دەهێڵێت کاتێك پڵنگە لاوەکە دەبینێت مێینەکـەی زەوت دەکات و، هەست دەکات خەریکە دەخنکێت، ڕادەوەستێت و ناتوانێـت بـە هەورازەکانـدا سەربکەوێت کە ئەوسا زۆر بە ئاسانی بەسەریاندا سەردەکەوت.

(ئەرسین)ی مـرۆڤیش ڕوو بـە ڕووی شـکانەوەیەکی کارەسـاتاوی دەبێتـەوە لـە مێـژوودا، ئەوەتە ژینگە سروشتییەکەی ـ سپەیسی شارستانیەتی سۆڤیەت (قۆناغی پاش سـتالینی، قۆناغی زێڕین لە تەمەنی ئەو ڕۆشنبیرییەی کە ئایتمـاۆڤ یـەکێك لـە کۆڵەگـەکانی بـوو) لەبەردەم داگیرکاری تسۆنامی بازاڕو دەستەڵاتی پارەدا هەرەس دەهێنێت.

ئەوەیش ئەو کیژەیە، کە زۆری خۆش دەوێت، گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئـۆپیرا، لـە شـانۆی گۆرانی جۆراوجۆردا سەما دەکات، لەکاتێکدا ئەو دەردەکرێت، ئـەوێك کـە بەسـەر لـەپی دەستانەوە لە چێشتخانەوە هەڵدەگیرا، بەوەی کە کەسێکی بێزراوە.

ئای چ مستەکۆڵەیەکی کوشندەیە تێـی سـرەوێنراوە، زۆر تـوورە دەبێـت و، ئارەزوویـەکی کوێرانە پاڵی پێوە دەنێت تۆڵە بسێنێتەوە: (شۆمان) کە یارەکەی ڕفاندو، هەموو خـەون و ئومێدەکانی زیندە بەچاڵ کرد.

لێرەدا ئەرسین لە ئایل لـەناو کەسـوکارو خزمەکانیـدا ڕوو بـە ڕووی کارەسـاتێکی دیکـە دەبێتەوە. ئای خوایە تا چ ئاستێکی نزم چیاییە نەبەردەکان بێ نرخ بوونـە؟ ئەوەتـە چـیاو دڕندەکان دەفرۆشن و، چی دیکە بە ئارەقەی نێو چاوانیان بژێوی ژیانیان بەدەست نـاهێنن، بەڵکو لەبری ئەوە سەربڵندی خۆیـانی پـێ دەدەن و ئابڕوویـان دەتکێـت و لیکـی دەویـان لەبـەردەم (بەخـشیش) و بەخشیـشی گەشـتیارای بیانیـدا دێتـە خـوارەوە، بەرانبـەر بـە ڕێکخستنی ئاهەنگی ڕاوکردن.

گەل بووەتە (گەواد) و دایکی سروشتی خۆی، بە نرخێکی هەرزان (بـە چـەند قورووشـێك) دەفرۆشێت، وەك دراوسێکەی، گەلی ڕووسیا، کە نـەوت و غـاز ـ خـوێن و ڕوحـی خـاکی دایك، پاشان خـەڵکی گوندەکـەیان کـە ڕاسـپێرراون ڕاوی دڕنـدەکان بنـێن و، بـەرەو لای (داو)ەکانیان ببەن، بە گەرمی پێشوازی لەوی نووسەر دەکەن و یـەکێکیان ـ کـە هـاوڕێی پۆلەکەی بووە ـ لەو تەگبیرەی ئاگەدار دەکاتەوە کـە بـە نیـازن ئـەنجامی بـدەن: ڕفانـدنی هەردوو ڕاوچییە عەرەبەکان و دەست بەسەر کردنیان تا بڕی بیست ملیۆن دۆلاریان نەدەنێ ئازادیان نەکەن، ئەو کاتەی ئەرسین ڕەتی دەکاتـەوە بەشـدارییان لەگـەڵ بکـات و دەڵێـت: (من تیرۆریست نیم). وەڵامی تاشتان ئەفغان هاوپۆلەکەی بەرگوێ دەکـەوێت : (ئێمـەیش تیرۆریست نین، تەنیا ئەوەیە کە پشکی خۆمان لە سەرمایەی جیهانی دەبەین).

لێهاتووانە نووسەری ئەزموونگەر پاڵەوانەکەی خۆی دەباتە ئەو بارەی کە هەموو شـتەکان لەوێدا یەکدەگرنەوە: ڕێککەوتن و ئەرك، ویژدان و ناخ. هـەر یەکـەو داوای پـشکی خـۆی دەکات.

خۆی، وەك پڵنگە بازووەکە بینی، گیری خواردووە، لە ڕاستیشدا بە خۆیشی دەبێتە نێچیر، هەرچی ڕاوچییەکەی ئەوە خودی نووسەرو ئێمەی خوێنەرانین.

بەر لە ڕووداوە دڵتەزێنەکە ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی ئەرسـیندا دەدرەوشـێتەوە، کاتێك بە ڕێکەوت، بە دیداری (ئیلێس)ی جوان دەگات، کە لە یەکەمین دیتنـەوە خۆشـی

دەوێت و لەسەر دەستی ئەو لە ئازار ئەشکەنجەکەی ڕزگار دەبێت، پاش ئەوەی (ئایدانا) خۆشەویستەکەی پێشووی لەدەست چوو کە دەرکەوت شایەنی ئەوە نەبوو ببێتە هاوشانی بووکی نەمر. هەرچی (ئیلیێس)ە ئەوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو بووکە هات، لەگەڵیشیدا بڕیاری دا ئاکام ببێتە مێردو باوك، وەك کەسوکارو هاوەڵەکانی دەیانەوێت.

بەڵام چارەنووس لەبەردمیدا خۆی بۆ مات داوە، وەك چۆن خۆی بۆ پڵنگە بازووە بێزراوەکە مات داوە، چارەنووسی ئەم و ئەو، ژیانی ئەم و ئەو، زۆر لێك دەچن، ئەگەر نەڵێین تەواو لەیەك دەچن، بۆیە سەیر نییە مەرگی هاوبەش هەردووی کۆکردنەوە.

گیۆرگی گاچیڤ

# یەکەمین پارڕ

ڕاستییەکی ئەوتۆ هەیە کە بەردەوام لای هەموو کەسێك هەر یەك شتە، ئەویش ئەوەیە کە کەس چارەنووسی خۆی نازانێت و، نازانێت چی لە نێو چاوانی نووسراوەو، تەنیا ژیان دەریدەخات هەر یەکەمان چی لە چارەی نووسراوە، ئەگینە بۆچی بە چارەنووس دەڵێن چارەنووس.. هەر لەسەرەتای گەردوونەوە بەو شێوەیە بووە، لە سەردەمی ئادەم و حەواوە کە لە بەهەشت وەدەرنران ـ ئەوەیش هەر چارەنووسە ـ لەو کاتەوەیش نهێنیی چارەنووس بووەتە مەتەڵێکی هەمیشەیی، بە تێپەڕبوونی سەدەو ڕۆژگارو کاتژمێرو خولەکەکان، بێ دەرهاویشتن، کەس ناتوانێت ئەو نهێنیەی هەڵبهێنێت.

ئەوەیش ڕووی داو ئێستەیش ڕوو دەدات. بەڵێ هەر هەمان شتە. کێ دەیتوانی پێشبینی ئەو ڕووداوە بکات کە لە دەرەوەی سنووری دەرك پێ کردنی مرۆڤەوەیە، بەڵکو تەنانەت لە دەرەوەی سنووری پسپۆری خواوەندەوەیە.

تەنیا شتێك کە دەکرا مەزەندە بکرێت، لە هەوڵێکدا بۆ گەیشتن بە نەکەردەنی، ئەوە جۆرێك لە پەیوەستی ئەستڕۆلۆگی نێوان ئەو دوو کەسەیە، کە بابەتی ڕۆمانەکەمان پێکدەهێنن و لێك نزیکبوونەوەی گەردوونیانەیان کە بە فەرمانی هەمان چارەنووس توانییان لە یەك کەلوو لەدایك بن، ڕەنگە هەر ئەمەیش بێت کە ڕووی دا.

شتێکی ئاساییە هیچ کامیان نەیانزانی، نەیشیان دەتوانی بزانن، ئەوی دیکەیان لە ژیاندایەو لەسەر ڕووی زەوی دەگوزەرێنێت، لەبەر ئەوەی یەکێکیان لە شار دەژیا، شارێکی هاوچەرخی قەرەباڵغی پڕ لە دانیشتووان، پڕ لە سووپەر مارکیت و چێشتخانە کە دووکەڵی گۆشت برژاندنیان لێ بەرز دەبێتەوە، کەچی ئەوی دیکەیان لە چیا بڵندەکان، لە دەربەندە تاوێرییە وشکانییەکان دەژیا، کە درەختی چڕ شاردوونیەتەوەو، بە درێژایی شەش مانگ لاپاڵەکانیان بە بەفر داپۆشراون و لە سێبەردان، لەبەر ئەوەیە ناویان نابوو پڵنگی بازووی بەفرین، هەرچی لە زانستەکاندایە ـ جۆرە زانستێك سەبارەت بە بەرزاییە زۆر بڵندەکان هەیە ـ ئەوە بە ناوی تیان ـ شانی بەفرینی بازوو دەناسرێت، لە جۆری پشیلەیە، کە لیوپاردیش لەو جۆرەیە. هەرچی خەڵکە بە گشتی، لە ناوچە نزیکەکانی شوێنەکەیەوە

پێی دەڵێن (جابارس) (واتە پڵنگی تیر ـ واتە خێراو تیژ) کە ناوێکە بە بەر ئەودا بڕاوەو، لەگەڵ سروشتی ئەودا دەگونجێت ، چونکە لەکاتی هەڵستاندا وەك تیر تیژو خێرایە، هەروەها پێیشی دەڵێن (کار کیشکین ئیلبیرس) کە واتای ( ئەوەی دەڕوات و تا لای سینگی بەفر هاتووە)، ئەمەیش، لەگەڵ ڕاستیدا یەك دەکرێتەوە، گیانلەبەرەکانی دیکە تێدەکۆشن و بە دوای ئەو ڕێگەو ڕچانەدا دەگەڕێن، لە کەوتنە ناو تۆپەڵە بەفرەکانیان قوتار بکات، هەرچی ئەوە بە هەموو توانایەکەوە تێی دەتەقێنێت و بە هێڵێکی ڕاست زەوی دووشەق دەکات.

پڵنگە بازووەکە زۆر جار نیوەڕوان نێچیری ڕاو دەکرد، کە لەو کاتەدا لە چیاکاندا کاتی لەوەڕین دەستی پێ دەکرد، کاتێك بزن و بەرانە کێوی لە هەموو لایەکەوە، ڕوویان لە گۆم و کانی و جۆگەلە بچووکەکان دەکرد، بۆ ئەوەی ئاو بخۆنەوە، زۆر جاریش لە ڕێ کردنی ڕێك و پێك بەرەو شوێنی مەبەست پتر لە ڕۆژێکیان پێدەچوو، لەسەر خۆ بازیان دەداو، بە کەل و دەربەندەکاندا تێدەپەڕین وەك بڵێیت هەر پێیش لە عەرد دانانێن، کۆمەڵی بچووك بچووك، یەك ڕیز بە دوای یەکدا دەڕۆیشتن، هەموویان بووبوونە چاوی بێدار، گوێی سووك، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا، تێتەقێنن و وەك تیر بەسەر عەرددا بازرەقە ببەستن و خۆیان لە مەترسی قوتار بکەن و دوور بکەونەوە.

بەڵام جابارس باش کارەکەی خۆی دەزانێت، بە دوای نێچیرەکەیدا دەگەڕێت و ، لە شوێنی گونجاو خۆی مات دەدات، بۆ ئەوەی لە پشتی تاوێریکەوە، لەسەردا لەناکاو باز بدات (ئەوە گونجاوترین شێوازە)، یان لەپڕ لە تەنیشتەوە، لەو دیوی دەغڵ و دانەوە پڕی بداتێ، نێچیرەکە لە عەرد بگەوزێنێت، پاشان قوڕگی هەڵدڕێت کە بە خوێنی گەرم و سووری دلیقین ڕەنگ دەبێت، دوای ئەوەیش ـ دەزانرێت چی پێ دەکات...

هەرچی ڕاوکردنی نێچیرە بە ڕاوەدوونان ئەوە باشتر وایە پاش ئەوە بێت کاتێك تێر ئاو دەخۆنەوەو تێر دەلەوەڕێن، بۆ ئەو مەبەستەیش دەبێت خۆی لە شوێنیکی نزیکەوە مات بدات ـ خوانەخواستە، بێ ئەوەی بجوولێتەوە ـ پشووی درێژ بێت ئەگەرچی تەنە زیندووەکەیشی زۆر لێوە نزیکەو، لە دوورایی تەنیا یەك بازدانەوەیە. دەبێت بە چاوێکی وردبین شوێنەکە بپشکنێت و، پشوو درێژی بنوێنێت و، ئەوپەڕی تێ بکۆشێت خۆی

کۆنترۆل بکات، لە کاتێکدا بەرانە کێوییەکان، بە چاوە گەشاوە وریاکانیان دەنـۆڕن و، ئـاو دەخۆنەوەو تا دێت ئاوی زۆرتر لە پێویست دەخۆنەوە، هەرکە ئاوی زۆرتریش بخۆنەوە ئـەوە هەلی سەرکەوتنی جابارس زۆرتر دەبێت، ئەگەر ڕاوەدوونانەکەیش بە هێڵێکی ڕاست بێـت ئەوە زۆر بە دەگمەن سەردەکەوێت، چونکە ئـەم بەرانانــە زۆر خێـران، لــە دەنـگ خێراتـر دەڕۆن ـ سەرکەوتنیشیان لەمەدایە ـ ناباڕێنن و هاوار ناکەن و ، بـە پێـچەوانەی هەنـدێك گیانلەبەری دیکەوە، وەك بەرازە کێوی، کە هەندێك جار لە وەرزی وشکەساڵیدا لەناو ئـەم گژو گیا بچووکەدا دەبینرێت، لە ترساندا لە هەڵاتندا ناشڵەژێت. کاتێك بەرانەکان تێر ئـاو دۆخۆنەوەو تینوویان دەشکێت، ئەو کات کەمتر وریا دەبن، ئەو کات دەبێت زۆر بە پەلەو خێرا کار بکرێت کاتێك دەجووڵێنەوە بۆ ئەوەی لە کانییەکە دوور بکەونەوە.

ئەم جارەیشیان، هێشتە کاتی نیوەڕۆ نزیك نەبووبووەوە، کەچی جابارس ئارەزووی هاتێ لە نزیك کانییەکەدا ڕاوبکات. بەم شێوەیە، لەسەرخۆ بەناو بنەدارەکاندا، بەرەو لای کـەناری ڕووبارەکە ڕۆیشت کە کشەی دەهات، لە ڕاست و چەپی خۆی دەڕوانـی، ئـاوڕی پـشتەوەی دەدایەوە، ڕەنگە لە پشتەوە یەکێك لە ڕەگەزی خۆی دەربکەوێت، کە ئەوەیش کارێکـە بـە دڵی ئەو نییە، بە تایبەتی ئەگەر خێزانەکە بە تـەواوی ئەندامەکانییـەوە ڕوو لـە ڕاوکـردن بکەن، ئەوە پێویست بە هیچ سەرئێشەیەکی زۆرترو، لێك مۆڕ بوونەوە ناکات، باشتر وایـە بە تاك و تەنیا ڕاوبکات، ئیدی بەم شێوەیە ڕێگەی خۆی گرت و ڕۆیشت.

سەرەتای پاییزە، کە باشترین کاتە لە بەرزاییەکانی تان ـ شان، هێشتە زووە زریانـە بـەفر هەڵبکات و هێشتە توولە ڕێگەکانی ناو چیاکان واڵان و، هێـشتەیش گۆشـتی نێـچیرەکان تەڕو تەرچك و خۆشن، کە بە هاوین تێر لـە سـەیران و هاتوچـۆ بوونـەو، باڵنـدەکانیش ـ هێشتە بە ئارەزووی خۆیان دەجریوێنن و دەخوێنن و قاسپەیان دێت ـ چـونکە بێـچووەکان باش گەورە بوون و بازنەی مەترسییان تێپەڕاند، کە زستان دابێت باڵندەکان لێرە نـامێنن، بەڵکو تا هاوینی دادێ بزر دەبن، چونکە بەرگەی زستانی زۆر سارد ناگرن.

بێ ئەوەی لە گەڕانی خۆی بکەوێت کە ئاخۆ بەرانە کێـوی هـەن بـەرەو کانییەکـە بـچن، جابارس خۆی لەگەڵ شوێنەکەدا ڕادەهێنێت، بە شێوەیەك دەڕۆیشت کەس شـێوەی پێـستە پڵ پڵەکەی لەناو بێشەو تاوێرەکاندا نەبینێت.

جابارس بەژن درێژێکی چوست و چالاك بوو، گەردنێکی بازنەیی بـەهێزو، سـەرێکی زلـی قورس و، دوو گوێی پشیلەیی و، دوو چاوی تیژی هەبوو لـە تاریکیـدا دەبریـسکانەوە وەك بلێیت لێزەرین، بە جەستەیشی نەرم و، درێژو بەهێزبوو، پێستێکی خاڵداری لووسی چـوون ئاورێشم و نەرم چوون خوری لەسەر شێوەی جل و بەرگی شـازادەو ئاغاکـانی هـەبوو، وەك سترانەکان دەڵێن. ئەگەر بیزانیبایە کاتێك بێ ترس و بێ باکانە پێ بە عـەرددا دەدات تـا چەند لە پڵنگی ئەفریقی برای دەکات، تەنانەت کلکیان لە ڕووی درێـژی و ئامـاژەوە لێـك دەچن، ڕاستە برا ئەفریقیاییەکەی ناچارە چوون پشیلە بە درەختەکاندا هەڵژنێت بۆ ئـەوەی بە ئاسانی پڕ بداتە نێچیرەکەی، هەرچی پڵنگەکانی ناو بەفرە ئەوە لە چارەیان نووسراوە بە تاوێرو بەرزایی گەورەتردا هەڵژنێن. پاشـان درەختـە بـەرزەکان، وەك ئـەو درەختانـەی لـە ئەفریقیان، لە بەرزایی چـوار هـەزار ـ پێـنج هـەزار مـەتردا نـین، چـونکە لـەم شـوێنانە دارستانەکان لە خوارەوە، لە دۆڵەکاندا شـین دەبـن، کـە جگـە لـە پـشیلە کێـوی لەسـەر درەختەکان هیچ گیانلەبەرێکی دیکە ناژێت، ڕەنگە بە ڕێکەوت پڵنگەکان ڕوو لـەو ناوچـە جەنگەڵیانە بکەن، بۆیە پشیلە کێوییەکان ڕوو بە ڕوویان دەبنەوەو، مڕیان لـێ دەبەنـەوە، وەك بلێیت ددان بەو پێوەندییە خزمایەتییە دوورەدا نەنێن لەگەڵ یەکدییان هەیە. هەرچـی پڵنگەکانی ناو بەفرە ئەوە جیهانێکی جودایـان هەیـە، ئـەویش جیهـانی بەرزاییـە، هـیچ داڵدەیەکیان نییە تەنیا چـیاکان نـەبێت، کـە دەگەنـە کەشکەشـەی ئاسمـان و، لـە شـەڕو ڕاوەدوونانی بەرانە کێوییە دوور دەستەکان چاوەڕوانی نێچیرێکی گەورە دەکەن.

ئەوەندەی نەخایاند جابارس کارەکەی خۆی یەکلا کردەوە، شوێنی گونجـاوی هەڵبـژارد، لـە کەناری جۆگەڵەیەك لەناو تاوێرە لووسەکاندا ڕاکشا، خۆی شاردەوە، بـە هیـوای ژەمێکـی چەور بوو، بەرانە کێوییەکان ڕوو دەکەنە ئێرە بۆ ئەوەی تینوویەتییان بـشکێنن، ژمارەیـان نزیکەی حەوت بەرانە کێوی دەبێت و بە یەك ڕیز بە دوای یەکەوەن و لـە بنـاری چـیاکەوە بەوپەڕی شانازییەوە سەریان بڵند کردبووەوەو نـەختێکیش دەترسـان، ئـەوەبوو دوێنـێ لـە دوورەوە، لە کەلێنی تاوێرێکەوە بینیبوونی، ئەوەتـە ئێـستەیش خـۆی لـێ مـات داون و هەناسەی لەخۆی بڕیوە.

هـەتاو بـەرز بـوو، تیـشکە ڕووناکەکـەی پـەرت کردبـووەوە، کاتێـك تێدەپـەڕی هـەورە بریسکەدارە دەگمەنەکانیش تۆزێك خۆیان لە لووتکە سەهۆڵینییەکانی زنجیرە چیای تیان ـ شان دەدا. ئەو دڕندە بە ئەزموونە لەوە دڵنیابوو کە هەموو شتێك بە شـێوەیەکی ئاسـایی بەڕێوە دەچێت. ساتی یەکلاکەرەوەی ڕاوکردنەکە نزیك دەبووەوە، تەنیا شتێك کە هەسـتی جابارسی ورووژاند، ئەوەبوو کاتێك خۆی لەناو تاوێرەکاندا مات دابوو، چاوەڕوانی دەکـرد، بە ڕوونی و ئاشکرا گوێی لە سرپەی هەناسەی خۆی بوو، وەك بڵێیـت نـەتوانێت هەناسـە بدات، ڕاستە لەکاتی خێرا تاودان و ڕاکردن و بازدانی خێرادا، یـان لـە شـەڕی دژواری لـە پێناو مێینەدا، کاتێك نەڕەو مۆڕبوونەوە تێکەڵ بە هەناسەی گەرم و تیژ دەبێـت و پـرزەی لیك بازرەقە دەەبەستێت و، ئەو کاتەی ئامادەیە هەموو شتێکی دەورو بـەری بخنکێنێـت، بەڵام نابێت ئەوە لە ڕەوشی خۆ ماتداندا ڕووبدات، کـە پێویـست بـە چـاودێرییەکی چـڕو خۆشاردنەوەیەکی تەواو لەگەڵ شوێنی خۆماتدانەکەدا دەکات، کـاتێکیش هـەموو بایـەخ پێدانەکە بە دەرەوە دەدرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا گوێی لە هەناسـەدان و هەناسـە وەرگرتنـی خۆی بوو. ئەمە یەکەمین جارە ڕوودەدات، پاشان ئەمڕۆ لێدانەکانی دڵی زۆر لـە ڕابـوردوو ڕوونترن چونکە لە گوێیدا دەزرنگێنەوە، بە گشتی لـەم دواییـەدا گۆڕانکارییـەکی زۆر لـە ژیانی (جابارس)دا ڕووی داوە، ئەوەتە لە پار زستانەوە جابـارس تـاك و تەنیایـە، بێـزراو، دوور لە گەلە پڵنگەکان دەژێت.

ئەمە ئەو کاتە ڕوو دەدات کاتێـك پیربـوون نینۆکـەکانی خـۆی لـێ گیردەکـات. ئەوەتـە ماوەیەکی دوورو درێژە بەرەو ڕووی دێت بۆیە وای لێهاتووە کەس پێویـستی پـێ نـەبێت، پاش ئەوەی پڵنگێکی دیکە، کە هێشتا لە تەمـەنی لاویەتیدایـە مێینەکـەی فریـو داوە، شەڕەکە زۆر سەخت و دژوار بوو، بەڵام نەیتوانی بەسـەر نەیارەکەیـدا زاڵ بێـت. جـارێکی دیکە بە گژی یەکدیدا چوونەوەو، تێك گیران و شەڕێکی قورسیان کـرد، بـەڵام سـەرلەنوێ نەیتوانی غەوارەکە وەدەرنێت. دەرکەوت ئەو گوێ قەلە (وەك پێدەچێت گوێیەکی لە شەڕو تێکگیرانی پێشتردا بڕابێت) دڕندەیـەکی ڕك و کەللـە ڕەقـە، ئاگـەی شـەکەتی نازانێـت، مێینەکەی فریو داوەو، خۆی پێوە دەنووسـێنێت، یـاری لەگـەڵ دەکـات و دەیلاوێنێتـەوە، هەموو ئەوەیش بە بەرچاوی (جابارس)ەوە. دواتریش مێینەکەی بـەخۆی، کـە تەمـەنێکی

دوورو درێژی لەگەڵ گوزەراندبوو، پاش مێینەی یەکەمی، کە لـە بوومەلەرزەکـەدا گیـانی لەدەست دابوو، دووجار زاوزێی کردبوو، لەگەڵ نێرە نوێیە گوێ قەلەکەدا ڕۆیشتن نا بـەڵکو بە شێوەیەکی نمایشکارانە لەگـەڵی ڕۆیـشت، جارێـك كلكـی بـەرەو لای ڕاسـت ـ چـەپدا دەلەقاندەوە، جارێك لوولی دەکرد، جارێکی دیکـە بـەرەو ئاسمـانی بڵنـد دەکـردەوە، یـان دەیچەوتاندەوەو بە هەردوو سمت و هەردوو شانی خۆی لە هاوەڵە نوێیەکـەی دەسـوو، بـێ ئەوەی هیچ دەربەست بێت بەجێی هێشت... ئـەو کـات جابـارس شـوێن پێیـان کـەوت و پێیانڕا گەیـشت، پێـڕا گەیشتنیـشیان ئەوەنـد دژوار نـەبوو، چـونکە لەسـەرخۆ بـە نـاو نهالەکەدا دەڕۆیشتن، بەڵام نائومێدانە گەڕایەوە، چونکە ڕەوشەکە هەر وەك خۆی مایـەوە. سەرلەنوێ شەڕی دژوار دەستی پێ کردەوە، بەڵام نەگبەتییەکە لەوەدابوو کاتێك مێینەکـە هەڵمەتی بۆ هێناو خوڵماندییەوەو بە چڕنووك و چەپۆك تێی بەربوو و بـەگاز شـڕو هـوڕی کرد، ئەوەیش گورزێکی کوشندەبوو تێی سرەوێنرا، جابارس لە کۆششەکانی بۆ پاراسـتنی پلەو پایەی پێشووی خۆی لەناو گەلە پڵنگەکەداو درێژەپێدانی ڕۆڵـی سروشـتی خـۆی وەك نێرینەیەکی نەوەخەرەوە لەناو ڕەگەزەکەیدا شکستی هێنا. تەنانەت ئەو کاتەیش، جابارس تۆزێك خۆی پێ ڕانەگیرا، ئەوەبوو تووڕەیی هەڵێناو پڕی دایە مێینەیەکی گەنج، لە گەڵـە پڵنگەکەی تەنیشت. لێرەیش شەڕێکی دژوار ڕووی دا. دوو نێرینە بەگژیدا چوونەوە، بـەڵام هیچی دەستگیر نەبوو تەنیا شکستی نەبێت. ئەوەبوو گەلـە پڵنگەکـە لەگـەڵ مێینەکـەو هەردوو پڵنگە نێرە لاوەکەدا بەرەو دۆڵێك تێیان تەقاندو ڕۆشیتن، ئەویش بە تـاك و تـەنیا مایەوەو، هەمووان وازیان لێ هێنا، بەجێیان هێـشت و ڕۆڵـی سـەرەکی لەدەسـت دا، لـە ململانێ لە پێناوی پاراستنی نەوەدا سروشـت بـەردەوام لایـەنی هێـزە لاوە هەڵـچووەکان دەگرێت.

بەر لەوەی بە تەواوەتی دوور بکەوێتەوە، ماوەیەك لـەو تەنیـشتەوە مایـەوە، جارێـك لـە شوێنی خۆی ڕادەوەستاو، جارێکی دیکە نائومێدانە دەهات و دەچـوو، جارێـك خـۆی بـە عەرددا دەداو، جارێکی دیکـەیش هەڵدەسـتاو، بـە نـەڕەی نائومێدانـەی ئـەو چـیایانەی دەتەنییەوە. دەیویست چوون گورگ بلوورێنێت، ئەگەر سروشت ئەوەی پـێ ڕەوا ببینیایـە، جڵەوی خۆی لە دەست دا، واق وڕماو ڕادەوەستا، نەیـدەزانی چـی بکـات، تەنانـەت وردە

ورده ئارەزووی ڕاوکردنی لەدەست دەدا، وای لێهات بایەخی بە نێچیر نەدەدا، ئەوەتــە ڕەوە بزنگەلێکی کێوی لەسەرخۆ بە تەنیشتیدا تێدەپەڕن، وەك بڵێیت بزانن ئەم پڵنگە درندەیە، هەرگیز پیر نەبووە، هێشتە ڕاوچییەکی بــەهێزو لێهــاتووە، ئێــستە ئاگــەی لــەوان بــڕاوە. ڕاستیت بوێت هەر بەو جۆرەیش بوو، ئــەو کــات، لــەناکاو چــاوی بــەو شــتە کــەوت کــە لووتکەی ئــێش و ئــازاری ئــەوی بەرجەســتە دەکــرد، چــونکە کاتێــك لەســەر لووتکــەی بەرزاییەکی تاوێرین ڕاوەستابوو، پاڵی بە پیرە درەختێکەوە دابوو، سەیرێکی ئــەم لاو ئــەو لای خۆی دەکرد، لەپڕ جووتێك پڵنگی ناو بەفری بینی، لە خــوارەوە بــە درێــژایی دۆڵەکــە هەڵدەکشان. هەردوو ژن و مێردە لاوەکە، نێرەکەو مێیەکە، یەکەمین جارە بەیەك دەگــەن، پڕ هێزو ئارەزوو بوون، بە ڕێ کردنەوە سەمایان دەکرد، بەردەوام بــە گاڵتــەوە گازیــان لــە یەکدی دەگرت تا گەرمای زۆرتر تێکەڵی خوێنیان ببێت، بەر لەوەی تــوێکڵی زەوی بــەجێ بهێڵن و، بە ئاسمانی جیهانەوە باڵ بگرنەوە، تەنانەت لەو دوورابییەشەوە بریسکەی چــاویان زۆر جوان دەبینرا.

جابارس، هەر لە خۆیەوە بەربووەوەو، دەستی بەسکەخشکێ کرد، دەینالانــد، وەك بڵێیــت بیەوێت لە دەستی خۆی هەڵبێت، بەڵام بۆ کوێ خۆی قوتــار دەکــات؟ ڕۆژگــاری زوو ئــەو شیرینییەی چەشتبوو، ئەمیش لەگەڵ مێینەدا یاری کردبوو کاتێك چوون مار لەبەردەمیــدا لوولی دەخوارد، وەك چۆن لەگەڵ ئەو مێینە گەنجەدا ڕووی دا، کە لە ڕەوەکەی تەنیــشتەوە زەوتی کرد، ئەو کاتە هەردووك پێکەوە ئەم گەشتی پێکەوە جــووت بوونــەیان دەســت پــێ کرد، دوور لە چاوی گیانلەبەرەکانی دیکەی جۆرەکەی خۆیان، چونکە سروشت تــەنیا ئــەو نهێنییەی تایبەت بەوان بەخشیبوو، تەنیا بۆ (وی) و (وێ)ی لــە گۆشــەگیرییەکی تــەواودا تەرخان کردبوو... ئەو کات بــەم شــێوەیە هــەنگاویان هەڵــدەهێنا، ئــەو کــات تامــەزرۆو تینووی ئەو ساتە ئەفسووناوییە بوون و خوێن لە دەمارەکانیاندا درەنگەی دەهات. ئاسمــان بەسەر ســەریانەوە دەبریــسکایەوەو، لووتکــەی بەرزاییــەکانیش لەبەردەمیانــدا ســەمایان دەکردو پڕیشکیان لێ بەرز دەبووەوە. ئۆی هەموو جیهان لــە دەورو بــەریان دەزرنگایــەوەو دەبریسکایەوە، هەرچی ئەوان بوو ـ ژن و مێردی نــوێ ـ بــەو شــێوەیە یــەك لــە تەنیــشت یەکدییەوە دەڕۆیشتن، هەر یەکەیان وزەیەکی مەستانەیان لە یەکدییــەوە وەردەگــرت، لــەم

جۆرە ڕۆژەدا، پاییز لە دەرگە دەدات، بۆ ئەوەی کاتێك بەهاری ئایندە دێت نەوەیەکی نوێ لە چیاکان لەدایك دەبێت و، جۆری پڵنگی خاڵداری ناو بەفر درێژە بە کاروانی ژیانی خۆی دەدات. بەم شێوەیە باڵیان دەگرتەوە، بە شێوەیەك کە خەریك بوون پێکەوە دەنووسان، تا ڕادەیەك ئەوەند ڕایان دەکرد سمتیان درێژتر دەبووەوە، دەتگوت دوو ماسین و توند بەرەو پێشەوە مەلەوانی دەکەن، هەردوو کلکیشیان بە دەستی باوە دابوو یاری پێ دەکرن. مێینەکە کەمێك لە پێشیەوە بوو، ماوەی نیو سەر، وەك پێویستە. لە پێشەوەبوونی مێینە لێرەوەیە، کە بە ماوەی نیو سەرە، نێرینەکە نە زۆرو نەیش کەمتر لێی دواناکەوێت، بۆنی جەستەی مەستی دەکات، هەناسەی گەرمیشی تینووی دەشکاند، گوێی لە لێدانەکانی دڵی دەبوو کە ڕای دەکرد، هەستی بە هەستێکی نامۆ دەکرد لەوەو پێش هەستی پێ نەکردبێت، لەو کاتەدا گوێی لە چەند دەنگێکی نوێی بەردەوام بوو، دەزرنگایەوەو بەرزدەبووەوە، لەگەڵ باڵی بادا دەنگێك دەنگی دەدایەوە لە تیشکی ڕووناکیدا بەسەر سەرییەوە دەردەکەوت، پەرەی دەستاندو لەگەڵ جووڵەی بای ئەستەمدا شەپۆلی دەدا لەجوانی هەتاودا کە لەگەڵ جووڵەی بەرزایی و دارستانەکانی دەوروبەردا خێرا بەرەو ئاوابوون دەچوو.

ئۆی دەیتوانی بزانێت کە ئەوە میوزیکی ژیانی سەرتاسەرییە، پارچە میوزیکی گەورەی جووتبوونیان. بەڵام، وەك چۆن زۆر جار ڕوو دەدات، ئەوە ڕوون بووەوە کە ئەوە تەنیا تراویلکەیەکی شیرین بوو، ئەوەندەی نەخایاند بوو بە واقیعێکی دژوار. ڕۆژگار تێپەڕین و وەرزەکانیش گۆڕان، پاشان گەڕانەوەو تراویلکەکە توایەوە ... شتێکی دژوارە پێشبینی بکرێت ئارەزووەکانی چارەنووس چییان بەسەر دێت، کاروبار بەو شێوەیە دەخولایەوەو ، تا هەتایە بەو شێوەیەیش دەمێنێتەوە، کەسیش نییە لەو بارەوە چارەنووس بخاتە بەر لێپرسینەوە.

لەو ڕۆژگارەدا کە جابارس تووشی دەرکردن هات، ئەو کاتەی مێینەکەی بە بەرچاوی هەمووانەوە لەگەڵ نەیارەکەی گوێ قەلەکەدا ڕوویان کردە ئەو داوێن پیسییەی لەو پێناوەدا ململانێ لەنێوان هەردوو نێرینەکەدا ڕووی دا، تەواوی ئەو ڕۆژە، جابارس، بەو تەنیشتەدا سەرگەردان تێی تەقاند، نائومێدانە دەڕۆیشت و دەکۆشا تووڕەبوونەکەی

ناخەوەی کپ بکات و دامرکێنێتەوە، بێ ئامانج ئەو ناوچەیەی دەپێوا، تەنانەت وازی لە ڕاوە نێچیر هێنا، ئەو کات، ئای چ ڕێکەوتێکی سەیر بوو، لە پەنا دۆڵێکی دوور دەستدا، تووشی بوو بە تووشی مێینەکەی خۆی و ئەو گوێ قەلەوە، وەنەبوو لووتی بە لووتیانەوە بتەقێتەوە کاتێك سەرقاڵی ئەویندارى بوون. ئەوە هەلێکی ڕەخساوبوو، یەك هەنگاوی دەویست بۆ ئەوەی بیهاوێت و پێکەوە تۆڵە لە هەردووکیان بکاتەوە، بەڵام لە دوایەمین بەشی چرکەدا لەناکاو ڕاوەستاو، بێ جووڵە لە شوێنی خۆی وشك بوو. لەوێ، لەو ساتەی ڕوانینی تۆقێنەری خەڵتان لە خوێنی، ئاراستەی ئەو مێردە بێزراوە دەکرد، هێزێك، دەنگێك، ئارەزوویەك خۆی تێقورتاندو، جڵەوی ڕاگرت، وەك بڵێیت یەکێك هانی داو لە ناخەوە فەرمانی پێ دا زیانیان پێ نەگەیەنێت، لەبەر ئەوە لە پێناوی زاوزێ و زۆر بوونی نەوەدا بەیەك گەیشتوون. بەم شێوەیە وەرچەرخاو دوور کەوتەوەو پێی هەڵدەنووتا، کاتێکیش دوور دەکەوتەوە دەینەڕاند، نەڕەکەیشی نەڕەیەکی گریاناوی بوو.

هەرکە دوورکەوتنەوەی جابارس لە ڕەوە پڵنگەکانی هاوڕەگەزەکەی خۆی درێژتر بووەوە، بوو بە دڕندەیەکی تاك و تەنیای ڕاونراوی دەرکراوی بێزراوی زیانبەخش و بێ بەزەیی، ئامادەبوو بێ هیچ هۆیەك تا مردن بجەنگێت. ژیانی لە ئەشکەوتەکاندا بەسەر دەبردو بەناو بەفری چیاکاندا دەسووڕایەوەو گیانلەبەرەکانی ڕاودەنا، کە دەیانویست خۆیانی لێ قوتار بکەن. زۆر جاریش نێچیری زۆرتری ڕاودەکرد پتر لەوەی پێویستی پێ دەبوو. دەیویست بەوە هەر هەموو ئەم گیانلەبەرە مشەخۆرانە ـ کەمتیارەکان ـ ڕێوییەکان و مووشخورماکان لە هەموو لایەك بێن بۆ ئەوەی پاشماوەکانیان بخۆن و، باڵندە گۆشتخۆرە پڕ هەراو هورياکانیش داوالێن و بە دەنگی گیراوو بێزار بقیڕێنن و هاوار بکەن و باڵ و نینۆکیان وێکدا بدەن. لای خۆیەوە جابارس بێ دەنگ و بە چاوێکی سووکەوە لەو هەموو بێ نرخانەی دەڕوانی، هەندێك جاریش دەچوو ڕاویان بنێت و، دەینەڕاندو دەیمڕاند، وەك بڵێیت تاوانێکیان کردبێت. بەو شێوەیە تووڕەیی و ئێش و ئازارو سۆزی خۆی بەرانبەر بە ڕۆژگاری پێشوو دەردەبڕی.

ڕۆژگار گوزەشت و چیاکان هەر لە شوێنی خۆیاندا مانەوەو، وەك پێشوو، بە لووتکە بەردەوام بە سەهۆڵ و بەفر داپۆشراوەکانیان دەبریسکانەوە،. تەنیا شتێك گۆڕابێت کەش و

هەوا بوو، چونکە زستان و هاوینەکان تێپەڕین و ، شای خاڵخاڵی چیا سەرکەشەکان، چوون پڵنگ، هەر یەکپارچەیی خۆی پاراست، بێ ئەوەی هیچ شتێك لە ڕواڵەتی بگۆڕێت، بەڵام بە شێوەیەکی تێبینی نەکراو، ڕۆژگارگەلێك بەسەردا هاتن، کە تێیاندا هەستی بە هەناسە تەنگی دەکرد... سەرەتا جارو بار، بە تایبەتی لە کاتی جووڵەی توندوتیژو گرژانەدا هەستی پێ دەکرد. بەڵام تا ئێستە ڕووی نەداوە لە کاتی هێوریدا هەستی بە ئێش و ژانێکی توند کردبێت سینگی بپچڕێنێت. ئەم جارەیان جابارس کاتێك لە تەنیشت کانییەکەوە، خۆی بۆ بزنە کێوییەکە مات دابوو، بۆ یەکەمین جار هەستی کرد تەنانەت پێش ئەوەی ڕاوەکەی دەست پێ بکات هەناسەی سوار بووە.

دەبوو بڕیاری خۆی بدات وەك چۆن هەموو جارێك بڕیاری دەدا، لە حەشارگەکەی خۆیدا چاوەڕوان بێت، تا بزنە کێوییەکە تێر ئاو دەخواتەکەوە، پاشان پڕی بداتێ بێ ئەوەی هەل لە دەستی خۆی بدات، ئەوە تەنیا هیواو ئومێدو خۆزگەبوو، چونکە دەبوو هەموو شتێك ئاسایی بەڕێوە چووبایە ئەگەر بزنە کێوییەکە بە هەر شێوەیەك بوایە هەستی بە بوونی ئەو بکردایەو، لە چاوترووکاندنێکدا پاشەوپاش بسووڕابایەوەو زۆر خێرا تێی تەقاندبایەو لە چاو بزربووبایە، ئەو کات ناچار دەبوو بە شوێنیدا بچووبایەو بە ڕاکردن ڕەدووی کەوتبایەو ئیدی خۆی و بەختی.

ئەم جارەیان جابارس  بێزاری خۆی لە دەستی چارەنووس دەرنەبڕی، ئەوەتە بەرانە کێوییە شاخدارە خێراکان کە بە چیاکاندا هەڵدەگڕێن و گیاو بەری درەختان دەخۆن، ئەو درەختانەی لە لووتکە شاخاوییە سەختەکاندا شین دەبن، ڕاستەوخۆ بەرەو پێچی جۆگە پیچاوپێچەکە دەچن کە جابارس لەوێ خۆی بۆ مات داون. لە دوورەوە نەیانبینی، لە نزیکیشەوە هەستیان پێ نەکرد، لەسەرخۆ مژیان بە ئاوەکەوە نابوو، بە یەك ڕیز بە درێژایی کەناری جۆگەکە ڕیزیان بەستبوو.

جابارس بێ ئەوەی هیچ بجوولێتەوە لە حەشارگەکەی خۆیەوە سەیری دەکردن. هەموو شتێك بە گوێرەی دڵی ئەو بەڕێوە دەچوو ـ گیانلەبەرەکان بە ئارەزووەوە مژیان بەئاوەکەوە نابوو، ئاو دەخۆنەوەو پشوو دەدەن، ئەوەی لە سەر ئەویشە ئەوەیە چاوەڕوان بێت، تەنیا شتێکی نائاسایی ئەوەی کە هەناسەی سوارە. چونکە خڕەخڕی سینگی بەر گوێی

دەکەوت، ئەگەرچی ئەوەنـد تـەنگی پـێ هەڵنەچـنیبوو، بـەڵام هەناسـە تەنگییەکـە تـا ڕادەیەکی زۆر نیگەرانی کردبوو.

بەڵام ئەوەتە کاتی ساتە یەکلاکەرەوەکە هات بۆ ئەوەی جابارس بە دوو بازی لەناکاو خۆی بگەیەنێتە نێچیرەکەی و، بەرانە گەورەکە، سەرۆکی ڕەوە بەرانە کێوییەکان، کـە لـەو لاوە ڕاوەستاوە، چەپۆکێکی گەورە لە شانی بسرەوێنێت و بە عەردیدا بدات ـ لێـرەدا هەسـتی کرد خەریکە بخنکێت و، هەوڵەکەی پووچەڵ بووەوە. چونکە لـەکاتی فڕینەکەیـدا، کاتێـك بازی دا، ڕەوە بەرانەکەی بینی چۆن لەناکاو سڵەمینەوەو خێرا سەریان بەزرکردەوە، دەبـوو بە دەستی، بەو چڕنووکە درێژانـەی، گـورزە کوشـندەکە بوەشـێنێت، خـەریك بـوو خـۆی بگەیەنێتە ئامانجەکەی، بەڵام لە تەنیشت بەرانەکەوە بە عەردیدا دا، بەرانەکـەیش بـەرەو لای تەنیشت بازی دا ـ هەناسە بڕکێی بوو.

لەو ساتە دژوارەدا دڕندەکە لە شوێنەکەی خۆی هەڵستایەوەو هێرشی بردو، سەرلەنوێ پڕی دایە بەرانەکە، بەڵام بەرانەکە توانی خۆی لە چـنگی قوتـار بکـات و، تێـی بتـەقێنێت و هەڵێت، ڕەوە بەرانەکەیش چاویان لەو بـڕی و هـەموویان لـە چـنگی دڕنـدە تۆقێنەرەکـە هەڵاتن. دەیتوانی بە بەرانەکاندا بگات و، ئەوەی تووشی بە تووشیەوە بێـت بـە عەردیـدا بدات، پڵنگەکە هێزی وەبەر خۆی هێنایەوەو ڕای کردو ڕەدوویـان کـەوت، بـەڵام جـارێکی دیکەیش مایە پووچ بوو ـ پێیانڕا نەگەیشت، هیچ کامی لێ بە عەرددا نـەدان و، نـەڕەی سەرکەوتنی لێوە نەهات، تا دەهاتیش ڕەوە بەرانەکە دوور دەکەوتنەوە. سەرلەنوێ هـەوڵی دایەوەو خۆی ناچار کرد، بەڵام خەریك بوو دەخنکـاو هەناسـەی لەبـەر دەبـڕا، بـەڵام بـێ هوودە بوو.

یەکەمین جارە جابارس تووشی ئەم شکستییە دەبێت، بەڵام ئەوەی زۆرتر دڵـی دەئێـشاندو پاڵی پێوە نا هەست بە سەرشۆڕی بکات، کە پێـشەنگی ڕەوەکـە، بەرانـە ڕاکـردووە، دوو شاخ لوولەکە، ئەوەی پڵنگەکە چاوی تێبڕیبوو، لە کاتێکدا هەڵدەهات لەناکاو ئـاوڕی لـێ دابووەوەو هەردوو شاخی جووڵاندبووەوەو هەڕەشەی لێ کردبوو، پاشان بە سمەکانی عـەردی هەڵدڕی پێش ئەوەی دوور بکەوێتـەوە. ئەمـە ئاماژەیـەك بـوو کـە لـە ئێـستە بـە دواوە جابارس ناتوانێت پێداگیری لەسەر ئەوە بکات لە ڕاوە نێچیردا سەردەکەوێت و لـە ئێـستە

بەدواوە ناچار دەبێت دەرۆزە بکات و پاشماوەی کەلاکی ئەو نێچیرانە بخـوات گیانلەبـەرانی دیکە ڕاویان کردوون.

شتێکی ئاساییە لە ڕاوە نێچیردا ڕوو بە ڕووی هەنـدێك هەڵـەی بـچووك بووەتـەوە، بـەڵام پێشتر تووشی ئەم شکستییە ناخۆشە نەبووە.

نەیدەتوانی بگەڕێتەوە دۆخی جاران، چوون یەکێك مێـشکی تێکـچووبێت ئـاوڕی ئـەم لاو ئەو لای خۆی دەدایەوە، دەیویست خۆی لەچنگی ئەو هەناسە سـوارییە قوتـار بکـات کـە تووشی بووبوو، بێ هوودە بەو ناوچانەدا سەرگەردان بوو.

ئێستە جیهان چۆڵ بووە، هەستی دەکرد ئارەزووی ئەوە دەکات بۆ دوایەمین جار گـوێی لـە دەنگە ئەفسووناوییەکانی چیاو تاڤگەو دارسـتانەکان بێـت. ئـەو میوزیکـە خۆشـەی لـە ماراسۆنی زاوزێدا بەرگوێی کەوتبوو، حەزی دەکرد نەڕەی بـانگ کـردن ئاراسـتە بکـات، بەڵام جیهان کپ و بێ دەنگ بوو ...

جابارس، پاشای پێشووی چیاکان، تاك و تەنیا، بەڕێ کەوت، هەناسەی لەبەر بڕابـوو، بـێ هوودە بە چیاکاندا سەرگەردان بوو، دەبوو حەشارگەیەك، ئەشکەوتێك بدۆزێتەوە تـەنیایی خۆی تێدا بەسەر ببات، دوایەمین ڕۆژگاری سیس بوونی سستی خۆی تێدا بەسەر ببات کە ناگەڕێتەوە، چاوەڕوانی مەرگی خۆی بکات. ئەم دڕندەیە پێشبینی ئـەوەی نـەدەکرد کـە مرۆڤێك لە دوایەمین ساتی چارەنووسیدا مرۆڤێك هاوبەشی بێت، چونکە تەنیا بـە بیـستن شتی لەبارەی ئەم گیاندارەوە بیـستبوو، لـە ڕاستیـشدا لـە چوارچـێوەی دەنگـی ڕێژنـەی گوللەی چەکەوە کە لە چیاکاندا دەگمەنە، ئەوەی لەبەری دەلەرزی و، پاڵی پێـوە دەنـا لـە شوێنی خۆی وشك ببێت، پاشان دوور بکەوێتەوە، بەڵام لـە نزیکـەوە مرۆڤێـك ببینێـت ـ ئەوە ئەوەی تا ئێستە تووش نەهاتووە.

بەڵام ئەو دیدارەی لە ناو تەوێڵی نووسرابوو، ئەوەیش سەرلەنوێ چارەنووسە.

# دووەمین پاڕ

شیکردنەوەی دژوارە. بەڵام ئەم جۆرە ڕێکەوتانە ڕوو دەدەن ـ یان لە ڕووی شوێنەوە، یان لە ڕووی ڕۆژگارەوە، گرنگ ئەوەیە لە ڕووی هەڵسوکەوتی تاکە کەسانەوە ـ کە پێدەچێت وەك بڵێیت چارەنووس ناچار بکات لەناکاو وەرچەرخێتەوە. ئەم جارەیش، شتێکی لەو جۆرە ڕووی دا، ئەگەرچی لەو بڕوایەدا نەبوو کە ڕووداوەکان بەو ئاراستەدا بڕۆن. لەو بڕوایەدا بوو، بڕوایشی بەوەیە کە ئاکام ڕاستی سەردەکەوێت، چونکە ناشێت ڕاستی بمرێت، ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کە بژیت و هەوڵ بدەیت هەموو جارێك ڕاستی بسەلمێنیت ـ لە پێناوی ئەم مەبەستەدا ئێمە هاتووینەتە ناو ژیانەوەو ئەوەیش ئەو فەرمانانەن کە لەسەرەوە دێن. بەڵام ڕاستی چییە؟ ژیانی شەوانە لە هەینییەوە بۆ شەممە، بەردەوام زووتر لە ڕۆژانی کارکردن دەستی پێ دەکرد. لەگەڵ ئێوارە دادەهات ئەرسین سامانچین لە چێشتخانەکە لە شوێنەکەی خۆی لەبەردەم مێزەکە دادەنیشت، داوای خواردنی کردبوو، وازی لە جگەرەکێشانیش هێنابوو. هەوڵێکی زۆری دەدا وازی لێ بهێنێت، چەند جاریش وازی لێ هێنابوو. هەستی بە ئارەزوویەکی زۆر دەکرد جارێکی دیکە بیکێشێت. ئەوەندەی نەخایاند کاتێکی کەم نەبێت تا گڵۆپەکانی شەقامەکە لە تاریکایی ئێوارەکەدا بریسکانەوەو ڕووناکی ئۆتۆمبیلەکان بینران کە لە شەقامە بەرینەکەوە دەپەڕینەوە.

هێشتە چێشتخانەکە نیوچە چۆڵ بوو، بەڵام ئەوەندە نابات تا قەرەباڵغ دەبێت تا ڕادەیەك ناتوانیت شوێنی پێی خۆت بدۆزیتەوە. ئەوەیش سەیر نییە: چونکە ئەو جەماوەرەی کە دەیەوێت کاتێکی خۆش بەسەر ببات تەنیا ڕووی دەکردە ئەم شوێنە، لە کەنارەکانی سەیرانگەی (بەڕوو) و ڕووی دەکردە ئەم چێشتخانە نایابە بژاردەیە، وەك ئێستە دەڵێن، ئاساییە کە گرانترین چێشتخانەیشە، کە لە نەوەدەکاندا کراوەتەوە، پاش ئەوەی پێشتر یانەی ئەفسەران بوو، دواتر دەستیان پێدا هێناو لەسەر شێوەی ئەورووپایی گۆڕییان و ناوێکی جیۆپۆلیتیکی پڕ لە هەراو هوریاو مۆدەی پێوە نرا (یۆرۆئاسیا)، بەو شێوەیە لەم (یۆرۆئاسیا)یە دانیشت چاوەڕوانی کاتی خۆی دەکرد. هەر کەسێك بیبینیایە بە سەرسوڕمانەوە دەیپرسی: ئەوە چییە، بەردەوام ڕوو دەکاتە ئێرە، کەچی تاك و تەنیایشە؟

ڕەنگە بزنسمانێك بێت کەوتبێتە سەر ساجی عەلی، یان قومارکارێکی بێ سەروبەر بێت، کەواتە شتێکی ڕوونە بۆ ئەوە هاتووە مەینەتییەکەی خۆی لەبیر بچێتەوە. بەڵام نە ئەمەو نەیش ئەوە بوو، هەرچی ئەو هۆکارانەیە کە پاڵیان پێوە ناوە لێرە بەرانبەر بە بوتڵێك مەی لە (یۆرۆئاسیا) دانیشێت، وەك بڵێیت چاوەڕوانی هاوەڵەکانی بکات، ئەوە تەواو ڕوون نەبوو، تەنانەت بۆ خۆیشی.

بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە بەبێ هوودە کات بەسەر نابات، هەندێك کاغەزی لە هەگبەکەی دەرهێنا، کە هەرگیز لێی دوور ناکەوێتەوە. لێیان ورد بووەوە پاشان بە وردی دەستی بە خوێندنەوەیان کرد، لە کاتێکدا مەی دەنۆشی و، لە ناخی خۆیدا دەیزانی سەرکێشی دەکات، بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبوو. بەپێی بارودۆخ دەرکی بەوە کردبوو کە سنووری هیواو ئاوات و پێشبینییەکانی خەریکە هشك دەکات و ئەمەیش دوایەمین هەلە. بەڵێ دەبێت بجووڵێتەوە، بەشێوازێك لێی نزیك ببێتەوە بشێت دەروازەی قسەکردنی لەگەڵدا بکاتەوە. بەڵام کاردانەوەی (وێ) چی دەبێت؟ هەندێك وایان لێهاتووە بە گۆرانیبێژی یەکەم ناوی ببەن، هەرچی ئەوە، ئەوە دەزانێت، وێیش دەزانێت ... گرنگ ئەوەیە هەلەکە تێنەپەڕێت. ئەوە هەوڵێکی دیکە دەدات بۆ ئەوەی ڕاستی ڕزگار بکات.

ئەوەتە جارێکی دیکە لەگەڵ ڕاستییەکەیدایە، کەواتە تا کەی؟ بەڵام لە واقیعدا چی ڕوو دەدات و، ئەی کاردانەوەی (وێ) چی دەبێت، شتێکی دژوارە ئەوە بگوترێت. تا چ ڕادەیەك (وێ) لە ئازارو قەناعەتەکانی ئەم دەگات، کە هیچ گومانێکی لە بارەی دڵێرییانەوە نییە، کە ناتوانێت دەستبەرداریان ببێت، تەنانەت ئەگەر ناچار بوو لە پێناوی وێدا لە بیابانە چۆڵەکاندا بمرێت، شتێکی دژوارە پێشبینی ئەوە بکرێت، بەم شێوەیە بوو ڕووداوەکان پەرەیان ستاند. ڕۆمانسییەت و خەونەکان لەسەر (مەی)ی واقیعدا هەپروون بە هەپروون بوون. هەرچی ئەو بوو ئەوە دەستبەرداری (وێ) نەبوو، خۆی لەگەڵ وێدا لەناو داوەکەدا بینییەوە. بەڵام دەستبەرداری نابێت. بەم شێوەیە دەردەکەوێت وەك بڵێیت هەمووان بە شەمەندەفەری هاوچەرخیەتی بەلایدا تێدەپەڕن، کەچی ئەوی گێلەپیاو، لە ڕێگە ڕاوەستاوەو هاوار دەکات، بەڵام کەس بایەخی پێ نادات. ئەوەتە جارێکی دیکە هەوڵ دەداتەوە. بۆیە زوو ئامادەی ئێرە بووەو، شوێنی گونجاوی هەڵبژاردووە، تا ڕادەیەك

سەکۆکە بەرچاوی نەگرێت و هەموو شتێکی لێوە دیار بێت، ئەم جۆرە دانیشتنەی زۆر پێویست بوو.

لەم کاتەدا میوزیکژەنەکان لەسەر شانۆ دەرکەوتن، بە بایەخەوە لە شوێنەکانی خۆیان دادەنیشن. چونکە بڕیار بوو ئاهەنگەکە ڕاستەوخۆ لە تەلەڤزیۆنەوە پەخش بکرێتەوە، ئەوەی دەبێت بزانرێت ئەوەیە کە چێشتخانەکان وەك شانۆیان لێهاتووە، میوزیکی (ڕۆك)ی ڕاستەوخۆیان پێ باشترە بەبەشداری گۆرانیبێژانی ناوخۆو ئەو گۆرانیبێژانەی لە دەرەوە بەسەردان دێن.

بە شێوە هەندێك لە میوزەکژەنەکانی دەناسی، کە پێشتر لە ئۆرکسترای شانۆی ئۆپرا میوزیکیان دەژەند هەروەها هەندیکیشی هەر لە نزیکەوە دەناسین، ئەگەرچی ماوەیەکی دوورو درێژە قسەی لەگەڵ نەکردوون. لەو کاتەوە ئاوێکی زۆر هەڵقولیوە! ئەی ڕێی تێدەچێت هێشتە وەك پێشوو هەیانبێت؟ بەڵام ئەو هەقی بەسەر ئەوەوە چییە؟

ئەوەندە نابات دەنگی میوزیك بەرز دەبێتەوەو لەبەردەم هەر کەسێکدا پەردەیەکی نەبینراو وێنا دەبێت بەرەو جیهانێکی دیکەی هیوا بۆ خوازراو دەیبات، مرۆڤ پەی پێ نابات تەنیا لە چوارچێوەی میوزیکەوە نەبێت، ئەو کاتە هەموو شتێکی بێ بایەخ پاشەکشێ دەکات، تەنیا گیانی خۆشنوود نەبێت.

چونکە میوزیك تەنیا هێزی خۆڕسك و، تەنیا هێزی ئاستەمە دەرکی پێ بکرێت، کە هیچ شتێك نییە خۆی لەبەردەمدا ڕابگرێت. تەنیا ئارەزوو نەبوو، بەڵکو شتێکی زۆر گەورەتر بوو، شتێك نەدەتوانرا شی بکرێتەوە. لەم ڕووەوە جارێکیان تووشی ڕووداوێك بوو، زۆر جار بیری دەکەوێتەوە، لە ناخی خۆیەوە بە خۆی پێدەکەنێت، نەك هەر ئەوە بەڵکو گاڵتەی پێ دەکات و، خۆی بە ئارەزوومەندی ڕەوشت سەیر ناودەبات، کاتێك لە ساڵە زووەکانی بیریستروێکادا بە ئەرکێکی ڕۆژنامەوانی لە لەندەن بوو، سەری سوڕماو بێزاریش بوو، کە تەوالێتی یەکێك لە هۆتێلە نایابەکانی لەندەن کە کۆنگرەکەی تێدا بەسترا، ئەو کۆنگرەیەی بە خۆی ئامادەی بوو، لە شوێنێکی بنمیچەکەوە لەسەر کورسییەکانەوە دەنگی میوزیکی ئەفسووناوی بەرز دەبووەوە، ئەوانەی دەهاتن دەست بە ئاو بگەیەنن، دەچوونە ناو تەوالێتەکانەوەو دەردەچوون، پاش ئەوەی پاشەڵەکی خۆیان پاك دەکردەوەو

میزیان دەکردو تفیان دەکردو دەکۆکین، ئاکام ئاوەکانیان لەناو دەستشۆرەکاندا دەکردەوە، تا ڕادەیەك خەریك بوو ئەو ناوە ببێتە لافاوو ئەو ناوە بتەنێتەوە، هەموو ئەوەیش لەسەر ئاوازی میوزیکی شوبین، یان یەکێك لە بلیمەتەکان بوو. ئای چ میوزیکێك لەسەردا دادەڕژا تا ڕاستەوخۆ بچێتە ناو ئاوەڕۆکانەوە، نەیتوانی لەم خزمەتگوزارییە جیاکارە شارستانییە تێبگات، چونکە میوزیك گەشتێکە بەرەو لای خواوەندەکان، ئەستێرەگەلی گیانە. هەرچی لێرەیە تەماشا بۆ چ ئاستێکی نزمیان دابەزاندووە. ئای لە دەستی ئێوە، هەستی بە ئەفسووس کرد، ئەگەر لە ( تۆماری سکالاو پێشنیازەکان) لە هۆتێلەکە هەبووایە ئەوە پیشانی کارگێڕەکانی خاوەن هۆتێلە پێنج ئەستێرەکانی دەدا... کاتێك لەنیوچە ژێر زەمینەکە بۆ سالۆنەکە سەرکەوت ئاماژەیەکی بەوە دا، بەڵام، وەك چۆن دواتر گاڵتەی بە خۆی دەکرد، لە سنووری ئاماژە دەرنەچوو، ئەوەبوو بە زمانە ئینگلیزییەکەی، کە دەشتێت تا ڕادەیەك بەرگەی بگیرێت، کە لە ساڵانی خوێندن لە مۆسکۆ فێری بووە، ناڕەزایی بەرانبەر بەم سووکایەتی پێ کردنە بێ بەهایەی بەرانبەر بە میوزیك دەربڕێت، ئەوەبوو ئەم وەڵامەی درایەوە: ئەگەر ئەو توالێتەت بەدڵ نییە بڕۆرە توالێتێکی دیکە.

لەبەر ئەوەی زۆری ئارەزوو لە میوزیك دەکرد ئەوە جارێك شەرمی لەوە نەکرد کە بڵێت ـ ئەویش تەنیا بە گاڵتەوە ـ ئەگەر هەر لە منداڵییەوە لە جیاتی لەوەڕاندنی ئەسپگەلی ئایل لەچیاکان، میوزیکی بخوێندایە، ئەوە ئێستە بێ هیچ سێ و دوویەك ئاوازدانەر بوو، چونکە هەر بە شێوەیەکی خۆڕسك ئاوازی میوزیك دادەنێت، بەڵام میوزیکێکە تایبەت بە خۆی.

لەبەر ئەوە هیچی لەبەردەمدا نەمایەوە ئەوە نەبێت وەك میوزیکزانێکی ئارەزوومەند، یان ڕەخنەگری شانۆیی وتار لە ڕۆژنامەکاندا بنووسێت، زۆریش حەزی لەوە دەکرد. بەڵام تەنانەت لێرەشدا ڕووی دەدا خۆی ڕیسوا بکات. ئەوەبوو سامانچین ئارەزووی کرایەوە، ڕەنگە پاش مەی نۆشینەکە بێت (مەیەکە لە یۆرۆئاسیا فەرەنسی و نایاب بوو، ئەمەیش ئەوە دەگەەیەنێت کە ئەم سەردانەی بۆ ئەم چێشتخانەیە زۆری لەسەر دەکەوێتەوە، وەك ئاساییە، چونکە گرانە) ویستی هەندێك مەی بۆ خۆی لە پەرداخەکە بکات، بەڵام لەم

کاتانەدا کارمەندێکی چێشتخانەکە لە مێزەکە نزیك بووەوە، بۆی مان (بەردەست)نەبوو، چونکە دیمەنی زۆر بەڕێزانە بوو، پەپوولەیەکی خۆڵەمێشین بە ملە ئەستوورەکەیەوە بوو، وەك لە خزمەتگوزاری ئورووپاییدا باوە، چاوێلکەیەکی نایابی لەچاو کردبوو، دەرکەوت کە خودی بەڕێوەبەری چێشتخانەکەیە:

ـ ببوورە، تۆ ئارسین سامانچینیت؟ ـ بلیتی سەردانەکەی لەبەردەم سامانچیندا دانا، کە دروشمی یۆرۆئاسیای پێوەیە.

ئارسین سامانچین وەك چۆن ڕاهاتووە بە گەرمییەوە وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ، من ئەرسین سامانچینم، ڕاست دەکەیت، ئەی تۆ بەڕێوەبەری (یۆرۆئاسیا) نیت؟ ـ پاشان هەستاو دەستی بۆ تەوقە لەگەڵ کردنی درێژ کردو بە گاڵتەوە، گوتی: ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بەڕێوەبەری کیشوەری یۆرۆئاسیایت بە تەواوەتی؟.

ـ ئۆشۆندۆی ـ وەڵامی دایەوە، کە وشەیەکی قەرغیزییەو واتای جەخت کردنەوەی تەواوەتی ئەو شتە دەگەیەنێت، کە گوترا واتە (بە تەواوەتی). هەرچی ئەرسن سامانچینیە ئەوە لەو ساتەوە لە دڵی خۆیدا ناوی (بەڕێز ئۆشۆندۆی) لێنا.

هەرچی ئۆشۆندۆیە ئەوە، پاش تەوقە کردنەکە، بە بڕوابەخۆبوونەوە کورسییەکەی لاداو دانیشت، وەك پێدەچوو ئارەزووی دەکرد بە شێوەیەکی جیدی سەبارەت بە شتێك بپەیڤێت، ئەوەبوو دەستی بە سڕینی چاویلکە چوارچێوە ئەستوورەکەی کرد، ئەگەرچی هەستی بە هەندێك سەرسوڕمان لەبارەی ئەو دەرکەوتنە لەناکاوەی ئۆشۆندۆی، خودی بەڕێوەبەری چێشتخانەکە، کرد، ئەوەبوو ئەرسین سامانچین بە زارێکی شیرین درێژەی دایە:

ـ بەڕێوەبەری بەڕێز ڕێم بدەیە هەگبەکەم لادەبەم، بۆ ئەوەی ڕێت لێ نەگرێت، لێرە لە ئۆرۆئاسی هەموو شتێکتان نایب و زۆر باشە، ئەوەتە دەبینیت کە دادەنیشم و چاوم زاخاو دەدەم، من جاروبار دێمە ئێرە، بەڵام ...

ـ دەزانم، دەزانم ـ ئەمەی گوت، بەڵام بەر لەوەی بتوانێت جڵەوی پەیڤینەکە بگرێتە دەست، سامانچن دەستی بە قسەکردەوەو دووبارەی کردەوە:

ـ ئەوەتە من دانیشتووم، چاوم زاخاو دەدەم، چالاکانە ئاوڕی ئەم لاو ئەو لای خۆی دەدایەوە ـ بنواڕە چەند کەس لێرەن! ئافرەتەکان چەندە جوانن! لێرەدا زمانی کەمێك

تەتەڵەی کرد، چونکە کاریگەری مەیەکەی پێوە دەرکەوت. چێشتخانەکە (غیستۆغان) [1] بەبێ ئافرەت وەك خۆت دەزانیت بە چێشتخانە ناچێت ـ سامانچین بە شێوە زاری فەرەنسی ئەوەی گوت، بەڵام ئەوەی بەرانبەری هەستی بە گاڵتە پێ کردنەکە نەکرد.

بەڵێ چێشتخانەکە بەبێ ئەوان بە چێشتخانە ناچێت، شانۆیش بە شانۆ ناچێت، بازاڕیش بە بازاڕ ناچێت. ئەوەتان لەسەردا هاتن، چەند جوانن. لە بالکۆنەکەیش هێشتە چەند شوێنێکی بەتاڵ هەیە بۆ ئەوانەی ئارەزوو دەکەن لەسەرەوە دانیشن. ئەوەتە ئۆرکستراکە ئامادەکاری خۆی دەست پێکرد. ئاکام. ئەوەتە من چاوەڕوانم، چاوەڕوانی میوزیکم، لە پێناوی ئەوەیشدا بوو هاتووم. ئەی ئەو چلچرایانە بۆ ناڵێیت! دەڵێن ئیتالین، ئەوە ڕاستە؟

ئۆشۆندۆی سەری بۆ لەقانەوەوگوتی:

ـ بەڵێ ئیتالییە ـ بە توندییەوە بە ئاماژەیەکی هوشیارکردنەوەوە دەستی بەرز کردەوە، مەبەستەکەی ئەوەیە: کەمێك چاوەڕوان بە، دەبێت شتێکیش بڵێم ـ بە ڕێکەوت نەهاتووم، بەڵکو لە پێناوی .... زمانی تەتەڵەی کردو نەیتوانی ڕستەکە تەواو بکات.

ـ باشە، شتێکی نایابە ـ زمانی سامانچین کرایەوە، دڵی خۆش بوو چونکە لەبیرچوونەوە لە یادی نەبردووەتەوەو، هێشتە هەندێك لە شوێنەگشتییەکان دەیناسن، بە بەرێوەبەرە گشتییەکانیشەوە، وەك ئەمە ـ با بخۆینەوە ـ ڕاستگۆیانە پێشنیازی بۆ کرد، لە کاتێکدا خۆشنوودانە لە ئێسکی گرانی بەرابنەرەکەی دەڕوانی ـ بە ڕاستی مەیەکی زۆر نایابتان هەیە! با بۆت تێ بکەم، داوایش بکە.

ـ نا، نا ـ ئۆشۆندۆی دەستی گرت کە بوتڵە مەیەکەی پێ بەرزکردبووەوە ـ من بۆ ئەمە نەهاتوومەتە لات، بەڵکو بە مەبەستی کار هاتوومەتە لات، بەڵێ زۆر کەس هەن دەتناسن، تۆ مرۆڤێکی ناسراویت، بەڵام با قسەکرن لەو بارەوە بۆ بۆنەیەکی دیکە هەڵبگرین. من بۆ شتێکی دیکە هاتوومە لات، ئەمڕۆ بۆنەیەکی گرنگمان هەیە: ئاهەنگێکی شێو بۆ پارەبەخشە بیانییەکان، کۆمپانیای کەنەدا بۆ دەرهێنانی زێڕی ئەکسۆ، کە ئەوەیش پرسێکی نێودەوڵەتییەو، هاوەڵە ناوخۆییەکانیان لەبواری زێڕ دەرهێناندا ـ ئەوان بانگهێشت کراون، کەسانێکی پایە گەورە، لەگەڵ پاسەوانەکانیان و، شتێکی ئاساییە، هاوسەرەکانیشیان، ئاهەنگێك ... بەڵام مەبەستەکەیش ئەمە نییە، چی

دیکه نایهێنم و  نایبەم، ئێستە تەلەفۆنیان کـرد، فـەرمانیان دەرکـرد کـە نابێـت ئـەمڕۆ ئەرسین سامانچین لەناو هۆڵەکە بێت، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە (ئەوەیان دەوێت).

ـ ڕاوەستە، ڕاوەستە! کێیە ئەو بایەخەم پێ دەدات؟ ـ ئەرسـین سامانـچین هەڵـچوو ـ کـێ (ئەوەی دەوێت) و بە چ مافێك.

ـ من ئەوە دەڵێم کە فەرمانیان پێ کردووم ـ ئۆشۆندۆی قـسەکەی پـێ بـڕی، بـێ ئـەوەی بچێتە ناو وردەکارییەکانەوە ـ هەرچی ئـەوەی بایـەخ بەمـە دەدات ـ ئـەوە پێوەنـدی بـە منەوە نییە، لەسەرەوە ئەوەیان پێ گوتووم ـ پاشان سەری بەرەو ئاراستەی بنمیچەکە بەرز کردەوە، کە بە چلچرا ڕازاواتەوە ـ منیش جێبەجێی دەکەم، ئەوەیش ئەوە دەگەیـەنێت کـە دەبێت بە قسەی خۆش و بـێ زیـادە گـوتن چێـشتخانەکە بـەجی بهێڵێـت و، هەرچـەندە پەلەیش بکەیت باشترە. سادەی ئێستە تا زووە هەسـتەو شـتەکەیش کۆتـایی پـێ دێـت و ئەوەمان دەوێت.

ـ مەبەست لە ئەوەمان دەوێت چییە؟ ئەوە چی دەگەیـەنێت؟ ـ سامانـچین لـەوە بـەو لاوە هیچی نەگوت، توند فـشاری خـستە سـەر هـەردوو لێـوە ڕەنگبزوڕکاوەکـەی، دەیتـوانی ڕیسواییەکی ئەوتۆ بنێتەوە بە شێوەیەك وای لەم ئۆشـۆندۆیە ناشـیرینە بکردایـە هـەردوو چاوی بپەڕیبایەتە سەر سەری و، مێزەکەی هەڵەوگێڕ بکردایەو پـاڵی پێـوە بنایـەو هـەراو هوریایەکی بنایەتەوەو ناڕەزایی خۆی بەرانبەر بەو ڕیسواکردنە دەرببڕیبایە کە بەرانبەر بـە شکۆو سەربڵندیی ئەو کراو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دەستدرێژییە سەرشۆڕکارانەی کرایـە سەری مافەکانی شتی زۆرتری دیکەی کردبایە، بەڵام ئەو ئێستە خۆی بەو شتەوە سـەرقاڵ نەکردووە، پاش ئەوەی بیرۆکەیەکی بە مێشکدا تێپەڕی، لە ناخی خۆیدا تەقینەوەی سۆزی سەرکوت کرد، ئەویش نەك لەبەر توانای لەڕادەبەدەری بۆ خۆ کۆنترۆڵ کردن، بەڵکو لەبـەر ئەوەی هەستی کـرد کـە مـستەکۆڵەی کوشـندەی ئاراسـتە کـراوە، وەك بڵێیـت لـەناکاو درەختێکی قەد بڕاو لەبەردەمیدا بەربووەوەو بە گرمەیـەکی بـەهێز عـەرد لـە ژێـر پێیـدا هەژی، لەبەر ئـەوەی بـە مەزەنـدەی خـۆی هەسـتی بـەوە کـرد کـە هـەموو ئـەوەی لـە نەستیدایەو، هەموو ئەوەی کە پێویستە هەندێك جار خەونیان پێوە ببینێـت لـە سـاتێکدا هەرەسیان هێنا، وەك ئەو درەختەی هەموو مەبەستی بوونی سەربەخۆیانە خـۆی لەدەسـت

دا، ئەم کارەساتە کوشندەیە بیرۆکەیەکی لا درووژاند : (تۆ بڵێیت وێ بێت ئەمەی کردبێت؟ تۆ بڵێیت وێ پەنای بەر ئەمە بردبێت؟). ـ بێ ئەوەی بڕوا بە مەزەندەکەی خۆی بکات، سەیرێکی شانۆکەی کرد ـ بەڵام هێشتە لەوێ نەبوو، بەڵام ئۆرکستراکە کاتێك چاوەڕوانی دەرکەوتنی (وێ)یان دەکرد، هەندێك پارچە میوزیکی سووکیان ژەند، لێرەدا مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەرهێناو، لەژمارەکەی (وێ)ی دەدا، پەنجەکانی دەلەرزین، لەوەیش دەترسا دەنگیشی بلەرزێت. نەیدەویست ئەم ئۆشۆندییە ببینێت، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، دەرکەوت کە مۆبایلەکەی داخراوە، بە خۆی بەو دەنگەی ڕایگەیاند کە تۆماری کردووە، پاش چەند نووکەیەك: (من ئایدانا سامارۆنام، مۆبایلەکە بە شێوەیەکی کاتی داخراوەو ناتوانن تەلەفۆن بکەن) ـــ سەرلەنوێ زەنگە بۆشەکە لێ دەداتەوە.

ـ وەڵام ناداتەوە ؟ ـ ئۆشۆندۆی پرسیاری کرد، بۆ گاڵتەیش هەردوو برۆی بەرز کردەوە.

سامانچین بۆ وەڵام دانەما، تۆ بڵێیت ئۆشۆندۆی بە تەواوەتی چی مەبەست بێت؟ تۆ بڵێیت تەنیا گریمانە بێت؟ یان تەنیا مەزەندەیە؟ یان بەڕاستی شتەکە دەزانێت؟ نەیویست بەم بابەتەدا ڕۆبچێت، چونکە نەیدەویست خۆی ڕیسوا بکات، بە گشتی ئەمەیش مەبەستەکە نییە: دەبێت بڕیار بدات لەمەودوا چۆن ڕەفتارو هەڵسوکەوت بکات، ئایە ڕابوەستێت، یان بڕوات و، بیبڕێتەوە، یان داوای ڕوون کردنەوە بکات کێ ئەو فەرمانەی دەرکردووەو، بۆچی بەڕێوەبەری چێشتخانەکە، خۆی وا سەخڵەت کردووە، تا ڕادەیەك بە پرەکتیکی بووەتە خزمەتکارێکی بێ بایەخ؟

ـ چی بڕیارێکت دا؟ ـ دەنگی ناخۆشی ئۆشۆندۆی بەرز بووەوە، هەڵدەستیت؟ دەتوانم تا بەر دەرگەی چوونە دەرەوە لەگەڵت بێم.

ـ نا، نا ئەمەم ناوێت، هەرگیز پێویست ناکات ـ ئەرسین سامانچین ئەوەی ڕەت کردەوە ـ من بە خۆم ڕێگەکە شارەزام، پاشان بە تووڕەییەوە هەگبەکەی داخست.

ـ باشە با وابێت! شتێکی باشە. بەم بۆنەیەوە پێویست ناکات پارەی شیوەکە بدەیت. خۆمان دەیدەین ـ ئۆشۆندۆی ئەوەیشی گوت ـ .

لێرەدا ئەرسین سامانچین هەڵچوو، وەك بڵێیت چاوەڕوانی ئەمەی کردبێت، بۆ ئەوەی تووڕەیی خۆی دەربخات:

ـ چی دەڵێیت؟ بە تووڕەییەوە بە ڕووی ئۆشۆندۆیدا هەڵشاخا، کە بە شێوەیەکی نمایشکارانە لە جیاتی جێناوی ئێوە جێناوی تۆی بەکارهێنا ـ بۆچی من بە کێ تێدەگەیت؟ ئایە لە شەقامەوە هاتووم و داوای دەرۆزەت لێ دەکەم؟ ئەی قوڕمساغ! من تف لە چێشتخانەکەت و تف لە خودی خۆیشت دەکەم. دەی بانگی بۆیەکە بکە، پارەکەی خۆم تا دوایەمین کوبیك دەدەم، بەر لەوەی ئێرە بەجێ بهێڵم، دەی لەبەر چاوم وڵ بە، ئیدی بەسە.

ـ چۆنت پێ خۆشە، با وابێت ئیستە بۆیەکە دێت، بەڵام ئەوەت لەیاد نەچێت کە پێت گوترا ـ ئۆشۆندۆی هوشیاری دایەو پاشان لەسەرخۆ هەستاو، بێ ئەوەی بە ملە سوورەفڵەکەیەوە کە لە ملی گا دەچوو ئاوڕ بداتەوە، ئەو ناوەی بەجێ هێشت.

لێرەدا ئەرسین سامانچین هەڵەیەکی ناقۆڵای کرد کە هیچ پاساوێکی نەبوو، گەوجایەتییەك، ئەوەندەی دیکە بێ بەهاو سووکتری کردو قوڕەکەی خەستتر کردو وای کرد ڕیسواییەکە پەرەبستێنێت:

ـ ئەی کابرا، بانگی ئۆشۆندۆی کرد، هەرکە ئاوڕی دایەوە، بە ڕوویدا هەڵشاخا: وا نەزانیت قاوت داوم و هەموو شتێك کۆتایی هاتووە! هەرگیز لەمە بێ دەنگ نابم. منیش هۆکاری خۆمم هەیە پشتی پێ ببەستم، من ڕۆژنامەنووسم، ڕۆژنامەنووسێکی بێ لایەن. لە یادت نەچێت!!

لێرەدا ئۆشۆندۆی ئەوەندەی دیکە هەڵچوو: چیم لە یاد نەچێت؟ ماشەڵڵا. من تفت لە ڕوو دەکەم. ئافرەتان خەریکن لێت دوور دەکەونەوە، وازیان لێ ئەهێنایت.

ـ ئەی تۆ چی پێوەندییەکت بەوەوە هەیە؟

ـ دەبێت پێت بڵێم تا زبڵدانی خۆت بناسیت. چونکە ئێستە ڕۆژنامەنووسان چوون بەرازی ناو تەویلەن: چۆنت دەرخوارد دان، بەو شێوەیە دەجووڵێنەوە، چ لە ڕۆژنامە یان تەلەفزیۆن. هەر ئەمەمان کەم بوو. ئەی بیژی ئەگەر پاش پێنج خولەك گەردنت

نەشکێنیت، ئەوە بە خۆت بەرپرسیار دەبیت. ئەوەندەمان هێز هەیە. ئیدی بەسە ورتەت لێوە نەیەت.

لێرەدا ئۆشۆندۆی بە سووربوونەوە چاویلکەکەی لە دەم و چاوی داکەند، کە تووڕەیی شێواندبووی و دوور کەوتەوە، بێ ئەوەی گوێ لە هاوارەکانی ڕۆژنامەنووسە (بێ لایەنەکە) بگرێت.

ئەگەر ئەرسین سامانچین ئاکامەکانی دواتری ئەو ڕووداوەی زانیبایە.

بۆیەکە هات:

ـ ببوورە، تکایە، ئەوە حسێبەکەتە!

ئەرسین سامانچین، کە هێشتە هەر تووڕەبوو، دەفرەکەی لەگەڵ حسێبەکەدا دوورخستەوە:

ـ سەرەتا ڤۆدگام بۆ بێنە.

ـ ڤۆدگا؟

ـ بەڵێ ڤۆدگا. ئەگەر زمانی ڕووسی تێناگەیت، مەیم بۆ بێنە.

ـ ئێستە دەیهێنم، چەندت دەوێت؟

ـ چەند دەتوانیت هەڵگریت، خێراکە.

ـ باشە.

بۆیەکە خێرا ڕووی کردە بۆفییەکە، هاوکات ئەرسین سامانچین کە تووڕەبووبوو ئاوڕی ئەم لاو ئەو لای خۆی دەدایەوە. کەس نەبوو بایەخی پێ بدات، چونکە چێشتخانەکە سەرقاڵی ژیانی شەوانەی خۆی بوو: تا دەهات لە خەڵکدا جمەی دەهات، بالکۆنەکەیش خەریك بوو پڕ دەبوو، جگە لە گاڵتەو پێکەنین و درنگەی پەرداخ و هەراو هوریای قەرەباڵغی و میوزیکی گونجاو لەگەڵ کەشی سالۆنەکە بەو لاوە نەبێت شتی دیکە بەرگوی نەدەکەوت، بە یاوەری تیشکی ڕەنگاوڕەنگ کە بە قەد دیوارەکاندا دەجووڵایەوەو ناخ و دەروونی دەهەژاندو دەجووڵاندەوە.

تەنیا ئەم لەناو ئەم حەشاماتەدا نامۆ بوو، سەری دەسووڕا، دڵی لە سینەیدا ئەوەندە تەنگ بوو خەریك بوو شەقی دەبردو لەوەی کە دەرکی بەوە کردبوو ئێستە ناتوانێت ئەو هیوایە بەدی بهێنێت کە ئاواتی بۆ دەخواست. ئەگەر بیتوانیایە بە تەواوەتی بیزانیایە کێ

دەستی لەم گۆبەندەدا هەیە، ئایە خودی (وێ) بێت، ئایە (ئایـدانا) بـە خـۆی بێـت، یـان پارێزەرە نوێیەکانی بـن؟ ئەگـەر (وێ) بێـت، چـۆن توانیویـەتی خیانـەتی لـێ بکـات و، ڕادەستی نەیارانی بکات، ڕێیان بدات دەست لە کاروباری تایبەتی هـەردووکیان وەربـدەن، پاش ئەمە (وێ) کێ بێت؟ ئای چەند سووك و بێ بەهایە! بەڵام هۆی هەموو ئـەوە چییە؟ چی ڕووی داوە تا بەم شێوەیە وەدەر بنرێت؟ بەڵێ شتێك لە ئارادایە، ئـەوەیش تـازە ڕووی داوە، کاتێك داپچڕانێك لە پێوندیی نێوانیانـدا ڕووی دا کـە درێـژترین داپـچڕان بـوو لـەم ماوەی دواییەدا، کاتێك خۆی لێ دەدزییەوەو نەیدەیست چاوی پـێ بکـەوێت. ئـەو کـات هات بۆ ئێرەو ڕاستەوخۆ لە نزیـك سـەکۆکەوە ڕاوەسـتاو هەگبەکـەی بـە دەسـتەوە بـوو، تەواوی شەوبێدارییەکەی بەسەر بردو چاوی لە چاوی نەدەترووکاند، حـەزی دەکـرد بـانگی بکردایە: هێی، ئەی خواوەندی بە کاغەزی بریـق و بـاق پێـچراوە ڕێـی تێدەچێت بـووکی نەمرت لە خودی خۆتدا ناشتبێت پێش ئەوەی لەسەر شانۆکە لـەدایك ببێـت؟ ئایـە ڕێـی تێدەچێت لە پێنـاوی سـەماکردن لـە چێـشتخانەکاندا فرۆشـتبێتت؟ یـان دەڵێیـت شـێت بووگیت؟

هەستی دەکرد کە زۆر شتی هەیە لەوەی پاڵی پێوە بنێت دڵـی شـەق ببـات. بـەڵام هـیچ ورتەیەکی لێوە نەدەهات تەنیا ڕادەوەستاو تێی دەڕوانی، کتێبە نووسراوە بەبەهاکـە دیلـی بێ دەنگی بـوو، لـەناو هەگبەکـەدا دانرابـوو، بڕوایـەکی تـەواوی بـەوە هـەبوو کـە ئـەو دەستنووسەیە چاوەڕوانی کاتی خۆی دەکات. بەڵام ئەو کاتە کەی دێت؟ کـێ بایـەخی پـێ دەدات؟ تەنیا وێ ... هەرچی میوزیکـە ئـەوە بـەو شـێوەی کـە گریمانـە دەکـرا، لەسـەر سەکۆکە بەرز دەبوەوەو لەگەڵ دەهۆڵ لێداندا تێکەڵ دەبوو و شـەپۆلی دەدایـەوەو ئافرەتـە گۆرانیبێژەکەیش گۆرانی دەگوت و دەجووڵایـەوەو لەشـولاری خـۆی دەردەخـست و جـۆرە ورووژانێکی سیکسییانەی بە کۆمەڵی لەناو بینەرەکاندا دەنایەوە، کـە چـەپڵەیان بـۆ لـێ دەداو فیکەیان بۆ دەکێشا، ئەویش بە چاوە برسییەکانی تێری لێ نـەدەخوارد، لەکاتێکـدا ئازاری دەچەشت، لە نزیك سەکۆکەوە ڕاوەستابوو، تێی دەڕوانی، کە (وێ) بە دەنگ و بـە جەستەی کاری دەکرد، بە کرێ، لەسەر ڕیتمی ئەم میوزیکە، خۆی شـەکەت دەکـرد، کـە تەنیا پوولێکی قەڵپ ناهێنێت. چەندین جار نیگایان بەر یەکدی کەوت، وەك بروسکە لـەو

زریـانی شـێتییەدا وێ دەرکـی بـە ڕاسـتی ڕووداوەکـان دەکـرد. ئـەویش ئەوەتـە ئێـستە سەرلەنوێ، هەمان شت دەستی پێ کردەوە، بـەڵام ئـەم جارەیـان ئەوەتـە بـە خـۆی و بـە هەگبەکەی و بە هەمان کتێبی نووسراوی مەزنییەوە لە ناو هۆڵەکەی وەدەر دەنێن .. هیچ چارەیەکیشی نییە ئەوە نەبێت کە مل کەچ بکات.

بۆیەکە گەڕایەوەو بوتڵە ڤۆدگایەکی هێنا لەسەر سینییەکەی دانابوو.

ـ فەرموو، بۆت تێکەم، بۆت لە پەرداخ، یان لە جامەکە بکەم؟

ـ لە جامەکە.

ـ چەند.

ـ پڕی بکە.

وەك ئەوەی لە بۆشایی ڕۆ بکات، ئەرسین جـامێکی پـڕ ڤۆدگـای هەڵقوڕانـد. دەسـتی بـە هەناسەبڕکێ کرد، دەیویست ناخی بسووتێت.

ـ چەندی کرد؟ ـ بە توندی پرسـیاری کـردو لـە بلـیتی حـسێبەکەی ڕوانـی و بـە هـەمان توندیشەوە (پوول بە پوول) پارەکەی ژمارد، ئەمەیش بۆیەکەی تووشی سەرسـوڕمان کـرد، پاشان بەبێ دەنگی دوور کەوتەوەو، کۆشا خۆی وا پیشان نەدات کە ئەو خۆڕاگرییە، پـاش جامە ڤۆدگاکە، چەندی لەسەر شکایەوەو چەند کۆششی لێ ویست، ئەوەبوو هەردوو شانی ڕەقی ڕێکخستەوەو ملی دەرخست کە ئارەقەی کردبوو.

لە ژووری جلەکان شەپقەکەی هەڵگرت و، بە هەمان ڕواڵەتی توندی، لەسەری کردا، حەزی دەکرد بە زستان و هاوین بە شەپقەوە هات و چۆ بکات، بە گاڵتەیشەوە نییـە کـە ئایـدانا نازناوی (شەپقەچی) لێ ناوە، لەکاتی چوونە دەرەوەدا گوێی لە دەنگـی وێ بـوو، دەنگـی ئایدانا سمارۆڤا، لەسەر سەکۆکە دەنگی دەدایەوە. چـەپڵە لێـدان هـەموو چێـشتخانەکەی تەنییەوە، ئەوەتە پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، ئاواتەکە بەدی هات و پەرییەکە دەرکەوت.

لە خۆشیاندا هاوار بەرز بوەوە: (ئای ـ دا ـ نا)! (ئای ـ دا ـ نا). بەڵام ئەرسین سامانـچین ئاوڕی نەدایەوە، بەڵکو تەنیا هـەنگاوەکانی سـست تـر کـرد، لەکاتێکیـشدا کـە بـە زۆر دەیویست مەستییەکەی خۆی کۆنترۆڵ بکات، توانی لە ناخی خۆیدا بڵێت: فـەرموو، چـێژ وەربگرەو ڕاببوێرە، ئەوە هۆیەکی ڕوونکردنەوەی زیندووە ـ چڵەپۆپی ڕیکلام و مـۆدە، لـە

پێناوی ئەم کاریگەرییەیشدایە هەموو شتەکان دەخولێنەوەو کێ بەر کێ لە پێناوی مانەوەدا ئەنجام دەدرێت، هەرچی نەبەردی و بەناوبانگییە ئەوە هەموو لە ئاکامدا پێویستن بۆ ئەوەی پارەت بە سەردا بڕژێت و گەڵاکان لە وەرزی پاییزدا داوەرێن، تەنانەت بە گاڵتەجاڕیشەوە بڵمەبڵمێکی کرد:

ـ (ژیانی بێ پارە خراپە، هیچ سوودێکی نییە، ئەی شەو، ئەی چا، ئەی شەو).

ئارەزووی دەکرد لە تووڕەییدا توند بەهەردوو پێ بەسەر عەرددا بکێشێت، ئارەزووی دەکرد پڕ بە گەرووی هاوار بکات، دەست بە سەماکردن بکات، بەڵام خۆی کۆنترۆڵ کرد، لێرەدا ئارەزووی کرد لە پڕمەی گریان بدات و نەفرەت بکات تا ئاسمان بیبیسێت و بخنکێت.

کۆتایی هاتووە، دەبێت لە شوێنێکدا خۆی بشارێتەوە بۆ ئەوەی کارێکی ترسناکی لێ لەدەست نەقەومێت. پێویستە خێرا دوور بکەوێتەوە، پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت، بۆ هەتا هەتایە خۆی بشارێتەوە.

(ئەویندارى بکەیت و بکوژرێیت! ئایە ئەمە ڕێی تێدەچێت؟ هەموو ئەوە لەبەر ئەوەی مەستیت! نا لەبەر ئەوە نییە کە مەستم ـ بە خۆی وەڵامی خۆی دایەوە، لەبەر هەمان بیرۆکەیش هەموو جەستەی مووچڕکەیەکی پێدا هات ... ئەویندارى بکەیت و بکوژرێتت...).

دوور دەکەوتەوەو لەگەڵ خۆیدا دەیگوت: تەنانەت لە گۆڕیشدا لەبیرم ناچێتەوە، لێی خۆش نابم ...

(١) وشەی (غیستۆغان)، نووسەر بە شێوەزاری فەرەنسی گۆی کرد ـ لە شێوەزاری شاری پاریس پیتی (ر) بە (غ) گۆدەکەن.

# سێیەمین پار

لە هەموو ئەوەی بۆی نووسرابوو. بەم شێوەیە بۆ هەموو ئەوەی لە چارەی نووسرابوو، بەردەوام هەر ئەوەیشی تووش دەبوو، کەس نەیدەتوانی خۆی لێ دەرباز بکات .. کاتێك چاوەڕوانی چارەنووس بکەیت ڕۆژگار دێت و ڕۆژگار دەچێت، بەڵام چاوەڕوانی تا دوارۆژ، تا دوا کاتژمێر، دەمێنێتەوە، تا هەتایە ئەمە دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەوەتە سەرلەنوێ، لەلایەکەوە، ڕەشەبا هەڵدەکات ـ ئەوەیش چارەنووسە لە گەشتەکەیدا بیری کەوتەوە، لەو کاتەدا خێراهەڵیکرد بۆ ئەوەی هەموو شتێك لە هەموو شوێنێك ببینێت. هەرچی ئەوەی لەسەریەتی ئەوەیە کە لەو جیهانەی هەیە نهێنی و بیرو هزرو هەڵسوکەوتەکانی خەڵکی ببینێت. سەرلەنوێ چارەنووس سەرقاڵی کارە بەپەلەکانی خۆی بوو، وەك باویشە چاوی خستە سەر ئامانجە دوورەکانی خۆی،، هاوکاتیش خۆی بۆ ڕێکەوت لەناکاوەکان ئامادە دەکرد، چارەنووس و ڕێگەی ئەوانەی کە بە پرەکتیکی هێزی لەڕادەبەدەری چارەنووس دەزانن و، لەکاتی ژیان بەسەربردنیاندا بە شێوەیەکی ناویستانە واز لە ئاراستەکردنی خودی هەمان ئەو پرسیارانە نەهێنن، کە لە ئاسمانی دەکەن، کە : چی ڕوودەدات،؟ بۆچی؟ ئەی چار چییە؟ ...

بەڵام ئاسمان گوێ لەچرپەو لە هاوار ناگرێت.

تەنانەت دڕندەیش لە چیاکان، تەنانەت ئەویش ڕووی دەمی لە ئاسمان دەکات و مانگ شەکەت دەکات، بۆیە مانگ جارێك خۆی لێ لە پشتی هەورەکان و جارێك لە پشتی لووتکەی بەرزی بەفر لێ نیشتووی چیاکانەوە دەشارێتەوە، بەڵام ئەو چارەنووسەی بە هەموو شوێنێکدا دەخولێتەوە، ئەویشی لە یاد ناچێتەوەو، بۆ ئەم دڕندە چیاییەیش شتێکی ئامادە کردووە ... پاش ئەو شکستییەی لە شەڕی لە پێناو مێینەدا تووشی هات، پڵنگە بێزراوەکە، لە کاتێکدا مافی بەشداری درێژەدان بە ژیانی لەناو هاوڕەگەزەکەی خۆیدا لە دەست دابوو، ژیانێکی کولەمەرگی بەسەر دەبرد، ئەوەی قوڕەکەی خەستتر کردبوو، ئەوەبوو لە ڕووی ئارەزووی خۆڕسکییەوە هەر بەرەنگاری دەکرد، هێشتە بە تەواوەتی ملی کەچ نەکردبوو، هێشتە تامەزرۆی ئەوەبوو هێزو توانای

پێــشووی بەدەســت بهێنێتــەوەو، هێــشتە لــە هــەموو شــتێك توورەبــوو، لــە ڕۆژانــی بەسەرچوویشدا ئارەزووی دەکرد خۆی لە مێینەیەك نزیك بکاتەوە، بـەڵام هـەر هـەموویان (قل ـ کەپڵ)ی خۆیان هەبوو، کەس بە دەنگـی ئارەزووەکانییـەوە نـەهات، بەڕێکـەوتیش خەریك بوو هەڵبکوتێتە سەر نەیارەکەی و لەناوی ببات، یان تەنیا بـۆ ئـەوەی بڵێـت مـن هەم، بەڵام هەموو جارێك تێکگیرانەکە بە هاوسانی تەواو دەبوو.

خەونەکانی خەونی حوشتر بوون: لە ڕاستیشدا هیچ کام لە ئەنـدامانی خێڵەکـە تێبینییـان نەدەکرد، وەك بڵێیت هەرگیز نەبووبێت، بۆیە ناچار دەبوو لاتـەریك بـژیت، لـە پـەراوێزی گردبوونەوەی هاوڕەگەزەکانی، کە هەر کاتێـك نێـچیرەکە گـەورە بووایـە هـەموویان لێـی دادەوالان، خۆکۆنترۆڵ کردنیش کارێکی ئاسان نەبوو. بەڵکو دەبوو بینێکی درێژی هەبێت، لەگەڵ خۆڕاگرتن بە هێوری لە کاتی ئەو گرژییەی کـە دەگەیـشتە ڕادەی دەمـارگیری، لـە چاوەڕوانی پاشەرۆکی نێچیرەکە کە ئەوانەی دیکە لمۆزیان تێ چەقاندووە، بە داخەوە ئێستە بەشی ئەو ئەوەیە، ئەگەرچی ـ لە ڕووی ڕواڵەتەوە ـ هێشتە ئەو هێزەی جـارانی مـاوە ـ بە سەرە زلەکەیەوە، کە دوو چاوی پێوەیە، لە خوارەوەی تـەوێڵی دەبریـسکێنەوە. لەگـەڵ کلکیدا، کە زۆر جار هێورە، بەنیانی چەوتاوەتەوە، ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کـە جابـارس دەتوانێت لەکاتی پێویستدا جڵەوی خۆی کۆنترۆڵ بکات.

بەڵام خێڵەکە هەرگیز بایەخی بەوە نەدەدا. تەنیا گیانلەبەرە نێرینەکان بە مۆنەوە سەیریان دەکرد، پاشان لێی دوور دەکەوتنەوە، وەك بڵێیت تاوانێکی کردبێـت. هەرچـی مێینەکـەی پێشوویەتی، ئەوە بە تەواوەتی نکۆڵی لێ کرد، ئەوەبوو کاتێك بـە بەردەمیـدا تێدەپـەڕی، بێ شەرمانە کلکی لێ بەرز دەکردەوەو خـۆی بـە هاوەڵـە نوێیەکەیـەوە دەنووسـاند، کـە ئەویش لە(وێ) بێ شەرمتر بوو، وەك بڵێیت جابارس تەنیا سێبەر بێـت. بەشـی ئـەو ئـەم جۆرە ڕیسواییە بوو کە تا ماوەیەکی زۆر نزیکیش پێشەنگی هاوڕەگەزەکانی خۆی بـوو لـە دۆڵ و بەرزاییە هەمیشە بە بەفر داپۆشراوکانی ناوچەی بریتان ـ شان، پاش ئەوەی لە ڕەوە پڵنگەکان دوور کەوتەوە، دەستی بە ڕاوکردنی هەر گیانلەبەرێکی بێ بەهاو بێ نرخ کرد چ پشیلەو مووش خورماو ڕسقی کیلگەو هەندێك جاریش کەروێشك.

ڕاستە بە گشتی دووچاری برسـیەتی نـەدەبووەوە، ئەگەرچـی، وەك ڕۆژگـاری جـاران، لـە گۆشتی بەرانە کێویش تێر نەدەبوو، کـە زۆر جـار ڕۆژانـە ڕاوی دەکـرد. بـەم شـێوەیە تـا دەهات کاروباری پاشەکشەی دەکردو تەنانەت بەختیش ڕووی خۆی لێ وەرگێڕا.

بەڵام گیانی بەرەنگاربوونەوەی هیچ لاواز نـەبوو، ملیـشی کـەچ نـەکرد پـاش ئـەوەی بـە کردەنی دەرکرابوو، ناچار بوو بە سەرشۆڕی بژێت، وێڕای هەموو شـتێکیش یـاخی بـوونی خۆرسکانەی دژ بەو ژیانە ناخۆشە لە ناخیدا گڕی گرتبوو، لە قووڵایی ناخی دڕندانەیـشیدا ڕەت کردنەوە تەشەنەی دەستاند ـ وێڕای هەموو شتێکیش ـ هێزێکی بێ سنووری ناوەوەی فەرمانی پێ دەکرد تا زووە ئەم شوێن و ئەم چیاو دۆڵانە، کە جگە لە کولەمەرگی هیـچی دیکەیان بۆ دەستەبەر نەدەکرد، بەجێ بهێڵێت و بۆ هەتا هەتایەو بێ گەڕانەوە خـۆی بـزر بکات، کۆچ بۆ ئەو جیهانەکەی دیکە بکات، کە زۆر نزیك نییـە، بتوانرێـت بـە ئاسـانی بیبڕێت، بەڵکو لە پشتەوەی زنجیرە چیاکەوەیە، پـشتەوەی زنجـیرە چـیا بڵنـدەکان، کـە تـا کەشکەشانی ئاسمان بەرزبوونەتەوەو بەفری هەمیشەیی داپۆشیون.

دەبێت بەرەو ئەوێ تێی بتەقێنێت، بۆ ئەو سنوورەی کەسی لێ نییە، بۆ لووتکە بڵندەکـە، کە کەس پێی ناگات، بە دەگمەن نەبێت، ئەوەیش تەنیا لە ڕۆژانـی هاوینـداو، تـەنیا بـۆ چەند ڕۆژێك، کە دەکەوێتە نێوان لووتکەکانی ئـۆزینگیلیش ـ سـتریمیانییەوە، کـە باڵنـدە بەرزەفڕەکانیش ناتوانن پێیان بگەن. بۆ ئێرە هێـز هـانی (جابـارس)ی دەدا، ئـەو هێـزەی بەسووربوونەوە لە ناخەوە پاڵی پێوە دەنا، تامەزرۆیی لەڕادەبەدەر بۆ ئێـرەی ڕادەکێـشا. . پێشتر لـە ڕۆژگـاری پێـشوودا بـۆ بەسـەربردنی وەرزی هـاوین گەیـشتبووە ئێـرە، بـەڵام کارەساتەکەی ئەو لێرەدایە ـ ئەویش ئەوەیە کە ناتوانێت بگاتە ئـەو شـوێنەی کـە پێـشتر زۆری بە لاوە ئاسان بوو ..

ڕێگە بەرەو لووتکەکە هەورازێکی تاوێرین بوو، بەناو کوڵووە بەفری بەرزدا تێدەپەڕی، کـە هەرگیز نەدەتوانەوەو، لەودیوی هەورەکانەوە بزر دەبوون، کە بەسەر لووتکەکـەدا دەکـشان و، لەو دیوەوە دەڕەوینەوە، کە بەسەر بنارەکاندا غلۆر دەبوونەوە، ڕەشەبا بە قەد چـیاکاندا دەیبردن، وەك چۆن ڕەوە مێگەل..هەر هەموو ئەوانە نزیك بوون..

جابارس چاودێری هەر هەموو ئەوەی دەکـرد، ڕادەوەسـتا، ئـاوڕی دەدایـەوە، لـە شـوێنی خۆیدا ڕادەوەستا، مەزەندەی دەکرد چەندی ڕێگە ماوە بـە نـاو ڕچـە بەفرەکانـدا بـڕوات، دەڕۆیشت و تا لای گەرووی نوقمی نوقمی کۆمەڵە بەفر دەبوو، سەرلەنوێ سکەخشکێی دەکـردو، چڕنووکەکانی توند لە بەفرەکە گیردەکرد، بە سکەخشکێ دەڕۆیشتە پـێش و جەسـتەی بـە توێژە سەهۆڵییەکەی تاوێرەکانەوە دەنووساند، بەڵام لێرەدا هەناسـەی خیانـەتی لـێ کـرد، وەك بڵێیت شێتانە ڕاوی نێچیرەکەی دەنیت، دڵی توند لێی دەداو دەنگی لێدانەکە توند لە هەردوو گوێیدا دەزرنگایەوە، لەوەیش خراپتر ئەو نۆرە هەناسە تەنگییەی تووش هـات کـە بە عەردیدا داو بەرەو دواوەی فڕێ دا. ئەو کات جیهانی دەوروبەری بە شـێوەی وێنەیـەکی بریسکەدار دەهاتە پێش چاو، ئەو هێزو توانایەیشی نەمابوو بەشی ئەوە بکـات پێـشڕەوی بکات، دەیمڕاندو دەینکاندو هەناسەی تەنگ دەبوو، بەڵام نەیتوانی یـەك هـەنگاو بـچێتە پێشەوە.. ئەگەر هێشتە بەهێزو توانا بووایە، وەك جاری جاران ئـەوە بـە یـەك کاتـژمێرو کاتژمێرێکی دیکە زنجیرە چیاکانی ئۆزینگیلیش ـ ستریمیانی ببڕێـت و، ئاکـام بگاتـە ئـەو جیهانەکەی دیکەن بۆ ئەوەی لە بەهەشتی ئاسمانیدا نیشتەجێ بێـت... ئەگـەر بیتوانیایـە ئەوەی بکردایە ئەوە ئەم جارەیـان بـۆ ئـەوە هـاتووە چـی دیکـە نەگەڕێتـەوە، بـۆ ئـەوی هەمیشە، تا دواهەناسە، تا دواهەناسەی ژیانی، لێرە بمێنێتەوە.

بەم شێوەیە لە بەردەم زنجیرە چیا لووتکە بڵندەکاندا، کە هیچ ڕێگەیەك نییە پێیان بگـات، جابارس هێزو توانای لە دەست دا، نائومێدانە سەری دەلەقاندەوە، بە چڕنووکەکانی خاکی بەستەڵەکی تاوێرەکانی هەڵدەکەند، ئەگەر سروشت توانای گریانی پێ بەخشیبایە، ئەوە بە دەنگێك دەستی بە گریان دەکرد چیاکانی دەورو بەر بهەژێنێت. پـتر لـە جارێـك جابـارس ویستی بەسەر چیاکەدا زاڵ بێت، بەڵام هەمموو هەوڵەکانی شکـستیان هێنـا.. جارێکیـان، کاتێك تووشی هەناسە تەنگی هاتبوو، نزیکەی دە بەرانە کێوی بە نزیکیدا تێپـەڕین و بـە ڕۆیشتنەوە هەڵدەبەزین و دادەبەزین، وەك بڵێیت ئەو گیانلەبەرە دڕندەیە هەرگیز لەو نـاوە نەبێت، ئەوان ئەویان بینی، هەرچی ئەوە بە ڕواڵەت خۆی پیشان دا کە هـیچ بایـەخێکیان پێ نـادات، کـە سروشـت بـۆ ئـەوەی دروسـت کـردوون ببنـە یەکـەمین نێـچیری پڵنگـە خاڵدارەکانی چیاکان.. ئای چیاکان، ئایـە دەبێـت ئەمـە ڕوو بـدات؟ بـەڵام چـیاکان بـێ

دەنگن. ئای ئاسمان، ئایە دەبێت ئەمە ڕوو بدات؟ ئەویش ئاسمانی بڵند لای خۆیەوە ورتەی لێوە نەدەهات.

جابارس ئەوەندە بێزار بوو هەر دەینەڕاندو دەیمڕاند.

کەچی جاران هەموو شتێك ئاسایی بوو، کاتێك بێ پشوودان بەسەر تاڤگە بڵندەکەدا بازی دەدا، کە دەشیا هەر کەسێك بایە بەرەو قووڵایی هەڵدێرەکەی ڕامالێباو بەسەر تاوێرەکاندا هەپروون بە هەپرووني بکردایە، ئەو کاتە جابارس، ئەوەند بەهێزو کارامە بوو لە هیچ شتێك نەدەسڵەمییەوە ـ نە لە هەڵدێرو نە لە خەرەندەکان، زریانەکان بە سۆزی دایکانی بە بەزەیی لە ئامێزیان دەگرت، چیایش هەبوو بە نەرمییەوە بانگی دەکرد: (جابارس لێم نزیك ببەوە، لێم نزیك ببەوە). ئەویش تێی دەتەقاند و بە دەنگییەوە دەچوو، بەڵام چیاکە بزر دەبوو، لەو دیوەوە دەنگی بەر گوێی دەکەوت : (جابارس لێم نزیك ببەوە، لێم نزیك ببەوە). سەرلەنوێ تێی دەتەقاند، بە خێرایی تیر دەفڕی.. لەو کاتانەدا، کە هەموو جیهان موڵکی ئەو بوو، بە ئاسانی سەردەکەوت، بە ئاسانی ڕاوی نێچیرەکانی دەناو پێیان ڕادەگەیشت، بەردەوام سەردەکەوت، جیهانی دەورو بەری جیهانی ئەو بوو.

هەرچی ئێستەیە، لە کاتێکدا کە ئازارو ئەشکەنجە دەچێژێت، گینگڵ دەدات، لەبەردەم ئەم کۆسپە گرانەدا سەرشۆڕی دەکێشێت، بە سۆزو ئازارو حەسرەتەوە ئەو ڕۆژگارەی ئەوسای بە یاد دێتەوە. کات کاتی نیوەڕۆ بوو، نیوەڕوانیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دێت، بەڵام ئەو نیوەڕۆیە نیوەڕۆیەکی هاوینانە بوو لەیاد ناچێتەوە...

هەروەها هاوینیش لەیاد ناچێتەوە ..

هەتاو بەو بەرزاییەوە، ڕۆژێکی بێ گەرد، ئاسمان بێ هەور، گیانلەبەری نەدەسووتاند، نەیدەبرژاندو پاڵی پێوە نەدەنا خۆی بهاوێژێتە بەر سێبەر، وەك لە نشێوەکاندا باوە، بەڵکو تیشکە جوان و ڕەهاکەی خۆی دەنارد، جیهانی چیای بە ڕووناکی خۆی دادەپۆشی و دەبووە وزەیەکی زیندوو، سۆزی خۆی بە هەر هەموو ئەو شتانەدا دەهاتە لەسەر ڕووی زەوی دەژین ـ هەر لە گیای ساکارەوە بگرە تا دەگاتە ڕەوە باڵندەکان، کە بە سەر لووتکەی چیاکاندا دەخولێنەوەو، ئەوانیش دێن لێرە وەرزی هاوین بەسەر ببەن. لەم کاتەدا هەموو گیانلەبەرێك لەبەر تیشکی هەتاودا سوود لە فەڕو خێری بوون وەردەگرێت..

کەی ئەم نیوەڕۆیە لەو نیوەڕۆیە دەچێت، کاتێك بە خۆی و (وێ) ئازادانــە بــەناو هــەورازو نشێوەکانی (ئــۆزینگیلیش ـ ســتریمیانی)دا بــەڕێ دەکــەوتن و هــەتاوو مــەزنیی چــیاکان دەیوروژاندن، دەستیان بە ڕمبازی دەکرد، تەنیا لە پێناوی ڕمبازیدا، بــۆ ئــەوەی تێــر لــە یەکدی بخۆن، دوێنێ گەیشتبوونە ئێرە، بە درێژایی ئەو ڕۆژە ڕێیان کردبوو، ڕێی خۆیان بــە ناو چیاکاندا دەبڕی، بێ ئەوەی لە ڕێ کردندا تۆزێك سست ببنەوە، بۆ ئەوەی پێش ئــەوەی شەو دابێت بگەنە جێ و، بۆ ئەوەی زریانــە بــەفر دایــان نەپۆشــێت. جابــارس و یارەکــەی پڵنگە بازووەکە پێش خۆرئــاوابوون گەیــشتنە شــوێنی مەبەســت، بــەر لــەوەی ڕۆژ خــۆی کۆبکاتەوە، بۆیە کارەکە ئەو ماندووبوونەی دەهێنا.

ئــەو ڕۆژە، سرووشــت کــە بــە دەنگــی دیــدارو بەیــەك گەویــشتنیانەوە هــات، بــۆ بــە دەنگەوەچوونی ئارەزووی خۆڕسکییان، هەموو بەخششەکانی خۆی بەسەریاندا داباراندبوو، هــەردوو گیانلەبــەرە کێوییەکــە هێــشتە شــەکەتییان دەرنەچــووبوو، تــۆزی ڕێگــەیان نەتەکاندبوو، بەدوای شوێنێکدا دەگەڕان شەوی تێدا بەسەر ببەن، لە شوێنێکی نزیکیانەوە ڕەوە بزنە کێوییەکیان بینی، نزیکەی دە سەر دەبوون، ئەوانیش زنجیرە چیاکانیان بڕیبــوو و گەیشتبوونە مێرگەکان، لەوەڕگە پڕ لە گیاو کانی و ئاوەکان کە لە کەشەکەشەی ئاسمانەوە نزیك بوون. بەڵام سزای ئەم تێپەڕین و چــیا بڕینــەیان، کــە بــە هۆیــەوە تووشــی چــەندین دەردەسەری هاتبوون، ئەوە بۆ ئەوان لە جۆرە نەگبەتییەك دەچوو، بــۆ هــەردوو گیانلبــەرە دڕندەکەیش بەخشش بــوو، ئەوەنــدەی نەخایانــد هــەردوو پڵنگەکــە هێرشــیان بــۆ بــردن، پێڕاگەیشتنی نێچیریش ئەوەندە دژوار نەبوو: چونکە بزنە کێوییەکان پــاش ئــەوەی زنجــیرە چیاکانیان بڕیبوو تەواو شەکەت بووبوون، بەو شــێوەیە هــەردوو دڕندەکــە دەســت بــەجێ یەکێکیان لێ بە عەرددا داو ئەوانی دیکە هەڵاتن ..ئەو شەوە تێرو پڕیان گۆشــتی نــەرم و بەچێژ خوارد، تەنانەت پێدەچوو ئەستێرەکانی ئاسمانیش ئەوە بزانن ـ ئــەوانیش بــە ســۆزو لەسەرخۆ بە سەر سەریان و بەسەر چیاکانەوە دەبریسکانەوە.

بۆ بەیانی هــەتاو لــەناو گومــەزی بــێ گــەردی ئاسمــان و لووتکــە ســەرکەش و چەســپاوو زراڤەکانەوە مەلەی دەکردو هەرکە ڕوونتر ببووایەوە جوانتر دەبوو.

جابارس و هاوەڵەکەی هەستابوون، بــە دوای نتێــچیرێکی ئاســاندا نەدەگــەڕان، بــە ڕادەی ئەوەی بە ناو دەوەن و بنەدرەخت و گژو گیا سەرەمۆرەکاندا پیاسەیان دەکردو، ئۆکسجینی چیایان هەڵدەمژی. هەرکە نیوەڕۆ نزیك بووەوە، کاتێك هــەتاو گەیــشتە ناوەنــدی ئاســمان، سەرەتا بە باز بازێن تێیان تەقاند، پاشان بــە ڕاکردنــی دوورو درێــژ .. وەك بڵێیــت هێــزو توانای هەتاو بە خۆی سرووش بەو دوو دڕندە چیاییە دەبەخشێت و جڵەویان ڕادەکێــشێت و جوانیی بێ وێنەو هێزیان پێ ڕەوا دەبینێت، بۆ ئەوەی لــەو کاتــەدا لــە مەبەســتی بــوونی هاوبەشیان بگەن، ئەوەیش ئاهەنگ گێڕان بوو بەوەی پێکەوە دەگونجێن.

شان بە شانی یەکدی، هەڕایان دەکرد، هیچ شتێك ڕێی لێ نەدەگرتن، لەو کاتــەدا بــە لای ئەوانەوە هیچ شتێك نەبوو تەنیا هەتاوو چیاکان نەبێت ... پێویستیان بــە هــیچ نێــچیرێك نەبوو، تەنانەت ئەگەر بە ڕێگەوە تووشیان بە تووشیشیەوە بێت ... لە هەتاو تێر دەبوون، لە هەڕاکردنیاندا، لە تیشك و گەرمی هەتاو تێردەبوون، بەهێزتر دەبوون بێ ئەوەی هەست بە شەکەتی بکەن، لە کاتێکدا لە لووتکەی چێژوەرگرتن لە ژیاندا بــوون، ئــەوە بــوو ڕووی دا...

زەوی لە جۆلانەی گەردووندا دەسووڕایەوە، هــەر هــەموو ئــەو گیانــدارو گیانلەبەرانــەیش لەسەر ڕووی زەوی بوون ئەوانەیش لە باری سووڕانەوەیەکی هەمیــشەییدا بــوون، کــە چــاو نایبینێت.

جابارس لەگەڵ یارەکەیدا بەناو نهال و دۆڵی نێــوان چــیاکاندا بــەڕێ کــەوتن کــە تیــشکی هەتاو ڕووناکی کردبوونەوە، لە کاتێکــدا هــەتاو لای خــاڵی نێــوەڕۆوە ختووکــەی دەدان و بۆلای خۆی بانگی دەکردن و بەرەو لای باڵندەکانی ناو ئاســمان ڕایدەکێــشان لەبــەر ئــەوەی لەو کاتەدا جووتێك پەرییان لە خێڵی گیانلەبەرە زۆر دڕندەکان پێکهێنا..

تەنانەت دڕندەیش دەشێت ببنە پەری. ئەوەبوو ئەوە ڕووی دا...

ئەوەندەی نەخایاند ڕۆژگارە خۆشەکانی هاوین بەسەرچوون و، وەرزی مانەوە لــە لووتکــەی ئاسمان کۆتایی هات و، جیهانی ناوچەیی ڕوخسارە تەواو جیاوازەکەی خۆی گۆڕی. لــەناکاو لە لووتکە بەرزەکانەوە زریان هەڵیکرد، لــە ماوەیــەکی کەمــدا هــەموو بنــاری چــیاکانی گرتەوەو سەرماو زوقم و باهۆزی خنکێنەری لەگەڵ خۆی هێناو، ئاسمان تاریك داهات. ئــەو

کــات هــەردوو پڵنگەکــە لــە ڕێگــەی گەڕانــەوەدا تونــدو خێــرا دەڕۆیــشتن، هەرچــی گیانلەبەرەکانی دیکەیە ئەوە لەوێ لەژێر ڕەنووە بەفردا مانەوە، تەنانــەت ئــەو باڵندانــەی تووشی کوێری بوون، کاتێك بە ئاسمانەوە بوون، لە ئاسمانەوە بــەر دەبوونــەوە ســەر بــەردە بەستەڵەکەکان، ئەوەبوو کە ڕووی دا ..

ئێستە جابارس دەیویست خۆی بگەیەنێتــە باوەشــی ئاســمانی ســەرووی چــیاکان، ئێــستە جابارس دەیویست خۆی بگەیەنێتە ئەوێ بەڵام بێ هــوودە بــوو. دەیویــست ئــەم جارەیــان لەبەر هەتاوی ئەفسووناویدا خۆی بنوێنێت، ئــەم جارەیــان بــە تــاك و تــەنیا، بــۆ ئــەوەی چاوەڕوانی دوایەمین ساتەکانی خۆی بکات و، بۆ هەتا هەتایە گوم شوێن ببێت. لەوێ بــەم شێوەیە، نەك هەرگیز بە شێوەیەکی دیکە، ئەم دڕندە وەدەر نراوە دەیویست لەگەڵ مەرگدا شاد ببێت و بمرێت.

بەڵام ڕێگەکە سەخت بوو. ڕێگەکەی لەبەردەمدا داخرابوو. لەم چــیایانەدا، کــە لەبــەردەم ئەودا سەخت و دژوار بوون، جابارس دەستی بە نەڕین کرد، دەینەڕاندو بە چــیاکاندا، بــەو خەرەندو تاوێرە تیژانەدا هەڵدەزنا، خەریك بوو هەناسەی لەبەر دەبــڕا، هەرکــە کەوتبایــە، لەسەر پێیە لەرزۆکەکانی هەڵدەستایەوە.

بەڵام بۆچی چارەنووس ئەم خۆبەختکارییە ئاسانەی لای ئەو پڵنگە ئەوەنــد دژوارو ســەخت کرد؟ تەنیا ئاواتی ئەوە بوو لەو لووتکەیە دەرباز ببێت و لەوێ بزرببێت و تا هەتایــە لــەوێ بمێنێتەوە ..

تۆ بڵێیت چارەنووس هۆکارێکی تایبەتی هــەبێت؟ تــۆ بڵێیــت چــارەنووس پێویــستی پــێ هەبێت؟ لێرە لە نزیك لووتکەی ئۆزینگیلیش ـ ستریمیانی پێویستی پێ هبێت؟ تــۆ بڵێیــت چارەنووس بیری لە چی دەکردەوە؟

# چوارەمین پاڕ

بەر لە دوو ڕۆژ وتارێکی دەنووسی تێیدا وەڵامی خوێنەرێکی دەدایەوە، کە بە سووربوونەوە ڕایگەیاند: (گیان چ گرنگییەکی هەیە؟ دەشێت هەموو ئەو شتانەی پێت خۆشە بخەیتە پاڵیان.. بەڵام گرنگترین شت لای مرۆڤ خواست و هۆشمەندییە). هیچ ناکۆکییەك لەو بارەوە نییە. بەڵام هەرگیز ناشێت ئەو شتانە دوور بخرێنەوە کە لەناو گیاندا ڕوو دەدەن، ئەگەرچی هیچ حسێبێکیش بۆ ئەم گرنگییە ناکەین. چونکە زۆر جار هۆکارە ڕوحییەکان دەبنە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە تەنانەت لە ڕووداوە مێژووییەکاندا. گیان سەرچاوەی چاکەو خراپەیە بە شێوەی ئاوەلەمەییان و گیانیش سەرچاوەی خۆراکی ناهۆشمەندییە. دەیویست هەندێك جار بەم شێوەیە، هەرکاتێك هەل بڕەخسێت، فەلسەفە لێبدات. بەڵام ئێستە کاتەکە بۆ فەلسەفە لێدان نەدەگونجا. تەنانەت ئەرسین سامانچین ئەو ئێوارەیە توخنی کۆمپیووتەرەکە نەکەوتەوە، بیریشی بۆ لای ئەوە نەدەچوو کە هەرگیز ناتوانێت ئە وتارە گرنگە مەبەست قووڵە تەواو بکات، پاشان میوزیکەکەیشی نەکردەوە، کە زۆر جار ئێواران گوێی لێدەگرت، بیری بۆ لای ئەوەیش نەچوو کە لە ئێستە بە دواوە ناتوانێت لە کاتی دەست بەتاڵیدا گوێی لیٚ بگرێت.

دواتر، پاش ئەو ڕووداوەی لە چێپشتخانەی نمایشکارییە نەفەرتییەکە (ئۆرۆئاسیا) تووشی هات، ئاگرێك لە گیانیدا هەڵگیرسا تەڕو هشك دەسووتێنێت. هەستی دەکرد خەریکە دڵی شەق ببات، نەیدەزانی چۆن خۆی کۆنترۆڵ بکات، لە کاتێکدا خەریك بوو دەخنکا. سەرلەنوێ لەگەڵ ئازارو تووڕەییدا کە دایگرتبوو، هێزی بە خۆی دەدا، چەندین جار لە تەنیا پەنجەرەکەی خانووەکەی نزیك بووەوە، لەو خانووەی ئازارە کە لەو ڕووداوانە تێنەدەگەیشت ڕوویان دەدا، لەوەیش سەیرتر ئێستە بە جێناوی سێیەمین کەسی تاك ئەو بیری لە خۆی دەکردەوە، وەك بڵێیت بە خۆی، خۆی نەناسێتەوە.

ڕادەوەستاو هەناسەی هەڵدەکێشا، سەری دەلەقاندەوەو بۆینباغەکەی توند دەکرد، کە پاش گەڕانەوەی لە چێشتخانەکە داینەکەندووە، بەردەوام هەر لە بۆشایی ئاسمانی دەڕوانی، چونکە لە تەلارەکەی بەرانبەرەوە، کە لە تەلار دەچێت، کە بە خۆی لێی نیشتەجێیە، لە

ڕووی زۆری شوقەو زۆری نهۆمەکان و گەورەیی و ڕەنگی خۆڵەمێشینیەوە، ئەوە هەموو پەنجەرەکان کوژاونەتەوە، تەنانەت ئەگەر ڕووناکیش بن ـ چ سوودێکی هەیە؟ کام لە دراوسێکانی دەشێت بایەخ بەم کەسە بدات کە لە سێیەمین سووچی حەوتەمین نهۆم نیشتەجێیەو، ئێستە لەژێر فشاری هزرە نائومێدانەکانیدا، لە نزیك پەنجەرەکەدا ڕاوەستاوە.

سکاڵاو بێزای چ سوودێکیان هەیە، بێ سوودە؟ بێزاری و گلەیی خۆی لە کێ بکات، دەشێت کێ بترسێنێت؟ ئەوەی ڕووی دا، ڕووی دا. کاتێك شوفێری تاکسییەکە گەیاندییە ئێرە، گەیاندییە گۆڕەپانی تەلارە بێزارە حەوت نهۆمییەکان، لە تەنیشت ئۆتۆمبیلێکی بیانییەوە ڕاوەستا، کە بە درێژایی ڕێگەکە بە دوای ئەو ئۆتۆمبیلەوە بوو کە ئەو سواری بووبوو، بەردەوام فوول لایتەکانی بەکار دەهێنا، کە ئەزیەتی هەردوو چاوی داو هەردووی کوێر کردن.

کاتێك ئەرسین سامانچین لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی و هێشتە توانای ئەوەی وەبەر نەهاتبووەوە شتەکان ببینێت، دوو پیاوی بیانی باڵا بەرز لە ئۆتۆمبیلە بیانییەکە دابەزین. ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان ئەوەی دەنواند بۆ ئەوە نێرراون بیترسێنن و سووکایەتی پێ بکەن، یان تەنانەت تێرو پڕی لێ بدەن، بەڵام یەکەمین شت کە کردیان ئەوەبوو شوفێری تاکسییەکەیان دوور خستەوەو پێیان گوت: (گوێ بگرە گۆڕی خۆت لێرە گوم بکە).

هەرچی ئەرسین سامانچین بوو، ئەوە بە دیوارەکەیانەوە نووساند:

ـ باشە، ئەی زۆر بەڕێز، ها گەیشتیتە یارەکەت؟ خراویتە ئەم شوێنە نابووتەوە، کەچی شەبقەیشت لەسەر ناوە!

بەر لەوەی ئەرسین سامانچین بتوانێت بە شتێك بەرسڤ بداتەوە، یەکێکیان بە جووڵەیەکی توند شەبقەکەی توند بەرەو خوارەوە ڕاکێشا، تا خەریك بوو هەردوو چاوی دەشاردەوەو پێی گوت: ـ ئاگەدار بە لووت لە شتێك نەژەنیت پێوەندیت پێوە نەبێت، کاتێك ئەو وتارانەت دەڕازاندەوە ئەوە بە گرانت لەسەر دەنیشێت. یەك گوللە دەکەینە قوربانت. ئەی بێ قیمەت تێگەیشتیت؟ تەنیا ئەم جارە تاقی بکەوەو ئەو شتانە بنووسە کە ناشێن، ئەگینە ئەلف و بێت لە بیر دەچێتەوە، ئای ئەی بێ نرخ تۆ مەستیت، وەك ئەوەی لە بازاڕ

خواردبێتتەوە. گۆڕت لێرە ون بکەو بیرت نەچێت: کلکت شـۆڕبکەرەوە، بـەر لـەوەی کـار لەکار بترازێت.

پاش ئەوەی بەجێیان هێشت، بە ئۆتۆمبیلەکە بە خێراییەکی زۆرەوە تێیانتەقاندو ڕۆیـشتن، ئەو کات هیوای خواست گەر بیتوانیایە بەردێکی تـێ بگرتـان ... بـەڵام بـەرد لـە کـوێ بهێنێت.

بەرگەی ڕەوشەکەی نەدەگرت، ناچار بـوو بـەناو تیـشکە کزەکـەدا بـەرەو لای دەروازەکـە ڕۆیشت. تەنیا شت کە توانی بیکات ئەوەبوو شەبقەکەی ڕاست کردەوە.

هەرچی ئێستەیە ئەوە وەك لاوی فریودراو ئازار دەچێژێت: کەواتە چار چییە، چـی بکـات؟ دوارۆژ چۆن بژیت و، بۆ کوێ بچێت؟ چی لێ ڕوو دەدات و چی تووش دەبێت؟ چـەندی پـێ چووە ...

ژنی هێنابوو، لەکاتی ژن هێنانیدا زەماوەندێکی بـۆ کرابـوو. بـەڵام یادچـوونەوە هـەموو شـتێکی داپۆشـی. کـەس و کـاری تـەنگیان پـێ هەڵـچنیبوو: مادامـەکی یەکـەم جـار سەرکەوتنی بەدی نەهێنا، بۆچی جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە؟ دەی بۆ ناجووڵێیتـەوە. بەڵێ ئەو هاوسەرگیرییە زۆری نەخایاند. بە داخەوە، کارێکی نەکەردەنییە ببیتە مرۆڤێکی دیکە. ئەوەتە جودابوونەوە، لێك دابڕان، ئەمیان لەویان ئازاد بـوو. ئـەوەی سـەبارەت بـە خۆشەویستی ئەمەی گوتووە ڕاستی گوتووە: بەرەبـەیان یـەك جـار دەبریـسکێتەوە، هـیچ بەرەبـەیانێك تـا هەتایـە نابریـسکێتەوە، بـەڵام کـەس ملکەچـی ئـەوە نابێـت و، داوای بەرەبەیانێکی هەمیشەیی دەکات هەرگیز دانەمرکێتـەوە... بـەڵام ئێمـە چـیمان بەسـەر ئەوەوە داوە. چ بەرەبەیان بوو، یان بەرەبەیان نەبوو، ئەوە ئەوان جودابوونەوە، وەك بڵێیـت کەسیان کەسیان نەناسیبێت، ئەمەیش سێیەمین ساڵە، لەوەتای بۆ ئێرە باری کردووە، لـەم گەڕەکە نیشتەجێیە دەژیت. شتێکی ئاسان نییە ئـافرەتی ئاسـایی لەگـەڵ کەسـێکی وەك ئـەودا بـژێت و، هـیچ منـداڵی بـۆ نـەهێنێت، چـونکە کاتەکـە زۆر نـەبوو، کەسـوکاری سەرزەشتیان دەکرد، بەڵام لەو ڕووەوە کێ تاوانبارە؟ تـەنیا خولیـای ئـەوەبوو پـارەو پـوول کۆبکاتەوە.

شتێکی ئاساییه که وێ نەیتوانی هیچ شتێك لەگەڵ (وی)دا دەستەبەر بکات، کە بە شتەکانەوە پابەندە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بشێت و بڵێین ئەوە وی هزرمەندێکی شێتە. لای وی بیرۆکەو هزر کردنەوە باڵاترین شتە لە گەردووندا، وی لەوپەڕی میسالیەتدایە. وێڕای ئەوەیش دەرچووی (سەکۆکان)ە، وەك ئەو خانمە ڕۆژنامەنووسە ئینگلیزییە ئەو ناوە بەسەردا سەپاند کاتێك هاتە ئاسیای ناوین تا لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریانە لەبارەی ناوچەکەوە ئامادە بکات، پاش ئەوەی ماوەیەکی دوورو درێژ باسی زۆر بابەتیان کرد، خانمە ڕۆژنامەنووسە ئینگلیزییەکە پێی گوت:

ـ بەڕێز سامانچین تۆ تا ڕادەیەك لەوانە دەچیت لە پلاتفۆرمەکانەوە سەکۆکانەوە سەریان هەڵدابێت، ئەوانەی زۆر لەوە دڵنیان بیرۆکەو هزرەکانیان دەگمەنن، تۆیش لای خۆتەوە زۆر بە تەنگی بیرۆکەی خۆتەوەیت، دەستبەرداری نابیت و، دەستی لێ هەڵناگریت.

ـ سوپاس. نکۆڵی لەوە ناکەم، من کە گوێم لەم قسانەت دەبێت شادومان دەبم، بەڵام ئەوی ڕاستی بێت من (سەر بە چیاکانم)، لە چیاکان گەورە بوومە، ئەوەیش لە چیا گەورە بووبێت دەبێت بەردەوام وریا بێت و لە هیچ شتێك غافڵ نەبێت، بۆ ئەوەی لە لێواری هەڵدێردا پێی هەڵنەنووتێت.

ـ کەواتە چیاکان پلاتفۆرمی سەکۆی تۆن، بە گشتیش ـ خانمە ئینگلیزییەکە بزەیەکی هاتێ و گوتی ـ چیا لە دوورەوە دیارە.

ـ ئەوە شتێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی نیشتمانەکەمان نیشتمانێکی چیاییە، بەڵام لەو چیایانەی لێیان لەدایك بوومە، ئەوانە دوورترو بڵندترن، بۆیە پێیان دەگوترێت ئۆزینگیلیش ـ ستریمیانی، واتە لووتکەی زینە بڵندەکان.

ـ جوانە، ئەم وێنەیەم زۆر بە دڵە، کە بە ئینگلیزی (جڵەوە stirrup)ە، بۆیە دەشێت بە ئینگلیزی بە چیاکانتان بڵێین چیای زینەکان.

ـ شتێکی زۆر جوانە، هەرچی بە زمانی قیرغیزییە ئەوە ستیر ئەپ (چیای زینەکان)ە، ئەوە نەتەوەکەی من هەست بە شانازی دەکەن، هەرچی منم ئەوە هیچ لارییەکم نییە لە سەکۆکانەوە سەرم هەڵدابێت، نەك تەنیا هەر لە چیاوە، چونکە پلاتفۆرمەکانی سەکۆکان لە بیرو هزرە سەرتاسەرییە گلۆباڵییەکان دەکۆڵنەوە.

ـ کەواتە من بە هەڵەدا نەچوومە، سوپاس، شتێکی زۆر جوانــە هاوەڵێــك هــاوڕازت بێــت یەکسەر تێت بگات.

ئێستە ئەرسین سامانچین، کــە لای پەنجەرەکــە ڕاوەســتاوەو، بــیری پــەرت بــووەو ســەیری تاریکاییەکەی دەرەوە دەکات، ئەو قــسانەی بــیر کەوتــەوەو بیرۆکەیــەکی بــۆ هــات: بــەم شێوەیە، ئەی بەڕێز (ئەوەی لە سەکۆکانەوە سەرت هەڵــداوە)، ئــەمڕۆ پەنــدێکی دیکــەی (جوان)ی پەندەکانی ژیان فێربوویت، لەگەڵ هەنگویندا چەشتت؟ سڵاوت لێ بێــت. ئــەنجام تێگەیشتیت. هیچ سەکۆیەك ناتوانێت خۆی لەبەردەم هێزی لەڕادەبەدەری بازاڕدا بگرێــت، ئەوەتە بە کوتەکی بــازاڕ وەدەریــان نایــت و، ڕیــسوایی و ســووکایەتییان پــێ کردیــت و، هەڕەشەیان لێ کردیت قــەپۆزت بــشکێنن، تەنانــەت ئەوینــداریش وەك کــاڵا لــە بــازاڕدا دەفرۆشن. هەرچی تۆیت ئەوەت نەزانیبوو ئێستە نەبێت، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ بۆ سەردەمی (بزنس) ناشێیت، ئەوەیش سزایەکی خودییە بەسەر ئــەوەی پێــی دەگوترێــت (ڕیالیزمی سۆسیالیستی). کەواتە بە کەڵکی چــی دێیــت ئــەی ئــەو کەســەی لــە (ســتێر ئەپ)ەوە سەرت هەڵداوە، کەسوکارت بە تۆوە ســەربەرز بــوون، بــە تایبــەتی لــە ســاڵانی بیرسترویکادا، هەرچی ئێستەیە ئەوە کپ دەبنەوە، باشــە ئــەی ئیــستە چــار چــییە، چــی دەکەیت؟ ئەو (بووکە نەمرە) لەبیر بکە، لە بیر بکە. کــی پێویــستی پێیــەتی؟ ســەردەمی (پۆپ) تێکی دەشکێنێت، ئێمە لەسەردەمی (پۆپ)داین، هەرچی تۆیت، یان دەبێت ناچار مل کەچ ببیت، یان بەبێ ماڵئاوایی شوێن بزر بیت، لەگەڵ ئەوەیشدا چی دەکــەیت؟ ســەر لە مۆسکۆ بدە، کە هاوەڵەکانت لەوێن، ئەوانەی دەشێت پەنایان بۆ ببەیت. بەڵام لــەوێیش (پۆپ) گەیشتووەتە چڵەپۆپە، بە کورتی تونێلێکت لە پێشە هەر تەواو نابێت.. ئایــە بــەر لە دوو ساڵ بیرت لەوە کردبووەوە کە هەموو شتێك بەم شێوەیە تاریك دەبێت؟ نامەیــەکی ماڵئاوایی بۆ (وێ)و بۆ براکەی دەنووسم..

بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ئەم بیرۆکانە ئازاریــان دەدا، کاتێــك لەبــەردەم پەنجەرەکــە بــوو، پاشان ـ بێ ئەوەی بە خۆی بیری بکەوێتەوە ئەوە چۆن ڕووی داوە ـ خەو جڵەوی لێ ستاند، کپ و بێ دەنگ لێی نووست، شتی سەیر ئەوەبوو ئەو شــەوە نــە زرەی مۆبایلەکــەی و نــە زرەی تەلەفۆنە نۆرماڵەکە بەرگوێ نەکەوت، چونکە زۆر جار زرەی زەنگی مۆبایلەکەی تــا

نیوەشەو بەرۆکی بەر نەدەدا، ئەوەیش لای (ئەرسین سامانچین)ی ڕۆژنامەنووسی بێ لایەن، کە بە ڕاستگۆ ناسراوە، شتێکی ئاساییە ـ ئەوەیش باجی ئازادی ڕادەربڕینە.

تا دەهات ژمارەیەکی زۆر سکاڵای پێ دەگەیشت، ئەوەبوو توانی هەندێکیان لە ڕێگەی میدیاکانەوە چارەسەر بکات، بەڵام نەیتوانی هەندێکی دیکەیان چارەسەر بکات، چونکە ئەو پارێزەر نییە، بەڵکو تەنیا جووتیارێکی سەر بە خێزانی میدیا جەماوەرییەکانە. هەر فێڵێك کە کەسایەتییە ناوادارەکان پەنایان بۆ نەبردبێت، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ڕێگەی میدیاکانەوە تێپەڕێنن بۆ ئەوەی خۆیان لەبەردەم جەماوەردا بنوێنن، لە کاتێکدا تینووی سەرکەوتن و ناو ڕۆیشتن و ناوبانگین، داوایش دەکەن بەرسڤی حەپەی نەیارەکانیان بدەنەوە ...

ئەمڕۆیش یەك دەنگی بەرگوێ نەکەوتووە، ئەمەیش ڕێی تێناچێت، مەگەر زانیبێتیان ئەم شکستی خواردووە. مەگەر بە ئارەزووی خۆڕسکی دڕندانەییان زانیبێتیان کە سوودی نییە پشتی پێ ببەستن، پاش ئەوەی تووشی ئەم جۆرە سکشت خواردنە نالەبارە هات، تەنیا لەبەر ئەوەی هەوڵی دا بیری خاتوونە گۆرانیبێژەکە بخاتەوە، کە ڕۆژگارێك سەردەستەی شانۆی ئۆپرالی بوو، کە ئێستە بووەتە (دروشمێکی هەمەڕەنگ) لە هەموو سووچ و شۆستەیەکەوە لەبەر چاوتە، بیری بخاتەوە نەك بە خۆی، بە ڕادەی ئەوەی کە بیرۆکەیەکی هاوبەشە، کە تا ئەم نزیکانەیش هەردووکیان بیریان لێ دەکردەوە ـ سەبارەت بە ئۆپرا، کە هەردووکیان پێکەوە پلانیان بۆ داڕشتبوو. وەك ئێستە ڕوون دەبێتەوە ئەوە ئۆپرایەکی تۆباوییە. لەناکاو پێوەندییەکانی پێوە پچڕی، وەك بڵێیت یەکێك خستبێتیە ژێر ئەفسوونگەری خۆیەوەو، بە هۆی پاسەوانەکانییەوە، کەس نەتوانێت لێی نزیك ببێتەوە. ئاکام خوا پشت و پەنای بێت. بەڵام ئێستە لەگەڵ ئاوازدانەرەکەدا چی بڵێت؟ کۆتایی بە بابەتەکە بهێنێت؟ ئاوازدانەرەکان، نموونەی ئەم مایسترۆیە کە ئۆپرای کلاسیکی لە پێناوی (وێ)دا داناوە، ئێستە زۆر دەگمەنن.

چۆن بۆ (ئەبیلاڤ)ی ئاوازدانەری ڕوون بکاتەوە، کە لە ناوەندی میوزیکیدا ڕێزێکی زۆری دەگیرێت، کە بەوپەڕی بڕوا پێ بوونەوە پشتیوانی لە بیرۆکەی (بووکی نەمر)ی کردو، گرێبەستەکەی لەگەڵ بەڵێندەرەکەدا نووسی، کە کارێکی ئاسان نەبوو قایل بکرێت بەم

شێوە دەگمەنە چاودێری لە هونەر بکات؟ چۆن ڕووداوە سەیرەکەی چێشتخانەکەیان بۆ شی بکاتەوە؟ ئای چی شەرمەزارییەکە! ئەوەبوو پاسەوانەکان دەریان کردە دەرەوەو بە زۆر پاڵیان پێوە ناو سواری تەکسییەکەیان کردو بە مستەکۆڵە هەڕەشەیان لێ دەکرد، هەرچی شوفێرەکەیە ئەوە پێیان گوت: (پیرەمێرد، گوێ بگرە ئەم نموونەیە بگەیەنە جێی خۆی، زۆری خواردووەتەوە ... لە هیچ شوێنێك ڕامەوەستە تا ڕاستەوخۆ دەگەیتە گەڕەکی ئۆرتوسای ..) بەوەیشەوە نەوەستان، کرێکەشیان نایە مستی.

بەم شێوەیە (ئەرسین سامانچین)یان دوورخستەوە.

خراپترین شتیش ئەوەبوو کاتێك لەناکاو لە کاتی چوونە دەرەوە لە چێتشخانەکە، خۆی بە تەواوی بەژنییەوە لە ئاوێنە بریسکەدارەکەدا بینی، ئەوەند سەری سوڕمابوو خەریك بوو هاوار بکات. ئەو کات چەند شکستەو، سەرشۆڕو ڕیسوا دەهاتە پێش چاو، پاشان ئەم شەپقە گێلە میللییە کلاسیکییە باە، وەك گریمانەی دەکات. لەناکاو بوو بە دەرکراوێکی بێزراو، کە لەناکاو لە شوێنێکی گشتی وەدەر دەنرێت. لە جیاتی ئەوی بەرگری لە شکۆی خۆی بکات، کەچی سەرشۆڕانە دوور دەکەوێتەوەو، شوێنەکە بۆ ئەو ئاوێنە نایابە بەجێ دەهێڵێت، ئەو ڕووداوە لەسەر لاپەڕەی خۆی تۆمار بکات. پۆشتەیی و سەرنج ڕاکێشان و شکۆی لەکوێ بزربوون؟ ڕێکەوت نەبوو بە دەستپاك و بێ لایەنیان ناودەبرد، بە ڕاستی، یان لە خۆش بەختی ئەو، یان لە بەدبەختی ئەو بوو، یەکێك لەو ڕۆژنامەنووسانە بوو، کە خۆی خۆی پێ گەیاندبوو، بێ لایەنیش بوو، ئەوانەیش لە میدیا جەماوەرییەکانی ئاسیادا دەگمەنن، هەرچی (ئایدانا)یە (ئایداکەی) کە پێی خۆش بوو بە خۆی بۆ خۆشەویستی بەو شێوەی بانگ بکات، ئەوە ڕێکدەکەوت و بە گوێوەی دەچرپاند: (ئێ ئەی دەستپاکەکەم) منیش لای خۆمەوە دەمەوێت دەستپاك بم و من و تۆ ژن و مێردێکی دەستپاك پێکدەهێنین. بەڵام چی ڕووی دا! کار بەو شێوەیە نەڕۆیشت کە ئەم ئارەزووی دەکرد، ئەوەبوو بژاردەی بزنسمانەکان ڕەتیان کردەوەو وەدەریان نا، هەرچی (وێ)یە ئەوە بە هەردوو شانی ڕووتیەوە چووە ناو بەهەشتی (بزنس)ەوە. کێ هەیە حەز نەکات بچێتە بەهەشت؟ ڕاستە بەهەشت جێی هەر هەمووانی تێدا نابێتەوە، بەڵام وێ بەخت یاری بوو.

ئەگەر کلیلەکانی بەهەشتی بە دەست دەبوو، ئەوە دەرگەی بۆ دەکردەوە، بەڵام کلیلـەکانی لا نییە. ئێستە لەگەڵ ئەو بیرۆکەدا بـۆ کـوێ بـچێت کـە سـەبارەت بـە (بـووکی نـەمر) مێـشکی سـەرقاڵ کردبـوو، کـە سـەرەتا بـۆ (وێ)ی دانـابوو، لەبـەر ئـەوەی دەنگێکـی (میتسۆسۆپرانۆ)ی هەبوو[1]، کە دڵ دەرفێنێت؟ ئەی کێـشەی شـانۆی ئـۆپرالی هاوچـەرخ فرێ بداتە کام قۆرتەوە، کە خێرا بەرەو هەڵدێر دەچێت و، بەهرەکان تـا هەتایـە وازی لـێ دەهێنن و هیچ شتێکیش نییە پاڵی پێوە بنێت تا بمێنێتەوە؟ شانۆی ڕیپۆرتواری کلاسـیکی لە چوار ڕێیاندایە، یان خۆی ڕادەگرێـت، یـان نامێنێـت. ئەمـە کێـشەیەکی نەتـەوەیی و جیهانییە. بەڵێ ئەوانەی یاری بە کولتووری جەماوەری دەکەن ورەیان بـە ئەرسـێن بـەردا، توخنی ئەو چالاکییە نەکەوێت کە زۆری لەسەر سووربوو، وایان لێ کرد تێکبشکێت و لـە چاوی ئەویشدا بێ بایەخ بێت، بۆ ئەوەی دواتر بیر لە شـتە بەبـەهاو بـەرزەکان نەکاتـەوە. ئەمەیش دوا شت و کۆتا نییە، بەڵکو لە بـێ بایـەخ کـردن و سەرشـۆڕکردنی نموونـەیی ـ دەستپاك بەردەوام دەبـن، بـۆ ئـەوەی بـە شـێوەیەکی تـەواو، لـە ڕووی مۆراڵـەوە تێکـی بشکێنن، تا بە خۆی لە ڕێگەی ئەوان دوور بکەوێتەوەو، نەبێتە بەردو سـەر ڕێگـەیان لـێ نەگرێت و، خودی هەمان ئەو گسکدەرانە لە (شۆبزنس)ەکان کە بە (تـۆپ ـ مۆدێـل) لـە (پۆپ ـ نوێخوازان) بە هەموو چێژورگرتنێکی بێ ئابڕووانەوە ئەو کارە دەکەن.

لەمەیـشدا سـەرکەوتن بـە دەسـت دەهێـنن، چـونکە هـەموو پێداویـستییەکی ئـەوەیان لەبەردەستدایە، هەموو هۆکارەکان هەر لە ئینتەرنێتەوە بگرە تا دەگاتە بۆشـایی ئاسمـان. هەروەها هـەموو هۆکـارە یاریدەرەکانیـشیان لـە بەردەسـتدایە: شـتە هەمـە جۆرەکـان، ڕۆژنامەگەری..

ئای ڕۆژنامەگەری بەستەزمانە، بەستەزمانە، چەندە لە ژێر زەبری ڕژێمی سەرتاسەریدا دژ بە کۆیلایەتی دەربڕین تێکۆشا، کەچی بووەتـە زورنـاژەنی بـازاڕ، هـەروەها شـەپۆلەکانی ڕادیۆیش هەمان ئەو خزمەتە دەکەن، چونکە ڕادیۆ لە هەموو ئۆتۆمبیلێکدا هەیە ...

تەنانەت مانگە دەستکردەکانیش ئێستە لە ئاستی جیهانیدا ڕۆڵـی پڕوپاگەنـدە کـردن بـۆ (بـزنس ـ شـۆ) دەبیـنن، هـەموو ئەمـەیش لـە پێنـاوی پەراوێزخـستنی بـەهاو نەریتـە کلاسـیکییەکاندا، لـە پێنـاوی دەسـتەبەرکردنی قـازانج و سـامانێکی زۆردا، کـە چـوون

تــسۆنامی یاریگــەکانی تــۆپی پــێ تەشــەنەی ســەندووە، جلــەوی هــەموو شــتێکیان بــە دەستەوەیە.

ئەی تۆ، تۆی چالاکوان، خنکاو، وێڵ، ڕاســتتر یۆتــۆبی [٢]، بەســتەزمانی تــاك و تــەنیا، بۆچی بەردەم ڕێگەیان دەگریت، لە کاتێکدا دەزانیت چییەو چۆنە؟ ڕێــی تێدەچــێت ببیتــە قوربانییــەکی سەرشــۆڕ، بــە دوو دەســتی لەرزۆکــەوە خــۆت وەك قوربانییــەك لەســەر کوشتارگەی (ئۆرتە) شۆ پێشکەش بکەیت؟ تەنانەت ئەویندارییەکەتیان لەســەر ســینییەك پێشکەش دەکەیت ـ ئەوەتە، فەرموون، گــرنگ ئەوەیــە ڕێگــەمان لــێ نــەگرن، ئەمــەیش دەبێتە ڕوخسار گۆڕینێکی ناچاریانەی ئەو شتەی ناوی ناوەڕۆك و مەبەستی ژیان و جــوانی ژیان و بەخششی نەمری لێ دەنێیت، کە خواوەند بە خۆی بەخشیویەتی، لەبەر ئەم هۆیەیە کە دەشێت چێژی (پیتاندن) لە ساتی چڵەپۆپەی پێوەندی نێوان نــەمری و ژیــانی زەمــینی بژمێررێت، لەبەر ئەوەیشە سەرکەتنی ئالۆش و ئارەزووە گــەرم و گۆڕەکــان و هەســتەکانی ئەوینداری تراژیدیاو درامایان لەخۆدا شــاردووەتەوە، چــونکە ئــالۆزبوونی پێوەندییــەکانی نێوان ئاسمان و زەمین دەستنیشان دەکات و، هــەموو بەســەرهاتێکی دڵــداریش بــە مــردن کۆتایی دێت، بەڵام پشکی نەمری و، خۆشەویستی کە خواوەند بەخشیویەتی، بۆ نەوەکانی دوارۆژ بەجێ دەمێنێت، کە ئەوانیش خۆ ڕادەستی خۆشەویستی دەکەن و، لە چوارچــێوەی خۆشەویستیشەوە دەچنە ناو ڕێڕەوی نەمرییەوە، هەرچی هێزە ڕووخێنەرەکانن ئەوە هەموو جارێك ستەمگەرانە هەڵدەکوتنە سەر جیهانی خۆشەویستی چــونکە زۆربــەیان خۆیــان لــە ئەشــــکەوتە تاریکــــەکانی جەوهــــەری ئــــادەمیزاددا شــــاردووەتەوە، بۆیــــە فێڵبــــازترو ستەمگەرانەتر دەبن، بۆیە ململانێ ناوخۆییەکانی خەڵك کۆتاییان نایەت.

ئەوەتــە تــۆیش پێــت هــەڵنوتاو، وەك چــۆن لــەم جــۆرە بۆنانــەدا دەگوترێــت، تووشــی شکــــستییەکی خــــراپ هاتیــــت و، سەرشــــۆڕ بوویــــت، ئێــــستەیش سەرکێــــشی بــــە خۆشەویستییەکەت دەکەیت، بۆ ئەوەیش بزانیت ئــەو خۆشەویــستییەتان لــە ســەرەوە بــۆ هاتووە، بۆ تۆ کە بوویتەتە کەسێکی پێگەیشتوو، بۆ (وێ)یش. سەرشۆڕو ڕیسوا بوویــت و لەبەردەم (شۆمان)دا شکستت خوارد، کە ناتەوێت تەنانەت لەگەڵ خودی خۆیــشتدا نــاوی بهێنیت، لەبەر ئــەوەی زۆر قێــزەون و بێــزراوە، بــەڵام بایــەخ بــەوە نــادات، چــونکە ئــەو

سەرکەوتووەو بردوویەتییەوە، چونکە لە ڕاستیدا توانی سەرنجی ئەو ئافرەتە بەلای خۆیدا ڕاکێشێت کە تۆ عەبدالّی بوویت و بە ڕۆژی نیوەڕۆ لێت زەوت بکات، ڕاستتر توانی سەرکەوتووانە بیکرێت و، ئێستەیش بازرگانی پێوە دەکات، ئەوەی مەینەتییەکەتی دژوارتر کرد ئەوەبوو تۆ بە یەکجار میوزیکی گیان و، هاوەڵی خۆشەویستیت لە دەست چوو، کە لە ناختدایە، چوون ئۆقیانووسی نەبینراو، تەنانەت ئەگەر میوزیکی ئارەزوومەندانیش بێت، هەڵقولاوی ئەو ساتەیش بێت، یان هەر شتێکی دیکە بێت، پێشتر نەتبینیبێت و نەتبیستبێت، بەلاّم نەتتوانیوە لێی دوور بکەویتەوە، ئێستەیش هیچ شتێکت بۆ نەمابێتەوە ئەوە نەبێت ئازاربچێژیت لەبەر ئەوەی سەمفۆنیای نەبینراوی نەستت، لەناکاو دەڕوات چونکە ئەو ناوەندەی نەماوە تێیدا بگوزەرێنێت.

لێرەدا ئەرسین سامانچین تێکۆشا خۆی هێور بکاتەوەو بە شێوەیەکی دانایانە بیر بکاتەوە: هەموو ئەمانە تەنیا سۆزن، وازیان لێ بهێنە، تێبکۆشە هۆشمەندانە بیر بکەیتەوە. ئەگەرچی ئۆپرای (بووکی نەمر) نووسراوەو بووەتە دەق، ئەوە دەشێت یەکێك بدۆزیتەوە بە شێوەیەکی شیاوانە ڕۆڵی سەرەکی لە شارگەلی دیکەو تەنانەت لە ولاّتگەلی دیکە ببینێت. ڕاستە پارەیەکی زۆرتری تێدەچێت، بەلاّم دەشێت لە ڕووی ئامادەکاری و ڕێکخستنەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، وەك پێدەچوو ئەوە ڕێی تێدەچوو..

وێڕای هەر هەموو ئەوەیش، کەچی تا دەهات ڕق و کینەو ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە لە ناخیدا تەشەی دەستاند. ئوقرە گرتن ئەستەمە، لە کاتێکدا کەوتوویتە ژێر پێ لەقەی ئەو چاپۆکانەوە، کە بە ناوی (ئۆلیگارشی)[٣] دەناسرێن، چی پارەو پوولیان دەوێت با بۆ خۆیان کۆی بکەنەوە، بەلاّم بۆچی دەبێت هەمووان لەبەردەمیاندا دەست لەسەر سنگ بن و چاوەڕوانی فەرمانیان بن بۆ ئەوەی کاری خراپە بکەن هەر لە کوشتنەوە بگرە تا دەگاتە ویژدان فرۆشتن؟ دەبوایست بە هەمان مستەکۆڵە بەرسڤی مستەکۆڵەکە بداتەوە بە شێوەیەك ئەستێرەکانی ئاسمان بەر ببنەوە.

ئەرسین سامانچین بیری لە پلانێکی نەگریسانە کردەوە. ئەویش ئەوەبوو تاوانێك ئەنجام بدات و کەسێك بکوژێت، پاشان یەکسەر خۆی بکوژێت! سفر ـ سفر، نە تۆ ـ نەیش من فلستۆپ. لەکاتێکدا تفی لەو بابەتانە دەکرد لەم بارەوە لە ڕۆژنامەکان و لە میدیا

جەماوەرییـــەکانی دیکـــە دەنووســـرێن و ئـــەوەی لەســـەر زارە ڕاســـتەقینە درۆکینـــەکان دەگوترێن..

بە چ بزەیەکی گاڵتەجاڕییانەوە ئەوسا لـە دیمەنـەکانی کوشـتنی دەڕوانـی لـە فیلمـەکانی تەلەڤزیۆن و سینەمادا کەچی ئەوەتە خۆی ـ بێ ئـەوەی دەربەسـت بێـت ـ ئامادەیـە بـە خۆی ئەو کارە بکات، وەك چۆن لە فیلمە سـینەماییەکاندا ئـەنجام دەدرێـت، بـێ ئـەوەی دەستی بلەرزێت: لە نزیکەوە سێ گوللەی پێوە دەنێت پاشان بۆ دڵنیایی یەك گوللـەی بـە سەرەوە دەنێت، بەر لە گوللەباران کردنی دوژمنەکەی دانایانە تەقە لە دەم و چاوی دەکات بۆ ئەوەی مێشکی بتەقێتەوە، وەك چـۆن دەتەقێتـەوە کاتێـك کارەبـا دەیگرێـت، پاشـان لوولەی دەمانچەکە بە لاجانگی خۆیەوە دەنێت، دەست بە بەلەپیتکەیدا دەنێت و، هەموو شتێك کۆتایی دێت و لەو دنیا بەیەك دەگەین ..

لەوێ لێپێچینەوە لەگەڵ یەکدی دەکەین.

ئەو تەنیا شتەی کە ئەرسین سامانچین زۆر بە عەزرەتییـەوە بـوو، ئـەوەبوو لەگـەڵ خۆیـدا هیوا بۆ ئەوێ ببات و باشتریش دڵنیاییش لەگەڵ خۆی ببات کـە (ئایـا)، هێزەکـانی بـاڵا ئازاری ویژدانی بەسـەردا دەسـەپێنن و، بـەردەوام گیـانی بـە ئـاگری پەشـیمانی لەمـەڕ خۆشەویستی دەسووتێت، کە خیانەتی لێ کرد، لەمەڕ (بووکی نەمر) کـە پێـشێلی کـرد. هەروەها ئەو بەسەرهاتی ئەویندارییە هایدلبێرگییە بمێنێتەوە کە جگە هەردووکیان کەسـی دیکە پەی پێ نابات، هەردووکیان، تا دوایەمین ساتی ژیانی ئازاری یـادوەری (وێ) دەدات و، لەو دنیا گوێی لە دەنگی بێت کە خوێنی لێ دەچۆڕێت. چونکە بیرۆکەی (بووکی نەمر) لای هەردووکیان لە مانگە شەوەکاندا لە قەڵای (هایدلبێرگ)ی ناو چیاکان سەری هەڵـدا، ئەو شەوانەی تەنیا تایبەت بەوان بوون نەك کەسانی دیکە، لەو سـەیرانگە ڕۆمانـسییانەی سەرەوەی شارە ئەڵمانییەکەی سەدەکانی ناوەڕاست، ئـەو کاتـەی هـەردووکیان گەشـتێکی هاوبەشـیان پێکـەوە کـرد، وێ بـۆ سـازدانی ئاهـەنگێك لەسـەر بانگهێـشتی کۆمەڵـەی میوزیکی هایدلبێرگ، ئەویش وەك ڕۆژنامەنووسیك یاوەری بوو.

هەرچەندی دەکۆشا جڵەوی خۆی بگرێت ـ ئەمـە چـییە، ڕاوەسـتە ئـەی تـۆی کـە نیـازی شتێکی سەرەتاییانەی بێ نرخ و بێ بەهات هەیە جگە لەوەی کە کارێکی تاوانکارییانەیـە

ـ کەچی ئەوە هیچ سوودی نەبوو، تینوویەتی تۆڵە سەندنەوە یەك بست چییە پاشەکشەی پێ نەکردو، ئارەزووی خۆڕسکانەی بەرسڤ دانەوەی خراپە بە خراپەی لا کەم نەبووەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خراپتر تەشەنەی سەند، لە کاتێکدا ئاگرەکەی لە خوێنیدا کڵپەی دەستاند. لە ناکاو ئەوەی بیر کەوتەوە کە بە منداڵی دەیبیست ـ جۆرە حیکایەتێك یان بانگهێشتێك، لەوەی قرغیزییەکان لەگەڵ خۆیاندا دەیڵێنەوە کاتێك تووشی تەنگانەیەك دێن کە نەتوانن خۆیانی لێ قوتار بکەن (ئای، هەرچی دەبێت با ببێت، سەری خۆت لە بەرد بدە، خۆت بەر قامچی بدەو ئەگەر دوژمنان زەفەریان پێ هێنایت، ملیان بۆ کەچ مەکەو، بەزەییت بە دوژمندا نەیەتەوە، لەسەر پشتی ئەسپەکەی فڕێ بدەرە خوارەوەو بە تیرەکەی سینگی هەڵدڕە ئەگینە ـ خۆت بکوژە، ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ بە کەڵکی هیچ نایەیت).

کەی و بە چ بۆنەیەکەوەو، لە چ ساتێکی نائومێدیدا ئەم وشانە گوتراون، کێ دەزانێت ... کەچی ئەوەتە ئەویش خۆی لەبەردەم دوو ڕێگەچارەدا دەبینێتەوە: دوژمنەکەت بکوژە، یان خۆت بکوژە، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە نەبوو، لێرەیشدا دەستی بە سەرزەنشتی کردنی خۆی کرد، ئای چ دڕندەییەکە.

ئەم بەستەزمانە بەم شێوەیە ئازاری دەچەشت، تا هۆشی بە خۆیدا هاتەوەو بە زمانێکی پڵتەوە گوتی: (ئەی تەگە، لە پەنجەرەکە دوور بکەوەرەوە! بیر لە چی دەکەیتەوە؟ بە چی تەقە دەکەیت؟ خۆ بە پەنجە تەقە ناکەیت! بە زەحمەت خۆی کۆنترۆڵ کرد تف لە ڕووی خۆی بکات کاتێك لە ئاوێنەکە نزیك بووەوە کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو ـ تەنانەت دەمانچەیەکی یاریشت نییە، ئەندێشە بۆ شوێنێکی دووری بردیت).

شتی زۆری لە بارەی پیاوکوژەکانەوە بەرگوێ کەوتبوو، سەبارەت بە شێوازی تاوانگەلی کوشتن و تەکنەلۆژیای کوشتن. لە ڕۆژنامەکاندا چەندین بابەت لەو بارەوە دەنووسن و لە پەردەی تەلەڤزیۆنەکانەوە شت پیشان دەدەن، بەڵام، لە ڕاستیدا کارەکە بەو شێوەیە ئاسان نییە، ڕاستە دەشێت هەرچۆنێك بێت دەمانچەیەکت دەست بکەوێت، ئەگەر پێویستیشی کرد بچیت بیکڕیت، بەڵام دەبێت دەستیشت ڕاست بێت ... براڤۆ ..

هەرچی تامەزرۆیە لە بارەی (بووکی نەمر)ەوە .. ئەوە هەر کۆتایی نایەت.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی بەرەبەیاندا بینی وەك ئەوەی نوستوو دەیبینێت کـە مۆبایلەکـەی بـە دەستەوەیە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی تەلەفۆن بۆ کەسـێك بکـات کەچـی بـەرەو شـوێنێکی ئاراستە دەکات، بەڵام گوێی لە دەنگـی گوللەکـە نـەبوو .. لێـرەەدا دەنگـی زەنگەکـەی بەرگوێ کەوت.

ئەرسین سامانچین لە تەلەفۆنەکە نزیك کەوتەوە، بـەڵام مایکرۆفۆنەکـەی بـەرز نـەکردەوە، بەڵکو بە گرژییەوە دەستی ڕاوەشاند ـ کەی ئەمـە کـاتی قـسەکردنە. سـەرلەنوێ زەنگـی تەلەفۆنەکە لێی دایەوە، بـەڵام بـێ هوودەیـە، بـەڵێ دەبێـت چـەکی دەسـت بکـەوێت ـ دەمانـچەیەك لەگـەڵ شـانەیەکی فیـشەکدا. ئـای چ ئەرکێکـە، کـە پێـشتر بـیری لـەوە نەکردبووەوە.. بەڵام ڕوو لە کێ بکات؟ ..

خەریك بوو ڕۆژ دەبووەوەو لە گۆڕەپانەکەوە دەنگ بـەر گـوێ دەکـەوت، هەرچـی ئـەوبوو هێشتە نەیـدەزانی چـی بکـات، جارێـك ڕادەکـشا، جـارێکی دیکـە هەڵدەسـتا. ئـای چ کێشەیەکە چۆن و لە کوێ ئەو شتەی دەست بکەوێت کـە بڵاوبوونـەوەی لـە فرچـەی ددان کەمتر نییەو، بە پرەکتیکیش چنگ ناکەوێت و دەستەبەر نابێت؟

دەڵێن چەك لە بازاڕ دەفرۆشرێت، بە قسەی ئەوان. هـەر دەیکرێـت چـەندەیش گـران بێـت چونکە لە پاشەڕۆژدا پێویستی بە پارە نابێت لەبەر ئەوەی ژیانی بەرەو کۆتـایی دەچـێت ـ ماڵئاوا کێشەکان ...

ئەگەر دەمانچەیەکی دەست بکەوێت، ئەوە دەبێـت بـەردەوام، لەگـەڵ خـۆی لـە گیرفـانی لارانیدا هەڵیبگرێت، ئەوە هەرچی بە دوای ئەوەدا بێت ئەوە هیچ گومانێکی لای ئەرسـین سامانچین دروست نەدەکرد. هیچ دوو دڵ نەدەبوو، ئـەوەی بـە وردی جێبـەجێ دەکـرد کـە پلانی بۆ دارشتبوو، گوللەکان یەك بە دوای یەکدا دەتەقێنران و دوایـەمین گوللەیـشی بـە لاجانگی خۆیەوە دەنا، بڕوای زۆریشی بەوە هـەبوو کـە هـەلی بـۆ دەڕەخـسێت، چـونکە بەردەوام دەیتوانی نەیارەکەی ببینێت، لەبەر ئەوەی هەردووکیان ـ تا ڕادەیـەك ـ سـەر بـە یەك ناوەندن، لە مێژیشە یەکدی دەناسن، ڕاستە بە دەگمەن لەم ماوەی دواییەدا یەکدییان بینیوە، ئێستە ئەو بووەتە دەرهێنەری پرۆگرامی ڕەنگاوڕەنگ، ناوی ڕۆیشتووە، دەزگـەی گەورەی هەیە، خەریکە دەبێتە (ئۆلیگارشی پۆ، شێڤ) و ئـەو جـۆرە نازناوانـە، کەچـی

ئەوسا تەنیا ئەکتەرێکی بێ نرخ بوو. ئەمەیش ئەوە دەگەیـەنێت کـە ڕێگـەی خـۆی لێـرە دەست پێ کردووە. ڕێگەی خۆی لە (تایگا)ی بازاڕەوە دەست پێ کـرد، بـەردەوام بـوو لـە ڕێگەی (شۆ ـ بزنس)ەوە لە سەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنێکی دیکە دەچوو. ئێمە هەر هەموومان ئێستە لە بازاڕدا تێدەکۆشین، بەڵام بەختەوەرەکان بە ژمـارەی پەنجـەی دەسـت دەژمێررێن. گەوهەر لەوەدایە کە سامان وای لێ کردووە خۆی بە بلدۆزەر تێبگات، ئەگـەر پێویستیشی کرد بیرۆکەکە زیندە بەچاڵ بکات، بە پێ لەقە ژیـانی کەسـێك کۆتـایی پـێ بهێنێت، ئافرەت بکاتە (ڕۆبۆت)، با بەو شـێوەیە بێـت، ئێـستە بەسـە، گـرنگ ئەوەیـە چەکەکە دەست بکەوێت ـ ئەوەی دەمێنێتەوە جێبەجێی دەکرێـت، چـونکە کارەکـە تـەنیا لەسەر خواست و پیاوەتی ڕاوەستاوە.

بەم شێوەیە دڵی خۆی دەدایەوە، ئەوەی تووشـی سەرسـوڕمانی کـرد ئـەوەبوو تـا دەهـات بڕوای بە خۆی پتەوتر دەبوو کە لەسەر هەقە. ڕاستە کە بیرۆکـەی: دەشـێت ئـەم ئـارەزووە زۆرەی تۆڵەسەندنەوە بەرەو چ شتێکی ببات، جارو بار بە مێشکیدا تێدەپەڕی. تـۆ بڵێیـت ئەمە خراپە بگەیەنێت بە ناوی چـاکەوە؟ ئەمـە ڕێـی تێدەچـێت؟ بـەڵام سـەرلەنوێ ئـەم بیرۆکەیەی لە مێشکی خۆی دوور خستەوە: پەنات بەر دانایی بردەوە، ئەو نیـازەت نـەبوو ئێستە پەشیمان بوویتەوە ..تۆ بڵێیت شێت بووبیت؟ باشتر وایە بیر لـەوە بکەیتـەوە چـۆن چۆنی لێی نزیك ببیتەوەو پێی بڵێیت قسەیەکم هەیە دەمەوێت پێت ڕابگەیـەنم .. لێـرەدا ... دەبێت ئەوەیش بگوترێت کە لەم دواییەدا یەکدیان بینیبوو، پێکەوە قـسەیان کردبـوو ... ئەوەیش ڕاست نەبوو کە ئیرتاش بایەخێکی تایبەتی پـێ نـەدابووبێت، ئـەوەبوو پـاش کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە پەلەی بوو خـۆی بگەیەنێتـە شـوێنێك، هـەر لـە کاتژمێرەکـەی دەڕوانی و، لە دڵی خۆیدا، پێی پـێ دەکـەنی، لـەوەی زۆرتـر لایـەنگری ئـەو بیرۆکەیـەی دەکرد، ئای چەند گەوجیت، بە باڵی ئەندێشە دەفڕێت.

بەڵێ لە ساڵانی بیریسترویکادا، شتێکی ئاساییە کە لە ئێستە گەنجتر بوو، لـەو ماوەیـەدا ئەرسین سامانچین بـە خـۆی وتارگـەلی جۆراوجـۆری دەنووسـی، بەوانەیـشەوە کـە باسـی بابەتگەلی شانۆییان دەکرد، بەڵام ئیرتاش کۆرچالۆڤ ئەو هونەرمەندە ئاسـاییەی کـە هـیچ شتێی ئەوتۆی نەدەگەیاند، هەرچی ئێستەیە... بـەڵام ئـەوەی بـوو، بـوو. ئـەو کاتـە لـە

سەردەمی بیریسترۆیکادا لە لووتکەدا بوو، ئەوەبوو بیری نوێ سەری هەڵدابوو، سەردەم لەسەر سەکۆی شانۆکانەوە تێیان دەڕوانیت. ئەو کاتە شانۆ بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەرز دەبووەوە، زۆر خێراو کاریگەرانە بوو، مرۆڤ لە داوی دیکتاتۆریەت ڕزگاری بووبوو، بەڵام ئەو کاتە کەس بیر لەم ئیرتاشە نەکردبووەوە، ئیرتاش کۆرچالۆڤ، ئەکتەری ئاسایی لە شانۆی درامای شار، کە هیچ جیاکارییەکی پێوە دیارنەبوو، ئایە کەس ئەو کاتە بیری بۆ ئەوە دەچوو کە ئەم ئەکتەرە ساکارە (ڕاستە لە هەمووان بەژن زراڤ ترە، دەنگێکی گڕی هەیە، هەرچی لەوە بترازێت، ئەوە لە زۆر کەسی دیکەی لە جۆری خۆی دەچێت) ببێتە بزنسمان و، ببێتە بکوژو ببڕ لە بازاڕی ڕەنگاو ڕەنگ و تەنانەت یاریگەکاندا؟

لە کەش و هەوای ئەو ڕۆژگارەدا دەربڕینی (ئیرتاش کۆرچاڵ) سەری هەڵداو ناوبانگییەکی زۆری پەیدا کرد، بە تایبەتی لە ناو لاوەکاندا، دەربڕینێك بوو بە دروشمی ئاهەنگە گشتییە ڕەنگاوڕەنگەکان، لەگەڵ ئەو هەموو ئەکسسوارە شانۆییانەو ئەو ڕیکلامانەی لە پیشەسازی نمایشکاری نوێدا لەگەڵیدا بوون، کە زۆر خێرا قازانجیان بەدەست دەهێنا. ئاهەنگە کاریگەرەکانی ـ کلیپ (ئیرتاش ـ کۆرچاڵی) لە زۆر شوێن پێشکەش کران، تەنانەت لە چین و مۆسکۆیش. بە کورتی دەرکەوت کە ئیرتاش کۆرچالۆڤ کابرایەکی بلیمەت و تێگەیشتووەو، لە ڕووی کۆنترۆڵکرنی سپەیسی ڕەنگاوڕەنگەکانەوە بوو بە هێزێکی کاریگەر. ئەوەبوو ئایدانا سامارۆڤا کەوتە ناو ئەم تسۆنامی (ئیرتاش ـ کۆرچاڵی)یە کوشندەوەو بە هێزێکی لە ڕادەبەدەرەوە هەڵیلووشی.

کاتی ئەوە بەسەرچووە بیر لەوە بکرێتەوە کە تووشی ئایا هات، ئایا سامارۆڤای یەکەمین گۆرانیبێژ لەشانۆی ئۆپرالی و، چۆن لەناکاو بوو بە کۆیلەی بزنسی ئیرتاش و لە هەمووکەناڵەکانی تەلەڤزیۆنەوە دەردەکەوت و زۆر خێرا دەبووە ئەستێرەی گۆرانی ڕەنگاوڕەنگ و هەمەجۆرو، تا دەهات لە بواری پۆپدا ناودارتر دەبوو، لە ڕووی دەنگ و ڕوخسارەوە شێوازی شانۆیی وەردەگرت (ئە ـ لیا ـ هۆلیود)، بە کورتی سەرلەنوێ سەرجەم چارەنووسی خۆی دووبارە دەست پێ کردەوە، لێرەدا ئەو ڕستە ئاساییە (شەمەندەفەرەکە تێپەڕی) زۆر گونجاو بوو. ئەوەبوو لە ڕاستیدا ئەوەبوو وەك بڵێیت لەگەڵ ئایدانادا لەناو یەك شەمەندەفەردا لە هایدلبێرگەوە سەفەر بکەن، ئەوەبوو چارەنووس بۆ

چەند ڕۆژێك لە قەڵای هایدلبێرگ کۆی کردنەوە، بۆ ئەوەی سرووش لە ئاسمانەوە وەربگـرن، ئەو سرووشەی بە ناوی (ئەوین)ەوە دەناسرێت، ئەو کاتەی بیرۆکەی (بووکی نـەمر)یـان بـە بیردا هات..

لە ناکاو لە وێستگەیەکدا سواری ئەو شەمەنەفەرە بوو کـە بـەرەو لای پێـچەوانە دەچـوو، ڕۆیشت. هەرچی ئەو بوو وەك بڵێیت تێی بتەقێنێت و بەسەر هێڵی شـەمەندەفەرەکەدا بـە دوای شەمەنەفەرەکەدا ڕابکات، کە ئاسۆ هەڵێلووشی ئەویش تاك و تەنیا بە پێدەشـتێکی چۆڵ و هۆڵدا ڕای دەکرد، چوون شێت هاواری دەکردو دەیقیڕاند: (ئای ـ ئا ـ ئا ـ ئـا. ئـای ـ ئائا) ئەی چی لە (بووکە نەمرەکەمان) بکەین، ڕاوەستە، ڕاوەستە ئـای ئـا ئـای ئـا ئـا (بەڵام وێ ڕۆیشت ... کێ چووە ژێر پێی و فریـوی دا، کـێ بـە شـێکی بـانق فریـوی دا. کارەکە ڕوون و ئاشکریە، چونکە کابرایەك شەمەنەفەرەکە لـێ دەخوڕێـت ئەوسـا هـیچ و پووچ بوو، کەچی ئێستە بووەتە ئیرتاش کۆرچالۆڤی بەناوبانگ، کەواتـە چـی پـاڵی پێـوە دەنێت و چەند هەڵسوکەوتی سەیر وای لێ دەکات بـە دوای ئـەم شـەمەندەفەرە نـەبینراوە بکەوێت، لە وەڵامی تکاو پاڕانەوەکانیدا قاقای پێکەنینی ئاسمان لە گوێیـدا دەزرنگێنـەوە : (شێت، دەست لێ وەشێنراو، هار!) ئەدی باشتر نییە دەست لە هەموو شتێك هەڵبگرێت و لە بیری خۆی بباتەوە؟ .. ئەگەرچی ئەرسین سامانچین ئـارەزووی ئـەقڵیی لەڕادەبـەدەری (شۆ ـ بزنس) تێدەگەیشت، کەچی نەیدەتوانی خۆی لە چنگی وەهمە ناویستییەکانی خۆی قوتار بکات، دەستبەرداری بیرۆکە خۆییەکەی خۆی نەدەبوو، پاش ئـەوەی هـەر لـە خـۆوە بووبووە عەبداڵی و پاش ئەوەی خۆی لەگەڵدا لەسەر ڕێگەیەکی بنبەستدا بینییـەوە، بۆیـە وردە وردە تا دەهات بایەخ پێدانەکانی پێشووی سـیس دەبـوون و دەپووکانـەوەو بـۆ ئـەو لایەکەی دیکەی بوون دوور دەکەوتنەوە ـ هەموو شتەکان تەنیا (وێ)و (بووکـە نەمرەکـە) نەبێت.

هەمان کات ڕۆشنبیری جەماوەری، کە هەر خۆڕسکانە هەڵوێـستێکی بەرانبـەر نوانـدبوو، سڵی لێ دەکردەوە، لە جیهاندا درێژەی بە کاروانی خۆی دەدا، بـە شـەپۆلە ئۆقیانووسـییە بازرگانییەکەیەوە، بە گوڕو تینێکی زۆرەوە وردە وردە بەرەو لای ئەو غلۆر دەبووەوەو لێـی نزیك دەبووەوە.

بۆ دەربڕینی ڕۆشنبیری جەماوەری زاراوەیەکی نوێی بە بیردا هات، ئەو زاراوەیەی کە سەر زاری میدیا جەماوەرییە جیهانییەکان بەجێ ناهێڵێت ـ ڕۆشنبیری بە کۆ، لەسەر شێوازی کالاّی بە کۆ.

(باشە، با وابێت. بەلاّم ڕۆشنبیری جەماوەری هیچ کات لەو پێناوەدا هەرگیز دەربەستیش نایەت)..

بەم نزیکانەیش بوو بڕوای بە دروستی ئەم زاراوە لە یاریگەدا هێنا، لە کاتی ئاهەنگێکی نمایشکارانەدا کە بە بۆنەی یۆبیلی شارەکەوە ساز کرا ـ یادی تێپەڕبوونی دوو سەدو پەنجا ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا.

ئاهەنگەکە گەیشتبووە چڵەپۆپەو، جەماوەرێکی زۆر هاتبوون، بە هەزاران کەس مەزەندە دەکران، یاریگەکە جمەی دەهات و لەژێر ڕووناکیدا دەبریسکایەوەو بە دروشم ڕەنگاو ڕەنگ و ڕیکلامی ئیلیکترۆنی ڕازێنرابووەوە، کە هاوتایان نەبوو. ئەو خەڵکەی ئامادەی شوێنەکە بووبوون، زۆربەیان لە گەنجان بوو، هەستیان بە خۆشی و شادی دەکردو، دڵخۆش بوون و فێنکایی ئێوارەیش، کە لە چیاکانەوە هەڵیدەکرد، ئەوەندەی دیکە چوست و چالاکی دەکردن.

هەر هەموویان حەزیان لە کات بەسەر بردن دەکردو، ئارەزوویان دەکرد چێژ لەو دیمەنانە وەربگرن کە کۆتاییان نەدەهات.

هەر ئەوەیش بوو کە بە تەواوەتی ڕووی دا، ئەوەبوو میوزیکی گوێکەڕکەر، وەك بانگهێشتی خۆشەویستی، بە ئاسمانی یاریگەکەوە دەنگی دەدایەوە، لەسەر شانۆکەیش سەماو هەڵپەڕکێ جۆراوجۆرەکان، هەر لە بالێوە بگرە تا دەگاتە ڕەشبەڵەك و شایی ساز دران و، بۆ گونجاندنیش جل و بەرگ و دیکۆرەکانیشیان بە دوادا هات، بەلاّم چەورترین خۆراکی ئەم دیمەنە شانۆییە دینامیکیانە، کە ڕوون و ئاشکرایە (ئایدانا سامارۆڤا) بوو. هەموو ئەم ئاهەنگە پڕ لە هەراو هوریایە بە دەوری ئەم ئەستێرەدا دەخولایەوە. ئەوەی ڕاستیش بێت دەنگە قووڵ و بێ گەردەکەی، کە مایکرۆفۆنەکان بەرەو ئاسمانیان پەخش کردەوە، بەسەر زەوی یاریگە والاّکەدا، ئەوەبوو بەژنە زراڤەکەی و پۆشتەیی و جەستەی کە لە ڕووتی زێدەڕۆ بەدەربوو، لەگەڵ ئەو گەنج و لاوان و کیژە جوان و کوڕە جوانانەدا، کە

به جووڵەی سیکسیانەو لەسەر ڕیتمی گۆرانییەکانی و لەسەر ئـاوازی میوزیـك لـە دەوری سەمایان دەکرد ـ هەر هەموو ئەوە بینەرەکانی دەورووژاند. هـەر هـەموویان دەیانویـست بچنە سەر شانۆکە، لە نزیك ئایدان، هـەموو یاریگەکـە دڵخۆشـبوون، کاتێـك شـەپۆلیان دەدا، دەریایـەك دەسـت کـە بـەرز دەکرانـەوە، تـەنیا ئـەو بـیری دەکـردەوە: (پاڵەوانـە ئۆپرالییەکە بووەتە شاژنێکی شلیاگیری)[٤]، بەڵام کەس بایەخی بـە بیرۆکـەکانی نـەدەدا، نەك هەر ئەوە بەڵکو هەڵچوونی بینەران گەیشتە لووتکـە کاتێـك ئایـدانا بـە دوو قـۆڵی گۆرانی (لیمۆزین)ی دەگوتەوە کە پێدەچێت زۆر ئاسـاییانە بێـت. گۆرانیبێژەکـەی دیکـە شلیاگیر لە دراوسێ (ئۆزبەك)ەکانمان بوو، گۆرانییەکەیش بە زمانی ئەسـڵی دەگوترایـەوە، چونکە هەمووان لە زمانی ئۆزبەکی دەگـەن، میـوزیکی ڕۆژهـەڵاتی ـ نـوێ، بـە ئـاوازی بەناوبانگ بینـەرانی هەژاند، وشە کلیپییەکان لەسەر ڕیتمی دەنگی بڵندی مایکرۆفۆنەکان بەسـەر یاریگەکـەوە دەنگیـان دەدایـەوە (سـین مـینی سیفیارسـینمی؟ سـین مـینی سیفیارسینمی؟) (ئایە خۆشت دەوێم؟ ئایە خۆشت دەوێم؟).

لیمۆزین بیرارسینمی؟ لیمۆزین بیرارسینمی؟ (ئایـە لیمـۆزینم پێـشکەش دەکـەیت؟ ئایـە لیمۆزینم پێشکەش دەکەیت؟)

ئەویش وەڵامی ئەمەی دەدایەوەو لێهاتووانە سەمای دەکرد:

مینی سین سیفیارمین مینی سیسن سیسفیارمین (خۆشم دەوێیت. خۆشم دەوێیت).

لیمۆزین بیرارمین، لیمۆزین بیرارمین (لیمۆزینت پێـشکەش دەکـەم، لیمۆزینـت پێـشکەش دەکەم).

پاش ئەوە چی ڕووی دا؟ بینەران کە بە هەزاران کەس مەزەندە دەکـران، پـڕ بـە گـەروویان هاواریان دەکردو دەستیان بەرز دەکردەوەو (لی ـ مۆ ـ زین! لی ـ مـۆ ـزین! لـی ـ مـۆ ـ زین!)یان دەگوتەوە، لەم کاتەیشدا لەسەر پەردەیەکی زەبەلاحی تەلەڤزیۆنی ـ چوار پەردەی تەلەڤزیۆنی ، لە هەر چوار لای یاریگەکەوە ـ یەك بە دوای یەکـدا گرتـە لەیەکـچووەکانی گۆرانییەکە دەبینران:

ئۆتۆمبیلێکی لیمۆزینی هاوینە هەردوو یارەکەی تێدایە، ئایداناو هاوەڵە جوانەکـەی هـەر جارە یەکێکیان لێـی دەخـوڕی و، بـەلای دیمـەن نایابەکانـدا تێدەپـەڕین: جارێـك بـەلای

لووتکەی چیا بە بەفر داپۆشراوەکاندا، جارێکی دیکە بە درێژایی کەناری دەریاچە شینەکەدا، جارێك بەسەر پردەکاندا، جارێکی دیکە بە پێدەشتەکاندا، بە دوای لیمۆزینەکەیشدا پۆلە مەل باڵ دەگرنەوە، لە شوێنێکی سەیرانگەکەی نزیك شارەوە لیمۆزینەکە ڕاوەستاو، هەردوو یارە دڵشادەکە دابەزین و یەکدییان لە ئامێز گرتبوو، بەرەو چێشتخانەکە دەڕۆیشتن کە نغرۆی ڕیکلامی بریقەدار بووبوو، ئەوەندەی نەخایاند دیسانەوە سواری لیمۆزینەکە بوون و تێیان تەقاند، هەرچی میوزیکەکە بوو ئەوە هەر بەردەوام بوو، یاریگەکەیش (لی ـ مۆ ـ زین! ئای ـ دا ـ نا! ئای ـ دا ـ نا!)ی دەگوتەوە.

ئەرسین سامانچین نەیزانی چۆن لە شەرماندا ڕووی خۆی بشارێتەوە. ئەو کێیە بە بەراورد کردن لەگەڵ بینەرانی شادوماندا؟ تەنانەت بۆی دەرکەوت کە بە خۆیشی وەك هەمووان: (لی ـ مۆ ـ زین! ئای ـ دا ـ نا! ئای ـ دا ـ نا!) دووبارە دەکاتەوە.

ئاهەنگەکە بە دیمەنێکی کاریگەری نایاب و تەواو لە ناکاو کۆتایی هات ـ ئەوە بوو شەو بە هۆی ئەو یارییە ئاگرینانەوە ڕووناك بووەوە کە بەرەو ئاسمان هەڵدران، یارییە ئاگرینەکان پانتایی ئاسمانیان تا دەگاتە ئاسۆ بە پرشنگی ڕەنگاوڕەنگ تەنییەوە.(چەندە جوانە، ئافەرین پارێزگاری شار، تەنیا ئەو دەتوانێت شانی بداتە بەر ئەم کارە. بەڵام کێ پارەی دەداتێ؟ سەرلەنوێ ـ ئێرتاش). لەوە جوانتریش ئەوەبوو ئەو یارییە ئاگرینانە لە تەنیشتەوە هەڵنەدەدران، لە شوێنێکی نزیك لە ئاهەنگەکەوە، وەك باو بوو، بەڵکو لە شوێنێکی دوورەوە، لە دەرەوەی شارەوە. مووشەکە بەهێزەکان لە لووتکەی تەپۆڵکەکەوە هەڵدەدران، کە دەکەوێتە ئەوپەڕی شارەوە، بە بەرزایی ئاسمانەوە دەتەقینەوەو چەپکە ڕووناکی پرشنگدارییان یەك بە دوای یەکدا دروست دەکرد، ئەو دیمەنە کاریگەرە کە بێ وێنەبوو، زۆر دڵگیر بوو، سەرلەنوێ بیری کردەوە: کێ دەتوانێت ئەم دیمەنە دڵڕفێنە دروست بکات؟ تەنیا ئەو دەتوانێت: ئێرتاش ڕچاڵ، ئەگەرچی هەموو شتێك لەچوارچێوەی ئاهەنگێڕان بە یۆبیلی شارەکەوە بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئەوەی لە ڕاستیدا ڕووی دا بۆ پێداهەڵدانی ئەستێرەو گۆرانیبێژ ئایدانا بوو، چونکە میوزیکەکە تا دەهات بەرزتر دەبووەو لیمۆزینە نایابەکەیش هەر بەردەوام بوو، کە مێردە شادومانەکە سوار بووبوو، لە پەردە پانۆرامییەکانەوە تیژ دەڕۆیشت، لە کاتێکدا کە یارییە ئاگرینەکان بەردەوام بەرزتر

و بـەرزتر دەبوونـەوەو بـە ڕووناکییـە گەشـەکانیان ئاسمـانی شـەویان ڕوونـاك دەکـردەوەو دەتگـوت کەشکەشـەی ئاسمـان هـەموو بـە هـەمان ئـەو ئەسـتێرانە ڕوونـاك دەبنـەوەو دەگەشێنەوە..

لەو کاتەدا شتێك ڕووی دا کەس نەیزانی، یەك مرۆڤ لـە گەردوونـدا نـەیزانی ..پرپیـشکی ڕووناکییەکان بەرز بەرز بوونەوەو بە شێوەیەکی زۆر بریسکەدار ڕووپێوێکی زۆری زەوییـان ڕووناك کردەوە، تا گەیشتنە چیا بڵندەکان، باڵندەکان لە چیاکان بێـدار بوونـەوە، دەنگـی زیکەزیکیان بەرز بووەوە، جابارس ڕاچەڵەکی و پاشـان بێـداربووەوە. هێـشتە لـە دوایێنـی لووتکەکەدا لەگەڵ ئازارەکانیدا دەیگوزەراند. سـەرنجێکی بڵندایییەکـەی دا، بـەرەو ئـاگرە دوورەکان، کە دەتگوت لە چیاکانەوە بڵند دەبنەوە، نا ئەمانـە ئەسـتێرە نـین بـە ئاسمانـدا بفڕن، بەڵکو شتێکی دیکەن، باو نین، دڕندەکە ویستی خۆی بشارێتەوە، بـەڵام نـەیتوانی، وەك چۆن نەیتوانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەوە بەدی بهێنێت کە لە پێناویـدا خـۆی گەیانـدبووە ئێرە ـ نەیتوانی لە لووتکەکە بپەڕێتەوەو لەو جیهانەکەی دیکەی چیا بڵندەکاندا بزر بێت، چارەنووس لێرەی هێشتبووەوە، دەستی بۆ درێژ نەدەکرد یارمەتی بدات.

چارنووس دەتوانێت هەموو شتێك بکات، کەواتە پێویستی بەوە نییە جابارسی بیزراو لێرە بهێڵێتەوە؟ کێ چوزانێت؟ چونکە چارەنووس هەرگیز کپ و بێ دەنگە..

ڕووناکییە دوورەکانی یارییە ئاگرینەکان کە ئەو شەوە بەرچاوی جابـارس کـەوتن وەك پـێ دەچوو ئاماژەیەك بن لە ئاسمانەوە ..

هەرچی یاریگەکەیە ئەوە هەرجمەی دەهات و بە یەك دەنگ و لەسەر ڕیتمی ئاهەنگی ڕۆك : (لی ـ مۆ ـ زین ـ ئای ـ دا ـ نا!) (لی ـ مۆ ـ زین ـ ئای ـ دا ـ نا!)ی دەگوتەوە.

(ئەوەتە لە لیمۆزیندا کولتووری کۆ ڕۆیشت) ـ ئەرسین سامانچین بـیری کـردەوەو جـارێکی دیکە بە ناخۆشییەوە پرسیاری لە خۆی دەکرد: ئەی ئێستە (چارەنووسی بووکی نەمر) چی دەبێت؟ هەروەها بیری کردەوە، کە لە ناو ئۆتۆمبیلە (نیڤا)کەیدایـە کـە لـە دوورایـی دوو گەڕەك لێرەوە لەناو چەندین جۆرە مارکەی بیانیدا ڕایگرتووە: ئای ژیـانی ئێـستە چـەندین شتی بەرەواژو پێچەوانەی بە ڕۆشنبیری بەکۆ مەستی لـەخۆگرتووە، هـەژاری سەرانـسەری وڵاتی تەنیوەتەوە، هەروەها بێکاری، ئەوەتە لاوەکان بە درێژایی چەندین کیلۆمەتر لە سەر

شۆستەکان دانیشتوون و دروشمیان هەڵگرتووە، لەسەری نووسراوە (کارمان پێ بدەن)، بە تایبەتی زۆربەیان لە گوندە نیوچە چۆڵەکانەوە هاتوون، ئەمە هەڕەشەیەکە لەبەردەم کۆمەڵی ئادەمیزاددا، کە ناتوانێت پێویستییەکانی نەوەی نوێ دابین بکات، وەك ئەوەی بڵێیت جیهانی هاوچەرخ پێیان دەڵێت: کۆمەڵ پێویستی بە تۆ نییە، لە چاو ون بە، هەرچی ئێمەین کە کارمان هەیە، ئەوە بە لیمۆزینەکانمان پێشڕەوی دەکەین. بەم شێوەیە بیری دەکردەوە، کاتێك بەو شەوە بە ئۆتۆمبیلە (نیڤا) سۆڤیەتییەکەی شەقامەکانی دەبڕی، ئارەزووی نەدەکرد ئۆتۆمبیلێکی لەوە باشتر بکڕێت، چونکە لێی ڕاهاتووە، جگە لەوەی لە ڕووی داراییشەوە نەیدەتوانی ئۆتۆمبیلێکی دیکە بکڕێت، ناکرێت هەر هەموان ئۆتۆمبیلی لیمۆزین بکڕن. ئەگەرچی (ئایا)، بووەتە خاوەندی لیمۆزین، ئەوە شتێکی دیکەیە، چونکە ئێستە بووەتە ئەستێرەیەکی گەورە کەس پێی ناگات، پاسەوانان دەوریان داوە، بەرسڤی پێوەندییە تەلەفۆنییەکانی ناداتەوە.. زەحمەتە بگەڕێتەوە لای مێردەکەی پێشوویشی، کە دەڵێن چەندین ساڵە خووی بە مەیەوە گرتووە.

پێویست بە بڕیاردان ناکات، چونکە دەشێت لە ژیاندا هەموو شتێك ڕوو بدات و، هەر کەسەو کێشەو گیروگرفتی خۆی هەیە ... بەڵام ئەگەر پرەکتیکیانە بڕیار بەسەر شتەکاندا بدەین و، ئەگەر بکۆشین لەو وەرچەرخانە تیژەی (ئایدانا سامارۆڤا)، گۆرانیبێژی ئۆپرالی بگەین، کە خەسڵەتی گۆرانی گوتنی نایاب و شایەن بە شانۆی میلانی هەیە، ئەوە شوێنەکەی لەوێیە ـ بۆیە شتێکی دژوارە خۆهاویشتنە خێرای بۆ ناو باوەشی ناوبانگیەتی ئەستێرەیی و سووڕانەوەی لەناو هەوری کولتووری پۆپ و ئەو پارەیەی لە هەموو ئەوەوە دەستی دەکەوێت جێی پەسەند بێت.

ڕاوەستە، ئەوە پێوەندی بە خۆیەوە هەیە، ئەوە مافی خۆیەتی هەرچی تۆیت ئەوە گلاویت و لە سەر زینەکە کەوتوویتەتە خوارەوە، بۆیە بە دەستی ئەوەوە دەناڵێنیت، لە ڕقاندا ددانەکانت بەیەکدا دێنیت و، لە دەربڕیندا قسەی ڕەق دەکەیت .. ئایە بە شێوەیەکی دەست پاکانە ـ ئەرسین سامارچین دەستی بەسەرزەنشتی خۆی کرد ـ ددان بەوەدا نانێیت کە ڕکابەرەکەت زۆر لە تۆ بەهێزترە؟ تۆ کێیت؟ ڕۆژنامەنووسیت؟ تەنانەت ئەگەر بێ لایەنیش بیت، تەنانەت ئەگەر بەناوبانگیش بیت، هەرچی (وی)یە ئەوە یەکێکە لە

ئاسمانی میدیای جەماوەریدا، لە کاتێکدا تـۆ مێروولەیـەکیت لـە میـدیای جەماوەریـدا، پاشان ئەڤین بەردەوام لەبەردەمی تاقیکردنەوەو ئەزموونداپە، ئەگینـە ئـازارو ئەشـکەنجەو شادی و ناخۆشی و کارەساتی لەخۆ نەدەگرت..

بەڵی دەشێت لەچیاکان بەفر هەرەس بهێنێت، کـەس ناتوانێـت ڕایبگرێـت. هـەر ئـەڤین و خۆشەویستییەك بەسـەرهات و، ئـازارو ئەشـکەنجەی خـۆی هەیـە، هەرچـی تۆیـت ئـەوە دەتەوێت تاوانی مەینەتییەکەی خۆت بخەیتە سەر شانی گلۆبـاڵ و ڕۆشـنبیری جـەماوەری. بە شێوازگەلێك ڕۆشنبیری جەماوەری لەگەڵ (بووکی نەمر)دا ناکۆکن و ڕەتـی دەکەنـەوە؟ تاقیت کردووەتەوە وەڵامی ئەمە بدەیتەوەو بڕوا بە کەسانی دیکـە بهێنیـت؟ ئاگـەدارمان ناکەیتەوە لێرەدا (بـووکی نـەمر) چـی پێوەندییـەکی بـەوەوە هەیـە، چـۆن و لـە کوێـوە بیرۆکەیتان بۆ هات کاتێـك بـە تـاك و تـەنیا لەگـەڵ (ئایـدانا)دا بـوون و پێکـەوە تـەنیا سەرقاڵی یەکدی بوون، کاتێك شەپۆلی ئەڤین نغرۆی کردن و، واتان لـێ هـات وەك بڵێیـت هەموو ژیانی ڕابوردووتان بۆ ئەوە ڕابوارد تا چاوەڕوانی ئەم ساتە بکەن، ئاکـام لـەمۆرکی ڕاستەقینەی ئەڤین گەیشتن، وەك سرووشێك سروشت پێی بەخشین.

ڕەنگە شتەکە جێی گاڵتەو پێکەنین بێت: چونکە ئێـوە لـە گـەنجان ناچـن، هـەر یەکـەتان ئەزموونی پێشووی خۆتان هەیە، بەڵام سروشت لە گرێ کوێرەی ڕابوردووی قوتار کـردوون. لە سەیرانەگەیەکی کۆنی چیایی و، قەڵایەکی دێریندا بوون، مـانگ لـەو شـوێنە بڵنـدەی خۆیەوە، لەناو پەڵە هەورەکاندا تێی دەڕوانین. بێ گومان چارەنووس پێشتر ئەو ڕۆژەو ئـەو کاتژمێرەی بۆ نمایشکردنی یەکەمین ئەڤینداریتان دەستنیشان کردبوو، وەك بە گاڵتەوە ئەو ناوەتان لە دیداری بەیەکگەیشتنەکەتان نـاوە، ئەگەرچـی (وێ) تەمـەنی لـە سـی سـاڵان تێپەڕیبوو و، تۆیش لە تەمەنی چل ساڵی نزیك بووبوویتـەوە، بـەڵام لێـرەدا ئـەوە گـرنگ نییە، ئەوە لە چێژی ڕۆمانسیانەتاندا نییە، بەڵکو لەو چۆنیەتییەداپە، کە ئەو ڕۆژە بووکی نەمر لەبەردەمتاندا دەرکەوت، لە کاتێکدا ئێوەی یارو دڵدار، وەك لەژیانی ڕاسـتەقینەدا، چۆن ڕۆیشت لەسەر هەردوو ئەژنۆ کڕنووشـی بـردو، لێتـان دەپاڕایـەوە ڕزگـاری بکـەن و، دەنگێکی خۆشی پێ ببەخشن، بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە ببیستن لە گەردووندان و، گیـانی خۆی تێکەڵاوی گۆرانی گوتن بکات و بەسەرهاتی لێـك دوور کەوتنـەوە بگێڕێتـەوە، کـە

کردوویەتی بە بووکی نەمر، بۆ ئەوەی ئەوە بدۆزێتەوە، کە بە دوایدا دەگەڕێت. ئەو کاتە لە کاتی بەیەکگەیشتنی ئەو وێنە ئەندێشەییە ئەو بیرۆکە داهێنەرانەیە سەری هەڵدا ـ بیرۆکەی ئۆپراو، هەموو ئەوەی پێوەندی بەو پرۆژەوە هەیە. باشە، تاقی بکەرەوەو بکۆشە ئەوانی دیکە قایل بکە کە بەیەکگەیشتن لەگەڵ بووکی نەمردا ئەوەندە واقیعیانە بوو تا ڕادەیەك هەردووکتان سوێندتان خوارد لە ڕێگەی ئۆپراوە ڕزگاری بکەن، بە هۆی گۆرانی (ئایا)وە لەسەر شانۆ بە جیهانی پێشکەش بکەن، تەنانەت ئایدانا بە خۆی بە گوێوەی چرپاندیت و بەڵێنیشی دا کە تا لە ژیاندا زیندوو بێت هەر (بووکی نەمر) دەچرپێت.

ڕاوەستە، ڕاوەستە، زێد ڕۆیشتیت، کێ بڕوا بەم ڕووداوە سەیرە نەکەردەنییە، بەم پەرجووە دەکات؟ هەر تێگەیشتوویەك بگریت دەڵێت: شێتایەتییە. هەموو ئەمە قسەی پووچە، ئەفسانەیە، گێڕانەوەیە. هەموو ئەمە قسەو قسەڵۆکە. قسەی پووچە، ئەوەی گومانی لێ ناکرێت ئەوەیە کە ناشێت هیچ کاردانەوەیەکی دیکە هەبێت. بەڵام دیاردەی نازەمینی بووکی نەمر لە ناخی (ئەرسین سامانچین)دا دەرکی خوازراویانەی وێنەکەی دروست کرد (ئەوەبوو ئەو کاتەیش ئایدانا لەو دەرك پێکردنەدا لایەنگیری کردو، ئەو کاتەیش بوو بە سەرچاوەی هەستی هاوبەشیان. بەڵام دواتر ئایدانا ڕێگەی خۆی بزر کردو، پاشەکشەی کرد ـ سواری (لیمۆزین) بوو، تێی تەقاندو ڕۆیشت، ڕاستتر ئەوان پاڵیان پێوە نا ڕێ بزر بکات و، بکەوێتە داوی (بزنس)ەوە، بەڵام ئێمە ئێستە ئەو باسەمان مەبەست نییە). وێنەکەی لە گیانە تەنیاکەیدا، وەك پەیامێك لەسەرەوە هاتبێت، جێگیر بوو، پاش ئەوەی بوو بە بڕوایەکی ڕاستەقینەو ئەشکەنجەو ئازارێکی بێ کۆتایی. کەس خواوەندی نەبینیوە، بەڵام خەڵك بڕوای پێیەتی، بڕوایان پێیەتی کە خواوەند هەیە. وەك پێدەچێت ـ بەم شێوەیە لە چوارچێوەی ئەڤینەوەو لە ڕێگەی دەرك کردنی گیان بە وێنەی خوازراوەوە ـ بڕوابوون ـ دێتە کایەوە.

لە هایدلبێرگ شتێکی لەو جۆرەیان تووش بوو، ئەوەبوو دەبوو ئایدانا سامارۆڤا ئاهەنگێك ساز بدات، ئاهەنگەکەیش سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو، ئاشکرایشە دەیزانی چاکەی بانگهێشت کردنی بۆ هایدلبێرگ بە پلەی یەکەم بۆ وی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەرسین

سامانچین، لەوەیشدا دۆستە نزیکەکانی، لـە ڕۆژنامـەنووس و میوزیکـژەن و هاوڕێکـانی یارمەتییان دا.

ئایدانا، کە گۆرانی کلاسیکی دەچڕی، بەلای ئەو کەسـانەوە کـە ئارەزوویـان لـە گـۆرانی ناوچەیی دەکرد خشڵێکی بەهادار بوو.

وەك چۆن لە ئەوروپا لە کاتی سازدانی ئەم جۆرە ئاهەنگە تایبەتییەدا باوە، ئـەوە ڕیکـلام لە هەموو شوێنێك بڵاوکرابـووەوە، لـە نووچـەی هەواڵەکانـدا بڵاوکرابـووەوە، تەلـەڤزیۆن گۆرانییەکانی بڵاوکردبووەوە، ڕۆژنامەکان بابەتیان لەبارەوە نووسیبوو. ئەوەبوو ئایدانا لـە پەرستگەی دێرینی هایدلبێرگ گۆرانی چڕی، چونکە ئەڵمانە پرۆتستانتەکان بـەکارهێنانی پەرستگەکان بۆ چالاکییە دنیاییەکان بە شکۆمەندییەکی مـەزن دەزانـن، ئـەوەبوو لـەژێر گومەزی جیهانیانەی پەرستگەی (کێرکا)دا بە هـۆی (ئەکۆسـتیکا) دابەشـکردنی نایـابی دەنگەوە گۆرانیی زیندوو بەرگوێ کەوت، ئەو ئەکۆسـتیکایەی کـە چـەندین سـەدەیە لـە خزمەت سرووده ئایینییەکاندایە. بە یاوەری پیانۆو ئۆرگن (ئایدانا) بە زمانگەلی ئیتـالی و ڕووسی و ئەڵمانی گۆرانی چـڕی، هـەروەها بـە زمـانی دایـك زمـانی قێرغیـزی چـەند گۆرانییەکی پێشکەش کرد.

چەپڵەیەکی زۆریان بۆ لێ دا، چـاوی بیـستەران، کـە لـە شـوێنی گرووپەکـەو ڕاڕەوەکـەی پەرستگەکە دانیشتبوون، لە خۆشیاندا دەبریسکایەوە.

چێژی سەرکەوتن و سرووش هەستی خۆشەویـستیی لای هـەردووکیانی بـەرزتر کـردەوەو، لێکی نزیك کردنەوەو، پاڵی پێوە نان کە هیوا بخوازن بەردەوام پێکەوە بمێننەوە. لە خـودی ئەو چێژەدا بوو بووکی نەمر لای هەردووکیان بەرجەسـتە بـوو، پـاش ئاهەنگەکـەو، ئـەو پێشوازییە کورتەی بۆ وێ ساز درا لـە چێـشتخانەکەی تەنیـشت پەرسـتگەکەوە، ڕۆیـشتن پێکەوە لە سەیرانگە چیاییەکەی دەوروبەری قەڵای هایدلبێرگ پیاسە بکەن، لەو شـوێنەی بە میوانداری دابەزیبوون، ئارەزوویان کرد بە تەنیا پێکەوە بمێننەوە.

زۆ شادومان بوون، پاش ئەوەی کەمێك لە باڕەکە دانیشتن، کە لە ناو هـۆڵی قەڵاکەدایـە، هەر یەکەیان پێکێك ویسکی هەڵدا، سەرلەنوێ چـوونە دەرەوەو بـەناو ڕێڕەوەکـانی نێـوان

درەختەکاندا دەستیان بە پیاسە کردەوەو، بەو نیوەشـەوە، لـە بڵندایییـەوە تەماشـای ئـەم شارەی سەدەکانی ناوینیان دەکرد، کە لە ڕووناکیدا دەبریسکایەوە.

کاتێکیش لەسەر تەختەکە دانیشتن دەستیان بە قسەو باس لە بارەی میوزیکەوە کـرد. لـە ناکاو ئایدانا لێی پرسی:

ـ چی گۆرانییەکت دەوێت بۆت بچڕم؟

ـ ئێستە؟

ـ نا، نەك ئێستە، بەڵکو لە هەر ئاهەنگێکدا بێت، لەگـەڵ ئۆرکـسترای سـەمفۆنیادا. تـۆ لەناو هۆڵەکە دەبیت، منیش لەسەر شانۆ تەنیا بۆ خودی تۆ گۆرانی دەچڕم. چیت دەوێت؟ گۆرانییەکی ئیتالیت دەوێت؟

ـ ئاشکرایە، (ئایا)، زۆر لە ڕیپۆتوارك، ئیتالی، ئیسپانی ـ م دەوێت. بەڵام ئایە دەزانیـت چی هیوایەکم هەیەو حەز دەکەم بێتە دی؟ (ئایا)من ڕەوشتێکی سەیرم هەیـە، ماوەیـەکی دورو درێژە بە نهێنی خەون دەبینم ـ وەك ئەو پیاوە ئایینییەی وازی لە دنیـا هێنابێـت و، خۆی دابێتە دەستی خەونی یاساغی لەمەڕ ئافرەتـەوە ـ کـە (ئاریـا ـ گـۆرانی)ی بـووکی نەمر بە دەنگی تۆ ببیستم.

ـ ئاریای بووکی نەمر؟ ـ بەسەر سورڕمانەوە پرسیاری کرد ـ لە ڕاستیدا بە سەرپێیی گـوێم لەم ئەفسانەیە بووە، بەڵام ئۆپرا پێویستی بە میوزیکی (لیبریتۆ) هەیـە، هـەروەها شـتی زۆرتریش.. بە ڕاستی تۆ لەو پیاوی ئایینییە خراپەکارە دەکەیت وازی لـە دنیـا هێنابێـت و خەون بە ئافرتەوە ببینێت..

بەڵێ، شـتی ئـەوتۆ نییـە لـە خەونـدا لێـی بترسـیت، بـەڵام ڕێگەکـە بـەرەو لای خـەون وەردەچەرخێتەوە..

ئایە لەو ساتەدا دەرکیان بەوە کردبوو، یان نەکردبوو، کە ئـەوە خـاڵی هـەنگاو هـەڵهێنان بوو، ئەگەرچی ئەوەیش لە چوارچێوەی ڕامانی ـ ئۆپرای داهاتوو ـ (بووکی نەمر) بوو؟

پێدەچوو، ئەرسین سامانچین چـاوەڕوانی ئـەم سـاتەی بووبێـت بـۆ ئـەوەی سـەبارەت بـەو بیرۆکەیە قسەی بۆ بکات کە ماوەیەکە بیری لێ دەکاتەوە، تـۆ بڵێیـت بـۆ ئـەم مەبەسـتە نەبووبێت چارەنووس لەو کاتەو لێرەدا پێکەوەی کۆکردبنەوە؟

***

جا لەبەر ئەوەی باسی چارەنووسمان دەکرد، ئایە ئەرسین ستامانـچین دەیتـوانی لـەو سـاتە چارەنووسسازەی خۆیدا بزانێت کە لە کۆتایی ئەم بەسەرهاتەوە نیازێکی لەڕادەبەدەر سـەر هەڵدەدات کە پێشتر هەرگیز بیری لێ نـەکردبووەوە ـ ئـەویش نیـازی کوشـتنە. هـەروەها بەرەو هەڵدێر دەچێت و ناکشێتەوەو ئـەو شـتەی کـە دەیکوژێـت و لـەناوی دەبـات، لای کەسانی دیکە زۆر ئاسانەو، لای ئەو زۆر دژوارە: چۆن چەکی دەست بکەوێت بۆ ئەوەی ئەو نیازەی خۆی پێ جێبەجێ بکات؟

***

جارێکی دیکەیش سـەبارەت بـە چـارەنووس. لـەو سـاتەدا هێـشتە جابـارس لای چـیای ئۆزینگیلیش ـ ستریمیانی بوو، چاوەڕێی چارەنووسـی دەکـرد، بەشـکو لـە سـەرکەوتن بـە چیاکەدا یارمەتی بدات و، تا کاتی خۆی بە ژیانی خواپەرسـتی و گۆشـەگیرییەوە سـەرقاڵ بکات. کەس ناتوانێت ـ چ مرۆڤ یان گیانلەبـەری دڕنـدە ـ بـیر لـەوە بکاتـەوە و بزانێـت چارەنووس چی بۆ شاردووەتەوە. وەك پێدەچێت ئـەوە هـیچ پێوەندییـەکی هاوبـەش، یـان ڕێککەوت، چارەنووسی هەردووکیانی پێکەوە نەدەبەست، بـەڵام ئـەو ڕەوشـانەی ڕێگـەی ئەوەی لێ گرتوون، مرۆڤ و گیانلەبەری دڕندە، یەکدی نەناسن، ئەوە خۆی لەسایەی هەمان چاوی بێداری هەمان چارەنووسدا دەبینێتەوەو، لـە ئـامێزی ڕەوتـی ژیـانی هەردووکیانـدا پێگەیشت، دەشێت هەموو شتێك لە گەردووندا ڕووبدات.

ئایە دەشیا ـ گریمان ـ ئـەوە ڕوو بـدات گیـانی بووکـە نـەمرە ئەفـسانەییەکە تەناسـوخی کردبێـت و چـووبێتە نـاو گیانیـەوە، کاتێـك ئـەو شـەوە لـە سـەیرنگەی هایـدلبێرگ بەرجەستەبوو، کاتێك هەردووکیان دوو بە دوو پێکەوە بوون و، سەرقاڵی قسەکردن بـوون و تا دەهات لێکدی نزیك دەبوونەوەو، لێککگەیشتنیان بەرانبەر بە یەکدی قـووڵتر دەبـووەوە؟ ئایە دەشیا لە بۆتەی ددان پێدانە ئەویندارییەکانیاندا تەناسوخی خودی ئەفـسانەیی ڕووی دابایە کە لە ڕووی تراژیدیاوە بۆ ئەو بوو بە گەوهەری کۆتایی هەبوون؟ لە ڕاستیدا ئەرسین سامانچین ڕوودانی ئەم جـۆرە تەناسـوخەی ڕەت نـەدەکردەوە ـ چـونکە زۆر شـت لەسـەر

ئارەزوو دەوەستێت، هەروەها لەسەر ئامادەیی هەردوو یارو دڵدار دەوەستێت لە بەشداری پێ کردنی جیهانی دەورو بەریان لەو شادییەی دەیگوزەرێنن.

ئەمەبوو سرووشی بە ئەرسین سامانچین بەخشی، کاتێك دەستی بە گێڕانەوەی ئەفسانەی بووکی نەمر بۆ ئایدانا کرد:

ـ هەر لە منداڵییەوە دەمزانی و بڕوام بەوە هەبوو کە بووکی نەمر تا ئێستە بەناو چیاکانی (ئۆزینگیلیش ـ ستریمیانی)دا دەسووڕێتەوە، ئایە تۆ بڕوا دەکەیت؟

ـ بڕوا دەکەم، بڕوا دەکەم ـ ئایدانا، بە بزەیەکی سووکەوە، بەرسڤی دایەوە، لە کاتێکدا کە ناو لەپی بە ملیدا دەسوو ـ چەندم حەز لێیە گوێت لێ بگرم، وەك بڵێیت میهرەبانی لەگەڵ بنوێنێت. ئەرسین لەو دیمەنە نایابەی دەوروبەرمان بنواڕە، شەوو مانگ زۆر جوانن و گڵۆپەکان دەبریسکێنەوە، وەك چۆن لە چیرۆکەکاندا ئاماژەیان پێ دەکرێت و، ئێمەیش هەردووك بەتەنیاین، کەسی دیکە لەم ناوە نییە، تەنانەت باڵندەکانیش لەناو سەیرانگەکەدا بێ دەنگ بوونە، سەیر بکە.

ـ باشە، با باڵندەکان بێ دەنگ بن، هەرچی منم ئەوە بێ دەنگ نابم، کاتێك قسە لەبارەی بووکی نەمرەوە دەکرێت. هەر مرۆڤەو دەتوانێت بەو شێوەیەی پێی خۆشە بیر بکاتەوە. ئایە ئەمە ئەفسانەیە، یان شتێکی دیکەیە، بەڵام (ئایا)، جار جار بینینی وێ لە دوورەوە لە چیاکان لە چاوترووکانێکداو پاشان دەست بەجێ بزربوونی، لای من ئەفسانە نییە. لە مێژە ئەو بەسەرهاتەی لە ناوچەکانی ئێمەدا باوەو، هەمووان لەو بڕوایەدان کە بە چیاکاندا دەسووڕێتەوەو، بە دوای زاوای بزربوودا دەگەڕێت، ئەوانەیش دوای کەوتوون و ڕاوی دەنێن، یان دڵدارەکەیەتی کە ڕاوچییەکی لاوی بەختەوەرە، ئەویش بێ سەرو شوێن بزربووە، یان دوژمنان لە ئەشکەوتەکەیان شاردووەتەوە، یان توانای پەیڤین و قسەکردنیان نەهێشتووە ـ کێ چوانێت؟ ئەوە، وەك هەمیشە، بەسەرهاتی ئارەزووەکانی مرۆڤە، لە فرت و فێڵ و تینوویەتی دەستەڵات، کە بە درێژایی سەدەکان بەردەوام بووە.

ئایە دەزانیت هەرزەکارەکانی لای ئێمە، لە چیاکان، لە شەوانی هاویناندا کە مانگ تێیاندا دەبێتە مانگی چواردە شەو لەوە ڕاهاتوون لەسەر تەپۆڵکە بەرزەکان گرد ببنەوە بۆ ئەوەی بووکە نەمرەکە ببینن، ئاگر دەکەنەوە بۆ ئەوەی لە دوورەوە بیبینێت، هەرچی

شامانەکانن ئـەوە دەهـۆڵ لـێ دەدەن و هەڵدەپـەڕن و نـاوی خـۆی و دڵـدارە بزربووەکـەی دەهێنن ـ بانگی دەکەن لە ئاگرەکە نزیك ببێتەوە، ئافرتەکانیش لە نزیك ئاگرەکـە بـانگی دەکـەن و دەگـرین، دەڵـێن هەنـدێك جـار لەشـوێنێکدا لـە سـێبەردا دەردەکـەوێت و، دەنووشتێتەوە پاشان بزر دەبێت. دەتـەوێت جـارێکی دیکـە سـەر لـە بارەکـە بدەینـەوە؟ ئارەزووی هەندێك ویسکی ناکەیت؟

پێشتر لەوێ بووین، تۆیش زۆرت خواردەوە، ئەرسین پێویست ناکـات چـەند بـەزەییم پێـدا دێتەوە، بە بووکی نەمردا، وەك بڵێیت ئێمە لە پێناوی (وێ)دا ئامادەی ئێرە بووینە.

ـ ڕەنگە شتەکە بەو شێوەیە بێت، جا بۆیە حەز دەکەم ئەم بەسـەرهاتەت بـۆ بگێڕمـەوە. ئەو ئاگرەی بۆ بووکی نەمر تەرخان کراوە لە چیاکان لەو دیو سنووری چـینیش دەکرێتـەوە چونکە سنوور دەکەوێتە ئەو دیوی چیاکانی ئۆزینگیلیش ـ ستریمیانی، لـەوێش لـە مێـژە خێڵە قیرغیزییەکان دەژین کە خزمایەتییان لەگەڵ ئێمە هەیە، بـەڵام بـە دەگمـەن نـەبێت مامەڵە لەگەڵ یەك ناکەین ـ چونکە ڕێگەکانی ناو چیاکان تەنیا لە هاوینانـدا دەتوانیـت پێیاندا بڕۆیت، بۆیە بەر لە ساڵێك بۆ هەنـدێك کاروبـاری ڕۆژنامـەوانی لـەوێ بـووم. بـە فڕۆکەو پاشتر بە ئۆتۆمبیـل (ئـۆرگنیچ)م بـڕی. چـەندین دیـداری جۆراوجـۆرم ئـەنجام داو کەرەستەیەکی باشم بۆ ڕۆژنامەکە کۆکردەوە. ئەوەی زۆر بەلامەوە سەیر بوو ئـەوەبوو کـە قیرغیزییە ناوچەییەکانی ئەودیوی سنووری چین ئەوانیش بەسەرهاتی بووکی نـەمر دەزانـن و هەمان نەریت و سرووتیان هەیە، بۆیە هاوینان ئاگر دەکەنـەوە، کاتێـك مـانگ دەبێتـە چواردە شەوان و، داوا لـە گیانـەکان دەکـەن یارمـەتی بـووکی نـەمر بـدەن. بـەڵام یـەك جیاوازییەکی سەیر لای قەرغیزە چینییەکان هەیە: بەپێی نەریتی ئەوان دوو کچی جوان لە نزیك ئاگرەکەدا ڕادەوەستن و ئەسپێکی زین کراو ڕادەگرن، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بـە بووکی نەمری پێشکەش بکەن.

لێرەدا ئایدانا بە گاڵتەوە گوتی:

ـ چی دەبێت ئەگەر لێرەدا لەسەر گـردی هایـدلبێرگ ئـاگر لـە پێنـاوی بـووکی نـەمردا هڵگیرسێنین، دەی ئەرسین با ئاگری بۆ بکەینەوە.

ـ بۆ نا، ئەرسین سامانچین بە پێکەنینەوە بەرسڤی دایەوە، بەڵام دەبوو پێشتر بیرمان لـەوە بکردایەتەوە چونکە دەبێت چیلکەدار کۆبکەینەوە، پاشان (شامان) لەکوێ بهێنین؟ ئـا ... چی دەڵێیت من ببمە شامان؟

زۆر باشە! دەبێت ببیتە (شامان)ێکی باش، بەڵام با ئـەوە بـۆ جـارێکی دیکـە دوابخـەین، چونکە ڕەنگە ئاگرهەڵگیرساندن لەسـەر تەپۆڵکەکـە، کـە بەسـەر شـارەکەدا دەڕوانێـت، هەرایەکی نێودەوڵەتی لێ بکەوێتەوە.

ـ لەمەدا ڕاست دەکەیت، دەشێت لە هەموو لایەکی ئەوروپا ناو دەربکـەین و بـەناوبانگ بین ـ ئەرسین سامانچین ئەوەی گوت، لە کاتێکدا سەری دەلەقانـدەوەو پاشـان پێکـەنی و، هەردوو شانی لە ئامێز گرت ـ ئای ئەم سەیرانگەیە چەند خۆشە، ئایـە (ئایـا) بـە هـۆی منەوە ماندوو نەبوویت؟

ـ هەرگیز، خۆشحاڵم، شادومانم چونکە بووکی نەمرمان لەگەڵە.

ـ سوپاس. ئێستەیش گوێ ڕادێرە: ڕاوچییەکی لاو لـە چـیاکانماندا دەژیـا،زۆر بـەهێزو زۆر خێراو تیژڕەو بوو، دەیتوانی بە بزنە کێویدا بگات و گورگ و پلبنگە بازووەکان ڕاو بکـات و کەوڵیان بکات ...ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکانی خێڵەکە بـە ڕاوکردنـی ئـەو دەژیـان و ڕۆڵەکانی گەل زۆریان خۆش دەویست و پێشبینی ئەوەیان دەکرد ببێتە سەرۆك. جارێکیـان لەگەڵ خزمەکانیدا چووە دۆڵەکەی تەنیشت، بۆ ئەوەی ئامادەی میوانداریيەك ببێت، لەوێ کچێکی جوان دەبینێت، خۆشی دەوێت ئەویش ئەمی خۆش دەوێت، بۆیە بە سواری ئەسپ هاتوچۆی ناوچەکەیان دەکات، نزیکەی هەموو ڕۆژێك لـە چـیاکان دەپەڕییـەوە، زۆر کـات تێنەپەڕیبوو تا ئافرەتێکی فاڵگر بەختی کـچەکەی خوێنـدەوەو پێـی ڕاگەیانـد کـە جـۆرە ئەستێرەیەکی تایبەت لە ئاسماندا هەیە کە ئەستێرەی خۆشەویستییانەو ئەو ئەستێرەیە لـە شەوی زەماوەندیاندا بە شێوەیەك دەدرەوشێتەوە بینایی چاو دەستێنێت و، ئەو شەوە لەناو هەموو ئەستێرەکاندا پرشنگدارتر دەبێت بە ئاسمانی چیاکانەوەو، تـا بـەیانی لـە شـوێنی خـۆی ناجووڵێـت، ئەگـەر هـەور داینەپۆشـێت. کاتێـك کـچەکە ئـەوە بـۆ ڕاوچـییەکە دەگێڕێتەوە، ئەویش لای خۆیەوە ئاگەداری دەکاتەوە کە ئافرەتێکی فاڵگری دیکـە نهـێنی بوونی ئەمی لە ژیاندا بۆ گێڕاوەتەوە:

ـ (لەم جیهانەدا لەدایك بووم بۆ ئەوەی مێردت پێ بکەم) لێرەدا بووکی دوارۆژ بۆ ڕاوچییەکەی دووپات کردەوە کە بەردەوام لەگەڵی دەبێت. بەم شێوەیە ڕاوچییەکە ـ زاواکە لەگەڵ نزیکەی هەر هەموو خزم و کەسوکارەکانیدا هاتن بۆ لای کەسوکاری بووکەکە بۆ ئەوەی بووکەکە ببینن و داخوازی بکەن. ئەوە جەژن و ئاهەنگێکی بێ وێنە بوو. ئەوەندە دیارییان بۆ دایك و باوك و خزمەکانی بووکەکە لەگەڵ خۆ هێنابوو، مەڕو مالاتی زۆرو جۆراوجۆرو فەرووی سمۆرەو سیناریان بۆ هێنابوون، لە هەموو گرنگتر ئەوەبوو کە ڕاوچی بە خۆی لەسەر هەر یەك لە هەردوو شانی پێستێکی بازووی جۆرە پڵنگێکی دانابوو کە کەس ناتوانێت ڕاویان بکات ئەگەر ڕاوچییەکی چاپۆك نەبێت، بە خۆی پێشکەشی دایك و باوکی بووکەکەی کرد. لە کەش و هەوایەکی پڕ لە شادی و بەختەوەریدا هەموویان بە یاوەری بووك و زاوا بەرەو کەناری ڕووبارەکە بەڕێ کەوتن و لەوێ لە یەکدی مارەیان بڕا. لەو کاتەوە ڕووبارەکە بوو بە شایەتی ئەوین و خۆشەویستییان. بڕیار درا شاییەکەیش پاش هەفتەیەك بەڕێوە بچێت، بە مەرجێك ئەم جارەیان لە گوندی زاواکە، لەو دیوی چیاکان بەڕێوە بچێت.. وەك باویش بوو میوانداریيەکەو ئاهەنگ گێڕانەکە بە بۆنەی مارەبڕینەکەوە تا بەرەبەیان درێژەی کێشا. بەڵام تەنانەت لێرەشدا خەڵکانێك هەبوون ئیرەییان دەبردو حەزیان بە چارەیاندا نەدەهاتەوە، ئەوانە ڕقیان لە زاوا دەبووەوەو ئیرەییان پێ دەبرد نەك تەنیا لەبەر ئەوەی ڕاوچییەکی ناودارە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەندێك کەس پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە ئەو شۆڕەسوارە زیرەك و ئازاو، قۆزو چالاکە دەبێتە سەرۆکی هەردوو خێڵەکەو فەرمانداری هەر هەموو ناوچەکە. بۆیە ئیرەیی پێ بەران ئەوەیان بە لاوە پەسەند نەبوو، ئەوەیش وای کرد دەستیان بە داونانەوەو پیلانگێڕانی نابەجێ کرد. ئایە باشتر وانەبوو بە شێوەیەکی ئاشکرا، یەك بەرانبەر بە یەکدی زۆران بگرن، نەك لە پێناوی زەوی، نەك لە پێناوی سامان، تەنانەت نەك لە پێناوی دەستەڵاتدا، بەڵکو لە پێناوی گیاندا؟. بەڵام ئایە فرت و فێڵی مرۆڤ سنووری بۆ هەیە؟

فیتنەگەری بە نهێنی تەشەنە دەکات، بۆیە فیتنەیە. کێ دەیتوانی لەو میوانداریيەی لای ڕووبارەکەدا بزانێت کە چارەنووسێکی دیکە خەریکە دزەی دەکردو، شەڕو ڕق و کینەی بۆ خۆشەویستی و ئەوین و بەختەوەری بووك و زاواکە پێیە ـ ئەویش فیتنەگەری ڕەش بوو.

وەك چۆن (ئەڤین)ی شاعیر دواتر گوتوویەتی (ئەگەر هەتاو بەو فیتنەگەرییەی بزانیبایە، ئەوە لەئاسمانەوە شەرم دایدەگرت و ڕووی خۆی دەشاردەوە، ئەگەر هەورەکان بیانزانیبایە ئەوە بارانێکی بە خوڕیان دادەباراند بۆ ئەوەی ئەو میوانداریيە ئاهەنگە بشوات و لێرەی دوور خستبایەتەوەو بۆ پێدەشتە بەرینەکەی بردبایە).

ـ ئای ئەرسین، چەند جوانە.

ـ وەك دواتر (ئەڤین) گۆرانی چڕی: (ئەگەر ڕووبارەکە بەو فیتنەگەرییەی بزانیبایە ـ چونکە بووك و زاوا لە کاتی مارە بڕینیاندا بۆڕێزگرتن لە ڕووبارەکە نووشتانەوەو، سوێندیان خوارد بەردەوام دڵسۆزی یەکدی بن ـ ئەوە پاشەو پاش دەگەڕایەوە) .. تەنانەت ئەو سروشتە ڕەسەنە دەیتوانی دژ بەم جۆرە هیچ و پووچییە یاخی ببێت. بەڵام کێ دەیتوانی پەی بەو نیازە نهێنییە گڵاوە ببات لەکاتێکدا هاوئاوازی باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە ـ ئەوەتە هەتاو بە هەموو چاوتێرییەك تیشکی خۆی بەسەر چیاکاندا پەخش دەکاتەوە، بارانیش لەو نزیکانە دایداوەو، ساردی خۆی بڵاوکردووەتەوەو، مێرگەکانیش لەژێر پێیاندا دڵخۆشن و، دووکەڵی ئاگرەکانیش بە بۆنی خۆشی چێشتەکان بانگی میوانەکانیان دەکرد، پۆلە مەلەکانیش شادومانانە بەسەر سەریانەوە دەفڕین، گۆرانییەکانی ئەڤین باسی هەر هەموو ئەمانە دەکەن.

ئاهەنگی مارە بڕینەکە لە ناو دۆڵەکەدا، لە نزیك ڕووبارەکەوە، گورج و گۆڵانە بەڕێوە دەچوو، هەراو هوریای لاوان کاتێك بەوپەڕی سووربوونەوە یاری ئەسپ سوارێیان دەکرد، شامانەکانیش گیانیان بە هەڵپەڕکێ و سەماو جووڵە شێتەکاندا دەکردو، لە سەرانسەری جیهاندا بانگی گیانەکانەکانیان دەکرد، بەڵام دیارترین چالاکی بەر بووك و زاوا کەوت ـ کێبەرکێی ئەسپ سواری و پێشبڕکێی (گەیشتن بە زاوا).

بووك و زاوا سواری باشترین دوو ئەسپ بوون، خۆیان بۆ یاری پێشبڕکێکە ئامادە کرد: دەبوو زاوا بە بووکدا بگات، کە پێشتر بە ماوەیەکی کورت پێش ئەو تێی تەقاندووەو، لەکاتێکدا هەردوو ئەسپەکە توند غار دەدەن ماچی بکات. ئەگەر توانی ماچی بکات، ئەوە واتای ئەوەیە بەختەوەری چاوەڕێیان دەکات چارەنووسیش چاوی لێیان دەبێت.. دیمەنی بووکەکە، کە سواری ئەسپەکە بووبوو تا بڵێیت دڵڕفێن و جوان بوو، وەك بڵێیت بۆ

ئەوە دروست کراوە، بە بەژن و بە درێژی و بــە ڕوخــسارو بــە پۆشــتتەیی و جـل و بــەرگی کچانەیەوە، لای خۆیشییەوە زاوایش لە ڕووی جوانییەوە هیچی لەو کەم نــەبوو. ڕ وانــین و ســەیرکردنی بریــسکەدارو نیگــەرانیان لــە چــاوەڕوانی کێبەرکێکــەداو، بــزەی کــەمێك پەشۆکاویان، شادومانی بەسەر هــەوو ئامادەبووانــدا دەپرژانــدو بــڵاو دەکــردەوە، کــە بــە ســینگ فرەوانییــەوە چــاوەڕوانی دەســت پێکردنــی کێبــەرکێ ئەفــسووناوییەکە بــوون. دەستەخوشکەکانی بووکەکە بە هاواری بەرز هانی بووکیان دەدا: (خێرا تێــی تەقێنــەو ڕێ مەدە پێترا بگات، با پیاوان بزانن ئێمە چــەند چوســت و چــالاکین). لای خۆیــشییەوە زاوا ئامۆژگاری بەر گوێ کەوت: (نەکەیت سەرنەکەویت و پێیرا نەگەیت، ئەگینە دەبیتە جێــی گاڵتەجاڕی)، هەرچی شــامانەکان بــوون ئــەوە لــە هــەراو هوریــای خۆیــان نەدەکــەوتن ـ سەمایان دەکردو دەهۆڵیان لێ دەدا، ئەمــەیش خەڵکەکــەو هــەردوو ئەسـپەکەی بــەگوڕتر دەکرد..

ئەوەبوو پیرەمێردەکان فەرمانیان داو، کێبەرکێ دەستی پێ کرد. بووکەکە لە پێشەوە بوو، زاوایش دوای کەوتبوو. بەرەو ڕووبارەکە تاویــان دەدا، کــە ئاهــەنگی مارەبڕینەکــەیان لــە کەنارەکەیدا گێڕا.

بڕیار بوو کێبەرکێکە تەنیا تا کەناری تەنکی ڕووبارەکە بێت. بەڵام ئەگــەر زاوا نــەیتوانی بە بووکرا بگات، ئەو کات بووك ئاوڕ دەداتەوە بۆ ئەوەی بە زاوادا بگات و لەگــەڵ قاقــای پێکەنینی هەموو ئامادەبوواندا ماچێکی دەکات، ماچی سەرکەوتووانە.

بەڵام ئەوەی باوە بەردەوام زاواکان بە بووکەکانڕا دەگەن.

تا هەتایە ئەم پێشبڕکێ ئەفسووناوییە لە یادی بووکەکــەدا دەمێنێتــەوە، کــە لــە چــنگی (زاوای خۆشەویست) هەڵدێت، کە وێ خەون دەبینێت لەگەڵی بمێنێتەوەو هەرگیز لێی دوور نەکەوێتەوە، لای خۆیشییەوە زاوا ئەوەی لە یاد ناچێت کە لەگــەڵ ڕیتمــی هــاوارو فیــك و فاکی ڕۆڵەکانی خێڵەکەیدا چۆن بە بووکەکەڕا دەگات.

ئێستەیش بووکەکە تاوی داو چوون باڵندە لە چنگی زاوا دەرچوو، ئەویش لای خۆیــەوە بــە دوایدا تێی تەقاند. ئەو بایەی بەرەو ڕوویان دەهات هەردووکی لە ئامێز دەگــرتن و ماچــی

دەکردن، لەکاتێکدا ئـەوان باڵیـان دەگرتـەوەو بـە گوێـوەی دەچـرپاندن کـە ئـەم ڕاونانـە بەختەوەرترین ساتەکانی ژیانیان دەبێت.
ئای چی ساتگەلێکی خـۆش و پـڕ لـە شـادی و کامـەرانی و سـووربوونە. کەنارەکـەیان لەبەردەمدا لێ دەرکەت، لەکاتێکدا هەردووکیان هێشتە هـەر بـەرەو پێـشەوە دەچـوون و هەردوو ئەسپەکەیش بە هۆی غاردانەوە بەرەو شەکەت بوون دەچوون. بووکەکە، کـە هـەر غاری دەدا، لە ناخی دڵییەوە ئارەزووی دەکرد زاوا پێیڕا بگات، ئەوەی کە ویـستی ژیـانی خۆی تا هەتایە پێوە گرێ بدات، بۆ ئەوەی ئەم ئەوی خۆش بوێت و ئـەویش ئـەمی خـۆش بوێت. بەبێ خواستی خۆی تۆزێك لە خێرایی ئەسپەکەی کـەم کـردەوەو وردە وردە جڵـەوی ئەسپەکەی توند کردو بە پێڵاوەکەی فشاری خستە سەر ئاوزەنگییەکە. بۆ ئـەوەی زاوا بـە زووترین کات پێیڕا بگات، ئەگینە ئەوە ڕووبارەکەیە زۆر نزیـك بووەتـەوە... ئەوەتـە سـم وهەناسەبڕکێی ئەسپەکە خـەریکن زۆر نزیـك دەبنـەوە، ئەوەتـە هـەردووکیان بـە جووتـە پێکەوە، لە تەنیشت یەکدییەوە غار دەدەن، ئاوزەنگی لە ئاوزەنگی دەدات و جیهانێکیـان لەبەردەم خۆیاندا دەبینی لەوەپێش نەیانبینیبوو. کە ئەویش بروسکەیەکی ئەفـسووناوییە، بەڵام بە داخەوە بەردەوام نابێت. ئەوەتە، لە کاتێکدا باڵ دەگرنەوە، لە ئـامێزی دەگرێـت، خۆی لی نزیك دەکاتەوە، ئەوەتە ماچی دەکات، (وێ)یـش جارێـك و دوو ماچـی دەکـات، لەکاتێکـدا هـەردوو ئەسـپەکە هـەر غـار دەدەن و بـەرەو پێـشەوە دەچـن و ، هـەردوو سوارەکەیش دەرك بەوە دەکەن تا هەتایە یەك دەگرن. بە گوێی بووکیەوە چرپاند : (خۆشـم دەوێیت، تۆ هی منیت)؟ بووکیش بەرسڤی دایەوە: (تا هەتایە لێت دوور ناکەومەوە).
خەڵکەکە شاگەشگە بوون و، بە یەك دەنگ هاواریان کردو ستایـشی زاوایـان کـرد: (هـەر بـژیت، شۆڕەسـواری ڕاسـتەقینەیت، ڕێگـەی بـۆ بکەنـەوە، ڕێگـەی بـۆ بکەنـەوە. دوور بکەونەوە! ئەوەتە دەگەڕێتەوە. ئێستە مـوڵکی ئێمەیـە، لەگەڵماندایـەو ئێمـەیش لەگـەڵ ئەوین). بەم هاوارانە ئاهەنگی مارەبڕینەکە کۆتایی هات.
بەڵام تەڵەو داوە نهێنییەکە بێ هێزنەبوو، پاشەکشەی نەکرد، بگرە پیلانگێڕەکان لە ڕقانـدا توندتر ددانیان بە ددانیدا دەنا، فیتنەگەریش بەردەوام ڕێ و ڕێچکە بۆخۆی دەدۆزێتەوە..

لەم کاتانەدا، پاش ماڵئاوایی کردن، میوانـان و ـ خوازبێنیکـاران بـۆ گونـدەکانی خۆیـان گەڕانەوە، بۆ ئەوەی خۆیان بۆ شاییەکە ئامادە بکەن. ئامادەکاری دەست بـەجێ و بەپەلـە دەستی پێ کرا. هەموو شتێك بە شێوەیەکی ئاساییانە بەڕێوە دەچوو، وەك چۆن نـەریت و ڕەفتار دەخوازێت ـ هەر لە شوێنی هەڵدانی دەواری بووك و زاواوە، کـە پێکـەوە یەکـەمین شەوی تێدا بەسەر دەبەن، بە شێوەیەك لە شوێنێکی بڵندی دوور لـە دەوارەکـانی دیکـەدا بێت، هەروەها دابشکردنی دەوارەکانی میوانـان لـە خوازبێنیکـاران و خزمـان، بگـرە تـا دەگاتە ئامادەکردنی دیاری و کەرەستەی میوانداری. هـەروەها دەسـت بـە ئامـادەکردنی گێڕانـەوەکانی (ئـەقین)ی شـاعیرو گـۆرانی لاوان و سـەماو هەڵپـەڕکێکانیان کـرا. ئـەو سەردەمانە ئەمـەیان پێویـست دەکـرد، چـونکە شـایی ئاهـەنگێکی هاوبەشـی هـەموو ڕۆڵەکانی خێڵ بوو.

ئەوەتە ڕۆژی پێش ڕۆژی گەیشتنی میوان و دەست پێکردنی ئاهەنگی شاییەکە هات. هەر لە بیانییەوە زاوا ـ ڕاوچی لەگەڵ دوو لە براکانیدا بەرەو ڕاوکردن ڕووی کـردە چـیاکان، بـۆ ئەوەی پێستی دڕندەکانی دەست بکەوێت تا بـە دیـاری پێـشکەشیان بکـات. نێـچیرێکی زۆری کوشت.

لەگەڵ نزیکبوونەوی نیوەڕۆدا لـەناکاو هـاوار هـاوار لـە دوورەوە بـەر گـوێ کـەوت. ئـەو دەنگانە دەنگ و هاواری خزمەکانی زاوا ـ ڕاوچییەکە بوون، بە دوایدا هاتبوون و بانگیـان دەکرد. زۆر بوون، پەرێشان و پەشێو بوون: (کارەساتە، کارەساتە! ڕاوەسـتە. بگـەڕێوە) ـــ هاواریـان دەکـر! پاشـان بـە دەسـتیان تونـد سـنگیان دەکوتـا ـ هەواڵـە ناخۆشـەکەیان پێڕاگەیاند:

شەوی ڕابوردوو دەزگیرانەکەی لەگـەڵ یەکـەمین دڵداریـدا هـەڵاتووە، خـەڵکێکی زۆر لـەو بڕوایەدان بۆ شارە بازرگانییە قەرەباڵغەکەیان گوێزابێتەوە.

مەپرسە ئەو کاتە چی ڕووی دا! لەناکاو ئاسمان ڕووی درژکردو ناوچەوانی بەیەکـدا دا، بـاو گەردەلوولێکی توند هەڵیکرد، وەك بڵێیت زستان بێت، زریانێکی بـەفربارین دەسـتی پـێ کرد، لە کاتێکدا وەرزەکەیش هاوین بوو.

ئای چی شوورەییە ـ خزم و کەس و کارەکەی هەڵیاندایەو لە نائومێدیدا خۆیان بە عـەرددا داو، لە ئاسمـان دەپاڕانـەوە ـ بۆچـی، بۆچـی ئـەم ڕیـسواییەت بەسـەر هێنـاین؟ دەبێـت بکوژرێت. دەبێت ئەو بێ شەرمە بدۆزرێتەوەو لە شوێنی خۆیدا بکوژرێت. دەسـت بـەجێ ڕۆیشتن بۆ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێن. بەڵام دەزگیران ـ ڕاوچـییەکە بـێ دەنـگ لـە شـوێنی خۆیدا بـێ دەنـگ نـەجما. هەواڵەکـە هەژانـدی. لـە شـوێنی خۆیـدا چـەقیبوو، ڕەنگـی هەڵبزورکا، وەك بڵێیت سڕ بووبێت.

ئایدانا لە دڵەوە ئەوەی پێ ناخۆش بوو، هەڵیدایە:

ـ ئای خودایە، خودایە!

ئەرسین سامانچین ڕووی قسەی تێکردو گوتی: ـ بەم شێوەیە من پرسیارت لێ دەکـەم ئایـە هەر هەموو ئەمە لەسەر شانۆی ئۆپرا پێشکەش دەکـەیت، ئـای چـی میوزیکێکـە، چـی حەماسەتێکە، ئای چی دەنگ و چی (میزانسییەکە ـ دابەشـکردنی میوزیـك و دەنـگ).

پاشان ئایدا ڕووداوگەلی زۆر خراپتری بەدوادا هات .. چـونکە کاتێـك کـەس و کارەکـەی بەپەلە خۆیان بۆ ڕاوەدوونان ئامادە دەکردو زاوا ـ ڕاوچییەکەیان هـان دەدا بـۆ ئـەوەی بـە ئەسپەکەیەوە بژەنێت، ئەوە بوو ئەمیش ئاکـام زاری ترەکانـد: ئەگەرچـی ئـەم نەفرەتییـە بەسەر من هاتووە، ئەوە من نەفرەت لـەو بـێ قیمەتـەو لـە هـەموو ڕەگـەزی ئـادەمیزاد دەکەم، باشتر وای دڕندە بم، لەوەی مرۆڤ بم، دەی بڕۆن لەبەر چاوم وڵ بـن. لـە ئیـستە بـە دواوە هیچ مرۆڤێك لە جیهاندا نابینم، هیچ مرۆڤێکیش نامبینێت، گوێتان لێیە؟.

لەبەر چاووم ون بن و دوور بکەونەوەو، بە دوامدا مەگـەڕێن. پـاش ئـەوەی ئـەو وتانـەی لەزار هاتنە دەر، لە ئەسپەکەی دابەزی و، بە پێی کەوتە چیاکان.

سـەرەتا خـزم و کەسـوکارەکەی واقیـان وڕمـاو لـە شـوێنی خۆیـان چـەقین کاتێـك ئـەم وەرچەرخانەی ڕووداوەکان هەژاندنی، پاشان تێانتەقاندو دوای کەوتن بۆ ئەوەی پێیڕا بگەن، بەڵام هیچ شوێنەوارێکیان نەدۆزییەوەو، لەو کاتەوە هەرگیز نەیانبینی.

لە ڕێگەی گەڕانەوەدا کەسوکاری زاوا ـ ڕاوچی سەریان سوڕما کاتێك گوێیـان لـە دەنگـی بووك بوو، کە لەناکاو دەرکەوت و ئێـستە دەسـووڕاو بـە دوای دەزگیرانەکەیـدا دەگـەڕاو، بەردەوام بانگی دەکرد، تـا ئێـستەیش هـیچ کامیـان نـەیانزانیوە کـە بووکەکـە هـەرگیز

هەڵنەهاتووە، ئەوەیش تەڵەیەکی نەگریسانەی کوشندە بووە، بەڵام ئەوەی بە ڕاستی ڕووی دابوو، ئەوە بوو کە ئەو شەوە ڕفێنرابوو، دەستیان بەستبووەوەو سواری ئەسپێکیان کردبوو، دووریان خستبووەوە. لای کەناری ڕووبارەکە، ئەو ڕووبارەی ئاهەنگی مارە بڕینەکەی بۆ دەزگیرانە ـ ڕاوچییەکەی لێ سازدرابوو، دەستیان کردبووەوە بۆ ئەوەی لە کاتی پەڕینەوەی ڕووبارەکەدا لە هەردوو لاوە دەستی پێوە بگرن، هەر ئەوە قوتاری کردبوو، ئەوەبوو خۆی لە دەستیان ڕاپسکاندبوو، خۆی هاویشتبووە ڕووبارەکەوە، ڕفێنەرەکانی بە دوای کەوتبوون، بەڵام لە ئاوە تافە خێراکەدا بزربووبوو. ڕووبارەکە ڕزگاری کردبوو کە ڕفێنەرەکانی ڕاپێچابوو، پاشان کیشابوونیە سەر تاوێرەکاندا. ئەوە بوو بووکەکە کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕزگاری بووبوو، بەهرەی فڕینی پەیدا کردبوو، ئەوەندەی نەخایاند لەو شوێنانە دەرکەوت کە خزمەکانی زاوا لە دەزگیرانەکەی جیابوونەوە، کە بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێك بەجێ بهێڵێت شوێن بزر بوو.

ئێستە ویستیان ڕاییگرن و بزانن چی ڕووی دا، بەڵام ئەویش بزر بوو، چنگیان نەکەوت. ئیدی لەو کاتەوە لەگەڵ نهێنیی بووکی نەمردا دەژێین و، گریانە هەمیشەییەکەی لە چیاکاندا دەنگ دەداتەوەو، لە دووری دوورەوە بەرگوێ دەکەوێت.

(ئایا)، ئێستە بەو شێوازەی دەیزانم هاوارەکانی (وێ)ت بە گوێدا دەدەم کە دەیگوت:

ـ تۆ لە کوێیت؟! تۆ لە کوێیت؟! ئەوەتە بەرەو لای تۆ تاو دەدەم.

منیان ڕفاند بەڵام توانیم هەڵێم.

هێشتە کچم، من دڵسۆزی تۆم.

تۆ لە کوێیت؟! خۆشەویستەکەم تۆ لە کوێێت؟

هێشتە کچم، گوێت لێم نییە.

ڕووبارەکەمان، کە لای ئەودا سوێندی دڵداریمان خوارد، ڕزگاری کردم.

تۆ لە کوێیت؟ تۆ لە کوێیت؟ گوێت لێم نییە.

بەڵام ڕەدووم کەوتوون، دەیانەوێت بمرفێنن..

ئەی ڕاوچییەکەم لە چیاکاندا بزر بوویت

مارە بڕینەکەمان لە گوێی ڕووبارەکە بوو

تۆ لە کوێیت، تۆ لە کوێیت، لە کام لە چیاکان؟

تۆ لە کوێیت؟! تۆ لە کوێیت؟! ئەوەتە بەرەو لای تۆ تاو دەدەم.

مارە بڕینەکەمان لە گوێی ڕووبارەکە ساز دا.

ئەی ڕاوچییەکەم لە چیاکاندا بزربوویت ..

من دەزگیرانەکەتم، تۆ لە کوێیت، لە کوێێت؟

ڕێی تیٚ دەچێت من و تۆ ئیدی هەرگیز بەیەك ناگەین؟

من و تۆ ئاومان لەیەك ڕووبار خواردووەتەوە.

لە گوێی ڕووبارەکە سوێندمان خوارد دڵسۆزی یەکدی بین.

ڕێی تێدەچێت من و تۆ ئیدی هەرگیز بەیەك ناگەین؟

ڕووبارەکە هەر دەکشێت، بەڵام تۆ لە کوێیت؟! لە کویٚ؟

ئەی ڕاوچییەکەم، بیرت بێتەوە، وەڵامم بدەوە.

بە مانگ، بە گیان، بە ..... سوێندمان بۆ خۆشەویستی خوارد

ئەی ڕاوچییەکەم لەکویٚ بزربوویت؟

ڕێی تێدەچێت چیاکان نەهەژێن؟

ڕێی تێدەچێت هەورەکان پەرت نەبنەوە؟

ڕێی تێدەچێت هەتاو نهالەکان ڕووناك نەکاتەوە؟

ڕێی تێدەچێت بزنە کێوی ڕێگەی بەرەو لای تۆم پیٚ پیشان نەدات؟

تۆ لە کوێیت؟! تۆ لە کوێیت؟! لە کام چیایت؟

تۆ لە کوێیت، تۆ لە کوێیت، من بەرەو لای تۆ تاو دەدەم ..

ئەدی ئێمە بە سواری ئەسپەکان پێشبڕکێمان نەکرد؟

ئەدی ئێمە بەسەر پشتی ئەسپەکانەوە ماچی یەکدیمان نەکرد؟

بۆ ئەوەی خواەندەکان ببینن ..

بۆ ئەوەی خەڵکی ببینن ..

تۆ لە کوێیت، تۆ لە کوێیت، لە کام چیایت؟

تۆ لە کوێیت؟! تۆ لە کوێیت؟! بەرەو لای تۆ تاو دەدەم..

بێ تۆ مانگ لە چاومدا دەکوژێتەوە.

بێ تۆ ژیانم نامێنێت.

ڕێی تێدەچێت چیاکان بی ئێمە کامەران بن؟

کێ بەر نەفرەتی داین، کێ لێکی کردینەوە؟

لەو نێچیرانەی لەو چیایانەت ڕاوکردوون قوربانیت پێشکەش بە خواوەندەکان نەکردووە؟

دیاریت لە پێستی پڵنگ پێشکەش بە خوازبێنیکاران نەکردووە؟

بەرانبەر بە چارەنووس چ تاوانێکت کردووە؟!

کە تۆ ڕاوچییەکی بەختەوەرو دەست بڵاویت؟

ڕێی تێدەچێت من و تۆ پێکەوە لە دەوری ئاگر سەما نەکەین؟

تۆ لە کوێیت؟ تۆ لە کوێیت؟ لە کام چیایت؟

تۆ لە کوێیت؟ تۆ لە کوێیت؟ بەرەو لای تۆ تاو دەدەم ..

بەڵام ڕەدووم کەوتوون، دەیانەوێت بمڕفێنن

بۆ ئەوی لە ئێستە بە دواوە تا هەتایە، بە تۆ شاد نەبمەوە.

تۆ لە کوێیت؟! تۆ لە کوێیت؟! بەرەو لای تۆ تاو دەدەم...

ئەرسین سامانچین بە هەناسەبڕکێ و دەنگێکی پچڕپچڕەوە گوتی: ئۆخ، تکایە ڕێم بدە کەمێك پشووم پێدا بێتەوە، ڕێم بدە هەناسەیەکم پێدا بێتەوە، دەشێت ئەم چامەیە بە دوورو درێژی بخوێنرێتەوە، لەگەڵ جارێکی دیکەی دووبارە کردنەوەی هەندێك لە دێڕەکان و فرەوان کردنەوەیان، چونکە ئازارو ناڵینی گیان ـ ئەدی هەستی پێ ناکەیت؟ ـ ئەم گریانە ئاراستەی هەموو ڕۆژگارو شوێنەکان کراوە. مەبەستی سەرەکی لەو چارەنووسە کارەساتاوییە هەمیشەییەیە، کە لە نێوچەوانی دڵداران نووسراوە، ئەوانەی تووشی لێکدابڕانی دژوار هاتوون، ئەوانەی کە کارەساتەکەیان تەواو نابێت ئەو کاتە نەبێت کە بەیەکدی شاد ببنەوە. بڕوا بکە هەرگیز کەس دەستەوسان ڕاناوەستێت، بەڵکو هەمووان بەزەییان بە هەردوو خۆشەویستەکەدا دێتەوە، چونکە دەروونی مرۆڤ بەو شێوەیە ئەفرێنراوە. نمایش کردنی ئەوە لەسەر شانۆ چەند کاریگەرانە دەبێت! تەنانەت ڕووباریش لە ئۆپراکەدا دەگریت، کە بە چوار دەوری شانۆکەدا دەڕوات. هونەری ئۆپرالی لەوەوپێش

شتی لەم جۆرەی ـ ڕووباری بە خۆوە نەبینیوە، کە بووکەکـەی ڕزگـار کـرد، کـە لـە سـەر کەنارەکەی مارەی برا، ئەو ڕووبارە دەچڕێت:

ـ من ڕووبارم، لە چیاکانەوە بەرەو نهالەکان دەڕۆم.

لە تافەکانت ڕزگار دەکەم.

لە نەیارە ڕق لە دڵەکانت دوور دەخەمەوە.

فریات دەکەوم، من تۆ دەپەرستم.

سا دەی زووکە لە کەنارەوە خۆت بهاوێ.

خێرا خۆت بهاوێ ناو ئاوەکەوە

لە تافەکانت ڕزگار دەکەم.

بەم شێوە کۆرس لـەو دیـوی پـەردەوە، هاوکـات لەگـەڵ هـاژەی ڕووبارەکـەدا، کۆپلەکـە دەڵێنەوە، ئەوەیش هیمایەکە کـە خـودی سروشـت پـشتیوانی دادوەری دەکـات. هـەموو ئەمەیش لەگەڵ میوزیکی ئۆرکسترالی بەهێزدا تـێکلاو کـراوە، لـە بـاگ ڕاوەندیـشییەوە دەنگێکی ئەفسووناوی، دەنگێکی فرێو، گۆرانی دەچڕێت، ئەویش دەنگی تۆیە ـ تەنانـەت ئاسمانیش گوێ لە بووکی نەمر دەگرێت و، مانگ لە گەڵ خۆیدا دەیڵێتەوە .. ئایە بڕوا بـە هەموو ئەمە دەکەیت؟

ـ بەڵێ، خەریکە دڵم دەتەقێت، یەکـەمین جـارە ئـەم گریانـە گەردوونییـە سەرتاسـەرییە دەبیستم ـ ئایدانا وەڵامی دایـەوە ـ ڕووبـاریش گـۆرانی دەچـڕێت، چـەند نایابـە! ڕووبـار گۆرانی بچڕێت: تۆیش، ئەرسین، هەموو ئەمەت وشە بە وشە لەیادە؟

ـ هەر لەمنداڵییـەوە ئامـادەی زۆر ئاگرکردنـەوەی شـەوانی تایبـەت بـە بـووکی نـەمر بووبووم، هەموو ئەوەیشم لە چامەکانی (ئەقین)دا بیستووە. خوایە لەو شەوانەدا چەند بـە تانوپۆی نواندندا دەچوون، کاتێك ڕۆمانەکانیان دادەڕشت! هەر (ئەقین)ێك ـ بـە شـێوازی خۆی ـ لە پێناوی بووکی نەمردا ئازار دەچـێژێت و، گیـانی خـۆی بـەرەڵلای نـاو چـیاکان دەکات ـ بانگی بووکی نەمر دەکات! ئەو شتە لای ئەوان وەك گۆرانی وایە لای تۆ لەسـەر شانۆ، بە گاڵتەیش نییە بە (تۆکۆ ـ ئەقین) ناوزەدی دەکەن. جارێکیان پرسیاریان لێ کـردم چۆن (تۆکۆ ئەقین) بۆ ڕووسی وەردەگێڕین، ئەوە واتای (بـەیت بێـژ) دەگەیـەنێت. ناشـێت

وەربگێڕرێت بەو شێوەیە نەبێت.. هەرچی لای ئەوانە، بە لای منەوە ئەقین ئـەوە سـرووش لەوەدایە کە لە نزیکی ئەوانەوە گوێگران هەن بەشداری هەڵچوونەکانیان دەکەن، کاتێکیش ئەقین بە وشەی خۆی نغرۆی بیری قووڵی هزر دەبێت، یان چـوون ڕەشـەبا بـە پێدەشـتـەکادا تێی دەتەقێنێت ...

ـ بەڵێ، بەڵێ ـ ئایدانا قسەکەی پەسەند کرد ـ لەگـەڵ ئەوەیـشدا، وەك خـەڵکی پرسـیار دەکەن، ئەی دەزگیرانە ـ ڕاوچییەکە لە کوێ بزربوو؟ حەزم دەکـرد بـزانم ـ ئایـە زینـدووەو نەمردووە، بۆچی بێ دەنگە؟

ـ ئەمەیش لای خۆیەوە پرسیارێکی هەمیشەییە، کەس نازانێت لە کوێیـەو، چـی بەسـەر هاتووە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو لایەك چاوەڕوانن. وەك باوە دەڵێن لە شوێنە سـەختەکاندا خۆی دەشارێتەوە، کاتێك لە هەر هەموو جیهان تووڕە بوو، هەروەها لە چارەنووسی خـۆی تووڕەبوو خۆیشی لەبەرچاو کەوت . دەڵێن بووەتـە ڕاهیـب ـ وازی لـە دنیـا هێنـاوە، لـە خودی (تیبیت) دەژیت، لە ئەشـکەوتەکانی خواپەرسـتیدا، شـەوو ڕۆژ ڕادەمێنێـت و بـیر دەکاتەوە، ئەمە دەگوترێت، بەڵام کێ دەزانێت شۆڕشی تووڕەیی بۆ کـوێی بـردووە؟ ئەمـە لای ئەو بەرەنگاربوونەوەی گەوهەری خودی ئادەمیزادە ـ ئەو بـە تـەواوەتی شـەڕو خراپـە ڕەت دەکاتەوە، ئەوەی کە زۆر جـار مـرۆڤ قبـووڵی دەکـات، ئـای چ نائومێدییـەکی بـێ دەرمـان و چارەسـەرە. تەنانـەت ئـەمپراتۆرەکان، سـەیری مێـژوو بکـە، ئەوانـەی کـە ئەمپراتۆریەتەکانیان لەدەست دا، تووشی ئەم ڕەشبینییە لەڕادەبەدەرە نابن، واز لـە ژیـان ناهێنن، بەڵام خۆشەویستی و ئەوین لای ئەم دەزگیرانە (زاوا)یـە، نـاواخنی بـاڵای ژیـانی پێك دەهێنا، بە کورتی ئەوە هەموو بەسەرهاتەکە بە دەوری ئەمـەدا دەخولێتـەوە، بۆیـە فەلسەفە داستانییەکەی لێرەدایە. بەڵام کارەکتەری سەرەکی لەم بەسەرهاتەدا لە ڕاسـتیدا بووکی نەمرە، لـە چوارچـێوەی ئـازارو ئەشـکەنجە چەشـتنەکەیەوە، لـە گـەڕان بـە دوای ڕاستیدا، کە کۆتایی نایەت ..ڕێی تێدەچێت ئاکـامی ئەوینـداری بـەردەوام ئـەم ئاکامـە بێت؟ ئەوەی ڕووی دا ئەوە بوو کە دەزگیرانەکە تا هەتایە دەستی لە دنیا شوشـت و خـۆی لێ بێ بەری کرد، هەر لە خۆیەوە دوور کەوتەوە وەك دەربڕینێك لە ڕەتکردنـەوەی تـاوان و ڕیـسواییەکانی ئـادەمیزاد، هەرچـی بووکەکەیـە ئـەوە بـە دەسـتی پەشـیمانی و

هەناسەهەڵکێشانی هەمیشەییەوە دەناڵێنێت لە خۆبەخت کردن لە پێناوی ڕەگەزی ئادەمیزاددا، بۆیە بەهێزی و قووڵایی ئەوین و خۆشەویستی و مەینەتییەکەی لێرەدایە، لەوەیش پتر دەڵێم ـ ئەوە ئاه و ناڵەی ئەشکەنجەیە، ئەشکەنجەی هەموو ڕەگەزی ئادەمیزاد. تۆ بڵێیت هۆی چییە کە تراژیدیا سووتێنەرەکان بەردەوام لە ئەویندارییدان پتر لەوەی لە شادومانی گەشاوەدا بن؟

ئاگەدار بە کە لەم وێنە ـ خێرا بزربووەی بووکی نەمردا، لەم بەسەرهاتە داستانییەدا، ئازاری هەمیشەیی لێکدابڕان و لێخۆش بوونی دەستدرێژیکاری هەمیشەیی ڕەگەزی ئادەمیزاد بەدی دەکرێت، بۆیە سەیر نییە کە چاکە باجی خراپە بداتەوە، بووکی نەمریش ناتوانێت خراپە پەسەند بکات کە پڕ لە ڕق و کینەو ئیرەییە، دەیەوێت دەزگیرانە ـ ڕاوچییەکەی ڕزگار بکات و، بۆ ناو خودی ژیانی ئاسایی بگێڕێتەوە. لەم هەنگاو هەڵهێنانە ڕزگارکارانەدا، لەم هیواو ئاواتەی گەیشتن بە ڕاستیدا، سنوورێك بۆ گیانی مرۆیی نە لە کات و نە لە شوێندا نییە، بۆیە بووکی نەمر، کە ڕووبارەکە ڕزگاری کرد، بوو بە وێنەیەکی هیماگەریانەی هەتا هەتایی، کە لەم کاتەدا، لەم سەیرانگەیەدا، لەگەڵمانە لەبەر ئەوەی بیری لێ دەکەینەوەو باسی (وێ) دەکەین، (وێ)یش هەست بەوە دەکات، ئایە لەم گێڕانەوە فۆلکلۆرییانەدا هەست بە ئاوازی سۆزی گەردوونیانەی ئەوین ناکەیت؟

ـ چۆن نا! ئێوارە کوڕێکی تەواوی گەردوونیانەت بە گوێدا دام ـ ئایدانا ئەوەی بە سەرسوڕمانێکەوە گوت، کە لە گاڵتەجاڕی بەدەر نەبوو ـ پاش ئەوەی هەردوو شانی ڕووتی ڕاوەشاند، وەك یەکێك هەست بە سەرما بکات، گوتی: بیرتیژی تۆ سەرنجم ڕادەکێشێت، بیرت نایە چۆن ئافرەتە ڕۆژنامەنووسێك نازناوی (گلۆبالیزمی گەردوونی)ی بۆ بەکارهێنایت؟ بە ڕاستی ئەوە جێی پێکەنینە: گلۆبالیزمی بیت و هاوکات گەردوونیانەیش بیت.

ـ باشە، گریمان ڕەفتارەکانیشم سەیر بن، بەڵام تۆ ئەرکێکی زۆر جیاوازت لەبەردەمدایە ـ چوونە پێستی بووکی نەمرەوە لەسەر شانۆی ئۆپرالی و یەکسەر بەو دەنگە نایابەت بەرەو ئاسمانی گەردوونیانە بفڕیت.

ـ ئۆی، تو خوا بەس! کەم باسی ئەو پایەیەو یەکسەر فڕین بەرەو ئاسمان بکە، کەواتە دەبمە گۆرانیبێژێکی ئاسمانیانە، گۆرانیبێژی ئاسمان؟ ئەوەی یاوەرت بێت هەست بە بێزاری ناکات.

ـ ببوورە، بەڵام ئەوە بەڕاستیمە، ئایە هەستت بەوە نەکردووە کە بووکی نەمر لێرەیە، لەم سەیرانگەدا لەگەڵمانە، ئا ئەوەتە لە پشتی ئەو درەختەوەیە، نزیك بە گلۆپەکە، ئایە دەزانیت چی دەڵێت؟

ـ چی؟

ـ گوێ شل کە! دەڵێت: بەوپەڕی تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەم دەکرد، بۆ ئەوەی ئەی یارو دڵدار سەرم لە بەردەمتاندا دانەوێنم، لە کاتێکدا کە یادی من دەکەنەوە. ساڵان و سەدەکان تێپەڕین و، من هێشتە بووکێکی بە دەزگیران و مارە براوم، بۆیە خەڵکی شەوان لە پێناوی مندا لە چیاکان ئاگر دەکەنەوە، بۆ ئەوەی دەرکەوم و ببینن، منێك کە بە دەستی هەناسە ساردی و کارەساتەکەوە وێڵ و سەرگەردانم. ئاگری گەش ڕامدەکێشێت، بۆ ئەوەی لای ئاگرەکە بە یەك بگەین، بۆ ئەوەی شامانەکان گیانەکان بانگ بکەن و پرسیاریان لێ بکەن تا کەی بووکی نەمر بە چیاکاندا دەخولێتەوەو بانگی دەزگیرانە ڕاوچییەکەی دەکات، تا کەی لە بانگ کردن بەردەوام دەبێت و بەرگەی ڕاوەدوونان دەگرێت؟ هەرچی گیانەکانە بەردەوام یەك وەڵامی دەدەنەوە، گوێ بگرە ـ ئایدانا، گوێ بگرە، ئەمە پێوەندی بە من تۆیشەوە هەیە ـ گیانەکان وەڵام دەدەنەوە کە جیهان لە ڕێگەی خوێندنەوەی شیعرەکانیەوە بۆ خەڵکێکی زۆر ناوی بووکی نەمر دەبیسێت و لەو شیعرانەدا چارەنووسی دڵتەزێنانەی خۆی بانگ دەکات و ڕووی قسەی دەکاتە هەموو کیژانی جیهان و دەڵێت: بۆ نیشانەی ئەوینداری ڕاستەقینەو دڵسۆزی گۆرانییەکەی من بۆ زاواکانتان بڵێنەوە، (ئایا) سا با لەم ساتەدا گیانەکان گوێیان لە من و تۆ بێت! ئەو گیانانە چاوەڕوانی گۆرانی بووکی نەمر دەکەن بە دەنگی تۆ بە بەرچاوی خەڵکێکی زۆرەوە، واتە بینەران، گیانەکان دەڵێن چوونە ناو پێستی (وێ)وە لە ئاسمانەوە لەنێوچەوانی تۆ نووسراوەو تۆ دەبیتە پەیامبەری بووکی نەمرو، ئەویش سوپاست دەکات و، خەڵکیش

ڕێزت لێ دەنێن و بە گۆرانییەکانت سەرسام دەبن و دەنگت لە ئاسمانی گەردوونەوە بەرگوێ دەکەوێت ..

ـ ئۆی، ئۆی، ئۆی، چەند بەرز فڕیت.

ـ ئایدانا بە گاڵتەجاڕییەوە قسەکەی پێ بڕی ـ بەسە ئەوەندە بە ئاسمانی گەردووندا بەرز مەفڕە، دەبێت هزرمەندانە بیر بکەینەوە.

ـ پێویست بە پەلەکردن ناکات ـ ئەرسین سامانچین خۆی بە دەستەوە نەدا ـ بیرکردنەوەی هزرمەندانە دێت، هەرچی ئێستەیە بگرە، سەیر بکە. تۆ بڕوام پێ ناکەیت، کەواتە سەیر بکە، سەیری ژێر ئەو درەختەی لای گوڵۆپەکە بکە، سێبەری بووکی نەمر نابینیت، سەیری بکە، کە بە هەموو سوپاسگوزاری و هیوایەکەوە نووشتاوەتەوە، بەردوام گەنجە، بەو کراسە ئاورێشمینە تەنکەوەو بەو تاراوە چەند جوانە، کە لە دوو باڵ دەچن.

وەك جۆرە ئاماژەیەکی پەسەندکردنی ئەو قسانە ئایدانا سەری لەقاندەوە، پاشان گوتی ـ ئەرسین بە ڕاستی تۆ ڕۆمانسییەکی تۆخیت، بەڵام تەنانەت باڵ گرتنەوە لەناو خەونیشدا دەبێت واقیعیانە بێت، بۆ ئەوەی بووکی نەمر لەسەر شانۆ گۆرانی بڵێت پێویستە میوزیك هەبێت، پێویستە نۆتە هەبێت و دواتر پارتیتوارو ئۆرکستراو سینۆگرافیا هەبێت، هەروەها جلوبەرگ و کۆرسێك لە سەد کەس کەمتر نەبن.. تۆ دەڵێیت ڕووبارەکە گۆرانی دەڵێت بەڵام کوا ئامێرێکی شانۆیی بۆ ئەوە بشێت؟ دواتر کوا ئاوازدانەر، دەرهێنەر، لە هەموویش گرنگتر لەم سەردەمەی ئێمەدا پارەی پێویست لەکوێ بهێنین؟ لای خۆیشییەوە شانۆی ئۆپرالی کز بووەو سیس بووەتەوە، نەك تەنیا هەر لای ئێمەمانان،ئەوە دەوڵەت ئێستە شتی لە ئۆپرا گرنگتری هەیە.

ئەگەرچی ئەرسین سامانچین وا پێدەچوو ئەوەی لا پەسەند بێت بەڵام پاشەکشەی نەدەکرد:

ـ بەڵێ دەزانم ئەمڕۆ شانۆی ئۆپرالی، لە پەرستگەیەکی چۆڵ دەچێت. ئێستە لەسەر شانۆکانی ئۆپرا ئاهەنگی گۆرانی جۆراوجۆرو گاڵتەو پێکەنین و نمایشی دیکەی کات بەسەر بردن پێشکەش دەکرێن. دەزانم باشترین گۆرانیبێژانی ئافرەت و پیاو ڕۆیشتوون لە شوێنە نەناسراوەکانی بازاڕەکاندا گۆرانی بچڕن. هەر هەموو ئەمانە ڕاستن و بە دەگمەنیش لەناو ئاوازدانەرە هاوچەرخەکاندا ئاوازدانەرێك دەدۆزیتەوە نۆتەی میوزیکی ئۆپرالی بنووسێت،

لەگەڵ ئەوەیشدا نابێت هونەری باڵاو دانسقە بفەوتێت. چۆن دەتوانین تەماشای ئەوە بکەین، وەك بڵێیت هیچ شتێك ڕووی نەدابێت؟

ـ ئەی نیازت هەیە چی بکەیت؟

ـ (ئایا) ئەگەر قایل بیت بووکی نەمر بچڕیت، ئەوە وەك بلدۆزەر ڕێگە دووشەق دەکەم. بە مەبەستی خۆم دەگەم، پاشان ئەوە ڕێککەوتن لەگەڵ (ئەبیلاف)ی ئاوازدانەردا ئامادەیە، ئەو چاوەڕێ دەکات. هەرچی (لیبریتۆ)کەیە ئەوە من بە خۆم دەینووسم. ئاوازدانەرەکە پێی خۆشە هەموومان پێکەوە یەکدی ببینین. کاتێك گەڕاینەوە پێوەندی پێوە دەکەم ...

ـ باشە، دەبینین، دەبینین ... سەرەتا (لیبریتۆ)کە بنووسە.

نیوە شەو باڵی بەسەر سەیرانگەی دێرینی (هایدلبێرگ)دا کێشابوو، لە ڕێڕەوەکانیشدا سێبەرەکان لە ژێر تیشکی گڵۆپەکاندا لە شوێنی خۆیاندا جمەیان نەدەهات و تا بەیانی بەو شێوەیە دەمانەوە، لێرەدا ئەرسین سامانچین قۆڵی بە قۆڵی ئایدانا سامارۆڤادا کردو، بەرەو قەڵاکەی برد، لەوێیش درێژەیان بە باس کردنی ئەو بابەتە دا، لەناو جێگەیشدا سەبارەت بە بابەتەکە بە گوێی یەکدییەوەیان چرپاند. بڕیار بوو سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر بە فڕۆکە بگەنەوە مۆسکۆ، لەوێشەوە بگەنەوە وڵاتی خۆیان.

ئەو دیدارەی نێوانیان دوایەمین دیداری لەو جۆرە بوو، بەڵام بیرۆکەی بووکی نەمر، وەك پێدەچوو لە ئاسمانەوە بۆیان ڕەوانە کرابێت بۆ ئەوەی گیان بە بەر دیدارەکەیاندا بکات. بەسەریاندا زاڵ بوو تا ڕادەیەك وایان بیر دەکردەوە کە بە هۆی ئەوەوە خۆیان لەوپەڕی جیهاندا، لە بنکەی ڕۆمانسیەتی ئەڵمانیادا بینییەوەو، نغرۆی ئەفسووناوی بوون بۆ ئەوی بە ئاسمانی ژیانی ئاساییدا بفڕن. لەو کەشە ڕۆمانسییییە دەگمەنەدا. ڕەنگە لەبەر ئەو هۆیە بێت هەموو ژیانی پێشوو بە دژواری و ناکۆکی و ڕیسوایی و سکاڵاکانی بەردەم دادگەکان و ڕك و کینەکانییەوە پشت گوێ خراو، تەواو لەبیر چووەوە ... هەموو ئەوە لە ژیانی ئەوو (وێ)وە نزیك دەبووەوە، ئەوەبوو ئایدانا پێشتر مێردی کردبوو، بەڵام زوو لە مێردەکەی جیابووبووەوە، وەك چۆن زۆر جار هونەرمەندان تووشی ئەم ڕەوشە دەبن، بەڵام لە ساتێکدا هەموو شتەکان لەبیر کران. چونکە لێرە لە سەیرانگەی ئاوەدانی هایدلبێرگ، لەو شوێنەی چارەنووسیان هێنانی، هەردووك بوون بە پاکژترین دوو بوونەوەر: ئەو

خواوەندبوو، (وێ)یش خواوەنـد، بـووکی نەمریـشیان بـە کارەسـاتە دڵتەزێنەکەیـەوە بـۆ دەرکەوت کە هەرگیز سارێژ نابێتەوە ....

پاشتر ڕووداوەکان ئاراستەیەکی دیکەیان بە خۆوە گرت ....

کەواتە چارەنووسە، ڕاستە کە هەردووکیان سەرەتا بەیەك دەگەیـشتن و بـە پەلـە بیرۆکـەی (بووکی نەمر)یان تاوتوێ دەکرد، ئەگەرچی دەردەکەوت کە ئۆتۆبیایە، پاشـان تەلـەفۆنیان بۆ یەکدی دەکرد، پاشان هەموو شتێك پچڕا. ئایدانا بە لیمۆزین ڕۆیشت و دەڕۆیشت خۆی لە پەخشی زیندوو لەبەردەم هەموو بینەرانی تەلەڤزیۆن لە وڵاتدا پیشان دەداو چـەند پـارە لە سندووقی ئەو لیمۆزینەدا هەیە؟ ئایە لەبری ئەوە شایەنی ئەوەیە سەرزەنشتی بکرێـت، کێ هەیە هەڵپەی ئەوەی نییە پارە کۆبکاتەوەو پارەیەکی زۆری دەست بکەوێت، سـەرباری ئەوەیش ناوبانگ دەربکات. بە گشتی چۆن دەکرێت ئەم سەرکەوتنە نمایشکارانە لەدەسـت بدات، لە کاتێکدا گرێبەستێکی مـۆرکراوی لەگـەڵ هەیـە، لەگـەڵ ئیرتـاش کۆرچـاڵ کـە هەرچۆنێك بووە بە گرێبەستی سەدە دەژمێررێت. مافی ئەوەی هەیـە، بـەڵی مـافی ئـەوەی هەیە، ئەی تۆ ئەی بەستەزمانی نەیاری ئۆلیگاری چی دەڵێیت؟ چیت هەیە نووسینەکانتی لێ دەرچێت؟ بەڵام ئێستە میـدیا بـە دەسـتی ئۆلیگارییـە ناوچـەییەکانەوەیە ـ ئەرسـین سامارچین ئەوەندەی دیکە سەرزەنشت و لۆمەی خۆی کردو ڕقی لـە خـۆی بـووەوە، لەبـەر ئەوەی گەیشتووەتە ئەم ئاستە زۆر نزمە ـ گەیشتووەتە ئیرەیی پێ بردن، خۆیشی بە دڕندە ناوزەد کردو ..لووتی بە ڕێگەیەکی بنبەستدا تەقییـەوە. لێرەیـشدا دەبـوو بڕیـاری خـۆی بدات. یەکێکیان دەڵێـت: هێـز بەسـەر هێـزدا سـەردەکەوێت، هێـزیش لێرەدایـە. ئـەوی نموونەیی ڕۆشنبیری جەماوەری تواندییەوە، بە شێوەیەك ناتوانێت لەسەر پێ ڕاوەسـتێت... هەرچی ئیرتاش کۆرچاڵە ئەوە بووەتە ئەو بەهێزەی ددانی پێدا نراوە. چەندین چێشتخانەو شانۆی گۆرانی و نمایشی جۆراوجۆرو ئامادەکاری هەیەو چەندین ئاژانسی ریکلام و کەناڵی تەلەڤزیۆنی هەیە. هەموو ئەمەیش بـە بەرچـاوی خەڵکـەوە، ئـەو هـەموو ئەمانـەی بـە شـێوەیەکی تـەواو یاسـایی هەیـەو ئـەو بـوو شـەپۆلی ئۆقیانووسـیانەی ڕۆشـنبیری جەماوەریانەی هێناو ئەوی ڕاماڵی، ئەرسین سامانچین، لەگەڵ ئەوەیشدا (بـووکی نـەمر)ی بەرەو بزرگەی پرۆژە سەرنەکەوتووەکان ڕاماڵی ...

دواتـریش مەینەتییـەكی دیكـەی دژواری چـاوەڕوان نـەكراوی بـەدوادا هـات ـ ئـەوەبوو مۆتەكەی ترسناكی نیازی كوشتنی خودی (ئیرتاش كۆرچاڵ) باڵی بەسـەر گیانیـدا كێـشا، نەفرەتی خوای لێ بێت. ئیستەیش ناتوانێت خۆی لە ئارەزووی زۆری تۆڵەسـەندنەوە قوتـار بكات، كە لە ناخی گیانیدا بڵێسەی نێڵە نێڵیـەتی ـ بیكوژێـت، هـیچ چـارەیەكی دیكـە نییە. هەموو هزرەكانی لێرەدا یەكیان دەگرتەوە. تۆ بڵێیت ئەم تووڕەییەی بـۆ گرێكـوێرەی هەست بە كەموكوڕی نەگەڕێتەوە؟ داخ و پەژارە فـشاریان خـستووەتە سـەر گـەرووی، ڕێ نادەن هەناسە بدات ـ بە یەك وشە بە دەستی خـۆی بـەرەو ڕووی مـەرگی خـۆی بـووەوە، چارەنووس؟ كێ بیری لەوە دەكردەوە كە ئەم بیرۆكە ڕۆمانـسیانە ـ نموونەییـە، كـە چـێژی ئەوینی دروست كرد، بەم شێوە ترسێنەرە چارەسەر دەكرێـت ـ ئامـادەیی كەللـە ڕەقانـە، كەللە ڕەقیی گا، بۆ شەڕ كردن. بەڵام تەنانەت لـە ڕۆژگـارە نەفرەتییـە شـاڵاوهێنەرەكاندا گیان جار نا جارە ئاسوودە دەبـووەوە، بیرۆكەیـەكی زۆر نایـابی بـە مێـشكدا تێدەپـەڕی ئەویش ئەوەی ئایدانا سامارۆڤا قایل بكات لەبـەردەم بـووكی نـەمردا پەشـیمانی خۆیـان ڕابگەیەنن، بۆ ئەو مەبەستەیش گەشتی چیاكان بكـەن بـۆ ئـەوەی ئـاگر دابگرسـێنن و، داوای لێبوردن لە خەیاڵ پڵاوییـەكانی نـاو سـەیرانگەی هایـدلبێرگ بكـەن، كـە سـەریان نەگرت و، بە كوڵ بگرین و فرمێسك برێژن ..

بەڵام هەرگیز نەیتوانی پێوەندی پێوە بكات. ڕەنگە ئەمە باشتر بێت ـ دەشێت مەزەنـدەی ئەوە بكەین چۆن گاڵتەی پێ دەكرد: پیاوان بە تەواوەتی شێت بوونە.

لەگەڵ ئەوەیشدا هەر خەونی دەبینی: ئەگەر لەناكاو خۆمان لە چیا بینییـەوە، بـۆ ئـەوەی لەبەردەم گیانی بووكی نەمردا پەشیمانی خۆمان ڕابگەیەنین، ئەوكات لەسەر هەردوو چۆك كڕنووش دەبەم و داوا لە خودی ئاسمان دەكەم بە خۆی شایەت بێت ـ ئەویندای هیچ هـیچ هۆكارێكی نەبووە، ناشبێت هەیبێت، بۆ ئەوەی واز لە خەسڵەتی نەمری بهێنێت (ئەوەتـە سەرلەنوێ دەفەلسەفێنێت). لەبەر ئەوەی ئەویندای ڕێگەی هاوبەشی هەردوو یارو دڵـدارە بەرەو نەمری، ڕووخاندنی نامەبەستانەی سۆزی ئەوینداریش خۆی لـە خۆیـدا دەسـتدرێژی كردنە سەر ئەویندای دەگەیەنێت، چونكە ئەویندای هیوایەكە بۆ گەیشتن بە نەمری، هەر

یەکەیش ملی ئەو ڕێگەیە دەگرێت کە پێشتر خـوا بـۆی دیـاری کـردووە.. (بـەڵام گـرنگ ئەوەیە هەر کەسەو چۆن بەو ڕێگەیەدا دەڕوات ـ پرسەکە لەوەدایە).

ـ سەرلەنوێ، چەندە گاڵتەی پێ دەکرد، کێ پێویستی بە هەر هەموو ئەمـە هەیـە، ئایـە دەکرێت، وێ کە ئەستێرەیەو خەون بە (هۆلیـودی)یـەوە دەبینێـت، (دەڵـێن ئـەم ئیرتـاش کۆرچاڵە بە نیازە فیلیمێکی بۆ بەرهەم بهێنێت) ئایە دەشێت وێ کاتی خۆی بەفیڕۆ بدات، کە هەر هەمووی بۆ جیهانی بزنس تەرخان کردووە، بچێت لە چیاکان چاوەڕوانی گیانـەکان بکات، چاوەڕوانی بووکی نەمر بکات؟ ئەوە جێی گاڵتەو پێکەنینە.

بەو شێوەیە هـیچ تروسـکەیەکی هیـوا لـە ئاسـۆوە دیارنـەبوو. بەشـێوەیەکی ڕوون، کـە لێکدانەوە هەڵنەگرێت، چارەنووس وای لێ کرد لە چێشتخانە (یۆرۆئاسیا) ئەوە تێبگـات. ئەوە تێکـەڵ و پێکەڵێیـەکی کۆتـایی بـوو.. لێـرەدا هـیچ شـێوازێکی بەرسـڤ دانـەوەی لەبەردەمدا نەمایەوە، تەنیا دەستەبەرکردنی چەك نەبێت... بەڵام لە کوێ و چۆن؟ ئـای چ کێشەیەکی قورسە. تۆ بڵێیت بۆچی ژیان بەم ڕوو سەختییەوە بەرەو ئەم جۆرە کێـشەیەمان دەبات، کە ڕێی دەرچوونیان نییە؟ ئەگەر کارەکە بەو شێوەیە بێت. ئـەدی چ پێویـست بـە ڕووخاندنی ژیانی سەر زەوی تا هەتایەو پارچە پارچە کردنی ناوجەرگـەی دارسـتانەکە لـە چەپ و ڕاستەوە دەکات؟ هیچ نەماوەتەوە ئەو نەبیت دوایـەمین وشـەت بڵێیـت و سـەرت تێدا بچێت.

ئای چ شەوێکی ناخۆش بوو کە بەسەر (ئەرسین سامانـچین)دا تێپـەڕی، شـەوێکی پـڕ لـە ڕامان و ململانێی نـاوەوەی بـێ کۆتـایی. تـاك و تـەنیا، لای تـەنیا پەنجـەرە ڕووناکەکـە ڕاوەستابوو، کە دەیڕوانییە سەر گۆڕەپانی شوقەکان، کە لەحـەوت نهـۆم پێکهـاتبوو، کـە هەر هەموویان نووستبوون، بە دەستی ئـازارو ئەشـکەنجەوە دەینالاند،خەفـەتی دەخـوارد، خۆی دادگەیی دەکرد، دەکۆشا ڕێی نەدات پەنا بەر کوشتن و ئەگەری خۆکوشتن ببـات، تـا قایلی بکات واز لە ئەنجامدانی ناڕەواترین تاوان لە جیهاندا بهێنێت، بەڵام نـەیتوانی بـەر لە جڵەوەی توندو تیژی خودی تۆڵەسەندنەوە بگرێت. بۆیە بەو شێوەیە ئازاری دەچەشت.

لای خۆیشیەوە ئەو شەوە پڵنگە بازووەکە لە چیاکان، لە خوارەوەی لووتکە بڵندەکە ئـازارو ئەشکەنجەی دەچەشت. ئەو دڕندە تەنیایە نەیتوانی بنوێت، ئەویش ئاخی هەڵدەکێـشاو لـە

نائومێدیدا خەفەتی دەخوارد. بە تووڕەییەوە دەیمڕاند، تەماشای ئەو ئەستێرە زۆرانەی دەکرد کە لەسەرخۆ دەدرەوشانەوە. ئەگەر بکرابایە بۆ ئەوێ دوور بکەوتایەتەوە، چونکە ئەستێرەکان بێزیان لە یەکدی نایەتەوە. هاوین و زستان پێکەوە دەژین ..

لەو ساتەدا (ئەرسین سامانچین)یش سەیری ئەو ئەستێرانەی دەکرد. ئەویش ئارەزووی ئەوەی دەکرد خۆی لەناو ئەو ئەستێرانەدا ببینێتەوەو بیر لە هیچ شتێکی دیکە نەکاتەوە.. بەڵام نەیتوانی واز لە بیرکردنەوە بهێنێت ـ ئەوەبوو لە شوێنێکی قووڵایی ناخی بیرۆکەی پەنا بردنە بەر (ئەرداك سامانچین) سەری هەڵدا؟ ئەرداك زۆر کەس و زۆر بازرگانان دەناسێت زۆرتر لەوەی ئەم دەیانناسێت. ئەرداك پزیشکی پێشووی وەزارەتی ناوخۆ بوو، لە بواری سەگ بەخێوکردندا کار دەکات، سەگی شوانەکان بەخێو دەکات، کە لە ئاسیای ناویندا ناوی دەرکردووە، پاشان لە ئەوروپا دەیانفرۆشێت، بە زۆری لەئەڵمانیا. داخوازییەکی زۆر لەسەر ئەم جۆرە سەگی شوانانە هەیە، ژمارەیەکی زۆر دەیانەوێت ئەو جۆرە سەگە بکڕن. ئەرداك لە تەواوکردنی مامەڵەی فەرمیدا زۆر لێهاتووە، کە بۆ بردنە دەرەوەی سەگ ئەنجام دەدرێت، بە شێوەیەکی پیشەییانەو لە کاتی گونجاودا، بە گشتی ژینی لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە، لە خێزانەکەیدا سێ منداڵی فێرخوازی هەیە ـ یەك کچ و دوو کوڕ ـ هەرچی گوڵناری هاوسەریەتی ئەوە پێشتر پەرستیار بوو. توانیویانە لەگەڵ بازاڕدا خۆبگونجێنن (بە هۆی سەگەوە خۆم دەگونجێنم) ـ ئارداك لە نێوان گاڵتەو ڕاستیدا ئەوە دەڵێت. خانوویەکیان لەوپەڕی شارەوە هەیە، گیانلەبەری دڕندەو قەفەزو سەگەیلیان هەیە. هەروەها ئۆتۆمبیلێکی (جیگۆلی)یان هەیە.

ئەرداك کابرایەکی باشە،کار دەکات و تێدەکۆشێت، زۆری خوێندووەتەوە. بەڵام خزمەکان لەو شوێنەی ئەو لێی لەدایك بووە لە (تۆیۆك ـ جار) نارازین و ئەو بزنسە سەگانەیەی سەرکۆنە دەکەن. ئەوان لەو ڕەوشەی هەست بە شەرمەزاری دەکەن. ئەوەندەی خوێندو، خوێند، تا دیبلۆمی نۆژداری بەدەست هێنا، کەچی ئێستە ـ چ ڕیسواییەکە ـ سەرقاڵی بازرگانی کردنە بە سەگەوە لە سەرانسەری جیهاندا. کاتێکیش مشت و مڕ لەبارەی بزنسی ئەرداکەوە دەکرێت، (کادیتا)ی خوشکە گەورەی، کە لە ئایل ژیان دەگوزەرێنێت، هەست بە شەرمەزاری دەکات، لە شەرماندا گۆنای سوور هەڵدەگەڕێت و زۆر بێزار

دەبێت. لە ئایل زۆر کەس بەرانبەر بە خـودی بازرگـانی کـردن بـە سـەگەوە هەسـت بـە ڕیسوایی دەکەن: ڕێی تێ ناچێت، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە گۆڕەپان و کۆڵانەکاندا هـەن، دەتوانیت بیانگریت و چەندت دەوێت بازرگانییان پێـوە بکـەیت. کـێ چـوزانێت کـە بـەم نزیکانەیش بازرگانی بە پشیلەیشەوە دەکەین، تەنانەت ڕەنگـە بازرگـانی بـە ڕسقیـشەوە بکەین. هەرچی ئەرداك بوو ئەوە بێ دەنگە، ڕاستە ئەو نایەتە ئایل ـ پێویست بە بیستنی ئەمە ناکات؟ بەڵام بەرانبەر بەوەیش، لەبەر ئەوەی ئەم بـرا گەورەیـە، ئـەوە گلـەیی لـە ئەرسین دەکات و پێی دەڵێت: تا کەی ژن ناهێنیت؟ بۆچی ئەو کـارە دوادەخـەیت، چـونکە ژمارەیەکی زۆر لە ئافرتـانی ڕێـك و پێـك لـە شـارو ئایلـەکان هـەن. باشـە لەژنهێنانـدا نشوستیت هێنا، ژنەکەت تەڵاق دا، بەڵام نابێت تا لەژیاندا ماویت بـێ ژن بیـت. ڕاسـتە بیرکردنەوەیـەکی دیکـەت هەیـە. زمانـەکان دەزانیـت، ڕۆژنامـەنووسـێکی بـێ لایـەنی بـەناوبانگیت ـ ئـەمڕۆ ئەمـە بـاوە ـ لـە هـەموو شـوێنێکەوە بانگهێـشتی کۆنگرەکـان دەکرێیت.. بە کورتی تۆ بە خۆت خۆت بەڕێوە دەبەیت. بەڵام هیچ شـتێك ژیـانی تـاك و تەنیایی پیاوی سەڵت قەرەبوو ناکاتەوە، ئەگەر وازت لە دنیا نەهێنابێت.

نا شتێکی دژوارە شتێکت لە ئەرداکەوە دەستگیر بێت، سـەبارەت بـە چـەك ـ ئـەوە بـێ گومان دەچێت پرسیار دەکات: بۆچی لەناکاو ئەم پێویستییەی بە دەمانچە سەری هەڵـدا. ئەو مرۆڤێکە لە شت ورد دەبێتەوە ـ هەموو پزیشکەکان لـە شـت ورد دەبنـەوە ـ ڕاسـتە هەندێك جار دەخواتەوە .. نا پێویست ناکات ئەم بابەتە گرنگە لەگەڵ برایـەکی وەك ئـەم برایەدا بورووژێنرێت. ڕەنگـە هۆکارەکـەی بـۆ ڕوون ببێتـەوە ـ ئـەو کـات هـەموو شـتێك هەڵدەوەشێنێتەوەو ڕێ بەوە نادات...

بەم شێوەیە لەو ساتە درەنگەی ئەو شەوەدا بیری دەکردەوە، لە کاتێکدا لە پەنجەرەکەوە لـە ئەستێرەکانی ئاسمانی دەڕوانی کە لە هاویندا زۆرن. ئای چ ژیانێکی خۆشە: بێ سەرئێـشە بدرەوشێیتەوە.

(١) دەنگی ئافرەتانەی مامناوەند بەرز کە دەکەوێتەنێوان سۆپرانتۆو کۆپرالۆ.

(٢) لێرەدا یاری کردن بە وشە لە نێوان (خنکاو- ئۆتۆبیشیك)و (یۆتۆپی ـ ئۆتۆپیست)دا هەیە.

(٣) گرووپی ئابووری و سیاسی فەرمانڕەوا. گرووپێکی هەلپەرستی بورژوا یان بزنسمان و کەسانی دیکە جڵەوەی دەستەڵات کۆنترۆڵ بکەن.

(٤) میوزیك یان گۆرانییەکە بە شێوەیەکی فرەوان بۆ ماوەیەك ناوبانگ دەردەکات .

# پێنجەمین پاڕ

بەیانی لە دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە بە ئاگە هاتەوە. لە کاتێکدا کە دەیویست هەڵبسێت و بەرەو ئامێری تەلەفۆنەکە بچێت، لە ناخی دڵیدا بە ئومێدی ئەوە بوو لێدانی زەنگەکە ڕابوەستێت ـ چونکە زۆر ئارەزووی لە قسەکردن نەدەکرد لە کاتێکدا هێشتە چاوی بە خەوەوە بوو. بەڵام ئەوە تەلەفۆنەکەی دەکرد لەسەر پێوەندی کردن مکوڕ بوو، لەلایەکی دیکەوە ئەم تەلەفۆنەی پێ خۆش بوو، چونکە پاش فڕینی گیانی میتافیزیکی و خەونی وڕینەکردن ناچار بوو نغرۆی گۆمی ژیانی واقیعی ئاسایی ببێتەوە، وەك یەکەمین هەنگاویش ئەو زەنگە لێی دا. کابرایەکی نزیکی بوو، بیکتۆر ئاغای مامی بوو. زۆر جار پێوەندی پێوە دەکرد، چونکە هەرچۆنێك بێت لە خزمە زۆر نزیکەکانیەتی. لەوەیش گرنگتر کابرایەکی بە ڕاستی ئیشکەرە (خۆزگە نموونەی زۆر دەبوو)، ڕێکەوتیش نەبوو کە لە دەسکەرەکەیان لە تۆیۆك ـ جار سەرۆکی کۆڵخۆزەکەیان بوو تا ئەو کاتەی کۆڵخۆز لە هەموو شوێنێك هەڵوەشێنرایەوە. پاش ئەوەیش نەشڵەژا، ئەوەبوو یەکێك لەو پێشەنگانە بوو کە دەیزانی (بزنس)ی ڕاوکردن چەند قازانجی هەیە. بەم شێوەیە بوو بە بزنسمانێکی بەناوبانگی بواری ڕاوکردن لە چیاکانی ئۆزینگیلیش ـ ستریمیانی، بۆ ئەو مەبەستەیش کۆمپانیایەکی دامەزراند کە کۆمپانیای (میرگین)ە. کار بە شێوەیەکی ئاسایی بەرەو پێشەوە دەچوو. لەم ساڵانەی دواییەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئارەزوومەندان لە دەرەوە ڕوویان کردە وڵات، ئەوە بوو بیانییەکان لە دەرەوە دەهاتن تا لە ڕێگەی کۆمپانیای (میرگین)ەوە ڕاوبکەن. ئەرسین سامانچینیش لای خۆیەوە لە ڕێکخستنی بانگهێشت کردنەکان و ئامادەکردنی بەڵگەنامەکان بۆ ڕاوچییە بیانییەکان یارمەتی مامی دەدا.

کێ چوزانێت ئاکامی ئەم ئازارو ئەشکەنجە چەشتنە بە کوێ دەگات، کە خواست و هۆشمەندی لاواز کردووە، ئەم ترس و تۆقینە گیانییە خودییە، ئەگەر ئەم زەنگی تەلەفۆنە نەبووایە، کە ئەم بەیانییە لێی دا.

ئەرسین هەرگیز نەیدەویست خۆی لە هیچ بابەتێك هەڵقورتێنێت، لە کاتێکدا بەم بارودۆخەدا تێدەپەڕی، بۆیە کاتێك گوێی لە دەنگی ناسراوی بیکتۆر ـ ئاغا سامانچین بوو، سەرەتا ئیستێکی کرد، کە دەیزانی لە دیداری چاوەڕوانکراویاندا باسی چی دەکەن، ئەو دیدارە دواخات و بۆ کاتی نێوەڕۆ بگۆڕێت. دەبوو سەرەتا هەوڵ بدات بوومەلەرزەکان ـ وەك خۆی ناوی لێ ناوە ـ ڕابگرێت کە گیانیان هەژاند، بەڵام پاش چاك و چۆنییەکانی سەرەتا، کە هێشتە هیچ ناگەیەنن و، زۆر جار پێش قسەو پەیڤینی کردەنی دەکەون، ئەرسین بیرۆکەیەکی لەناکاوی بە بیردا هات ـ ئەویش ئەوەیە زۆر بە ئاسانی چەکی دەست بکەوێت و، ئاکام سنوورێك بۆ ئەم پرسە نەفرەتییە دابنێت، کە شەکەتی کردووە. تەنانەت دەست بەجێ پشووی پێدا هاتەوە، بۆیە ئامادەیی بۆ دیدارەکە دەربڕی لە پێناوی ئەوەی بە نیازن قسەی لەبارەوە بکەن، بێ ئەوەی دوای بخات، داوای لێبوردنیشی کرد کە بە خۆی تەلەفۆنی بۆ نەکردووە، پاساوی بۆ هێنایەوە گوایە سەری قاڵ بووە.

شتێکی ئاساییە لە قسەی نێوانیاندا هەرگیز باسی ئەو نیازە نائومێدانەی نەکرد، کە ئەرسین شاردوویەتییەوەو، خۆی لە خۆیدا نیازێکی تۆقێنەرە، ئەگەرچی بۆ تۆڵەسەندنەوە لە شەڕ تەرخان کراوە. بە شێوەیەکی ئاسایی قسەیان کرد، وەك چۆن خزم و کەس و کار لەگەڵ یەکدی قسە دەکەن، سەبارەت بەوەی ماوەیەکە بووەتە بابەتی هەمیشەیی قسەی نێوانیان ـ سەبارەت بە کاروباری ڕاوکردن کە بزنسەکەی (بیکتۆر گان سامانچین)ی لەسەر دامەزراوە.

ـ ئاکام. گوێ بگرە، ڕۆژی دواتر ناتوانم پێوەندیت پێوە بکەم ـ بیکتۆر بەو شێوەیە دەستی پێکردو گلەیی لێ کرد ـ هەمووان بەم شێوەیە بانگی ئەکساکال (ڕدێن سپی) بیکتۆر گان سامانچینیان دەکرد ـ گوێ بگرە، ئەرسین لەکوێ بوویت؟ بۆ مۆبایلەکەت داخراوە.

ـ بیکتۆر ئاغا تۆ لە شار بوویت؟

ـ ئەی چۆن، هاتووم بۆ ئەوەی بە تایبەتی قسە لەگەڵ تۆ بکەم. ئەی ڕاوکردنی پڵنگە بازووەکانت بۆ میوانە عەرەبەکان لەبیرچوو؟ هەموو شتێکم ڕێکخستووە. ئەوان پێویستیان بە وەرگێڕێك هەیە، بە مەرجێك وەك تۆ بێت و، هەموو شتێکیش سەد لە سەد بێت، بەڵام تۆ، هەر ئەمڕۆو سبەی دەکەیت، چی دوای خستوویت؟ ئەی تۆ

(ئیگمین)ی زۆر ئازادو بێ لایەن نیت؟ بەڵام چی ڕووی داوە؟ ... ئەمە ئەوە دەگەنێت کە لەبیرت کردووە.

ـ نا، بیکتۆر ئاغا، هەرگیز لە بیرم نەکردووە.

ـ کەواتە بۆچی خۆت دوادەخەیت؟ خۆ من پشتم بە تۆ بەستووە، ئەوەندەمان کات بە دەستەوە نەماوە ـ تەنیا هەفتەیەك نەبێت کە میوانە عەرەبەکان دەگەن، تۆیش هیچ خۆت تێناگەیەنیت...

ـ بیکتۆر ئاغا نیگەران مەبە، ئەوەبوو بە ئامادەکردنی بەرنامەیەکی گەورە بۆ تەلەڤزیۆن سەرقاڵ بووم و چەند ڕۆژنامەنووسێکی بیانیمان بۆ هات، بەڵام نیگەران مەبە، بڕیارم داوە بە خۆم لەگەڵ میوانە عەرەبەکاندا بم ـ ببمە وەرگێڕو بەڕێوەبەری کارەکانیان، وەك ئەمڕۆ دەڵێن، بە شێوەیەکی بەردەوام لەگەڵیان دەمێنمەوە.

ـ ئەگەر وابێت ئەوە سوپاس بۆ خوا. دەبێت بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ مامت بکەیت، ئەگینە چۆن! ڕاوچییەکانی دیکە دێن و دەڕۆن، هەرچی ئەو عەرەبانەن، ئەوە یەکەمین جارە دێنە چیاکانمان، وەك دەزانیت لە کرێکارانی خواوەندن. ئەوەندە کات بە دەستەوە نەماوە تەنیا یەك هەفتە نەبێت و، زۆر کارمان لە چیاو نهالەکاندا بە دەستەوە ماوە، لەوەیش گرنگتر ئەوەی کە ئێستە وەرزەکە بە تەواوەتی دەستی پێ کردووە، چونکە لەم کاتانەدا پڵنگە بازووەکان لە هەواری هاوینەی پشتی دەربەندەکەوە بۆ (ئۆزینگلیش)ەکەمان دەگەڕێنەوە. کاتی ئەوە هاتووە ناوی خوای لێ بهێنین.

ـ بیکتۆر ـ ئاغا ئەوە دەزانم، ئەوەبوو پێم گوتیت کە ئامادەم.

ـ کەواتە ئەرسین با یەکدی ببینین و لەسەر هەموو شتێك ڕێك بکەوین هەر بەم بۆنەیەوە ئەوە شتێکی دیکەیش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دڵی هەموومان لە گەڵتە.

ـ با بیکتۆر ـ ئاغا یەکدی ببینین. ئێستە کاتژمێر نۆیە، با یازدە بێت بەڵام لەکوێ یەکدی ببینین؟

ـ چی دەڵێیت لە شوقەکەی تۆ یەکدی ببینین؟

ـ باشە، تا ئەو کاتەیش من چا لێ دەنێم.

ـ باشە ئەرسین، بەڵام چا لێنانی بۆ چییە؟ ئایە من میوانێکی بێگانەم؟ ئەگەر ژنت هێنابایە ئەوە ڕەوشەکە جودا بوو. دڵی خزمەکانت هەموو لەگەڵ تۆن، هەرچی تۆیت.... باشە کاتژمێر یازدە دەگەم.

ـ بیکتۆر ـ ئاغا من چاوەڕێت دەکەم.

ئەرسین سامانچین مایکرۆفۆنی تەلەفۆنەکەی دانایەوە، پاشان هەناسەیەکی پشووبەخشانەی هەڵکێشا، دەستی بە سەیرکردنی ئەم لاو ئەو لای خۆی کرد پاشان بە مۆبایلەکەی پێوەندی بە شۆفێری بیکتۆر سامانچینەوە کرد، کە لاوێکی باشەو، مامی بە ئۆتۆمبیلێکی باشی جێپ دەگوێزێتەوە، ناوی (ئیتیبای)ە، کە هەندێك جار ئەرسین گاڵتەی لەگەڵ دەکات و پێی دەڵێت: ( ئیتیبای واتای (خاوەن سەگی دەوڵەمەند) دەگەیەنێت، مادامەکێ سەگ دەوڵەمەندە، ئەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەویش پشکێکی بەردەکەوێت! ئێی ئەوە خەونی هەمیشەییە بە سامانەوە، خەڵکی چ خوازەیەك داناهێنن ... لەگەڵ ئیتیبای ڕێککەوت ئەمەی دوایی بەر لە دەرچوونیان پێوەندی پێوە بکات.

لێرەدا ئەرسین سامانچین تا ڕادەیەك دڵنیا بووەوەو سەرلەنوێ گەڕایەوە سەر ڕامانەکانی خۆی. بەڵێ دەبێت داواکەی بیکتۆر سامانچین نزیکترین خزمی خۆی پەسەند بکات و، دەبێت لە پێشوازی کردنی ئەو دوو میوانە ـ ڕاوچییە دیارەدا یارمەتی بدات، کە گەورە پیاوەکانی بواری نەوتی عەرەبن ـ حەسەن و مویەسەر، دەڵێن ئامۆزای یەکدین و، حەزیان لە پێشبڕکێ و ڕاوکردنی باڵندەو ئەو ڕاوکردنەیە کە مەترسی لەخۆدەگرێت، گرنگ ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر ـ خزمەتکار ـ پاسەوان ـ ی یاوەریان لە پێناوی پشووی ئەو دوو میوانە عەرەبەدا دەبن، کە بۆ ڕاوکردنی پڵنگی بازووی ناو بەفر دێن. ئەوەی دەزانرێت ئەم جۆرە گیانلەبەرە دڕندە ڕەسەنە لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهان نییە بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە ناتوانێت لە کەش و هەوای ئەو ناوچەیە بژێت، چونکە نیشتمانی ڕەسەنی خۆی ئەو چیایانەیە لووت لە ئاسمان هەڵدەسوون، هاوینان بە شێوەیەك ساردن چوست و چالاکی ببەخشێت و زستانانیش بەفرو کڕێوە دەکات، بۆیە فەروەکەی زۆر نایابەو، هەر تووکێکی بە قورسایی خۆی زێڕ دەهێنێت....

کەواتە زۆر کەس لەگەڵیان دەبن و هەمووشـیان چـەکی ڕاوکـردن و چـەکی دیکـەیان پـێ دەبێت، بەوەیش بە خۆی، کە وەك وەرگێڕی یاوەری بەردەوام لەگەڵی دەبێت، ڕەنگـەو دوور نییە چەکدار بێت و تفەنگێك یان دەمانچەیەکی پێ بدرێت، دواتریش ئەو دەمانـچەیە بـۆ خۆی گل دەداتەوە. ئەو کات دەتوانێت پاساوێك بهێنێتەوە، ئەگەر هەردوو میوانەکـە لـە ڕاوکردنەکەیاندا سەربکەون و، نێـچیرێکی زۆریـشیان چـنگ بکـەوێت، ئـەوە دوور نییـە دەمانچەکەی بە دیاری پێشکەش بکەن. هەرکە ڕاوکردنەکەیش تەواو بێت لەچیاکان دێتـە خوارەوەو بچێتە شارە قەرەباڵغەکەو ئەو دەمانچەیەی پێ دەبێت، ئەو کـات بـەو شـێوازە بەکاری دەهێنێت کە بۆ خۆی وێنەی کێشابوو.

پێوەندییە تەلەفۆنییەکەی مامی لەکاتی گونجاودا بۆی کرا چونکە ناچاری کرد بێتەوە سەر خۆی و، بۆ ئامێزی ژیانی ئاسایی بگەڕێتـەوە، پـاش ڕامانـەکانی شـەوی ڕابـوردوو، کـە تەنانەت لە خەویشدا ئازارو ئەشـگەنجەی گیـانی دا. پـاش ئـەوەی هۆشـی بەسـەر خـۆی هاتەوە، خۆی کۆنترۆڵ کرد، ئەرسین سامانچین جـۆرە قەدەغـەکردنێکی خـستە سـەر ئـەو ڕامانانە، بە خۆی ڕێککەوتننامـەیەکی ئاگربەسـتی لەگـەڵ خـۆی مـۆرکردو، ئـەو پلانـە نەگریسەی خۆی دواخست، چونکە دەبوو سەقاڵی کارکردن بێت. (ئیـدی بەسـە، ئەرسـی، ئیدی بەسە! ئاقڵ بە ـ لە دڵی خۆیدا ئەوەی گوت ـ نابێـت ئێـستە بـیر لـەوە بکەیتـەوە، ئەرەس تۆ تەواو ئەقڵت لە دەست نەداوە) ئایدانا لە ساتەکانی سـۆز نواندنـدا بـەم نـاوەوە بانگی دەکرد ـ ئەرەس هەرچی ئەم بوو (وێ)ی بە ناوی ئایا بانگ دەکرد، کـاتێکیش ئـەو ساتانەی بیر دەکەوێتەوە، هیچی لە دەست نایـەت ئـەوە نـەبێت بەوپـەڕی نائومێدییـەوە هەناسەی سارد هەڵبکێشێت، ئەو کات هەست دەکات ئەو درەختەیە کە ڕەشەبا گەڵاکانی ڕادەماڵێت، ڕوحی ڕووت بووەتەوە ...

بەڵێ دەبێت سەرقاڵی کارکردن بێت، تـا کـەی دەبێـت ئـازار ئەشـکەنجە بـچێژێت و، بـە زیندوویی خۆی زیندە بەچاڵ بکات؟ ئەوەتە لە کەیسی کۆمپیووتەرەکەدا دەقگـەلێکی زۆر ئازارو ئەشکەنجە دەکێشن، کە دەستی پێ کردوون و کـاتی نـەبووە تـەواویان بکـات و لـە دەستەی نووسەرانی گۆڤارو ڕۆژنامە جۆراوجۆرەکاندا چاوەڕوانین. تـاوان تـاوانی خۆیـەتی، چونکە ئەسپی خۆی لە هـەموو بابەتێکـدا تـاو دەدات، هـەر لـە وتـارەوە سـەبارەت بـە

پێشهاتە هەنووکەییەکان، تا دەگاتە کێشەی وزەی ئـاو، جگـە لـەوەی لـووت لـە بابـەتی دیکەیش دەژەنێـت، ئاکـام؟ پێـشتر وەك ئێـستە ئەوەنـدە وتارگـەلی تەواونـەکراوی لـەلا کەڵەکەیان نەکردووە، دوور نییە ئەوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خۆی بە ڕۆژنامەنووسێکی بێ لایەن دەزانێت و سەر بۆ کەس دانانەوێنێت و هـیچ سانسۆرێکیـشی لەسـەر نییـە، چـۆنم بوێت بەو شێوەیە دەژیم ... بەڵام ئەوە چ سوودێکی هەیە؟

بەم شێوەیە ئەرسین سامانچین خەریك بوو خۆی ڕێك دەخستەوە، زۆرتر سەرزەنـشتی خـۆی دەکرد، بۆ ئەوەی بە خوت و خۆڕایی نەسووتێت و چی دیکـە ئـازاری کوشـندەی ئـەوین و بیرۆکەی کوشندە شەکەتی نەکەن. سەرمایەداری نەفرەت لێ کراو کاری خۆی دەکات، ئـەو کارەی خۆی دەکات و کـەس نییـە ڕێـی لـێ بگرێـت، ڕیخۆڵـە وردەڵـە، بـە گـشتی ئـەی سەرمایەداری پێوەندی بەمەوە چییە؟ پێوەندی لەوەدایە کە دەتوانێت بیرۆکە بکڕێت، وەك چۆن کالاّ دەکڕدرێت، پاشان توانای فرۆشتنی بیرۆکەکەو سەپاندنی قەدەغەکردن بەسـەریدا ـ دەشێت هەموو شتێك بە پارە بکڕێت، تۆیش لەم حاڵەتەدا نامۆیت ـ نە دەکڕێـت و نـە دەفرۆشرێیت، بە ناوچەکانی کۆچکارانی لیبرالیزمـدا سـەرگەردانیت، پـشکی خـۆت بـەر دەکەوێت و ڕوو بە ڕوو بەرەو ڕووت دەبنەوە، یـەك دژ بـە هـەمووان، ئـەوەت زۆر لەسـەر دەکەوێتەوەو ڕەنگە سەرت لە پێناویدا لەدەست بدەیت، هەرچی ئـەوانن ئـەوە خۆیـان لـە چنگی هەر شوێنێك قوتار دەکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ جیاوازی نییە، شەڕو کوشتار؟ بـا شەڕو کوشتار بێت، هیچ چارێکی دیکە نییە.بەڵام ئێستە نا، چونکە لە هـەموو کارێکـدا دەبێت جۆرە ستراتیژیەتێك، جۆرە تەکتیکێك هـەبێت، بـەڵام دەبێـت ئێـستا ئـەوە لـەبیر ببرێتەوە. بەم شـێوەیە دڵـی خـۆی دەدایـەوە، وای دەزانـی ڕەوڕەوەی هـەموو شـتێك بـە گەیشتنی بیکتۆر ئاغا دەگۆڕێت، ئەو کاتیش سـەرقاڵی چارەسـەرکردنی پرسـێکی دیکـە دەبن و، ئەو وێنەکەی دیکەی ژیان دەبێتە پرسـی پێـشینەو ئـەو کـات قـسەکردنەکە بـە ڕاستی ڕاستەقینە دەبێت، لەوێ دەتوانن قسەی لەبارەوە بکەن.

لەو کاتەی ئەرسین سامانچین خەریك بوو بـەو شـێوەیە خـۆی دڵنیـا دەکـردەوە، پێدەچـوو هەوڵی دەدا لەبەردەم بووکی نەمردا پاساو بۆ هەڵوێستی خۆی بهێنێتەوەو سەرەخۆشی لێ بکات. پێدەچوو بە خـۆی قـسە نـەکات، بـەڵکو دووەمـین کـۆپیکراوی خـۆی بێـت. لـە

ئەندێشەی خۆیدا قسەی لەگەڵ دەکرد، بە چرپە قسەی دەکرد، وەك بڵێیت (وێ) گـوێی بـۆ ڕاگرتووە، کە وێ لە شوێنێکی پشتی دەرگەکەوەیەو تازە لە ئەسانسۆرەکەوە دەرچووە، کـە بە هۆی زۆر بەکارهێنانەوە لەو تەلارە خرۆچۆڤیانە حەوت نهۆمییەدا دەنگ و جیڕە جـیڕی لێ پەیدا بووە، بە دەنگێکی نەبیستراو بە گوێوەی دەچرپاندو هەر وەنـەبوو داوای لێبـوردن بکات: چاوەڕوان بە، کەمێك ئوقرە بگرە بگرە خوا یار بێت دەتوانین شتێك بـەدی بهێـنین، ئـەو کاتە خۆت و ئایدانا لەگەڵ میوزیکی خۆشی تێکەڵ بە کلاسیك کۆتان دەکەمەوە. لەسـەر شانۆ دەبێت، تۆیش لە پشتی پەردەکانەوە، لـە شـوێنێکی نزیکـەوە دەبیـت، ئـەو کـات هەموو شت دەبینیت و دەبیسیت، بەڵام با پشووت درێژ بێت، پاشان، بیر لەوە بکەوە ئایە ئایدانا تاوانبارە یان نا، تێ بگە ئەو بە ئـارەزووی خـۆی پـشتی تـێ نـەکردووین، بـەڵکو ئەویش ڕفێنراوە، وەك چۆن تۆ ئەوەت بەسەر هات، بەڵام بە شێوازێکی دیکە، بە شـێوازی هاوچەرخانە. ڕێیان پێ بزرکرد، تێوەیـان گلانـد، لێیـان تێکـدا، کڕییـان. ئەگەرچـی لـە سەردەمی ڕابوردوودا ئافرەتی جوانیان دەڕفاندو، لەسـەر پـشتی ئەسـپیان دادەنـا، بـەڵام ئێستە دەیخەنە سەر پارسەنگێك دۆلار، خێرا لەسەر ئەم پارسەنگەیش بـەرەو ڕەوە ئەسـپی دۆلاریانە تێی دەتەقێنێت، خاوەندی ئەو ڕەوە ئەسپانەیش ملیـادێرن و، هەریەکـەیان ڕەوە ئەسپی خۆی بەرەو لەوەڕگەکان لەبەر دەدەن. بـەم شـێوەیە دەژیـن. هـیچ ڕێگەچـارەیەکی دیکە نییە، ئێمە هەر هەموومان لەبازاڕ قەرەباڵغی دروست دەکەین. تاوانی کـەس نییـە، چونکە ئابووری بازاڕ هەمـوان بەڕێوە دەبات. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەگەر بـاش لـە پرسـەکە ورد ببینەوە، ئەوە خۆمان تاوانبارین، تاوانبارین لەبەر ئەوەی هەموومان ملکەچـین، وەك چۆن ناچارمان دەکەن بژین، هەر هـەموومان، ئـۆی پێدەچـێت شـتێك بـەرەو لای شـوێنە نەزانراوەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسەت ڕایکێـشام. بـەڵام زۆر بایـەخ بـەوە مـەدە چونکە پێویستم بەو بابەخدانانە نییە، پاشان ئەوە سەرنجی ڕاکێشام چـونکە دەمەتەقێکـە باڵی کشاندە سەر ئەو بابەتە. لێم ببوورەو، بڕوام پێ بکەو، ئۆقرە بگرە، خوا یار بێـت بـە یەك دەگەین. بەڵام نا، ڕاوەستە، یەك خولەك ڕاوەستە، شتێکی دیکە هەیـە بـەردەوام لـە ناخـەوە وردە وردە هەڵمدەلووشـێت: (بـارودۆخی وێ لـەوێ چـوونە، شـادومانە وەك ڕیکلامەکان لە هـەموو شـوێنێك دەریدەخـەن، وەك لەسـەر شـانۆ دەردەکـەێت و نغـرۆی

ڕووناكییه، یان لەناو گیانیدا ئەشكەوتی تایبەت بە خۆی هەیە، خۆی تێدا ڤەدەشـێرێت، ڕەنگە تێیدا بگریت و نەفرەت لە بەختی خۆی بكات و، نەزانێت چی بكات؟ بـە داخـەوە، ڕەنگە لە ڕەوشێكی باشدا نەبێت، مادامەكێ خۆیم لێ دەشارێتەوە، بەڵام شـتێكی دژوارە سەیرانگەكەی هایدلبێرگی لە یاد بچێتەوە، كاتێك خەونمان بە جـۆرە جیهـانێكی دیكـەوە بینی. بە خۆت بینیت، ئەی بووكی نەمر بە چاوی خۆت هەردووكت پێكەوە بینین، ئەوەتە لێك جیابووینەوە.. بەم شێوەیە بەبێ دەنگ بە گوێوەی دەچرپاند، بـەگوێی ئـەو ئاسمـان و بۆشاییە بێ دەنگەوەی دەچـرپاند، لـەپڕ دەیویـست بـەرەو ڕێگـەی دروسـت بگەڕێتـەوە: (هوشیار ببەوە، هوشیار ببەوە، سـەرلەنوێ سروشـتە هەڵەشـەكەت بـەرەو كـوێ جڵـەوت دەگرێت؟ ئەوە چیتە بۆچی خۆت تێهەڵدەقورتێنیت؟ لەگەڵ كێ زۆران دەگریت؟ تۆ بە تەنیا زۆران دەگریت، دەنووسیت، دەفەلـسەفێنیت، تـا بـۆت بكرێـت ئۆلیگاریـشینەكان بێـزار دەكەیت، هەرچی ئەوانن، (بای ـ ئاغا) هاوچەرخەكانی دۆلار، ئەوە لە بـازاڕی جیهانیـدا، (تەڕاتێن دەكەن ـ هەمووشتێك تێك دەدەن)، وەك جارێك بە گاڵتەجاڕییەوە ئەرداكی برات ئەوەی گوت، تەنانەت تۆ ئەم دەربڕینـەت لـە شـوێنێكدا بـەكار هێنـاوە، بـەڵام تێبینـی ئەوەیان نەكردبوو، چونكە ئەوەی لە شێوەی تۆیـە لای ئـەوان هـیچ بەهایـەكی نییـە، لـە كابرایەك دەچیت هـیچ پایەیـەكی لـە بـازاڕدا نـەبێت، دەنگێكـی بـۆش، ڕووتەڵەیـەكی سەرگەردان، بەڵێ هەندێك جار پێدەچێت خواوەند پاسـەوانییان بكـات، ئـەو (بـای)انـەی خاوەند دۆلار، بە چاوی خۆی دەیانپارێزێت كە هەمیشە لەسـەر ئەوانـە، ئـەدی وا نییـە؟ بەسە).

دەستی بە ڕێكخستنی شوقەكە كرد، بیكتۆر ـ ئاغا پیاوێكی كردەییە، قسە لـە ڕووە، بـە ڕاشكاوی ڕاوبۆچوونەكانی خۆی دەردەبڕێت، بۆیە لەسەردەمی ئەودا ڕەوشـی كۆڵخـۆز زۆر باش بوو. سەبارەت بەو دەگێڕنەوە كە سەركۆنەی هەموو كەمتەرخەمییەكی دەكرد، هـیچ شتێكی بە بێ نرخ نەدەزانی ـ بۆچی زبڵ لەسەر ڕێگـە فـڕێ دەدەیـت؟ لای بـەرە! بۆچـی مەڵۆكەت نارێكە، ئایە وەك خۆت سەرخۆشە؟ تۆ بۆچـی جۆگەكـەت لـەناو باخـچەكەتدا كردووەتە شوێنێكی پیس بۆ بەرازەكان، ناتوانیت پـاكی بكەیتـەوە؟ ـ داوای لـە خـەڵكی گوندەكە دەكرد ڕێك و پێك بن، لەوەیشدا هەقی بوو.

ئەرسین سامانچین، لە کاتێکدا ئەوەی بیر دەکەوتەوە، بە گسکی کارەبایی ڕاڕەوەکەی پاك دەکردەوە، هەرچی ڕۆژنامەکان بوون کە بە هەموو لایەکی شوقەکەدا پەرت بووبوونەوە، لەگەڵ گۆڤارە بریقەدارەکاندا کە خوێندبوونیەوەو ئەوانەی تا کۆتایی نەیخوێندبنەوە، سەفتە سەفتە کۆی کردبوونەوە، پاشان گەردی ڕووی ئاوێنەکەی پاك کردەوە، زۆر وریایانەیش ـ ڕووی نەرمی پیانۆ قاوەییە کاڵەکە ـ ی سڕی ـ پیانۆ ئامێرێکی جوانە، بەهادارترین شتە لە ماڵەکەیدا، نەك لەبەر ئەوەی ئامێرێکی میوزیکی هەمە جۆرە، بەڵکو خودی ئایدانا ئاوازی لەسەر ژەندووە، ئەوەیش دوو جار ڕووی دا. ئەو شەوە بێدارییەی تا پاش نیوەشەو ئاوازی لەسەر ژەند.

ئەو تەنیا ئارەزوومەندەو هیچ شارەزاییەکی لە میوزیك ژەندن نییە تەنیا بە سەلیقە میوزیك دەژەنێت، هەرچی ئایدانایە ئەوە پیانۆژەنێکی دەست ڕەنگینەو، گوێ لێ گرتنی زۆر خۆشە ـ کاتێك پیانۆ دەژەنێت دەنگی دووری ئەورووپات بەرگوێ دەکەوێت ـ پیانۆ ژەندنەکەی سەرنجی (ئەرسین)ی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەو هەردوو دەستی بە دەستی میوزیکی دادەنرێت وەك بڵێیت میوزیکیان لێ دەڕژێت، هەروەها لە هەردوو چاوە گەشەکانیشیەوە. ئەرسین سامانچین خۆی ڕانەگرت، سۆز ڕایکێشا، ناچار بوو دانیشت، ویستی هەندێك لە ئاوازە میوزیکییەکانی پێشووی بیر بێتەوە، سەرلەنوێ خەم دایگرتەوە، چونکە لەمەودوا نایەتە ئێرەو، لە بەردەم پیانۆکەدا دانانیشێت... لە شوقە زۆر بچووکەکەیدا پیانۆکەی تەنیا سێ هەنگاو لە قەرەوێڵەکەیەوە دوورە، میوزیکی دیکەیش هەیە .. گیانی ئەوە ڕەت دەکردەوە بە خیانەتی ناو ببات، ئەگەرچی ئەو شتە بە ڕاستی لە واقیعدا ڕووی داو، وێڕای هەموو شتێکیش ئارەزووی دەکرد ئایدانا سامارۆڤا بە قوربانی چارەنووسێکی بەهێز دابنێت، ئەو هێزەی کەس توانای بەسەردا ناشکێت.

زەنگی تەلەفۆنەکە زرنگەی لێوە هات. ئەوە ئیتیبای بوو، شوفێری مام بیکتۆر، ئاگەداری کردەوە کە ئەوە بەڕێوەن بۆ لای ئەو دێن..

کاتی ئەوە هاتووە بچێتە پیرییەوە. چەند خولەکێکی نەبرد، ئەرسین سامانچین چووە دەرەوە، پاش ئەوەی خۆی گۆڕی و، بۆینباغەکەی بە دیواری ماڵەکەدا هەڵواسی، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی شایستانە پێشوازی لە گەورەی خێزانەکەیان بکات.

لەسـەردەمی کۆنـدا ئـەم جـۆرە میوانـە زۆر بـە ڕێـزەوە پێـشوازی لـێ دەکـرا، جڵـەوی ئەسپەکەیان دەگرت، هەرچی میوانەکەیە ئەوە دەچوونە ژێر هـەردوو بـاڵی و یارمـەتییان دەدا لەسەر زینی ئەسپەکە دابەزێت و، ئەسـپەکەیان دەبـردو لای ئاخوڕەکـە جلەوەکـەیان دەبەست و قایشی زینەکەیان شل دەکردەوەو ئالیکیان پـێ دەدا ـ تـەواو وەك ئـەوەی کـە ئۆتۆمبیلی ئەو میوانەی بەڕێوەیە سووتەمەنی تێ بکرێت..

پاش نزیکەی پێنج خولەك، کاتێك ئەسپە گریمانەییەکە ئالیکی میوانـداری لـە ئاخوڕەکـە دەخوارد، خزمە خۆشەویستەکە بیکتۆر ـ ئاغا بە ئۆتۆمبیلە دوامۆدیلەکەیەوە ـ بە جێپـە ژاپۆنییە بەهێزەکەیەوە، کە ڕەنگی ڕەشی بلوورییە، شووشەی گولۆپەکانی دەبریسکێتەوە. بزوێنەرەکەی نزیکەی هێزی شـەش سـەد ئەسـپی هەیـە ـ لـەو لای گۆڕەپانەکـەوە هاتـە ژوورەوەو لە دەروازە نزیك بووەوە. خۆزگە ژمارەیەکی زۆرتری ئەم جێپە تایبەت بـە ڕێگـە سەختەکان لە چیاکان هەبووایە، بەڵام تا ئێستە ئۆتۆمبیلەکەی بیکتۆر، کـە لـە شـوێنێك لە میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب کڕیویەتی، تەنیا ئۆتۆمبیلی لەو جۆرەیە لە هـەموو دەڤـەری تۆیـۆك ـ جـار، تەنانـەت ژمـارەی ئۆتۆمبیلـە ئاسـاییەکانی ـ (جیگـۆلی) و (مۆسکۆڤیچ) لای ئەندامانی خێزانەکـەیان زۆر کـەم بـوون، ئـەوەیش شـتێکی ئاسـاییە: چونکە نەداری بەناو خەڵکدا تەشەنەی کردووە، ئەوانەی تەنانەت دەستڕۆیشتوویی پێشووی کۆڵخۆزیان لە دەست داوە، ئەگەرچـی ئەمـەیش زۆر هـەرزان بـوو ... ئەمـە سـەردەمی کۆیلایەتی دەرەبەگایەتییە، لەگەڵ ئەوەیشدا ... هەرچی ئێستەیە ئەوە دەشێت بگوترێـت کە هەمووان بە شێوەیەك لە شێوەکان دەتوانن گوزەرانی خۆیان بەڕێوە ببەن، یـان بـەکاری سەخت، یان تەنانەت بە دزی کردن. هیچ تروسـکە هیوایـەکیش لـە ئاسـۆوە دیـار نییـە. دەڵێن : خۆت لە قەرەی (بزنس) نەداوە، بەڵام ئەم جۆرە (بـزنس)ە لـە کوێیـە ـ پەتاتەکـە ئامادە بکە، پووش کۆبکەوە، چی دیکە؟ بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا ئازادیـت هەیـە. بـەڵام ئازادی لە سایەی نەداریدا قسەی قـۆڕو شـتێکی زۆر دژوارە. تـا ئێـستەیش هـەموو ئـەم مەینەتییانەی لادێیان بە قۆناغی گواسـتنەوەوە بەسـتووە: باشـە، هـەنگاو بـەرەو بـازاڕ دەهاوێین ـ پاش ئەوە پێش دەکەوین: چاوەڕوان بە. تەنانەت کابرایەکی گەوج پێشنیازێکی پێچەوانەی خستە ڕوو ڕێی تێنەچێت: دەبێت منداڵەکان لەدایك دەبن منـداڵی بـازاڕ بـن:

هەر ئەوەمان مابوو! دەشێت قسە لەبارەی چ جۆرە ئۆتۆمبیلێکەوە بکرێت کە خەڵکی لادێ هەیانبێت. زۆر جار بارەکانیان بە پشتی کەر دەگوێزنەوە، وەك سەردەمەکانی ناوەڕاست. خۆشبەختانەیش خەریکە ئۆتۆمبیلەکانی خزمەتگوزاری (سێرڤس) بەسەریان دەکاتەوە، هەرچی لاوەکانن ئەوە هەر هەموویان ڕوویان کردووەتە شار، تەنانەت لەوێش بە دەستی بێکاری ـ قەرەجیانەوە دەناڵێنن، بەڵام هەندێکیان پشکێك لە بەخششەکانی سەردەمی (بزنس)یان بەرکەوتووە. تەنانەت هەنگوێنی کێویلەیش لە نهالی چیاکان کۆدەکرێتەوەو دەفرۆشرێت، ئەمە ئەوسا ڕووی نەدابوو. هەنگوین بە دیاری پێشکەش دەکرا، چونکە هەنگوین پارووپەکی خۆشە، هی ناو ماڵە بۆ گەورەو بچووك، هەرگیز کەرەستەیەك نەبووە بفرۆشرێت و بکڕێت. بەڵام ئەوە گرنگ نییە.. لەم کاتانەدا چێپەکەی مام بیکتۆر نزیك بووەوە. ئای چ کەسایەتییەکی بەناوبانگە ـ ئەوەبوو بیکتۆر سامانچین ئەم (بزنس)ی ڕاوکردنەی داهێناو، ڕێکی خست بە شێوەیەك بە درێژایی ساڵ و بە پێی وەرزەکان کاری بەردەوامە. هەموو گیانلەبەرە کێویلە جۆراوجۆرەکانیان ڕاو دەکرد ـ مەڕە کێوی و بزنەکێوی، کە بە ناوی (مارۆپۆلۆ) دەناسرێت، هەروەها بزنی شاخدار، ورچ و باڵندەکان، ئەوەتە ئێستەیش پڵنگە بازووەکان لە بڕگەیەکی تایبەتدا دێنە واری بزنسەوە. دەستت خۆش بێت بیکتۆر ـ ئاغا، هەربژیت، ئەوەتە ڕەگێکت دۆزییەوە، ئای چ مرۆڤێکی زیرەکیت.

ئۆۆمبیلەکە ڕاوەستاو ئەرسین دەرگە گەورەکەی جێپەکەی کردەوەو، بیکتۆر ـ ئاغا بە بزەوە لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزی، پاشان بە گەرمی تەوقەیان لەگەڵ یەکدی کرد، پاشان بە خۆی و برازاکەی دەستیان لە ملی یەکدی کرد. بەڵێ کابرایەکی ناودارو جیاکارە ـ بە ڕوخسارو باڵا بەتایبەتی بە ڕدێنە زەبەلاحەکەی. هەموو پیاوەکانی خێزانەکەیان بە ڕواڵەت جیاکارن، بە (ئەرسین)یشەوە، بەلاّم ئەرسین، بە جیاوازی لە زۆربەی خێزانی سامانچین، بێ سمێڵ و بێ ڕدێن بوو.

سەرلەنوێ بە هەر چوار دەستیان سلاّویان لە یەکدی کرد، وەك چۆن شایەنی خزمە نزیکەکانە، بەو شێوەیەی هەر یەکەیان هەردوو دەستی درێژ دەکاتەوەو، توند فشار دەخاتە سەر ناو لەپی هەردوو دەستی ئەوەکەی دیکە، هەروەها سەریان بۆ یەکدی

نووشتاندەوە، لە کاتێکدا بە شێوەیەکی دۆستانە بۆ یەکدی بزەیان هاتێ. یەکەمین ڕستە کە بیکتۆر ـ ئاغا گۆی کرد، لە کاتێکدا هەردوو دەستە زەبەلاحەکەی خستە سەر سینگی:

ـ سوپاس بۆ خوا، ئەوەتە زیندوویت. ئەرسین چەند دەبێت یەکدیمان نەبینیوە، ڕەنگە دوو مانگ بێت، یان پتر؟

ـ بەڵێ، بایکی، وا بزانم نزیکەی سێ مانگ دەبێت.

ـ بینیت ـ بیکتۆر ـ ئاغا هەردوو برۆی چڕی بڵند کردەوە ـ زۆر جار هاتووم کەچی تۆ بەردەوام لێرە نەبوویت، باشە. دواتر قسە دەکەین، کرنگ ئەوەیە بەیەك گەیشتین ...

شتێکی ئاسایی بوو نەیویست سەبارەت بەوەی لە نێوانی و لە نێوان ئایدانادا رووی دا ئاگەداری بکاتەوە، بە تایبەتی بەوەی ناچار بوو کە بە هۆیەوە بەرەنگاری ببێتەوەو، ئەوی هەوڵی دا تەنگی پێ هەڵبچنێت و، تا هەتایە لە یارەکەی دووری بخاتەوەو، لە شانۆی ژیانی گشتی دەریبکات، هەروەها نیازی نەبوو هەرگیز لەوەی ئاگەدار بکاتەوە کە بە نیازە ئەنجامی بدات، ئەو ئەرسین، خزمەکەیەتی، وەڵامی ئەوەی دایەوە. شتێکی ئاساییە ئەوە شتێکی دوور بوو، ئەوەی دواتر قسەی لەبارەوە دەکەن تەواو جیاواز دەبێت و باسی بزنس لەخۆ دەگرێت، بیکتۆر ـ ئاغا دوێنێ لەچیاکانی تۆیۆك ـ جارەوە لە پێناوی ئەەدا هاتووە.

ئەو دیدارە دۆستانەو گەرم و گوڕەیان ڕوانین و بزەی ئەو دراوسێیانەی ورووژاند کە بەلایاندا تێپەڕین. پاشان دوو هەرزەکاری چەتوون بە دوو دەرپێ قوتەو کراسی دڕاوەوە لە ناوحەوشەکەدا هەڕایان دەکرد، یەکێکیان سەگێکی ڕادەکێشا، دەستیان بە سەیرکرنی گیرفانی بیکتۆر کرد. ئەگەرچی چەندین ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆر لە گۆڕەپانەکەدا هەبوون کەچی ئەو ئۆتۆمبیلە سەرنجی ڕاکێشان. بە گوێی یەکدییانەوە دەچرپاند، ئەمیان پاڵی بە قەبرغەی ئەوی دیکەوە دەنا. زۆر ڕوون بوو کە ئەو دوو دزە دەیانویست سواری ئەم ئۆتۆمبیلە گەورەیە بن و بە شەقامەکاندا بیهاژوون، ئەو کات سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن.

ئەرسین تێبینی هەر هەموو ئەوەی کرد، کاتێك چاوێکی خێرای بە جێپەکەدا خشاند، دڵشاد بوو، لە ناخەوە گەشایەوە.

ئەم هەستە خۆشنوودییە باڵت بەسەردا دەکێشێت کاتێك ڕواڵەتی خۆشنوودی و بێ گەردی لە ژیانی دەوروبەرت دەبینیت، بۆیە دەتەوێت لە کانگای دەروونتەوە بڵێیت: ئێوە شادومانن ـ ئێمەیش هەموومان شادومانین. تەنانەت کەش و هەوایش لەو بەیانییە هاوینەدا دڵڕفێن و بێ گەرد بوو، هەتاویش کە هێشتە نەگەیشتبووە قرچەی گەرمای نیوەڕۆ، ئاسۆی بەرینی بە تیشکی خۆی ڕووناك کردبووەوە، شادومانی دنیای خێرای بە هەموو گیاندارەکانی سەر ڕووی زەوی دەبەخشی، وەك بڵێیت بەشداری شادومانیی خەڵك بکات.

ئای ئەگەر ژیان بەم شێوەیە بە خۆشی و بەختەوەری بەردەوام دەبوو. بەڵام، وەك دەگوترێت، ئەوە چاوێکی مۆن بەردەوام لەو دیوی هەورەکانەوە خێسەمان لێ دەکات. با چۆنی پێ باشە خێسەمان لێ بکات ..

لەو کاتەدا هەست بە پشووبەخشی و بڕوابەخۆبوون دڵی (ئەرسین سامانچین)ی تەنیبووەوە، تەنانەت کاتێکیش دەستیان بە تاوتوێ کردنی پرسە پرەکتیکییەکان کرد. بیکتۆر ـ ئاغا بە شێوەیەکی پەسەندو ڕێکوپێك شتەکانی تاوتوێ دەکرد، ڕەگێکی ڕەسەنی کارگێڕی تێدابوو ـ زۆر دژوار بوو پاساوەکانی پەسەند نەکەیت و، هاوبەشی بیرو ڕاکانی نەبیت.

خۆی بۆ هەموو شتێك ئامادەکردبوو، لە هەموو ڕوویەکەوە لێی کۆڵیبووەوەو نەخشەی بۆ دانابوو، لە بەڵگەنامە فەرمییەکانەوە بگرە، کە ڕێی پێ دەدەن ڕاو بکات، کە بڕگەیەکی سەربەخۆی لەبارەی ڕاوکردنی پڵنگی بازووەوە تێدایە ڕێی پێ دەدات ڕاوی بکات و باجی دەرامەتیشی لەسەر دەستنیشان دەکات. ئەو دوو میوانە عەرەبەیش لەمێژبوو ئاگەداری مەرجەکان بووبوون. هەرچی گرێبەستەکەیە کە بەئینگلیزی لەگەڵیان مۆرکراوە، ئەوە ئەرسین سامانچین بە خۆی لە بەهاری ڕابوردووەوە بەشداری لە دارشتنیدا کردبوو تا ڕادەیەك ئەو کارەی لەیاد کردبوو، بەڵام ئێستە پێویستە کارەکە پرەکتیکیانە بەڕێوە ببات. جا لەبەر ئەوەی بیکتۆر ـ سامانچین هیچ ئینگلیزی نازانێت ـ کێ لەم دەڤەرە بیری

بۆ ئەوە دەچێت فێری ئینگلیزی ببێت ـ بۆیە ئەرکی لێککگەیشتن لەگەڵ هەردوو ڕاوچییە عەرەبەکەی بە ئەرسین سپاردووە.

لە بۆچوونی ئیتیکییەوە، هەروەها بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بیرو بۆچوونە پراگماتییە ڕووتەکانی خودی (بیکتۆر سامانچین)ەوە، ئەوە تەنیا ئەرسین، بە تەنیا نەك هەر کەسێکی دیکە، بەبێ مشت و مڕو لێکۆڵینەوە، بۆ ئەم جۆرە کارە نائاساییی و هەستوەرە دەشێت ـ کە ببێتە پردی نێوان ئەوو نێوان هەردوو میوانە عەرەبەکە. چونکە کەسانی لەم جۆرە ئاستە پێویستیان بە وەرگێڕێکی ئاسایی نییە، بەڵکو پێویستیان بە گۆساغێکی جیدی و ڕۆشنبیرو سەمەرە هەیە.

ـ بەم شێوەیە ئەی ئەرسینی خۆشەویست، نزاو پاڕانەوەی باوباپیران بەسەرتدا داباریێت، تۆ ئەو وەرگێڕەیت، ئەو مرۆڤە دلێرەیت، (برازا) کوڕی برا گەورەمیت ـ خوای لێ خۆش بێت ـ کە پێویستە بۆ ئەم مەبەستە یارمەتیمان بدات.

ـ بیکتۆر ـ ئاغا دەیویست قایلی بکات ـ دوو هەفتەمان لەگەڵ بمێنەوە. چی ڕێی ئەوەی لێ گرتوویت؟ چونکە تۆ ڕۆژنامەوانێکی سەربەخۆیت چیت بوێت ئەنجامی دەدەیت، ئەدی وا نییە؟ مەزەندە بکە کە نوێنەرانی پێشەنگی هەردوو میوانە عەرەبەکە پاش پێنج ڕۆژی دیکە دەگەن، ئەوانە گرووپی ئامادەکارین ـ واتە بە زمانی خۆمان ـ داریارداشی ـ ئەوانە سێ کەسن. هەرچی هەردوو میوانەکەن ئەوە بە فڕۆکە تایبەتەکەیان لە مەتار(فڕۆکەخانە)ی ئاولیاتین دادەبەزن.

ـ فڕۆکەخانەی یابایکی، نەك مەتار ـ ئەرسین ئەوەی گوت و قسەی ڕاست کردەوە، بەڵام سوودی نەبوو:

ـ هەرچی منم ئەوە دەڵێم (مەتار)، وەك چۆن هەموو کەسێك لای ئێمە وا دەڵێت. کەواتە لە نزیکترین مەتار لە ئێمەوە ـ ئاولیاتی. تۆ خۆت هەموو شتێك دەزانیت، ئەوەبوو بە خۆت لە مۆرکردنی گرێبەستەکەدا یارمەتیت دا. ئێستەیش کاتی ئەوە هاتووە، پێویستە کار بکەین. هەردووکمان پێکەوە لە مەتار پێشوازی لە هەردوو میوانە عەرەبەکە دەکەین، پێکەوە لەگەڵیان دەچینە چیاکان، کە لەوێ هەموو شتێکمان ئامادەیە، لەو بارەوە هیچ نیگەران مەبە. ئەوەبوو نوسینگەی پێشووی کۆڵخۆزەکەم کرێ و، دوو ژووری

میوانمان تێدا ئامادە کردووە. ڕاستە وەك ئەو ژوورانەی شار نین، بەلاّم لەگەڵ ئەوەیشدا ... بۆ ڕاوکردن بۆ خوارەوەی خودی دەربەندی ئۆزینگیلیشیان دەبەین و یاوەرییان دەکەین و ئەگەر ویستیشان لەوە دوورتریان دەبەین، بۆ ئەو دیوی دەربەندەکەیان دەبەین، کە خاکی چینە. هەموو کەلێن و قوژبنەکان دەناسین، کەس ناگاتە ئەو شوێنە، تەنیا ئەوانە نەبێت بە چیاکاندا هەڵدەگژێن، بەلاّم با ئەو دوو میرە لاوە ئارەزوومەندانە سەیر بکەن، پڵنگی بازوو ڕاو بکەن، شتێکی ئاساییە نەك بە خۆڕایی. تۆ دەزانیت، خوا یار بێت، پارەیەکی باش بەرانبەر بە پڵنگەکان پێشکەش دەکەن، ئەو کات هەر یەکەو پشکی خۆی بەردەکەوێت.

پاشان زۆر وردەکاری جیاجیایان تاوتوێ کرد. بە ڕاستی هەموو شتێك لەلایەن بیکتۆر سامانچینەوە زۆر بە وردی و، بەشێوەیەکی پرەکتیکانە ڕێکخرابوو ـ هەر لە خێوەت و دەوارو ئەسپەوە بگرە تا دەگاتەخشتەی ناوی مەیتەرەوانەکان. چونکە بڕوای بە کەس نەبوو ئەسپی ئەو دوو میوانە پایە بڵندە بە خێو بکات، تەنیا ئەو کەسانە نەبێت کە دەیانناسێت و بڕوای بە دەستپاکییان هەیە، هەرچی پێوەندی بە چەك و ئامێری ڕووناککەرەوەو ئامێری دووربینەوە هەیە بە تایبەتی ئەوە لەناو پرۆتۆکۆلەکەدا چەسپێنراون.

لە ناخی خۆیدا ئەرسین سامانچین بەرانبەر بە خزمەکەی سەری سوڕمابوو، نەك هەر ئەوە بەڵکو شانازی پێوە دەکرد، بۆیە سەرلەنوێ بڕوای بەوە هێنا: کە بزنس هێزێکی ڕێکخستنی مەزنی هەیەو، مرۆڤیش بە شێوەیەکی ئاقلاّنەو ئامانجدار دەزانێت چۆن ڕەفتار بکات. بزنس وا پێویست دەکات، مرۆڤ ئەوپەڕی کۆششی خۆی بنوێنێت.

بەم شێوەیە پلان بۆ پرۆژەی بزنسی ڕاوکردن لە تۆیۆك ـ جار دانرا. ئەگەر هەمان پڵنگە بازووەکانی ناو بەفر بە خۆیان بن، بە جابارسی بێزراویشەوە، کە هێشتە دێت و دەچێت، وەك ئەفسوونکراو لە دەربەندی ئۆزینگیلیش ـ ستریمیانی ..

هەرچی پێوەندی بە ئەرسین سامانچینەوەیە ئەوە هەموو وردەکارییەکانی دەزانی، چۆن ئەم هەڵمەتی ڕاوکردنە ڕێکخرا، بە تایبەتی پاش دیدارەکەی لەگەڵ بیکتۆر سامانچین، بەلاّم ئەویش لای خۆیەوە نەیتوانی ـ بزانێت چی لەم ڕێگەیەدا ڕوودەدات، ئێستەیش

دەتوانێت ئەوەی لە ڕۆژژمێرەکانیدا نووسیونی، بخاتە ڕوو بە ناوونیشانی (دەروازە نهێنییەکان یان شێوەی چارەنووسی چاوەڕوانکراو) بەر لە ڕووداوەکان، کە پاشتر ڕوویان دا، کە جۆرێك لە پێشبینی بوون. فەرموون بزانن چی لەو نووسینە ـ پێشبینیکارانەدا نووسیوە:

( هەر ڕەفتارێك بەرانبەر بە چارەنووس دەروازەیەکی نهێنی هەیە، پێشتر ئامادە کراوە. پێشتر ڕێی بۆ خۆش کراوەو ئەوەیش لەسەر تەوێڵی نووسرابێت بەو دەروازەدا تێپەڕێت ئەوە نازانێت پاش ئەوە نەبێت لەو دیوەوە ببێتە دیل و ئەوەی ئەو هەنگاوە چارەنووسسازە بهاوێت ناتوانێت بە هەمان شوێندا بگەڕێتەوە، وەك چۆن مرۆڤێك کە لەدایك دەبێت ناتوانێت بچێتەوە ناو مندالّدانی دایکی، دەستەڵاتی چارەنووس بەم شێوەیەیە، ئەوەیش هاوکێشەی چارەنووسسازییە، تەنیا دەروازەکە هەیە، هەرچی شوێنی چوونە دەرەوەیە ئەوە ئەو شوێنە نییە).

دەکرا ئەم نووسینە پاشماوەی هەبووایەو، بە دوورو درێژی شی کرابایەوە بۆ ئەوەی بە پەڕەمووچی ئەرسین سامانچین ببوایەتە وتارێکی تراژیدیانە، بەڵام تەنیا لە یەك حاڵەتدا: ئەگەر هەموو ڕووداوەکان بە شێوەیەکی دیکە ڕوویان دابایە.

لەم کاتانەدا سەرمای بەیانی خەرێك بوو خۆی کۆدەکردەوەو وردە وردە شوێنەکەی بۆ گەرمای پێش نیوەڕۆ چۆڵ دەکرد، هەست کردن بەو گەرمایە گەیشتە ناو ماڵەکان. بەم شێوەیە ئەرسین سامانچین بۆ ماوەیەکی کورت قسەکانی پچڕی بۆ ئەوە پەنجەرەکە دابخات کە لە شەوەوە کرابووەوەو سپلیتە بچووکەکە پێ بکات، کە بە بڵندایییەوە هەڵواسربوو، لە سەرووی دۆلابەکەوە. گەرما لە شوقە چەندین نهۆمییەکاندا بەرگە ناگیرێت، دەبێت سپلیت هەبێت.

بەڵام بیکتۆر ـ ئاغا داوای کرد پەنجەرەکە دانەخات، چونکە بە بای ڕەهای ئەو چیایە ڕاهاتبوو، بۆیە دەبوو ڕای میوانەکە بەدی بهێنێت ...بەجێ هێشتنی پەنجەرەکە بە والآیی ئاکامی خۆی هەبوو. بەڵام کێ دەیتوانی ئەوە بزانێت..

سەرلەنوێ هەردوو خزمەکە دەستیان بە قسەکردەوە، کە بۆ کەمتر لە دوو کاتژمێر درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا (ئیتیبای) شوفێر، ئەو لاوە ڕەنجەدەرو دلێرە، توانی چا بخواتەوە،

لەوەیش گرنگتر بە ئۆتۆمبیلە جێپەکە بڕواتە بەنزینخانەو شوێنی شوشتنی ئۆتۆمبیل و میوە لە بازاڕ بکڕێت. هەرچی ئەوان بوون کە پێوەندی خزمایەتی پێکەوەیان دەبەستێتەوەو، ئێستەیش (بزنس)ی گشتی، ئەوە درێژەیان بە قسەکردن لەبارەی پرۆژەی گەورەی ڕاوکردن و بزنس دا. بەو بۆنەشەوە لە چیاکان خەڵك هەرگیز لەوە ناگەن کە گەڕیدەکان بە ژن و پیاوەوە، کە بە جیهاندا دەگەڕێن، بۆیان دەگێڕنەوە. پێدەچێت فرۆشتن و کڕینی گوڵ، لای ئەوان شتێکی سەیر بێت و بە بیری کەسدا نەیەت، چونکە گوڵ بە خۆی شین دەبێت، دەشێت چاوی پێ زاخاو بدەیت، کاتێك بە سواری ئەسپەکەتەوە بەلایدا تێپەڕیت، دەشێت بۆ منداڵانی لێ بکەیتەوە، بەڵام ئەوەی بازرگانی پێوە بکرێت ـ ئەوە شتێکە تەواو جێی گاڵتە پێ کردنە. هەرچی بابەتی جێی مشتومڕی نێوان ئەو دوو (سامانچین)ەیە ئەوە پێوەندی بەو دڕندە چیاییەوە هەیە کە لە شوێنێکی بچووکدا دەژیت ـ پڵنگە بازووەکانی ناو بەفر، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە دەستی بازاڕ خۆی پێ گەیاندووە.

هەندێك جار ئەرسین سامانچین کە گوێی لە خزمە گەورەکەی دەگرت، کە پلانی ڕێکخستنی ڕاوکردنی تۆمار دەکرد، بیری بۆ لای ئەوە دەچوو کە هەموو ئەوەی نەخشەی بۆ دادەنا تا ڕادەیەك لەوە دەچێت کە لەسەر شانۆ ڕوو دەدات، بەڵام دەرهێنەرەکەی ئێرە سەرۆکی پێشووی کۆڵخۆزە، بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤێکی زیرەکە. ئەو بیرۆکانەیش کە پێشنیازی دەکردن، زۆر لە بابەتی شانۆگەرییەکانەوە نزیکن. بۆ نموونە بیکتۆر سامانچین شێوازێکی زیرەکانەی داهێناوە بۆ ئەوەی پاڵ بە دڕندەکانەوە بنێت بکەونە ناو بۆسەکەوە بە شێوەیەك هەردوو بیانییەکە بتوانن باشترینیان هەڵبژێرن و بە تفەنگەکانیان تەقەی لێ بکەن. ئەرسین سامانچین کە گوێی لە پلانەکانی ئەم ڕاوکردنە سەیرەی چیای دەگرت و بە ناچاری لێی تێدەگەیشت، چونکە دەبوو ماوەیەکی دیکە بە دوورو درێژی بۆ هەردوو میوانە عەرەبەکەی ڕوون بکاتەوە، هەندێك جار هەستی بە سۆز نواندن بەرانبەر بە پڵنگە بازووەکان دەکرد، کە ئیستە، لە شوێنی خۆیانن، لە چیاکانی تیان ـ شان، هیچ شتێك لە بارەی ئەو تراژیدیاوە نازانن کە بە سەریان دێت. ئەو کات بیری بۆ ئەوە چوو: ئەگەر ئەو دڕندانە بیازانیبایە ئێستە لەو شارە دوورە، لەو گەڕەکەی لە دانیشتواندا جمەی دێت، لە

شوقەیەکی خرۆچۆڤیانەی ئاساییدا لە نهۆمی حەوتەم، دوو کەس دانیشتوون، چوون خواوەندەکان پێشترو زۆر بە وردی و، بە ڕۆژو بە کاتژمێر چارەنووسیان دەستنیشان دەکەن ـ ئەوە ، بەر لەوەی کار لە کار بترازێت، بۆ شوێنێکی چیاکانی هیمالایا هەڵدەهاتن.

بیرۆکە باڵندەیەکی ئازادە، دەشێت بۆ ناو هێلانە، یان بۆ ئاسمانی گەردوون هەڵفڕێت. ئەوەتە ئەو بیرۆکەی بۆ هات، لە شوێنێکەوە بیرۆکەیەکی وڕینە ئاساییانە، بەڵام لە ناوەرۆکدا دلێرانەیە، بیرۆکەی ئاگەدارکردنەوەی پڵنگە بازووەکان لە چیاکان؟ بەڵام ئەوە چۆن دەکرێت؟ تەنانەت ئەگەر لەو بارەوە سرووشی بۆ بێت، ئەو شتێکی نەکەردەنییە ڕێ بەم جۆرە شێتایەتییە بدرێت بە مێشکیدا تێپەڕێت، چونکە لەو کاتەدا بزنسەکە چی بەسەر دێت؟ ئایە پاراستنی دڕندە کێویلەکان، تەنانەت لە ناو ئەندێشەدا لەم بارەدا لە گۆڕنانی (بزنس)ەکە ناگەیەنێت؟ بەڵێ، ئەگەر بە ڕاستی ئەوە ڕوو بدات، ئایە جیهان وەك خۆی دەمایەوە؟ ئەوە هەموو شتێك دەچووە دۆزەخ و ئادەمیزاد تۆتکی خۆی دەبڕییەوە. لەبەر ئەوە نا، پاشان نا ـ بزنس لە پێش هەموو شتێکەوەیە، هەرچی شتەکانی دیکەن ئەوە دواترو، (دواتری دواتر).

خۆت تاقی بکەرەوەو شتێکی لەم جۆرە بڵێ ـ خۆکوشتن بە خۆخنکاندن باشترە. ئەرسین سامانچین نەیدەتوانی بیر لەمە بکاتەوە بەو ڕادەیەی کە ئەوەی لە نەستدا دەردەکەوت، ڕەنگە وەك سزایەك بۆ وی، لە کاتێکدا گوێی لە قسەکانی بیکتۆر ـ ئاغا دەگرت، کە لە ڕێتمدا بەرەو ئامۆژگاری کردن پەرەی دەستاندو، بە ئینگلیزی لەناو تێنووسەکەیدا ڕێنوێنییەکانی کۆمپانیای (مێرگن)ی بزنسی ڕاوکردنی سەبارەت بە کاری دواتر لەگەڵ هەردوو میوانە گرنگەکە دەنووسی.

شتێکی ئاساییە کە بیکتۆر سامانچین بە تەواوەتی نەیدەزانی لەو کاتەدا ئەرسین چی نیازێکی هەیە و بیر لە چی دەکاتەوە، کە هیچ شتێکی لەو بارەوە لەزار نەدەتەرەکی.

کێ بیری بۆ ئەوە دەچێت کە ڕەنگە شتی دوور لە بوویەرو شتی لەو جۆرەی پاساوی بۆ نەهێنرێتەوە، لەو کاتەدا تووشی مرۆڤ ببێت کە بە شێوەیەکی دانایانە بابەتگەلی گشتی تاوتوێ بکات؟ ئەگەر ڕەشەبا لە پشتی چیاکانەوە هەڵبکات، مەرج نییە لەو دیوەکەی دیکەوە لق و پۆپی درەختەکان بجووڵێنەوە.

به هەموو بڕواو بایەخ پێدان و تینی خزمایەتییەوە بیکتۆر سامانچین لە شیکردنەوەی پێشنیازەکانی بەردەوام بوو. دەستی بە دانانی پلان و داڕشتنی نەخشەسازی کردو ئاماژەی بە شوێنەکان کرد، کە لە چیاو نهالەکان بۆسەیان بۆ دڕندەکان تێدا دادەنرێتەوە. بۆ ئەوە پاڵ بە دڕندەکانیشەوە بنرێت بکەونە ناو بۆسەکەوە، دەبوو لە هەموو لایەکەوە چوار دەوری شوێنەکە بدرێت، باشتریش وابوو هاوکات لە سێ ـ چوار لاوە گەمارۆ بدرێت و هاوکاتیش پێشڕەوی بکرێت، لەگەڵ بەرزکردنەوەی دەنگ و هەرای تۆقێنەردا، بۆ ئەوەی دڕندەکان ناچار بن بەرەو شوێنی مەبەست هەڵبێن. شتێکی ئاساییە دەشێت بۆشاییەك بمێنێتەوە، بەلام پێویستە پێنج ـ شەش کەس بە لایەنی کەمەوە ڕاوی دڕندەکان بنێن و دوایان بکەون و، لە کاتی گونجاودا بەرەو لای بازنەی گەمارۆکەی ببەن. نێچیری زۆری هەردوو میوانە سەیرەکە هاوکات بۆ ڕێکخەرانی ڕاوکردنەکە زۆر باشە: پارەی تێدایە، کە هەرکەو پشکی خۆی بەسەردا دابەش دەکرێت. بەم شێوەیە شتێکی ئاساییە کە هەر هەمووان دەکۆشن لە ڕاوکردنەکەدا نێچیرێکی زۆر ڕاوبکرێن.

بیکتۆر سامانچین ناوی کوڕو کالانی گوندەکەی هێنا، کە لەم کارە گرنگەدا، بە سەرپەرشتی خۆی، پشتیان پێ دەبەستێت. لە قسەکەی ئەوە گەیشت کە ئەوانە دەستیان بە خۆئامادەکردن کردووەو، ئەوانە ڕەدووی نێچیرەکان دەکەون و ئەسپەکان رادێنن و مەشقیان پێ دەکەن و چەك و دەهۆڵ ئامادە دەکەن ...

بەم شێوەیە دانیشتبوون و لەسەرخۆ چایان دەخواردەوە، قسەیان تەنیا هەر لە بارەی ڕاوکردنەوە نەبوو، بەڵکو ڕەوشی گوزەرانیشیان لە هەموو ڕوویەکەوە تاوتوێ کرد ـ زۆر کاری دیکەی جۆراوجۆر لە ناوچەکەدا هەبوون. جگە لەمەیش ڕووداوێکی سەیر، کە جێی بڕوا نییە، لە کاتی قسەکردنەکەیاندا ڕووی دا.

لە هاویناندا پەڕەسیلکەو کۆتر، کە پاسارو گوێسەبانە بەرزەکان دەکەنە هێلانەی خۆیان، لە سووڕانەوەو خولانەوە بە لە گۆڕەپان و چوار دەوری مالان ڕاناوەستن، بۆیە دەهاتن و دەچوون بێ ئەوەی کەس گوێیان پێ بدات: ئەگەرچی کۆتر سەرنجی دانیشتووان ڕادەکێشێت، بەلام هەرچی پەڕەسیلکەیە ئەوە کەس گوێی پێ نەدەدا، بە ئارەزووی خۆی دەژێت. بە تاك تاك و پۆل پۆل دەفڕین و هانی بێچووەکانیشان دەدا، ئەوانەی توانای

فڕینیان پەیدا کردبوو، لە هێلانەکان هەڵسن و فێری فڕینیـان دەکـرد. ئـەوە هـیچ قەیـدی نییە چونکە پەڕەسیلکە دلێرترین و جوانترین و بەتەکتیکترین باڵندەیـە، ئـەو لـە کـوێ و چۆلەکەی بێ شەرم لەکوێ ...

بەڵام نا، ئەوە لەگەڵ ئەودا شتێکی سەیر، ڕەنگـە لـەوەیش سـەیرتر ڕووی دا .. ئـەوەبوو کاتێك مام و برزاکەی لە ماڵباتی سامانچین بە هەموو دڵنیاییەکەوە لەبـەردەم مێزەکـەدا دانیشتبوون و، بیریان لای هەمان باسەکانیان بوو. لـە ناکـاو دوو پەڕەسـیلکە ـ پێدەچـوو نێرو مێیەك بن ـ لە پەنجەرە والاکەوە هاتنە ژوورەوە، کە دەیڕوانییە سـەر گۆڕەپانەکـەدا، ئەگەر بە ڕێکەوت هاتبانە ناو شوقەکەوە، ئەوە یەکسەر، لە هەمان پەنجەرەوە دەگەڕانەوە، بەڵام ئەو دوو باڵندە چەقاوەسووانە بەنیاز نـەبوون بگەڕێنـەوە، ئـەوەبوو بـە باڵـە فـش و خێراکانیانەوە بەژێر بنمیچەکەدا دەسووڕانەوەو بەردەوام زیکەزیك و هاواریان دەکرد.

ــ ئـۆی تەماشـا بکـە ئـەو دوو پەڕەسـیلکە لـە کوێـوە هـاتوون؟ ـ بیکتـۆر ئاغـا، بـە سەرسوڕمانەوە ئەوەی گوت و تەنانەت تۆزێك لـە شـوێنەکەی خـۆی هەسـتایە سـەرپێ ـ ئەرێ هەموو جارێك لە گۆڕەپانەکەوە دێنە ژوورەوە؟

ـ نا هەرگیز، یەکەمین جارە. پێشتر نەهاتوونەتـە ژوورەوە بـۆ ئێـرە. ژمارەیـەکی زۆریـان لەوێیە، دەیانبینیت لە نزیك پەنجەرەکانەوە دێن و دەچن. هێلانەکانیان لەوێن لـە پاسـاری سەربانەکان ـ ئەرسن سامانچین ئەوەی ڕوون کردەوە.

ـ ڕەنگە شتێك تۆقاندبنی. پەنجەرەکە زۆرتر والا بکە، با بڕۆنە دەرەوە.

ئەرسین پەنجەرەکەی تەواو خستە سـەر پـشت، بـەڵام هـەردوو پەڕەسـیلکەکە لـە فـڕین و سـووڕانەوەو زیکـەزیك بەسـەر سـەریانەوە بـەردەوام بـوون و، چـاوە بـچووکەکانیان زۆر دەبریسکایەوە.

زۆر ڕوون بوو کە لەبەر هۆیەك زۆر نیگەرانن، شتێك پاڵی پێوە نان لە مرۆڤ نزیك ببنـەوە، وەك بڵێیت بۆ ئەوەی هاتبنە ناو ئەم شوقەوە بـۆ ئـەوەی هـەواڵێك ڕابگەیـەنن، یـان بـۆ ئەوەی یەکێکیان بگێڕنەوە سەر ڕێگەی ڕاست و دروست .. ئەرسین بیری بۆ ئەو چوو، بۆیە شتەکەی بەلاوە زۆر سەیر دەهاتە پێش چاو، هەرچی سامانچینی گەورە بوو ئـەوە دەسـتی دایە پەشتەماڵە هەڵواسراوەکەی سەر کورسییەکەو خەریك بوو هەردوو پەڕەسـیلکەکە لـە

پەنجەرەکەوە قاو بدات. لێرەدا هەردوو پەڕەسیلکەکە لـەو شـوێنەوە هاتبوونـەوە ژوورەوە، چوونە دەرەوەو ئەوەندەی نەخایاند بزربوون...

ـ چەند کاتێکی خۆشمان لەگەڵ بەسەر بـردن ـ بیکتـۆر ئاغـا ئـەوەی گـوت و سـەری بـۆ لەقاندەوە، بەڵام بە چ مەبەستێك هاتنە ژوورەوە؟ باشە با بفڕن، بەڵام ئێمەیش دەبێت کار بکەین، کارێکی زۆرمان بە دەستەوە نەماوە، با کـاتی هـاتنی تـۆ دەستنیـشان بکـەین و کەی چاومان بە ڕاوەدوونـەرانی خـەڵکی گوندەکـەمان بکـەوێت، جگـە لـەوەیش دەبێـت گرێبەستەکە لەگەڵ تۆیش مۆر بکەین.

ـ ئەی چ پێویست بە گرێبەست لە نێوانماندا دەکات؟ هەرگیز پێویست ناکات.

ـ نا، بەڵام ئەم سەردەمانە پێویست بەوە دەکەن، بزنس لەسەر گرێبەست ڕادەوەستێت.

ئەرسین سامانچین بەنیاز بوو خۆی بدزێتەوەو بڵێت مامە پێویـست ناکـات، چـونکە مـن بڕوات پێ دەکـەم، بـەڵام هـیچ وشـەیەکی لـەزار نـەترەکا، تـا جـارێکی دیکـە هـەردوو پەڕەسیلکەکە هاتنە ژوورەوەو سەرلەنوێ خێـرا بـەژێر بنمیـچەکەدا دەسـتیان بـە فـڕین و خولانەوە کرد.

ـ ها! بیکتۆر ئاغا بە سەرسوڕمانەوە گوتی ئەوەتە گەڕانەوە، بول ئیمینسی (ئەمـە چـی دەگەەیەنێت)؟ بەڵێ ئەوەتە گەڕانـەوە وەك ئـەوەی بیانـەوێت شـتێك بڵـێن، یـان شـتێك ببیسن، یان شتێك بزانن کە نیگەرانی کردوون ـ ئەرسین لەو کاتەدا بیری لەمە دەکـردەوە، کە سەیری ئەو دوو پەڕەسیلکە بکات کە بە شێوەیەکی سەیر نیگـەرانن و، جـار لـە دوای جار گوێیان لێ بگرێت. بەڵام بیکتـۆر ـ ئاغـا داوای لێکـرد قاویـان بـدات و پەنجەرەکـە داتخات، هاوکات ئەرسین سپلیتەکەی لەسەر بەرزترین پلە بەگڕخست، چونکە نەیدەویـست بیکتۆر ـ ئاغا لە گەرماییدا بێزار بێت. بەڵام ئەوەندەی نەخایاند هـەردوو پەڕەسـیلکەکە جارێکی دیکە لەودیوی پەنجەرەکەوە دەرەکـەوتن، بـە ئاسمانـەوە ڕاوەسـتان و، خۆیـان بـە شووشەی پەنجەرەکەوە نووساند، هەر هاوارو زیکـەزیکیان بـوو، وەك بڵێیـت بـە ڕاسـتی دەیانەوێت کەللە ڕەقانە هەواڵێك بە خـەڵکی ڕابگەیـەنن، یـان بـە ڕەفتـارە سـەیرەکەیان ئاگەداریان بکەنەوەو، تێدەکۆشن بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بووە گوێیان لێ بگیرێت.

بیکتۆر ئاغا خۆی پێ ڕانەگیرا، پاش ئەوەی هەردوو شانی هەڵتەکاند، بە پرتەو بۆڵەوە گوتی:

ـ ئەمە چی دەگەیەنێت؟ مژدەی چاکەی پێیە، یان هوشداری شەڕ؟ بەلآم لە بابەتەکەی خۆمان دوور ناکەوینەوە، پەردەکان دابدەوە، ئەو کات هێور دەبنەوە. بۆیە دەبوو پەنجەرەکان بە تەواوەتی بە پەردەکان دابخرێن. پاش ئەوە هەردوو خزمەکە درێژەیان بە دانیشتنەکەیان داو کارە زۆر گرنگ و کەم بایەخەکانیشیان تاوتوێ کرد، بەلآم ئەرسین هەر هەستی بە سەرسوڕمان و ئەفسووس دەکرد چونکە لەو دوو پەڕەسیلکە سەیرە دابڕا، پێشتر شتی لەبارەی ئەم جۆرە ڕەفتارەی باڵندەوە نەبیستبوو.

هەر بیری لەوە دەکردەوە تەنانەت کاتێك بیکتۆر سامانچین، کە حەزی لەو باس و خواسە دەکردو، وای لێ کرد بە هێوری و دانایانە ڕاوبۆچوونی خۆی بەرانبەر بە ژیانی سەڵت و قوڵتی برازاکەی دەربڕی:

ـ ئەرسین تۆ هەموو شتێکت باشە ـ ئەوەی گوت و چاوی لە چاوی بڕی ـ سوپاس، بەلآم چایەکەت چای سەڵت و قوڵتانەیە، زیز مەبە، ئاشکرایە کێشەکە لە چایەکەدا نییە، بەلآم تا کەی خۆت دوادەخەیت؟ کاتی هاتووە، کاتی هاتووە. هەندێك کەس توانییان پێنج ـ شەش جار ژن بهێنن، تەنانەت لە پەردەی تەلەڤزیۆنەکانەوە شانازی بەوەوە دەکەن، کەچی تۆ یەك جار پێت هەڵنووتاو، هەرگیز ناتوانێت هەڵبسێیتەوە. نا ئەرسین ئەمە سوودی نییە، چونکە تۆ هێشتە لاویت، زیرەکیشیت، زۆریش زیرەك، بەلآم باوکی خوالێخۆشبووت زۆر شانازی پێوە دەکردیت. ڕاستە تۆ دەوڵەمەند نیت، بەلآم نەداریش نیت. هەموو خزمان چاوەڕوانی شاییەکە دەکەن و منیش ئامادەم، ڕەوە ئەسپێکم هەیە، لە جیاتی خوازبێنیدا دەیبەخشم و، ئەگەر بتەوێت ڕەوانەی شاری دەکەم. پێمەکەنە ئافرەتی باش زۆرن، چ لە شارو چ لەلادێ بن، هەڵبژێرە، کات تێدەپەڕێت .. پاشان خۆت باش لەوە تێدەگەیت.

ئەرسین بزەی دەهاتێ و سەری پەسەندکردنی دەلەقاندەوە، دەکۆشا باسەکە بەلای بابەتی دیکەدا وەرگێڕێت، کاتێك بیکتۆر سامانچین بیرۆکەیەکی لەناکاوی بە ئەندێشەدا تێپەڕی:

ـ ئەرسین گوێ بگرە ڕەنگە ئەو دوو پەڕەسیلکەیە بە خۆڕایی نەفڕین و نەهاتن و نەچوون؟ ئەوانیش دەیانەوێت ژنەکەت ببینن، بەڵام لە شوقەکەدا نییە ـ پاشان بە گاڵتەکەی خۆی پێدەکەنی، کەچی ئەرسین بە شێوەیەکی تەواو جدی وەڵامی دایەوە:

ـ خۆزگە وا بووایە.

پاشان کاتێك لە گۆڕەپانەکە خەریك بوو بیکتۆری بە ڕێ دەکرد، ئەوەی لەگەڵ خۆیدا دووبارە دەکردەوە: خۆزگە وا بووایە، هەرچی بیکتۆر سامانچین بوو بیری لە شتێکی دیکە دەکردەوە، شتێکی پرەکتیکانەتر، هەرکە ئۆتۆمبیلە (نیڤا) تۆز لەسەر نیشتووەکەی (ئەرسین)ی لە تەنیشت ئۆتۆمبیلە زەبەلاحەکەی خۆیەوە بینی کە پاش شوشتنی زۆر جوان دەبریسکایەوە، گوتی:

ـ ئەرسین گوێ بگرە، ئەگەر هەموو شتێك، وەك پلانمان بۆ داڕشت و ڕێ و شوێنمان بۆ دانا، بەڕێوە بچێت، ئەو کات دەتوانیت ئۆتۆمبیلێکی جێپی وەك ئەمە بکڕیت. بەسە تا کەی سواری ئۆتۆمبیلی (نیڤا) دەبیت، ڕاستە ئەگەرچی ئۆتۆمبیلێکی خراپ نییەو، پاشماوەی سەردەمی سۆڤیەتە، بەڵام ئەوەی زۆرتر ئێستە بۆ کابرایەکی وەك تۆ بشێت ئۆتۆمبیلی جێپە.

لێرەدا ئەرسین سوپاسی بیکتۆری مامی کرد:

ـ سوپاس، یابیکی، سوپاس، با بزانین کارەکان چۆن بەڕێوە دەچن، جێپ لە چیاکاندا گونجاوترە، بەڵام با بزانین چی دەبێت. ـ هاوکات لە دڵی خۆیدا ئەوەی دووبارە دەکردەوە: خۆزگە وا بووایە. پاشان ئاراستەی بابەتەکەی گۆڕی: ئیتیبای گوێ بگرە، گەشتەکە چۆن بوو؟ بەخێر بێیت. لەسەر ئەوە بەردەوام بە، کەم کەس دەتوانێت لە چیاکان ڕێگەوبانەکان کۆنترۆڵ بکات.

ـــ بەڵێ، من و ئیتبیای لەو ڕێگەیە، چەند مەزەندە دەکەیت؟ سێ سەد هەزار کیلۆمەترمان بڕیوە.

ـ نا بەڵکو سێ سەدو چل کیلۆمەتر ـ ئیتیبای بە شانازییەوە ژمارەکەی بۆ ڕاست کردەوە. پاشان دەستیان لە ملی یەکدی کردو ئەرسین لە دوای جێپەکەوە دەستی بۆ ڕادەوەشاندن و هەر بیری دەکردەوە: خۆزگە وا بووایە. هۆیەکی دیکەی خەمناك هەبوو کە پاڵی بە ئەرسین

سامانچینەوە دەنا لە ناخی خۆیدا دڵنیا نەبێت، کاتێك هەردوو پەڕەسیلکە سەیرەکەی بـیر دەکەوتەوە، نەیویست لەبارەیانەوە کەس ئاگەدار بکاتەوە، ئەگینـە کارەکـە دەبـووە جێـی گاڵتەجاڕی. تەنیا ئایدانا دەیتوانی لەو بەسەرهاتە بگـات و ڕۆمانـسیانە ڕاڤـەی بکـات، دووریش نەبوو ئامۆژگاری بکردایـە بـۆ نموونـە بیکردایەتـە بابـەتێکی (لیبیریتـۆ)، یـان گۆرانی. وێ حەزی لەم دیدارە لەناکاوانەی قسەی گەرم و گوڕ بوو کە ئەمە پێوەندی نێـوان گیانی ئەوینداران نزیکتر دەکاتەوە. چەندین جار ئـەم جـۆرە قـسانەیان کـردووە. هەرچـی ئێستەیە گوێی لە دەنگی نابێت، تەنانەت بەتەلەفۆنیش، بەو لیمۆزینـە بـێ بەهایـە دوور کەوتەوە ... بە داخەوە، ئەگینە بەسەرهاتی ئەو دوو پەڕەسـیلکە مژدەبـەرە سـەیرەی بـۆ دەگێڕایەوە. تۆ بڵێیت ئەو هەواڵە چی بێت کە ویستیان لێی ئاگەدار بکەنەوە؟

شـتێکی ئاسـاییە پـاش چـەند ڕۆژێـك هـەر هـەموو ئـەوەی لـەبیر چـووەوە، ئـەوەبوو خۆئامادەکردن بۆ (بزنس)ەکە ـ ڕاوکردن لـە چـیاکانی تۆیـۆك ـ بـەردەوام بـوو، کـارێکی ئاسانیش نەبوو، کارەکە زۆر بوو، پاشان لە گوندەکـەی لێـی لـەدایکبووە، لـە پێنجـەمین ڕۆژی گەیـشتنی ئـەو نووسـینە تاڵـەی لـە ڕۆژژمێرەکانیـدا بـە ناوونیـشانی (دەرگـە نهێنییەکان، یان هاوکێشەی چارەنووسی چاوەڕوان کراو) نووسی.

ڕێی تێدەچێت ئەو دوو پەڕەسیلکە بەستەزمانانە ویستبێتیان لە خـودی ئەمـەی ئاگـەدار بکەنەوە؟ بەڵام لە کوێوە ئەوە دەزانن؟ جێی پێکەنینە، بـێ مێـشکییە، ئـەقڵ ڕێـی پـێ نادات، خەیاڵ پڵاوییە، تا ئێستە چارەکە بەو شێوەیە. تا ئێستە ... بەڵام ئەم نووسینە بە خامەی ئەرسین سامانچین ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی کە بەرێوەیـە. تـا ئێـستەیش هێـشتە ئاسۆ بێ گەرد بوو، لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێوە دوور بوو لەبەر ئـەوەی هـەموو شـتێك لـە چوارچێوەی خۆیدا بەرێوە دەچوو، بەپێی پرۆژەی (بزنس)ەکە.

هەرچی ئەو بوو، بێ ئەوی بزانیت چارەنووس چی بـۆ شـاردووەتەوە، ئـەوە غـەمبار بـوو، چوون منداڵ ئازاری دەچەشـت، بەرانبـەر بـەوەی نەیـدەتوانی ئایـدانا ببینێـت و ڕووداوی هەردوو پەڕەسیلکە دڵخۆشکەرەکەی بۆ بگێڕێتەوە، چۆن نا، ئەگینـە بـە پەلـە دەهـات و دەیپرسی: خودایە، ئەو پەڕەسیلکانە لە کوێن، ئەو دوو باڵندە نایابە؟ بەڵام تۆ بڵێیت ئـەم بێزراوە بەستەزمانە ئەقڵی خۆی لەدەست نەدابێت؟

هاوکـات بێزراوێکـی دیکـه، جابارسـی دڕنـده، چـوون ئەفـسوون کـراو لـه دەربەنـدی ئۆزینگیلیش ـ ستریمیانی ئازاری دەچەشت. چاوەڕێی چـی دەکـرد؟ ئـەی چـی چـاوەڕوانی ئەوی دەکرد؟

# شەشەمین پار

پاش تێپەڕبوونی دوو ڕۆژ ئەرسین سامانچین لە پشتی ستێرنەکەوە ئۆتۆمبیلە (نیڤا)کەی لێ دەخوڕی. تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم بۆ گەیشتنی هەردوو میوانە پایە بەرزەکە مابوو ـ کوڕەکانی مام حەسەن و مویەسەر. شتێکی ئاساییە کە ناوی تەواویان درێژترو ئاڵۆزترە، بۆیە دەبوو ئەزبەریان بکات. بەڵام تا ئێستە ئەوە بەسە ـ حەسەن و مویەسەر ... جا لە پێناوی تێرکردنی ئارەزووی ڕاوکردنیان ئەرسین سامانچین بەرەو گوندەکەی خۆیان بەڕێ کەوت، بۆ داوێنی چیاکانی تیان ـ شان، بۆ بەرزاییە دوورەکانی تۆیۆك ـ جار.

ڕێگەی بەردەمی دوورە ـ نزیکەی پێنج کاتژمێرە. وێڕای ئەوەی کە ڕێگەکە باش دەناسێت، چونکە زۆر جار بەم ڕێگەیەدا هاتوچۆی کردووە، بە تایبەتی پاش ئەوەی فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بوو، بۆیە هەر گەشتێکی مەترسی لەگەڵدابوو لەبەر ئەوەی نیوەی ڕێگەکە قیرکرابوو، پاشان ڕێگەکە دەبووە خۆڵ و بەناو بنارو لێواری تیژی شاخەکاندا دەچوو. نیڤاکە هێشتە بەهێزبوو، ئەگەرچی لەچاو ئۆتۆمبیلە نوێییە بیانییەکاندا لە قەلەڕەشکەیەکی سپی دەچوو، کە لەم ساڵانەی دواییەدا شارو دەوروبەری شارەکانیان تەنیبووەوە.

ئێستە بە تەواوەتی گەیشتووەتەوە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی شار. پاش ئەوەی کۆڵانەکانی دەورو بەرو ئەو ماڵانەی تێپەڕاند کە هێشتە تەواو نەکراون، ڕێگەکەی بە تەنیشت باخ و گوندەکاندا بڕی، پاشان بەناو کێڵگەی کوڵخۆزو سۆفخۆزەکانی پێشوودا، دواتر تا چاو بڕی کردبایە هەر پێدەشت بوو، تا دەگەیشتە تەپۆڵکەکان، کە لە پشتیانەوە هێڵەکانی لووتکە بەفرینە بڵندەکانی زنجیرە چیاکانی یان ـ شان دیاربوون، کە لە مێژە لە سەردەم کۆنەکانەوە پڵنگە بازووە دڕندەکان لە دۆڵ و شیوو نهالەکاندا دەژین، برای پڵنگە ڕەشەکان، ئەوەی لەناکاو دەرکەوت کە جێی بایەخی ڕاوکردنی نێودەوڵەتییە.

بۆ ئێرە، بەرەو لای ئەم چیا بڵندانە، کە نووکیان لە ئاسمان دەسوون، ئەرسین سامانچین تێی تەقاند، لەناو ئۆتۆمبیلە (نیڤا)کەیدا ڕووی کردە ئەو شوێنە لێی لەدایکبووە، کە ڕووی لێرە نەدەکرد تەنیا لە بۆنە جیاجیاکاندا نەبێت ـ جارێك بۆ پرسەو سەرەخۆشی کردن

و جارێك بۆ بەشداری کردن لە شایی و زەماوەندو جارێکی دیکە بـۆ بەشـداری ئاهـەنگی بارکردنی خزمە نزیکەکانی بۆ ناو خانووی نوێ؟ خوشکەکەی کە دەیویست ئێستە ببێتـە میوانیان، کە مێردەکەی ئاسـنگەرە (ئـەوەی دەزانرێـت کـە ئێـستە ئاسـنگەری داهـاتی ئەوتۆی نییە)، ئاماژەی بۆ کردبوو کـە پێویـستیان بەوەیـە چـەند ژوورێکـی تایبـەت لـە تەنیشت ماڵەکەیانەوە دروست بکەن، لەبەر ئەوەی کوڕەکەیان، ئۆشکون نیـازی هەیـە ژن بخوازێت. بۆیە ئەگەر هەموو شـتێك ئاسـایی بەڕێوەچـوو، وەك نەخـشەی بـۆ کێـشابوو، ڕاوکردنکەیش سەرکەوتووانە بوو، ئەوە دەبێت پارەی پێویست بۆ دروستکردنی ئەو خانووە پێ بدات، چۆن نا، لەوە دڵنیایە کە پارەی پێ دەدات.

ئەم جارەیان ئەرسین لە بۆنەیەکی تایبەت و جیاکاردا ڕووی لە گوندە بـچووکەکەی خۆیـان کرد، چونکە پێشتر بەم نیازەی ئێستەی بەسەردان سەری لە گوندەکەی نەدابوو، ئەگەرچـی بەدەنگی بانگهێشتەکەی خزمەکەی ـ بیکتۆر سامانچینەوە چوو، (بزنـسمان)ی ڕاوکـردن، کە گەورەو بچووکی ئەم ناوچانە دەیناسن، بۆیە هەمووان لێرە ئـەو کارەیـان بـە شـتێکی ئاسایی دانا: مام هەر مامە، بەڵام ئەوە کێیە ئارەزوو نەکات پـشکی خـۆی لـەو گوژمـە دۆلارە بەدەست بهێنێـت، کـە لـە ئاسمانـەوە هاتووەتـە خـوارەوە؟ کـام گیـل ئـەوە ڕەت دەکاتەوە؟

ئەو گوژمە دۆلارە لەلایەن ئەو دوو ڕاوچییە عەرەبییەوە دەدرێت، ڕاستتر لە پڵنگە بـازووە بەفرینەکانەووە، لەبەر ئەوی دڕندەکان، ئەوەیش کارێکی نائاساییە ـ ئێستە لە خولگـەی بازاڕدا ڕووی دا: ئەگەر پڵنگە بازووەکان لێرە نەبوونایە، ئەوە هیچ هۆیەك نەبوو پـاڵ بـەو دوو میوانەوە بنێت ئەم هەموو پارەیە تەخشان و پەخشان بکەن.

کاتێك ئەم جۆرە پارەیە ئامادە بێت، ئەوە کەسانێکی زۆر کەم هەن دەیانەوێت بـزانن چـی لە ناخی کەسێکدا دەخولێتەوە، هەر کەسەو خەمی خۆی هەیە، هـەقی بەسـەر باخـچەی کەسی دیکەوە نییە، تەنانەت ئەگەر گیایشی لێ نەڕوێت.

بۆیە کەس بایەخی بە هۆکارە ڕاستەقینەکان نەدەدا کە پاڵیان بە ئەرسین سامانچینەوە نـا قایل بێت ڕۆڵی وەرگێڕ وەربگرێت.

ئەرسین، کاتێك لە پشتی ستێرنەکەوە بوو چاوی لـە خێرایـی خـۆی و ئـەو ئۆتۆمبیلانـەی بەرانبەری بوو کە دەهاتن ـ بە تایبەتی لە سوورانەوە تەسکەکاندا، کاتێك ترێلە زەبەلاحـە ـ چینییەکان ، وەك ناویـان لـێ نـاوە ـ کـە تـا کەشکەشـەی ئاسمـان بـار کـراون و، بـە لاتەنیشتدا لاربوونەتـەوە، هەرکـە هـەموو جارێـك بەلایانـدا تێدەپـەڕێت، هەناسـەیەکی پشووبەخش هەڵدەمژێت. ئەرسین لەم کەشە گـرژەی ئـەم گەشـتەیدا، بـەردەوام بـیری لای هەمان ئەو شتە بوو: چۆن ژیان دەگوزەرێنێت، چی بکات؟ ئەگەر کارەکە بـەوەوە وەسـتا. ئەوە ئەو بیرۆکە بزێوە هەر وازی لێ نەدەهێنا، کە هەر ئازاری دەداو، هـەموو جارێـك وای لێ دەکرد بی دەستەڵاتی بنوێنێت، بەم شێوەیە (گرێکوێرەی ڕەتدانەوەی کۆتـایی) ـــ وەك ئەو ناوەی لە ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە ناوە، کە لە ناخیـدا کلێپـەی دێـت، کـە لـە پـشتی ستێرنەکەوە بوو، ئەو بیرۆکەیە ئازاری دەدا. زۆر سەری سوڕما کاتێك بۆی دەرکـەوت کـە تا ئەو ڕادەیە ساکارە ناتوانێت بەسەر خودی خۆیدا زاڵ بێـت و، ئـەو ئاسـتە ڕۆشـنبیرییە تەواوەی نییە بتوانێت ئەلتەرناتیڤی ڕوحی ئەم حاڵەتـەی خـۆی بدۆزێتـەوە، لێـرەدا بـیری کەوتەوە کە لە ڕابوردوودا بە نازناوی خۆنەویست ناوی دەرکردبوو ـ بەڵام دەرکەوت کە بێ قیمەتە. ئارەزووی خۆڕسکانە دەمکرۆژێت، لە ڕووی ئایدیۆلۆژیشەوە بازاڕ بـۆ دوورم تـووڕ هەڵدەدات..خەڵك تێناگەن، کەمیان نەبێت، کە هێشتە لە توندوتیژی سۆسیالیست قوتـار نەبووینە، کەچی کەوتووینەتە ژێر چـڕنووکی توندوتیـژی بـازاڕەوە. بـازاڕیش ئـەو کەسـە دەکوژێت نەیاری بێت، جا لەبـەر ئـەوەی دەکوژرێـت، تـۆیش بکـوژە. ئـەوە (دوایـەمین ڕەتدانەوە)ی بازاڕە. سەرزەنشتی خۆی دەکردو، گاڵتەی پێ دەکردن بـەڵام تـەنیا هـەر بـە قسە، بەڵام لە ناخی خۆیدا ئارەزووی بـە لای هـیچ جـۆرە پەشـیمانی، یـان لەخۆبوردنـدا نەدەچوو، وای دادەنا کە تەواو مافی (ڕەتدانەوەی کۆتایی) هەیە.

بەم شێوەیە، لەناو ئۆتۆمبیلە (نیڤا)کەیـدا، بـەناو ئـەو کەشـە چیاییەدا بـەرەو پێـشەوە دەڕۆیشت، وردە وردە لە کۆمەڵی شارستانیانەی هاوڕەگـەزەکانی خـۆی دوور دەکەوتـەوە، ئەوانەی خواوەند لەبیری کردوون، گەر هەبێت یان بیریان چـووبێتەوە، ئەگـەر بڕوایـان پـێ هێنابێت، نیگەرانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو، کە خەریکـە ڕوحـی ئـەنجن ئـەنجن دەکـات،

لەگەڵ بشێوی و، غەم و هەناسە ساردی. سا سێ جار نەفرەت لە شـار بێـت، کـە خـۆی و ئایدانای لێك جیا کردەوە، پاش ئەوەی بەرەو لای ڕۆشنبیری جەماوەری ڕاپێچی کرد.

بەڵام شار هەرگیز وازی لە ئەرسین سامانچین نەهێنا بۆ خۆی ئاسوودە بێـت، ئـەوەبوو لـە ڕێگەدا هەر بە مۆبایل دوای کەتبوو و تەنگی پێ هەڵدەچنی، کە ناچار بوو وەڵام بداتەوە، یان بەبێ ڕاوەستان، بێ ئەوەی دەست لە ستێرنەکە بەربدات، یان لـە لاڕێگـە ڕادەوەسـتا، نەوەك تووشی ڕووداوێك ببێت.

پێوەندییەکان زۆرتر لەلایەن دەستەی نووسەرانی گۆڤارو ڕۆژنامە جۆراوجۆرەکانـەوە بـوون، کە چاوەڕوانی وتارگەل و دەقی دیدارو هەڤپەیڤینەکان بوو، ئەوانەی بـەڵێنی پـێ دابـوون، بۆیە ناچار دەبوو بۆ کاتی دیکـەیان دوابخـات، هەرچـی هەنـدێك سەرنووسـەرو بێـژەرانی تەلەڤزیۆن هەیە ئەوانەی پتر پێـداگیریان دەکـرد، ئەوانـەی پلانیـان بـۆ پرۆگرامـی دواتـر دادەڕشت، ئەوە ئاگەداری دەکردنەوە کە مۆڵەتی وەرگرتووە، واتە خۆی مۆڵەتی بـە خـۆی داوە، ئەوەیش مافێکی تەواوی خۆیەتی و، لە مـاوەی سـێ هەفتـەی داهـاتوودا گەشـتی کردووەو نایەتەوە، چونکە ئێستە شاری بەجێ هێشتووە، بەگشتی تا ڕادەیەك تـوانی ئـەم کێشەی ڕۆژانانە چارەسەر بکات و لە بارەیانەوە ڕێك بکـەوێت، بـەڵام دوو پرسـی بەپەلـە هەبوون پێویستیان بە وتوێژو لەسەر ڕێککەوتن هەبوو، ئەو دوو کەسـەی پێونـدییان کـرد لەسەر ئەوە مکوڕ بوون بە تەلەفۆنەکە ڕوونکردنەوەیان پێ بدرێت و قسەی لەبارەوە بکەن، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووسـی و تەلـەڤزیۆن  پێویـستیان بـە وەڵامدانـەوەی بەپەلـەی ئـەو ڕەخنانە هـەبوو ئاراسـتەی ڕاوبۆچـوونەکانی کرابـوون کـە پێوەنـدییان بـە پرسـە گرنگـە هەنووکەییەکانەوە هەبوو. ئەم کارەیش بەلای ئەوەوە شتێکی نوێ نەبوو، چونکە زۆر جـار دەکەوتە مشت و مڕو گفتوگۆوە بۆ ئەوەی ڕاستی ڕاو بۆچوونی خۆی سـەبارەت بـە پرسـە جۆراوجۆرەکان بیـسەلمێنێت، بـەڵام مـشت و مـڕو گفتوگـۆکردن لـە دەسـتەی نووسـەران شتێکەو، گفتوگۆکردن بە تەلەفۆن شتێکی دیکەیە، کە تۆ لە شوێنێکی دوور بیت. بـەڵام (ریش بوو بە ڕیشەوە شانەی بۆ هەڵدەگریت)، بۆیە ئەوەتە ناچارە ڕابوەستێت و دەست بـە گفتوگۆ بکات، لە خۆش بەختی ئەویش ئەوەی پێوەندی پێوەکردبوو یەکێك لە دۆستەکانی

بوو ئـەویش کۆمـاش بایـسالۆف بـوو ـ سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی (ڕێگـەی نـوێ)، کـە ماوەیەکی دوورو درێژە کاروباری ڕۆژنامەوانی پێکەوەی گرێ داون.

ـ کۆماش گوێ بگرە ـ ئەرسین سامانچین ئەوەی بە تووڕەییەوە گوت ـ ئـەو شـتە پەلەیـە چییە؟ من سەفەرم کردووە، پێم ڕاگەیاندیت. کاتێك گەڕاینەوە بابەتەکە تـاوتوێ دەکـەین ..

ـ ئەرسین تێ بگە، حەز دەکەم لە پرسەکە بگـەیت ـ ئـەوە پێوەنـدی بـە وتەکـەی تـۆ لـە کۆنگرەکەدا هەیە، لە کۆڕبەندی ڕاگەیاندن، لە یادتە؟

ـ بەڵێ، لە یادمە.

ـ باشە، ژمارەیەك پیاوی ئایینی لای خۆمان ـ موسوڵمان و کریستیان و تەنانـەت لیـبرال پاپتیستەکان ـ نامەیەکی والآیان نووسیوە، ئـەوەبوو پێـشتر پـێم ڕاگەیانـدبوویت کـە تـۆ بەردەوام توندڕۆیت.

ـ باشە، چی ڕقی ئەو کەشیشانەی هەستاندووە؟ چ بۆ ئـەو برایەتییـەی پـاڵ پێـوە نـاون؟ ئەوانە لە ڕەوشی ئاساییدا سڵاو لە یەکدی ناکەن..

ـ لەبەر ئەوەی بە ئاشکرا سووکایەتیت بە بڕوا کردووە.

ـ مەبەستت چییە؟ ئەوە چی دەگەیەنێت؟ ئەوانە خۆیـان بـە شـتی بـێ نرخـەوە سـەرقاڵ دەکەن.

ـ ئەرسین خۆت گێل مەکە. تۆ دەتزانی ملی ڕێگەیەکی ترسناکت گرتـووە. ئـەوان ئێـستە داوات لێ دەکەن پاشگەز ببیتەوەو، بە ئاشـکرا پێـی لـێ بنێیـت کـە ئـەو هەڵویـستەت گومڕایی نییە، بەڵکو بە ئەنقەست شێواندنی ڕاستییە.

ـ ڕاوەستە، ڕاوەستە، هەڵویستی چی؟

ـ وتارەکەی خۆت لە کۆڕبەندی ڕاگەیاندن لە ئەلمائاتا لەیاد نییە؟

ـ باشە، ئەگەر بیر بکەینەوە ... بەڵام ئەوە لە مانگی ئایاردا بوو.

ـ ڕاستە، لە بیست و پێنجەوە بۆ بیست و حەوت.

ـ باشە، چی دیکە؟

ـ گوێ بگرە، ئێستە پوختەی ناڕەزایی دەربڕینەکەیانت بۆ دەخوێنمەوە.

ـ باشه، سا دەی.

ـ بەڵام ئایە پیلی مۆبایلەکەت تەواو نابێت؟

ـ نیگەران مەبە، چارجەرم پێیە.

ـ کەواتە بۆت دەخوێنمەوە: (بەم شێوەیەو، پاش لێکۆڵینەوەی هاوبەش، گەیشتینە یەك ڕای هاوبەش، ئەوەیش ئەوەیە کە ئێمە نوێنەرانی بنکە هەرێمایەتییەکانی ئایینییەکانی جیهان، سەرکۆنەو پرۆتستۆی ئەو سووکایەتی پێ کردنە دەکەین کە ڕۆژنامەنووس ئەرسین سامانچین لە کۆنگرەی ـ کۆڕبەندی ڕاگەیاندنی یۆرۆئاسیا ـ کردی، کە لە دەقێکی فەلسەفی ناسراو بە (وشە) فرێزێکی بە نموونە هێنابووەوەو وەرگرتبوو، کە بۆ سەردەمی کۆچ و کۆچبەری مێژوویی دەگەڕێتەوە، ئەوەیش خۆی لە خۆیدا لە بێ بڕوایی ترسناکترە، گوێت لێیە؟

ـ بەڵێ، گوێم لێتە، گوێم لێتە.

ـ باشە، پاش ئەوە دەقی وتارەکەی تۆ دێت. لە یادتە کە هەر هەموو ئەو وشانەی لە کۆنگرە خوێنرانەوە، لە تەلەڤزیۆنەوە پەخش کرانەوە؟ ئێستە دەقی ئەوەی گوتت بۆت دەخوێنمەوە، کەمێك با پشووت درێژ بێت. فەرموو گوێ لە وتەکەی خۆت بگرە، وەك چۆن لە نامەکەی ئەواندا هاتووە: ( ڕەنگە بەم بۆنەیەوە شێوازی خۆم، تێگەیشتنی خۆم بۆ گرنگیەتی گەردوونیانەی میدیا جەماوەرییەکانی سەردەم بۆ دەرکەوێت، بۆیە ڕێ بە خۆم دەدەم، نەك هەر گرنگی ڕۆژانەی سپەیسی میدیا پێکهێنراوەکانی سەردەم و بەرپرسیاریەتییان بیربخەمەوە، بەڵکو پەنا بەر خوازە کۆنەکان ببەم بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی سەرتاپاگیری وشە بە خۆی، ئەو تێگەیشتنە لە فەیلەسووفە گەڕۆکەکانەوە بەجێ ماوە، ئەوانە لە سەردەمە زۆر کۆنەکاندا ژیاون و، بە شێوەیەکی تایبەت ئەو قسەی نەستەقە ـ کە لە شیعری کازاخی ـ قەرغیزی سەردەمی کۆچەرەوی بهێنمەوە، کە بۆ ئەو سەردەمانەی پێش سەرهەڵدانی ئایینەکانی ئێستەی جیهان دەگەڕێنەوە. ئەو قسەیەیش بەم شێوەیە وەردەگێڕێت: (وشە چاودێری خواوەندەکان دەکات لە ئاسمان. وشە شیری گەردوون دەدۆشێت، نەوە لە دوای نەوە، سەردەم لە دوای سەردەم، ئەو شیرەمان پێ دەدات، بۆیە بەبێ وشە هیچ بوونێك نییە، لە دەرەوەی سنووری

وشە، هیچ هێزێك نییە، خۆی لە هێزی وشە بدات، لە جیهاندا گرێك نییە لە توانای وشـە بەتواناترو گەرمترو بەگڕتر بێت. ئەو بەڵگە ئاساییە سـەرتاپاگیرییە لەسـەر دەسـتی ئـەو فەیلەسـووفە گەڕۆکانـە، ئـەو شـایەرە ـ بـالۆرە بێژانـە دارێـژراوە، کـە بەسـەر پـشتی چارەواکانیانەوە چاودێری جیهانیان دەکرد).

ـ باشە، ئەی لێرەدا چی ڕقی ئەو مامۆستاو کەشیشانەی هەستاندووە؟

ـ ئەوەیشت بۆ دەخوێنمەوە: چۆن دەشێت ئەم قسە بە ئاشکرا بە گوێی خەڵکیدا بـدرێت و لە تەلەڤزیۆنەوە پەخش بکرێتەوە، کە بـە ڕای هـەموو ئـەوان نکـۆڵی کردنـی بڕوابوونـە، تێگەیشتیت؟

ـ ئەوی ڕاستی بێت پێشبینی ئەم کاردانەوەی ئەوانم نەدەکرد، پێشبینی ئەوەم دەکرد لـەوە بیر فرەوانتر بن. بەڵام ئەمە هەرگیز کاری نەکردووەتە سەر بڕوام لە ڕووی جەوهەرەوە.

ـ باشە، بە ڕای تۆ دەبێت چی بکەین؟

ـ بەو شێوەیە بجوولێنەوە کە بە باشی دەزانن.

ـ ئەوە ڕوونە. ئەرسین ئێستە گوێ بگرە ـ لەبەر ئەم هۆیـە بـوو پێوەنـدیم پێـوە کردیـت، ئەگەرچی بەرێگەوەیت ـ ئەوە بە دەنگی پیاوانی ئایینی خۆمانەوە دێین، ئـەم نامەیـە لـە یەکەمین لاپەڕەدا بڵاودەکەینەوە باش تێی بگە، چونکە ئێمـە لەگـەڵ تـۆدا دەسـت لـەناو دەست لە کاتی بیریستریکاوە پێکەوە هەنگاومان دەهاویشت، بـەڵام ئەگـەر ئێـستە بـەو شێوەیە نەجوولێینەوە، ئەوە ڕەنگە ڕۆژنامەکەمان لە بەخششی دارایی بێ بـەش بکرێـت. لەم ڕووەشەوە هێمایان بۆ نەکردووین، بەڵام بە شێوەیەکی نزیـك لـە ڕاشـکاوییەوە پێمـان گوتراوە، هەرچی (پارەبەخش)ەکەیە ئەوە بە خۆت دەیناسیت.

ـ چۆن نایناسم. ئەو تەنیا هەر پارە بە ئێوە نابەخشێت، بەم نزیکانەیش دەبینیـت هـەموو ڕۆشنبیری وەك ئەموستیلە لـە پەنجـە بکـات و، هـەموو شـتێك دەبێتـە مـوڵکی ئـەو ـ دەستکەوت و بڕیار.

ـ کەواتە تۆمان لێ زویر نابیت.

ـ چۆنتان پێ باشە ئەوە بکەن، هەرچی منم ئـەوە بـەرگری لـە هەڵویـستی خـۆم دەکـەم. ڕێگەیش لە ڕاستی ناگیرێت.

ـ باشه، با وابێت، بەڵام ئەرسین پێویستە لەوە تێ بگەیت، من لە چوارچێوەی دۆستایەتییەوە پێت ڕادەگەیەنم .. پێش ئەمەیش وتارێکت بڵاوکردەوە هەرگیز جێی پەسەندی پارەبەخشەکان نەبوو.

ـ کام وتار؟

ـ لەبارەی ڕۆژنامەگەری ڕووسیاوە.

ـ ئا، بەڵێ.

ـ تەنانەت ناونیشانەکە بەسە (هیواخوازی بەرەو سامان و دەستەڵات). ئای چ وتارێك بوو! لەسەردەمی بەردینەوە تا ئەم ڕۆژگارەی خۆمان ..

ـ بەڵێ، ئەوە بوو ـ ئەرسین سامانچین بە کورتی وەڵامی دایەوە، دەرکی بەوەیش کرد کە ئەو وتارەیش ڕۆڵی خۆی هەوبووە کە تووڕەی کردوون، بۆیە هانی پیاوانی ئایینییان داوە بە توندی بەرسڤی بدەنەوە، ئەوانیش دریغییان نەکرد، لای خۆیشیەوە ئیرتاش کۆرچاڵ دەستی لە هەموو ئەوە گلاوە. ئەرسین هیچ گومانێکی لەوە نەبوو، پاشان، کە مۆبایلەکەی بە چەناگەی گرتبوو، گوتی ـ ئەوە ڕەچاو دەکەم، هەرچی ئێستەیە ئەوە دەبێت بەرێ بکەوم. کۆماش خوات لەگەڵ.

ـ ئەرسین، باشە، وەك خۆت چۆنی بە باش دەزانیت. پێویستت بەوە نییە کەس فێرت بکات، بەڵام تەماشای ئەو شتانە بکە لە دەورو بەرت ڕوو دەدەن، نامەکە بڵاودەکەینەوە، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەمان لەبەردەمدا نەماوە، چونکە پیاوانی ئایینی ڕێ نادەن بە ئارەزووی خۆمان کاربکەین.

ـ بەڵام ئەوانە چ پیاوانگەلێکی ئایینین، ئەوانە دوو ڕوون!

ـ ئەمە بە گاڵتەوە دەڵێم. بە گشتی تۆ چیاییت، پێویستە بە خۆت بزانیت کامە هەورازو کامە نشێوەو کامە هەڵدێر. گەشتێکی پیرۆز...

ـ سوپاس. خوات لەگەڵ ـ ئەرسین سامانچین وەڵامی دایەوە، لە کاتێکدا دەکۆشا لە مەبەستی ئەو هیواخوازییەی تێ بگات ـ ئایە هوشدارییە، یان شتێکی گرنگترە؟

پاش ئەوە دوو تەلەفۆنی دیکەی لە دوو دەستەی نووسەرانەوە بۆ کرا، بەڵام دوو پێوەندی ئاسایی دوور لە سەرئێشە بوون..

ئەرسین سامانچین ڕانەوەستا تەنیا بۆ بەنزین وەرگرتن نـەبێت، ئەوەتـە لـە ڕێگـە چـیاییە خۆڵینە پێچاو پێچەکە نزیك دەبێتەوە. ڕۆیشتن بـە نـاو چـیاو هـەوراز و نـشێوەکاندا لـە ڕۆمانسییەت بەدەر نییەو، ئەو دیمەنانەی دەوروبەرت جـوانن، بـەڵام ئـەوە وا لـە شـوفێر دەکات پتر ئاگەدار بێت و، جۆرە بارقورسییەکیش بۆ ئۆتۆمبیلەکە پێکدەهێنێت. ئەرسـین سامانچین، هـەموو بـیری خـۆی خـستبووە لای لێخـوڕینی ئۆتۆمبیلەکـە، بـە تاڵیـشەوە بەردەوام بیری لەوە دەکـردەوە، کـە چـۆن وتارەکـەی لـە کۆڕبەنـدی ڕاگەیاندنـدا لەلایـەن میدیاکانەوە تاك لایەنانـەو بـە شـێوەیەکی لایەنگیرانـە پـلاری تـێ دەگیرێـت: ئـەوەبوو بەشدارییە زۆرەکانی لە کۆنگرە جۆراوجۆرەکاندا دووچـاری پـلار بوونـەوەو ڕەخنـەیان لـێ گیرا، بەڵام یەکەمین جـارە تووشـی ئـەم جـۆرە هەڵمەتـە ڕێکخـراوە ناوزڕاندنـە دەبێـت. ئەمـــەیش بـــە شـــێوەیەکی نمایـــشکارانە ڕوو دەدات - ئەوەتـــە ئەرســـین سامانـــچین، لەسەفەردایەو، ئەو شتە ترسێنەرە دوادەخات، کـە گیـانی بـارگران کـردووەو، کـەس لـە گەردوونـدا درکـی پـێ نابـات، هەرچـی ئـەو کەسـەیە، کـە ئەوەنـدە زەنگینـە هەرچـی دەروبەریەتی دەپروێنێت، کە مەینەتییەکانی ئەوانی دیکە دەقۆزێتـەوە، ڕاوەدووی دەنێـت و، خەریکە چنگ لەسەر شان پێیڕا دەگات، مادامەکێ کارەکە بەو شێوەیە، ئەوە پێویست بە دوودڵی ناکات، ئەوەی لەسەریەتی، ئەوەیە پـاش ئـەوەی ڕاوکردنەکـە لەگـەڵ هـەردوو میوانە عەرەبەکەدا کۆتایی پێ دەهێنێت، ئەو کارە ئەنجام بـدات کـە بـە نیـازە ئـەنجامی بدات..

شتێکی دژوار بو خۆی لەو بیرۆکە ئاکام خراپانە قوتار بکات. ئەوە پتر لـە سـێ کاتـژمێرە بەڕێوەیەو ئەوەتـە شـوێنە خۆشەویـستەکان دەبینێـت، کـە لـە تەمـەنی منداڵیەتییـەوە دەیانناسێت، نزیکەی یەك کاتژمێر ڕێ کردن ماوە بگاتە شوێنی لـەدایکبوونی تۆیـۆك - جار، گەورەترین کۆمەڵگە، کە پێشتر گەورەترین کێڵگەی کوڵخـۆز بـوو لـە دەڤەرەکـەدا، لەگەڵ ئەوەیشدا بیرۆکەو هزرەکان لە مێشکی ئەرسیندا هەر دەخولانـەوە. هەرچـەندە بـە ئاسماندا بڵند بێتەوە ئەوە ئارەزووی سۆزی منداڵانە، وەك بۆ یەکەمین جار دیارە، لای ئـەو گەورانە دەرناکەوێت کە لە ڕووی خواستـەوە بـە توانـان، ئـەو ئـارەزووە بـە سـوربوونەوە بەردەوام دەست بەرداری نەدەبوون، بە شـێوەیەکی سـەیر: ئـەو ئارەزووەیـە کـە ئێـستە -

ئەگەر بشێت ـ ئایدانا ببینێت و، ئێستە لێرە قسەی لەگەڵ بکات. چەند خۆش دەبوو کە لەگەڵی گەشتی بۆ گوندە خۆشەویستەکەی بکردبایە، ئەمیش لە پشتی ستێرنەکەوە سەبارەت بە ئاراستەی گەشتەکەی و مەبستی لەو گەشتەی قسەی بۆ بکردایە... بەر لەوەی شار بەجێ بهێڵێت ویستی پێوەندی پێوە بکات، ئەگەرچی دەیشیزانی ئەوە کارێکی نەکەردەنییە، بۆیە بە دەنگی وێ گوێی لە وشەی (هەلەو) نەبوو، پێش گەشتەکەیش نەیتوانی چەند وشەیەکی بە گوێدا بدات ـ چارەنووسی (سوپەر)ی ئێستەی، ڕاستتر ئەو چارەنووسەی کەوتووەتە ژێر کۆنترۆڵی سوپەر ـ شۆمانەوە ڕێی پێ نادات ...

لە چڵەپۆپەی ئەو هزرانەیدا هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت خەون ببینێت کە ئایدانا لێرەیەو، قسەی لەگەڵ بکات.

ئەو کات وا دەهاتە پێش چاو کە ئایدانا لە تەنیشتییەوە دانیشتووەو، شانی بە شانیەوە ناوە، زۆر نەرم و نیان و جوان بوو، شتێکی ئاساییە کە جوانە. چونکە جوانی بۆ ئافرەت مەرجی سەرەکی بوونە، ڕەگەزی ئادەمیزاد لەسەر ئەوە ڕاهاتوون و ئیدی چی پێویست بە خۆ بەکەم زانین دەکات، چونکە بە ڕاستی ئایدانا جوان بوو ـ چونکە خواوەند جوانی پێ بەخشیبوو: بەژن، درێژ،ڕوخسارێك و دوو چاو، کە لەژێر برژانگی ڕەشدا دەبریسکانەوە، لەگەڵ ئەو قژەی تا سەر هەردوو شانی قاچی بوو، جارێك بۆ پشتەوەو جارێك بەم لاو لای دەم و چاویدا شۆڕی دەکردەوە، وەك پەردەکانی چوار دەوری شانۆ، ئەی دەنگی! لێرەدا دەبێت سوپاسی خوا بکەیت بۆ تۆن و جوانی دەنگی، ئەدی (ئایا) وا نییە؟ ئاخ، ببوورە، هیچ هۆکارێك نییە ئەوە باس بکرێت. تێگەیشتیت. تێگەیشتیت، مـن پەشیمانم، داوای لێبوردن دەکەم، ئەوەتە خۆت گەیاندە کاروانی ئازاکان و، منیش لەبەردەم ڕەشەبادا واق وڕماو بەجێ هێشت، بەڵام دواتر سەبارەت بەمە ...

ـ ڕاوەستە! بۆ کوێ دەڕۆیت؟ ـ ئەرسین ڕاچڵەکی. بەڵام وێ لە تەنیشتییەوە نەبوو.

لە (ئایل) زۆر لە خزمەکانی ـ خوشکەکەی، زاوا ئاسنگەرەکەی، کوڕو کیژانی براو خوشکەکانی، کوڕو کیژانی مام و پوورو لالۆو پلکەکانی و خزمەکانی دیکەی، لەوەیش گرنگتر خودی بیکتۆر ـ ئاغا، کە لە چاوەڕوانی گەیشتنیدا کاتژمێرو خولەکی دەژمارد، هەموویان لەوێ چاوەڕوان بوون، چونکە کاتەکە نزیك بووەتەوەو، ئەو دوو میوانە عەرەبە

پاش پێنج ڕۆژی دیکە، لە تەواوی کاتژمێر پێنجی ئێوارەی حەڤدەی تەمووز، بە فڕۆکە تایبەتییەکەی خۆیان دەگەنە فڕۆکەخانەی ئۆلیاتی، لەو ڕووەیشەوە بە هۆی ئینتەرنێتەوە بە هاریکاری لەگەڵ دەستەی فڕۆکەخانەکەدا سەبارەت هەموو پرسەکان ڕێك کەوتوون ـ دۆسێیەکی تەواو سەبارەت بەگەیشتنی دەرکەوت، بەڵام بەرواری ڕۆیشتنەوەی بە بەتاڵی بەجێ هێڵراوە، بە درێژایی ئەو ماوەیەیش فڕۆکەکە لەگەڵ دەستەی فڕۆکەوانیدا لە فڕۆکەخانە دەمێنێتەوە، یان وەك بیکتۆر سامانچین پێی باشە بڵێت: لە (مەتار)، (ئەو فڕۆکە تایبەتە بەلای ئەو دوو میوانە عەرەبەوە، لە ئۆتۆمبیلی (نیڤا)ەکەی تۆ دەچێت)، بە کورتی ئەوە هەموو شتێك بەپێی پلانی بزنسەکە بەرێوە دەچوو. هەرچی ئەوە تەنیا بە ئۆتۆمبیلە (نیڤا)کەی سەفەر دەکات، یان بە ڕاستی، یان بە ئەندێشە .. لە ناکاو لە تەنیشتییەوە دەرکەوت.. پرسیاری لێ کرد:

ـ ئەرەس بۆ کوێ سەفەر دەکەیت؟

ـ ئۆی، ببوورە ئایا ـ ئەرەس ئەوەی گوت و ئۆتۆمبیلەکەی ڕاست کردەوە، پاش ئەوەی لەژێر کاریگەری ئەو لەناکاوییەدا کەمێك لارێی گرت ـ پێوەندیم پێوە کردیت، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. ئەوە هەمان عەزیەت لەبەرە، کە ئەوسا ـ لە یادت نییە؟ ـ لە سەیرانگەی هایدلبێرگ لەبەرت کردبوو، زۆرت لێ دێت.

ـ زۆر چاوم لێیەتی، لەبەر تۆیە جلی جوانم پۆشیوە.

لێرەدا شێوەی قسەی خۆی گۆڕی:

ـ ئێمە گەشت بۆ ئەو شوێنە دەکەین کە گەشتی بۆ دەکەین، بەڵام با بە ڕاستی قسە بکەین، دەبێت (ئایا) هەنگاوێك بهاوێین.

ـ ئەگەر دەتەوێت با قسەی لە بارەوە بکەین.

ـ بۆ ئەوەی بەلاتەوە شتێکی کوتوپڕی خراپ نەبێت، پێت دەڵێم ئەوە کارەکە بە لای باری چاکدا ناشکێتەوە، ئەمە پێوەندی بە ژیانی تۆوە نابێت، بەڵام ..

ـ چی، مەبەستت چییە؟ ئایە پێوەندی بە ژیانی تۆوەیە؟

ـ نەك هەر ژیانی من.

ـ ئەرەس، چی قەوماوە؟

ـ تۆ ئافرەتێکی زیرەك، بەهێزو، جوانیت، خواوەنـد دەنگێکـی زوڵاڵـی پـێ بەخـشیویت، بۆئەوە لەگەڵ میوزیکی خواوەندانەدا گۆرانی بچڕیت. بەڵام ئایـە جێـی پەسـەند دەبیـت؟ ئێستە خواوەندێکی دیکەت هەیە، ئەویش (بـزنس)ەو نـاوی ئێرتـاش کۆرچـاڵ کۆرچـاڵ ـ میچاڵە. نەفرەتی خوای لێ بێت، ئەو نەك هەر تەنیا کابرایەکی زەنگینە، تا دێت قەڵەوتر دەبێت، ئەوە گرنگ نییە، بەڵکو ئیرتاش کۆرچاڵ شەیتانە لە بەرگی (شۆمان)دا. ڕکـی لـە هەموو شتێك دەبێتەوە خۆی کۆنترۆڵی نەکردبێت، باش دەزانێت خۆی بباتە پێـشەوە، بـە بۆن کردن زوو دەرکی بەوە کرد ...

ـ ئەرەس ئاگەت لە ستێرنەکە بێت.

ـ ئایا نیگەران مەبە، هەموو شتێك ئاسایی دەبێت.

ـ ئا، بـەڵێ، جارێکیـشیان خـۆت هـەڵنا گوایـە لـە پـشتی سـتێرنەکەوە فڕۆکـەوانێکی کارامەیت.

ڕەنگە بەو شێوەیە بێت، بەڵام ڕێ بدە با قسەکەم تەواوو بکەم: کەواتە ئـەو دڕندەیـە بـە بۆن کردن زوو دەرکی بەوە کرد، لە ناوونیشانی وتارەکەم (هەڵپـەی سـامان و دەسـتەڵات) کێم مەبەستە، کە لە ڕۆژنامەیەکی مۆسکۆدا بڵاوبووەوە.

ـ ئەرەس، هێشتە نەمخوێندووەتەوە، بەڵام دەڵێن هـەر کەسـێك بێـت ئـەوە بـە نـاو نـاوی نەهێنراوە.

ـ من بە خۆم نەمویست ناوی هـیچ کەسـێك بهێـنم، ئـەوە پێویـست ناکـات، مەبەسـت ئاراستەی گشتییە بۆ دەوڵەمەند بوون و دەسـتەڵات وەرگـرتن. پاشـان هـیچ جیاوازییـەك لەوەدا نییە: ڕاستەوخۆ دەسـتەڵات وەربگریـت، یـان توانـات هـەبێت بیکڕیـت، چـونکە هەردووکیان گونجاون و من ویستبووم بڵێم کە سامان بـۆ دەسـتەڵات پێویـستە وەك چـۆن ئۆکسجین بۆ هەناسەدان پێویستە، سامانیش پێویستی بە دەستەڵاتە وەك چۆن هەناسـەدان پێویستی بە ئۆکسجینە. ژیان بەم شێوەیە ڕێك خراوە، بۆیە دەستەڵات و سـامان نـاتوانن ئەمیان واز لەوی دیکەیان بهێنن. هەرچی مەترسی چوون پێـشەوەی تەشەنەسـەندووە بـە هۆی سامانەوە بەرەو خۆشەویستنی دەستەڵات و بە پێچەوانەوە، تەواو لەوەدایە کە لێرەدا ئامانجەکە بە دڵنیایی و بە هەر هۆکارێکەوە بێت بەدی دێت، لێرەشدا ئەوەی چی لـە نێـو

چاوان نووسرابێت دێته ڕێی: هەندێك دەحەسێتەوەو، هەندێك دەفەوتێت و بە نەفرەتەوە ئەو ناوە بەجێ دەهێڵێت. ئەو کابرایە هەستی کردبوو کە وتارەکە لە ناخەوە ڕیسوای دەکات..

ـ ئۆی ئەرەس. چەندە لە وانەبێژیدا زیرەکیت، بەڵام باشتر وایە ئاگەت لە ڕێگەکە بێت و، ستێرنەکە بەرەڵا نەکەیت.

ـ نیگەران مەبە، لەو بڕوایەدام کە بەم نزیکانە دەرك بەوە دەکەیت کە سامان و دەستەڵات دوو جمکەی سیامی پێکەوە نووساون لەوەتای لە ناو منداڵاندا بوون.

ـ بەرەو سۆسیالیزم گەڕایتەوە؟ ئەدی بە خۆمان لەوێ نەبووین؟

ـ مەبەست ئەوە نییە.

ـ کەواتە مەبەست چییە؟

ـ مەبەست ئەوەیە من و تۆ دوو قوربانی بووین کراینە نەزری خواوەندی بازاڕ. ڕات بەرانبەر بەوە چییە؟

ـ تۆ خۆت دەزانیت. ئەرسین بۆ ئەوە زۆرم لێ مەکە ...

ـ بۆچی بێ دەنگ بوویت؟ هەست بە ئازارو ئەشکەنجە دەکەیت؟

ـ گوێ بگرە، ئۆتۆمبیلەکە ڕابگرە. ئەگینە لە کاتی ڕۆیشتنندا خۆمی لێ فڕی دەدەمە خوارەوە. بەسە، تۆ لەو بڕوادایت من هەر بە ئاسانی ئەوەم کردبێت؟ بە خۆت هەموو شتێك باشتر لە من دەزانیت، پرسەکە ئەوەیە: یان دەبێت بەسەر پشتی ئەستێرەکانەوە بفڕم، بە ئاسۆگەلی پۆپ ـ شۆ ـ بزنسەوە، یان بە دەستی ڕۆمانسییەوە بناڵێنم و ڕێ بکەم و دەست پان بکەمەوە! گیانم ئازار مەدە، تۆ دەزانیت دایك و باوکم بە ساڵداچوونە، تەنانەت مووچەی خانەنشینیش وەرناگرن، پاشان کیژەکەم لای ئەوان دەژیت. نامەوێت لای نەناسراوان بگوزەرێنێت، هەرچی خۆمە ئەوە ئەو کاتەم نییە، چونکە من ئێستە داوایەکی زۆرم لەسەرە. من دەزانم تۆ بیر لە من دەکەیتەوە، دڵت پێم دەسووتێت، من دەزانم زۆر لە پێناوی بووکی نەمردا دەکرۆزێیتەوە، بەڵام ئەگەر دەتوانیت ڕێ بە خۆت بدەیت ببیتە تەنیا کەسێکی نموونەیی، ئەو کات من چی بکەم؟ نا من و تۆ هیچمان نییە، نا ...

ـ چیمان نییە؟ مەبەستت چییە؟

ـ کە ئێمە چی دیکە یەکدی نابینین.

ـ ئەی هۆیەکەی چییە؟

ـ گوێ بگرە، تەنانەت ئەگەر لەبەر چاوت ڕوو سەختیش بم، ئەوە ئاکام قسەیەکت پێ دەڵێم. قسە شتێکەو واقیع شتێکی دیکە، چونکە ئەوەتە تۆ بە تاك و تەنیا بە دەستی ئازارو ئەشکەنجەوە دەناڵێنیت، لەبەر ئەوەی جیهان بەو شێوەیەی پێویستە ڕێك نەخراوە، نموونەی تۆ لە گرینۆکەکان کەم نین، هەرچی ئەوە، بزنسی هەیە، کەنیزەی هەیە، لە نموونەی منیشی لێ کەم نییە، بۆیە لە پێناوی پارەدا هەر بابایەو ڕووی تێ دەکات و چاوەڕوانی فەرمانی ئەون، بەڵی خاوەندی شانۆی گۆرانی جۆراوجۆرو لیمۆزینەکانت بەدڵ نییە، بە گوێرەی دڵی تۆ نییە، ئەی ئەو چ سوودێك دەبەخشێت؟ کەس نەیدەناسی، کەچی ئێستە ناوی ڕۆیشتووە! ئەویش بە هۆی بزنسەکەیەوە، هێز پشتیوانی دەکات، ئەوەیش هەموو شتێکە.

ـ بەڵێ ئایدانا هەموو شتێك. تۆ ڕاست دەکەیت. ناتوانن لێرەدا هیچ شتێکی بخەینە سەر. هەموو شتێك بەو شێوەیە، بەڵام هەرگیز بە چاوی خۆی نابینێت من ملکەچی ببم. بەم نزیکانە شتێك دەبینیت، هەر بۆ ئەو مەبەستەیشە من سەفەر دەکەم. ئەوە چیتە؟ مەکرۆزێوە. تاوانی تۆ نییە، بەڵکو تاوانی سەردەمی بازاڕە، کە لە ڕێی دەرکردوویت، کە دەستەڵاتێکی هەیە ئەویش سامانە، کە دەستەڵاتی هەموو گەردوونە. مەکرۆزێوە. چاوەڕوان بە، بۆ کوێ؟ چاوەڕوان بە. کوا لە کوێیت؟ کوا لە کوێیت؟ بەڵام بزربوو، تا ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت و، سەر لێ شێواوانە ئاوڕی دایەوە، وەك بڵێیت بە ڕاستی ئایدانا سامارۆڤا ئێستە بە ڕاستی لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، لەتەنیشتییەوە دانیشتبوو، وەك بڵێیت بە ڕاستی لەئۆتۆمبیلە تیژڕەوەکەوە بازی دابێتە خوارەوەو، لە چاو ترووکانێکدا بزربووبێت. ئەرسین پاش ئەوەی بە هۆشی خۆی هاتەوەو بە دەستی توند بە نێو چاوانی خۆیدا کێشا، ملی ڕێگەکەی گرت و تێی تەقاندو ڕۆیشت، لە کاتێکدا بە غەمبارییەوە بزەی دەهاتێ و، سەری دەلەقاندو، چوون جاران سەرزەنشتی خۆی دەکرد بەرانبەر ئەو ئەندێشە ڕۆیشتنەی، ئەو بڕوای دەکرد و نەدەکرد بەوەی لە ئەندێشەیدا دەخولایەوە. بەڵام

ئەو ئەویندارییە مەست کەرە شکست خواردووەو ئەو سۆزو تامەزرۆ زۆرە پاساوی ئەو دوو فاقییەی بوون، کە دووچاری هۆشی بوون، کە وای لیّ کرد ئـەو وتوویـژو دیالۆگـە بـەڕیوە ببات، وەك بلّیت بە ڕاستی بیت، نەگبەتی ئەویش لەوەدا بوو کە هەرچەندە ئـەو شـتانەی بە ئەندیشەیدا ڕادەگوزەران جیّی گالّتەو پیکەنین بوون، کەچی کەس نەبوو لەو گەردوونـەی بزانیت بە ڕاستی دەیەویت چی بکات.

کەس ..ئەگەر بشزانن .. بەلاّم ئەوە گرنگ نییە، ئەوە ـ وەك دەلیّن ـ پرسـیکی دیکەیـە. تەنانەت نەیاران و دوژمنان لەو جیهانەکەی دیکە تەوقە دەکـەن ـ وەك دەلـیّن، هـەروەها یەکدی لە ئامیز دەگرن..

لـەم کاتانـەدا ئەرسـین سامانـچین گەیـشتە دەوروبـەری گونـدە چـاییەکەی خۆیـان و، ئۆتۆمبیلەکەی ڕیگەی خۆی بە هەورازەکەدا بەرەو تۆیۆك ـ جار دەبـڕی و بـەرەو پیـشەوە دەچوو، بـە شـادی و سـۆزەوە لـەو خانووانـەی دەڕوانـی کـە دەیناسـین، لـەژیر سـەربانە تەنەکەیینـەکان و، گۆڕەپـانی کۆمەلّگـەو پەرژینـەکانیان و، ئـەو کۆلبیتاتانـەی لـەبیر چووبوونەوە کە بەر لە کەمیك دەیکردن، ئەوەتە نزیکەی شەش مانگ دەبیت نەهاتووەتـە ئیرە، ئەوەتە بە ساغ و سـەلامەتی، لـە کۆمەلّگەکـەی خۆیـەوە نزیـك دەبیتـەوە، پـیش ئەوەیش ئەوی لە یاد نەکرد لە کۆمەلّگەکەی پیشوو، لـە سـووڕانەوەکە، بـەنزین بکـات، ئەوەیش لەم شوینانە شتیکی زۆر گرنگە، تۆ بە تانکییەکی فـوولی پـڕ لـە بەنزینـەوە بـە خۆت و ئۆتۆمبیلەکەتەوە ڕوو بکەیتە ئەو ناوچانە.

ئاشکرایە چاوەڕییان دەکرد، هەرکە گەیشتە ناو گۆڕەپانەکە یەکسەر کادیتـای خوشـکی و ئەرمۆنی زاوای لە مالّەوە دەرپەڕین و بۆ ماوەیەکی زۆر دەسـتیان لـە ملـی یەکـدی کـرد (ئاسنگەرەکە بۆنی ئاسنی گەرمی لیّ دەهات) تەنانەت خوشکەکەی دستی بە گریان کردو پرسیاری چاك و چۆنی خیزانەکەی ئەرداکی لیّ دەکردو، بە شـیوەیەکی کـاتی بازرگـانی و کڕین و فرۆشتنی سەگی لەبیر بردبـووەوە، کـە حـەزی لـیّ نـەدەکرد، دیدارەکـە دەروونـی هەموو لایەکی شاد کرد، کەسوکارەکەی دەیـانزانی کـە وەك وەرگیـڕ بـۆ یـاوەری کردنـی هەردوو دەولّەمەندە عەرەبەکە هاتووە، هەرچی بیکتۆر ئاغا بوو ئەوە پاش نزیکـەی پیـنج خولەك پەیدابوو، ئەوەیش ئەوە دەگەیەنیت کە بە پەرۆشـەوە چـاوەڕوانی هـاتنی دەکـرد.

ئەوەیش شتێکی ئاساییە چونکە بێ ئەو بیکتۆر سامانــچین وەك ئــەو کەســەی لــێ دێــت هەردوو دەستی نەبێت. بیکتۆر ـ ئاغا بە سواری ئەسـپەکەی، بالاپۆشـێکی لەبــەر بــوو، پووتی لە پێ بوو، شەپقەیەکی سپی نووك تیژی لەسەر نابوو، خۆی بۆ ڕاو ئامادە کردبوو، بە دەنگە بازنەییەکەی یەکەمین وشەی ئەوەبوو کە گوتی:

ـ ئەرسـین چـاوەڕێم دەکردیـت، زۆر نیگـەران بـووم، شـتێکی باشـە لـە کـاتی گونجـاودا گەیشتیت، هەموو شتێك بە پێی پلانەکە بەرەو پێشەوە دەچێت، هەموو شتێك ئامادەیە. ئەو فاکسانەمان بۆ هێناویت کە هەردوو میوانە ڕاوچییەکەمان بۆیـان نـاردووین، کـە لـە مێژە چاوەڕێیان دەکەین، بیانخوێنەوەو وەریان بگێـڕە، بـەلام سـبەینێ. هەرچـی ئەمڕۆیـە هەندێك پشوو بدەو با هێزت وەبەر بێتەوە، چونکە کارێکی زۆرمان لە پێشە..

پاش ئەوە کەمێك قسەیان پێکەوە کردو، چایان خـواردەوە، چـونکە خوشـکەکەی هــەموو شتێکی ئامادە کردبوو، لەم کاتەیشدا دراوسـێکان بـە سـەردانێکی سـەرپێیی هـاتن بـۆ ئەوەی بیبینن. منداڵەکانیش لە ڕێگەوە بە سەریاندا داواڵـین و بـە چـواردەوری نیڤاکـەدا دەخولانەوە (ئەو شتەی چاوەڕوان نەدەکرا) ئەوەبوو کە ئەرسین (تاشان ئـەفغان)ی هـاوڕێی خوێندنی بـینی. کـە نـاوی ڕاسـتەقینەی تاشـتان ـ بـێگ بـوو ـ ئـەوەبوو پـاش شـەڕی ئەفغانستان، کە سێ ساڵی تەمەنی لێ بە فیڕۆ چواند ـ بـەلام لـە خۆشـبەختی ئـەو بـوو تەنیا بە سووکی برینداربوو، بەسینگی پڕ لە میدالیا گەڕایەوە، لە ئایل بە نـاوی تاشـتان ئەفغان بانگیان دەکرد. لەناو خێزانەکەی خۆیشیدا بە ناوێکی کورت تاشـئەفغان بانگیـان دەکرد، ئەو نازناوەیش واتای (ئەفغانی ڕەق، چوون ڕەقی بەرد) دەگەیەنێت، چونکە وشەی تاش واتە (بەرد)، هەرچی وشەی (تاشتان)ە ئەوە واتای: لێ دروست کراو، لە بەرد دروست کراو دەگەیەنێت، بۆ نموونە (تاشتان ئیستیلیك) واتە پەیکەری لە بەرد دروست کراو، بـەم شێوەیە زۆربەی ناوە بەکارهێنراوەکان لای خێڵەکانی قیرغیز داڕێژراون: (تـیمیر ـ بیـك) ـــ بیکی ئاسنین (تەیموور کول) ـ بەندەی ئاسنین..

کێ بیری لەوە دەکردەوە ئەو نـاوەی، کـە بـاوك و دایکـی، بـە پێـی ئاماژەکـانی هیمـای ئاسمانی، لێیان ناوە، بۆ ئەوەی بەهێزو تواناو خۆڕاگر بێت ( بەڕاستیش بەو شـێوەیە بـوو، تەنانەت لە تەمەنی لاویدا بەشداری زۆرانبازییەکانی پاڵەوانانی ئایلەکانی دەکرد) لەسـەر

زمانی خەڵکی گوندەکەی دەبێتە تاشتان ـ ئەفغان، ئەویش لە چوارچێوەی ڕێزنان لەم جەنگاوەرە، کە لاویەتی خۆی لە ناو شەڕو جەنگەکان لە چیا سەخت و سەرکەشەکانی ئەفغانستاندا قاڵ کردووە. بە خۆی و ئەرسین سامانچین لە یەك پۆلدا خوێندوویانەو سەر بە یەك خێڵن، هەروەها لە منداڵیشەوە دوو دۆستی یەکدی بوون. بەڵام پاشان هەر یەکەو بە لارێگەیەکدا چوون. ئەرسین ساڵانی خوێندنی زانکۆی لە مۆسکۆ و لینینگراد بەسەر بردو بوو بە کوڕی شار. هەرچی تاشتان ـ ئەفغانە ئەوە خەریك بوو کۆلێژی ئەندازیاری کشتوکاڵی سەر بە ناوچەکە تەواو بکات، کاتێك بۆ خزمەتی سەربازی بانگهێشت کراو لە چوارچێوەی هێزی پیادەدا ڕەوانەی ئەفغانستان کرا. کاتێکیش، سوپاس بۆ خوا، گەڕایەوە نیشتمان، لە کۆڵخۆزەکەی خۆی مایەوە، لەو کاتانەدا بو چاکسازی دیموکراسی، یاوەری بیریسترویکایان بەسەردا هات، ئەویش تاشتان ـ ئەفغان وەك هەر هەمووان لە بەروبوومی بزنسە کشتوکاڵییە بچووکەکەی دەژیا، ڕاستتر ئەوەبوو بە شێوەیەکی دژوار پارووی نان و گوزەرانی پەیدا دەکرد، چونکە نەداری، تا ڕادەیەك زۆر، لە هەموو شوێنێك تەشەنەی کردووە، بەتایبەتی لە چیا دوورەکان.

ئەرسین سامانچین هەموو ئەمەی بە بیردا تێپەڕی کاتێك خوشکەکەی بینی باسی بەسەرهاتی خەڵکی گوندەکەی بۆ دەگێڕایەوەو، چۆن بە پەرۆشەوە چاوەڕێی هاتنی ئەو دەکەن:

ـ هەموو خزمان چاوەڕێت دەکەن. تەنانەت تاشتان ـ ئەفغان سێ جار هات پرسیاری تۆی دەکرد.

هەمووان خێرا گرد دەبوونەوەو دەهاتن تا ڕادەیەك ئەرسین پێڕا نەدەگەیشت سڵاویان لەگەڵ بکات و قسەیان لەگەڵ بکات. جگە لە دراوسێکان و شێ بیکتۆر ـ کە ڕوون بووەوە خەڵکی ئایل بە نازناوە ئاساییەکەی (بیك) بانگیان نەدەکرد، بەڵکو بە نازناوی ڕووتی هاوچەرخ ـ شیڤ ، هەروەها تاشتان ـ ئەفغانیش هات سەری لێ بدات. زۆر بە گەرمی دەستیان لە ملی یەکدی کردو سڵاویان لە یەکدی کردو هەر یەکەیان بە دیداری ئەوی دیکە شادومان بوو، بیریشیان کەوتەوە کە ماوەی نزیکەی دوو ساڵە یەکدییان نەبینیوە. لەم ڕووەشەوە تاشتان ـ ئەفغان ڕای خۆی بەم شێوەیە دەربڕی:

ـ هەر یەك لە ئێوە لە شار، مۆبایلی تایبەتی خۆی هەیە، بە هۆیەوە هەرکاتێك بیەوێت، لەگەڵ کێ بیەوێت قسە دەکات. هەرچی لای ئێمەیە ئەوە مۆبایلمان نییە. کێ دەزانێت لە دوارۆژیش دەبێت یان نا. ئەرسین تۆ بە خۆت دەزانیت و بۆ خۆشبەختیشە کە کارەبا لە ئایل هەیە، چونکە لە سەردەمی سۆڤیەتدا کارەبای بۆ ڕاکێشراوە. هەرچی مۆبایلە ئەوە لێرە نییە تەنیا لای شیڤ و هەردوو یاریدەدەرەکەی ـ بۆربی و چنار بیك نەبێت، خۆت دەیانناسیت چونکە پێکەوە دەچووین بۆ فێرگە.

ـ بەڵێ دەیانناسم ـ ئەرسین بزەیەکی هاتێ و ویستی دۆستە کۆنەکەی هان بدات ـ هەرچی پێوەندی بە مۆبایلەوە هەیە ئەوە گوێ بگرە تا ئەمەت بۆ باس بکەم:

ـ ڕێی تێدەچێت تۆ لە ڕاوکردنی پڵنگی بازوو لەگەڵ هەردوو عەرەبەکەدا شتێکت دەست بکەوێت. شیڤ بیکتۆر ئاغا، کاتێك لە شار بوو، بۆی باس کردم کە تۆ سەرۆکی ڕاونەرانی پڵنگیت لای ئەو، ئەمەیش گاڵتە نییە ـ بە تاوێرەکاندا هەڵدەزنیت، بەسەر کەندو چاڵەکاندا باز دەدەیت، لەگەڵ هاوارکردنی پڕ بە گەرووت. بیکتۆر ئاغا زۆرت ڕێز لێ دەنێت. ئەمە جگە لەو ئەزموونەی لە ئەفغانستان بەدەستت هێناوە. هیوادارم کرێیەکە باش بێت. ئەو کات مۆبایلێك دەکڕیت، (شتی دیکەیش). گرنگ ئەوەیە پڵنگە بازووەکان بە داوەوە بن.

لێرەدا تاشتان ـ ئەفغان شانی هەڵتەکاند، نیشانەی نەزانین:

ـ با بزانین چی ڕوو دەدات ئەو کات قسەیش دەکەین. ئەرسین پێ مەکەنە چونکە پڵنگی بازووی ناو بەفر لە چیاکانی خۆمان زۆر کەمن. کاتێك منداڵ بووین چەندین بەسەرهاتیان لەبارەیانەوە بۆ دەگێڕاینەوە، هەرچی مۆبایلە ئەوە لە شارەکان زۆر هەن، وەك چۆن پەتاتە لە ناو باردا هەن. هەر کەسەو پشکی خۆی هەیە.

ـ ئەمە ڕاستە ـ ئەرسین سامانچین ئەمەی گوت و بە لاوەی پەسەندبوو ـ بەڵام کاروان هەر بەردەوامە. ئیستەیش کارەکە لەوە دەرچووە بەسەرهات گێڕانەوە بێت، بە خۆت ڕاوی پڵنگەکان دەنێیت بەرەو لای هەردوو ڕاوچییە عەرەبەکە هەڵێن. ئێستە ئەمە بووەتە بزنسێکی گەورە.

ـ ڕاستە بزنسێکی گەورەیە، هیچ ناگوترێت.

ـ شیڤ بیکتۆر ـ ئاغا ئاگەداری کردوومەوە کە ئێوە پێنج کەسن ڕاوی پڵنگەکان دەنێن، تۆیش سەرۆکی گرووپەکەیت و هەر یەکەو بە سواری ئەسپی خۆی و، هەر ئەسپەو ڕۆژانەی خۆی هەیە.

ــ ئەمە ڕاستە ـ تاشتان ـ ئەفغان ـ ئەوەی دووپات کردەوە، پێنج کەسین و ئەسپەکانیشمان بەهێزن. بەڵام ناچارین بەو چیایانەو بە ناو ئەو بەفرانەدا بڕۆین کە ڕچەیان نەشکێنراوە، دەبوو زینەکانیش ڕۆژانەیان بۆ دەستنیشان کرابایە.

ـ بزنس، با بزنس بێت. باش تا سبەی بەیەك دەگەینەوە.

ـ باشە بۆ سبەی بەیەك دەگەینەوە.

بەڵام هەرکە تاشتان ـ ئەفغان گەیشتە دەرگەی دەرەوە لای گۆڕەپانەکە، ڕاوەستاو دەستی بە بیرکردنەوە کرد، وەك بڵێیت شتێکی لەبیر چووبێتەوە بیڵێت. هەر بەو شێوەیەیش بوو، ئەوەتە دەگەڕێتەوە:

ـ ئەرسین بە یارمەتیت، یەك خولەکی دیکەت دوا دەخەم.

ـ دەتەوێت شتێك بڵێیت؟ گوێت لێ دەگرم.

ـ با کەمێك دوور بکەوینەوە. تۆ یەکێکیت لە ئێمە، هەموومان خەڵکی ئێرەین، تۆیۆ کۆن. هەرچی ئەو دوو عەرەبەیە ئەوە شتەکە جیاوازە ـ لە ناوچەکەی ئێمە ڕاو دەکەن و، بەجێی دەهێڵن، هەرچی ئێمەیە دەبێت بیر لە خۆمان بکەینەوە. بۆیە ئێمە، هەر پێنج ڕاونەرەکە، ئارەزوو دەکەین (لەگەڵت دانیشین و بە ڕاشکاوی قسە بکەین. کەی هەلێکی لەم جۆرەمان بۆ هەڵدەکەوێت؟ بۆ زانینت، لەسور داخوازی شیڤ، ئەسپێکیشمان بۆ تۆ ئامادە کردووە، تۆیش لای خۆتەوە لەگەڵ هەردوو میوانە عەرەبەکەدا غار دەدەیت. ئەسپەکەیشت گونجاوە، زۆر باشە، هەموو شتێك دەبینیت، زین و ئاوزەنگی و ئامرازەکان زۆر بە وردی دەستنیشان کراون و هەڵبژێرراون). چۆن نا، چونکە ئەوە هەر هەموو بە ڕێنوێنی شیڤ بوون. بەو شێوەیە ئەسپەکەت پێ پیشان دەدەین، سواری دەبیت (کەمێك غاری پێ دەدەیت)، لەکاتی گونجاویشدا چا دەخۆینەوەو هەندێك قسە دەکەین.

باشە تاشان با دانیشین و قسە بکەین، بەڵام کەی؟ پێویستە کاتەکە دەستنیشان بکەین. بەڵام بزنس ـ پلانەکەمان زۆر چڕو پڕەو پێویستە لەو ڕووەوە پرس بە شیڤ بکەین.

ـ باشه، باشه. سبەینێ چیت هەیە؟ هەردوو عەرەبەکە لە حەڤدەی مانگ دەگەن، ئەمڕۆ دوازدەی مانگە، خەریکە بەسەر دەچێت. دەبێت سبەینێ یەکدی ببینین، ئەگینە کاتمان لەدەست دەردەچێت. دەبێت بۆ بینین بچین چیاکان بەسەر بکەینەوە، پاشان ئەو کاتەیشت نابێت سەری خۆت بخورێنیت. ئێ تەنیا دوو عەرەب دێن، کەچی ئێمە هەر هەموومان، هەموو ئیل خۆمان ئامادە دەکەین ....

باشە گرووپەکەمان چاوەڕێت دەکەن، سوارەکان، الدعاه، حەزیان لێیە بتبینن.

ـ باشە، لەگەڵ شیڤدا قسەی لێوە دەکەم.

ـ پێی بڵێ، بەڵام بۆی ڕوون بکەوە کە هاوپۆلەکەت دەبینیت. ئەوەیشت لەبیر نەچێت کە ئێمە ناتوانین بخۆین و بخۆینەوە ـ ئەگەر تۆزێکیش بوویێت ـ ئەوە بۆ جارێکی دیکە هەڵدەگرین. گرووپەکەمان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، چونکە شتی لەوە گرنگتر هەیە.

ـ تاشتان نیگەران مەبە، منیش بە خۆم زۆرم ئارەزوو لە خواردنەوە نییە (خەریك بوو شانازی بەوەوە بکات، کە ماوەیەك لەمەوبەر پەرداخێکی پڕ ڤۆدگای لە چێشتخانەی یۆرۆ ئاسیا فڕکرد، بەڵام کاتێك بیری کەوتەوە کە کێ دەستی لە هەر هەموو ئەوەدا بووە، لە تووڕەییدا زمانی تەتڵەی کرد). ئاشکرایە دەبێت دانیشین و قسان بکەین، چونکە ئێمە هەموومان هەر یەکین و لەیەك فێرگە خوێندوومانە.

ـ ئەرسین ئەمە ڕاستە، پاشان یەکێك لەو پێنج کەسەمان مامۆستای پێشوو (ساکسان)ە، خۆت باشی دەناسیت، چونکە پێکەوە خوێندوومانە.. لە یادت نییە چۆن گاڵتەمان پێ دەکردو دەمانگوت: ساکساغ قژ بژ، پاش ئەوەی ئامۆژگەی پەروەردەی تەواو کرد بوو بە مامۆستای پەروەردەی بەدەنی.

ـ بەڵێ لە بیرمە.

ـــ هەرچی ئێستەیە ئەوە ساکساغای بووەتە مەیتەرەوان، چونکە کۆبیکەکانی مامۆستایەتی بەشی پارووە نانێکی ناکەن.

ئەرسین هیچ وەڵامێکی نەبوو، چونکە هیچ شتێکی پێ نەبوو بیلێت. هەرچی تاشتان بوو، ئەوە لەسەری ڕۆیشت و گوتی:

ـ ساكسان كابرايەكی زۆر باشە، بەڵام چارەنووس بەزەیی پێدا نەهاتووەتەوە. دوو ساڵی بە بازرگانی و كڕین و فرۆشتنی جانتاوە بەسەر برد. بە دەستی ڕۆژگارەوە دەناڵێنێت ـ شتێكی ئاساییە. با كەمێك لەسەر قەنەفەكە دانیشین، دوو وشە لەبارەی ساكسانەوە باس دەكەم. كەمێك پشوودرێژ بەو گوێم بۆ ڕادێرە.

ـ من ئامادەم. با كەمێك دانیشین.

ـ ساكسان بەسەرهاتێكی هەیە، بەسەرهات، بەسەرهات نییە. شتێكی دژوارە ئەو شتە دەستنیشان بكرێت، بەڵام وەك بڵێیت لە دادگەیەو سوێند دراوە كاتێك لەو بارەوە دەدوێت.

ـ ئەو بەسەرهاتە چییە؟

تاشئەفغان ، پاش ئەوەی كەمێك بێ دەنگ بوو، بەرسڤی دایەوە:

ـ بازرگانی كردنی جانتا، وەك دەزانیت، مرۆڤ بۆ زۆر شوێن دەبات، پێدەچێت ساكسان زۆر قسەو قسەڵۆكی بیستووە، ئێستە بە شێوازی خۆی ڕووداوەكان تاوتوێ دەكات. لەبەر هۆیەك دەیبینیت هەستوەری بەرانبەر بە وڵاتە عەرەبییە نەوتییەكان هەیە، ڕكی لە هەر هەموو ئەو میرنشینانەیش دەبێتەوە، كە بە شێوەیەك دەژین وەك بڵێیت لە بەهەشتدان، بە پێی ڕای ئەو، بە مشەخۆری لەسەر دەرهێنانی نەوت دەگوزەرێنن و ، لەبەر نرخی شێتانەی نەوت تووشی نەخۆشی چاوەقووڵە بوونە. وەك ئەو دەڵێت خوێنی زەوی هەڵدەمژن و بە خۆڕایی سامان كۆدەكەنەوە.

ـ هەمووان ئەمە دەزانن، ئەوە ڕەوشێكی جیهانی سەرتاسەرییە ـ ئەرسین سامانچین ئەمەی گوت ـ هەر دۆلاری نەوتە سەردەكەوێت و دەباتەوە.

ـ ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەوەی زەنگینەكانی عەرەب ڕێ بە خۆیان دەدەن ئێمە تەنانەت لە خەونیشدا نایبینین. ئەوان كێبەركێی نوێترین ئۆتۆمبیل ڕێك دەخەن، تۆ بزانە لە كوێیش، لەناو لمی بیابانەكاندا.

ـ ئەرسین سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی ـ لە ڕاستیدا من ئەمەم نەبیستووە. بەڵام ئارەزوومەندانی پێشبڕكێی ئەسپ سواری هەیە، بەڵام پێشبڕكێ لەناو لمدا دژوارترە.

ـ ئەگەر کارەکە بەوەیشەوە بووەستێت، تۆ تەماشا بکە ئەرسین، ساکساغای لەو بارەوە قسەی بۆ کردین ئەویش لە زاری ئەو کەسانەی بە چاوی خۆیان بینیویانە پاشان تەلەڤزیۆن ئەو دیمەنانەی پیشان داوە ـ ئێمە واقمان وڕ مابوو، چاومان ئەبڵەق بووبوو، ئەو پێشبڕکێکارانە بە ئۆتۆمبیلی جێپ، چی ئۆتۆمبیلێك ـ کە تا ئێستە ئێمە ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلانەمان نییە، تەنا شیفەکەیشمان ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلەی نییە، لەوێ، لە میرنشینەکان، وەك دەڵێن، یان لە کوێت، دانەیەکیان بۆ هێناوە. بەو شێوەیە ئەو پێشبڕکێکارانە بۆ سەیران ناچن، بەڵکو بە خێراییەکی زۆر بە ئۆتۆمبیلە سوپەر جێپەکەیان بەناو تەپۆڵکە لمەکاندا لێ دەخوڕن، ئەوانیش وەك ئێمە پێیان دەڵێن (چۆکۆ) ـ جارێك باز دەدەنە ناو قۆرتێکی سەختەوەو جارێکی دیکە بەرز دەبنەوە ـ وەك ئەوەی بەسەر تەختەوە بەسەر شەپۆلەکانی ئۆقیانووسەوە خلیسکانێ بکات. ئەو تەختە گەوجە چی پێ دەڵێن؟

ـ لام وایە پێی دەڵێن سۆرفینگ، ئەی دواتر؟

ـ بەو شێوەیە دوایەمین ئۆتۆمبیل بگاتە کۆتایی پێشبڕکێکە دەدۆڕێت، پێویستە سزا بدرێت، بە ڕاستیش سزا دەدرێت. چونکە بە هەڵەداوان خۆیان دەگەیەننە ئۆتۆمبیلە دۆڕاوەکەو بەنزینی بەسەردا دەکەن و ئاگری تێبەردەدەن، بۆ کات بەسەربردن، لە کاتێکدا پێدەکەنن و سەما دەکەن و شاگەشکە دەبن. تەنانەت پێشبڕکێکارە سەرنەکەوتووەکەیش لەو خۆشییەیاندا بەشدارییان لەگەڵ دەکات و شەمپانیا بە یەکدیدا دەڕێژن، بێ ئەوەی لەو ڕەفتارەی خۆیان شەرم بکەن. چونکە سبەینێ ئۆتۆمبیلێکی جێپی نوێ دەکڕن، وەك بڵێیت هیچ ڕووی نەدابێت، چونکە بەلای ئەوانەوە ئەو شتە نینۆکبڕێك ناهێنێت، گرنگ ئەوەیە کات بەسەر ببەن. بۆ خۆیان بیسەلمێنن کە ئەو بیابانییانە نین، بە سواری حوشترە بەستەزمانەکان بەناو ئەم لمانەدا تێدەپەڕین و، لە خوا دەپاڕانەوە حوشترەکانیان ڕێ بزر نەکەن، ئەگینە لەناو لمەکاندا دەمرن. ئەرسین هەموو ئەوەیش لەبەر ئەوەی ملیۆنەکان و ملیارەکانیان کۆتایی نایەن، کە لە بیرە نەوتەکانیانەوە بەسەریاندا دەڕژێن و دادەبارێن، بەڵام بۆچی ئەم جۆرە شتە لە گەردووندا ڕوو دەدات؟ کەس نایەوێت وەڵامی ئەوە بداتەوە

ـ هەندێك بۆ خۆشی ئۆتۆمبیلی جێپ دەسووتێنن، هەندێکی دیکـە ـ بـۆ نموونـە ئێمـە ـ ناتوانن پێڵاو بۆ منداڵەکانیان بکڕن، بۆ ئەوەی بە پێی خاووس نەچنە فێرگە.

ـ من تێت دەگەم ـ ئەرسـین سامانـچین بـە هێـوری وەڵامـی دایـەوە. دوایـەمین ڕسـتەی تاشئەفغان هەستی بزواندو غەم دایگرت. پێشبینی ئەم قـسانەی نـەدەکرد. لـەو بڕوایـەدا بوو کە باسی ئەم شت و ئەو شتی دەکەن. بۆ ئەوەی کەمێك لە توندڕۆیی تاشئەفغان کـەم بکاتەوە، گوتی:

ـ هاوڕێ کەمێك لەسەرخۆ، هەڵمەچۆ. من تێت دەگەم، بەڵام ئەوە پێویست ناکات. ئـەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان باجی ئەوە دەدەنەوە، چونکە ئەم ژیانە زۆر پەندی لەگەڵ خۆ هەڵگرتووە.

ـ من نا، من کۆنترۆڵی خۆم دەکەم، بەڵام ئەگەر ساکساغای دەبینیـت، کـە لـەو بـارەوە دەدوێت، چۆن هەردوو مستەکۆڵەی بە ئاسماندا دەکێشێت. چەندی ڕق لەم ستەمی زەوینـە دەبێتەوە. بە دەگمەن دەتوانین جڵەوی بگرین و، بتوانین، وەك دەگوترێت سـەد گـرام مـەی بدەینێ.

ـ بەڵێ، وایە. بەڵام با پێ لەوە پتر ڕانەکێشین ـ ئەرسین بە شـێوەیەکی دۆسـتانە بـە سـەر شانیدا کێشا ـ لەو بڕوایەدام خەڵك لەم وڵاتانەدا، چەندەیش دەوڵەمەند بـن، خـەڵکانێکی ئاسایین، هەرچی ئەوانەن کە سامان ڕێی پێ ون کردوون ئەوە ڕەنگە کەمینـە بـن.. ئـەوان خواوەند بە خۆی دەوەرەیان دەبات، بەڵام وەك دەبینیت، ئەوە ئێمـەیش پرشـێکی ئـەوانمان بەر دەکەوێت، ئەگەر ڕاوکردنی پڵنگە بازووەکان بە شـێوەیەکی ئاسـایی بـەڕێوە بـچێت، ئەوە هەر یەکەمان شتێکمان هەر بەر دەکەوێت.

ـ بەڵێ، ئەگەر ئەوە ڕووبدات، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شـیڤەکەمان کابرایـەکی زۆر کردەنییەو، ئەم بزنسە هەرەوەزییـەی بـۆ دروسـت کـردووین و دەبیـنین. چـونکە بـەختی ڕاوکردن نابینرێت، هەر لە با دەچێت ـ بـۆ ئـەوەی بیرۆکەکـەی پەسـەند بکـات، ئەرسـین سامانچین بڕیاری دا بە گاڵتەوە بڵێت:

ـ کەسانی دیکەیش هەن پێویستە سوپاسیان بکەین و، سەریان بـۆ دانـەوێنین ـ مەبەسـتم پڵنگە بازووەکانی ناو بەفرە، ئەگەر ئەوانیش لەو چیایانە نەبوونایە ئەوە ئەم ڕاوکردنـەیش نەدەبوو، هەروەها گرێبەستەکانی بیکتۆر ـ ئاغایش نەدەبوون.

ـ ئەمە ڕاستە ـ بەوپەڕی جدییەتەوە تاشئەفغان وەڵامی دایەوە ـ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە پڵنگە بازووەکان دەفرۆشین .. ئەی چار چییە؟ گرێبەستەکان لەگەڵ ئەو پڵنگانەدا مۆر ناکرێن.

ـ دەم خۆش ـ ئەرسین سامانچین بە پێکەنینەوە ئەوەی گوت ـ پێشتر شتی لەم جۆرەم نەبیستووە ـ مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ پڵنگە بەفرینەکاندا. دەم خۆش. ئەی زۆر سوپاست دەکەم. ئێستە پشوو دەدەین. پەسەندە؟

ـ پەسەندە. کەمێکم دواخستیت. خەریکە ئێوارە دادێت. پشوو بدە. بەڵام لە یادت نەچێت، تکات لێ دەکەم، سبەینێ یەکدی دەبینین، ئەسپەکەت لەگەڵ خۆمان دێنین.

ـ باشە تاشئەفغان. لە شار لەم جۆرە بۆنانەدا دەگوترێت: بە بۆنەی ناوزەدکردنی ئەسپەکەتەوە ئاهەنگ دەگێڕین.

ـ بەم شێوەیە ـ بەم شێوەیە، ناوزەدکردن ... بە شیڤ ڕادەگەیەنین کە ئاهەنگێکی ناوزەدکردن هەیە ـ بەرلەوی بڕوات پرسیاری کرد ـ بۆ سواربوونی ئەسپ پووتت هەیە؟ ئەگەر پووتت نەبێت ـ جووتێکت بۆ پەیدا دەکەین.

ـ نیگەران مەبە. دەمزانی بۆ چی هاتوومەتە ئێرە، بۆیە پووتێکی کۆنم لەگەڵ خۆم هێناوە. ماوەی چەند ساڵێکە بێ ئیش لەوێ کەوتبوو.

لە کۆتایی ئەو ڕۆژەدا، بەر لەوەی ئەرسین پاش شەکەتی ئەو ڕۆژە، بچێتە ناو جێگەکەیەوە، کە خزمەکانی لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا بۆیان ئامادە کردبوو، بە خودی خۆی شێڤ بیکتۆر ـ ئاغا بە مۆبایل پێوەندی پێوە کرد، پێی ڕاگەیاند کە ئێستە لە نشێوی داستۆرکانە، لە داوێنی چیاکاندا، لەو شوێنەی کە هەردوو میوانە عەرەبەکە یەکەمین شەویان بەسەر دەبەن. شتێکی ئاساییە کە ئامادەکردنی وێستگەیەکی مەیدانی کارێکی ئاسان نییە بۆ میوانانی لەم جۆرە ئاستە. ڕێککەوتن سبەینێ پاش نانی نیوەڕۆ بەدیداری یەکدی بگەن و دەست بەکار بکەن. دەبوو باسی پێشوازی لێ کردنی هەردوو میوانە ـ ڕاوچییەکە لە فڕۆکەخانەی ئۆلیاتی بکەن کە پاش سێ ڕۆژی دیکە دەگەن. دەبوو ئەرسین هەر لە کاتی گەیشتنیانەوە بە شێوەیەکی بەردەوام شەوو ڕۆژ یاوەریان بێت.. ئەوەیش کارێکی ئاسان نییە.ڕاوکردن کارێکی ئاساییە، بەڵام کێ چوزانێت ئەو دوو کەسە

چ جۆرە کەسانێکن، چ ڕەوشت و ئارەزوویەیان هەیە. هەرچۆنێك بێت. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەرسین سامانچین ئامادەبوو بە هەموو ئەمانەتێکەوە کارەکەی خۆی جێبەجی بکات. پاش تەلەفۆنەکە بیری لەمە دەکردەوە، هەروەها خێرا قسەکانی پێشووی لەگەڵ تاشئەفغان بیر کەوتەوە. تۆ بڵێیت بۆچی ئەوەندە تووڕە بووبوو؟ بە ڕاستی شتێکی زۆر سەیرە .. لەم کاتەی هاوینیشدا، لەو کاتەدا تاریکی باڵی بەسەر قووڵایی چیاو دۆڵەکانی نیوان لووتکە بە بەفر داپۆشراوەکان و زنجیرە چیا بەرینەکاندا کێشاو کەش و هەوا ساردی کرد وەك بڵێیت زستانە. هەموو ئەو گیانلەبەرانەی لەو ناوچانە دەژیان، تا بەیانی خۆیان کڕکرد. دڵنیایی شتێکی زۆر پێویست بوو، هەموو شتێك لە سروشتدا لێرە شایەنی ئەو دڵنیاییە بوو ـ چونکە ئەستێرە زەبەلاحە گەشاوەکان بە ئاسمانەوە دەگەشانەوە، ئەوەندە لە چیاکانەوە دوور نەبوون، پەڵە هەورەکانیش چڕتر نەبوون و گرد نەدەبوونەوە، بەڵکو بە درێژایی زنجیرە چیاکان بوون، بێ ئەوەی نیشانەی بارینیان پێوە دیاربێت، ڕووبارە بە هاژەکانیش کپ بوون، لە داوێنی لووتکەی ئۆزینگلیش ـ سریمیانی بایەکی هێور هەڵی کرد، لێرەدا جابارسی بێزراویش لە پێناوی بەدەستهێنانەوەی دڵنیایی دەستی بە هاتن و چوون کرد، بەسەر کۆمەڵە بەردەکاندا بازی دەداو بە دوای شوێنێکی گونجاودا دەگەڕا شەوی تێدا بەسەر ببات. بەو شێوەیە ئەو بەستەزمانە نەیتوانی لە دەربەندەکە بپەڕێتەوە، ئەگەرچی هاوین لە نیوەی تێپەڕیبوو، کەچی هێشتە ناوە ناوە لێرە دەردەکەوێت، پاشان بزر دەبێت، ئەوەندەیش نابات سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە، ئەوەتە ئەم جارەیش ماوەتەوە شەو لێرە بەسەر ببات، ئەو شەوە لە دارستانەکە باڵندەکان بە ژاوە ژاوو دەنگە دەنگی بەردەوام بێزاریان کرد. ئەوەبوو کوندەبەبووی شەو (تونکوکوك) بە ڕووی ئەو باڵندانەیان هەڵدەشاخی، بە دەنگی بەرز هاواری لێ دەکردن، بەڵام بێ سوود بوو...

بەڵام ئەوەی زۆرتر ترسی خستبووە ناخی دڕندەکەوە ئەو دەنگە دوورانە بوون. ئەو دەنگە خۆشانە. ئەوە لە کوێوە بەرگوێ دەکەون؟ ئەگەر جابارس بیزانیبایە کە بووکی نەمر، کە وێڵی ناو چیاکانە، لێرەدا دەرکەوتووە، خودی ئەو بووکە نەمرە (تۆ لە کوێیت؟ تۆ لە کوێیت؟) وەڵامم بدەوە ـ ئەوە منم ـ بووکی نەمرم. منم بانگت دەکەم، من بەرەو لای تۆ دێم، تۆ لە کوێیت؟ لەکوێ؟) ئەم جارەیان بووکی نەمر لە پڕمەی گریانی دا، تۆیش

گریایت:: (ئۆی، ئەوە چیە ئێستە ڕوو دەدات؟ چی ڕوو دەدات؟) چی تا ئەم ڕادەیــە ترســی خزاندبووە ناخیەوە؟ بەڵام شتێکی دەزانی. جابارس بەرگەی گریان و کرووزانــەوەی بــووکی نەمری نەگرت بۆیە هەستا، بە ناو تەپۆڵکەکاندا بۆ ئەو دیو بەڕێ کەوت.. بەڵام نیگەرانی ئەو چییە؟ تەنیا بە خوا خۆی دەزانێت.

# حەوتەمین پاڕ

پێدەچێت یەکێکی دیکەیش بەوە بزانێت، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیش نەبێت، ئەوە کەسانێك هەن، لە شوێنێکی زۆر دوورن، لەو شوێنانەی بووکی نەمریان لێیە پلانیان بۆ شتێك دادەڕشت. بەتایبەتی ـ بۆ ڕاوکردنی پڵنگە بازووەکانی ناو بەفر لە چیاکانی تۆیۆك ـ جار.

ئەو بەیانییە ئەرسین سامانچین هەستاو ڕدێنی تراشی و، هەردوو دەست و دەم و چاوی لەژێر ئاوی دەستشۆرە تیژەکەدا شوشت، کە دەبوو بەردەوام ئاوی پێدا بکرێت، کە تەمەنی نزیکەی سەد ساڵ دەبێت. لەو کاتەی کە دەم و چاوی بە پەشتەماڵە پاکژەکە دەسڕی، کە زۆر شادومان بوو، ویستی بچێتە گۆڕەپانەکەو بۆ ئەوەی کەمێك تیشکی هەتاوی بەر بکەوێت ـ کەش و هەوا زۆر خۆش بوو، کاتێك بەر لە تۆزێك لە پەنجەرەکەوە سەری دەرهێنا، زنجیرە چیا زەبەلاحە نایابەکە سەرنجی ڕاکێشا. وەك بڵێیت بە پەڕەمووچی هونەرمەندێك کێشراوە ـ ئەو کاتە دەنگی زەنگی مۆبیالەکەی بەرگوێ کەوت.

یەکەم شت بیری لێ کردەوە کە ئەوەی تەلەفۆنی بۆ دەکات بێ گومان شیڤ بیکتۆرە، بۆ ئەوەی قسەکانی دوێنێ تەواو بکەن، بەڵام زۆری سەر سوڕما کاتێك لە مایکرۆفۆنەکەوە لەناکاو گوێی لە دەنگێك بوو بە ئینگلیزییەکی ڕەوان دەئاخڤی، بۆیە ئەرسین سەری سوڕما: ئەمە شتێکە لێرە، لە قووڵایی ئەم چیا دوورانە، جێی بڕوا نەبێت.

ـ بەیانیت باش. لام وایە لای ئێوە بەیانی بێت؟ ببوورە. تۆ بەڕێز ئەرسین سامانچین نیت؟

ـ بەڵێ، بەڵێ، من خودی ئەوم، چ بەڕێزێك قسەم لەگەڵ دەکات؟

ـ من تا ڕادەیەك هاوەڵی تۆم ـ چونکە من سکرتێری ڕۆژنامەوانیم لە نووسینگەی پێوەندییە گشتییەکانی بەڕێز حەسەن، ناوم (ڕۆبیرت)ە، یان بە کورتی ـ پۆپ لۆکاس. حەز دەکەم بتناسم، جا لەبەر ئەوەی ئینگلیزییەکی زۆر باش دەزانیت، وەك پێ بزانم، خۆزگە دەبوویتە ناوبژیوانمان لە ڕووی ڕەفتارو هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکە، چونکە ئێمە دەمانەوێت بە مەبەستی ڕاوکردن سەر لە ناوچەکەتان بدەین، گوێت لێمە؟

ـ باش گوێم لێته، بەڵێ، شتێکی ئاساییە، هەوڵ دەدەم ببمە نابـژیوانتان. بەڕێز پۆپ ئێستە تۆ لە کوێوە تەلەفۆن دەکەیت؟

ـ چۆن لە کوێوە؟ ئەرسینی خۆشەویست؟ لێرەوە لە میرنشینەکانەوە، تۆ دەزانیت ئەو دوو میوانە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە یاوەراندا دێن، بە پزیشك و چێشت لێنەرەکانەوە، بۆیە ئێمەیش لای خۆمانەوە ئامادەکاری دەکەین. ــ بەڵام پێوەندییە تەلەفۆنییەکەت، بە ئێمەوە لە چیاکان، بەلای ئێمەوە شتێکی سەرسوڕهێنەرە، دەتوانیت لێرەشەوە تەلەفۆن بکەیت؟ ببوورە پۆپ چۆن دەتوانیت تەلەفۆن بکەیت؟

ـ بەڕێز ئەرسین ئەوە زۆر ئاسانە. ئەوە پێوەندییە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە. دەتوانین پێوەندی بە هەر شوێنێکی جیهانەوە بکەین، کە لە خولگەو دەلاقەی ئاسماندا بێت. لە هەر کات و، بۆ هەر شوێنێك و، لە هەر شوێنێکەوە بێت، ئەوەتە من ئێستە لەگەڵت دەپەیڤم، تۆیش لە چیا دوورەکانی ئاسیادا بەرسڤ دەدەیتەوە لەکاتێکدا پڵنگە بازووە بەفرینەکانتان بیریان بۆ ئەوە ناچێت کە مانگە دەستکردەکان خزمەت ئەوانیش دەکەن، دڕندە کێوییەکانیش، بۆ ئەوی لەکاتی ڕاوکردنەکەدا بەیەك بگەین، ئەمە تەنیا بۆ گاڵتەیە، بمبوورە ...

ـ بەڕێز پۆپ قەیدی نییە، چونکە پێکەنین هیچ زیانێك ناگەیەنێت بەڵام گەیشتن بە دیداری پڵنگە بازووەکان دەشێت بە هەموو شێوەیەك کۆتایی پێ بێت.

ـ شتێکی ئاساییە گرنگ ئەوەیە لە ڕاوکردندا نێچیرەکان زۆر بن و پڵنگە بازووەکان، وەك پڵنگە ئاساییەکان ـ کاڵایەکە تاك تاك مامەڵەی پێ دەکرێت، هەرچەندە ژمارەکەی زۆرتر بوو، بڕی قازانجەکە پتر دەبێت. ڕاوکردن بەلای ئەو دوو میوان عەرەبەوە وەرزشە، هەموومان، ئێمەو ئێوەیش، ئەوەیش شتێکە دەزانرێت، پێوەندیدارین کە نێچیرەکان زۆر بن و ژمارەی پێستی پڵنگەکان زۆر بن. چونکە ئەمە قازانجی بۆ ئێمەو بۆ کۆمپانیای ڕاوکردنی (مێرگن) دەبێت چونکە یەکسەر ناوبانگ دەردەکات.

ـ بەڵێ پۆپ، شتێکی ئاشکرایە.

هاوکات بیرۆکەیەکی بۆ هات: دەم خۆش. تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن خۆی گەیاندووەتە دڕندە کێوییەکان، لە ئاسمانەوە چاودێری هێلانەو جم و جووڵەکانیان دەکات. ئەگەر دڕندە

کێوییەکان لە چیاکان بزانن کە مانگە دەستکردەکان لە خزمەتیاندان، بەڵام هەرگیز لە بەرژەوەندی ئەواندا نییە.

دەرکەوت کە سکرتێری ڕۆژنامەوانی ڕۆبێرت لۆکاس حەزی لە سوعبەتەو تەنانەت لە دووریشەوە لە دڵەوە نزیکە. ئەو قسەیەی سەبارەت بە کارەکە کرا لە شوێنی خۆیدا بوو. هەردووکیان پرسە پێوەندیدارەکان بە خزمەتگوزاری و گەیشتنی ڕاوچییەکان لەگەڵ ئامێرەکاندا تاوتوێکرد. فڕۆکەی هەردوو میوانەکە شایەنی پلەو پایە بەرزییان بوو کە (بۆینگ ـ ٧٣٧) بوو، دەستەی فڕۆکەوانییەکەیش پلە یەك بوو. ئەرسین سامانچین هەندێك زانیاری لەم قسەکردنەوە لە تێنوسەکەی خۆیدا تۆمار کرد، بۆ ئەوەی بە شێڤ بیکتۆری ڕابگەیەنێت. کە بڕیاریان دابوو هەمان ڕۆژ یەکدی ببینن پاش ئەوەی شێڤ لە وێستگەی داستۆرکان دەگەڕێتەوە. ئەوەبوو بەڵێنی دابوویە هەرکە بگات پێوەندی پێوە بکات تا ئەو کاتەیش دەیتوانی چاوی بە هەر پێنج ڕاونەرەکان بکەوێت، گرووپەکەی تاشئەفغان، کە بەڵێنیان دابوویە ئەسپێکی بۆ بهێنن سواری ببێت، هەروەها کۆبوونەوەیەکی کورتیان لەگەڵ سازبدات. ئەو دیدارە بۆ ئەرسین سامانچین گرنگ بوو، نەك لەبەر ئەوەی هەر هەموویان هاوەڵی خوێندن و فێرگە بوون: سێیان ـ بە خۆی و تاشئەفغان و ساکساغای قژبژ ـ لە یەك پۆلدا بوون. ئەو دووەکەی دیکە ئەوە بە دوو ـ سێ ساڵ لەوان بچووکتر بوون بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەبوو هەموویان هاوتەمەن بوون و یەکدییان دەناسی، چونکە پێشتر پێکەوە لەسەر تەختەکان لەژێر یەك بنمیچدا دانیشتبوون. بەو بۆنەشەوە ئەوە سەربانی فێرگەکە کەمێك چەوتاوەتەوەو تا ڕادەیەکی زۆر نزمتر بووەتەوە، ئەمەیش ئەو کاتە سەرنجی ڕاکێشا کاتێك دوێنێ بەوێدا گوزەری کرد. هەرچۆنێك بێت ئەوە فێرگەی نزیك هەر نزیکە، بەڵام ئەوە پرسێکی دیکەیە.

بەیانی بەو شێوەیە بیری دەکردەوە. کاتێك تاشئەفغان و ساکسانی قژ بژ هاتن، نەك بە فاکتەری هەست بە برایەتی کردنی فێرگەیی، بەڵکو وەك دەرکەوت، بە نیازێکی دیکە، کە ئەرسین سامانچین نەیدەزانی، ئاشکرایە بە ڕێگەوە تاشئەفغان بە جۆرە گاڵتەجاڕییەك گوتی:

ـ ئەرسین هاوڕێ دەبێت بزانیت کە هەر هــەموو ئێمــە هــاوپۆلی تــۆین، ئێــستە ســەڵت و قوڵتین.

ـ ئەرسین بە سەرسوڕمانێکی ڕاستگۆیانەوە گوتی:

ـ مەبەستت چییە، بە سەڵت و قوڵت چ نیازێکت هەیە؟ چی ڕووی داوە؟

ـ ڕامەوەستە، با بڕۆین. شتەکە ئاساییە، ئێستە پێت دەڵێم. هەرچی ساکساغای قژبژ بــوو ئەوە بزەیەکی هاتێ. وەك ئەوەی بزانێت ماستەکە چــی موویــەکی تێدایــە، پــاش ئــەوەی سەری لەقاندەوە گوتی:

ـ هەموو لە ئایل دەزانن کە ئێمە ژنمان نەهێناوە. ئەگینە لە مــاڵی خۆمــان میوانــداریمان دەکردیت و بۆ فێرگەمان بانگ نەدەکردیت.

ـ کەم گاڵتە بکەن.

ـ هەرگیز، ئەرسین. تۆ، بە لای ئێمەوە مرۆڤێکی گەورەیت، تۆ بڵێیت ســەبارەت بــە چــی گاڵتەیەك بپەیڤین؟ ـ تاشئەفغان گوتی ئێستە کەس لە فێرگەکــە نییــە. پــشووی هاوینــەو داوایان لە پاسەوانەکە کردووە کەس بێزاران نەکات، پارەی ڤۆدگامان پێ داوەو فێرگەکــەی بەرەو ماڵ بەجێ هێشتووە، ئێمەیش هەلەکەمان قۆستەوەو بڕیارمــان دا کــە باشــتر وایــە لەفێرگەکە کۆببینەوە. ئەسپەکانمان لەوێن لەناو حەوشەن. هەرچی ئەوەی گــوتم کــە ئێمــە سەڵتین ئەوە لەبەر ئەوەیە کە خێزانەکانمان ـ ژن و منداڵەکانمان ـ ئێستە لەچیاکانن، ئــەوان چوونەتە باکوور بۆ ئەوەی هاوین لەوێ بەسەر ببەن. ڕەنگە ئەو ناوچانەی کەناری ڕووبــاری (ئەکسای)ت لەیاد بێت. بەو شێوەیە ئێمە هاوین لەوێ بەسەر دەبەین. لە ســەردەمی زۆر کۆندا هەمووان لە وەرزی هاویندا دەڕۆیشتن بە درێژایی وەرزی هاوین لەوێ بەسەر ببەن و، پەزو پۆڵەکانیان لە سەر چیای جایلوو بلــەوەڕێنن. ئێــستەیش بڕیارمــان دا. وەك ڕابــردوو هاوین لەوێ بەسەر ببەین و لەگەڵ خێزان و خێوەتەکانماندا لەوێ نیشتەجێ بین.

ـ ئەی چی هەیە ڕێی ئەوەمان لێ بگرێت ـ ساکساغای قژبژ قسەکەی پــێ بــڕی ـ ئەوەیــە ئازادی. بۆ هەرکوێت دەوێت بڕۆرە ئەوێ. ئێمە لە کۆڵخۆزدا نیین.

ـ داخی گرانم. باشە. پاشان لەو بارەوە قسان دەکــەین ـ تاشــئەفغان گــوتی ـ واتــە شــێڤ بیکتۆر ئاغا بە مەبەستی ڕاوکردن بــۆ ئێــرەی بــانگ کــردووین. دەبینــە ڕاونــەر. ســەگی

خۆمان هەیە. ئەرسین تۆ خۆت دەزانیت کە پێویستە پڵنگە بازووەکان بەرەو ئەو شوێنانە ڕاوبنرێن، بە شێوەیەك بشێت لە حەشارگەکانەوە تەقەیان لێ بکرێت، ئەگینە ناکرێت بپێکرێن کاتێك لە ناو دۆڵ و نهالەکاندا بن، ئەگەر یەکێك تەنگیان پێ هەڵبچنێت ئەوە هێرشی دەکەنە سەر، تا بزانن لووتی لەچی دەژەنێت. ئەگەر بەختیشمان یار بێت ئەوە ئێمەی ڕاونەریش شتێکمان دەست دەکەوێت، هەر بۆ ئەوەیش بوو گەیشتینە ئێرە.

ـ بە شێوەیەکی کاتیش خۆتان کردە کابرایەکی سەڵت و قوڵت ـ ئەرسین سامانچین بە پێکنینەوە ئەوەی گوت ـ چونکە لە مەبەستەکەیان گەیشت.

ساکساغی قژبژیش هەڵیدایە:

ـ بەم نزیکانە سەڵت و قوڵتییەکەمان بەجێ دەهێڵین و دەگەڕێینەوە چیاکان و پەزو پۆڵە دەلەوەڕێنین، بەڵام بێ سوودە، لەبەر ئەوەی لە هیچ شوێنێکەوە کەس نییە بێت پەزو پۆڵە بکڕێت، تا دێت هەژارو نەدارتر دەبین، ئەگینە ..

ـ ئەرسین پێڕا نەگەیشت هیچ بڵێت، چونکە تاشئەفغان قسەکەی پێ پچڕی:

ـ باشە ساکسان. دواتر لەو بارەوە دەپەیڤین. بە جدیش هەرچی ئێستەیە با بیر لە شتێکی دیکە بکەینەوە .. پاشان بێ دەنگ بوو، بێ ئەوەی قسەکانی تەواو بکات، ساکسانی ـ قژبژیش بێ دەنگ بوو. ئەو کات ئەرسین دەستی بە قسەکردن کردو پێی ڕاگەیاندن کە چۆن ئەم بەیانییە ڕۆبێرت لۆکاس، سکرتێری ڕۆژنامەوانی بەڕێز حەسەن پێوەندی پێوە کردو لە ناوەڕۆکی پێوەندییەکیشی ئاگەدار کردن.

ئەرسین پێشبینی ئەوەی نەدەکرد ئەو بابەتە لەلایەن هەردوو هاوەڵەکەیەوە بەو شێوەیە بایەخی پێ بدرێت، فێرگەکە تەنیا دە هەنگاو دوور بوو، هەرچی ئەوان بوون ئەوە ڕاوەستان، بە وردی دەستیان بە پرسیارکردن لەبارەی پێوەندییە تەلەفۆنییەکە لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە کرد. ئەوە بەلای ئەوانەوە شتێکی تازە بوو.

ـ خودایە ـ تاشئەفغان هەڵیکێشایە ـ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بە هۆی مانگە دەستکردەکەیانەوە دەتوانن لە هەر کاتێکدا بێت پێوەندی بە هەر شوێنێکەوە بکەن. ئەو کاتەیش لە چیاکنی ئێمەدا بن، لەوێ لە دۆڵ و ئەشکەوتەکان، لەژێر ڕەنوە بەفرەکاندا،

لەو شـوێنەی کـەس گـوێی لـە کـەس نییـە پێوەنـدی بـە میرنـشینەکان و بـە ئـەورووپاو ئەمەریکاوە بکەن؟ خوادیە؟

لەبەر هۆیـەکیش بـوو بایـەخێکی زۆریـان بـەوەیش دا کـە فڕۆکەکـەی هـەردوو میوانـە عەرەبەکە بە درێژایی ماوەی مانـەوەی هـەردوو میوانەکـە لـە ڕاوکـردن لـە چیاکان لـە فڕۆکەخانەکە دەمێنێتەوە، وەك ئەوەی ئـەم شـتە پێوەنـدی بەوانـەوە بێـت. ڕەنـگ بێـت هەردووکیان هەستیان بە ئیرەیی کردبێت، لای خۆیەوە ساکسان قژبژ، کـە قـژە ڕەشـەکەی درێژبوو، تا ڕادەیەك دەگەیشتە سەر هەردوو شانی، گوتی:

ـ خودایە، فڕۆکەیەکی بۆینگ بە تەواوەتی لەگەڵ هـەموو فڕۆکەوانەکانـدا لەسـەرخۆ لـە فڕۆکەخانە دەمێنێتەوەو چاوەڕوانی خاوەنەکانی دەکات.

کاتێك بازرگانی جانتا بووم، نەتدەتوانی یەك خولەك چییە دوا بکەویت، ئەگینە فڕۆکەکـە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دەفڕی و، بە ئاسمانەوە تفی ڕۆی دواکەوتووەکان دەکرد هەرچـی لێرەیە ئەوە چی خۆشگوزەرانییەکە، هەر کاتێکم بوێت بۆ خۆم دەفڕم. ئەوەیە هێزو توانای سامان، تاشئەفغان درێژەی دایەو پرسیاری کرد:

ـ ئایە مانەوەی فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانە ئەوە دەگەیـەنێت کـە هـەرلادوو میوانەکـە کـەی بیانەوێت دەتوانن سەفەر بکەن؟ هیچ شتێکم نییە تەنیا ئەسپێك نەبێت ئەویش ئەوەتە لـە ناو حەوشەیە، چیم بوێت پێی دەکەم: ئەگەر بمەوێت دەیبەستمەوە. بمەوێت بەرەڵای دەکەم. ئەگەر بمەوێت سواری دەبم و غار دەدەم.

ئەرسین سامانچین ویستی ڕونی بکاتەوە:

ـ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان لەسەر ئەوە ڕاهاتوون ئەو کاتەی بزانن گونجاوە، سـواری فڕۆکەکە دەبن، چونکە فڕۆکەکە ئامادەیەو دەستەی فڕۆکەوانیش لە شوێنی خۆیانن.

کە بەو شێوەیە قسەیان دەکرد، لە فێرگەکە نزیك بوونەوە، ئـەو فێرگەیـەی پێـشتر تێیـدا خوێنـدبوویان، کەچـی ئەوەتـە بـە پێـی ئـارەزووی چـارەنووس هـاتوون و ئـەو ڕووداوە چاوەڕوانکراوە کۆی کردوونەتەوە ـ ڕاوکردنی پڵنگە بازووەکانی ناو بەفر. پاشان میوانەکان کە لـە وڵاتێکـی دوورەوە هـاتوون، بـە شـێوەیەکی نەویـستانە ڕۆچـوونەتە نـاو ڕێـڕەوی ڕووداوەکانی ئێرەوە، کەچی هیچ شتێکی لەو جۆرەیان بە بیردا نەهاتووە. ماوەیـەکی زۆرە

ئەرسین سامانچین سەری لە فێرگەکەی خۆی نەداوە. فێرگەکە لەوپەڕی (ئایل)ەکـەوە بـوو، بە تەنیشتیدا تێدەپەڕی و، سەیرێکی خێرای دەکرد، بەڵام بێت و سـەردانی بکـات، ـ وەك دەگوترێت ـ گەشتێك بەرەو ڕابوردووی خۆی بکات، ئەوە هەرگیز ئەوە ڕووی نەداوە. دڵی هەستی بە ئاسـوودەیی دەکـرد ـ ئـەوە هـەمان فێرگەکـەی خۆیـە، ئەگەرچـی بـە هـۆی ڕۆژگارەوە بە سەربانە کۆنەکەیەوە کەمێك کـۆنتر بـووە، هـەر وەك هـەموو سـەربانەکانی دەوروبەری بە پەنجەرە لارەکانیان و، چوارچێوەی پەنجەرەکانیانـەوە کـە هـشك بوونەتـەوە، بـەڵام فێرگەکـە هـەر هـەمان فێرگـەی جارانـە. ئـەوە نـاو حەوشـەکەیەتی، کـە ئەوسـا تەڕاتێنێیان تێدا دەکرد، ئەوەیش ڕێڕەوەکەیـە، ئەوانـەیش پۆلـەکانن، ئەگەرچـی ئەرسـین لەسەرەتاوە هەستی بە شەرمەزاری کرد، کاتێك تاشئەفغان پێـشنیازی کـرد لـە فێرگەکـە کۆببنەوە، بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرەکەی، کە ئەوێی بەرەو شوێنێك بەجێ هێـشت ـ ئـەوە ئەوەندەی نەخایاند تاشئەفغان قایلی کرد: کە خێزانـەکانیان لـە چـیاکانن و فێرگەکـەیش چۆڵە، ئەو کات ئەرسین سامانچین دڵنیا بوو، بەڵکو پێی خۆش بوو. پاشان ئەوەتـە هـەتاو هەڵاتووەو، تا چـاو بڕبکـات دیمـەنی چـیا دەبینیـت، لـە دووڕەوەیـش لووتکـە بـە بـەفر داپۆشراوکان دیارن، لەو شوێنەی پڵنگە بازووەکانی ناو بەفر هەن، ئەوانەی هۆکـاری هـەر هەموو ئەم ڕووداوانەن. باڵندەکان بە هەموو جۆرەکانیانـەوە پـۆل پـۆل بـە چـوار دەورتـدا دەفڕن، کەس لێرە بێزاریان ناکات، بە ئارەزووی خۆیان دێن و دەچن.

هەر سێ ڕاونەرەکان لە گرووپەکەی تاشـئەفغان کـە بەتەمـەن بـچووکترن بـە گەرمییـەوە پێشوازییان لە ئەرسین سامانچین کرد. دیار بوو ڕێك و پێـك بـوون: تاشـئەفغان فـەرمانی دەدا وەك چۆن لە سـوپا فـەرمان دەدرێـت: بـڕۆ. وەرە، لێـرە ڕاوەسـتە، بگـرە، بیکـەوە، بەوپەڕی دڵنەواییەوە ئەوانەیان جێبەجێ دەکرد. لای خۆیەوە ئەرسین ئەوەی پێ باش بـوو، چونکە کاتێك لاوانی ئایل بەو شێوە گرد دەبنـەوە، ئـەوە ئاسـاییە کـە لـە خواردنـەوەدا زێدەڕۆیی دەکەن، هەرچی ئەمانـەن تـەواو هوشـیارن. هـەر هـەموو ئـەوەیش کەشـێکی دۆستانەی دروست کردبـوو. بەوپـەڕی چـێژو خۆشـییەوە ئەرسـین سامانـچین بـە سـواری ئەسپەکەی بە چواردەوری فێرگەکەدا سووڕایەوە. ئەسـپەکە بـەهێزبوو، خۆڵەمێـشی بـوو،

باش و سف و سۆڵ زین کرابــوو. تاشــئەفغان بــە خــۆی بــە ڕێــزو نەوازشــەوە ئەســپەکەی پێشکەش کرد:

ـ ئەرسینی خۆشەویست، وەك دوێنێ پێم ڕاگەیاندیت، ئەو ئەسپەت پێشکەش دەکەین بــۆ ئەوەی سواری ببیت. باشت کرد لە بیرت نەچوو پووتەکەت لە پێ کرد. جڵەوەکەی بگــرەو، سواری پشتی ببە، بە سواری ئەم ئەسپە یاوەری هەردوو عەرەبەکە دەکەیت، ئەو کاتــەیش ئێمە ڕاوی پڵنگەکان دەنێین بەرەو لای ئێوە هەڵێن، چەندتان بوێت.

هەموویان لە قاقای پێکەنینان دا.

ـ ســوپاس ـ ئەرســین سامانــچین سوپاســگوزاری خــۆی بــۆ خــەڵکی ناوچــەکە دەربــڕی ـ مادامەکێ وای لێهات منــیش لای خۆمــەوە هــەوڵ دەدەم هــەردوو عەرەبەکــە ڕازی بــن، چونکە ئەوە بۆ ئێمە زۆر پێویستە.

ـ ئێستەیش با بڕۆین پۆلەکە ببینین. ئــای چ کاتێــك بــوو، چ مامۆســتایەکمان هــەبوون، ئێستەیش؟ مامۆستاکان پەرتەازە بوون، هەرچی ئێمەیــشین لــە خــوا دەپاڕێینــەوە پڵنگــە بازووەکان بەر گولەی تفەنگەکان بکەون. کەســانی دیکــە بــە فڕۆکــە دەچــن ڕاو دەکــەن، هەرچی ئێمەین ئەوە بە هەموو تواناو شەکەتییەکەوە هەوڵی ئەوە دەدەین.

هەموو سەریان لەقاندەوە. ئەرسین لای خۆیەوە ئاوڕی ئــەم لاو ئــەو لای خــۆی دەدایــەوە ـ کپی باڵی بەسەر حەوشەکەدا کێــشابوو، فێرگەکــە چــۆڵ بــوو، ئەســپەکان بــە بەســتراوی ڕاوەستابوون، لە کاتێکدا باڵندەکان بەسەر سەریانەوە دەفڕین، هەموو شتێك ئەوەیان ڕوون دەکردەوە کە گیانی خــەڵکی دڵنیــا نــەبوو. شــتەکە ئاســانە: ئــەوەی دوێنــێ تاشــئەفغان سەرپێیی باسی کرد، خەڵکی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانــەترو تــووڕەتر قــسەیان لــە بــارەوە دەکەن و هەمووشیان ڕاست دەکەن ـ ڕەوشــەکە بــەو شــێوەیە بــوو ... بــۆ هــەر کوێیــەك چووبایتایە کۆمەڵێك کێــشەت دەبــینی. لەکاتێکــدا بــە ڕێڕەوەکــەدا تێپــەڕین، ئەرســین، لەکاتی سەیرکردنی پۆلەکاندا، کە دەرگەکانیان کرابوونەوە، بینی لە مێژە فێرگەکە نــۆژەن نەکراوەتەوەو ژوورەکان پشت گوێ خراون و، تەنیا شتێك کە نــۆژەن کرابێتــەوە تەختــەکان بوون: لە جیاتی تەختە دارینە ناقۆڵا کۆنەکان، مێزو کورسی دەسکدار دانرابــوون. تەختــە ڕەشەکانیش نوێ بوون ـ بەو شێوەی هاتە بەرچاو ..

تاشئەفغان سەیری کاتژمێرەکەی کرد:

ـ برایان کاتژمێر یازدەیە. کات تێدەپەڕێت. ئەرسین با لە پۆڵەکەی پێشوومان‌دا دانیشین و بپەیڤین.

ـ چ پێویست دەکات؟ باشتر وایە بچین بۆ ماڵی خوشکم، لەوێ دڵنیاتر دادەنیشین. شوێنەکە بەشمان دەکات.

ـ ناـ نا ئەرسن، با بچینە ئێرە، بچینە ناو پۆلەکەی ئەوسامانەوە، ئەو کات شتێکت بۆ ڕوون دەکەمەوە.

ـ باشە، وەك دەتەوێت، من میوانی ئێوەم.

ـ بچۆرە ژوورەوە. با لەبەردەم ئەو دوو مێزەی بەرانبەر بە یەکدی دانیشین.

لە تەنیشت پەنجەرە والآکەوە کپ و بێ دەنگ دانیشتن، کە بەسەر چیاکانیدا دەڕوانی. تا ئێستە ئەرسین سامانچین تێنەدەگەیشت خەڵکی ناوچەکەی چییان دەوێت، کە بەم شێوە سەیرە بۆ فێرگە چۆڵەکەیان بانگ کردووە. ئەو کات، پاش ئەوەی بە وردی سەیرێکی هەمووی کردن، پاش ئەوەی قووڵ تێی ڕوانین، کەمێك کۆکی، تاشئەفغان قسەکانی دەست پێ کرد، کە پێدەچێت پێشتر خۆی بۆ ئامادە کردبوون:

ـ ئەرسین گوێ لەوە بگرە کە دەمانویست پێت بڵێین.

ـ گوێتان بۆ ڕادەگرم. بەڵام بۆچی بەم توندییە؟ خۆ ئێمە هاوڕێین، سەر بە یەك خێڵین، ئایە شتێك ڕووی داوە؟ یەکێك لە خزمانمان مردووە؟ وەك من بزانم پێدەچێت هەموو لایەك ساغ و سەلامەت بن. پاشان خۆ ئێمە هەموومان لەم فێرگەیە خوێندوومانە.

ـ نا ئەرسین، کارەکە پێوەندی بەوەوە نییە لە کوێ خوێندوومانە، لە کوێ ژیاوین. نا هەرگیز بەو شێوەیە نییە. تۆ میوانی ئێمەیت، بەڵام ئەمڕۆ لەژێر بەزەیی ئێمەدایت، ئێستە پێت ڕادەگەیەنین کە بۆچی تۆمان هێناوەتە ئێرە، پێشت ڕادەگەیەنین دواتر چی ڕوو دەدات.

ـ ڕاوەستە، ڕاوەستە، ئەوە چی دەگەیەنێت (من لەژێر بەزەیی ئێوەدام)؟ ئەسپێکتان بۆ هێناوم سواری ببم ـ سوپاستان دەکەم، سەفەری شار دەکەم، ئەسپەکە دەمێنێتەوە، چونکە من بە ئۆتۆمبیلەکەم سەفەر دەکەم.

ـ کێ چوزانێت سەفەر دەکەیت، یان نا.

ـ چۆن؟ مەبەستت چییە؟ بە ڕاشکاوی بدوێ...

ـ لەبەر ئەوەیە من لێرەم. مشت و مڕەکەمان توندوتیژ دەبێت ـ وەك چۆن چەقۆ لە سەر گەردن دادەنرێت.

ـ توخوا. سا هەمووتان گەردنتان ورد بێت، بە گێلم دەزانن، یان تاشئەفغان تۆ بە خۆت شێت بوویتە؟

ـ تووڕە مەبە، من هەڵەم کە گفتوگۆکە بەم ئاراستەدا چوو ـ تاشئەفغان ئەوەی گوت و، ڕووی سەرهەڵگەڕابوو و لە شوێنی خۆی نیوچە هەستانێك هەستایە سەرپێ، هاوەڵەکانیشی جووڵانەوە، دەستیان بە چرپە چرپ کرد. لەم کاتەدا لە ناکاو لە پشتی پەنجەرەکەوە دەنگی حەپەی ئەو سەگە بەرگوێ کەوت، لە ناو حەوشەی فێرگەکەدایە: لەبەر هەر هۆیەك بووبێت ئەو سەگی پاسەوانییە کە لەناو حەوشەی فێرگەکەدایە کە بەوە ناسراوە بایەخ بە هەموو شتەکانی دەورو بەری نادات، بەبێ ڕاوەستان دەستی بە حەپین کرد.

ـ دەی بڕۆ، سەیرێك بکە ـ تاشئەفغان فەرمانی بەو ڕاونەرە کرد لەو پەڕەوە دانیشتبوو ـ ڕێ مەدە کەس نزیك ببێتەوە، بەشێوەیەك هیچ کەس لە تەنیشتەوە نەبێت، سەگەکە دوور بخەوە. گوێت لێیە؟ بەشێوەیەك هیچ کەس لە تەنیشتەوە نەبێت.

ئەرسین سامانچین کە تووشی ڕۆژی ڕەشی خۆی هات، ویستی هەڵسێت و بڕوات، بەڵام تاشئەفغان پێشی کەوت: دەستی لەسەر شانی دانا، وەك یەکێك بیەوێت شتێك بڵێت. ئەرسین لەرزی و ویستی بە توندی هەردوو دەستی لادات و بڕوات، بەڵام تەواو لەم کاتەدا، لە پەنجەرە والاکەوە، لەگەڵ حەپینی بەردەوامی سەگەکەدا دوو پەڕەسیلکە هەڵیانکوتایە ژوورەوە، تۆقابوون و دەیانزیکاندو بەژێر بنمیچەکەدا دەخولانەوە، تەواو وەك ئەوەی پێش چەند ڕۆژێك پێش ئێستە لە شوقەکەی ئەرسین ڕووی دا ـ وەك بڵێیت بیانەوێت هەواڵێك بگەیەنن، یان لە ئاکامی ڕوودانی کارەساتێك ئاگەداری بکەنەوە. ئەرسین سەری سوڕما، لەناکاو بیرۆکەیەکی بە مێشکدا تێپەڕی ـ تۆ بڵێیت ئەمە وریا کردنەوەیەك بێت بەرانبەر

به چارەنووس، تۆ بڵێیت هەمان ئەو دوو پەڕەسیلکەی ئەو ڕۆژە بن و، سەرلەنوێ بکۆشن بە دەرکەوتنیان شتێك ڕابگەیەنن؟

ـ لێرەدا ئەرسین هەستی کرد لە بارودۆخێکدایە کەس ئیرەیی پێ نەبات. زیکەزیکی بەردەوامی هەردوو پەڕەسیلکەکەو، فڕینی خێرایان بەسەر سەریانەوە، ڕێیان نەدا ئامادەبووەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بپەیڤن. ئاساییە سەرەتا ناچار بوون دەریان بکەن، پاشان پەنجەرەکەیان داخست، بەڵام هەردوو پەڕەسیلکەکە، لە کاتێکدا هەموویان سەریان سوڕمابوو، بەردەوام بە باڵیان لە پەنجەرەکەیان دەداو، هەر دەیانزیکاند، ئەوەی قوڕەکەیشی خەستتر کردبوو، سەگەکەیش لەبەر هۆیەك بوو بە دەنگی بەرزتر لەناو حەوشەکە دەحەپی، هەر چەندیان کۆشا وەدەریان نێن بێ سوودبوو. ئەو کات ساکسان قژبژ پێشنیازی کرد:

ـ بابچینە پۆلەکەی ئەو لایەکەی دیکە. ڕاستە پۆلەکە بچووکترە، بەڵام هێورترە، ئەگینە ئەو دوو پەڕەسیلکە گێلە هەر بێزارمان دەکەن. لە شوێنێکی ئەم لایە هێلانەیان کردووە، بۆیە بەو شێوەی وروژاون. با بڕۆین.

بە قسەیان کرد. بەڵام ئەرسین سامانچین بوو بە کەسێکی دیکە ـ هێور ـ گرژ، چووبووە قاوغی خۆی. نەیدەویست بەرهەڵستی ڕاونەرەکان و، خودی تاشئەفغان بکات. لە ڕاستیشدا بایەخی پێ نەدەدان. چونکە وەسوەسەیەك کەوتە دڵیەوە: شتێك لە ژیانیدا ڕوو دەدات، شتێك کە هەرگیز ئاسایی نییە، بەڵکو چارەنووسسازە، ڕەنگە تەنانەت کارەساتاویش بێت، تۆ بڵێیت چی بێت؟ بەڵام ئایە هەر کەسێك توانای ئەوەی هەیە شتگەلی نادیارو نەزانراو بزانێت؟ کاتێك چوونە پۆلێکی دیکەو لە هەردوو پەڕەسیلکەکە قوتاریان بوو کە زیکەزیکیان بوو، وەك پێدەچێت تاشئەفغان بڕیاری دا بە تاك تەنیا لەگەڵ ئەرسین قسە بکات، بە زارێکی فەرماندانەوە بە ڕاونەرەکانی گوت:

ـ گوێ بگرن، ڕێمان بدەن من و ئەرسین درێژە بە قسەکانمان بدەین، هەرچی ئێوەن، وەك ڕێککەوتووین: هەمووتان لە شوێنی خۆتاندا بن و کەس بێزارمان نەکات و، ڕێ بە کەس نەدرێت لە هیچ لایەکەوە بە ئێرەدا تێپەڕێت. هەرچی تۆیت کۆڵتای لەم کاتانەدا یەك یەك

ئەسپەکان بۆ ئەو سەرچاوەیە ببە، چونکە وەك دەزانیت، لەوێ لای تاوێرە گەورەکە جۆگەڵەیەکی نزیك هەیە.

یەکسەر دەستیان بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی کرد، وەك چۆن لە سوپادا جێبەجێ دەکرێن. شتێکی ڕوون بوو کە گرێکوێرەی ئەفغانی لێرەدا بەرجەستە بووبوو.

ـ ئێستەیش ئەرسین کەس نییە گوێی لێمان بێت. بۆیە هاتووینەتە ئێرە ـ لەبارەی هۆکارو مەبەستی ئەو کارەی کردمان ئاگەدارت دەکەمەوە ـ تاشئەفغان ئەوەی گوت و کەمێك بێ دەنگ بوو، چاوەڕوان بوو ئەرسین پرسیاری لێ بکات، بەڵام ئەو تەنیا بەبێ دەنگی سەری لەقاندەوە، ئەو کات تاشئەفغان درێژەی دایە:

ـ تۆ لە من پتر دەزانیت گلۆبالیزم چی دەگەیەنێت و، چۆن پێویستە هەر یەك لە ئێمە لەسەر ڕێتمی ئەم زوڕنایە هەڵپەڕین، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنینەوە.

ـ ئایە کارەکە لە چوارچێوەیەکی زۆر فرەوانتر وەرناگریت؟ ـ ئەرسین سامانچین ئەوەی گوت

ـ گلۆبالیزم پرۆسەیەکی جیهانیانەی سەرتاسەرییە. ناوەرۆکی بابەتەکە باس بکە.

ـ من بە پێی توانای خۆم لە شتەکان دەگەم. شتێکی نهێنی نییە کە ئێستا لە جیهاندا چەندین زەنگین و دەڵەمەند هەن ـ وەك دەزانیت پێیان دەڵێن ئۆلیگارشی. وەك بڵێیت لە ئاسمانەوە بەربووبێتنەوە، خواوەندیان لە پشتە، بەڵام چۆن تێ بگەین کە خواوەند بووەتە خواوەندی بزنس. چەندین ملیۆن ئادەمیزاد لەدەورو بەرت هەن، کە هەموویان پاشەرۆکی ئەوەیان نییە کە یەك کەس هەیەتی؟ چۆن ئەوە قبووڵ دەکرێت؟ خوێن لە دەمارماندا گڕی گرتووە.

ـ دەبێت چارەسەر بە ڕکابەری بێت ـ ئەرسین سامانچین بەرسڤی دایەوە.

ـ ڕکابەری چەندین جۆری هەیە، ئەگەر یەکێکیان بەهێزترو دەوڵەمەندتر بوو، ئایە دەشێت ملکەچ بین؟ ئەو دوو ڕاوچییە عەرەبە، کە دێن بۆ ئێرە بۆچی بتوانن ئەگەر بیانەوێت هەر هەموو ئێمە بە باوباپیرمانەوە بە نرخی تۆڵەکە بکڕن، ئێمەیش بە ژمارەی پڵنگە بازووە بەفرینەکانمان شادومانین پێشوازییان لێ بکەین؟

ـ تاشتان بیك، تۆ بە ڕێگەی هەڵەدا دەچیت، ڕکابەری بە بەرهەمهێنان دەست پێ دەکات. لێرەدا گرنگ تەکنەلۆژیاو هێزی کارە. ئەگەر بتوانیت گەشەپێدان بەدی بهێنیت بە شێوەیەك دوانەکەویت.

بەڵام تاشئەفان قسەی پێ پچڕی:

ـ مەبەستت چییە بەوەی گوتت کە من ڕێگەی هەڵەم هەڵبژاردووە؟ من بەم ڕێگەیەدا دەڕۆم، تۆ لەگەڵ ئێمەدا پێیدا دەڕۆیت. ئیدی بەسە. لەمڕۆوە لەگەڵ ئێمە دەبیت، ئەگەر بتەوێت بە زیندوویی بژیت. ئێمە بڕیارێکمان داوە لێی پاشگەز نابینەوە، ئەوە هەردوو عەرەبەکە بە بارمتە دەگرین. بۆچی بەم شێوەیە تێم دەڕوانیت؟ لەو بڕوایەدایت ئەوە ئێمە بە گاڵتەمان بێت؟ هەرگیز دەبێت ئەو دووانە لە بری سەریاندا ئەو بڕە پارەیەمان پێ بدەن کە ...

ـ ڕاوەستە، ڕاوەستە، خۆ شێت بوویتە؟ چ قسەیەکی قۆڕە ...

ـ ئەی تۆ لەو بڕوایەدایت تەنیا تۆ زیرەکیت؟ ئەقڵەکانی دیکەیش، چەند جۆرێکیان هەیە. بیرمان لە هەموو شتێك کردووەتەوە، بە وردی هەموو شتێکمان تاوتوێ کردووە، ئەرسین با باش ئەوە بزانیت تۆ تا لە ژیاندا هەیت، چەندە بژیت، لەگەڵ ئێمە دەمێنیتەوەو، هیچ چارەیەکی دیکەت نییە. تۆ وەك پێشکەشکاری تەلەڤزیۆن دەبیت، دەبیتە ناوبژیوانی نێوان ئێمەو نێوان هەردوو بارمتەکەو، جووڵەو ڕەفتارەکانمان ئاراستە دەکەیت.

ـ چی ـ چی؟ نا، بە ڕاستی تۆ شێت بوویتە، بۆچی بەم چەنە بازییە سەرم دەئێشێنیت؟ بۆ ئەم مەبەستە پەلکێشی ئێرەت کردووم؟

ـ نیگەران مەبە، کەس گوێی لێمان نییە، دووبارەی دەکەمەوە، دەبیتە پێشکەشکار، ناوبژیوان. تا لە ژیاندا بێت جێی شانازی ئێمە دەبیت.

ـ ئای لە دەستی تۆ. گۆڕت گوم بێت. ئەم قسە پووچە چییە؟ ئەگەر لە ئەفغانستان فێری فەرمان دەرکردن بوویت ـ ئەوە لەگەڵ من سوودی نابێت. دەمت داخە پێش ئەوەی کات بەفیڕۆ بچێت، ئەم چەنە بازییەیش لەبیری خۆتان ببەنەوە. چۆنتان بیر لەمە کردەوە؟ ئایە دەتانەوێت ڕیسواییەکی نێودەوڵەتی بنێنەوە؟ لە یادتان چوو کە شارەکانمان چەندین خۆپیشاندانیان بۆ پشتیوانی کردنی ئازادی و دیموکراسی تێدا سازدرا؟ جگە لەوە ئەی

بیرتان لە کەسانی دیکە نەکردەوە ـ ئایە دەتانەوێت کۆمپانیای (مێرگن) بخەنە سەر ساجی عەلی؟ پاشان بارمتە گرتن لە نەریت و ڕەوشتی ئێمەوە دوورە. دەبێت دانایانە بیربکەنەوە.

ـ نابێت ڕیسواییەکی نێودەوڵەتی بنرێتەوە. نابێت کۆمپانیای (مێرگن) زیانمەند بێت، نابێت چەقۆ لە گەردنی ملیادێرە جیهانییەکان بسوێت، بەڵام پێناسەکردنمان بە نەدار دەبێت؟ ئەوەی لە ژیاندا ڕوو دەدات ئەمەیە:

سامانی زەنگینەکان لە ئۆقیانووسدا جێیان نابێتەوە، لە کاتێکدا ئۆقیانووس بۆ جێ بوونەوەی نەداری و دەستکورتی نەدارو هەژارەکان تەسکە. هەرچی سەبارەت بە نەریت و ڕەوشتە ئەوە ئەرسین تۆ هەڵەیت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بەسەرهاتەکان دەگێڕنەوە کە چۆن باوباپیرانمان لە بری (بەبارمتە گیراوەکان) پارەیان وەرگرتووە. ئەوەبوو ڕانەمەڕو بزن و ڕەوە ئەسپیان لەگەڵ خۆهێناوەو بەوەیش سنوورێکیان بۆ ناکۆکی داناوە، بەم شێوەیەیش سامانەکان دابەش کراون.

ـ تاشئەفغان دەشێت بەم شێوەیە بە دوورو درێژی قسە لەو بارەوە زۆر بکرێت. دوێنێ بیرۆکەکانت ڕێیان تێدەچوو، بەڵام بەشداری لەوەدا ناکەم کە پلانت بۆ داڕشتووە.

ـ ئەرسین دەتوانیت بەم شێوە یان بەو شێوە بیر بکەیتەوە، کەچی بەو ڕەفتارەت سەرنجم ڕاناکێشیت. بەڵام لە یەکەمین خولەکەوە، پاش ڕفاندنی هەردوو بارمتەکە، تۆیت کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەیت. تۆ ڕێنماییەکانی منیان پێ ڕادەگەیەنیت، چونکە هیچ کام لەم پێنج کەسەی ئێمە یەك وشە ئینگلیزی نازانین. ئەوەیش گوناهی ئێمە نییە. ئێمە لە چوار دەوریان ڕادەوەستین و چەکمان بە دەستەوە دەبێت. هەرچی ئەوی دیکەیە ئەرسین تۆ ئەنجامی دەدەیت. ئەو دوو ئاشقەی ڕاوکردنە، کە لە خۆشبەختی ئێمە بوو هاتن، بەرەو ئەشکەوتەکە دەبەین. هەرچی تۆیت پێیان ڕادەگەیەنێت کە بڕی بارمتەکە بیست ملیۆنە. جا لەبەر ئەوەی ئێمە پێنج کەسین و لەگەڵ تۆ دەبینە شەش کەس، ئەوە هەریەکەو سێ ملیۆن و سێ سەد هەزار دۆلارمان بەر دەکەویت. ئەوەیش بەشی سێ تەمەنی ژیانمان دەکات، هەرچی سەبارەت بە تۆیە ئەوە نازانم. ڕەنگە ئاکام ژن بخوازیت و، وەك هەموو

پیاوان چۆن دەژین، بۆ خۆت لەگەڵ ژنەکەتدا بژیت و خودایە یەزدانیش منداڵت پێ ببەخشێت.

ـ تاشئەفغان کەم قسەی قۆڕ بکە، واز بێنەو، بیر بکەوە. تۆ بەو شێوەیە قسە دەکەیت وەك بڵێیت من قایل بووبم و ئامادە بم فەرمانەکانت جێبەجێ بکەم. هەرگیز بەرانبەر بە پارە ئەو کارە ناکەم، چونکە من تیرۆریست نیم.

ـ ئێمەیش تیرۆریست نیین. هەرکە ئەو بیست ملیۆنەمان بە دەست دەگات ـ ئەو پارە لای ئەوان وەك کوبیکی لای ئێمە وایە ـ ئەو کات هەردوو عەرەبەکە ئازاد دەبن، تۆیش ئازاد دەبیت، بەڵام ئەو کات بۆ کوێ دەچیت؟ دواتر باسی ئەوە دەکەین.

ـ ئێستەیش من ئازادم، نابمە شەشەمین کەسی گرووپەکەت. بەسە. قسەکە تەواو بوو. پێویست بە چەقەچەق ناکات.

ـ تۆ بە هەڵەدا چوویت، تۆ ئازاد نیت. لەم ساتەوە تۆ شەشەمین کەسمانیت.

ـ ئەگەر ئارەزوو نەکەم؟

ـ ئەگەر ئارەزوو نەکەیت، ئەوە لێرە ناچیتە دەرەوە، گۆڕەکەیشت لێرەدا لەم حەوشەدا، لەو گۆشەیەوە دەبێت، ڕاستەوخۆ لەو لای ئاودەستە گشتییەکەوە. خاکەنازو قوڵنگە ئامادەن و لە ماوەی پێنج خولەکدا لە ناشتنت دەبینەوە. چەکیشمان ئامادەیە. بە خۆڕایی نەبووە ژیانم لە ئەفغانستان شێوێنرا، منیش لای خۆمەوە ژیانی زۆر بیانیم شێواندووە. تەنانەت دەمانچەیەکی بێ دەنگیشمان هەیە. هەموو هاوەڵەکانم دەتوانن هەموو جۆرە چەکێك بەکاربهێنن، تەنانەت بۆمب هاویشتنیش. هەرچی منم ئەوە مامۆستایەکی لێهاتووم، بەبێ بێ فیزیەکی درۆکینانە پێت دەڵێم. هەرچۆنێك بێت تۆ ئەم شوێنە بەجێ ناهێڵیت بەو شێوەیەی کە ڕووت تێ کرد، نەك لەبەر ئەوەی ڕقمان لێت دەبێتەوە: تۆ بە خۆت دەزانت هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەمان نییە. تۆ ئێستە لەگەڵ ئێمە تیوەگلاویت. ئێمە تیرۆریست نیین، کورت و کرمانج ئێمە پشکی خۆمان لە سەرمایەی جیهانی وەردەگرین، ئاو بێنەو دەست بشۆ.

ـ بەسە، بێزار بووم، من دەڕۆم.

ـ ڕاوەستە. ناچارم مەکە هاوپۆلەکەی بکوژم.

ـ بەڵێ هەر ئێستە بیرم لەوە کردەوە، ئایە دەشیا ئەوەمان بەبیردا بهاتبایە کاتێك لێرە لـە وانەکاندا پێکەوە دانیشتبووین و لە خوێندندا پێشبڕکێمان دەکرد، کە ئەم جۆرە شتە پـاش چەندین ساڵ ڕوو دەدات؟ ـ ئەرسین سامانچین ئەوەی گوت و هەستاو لـە پەنجەرەکـە نزیـك بووەوەو کردییەوە.

ـ کەش و هەوا خنکێنەرە؟ ـ تاشئەفغان پرسی.

ـ بەڵێ هەواکە بەش ناکات ـ ئەرسین بەرسڤی دایەوە. لە ڕاسـتیدا پەنجەرەکـەی بـۆ ئـەوە نەکردەوە تا هەوای ڕەها بێتە ژوورەوە، بەڵکو بـە هیـوای ئـەوەی هـەردوو پەڕەسـیلکەکە بگەڕێنەوە، وەك بڵێیت بتوانن ڕزگاری بکـەن. بـەڵام کـات تێدەپـەڕی، هەرچـی ئـەو دوو پەڕەسیلکە بوو دیار نەبوون. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە چارەنووس ڕێگەیەکی دیکـەی گرتە بەر.

هەرچی تاشئەفغان بوو کە تا دەهات کەللە ڕەقتر دەبوو، پێـداگیری دەکـرد، ئـەوەیش بـە تەواوەتی بە ڕوانینە گرژو مۆنەکەیەوە دەردەکەوت، پڕی دایەو گوتی:

ـ گوێ بگرە. لەو بڕوایەدا مەبە کە ئێمە گێل و شێت بین، چونکە دەمانزانی کە تۆ قایـل نابیت و، ئەو کارەیش بەرانبەر بە هیچ شتێك ناکەیت، چونکە ئەوەت بەلاوە تاوانە.

ـ بە ڕاستی وایە ـ ئەرسین سامانچین بەتوندی ئەوەی گوت ـ تەنانـەت تـاوان لـە خـودی نیازەکەدا هەیە.

ـ با هەبێت. چۆنت دەوێت بۆ خۆت بەو شێوەیە بیر بکەوە. لەگـەڵ ئەوەیـشدا ئێمـە ئـەو کارە دەکەین و، تۆیشمان لەگەڵ دێیت، یان پێکـەوە بـە چـاکە، یـان بـە زۆرەملـێ، جـا کامیانت دەوێت ئەوەیان هەڵبژێرە.

ئەرسین سامانچین مستەکۆڵەیەکی بە مێزەکەدا کێـشا، خـەریك بـوو هـاوار بکـات و بـە دەنگی بەرز ئەو ڕستە کۆنەی فێرگە بڵێت (خۆزگـە شـەرواڵەکەیان لـە سـەرتەوە لـە بـەر دەکردیت)، بەڵام خۆی کۆنترۆڵ کردو گوتی:

ـ ئەگەر هەرگیز نەمەوێت؟

ـ بەسەر مێزەکەدا مەکێشە. چەندە زیرەکیش بیت، ئەوە ناتوانیت لەو نیازەمـان پاشـگەز بکەیتەوە، تەنانەت خواوەندیش بە خۆی بێتە ئێرە پاشگەز نابینەوە. پێویست بە مشتومڕ

ناکات لەم  بارەوە. ئەوپەڕی گێل و گەوج دەبین ئەگەر ئـەم گەنجینـە لـە دەسـتی خۆمـان بدەین کە لە ئاسمانەوە بەسەرماندا باریوە. بیست ملیۆن فڕێ نادرێتە سەر لاڕێگە.

ـ فڕێ نادرێتە سەر لاڕێگە. بەڵام ئـەی تاشـتان ـ بیـك ـ کـە ئەمـە نـاوت بـوو کاتێـك گەنجێکی ئاسایی بوویت ـ لە کوێ دەزانیت ئەوە پشکی تۆیە؟ ئەمـە دزییـەکی ئاشـکراو فێڵ و تەڵەکەبازییە، ئایە بیرت لەوە کردووەتەوە سەوڵ بەرەو کوێ دەهاویت؟

ـ بۆ ئەوێ، بـۆ ئـەو شـوێنەی هـەموان دەیهـاون، لێزانـانی سـەدەی بیـست و یەکـەم، پێشەنگی ڕەوەکەیش بە خۆتیت. بەرەو ئەو گلۆبالیزمە ئاوات بۆ خوازراوە، کە هەر یەکەو پشکی خۆی لە سامانی جیهانی هەیە.

ـ ئەوە شێت بوویتە. ئەی گلۆبالیزم چـی بەسـەر ئەمـەوە هەیـە؟ ئەمـە شـتێکی تـەواو جیاوازە. بۆت شی ناکەمەوە، ئێستە کاتی شیکردنەوە نییە بەڵام (گلۆبالیزمییەکەی تـۆ) شتێکی دڕندەییە.

ـ نیگەران مەبە. چەمك و تێگەیشتی خۆمان هەیە.

ـ باشە کامەیە؟ بینەقاقای بانك مانێك بگریت و ڕایتەکێنیت و بڵێـت: بۆچـی پێڵاوەکـەم دڕاوە؟

ـ هەر بژیت، بەرگری لە بانك مانەکان دەکەیت؟

ـ ئەگەر بمتوانیانە، هـەردووکم لـەناو یـەك بەلەمـدا دادەبەسـت و، بـەر شـەپۆلی تیـژی گلۆبالیزم دەدان، کە بەم شێوەیە ڕێزی دەگرن.

ـ چی دەڵێیت: ئەو لەگەڵ من لە یەك بەلەمدا دانانیشێت. چی پێویستی بەوە هەیە  ـ ئەو کەشتیی تایبەتی هەیە، جێی دوو هەزار کەسی تێدا دەبێتـەوە. زەنگینـەکان گلۆبـالیزمی خۆیان هەیە ـ پارەی زۆر، ئێمەیش گلۆبالیزمی خۆمان هەیـە ـ هاوبەشـی و، هـەرکاتێك توانیمان بەشەکەی خۆمانیان لێ بستێنینەوە، ئەگەر بارمتـەمان لـە هـەردوو عەرەبەکـە وەرگرت، پاش ئەوەی لە چیاکان ڕفاندمانن، ئەوە مافی خۆمانە.

ـ گوێ بگرە تاشتان بیك ـ ئەفغان. من دەزانم تۆ گەوج نیت، بـەڵام چـۆن دەتوانیـت ئـەم قسانەت لە زار بترەکێت؟ ماف! مافی دزی؟ هیچ شتێك تێناگەم.

ـ پێویست بەوە ناکات ـ تاشئەفغان ئەوەی بە ئەرسین سامانچین گـوت. ئـەو هێـشتە لـە پەنجەرەکەوە دەیڕوانی، پشتی لێ وەرچـەرخاندو ورتەیـەکی لێـوە هـات بـێ ئـەوەی ئـاوڕ بداتەوە:

ـ زۆرم گوێ لە پلارەکانت گرت و چی دیکە ناتوانم گوێ بۆ زۆرتر شل بکەم.

ـ دەتوانیت، یان ناتوانیت، هیچ جیاوازی نییە، دەبێت ئەرسین لەوە بگەیت کـە ناتوانیـت خۆت لەمە بدزیتەوە. ئێستە تۆ کەوتوویتەتە داوەکەوە، ئێستە ڕێگەیـەکت بـۆ گەڕانـەوە نییە. دەڵێیت ئێمە دزین؟ با باوباپیرانمانت بیر بکەوێتەوە: ئەگەر دراوسێکان بەرانبـەر بـە لەوەڕو ئاوی ڕووبارەکان هەقی خۆیانیان پێ نەدابان، ئەو کـات بارمتـەکانیان بـە بارمتـە دەگرت و لە بەرانبەردا بارمەتەیان وەردەگرت ـ ڕەوە ئەسپ و گاگەل و چێڵ و پەزو پۆڵـەو بزن. هەرچی ئێستەیە مەوداکان جیاوازن. چۆنت دەوێت بەو شێوە ناوزەدمان بکە ـ چـەتە ـ ڕێگر، دز ـ شتەکە بەلای ئێمەوە هیچ جیاوازییـەکی نییـە، وەك ئێـوەی خـەڵکی شـار دەڵێن. دەتوانین، ڕێزی یەکدی بگرین یان نەگرین، بەرگەی یەکدی بگـرین، یـان نـەگرین ـ ئەمەیش بە لای ئێمەوە هیچ جیاوازییەکی نییـە. تـەنیا یـەك شـتت لـێ داوا دەکرێـت ـ لەیەکەمین خولەکی دەرکەوتنی ئەو دوو ڕاوچییە ملیۆنێرە، کە نـازانن گەنجینـەکانیان لـە کوێ دادەنێن بە بێ فەرمانی من یەك هەنگاو چییە نانێیت. لەو باوەڕەدا نـەبیت کـە لـە خزمەتی شیف بیکتۆردا دەبم، ئێمەئێستە نێچیرگرتنی تایبەتی خۆمانمان هەیە ـ گەڕان بە ناو کون و کەلەبەرو کەندو چاڵ و چۆڵەکانداو، ڕاونانی پڵنگە بازووەکان بـەرەو بۆسـەکان، لەکاتێکدا هەریەکەو بە کاری خۆیەو سەرقاڵەو، کاتێك هـەردوو ڕاوچـییە دەوڵەمەندەکـە خەریکن گوللە ئاراستەی دڕندەکان دەکەن، دەیانڕفێنین و بەرەو ئەشکەتەکەیان دەبـەین و، داوای برە پارەی بارمتەکە دەکەین. هەریەکـەو ـ وەك دەگوترێـت ـ پـشکی خـۆی هەیـە، ئەرسین گوێت لێمە؟ ئەم هەموو چەقەچەم بە خۆڕایی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەی بـە تـەواوەتی لەپرسەکە بگەیت. ئەم سەرکەوتنە تەنانەت لە خەونیشدا بەدی نایەت، خواوەند خۆی داوا دەکات هەل بقۆزنەوە .. لێمان بگە، سۆزی خۆت بنوێنە. کاری وەرگێڕانی خۆت بکـە بـە شێوەیەك متمانەی تەواوی هەردوو میوانەکـە دەسـتەبەر بکـەیت. بـەو شـێوەی کـە تـۆ یارمـەتییان دەدەیـت، خزمـەت بـە ئێمـە پێـشکەش دەکـەیت، بـۆ ئـەوەی لـە بۆسـەی

ئەشکەوتەکەیان نزیك بکەینەوە ـ هەموو هیوایەکمان بە تۆیە. ئەرسین گوییت لێمـە. لـە ناوەرۆکی قسەکانم گەیشتیت؟

ئەرسین وەڵامی نەدایەوە، کاتێك سەری شۆڕ کردبووەوەو لای پەنجەورەکە ڕاوەستابوو.

ـ گوێ بگرە، خۆت گۆشەگیر مەکە. هەر پێنجمان زۆر بەختەوەرین چونکە تـۆ یـەکێکیت لە ئێمە، لەئایل، تۆ لێمان دەگەیت، ئێمەیش لێت دەگـەین. لـە خۆشبەختیـشە ئـەو دوو میوانە ئەم جۆرە مۆبایلەیان هەیە، کە لە ڕێگەی مانگە دەسـتکردەکانەوە کـار دەکـات. کاتێك لە ئەشکەوتەکەوە پێوەندی بە کەسوکاریانەوە دەکەن، کە لە نزیك ئـەفریقیان، ئـەو کات بە هۆی تۆوە دەزانین چی دەڵێن. ڕەفتارو جموجووڵمان ڕێك دەخەین. بەبێ تۆ نـاتوانین هیچ شتێك بکەین ..

ئاکام تێگەیشتیت؟ ئەرسین بۆچی بێ دەنگیت؟

ـ هیچ شتێکم نییە بیڵێم ـ ئەرسین بەرسقی دایەوە ـ جـا هـەردووکیان بـێ دەنـگ بـوون. (دوینی ئەروندابی) ـ (ئایە جیهان لە شـوێنی خـۆی مـاوە؟)، ناویـستانە ئـەم ڕسـتەیەی بەسەر زاردا هات، کە بە منداڵی لەسەر زاری خـەڵکی گوندەکـەی سـەبارەت بـە لایەنـە جۆراوجۆرەکانی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانە بەرگوێی کەوتبوو. بەڵێ بە ڕەواڵـەت جیهـان لـە شوێنی خۆیدا بوو، بە فێرگەکەیشەوە، کە خۆی بەم شێوەیە نەکردەنییە تێدا بـینی. بـەڵێ ڕەنگە ناوەندی دەوروبەر وەك خۆی بمێنێتەوە، بەڵام جیهان لە ناوەوە، لـە ڕوحـی مرۆییـدا دەشێت هاوکات بە تەواوەتی هەرەس بهێنێت. هەروەها بڕوای بە ئەزموونی خـودی خـۆی هەبوو، بۆیە جار لە دوای جار دەپرسێت : (دوینی ئەروندابی) ـ (ئایە جیهـان لـە شـوێنی خۆی ماوە؟).

بەبێ چاوەڕوانی، لەم جۆرە ڕەوشە ترسێنەرەدا، بیرۆکـەی سـەیری بـە مێـشکدا تێپـەڕی، لەبەر خۆیەوە پرسیاری دەکرد: تۆ بڵێیت ئێستە بووکی نەمر لەکوێ بێـت، ئایـە دەزانێـت کە جیهان لە شوێنی خۆی نەماوە؟ ئایە ئایـدانا سـامارۆڤا ئـەوە دەزانێـت و هەسـت بـە نیگەرانی دەکات؟ بە دووری دەزانێت، چونکە ئێستە وێ بە شـتی گـرنگترەوە سـەرقاڵە.. بەڵام گیاندارە چیاییەکان دەزانن لە ڕۆژانی داهاتوودا چی چـاوەڕێیان دەکـات، یـان هـیچ گومانێکیان نییە کە ( جیهان لە شوێنی خۆی نەماوە)؟ ڕەنگە پڵنگە بازووەکان لـەم ڕۆژە

هەتاوییەدا بەناو قامیشەڵان و داستانی ناو دۆڵانەکاندا بسوورێنەوە، لەناو شوێنە دووردەستەکانیاندا، لەو شوێنانەی پێی مرۆڤیان پێ ناکەویت و پێ ناگات و، خۆیان بۆ نێچیری دواتر لە بۆسە ناوە، لە کاتێکدا ڕەنگە دایکانەکان لەگەڵ بێچووەکانیاندا لەژێر تیشکی هەتاودا ڕاکشابن، بێ ئەوەی ئەوانیش هیچ گومانیان لەوە هەبێت کە (جیهان لە شوێنی خۆی نەماوە).. بەسەر سەریشیانەوە جووت جووت هەڵۆ چیاییەکان توندوتۆڵ و بێ هاواری ناپێویست و بێ هەراو هوریا دەفڕن. تۆ بڵێیت لەو بەرزاییەوە بەسەر ئەو چیانەوە چاودێری چی بکەن؟

چاوەڕێی چی دەکەن و پێشبینی چی دەکەن؟ یان ئەوەتە (جیهان لە شوێنی خۆی نەماوە) یان مەینەتییەك بەڕێوەیە، مەینەتییەکی بێ وێنە، ئەو مەینەتییە خەڵکەکە بە خۆیان دەیهێنن.

بیرۆکەیەکی دیکە هەبوو ئازاری دەدا: دوو هەنگاو لای ڕاستییەوە، تاشتان بیك ـ ئەفغان ـ هاوپۆلەکەی پێشووی، ڕاوەستاوە، ئەو لەوەدا تاوانبارە کە جیهان وای لێهاتووە (لە شوێنی خۆیدا نەماوە)، دەبوو زۆری ڕق لێ ببوایەتەوە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بووە ئەوە ئەرسین سامانچین دوور نەبوو داخی دەربڕیبایە لەبەر ئەوەی ئەو دەیەوێت ئەو تاوانە بکات، کە لەو بڕوادایە لەسەر هەقە. دەبوو کارێکی دیکەی بکردایە، بەڵام کار لەکار ترازاوەو، هەموو بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە شەمەندەفەرەکە وێستگەکەی بەجێ هێشتووە. ئەفسوونگەری بیست ملیۆن دۆلار لە هوڕینەی هەزار شامان زۆر بەهێزترە.

وەك بڵێیت بزانیت چی بە مێشکیدا تێدەپەڕێت و بیر لە چی دەکاتەوە، ئەوەبوو تاشتان ئەفغان پەتی بێ دەنگی پچڕاند:

ـ ئەرسین گوێ بگرە، دەشێت مرۆڤ ئەوەند بیر بکاتەوە تا ڕدینی سپی دەبێت، بەڵام چەندە بیر بکەیتەوە، ئەوە ڕەوشی تۆ بۆ پاشەوە ناگەڕێتەوە، تۆ دەرگەکەت تێپەڕاندووە، ئێستە تەنیا ئەوەت لەسەرە خۆت بپارێزیت.

ـ بۆچی تۆ بڕیار دەدەیت کەسی دیکە زیندوو بێت یان زیندوو نەبیت؟ کێ ئەو مافەی پێ بەخشیویت؟

ـ لەبەر ئەوەی تۆ لە ڕەوشێکدایت، دوو ئەگەری هەیە: یان دەبێت لەگەڵمان بیت و، هەر ئێمە هەموومان، بە تۆیشەوە، پشکی خۆمان وەربگرین، یان بڕۆیت و خەبەرمان لێ بدەیت، ئەو کاتیش، بە ڕاشکاوی دەیڵێم تۆڵەت لێ دەکەینەوە ـ دەتکوژین. زۆر حەز دەکەین بە زیندوویی بمێنیتەوە، بەڵام ئەو بڕیارە بە دەستی تۆیە.

ـ سەبارەت بە چ پشکێك قسە دەکەیت! دووبارە دەیڵێمەوە ئەوەی پشك نییە. تاوان و چەتەیی و دزی کردنە.

ـ ئیدی بەسە. لە جەنگدا ئەو کەسە سەردەکەوێت کە دەستەوسان ڕاناوەستێت، باش گوێ بۆ پلانی کارەکەمان ڕابگرە. ئێمە هەر پێنجمان پێوەندیمان بە گەیشتنی هەردوو ڕاوچییە ـ میوانە ناودارەکەوەو پێشوازی لێ کردنیان و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردنیانەوە نییە. ئێمە وەك خزمەتکاری کیژاك: ئاگرتان هەڵگیرساند ـ لێرە وڵ بن. بەڵام شۆڕەسوارین. تۆیش ئەرسین شەوو ڕۆژ لەگەڵ هەردوو میوانەکەدا بە، بیر لە ئێمە مەکەوە، ئێمە بە خۆمان پێت دەڵێین، ئەو کاتەیش هەر بابەتەو باس و خواسی خۆی دەبێت، بەڵام ئەو کاتەی ئاماژەی هێرش بردن دەدرێت، من بە خۆم دەیدەم، دەبێت تۆ ئامادە بیت، ئێمە لە یەك سەنگەردابین. پاش گەیشتنیان هەردوو میوانەکە لای بیکتۆری مامت کەمێك پشوو دەدەن، دووەمین ڕۆژ بۆ وێستگەی کۆلۆمتۆ لە چیاکان دەگوێزرێنەوە، تا نیوەی ڕێ بە جێپەکەی بیکتۆر و ئۆتۆمبیلەکانی دیکە، پاشان ـ بە سواری ئەسپ. هەموو شتێك تەگبیری بۆ کراوەو ئامادە کراوە، ئەسپەکانیش زین دەکرێن و تەواو ئامادە دەبن. ئەرسین دەبێت ئەوە بزانیت کە من هەموو ئەمەت بۆ باس دەکەم بۆ ئەوەی وەك ئێمە ڕەوشەکە بزانیت، چونکە ئێمە بەبێ وەرگێڕانەکانی تۆ هیچ بایەخێکمان نییە. هەروەها کارەکەیش بەبێ ئێمە ناکرێت. چۆن و لە کوێ و کەی دەیانڕفێنین؟ چۆن داوای بڕی بارمتەکەیش دەکەین؟ ناتەوێت ئەوە بزانیت؟ ناتەوێت؟ بۆ بێ دەنگیت؟

ـ نازانم، پاشان پێت دەڵێم.

ـ بەڵام بەر لەوە لە پلانەکەی خۆمانت ئاگەدار دەکەمەوە. جۆری چەکەکەمان زۆر باشە، چەکی سووکە ـ ئەوە ڕوونە. کەس بە دەستی بەتاڵ پڵنگ ڕاوناکات، پڵنگی بازووی ناوبەفریش لەچیا لە پڵنگ و شێرە جۆراوجۆرەکانی دیکە جیاوازترە. بنوارە، لە سێرکە

جۆراوجۆرەکاندا پڵنگ و شێرو گورگ و دڕندەکانی دیکە هەن، کە لەسەر ڕێتمی شمشاڵ باز دەدەن و سەما دەکەن، بەڵام لە هیچ سێرکێکدا هەرگیز یەك پڵنگی بازووی ناوبەفری کەوی کراو نابینیت. بەرانبەر بەوەیش پێستی پڵنگی بازوو زۆر گرانە، هەر لەبەر ئەمەیشە، وەك دەزانیت، ئەم بزنزەیان بەڕێوەبرد وەك لەسەر کاغەز دەنووسرێت، (بژاردە لەچیا سەرکەشەکان) ئەی سوپاس بۆ پڵنگی بازوو کە لە چیاکان هەیە. باشە، بۆچی بێ دەنگیت؟ باشە، هەر بێ دەنگ بمێنەوە، لەو بڕوادایت، من زۆر چەنە دەدەم. ڕەنگە، بەڵام دەبێت مرۆڤ کاری خۆی بزانێت، بە شێوەیەك هیچ شتێك هەڵنەنووتێت. چونکە ڕێ دەکەویتێ مرۆڤ پێی لە مێروولەیەك هەڵبنووتێت، ئەو کات فیلەکە هەڵدێت. ئەرسین ئەو شتەت بەلاوە جێی گاڵتە نییە؟

ـ تا ئێستە نا.

ـ ئێستەیش گوێ بگرەو شتێك لەبارەی ئەوە ببیستە: کەی و لە کوێ و کەی دەیانڕفێنین. بەشێکی دیکە لەو بارەوە هەیە ـ دەبێت ئاگەیشت لەوە بێت کە کۆمەڵێك مایکرۆفۆن لە کوێتەوە ڕەوان کراون بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ پرۆسەی ڕاوکردنەکە لە چیا بکەن، بۆ ئەوی لە دوورەوە قسەیان پێ بکرێت، چونکە لێرەدا مۆبایل سوودی نییە، بۆیە ئەو چارەسەرەیان دۆزیوەتەوە: لەچیایەکەوە بۆ ئەو چیاکە قسە بۆ یەکدی دەکەین وەك چۆن لە گۆڕەپانەکاندا لە کاتی خۆپیشاندان دەکرێت، کە لە تەلەڤزیۆنەکانەوە دەیانبینین، ئەو مایکرۆفۆنانەیش ناوێکی دیکەیان هەیە، نازانیت چی پێ دەڵێن؟

ـ شەیپوور.

ـ ناـ ناوێکی دیکەیە.

ـ میگرافۆن؟

دروستە. تۆ میگرافۆنێکت لا دەبێت ـ میگرافۆنی تایبەت بە خۆت دەبێت، هەر یەکەو دانەیەکمان دەبێت. بە سواری ئەسپەکان تێی دەتەقێنن و فوو بە میگرافۆنەکەدا دەکەین . هەموو قسەو فەرمانەکان لە کاتی ڕاوکردنەکەدا بۆ ئینگلیزی وەردەگێڕرێن و یەکسەر لە ئینگلیزیشەوە بۆ زمانی ئێمە وەردەگێڕرین. ئەو کاتیش پڵنگە بازووەکان هیچ چارەیەکیان نامێنێت و، ڕەنگە کەڕ بن، بەڵام مەبەستی ئەم قسانەی من ئەوەیە کە

هەموو شتێك لەسەر تۆ ڕاوەستاوە. هەرکە ناوەکەی ڕادەگەیەنیت، لەو بارەوە وشەیەك هەیە ـ بێ قیمەت دەتخنکێنم، ئەگەر ئەوەو ئەوە جێبەجێ نەکەیت ... ـ تاشتان ـ ئەفغان ناوچەوانی خۆی درژ کرد. ئەرسین سامانچین دەیزانی کە مەبەستی وشەی ئۆلتیماتۆمەو، نەیدەویست پێی بڵێت بەڵام زانی هیچ زیانێکی نییە ئەگەر بیڵێت:

ـ وشەی (ئۆلتیماتۆم)ە؟ واتە (دوایەمین وریا کردنەوە).

ـ بەڵێ. ئاشکرایە ئەو وشەیەیە، بەسەر زمانمەوە بوو، بەڵام بیرم نەدەکەوتەوە. ڕاستە کاتی گاڵتەکردن نییە، بەڵام یەکێك لە سوارە لاوەکانمان دەڵێت: (ئەسپەکەم ئۆلتیماتۆم)ەو من سواری پشتی دەبم، با ئەوانەی ڕوو بە ڕوو دەبنەوە لەبەردەممدا کڕنووش ببەن). ئەوە شتێکی بێ بەهایە بەڵام (ئەسپەکەم ئۆلتیماتۆم)ە سەرنجی ڕاکێشام. ئەمە بەم بۆنەیەوە دەڵێم، بەم شێوەیە ئۆلتیماتۆم گرنگە، بە شێوەیەك گوررزی کوشندە ئاراستەی هەردوو ڕفێنراوەکە دەکەین. پاشان لە ئەشکەوتەکە لە قۆڵبەستیان دەکەین و چەکیان دەکەین و پێڵاوەکانیان لەپێ دادەکەنین ـ با بە پێ خاووسی، بە ناو تاوێرەکاندا، هەوڵی هەڵاتن بدەن. ئەرسین سەرلەنوێ دەمەوێت تێ بگەیت: ئەگەر هەر بیست ملیۆن دۆلارەکەمان چنگ نەکەوێت بە هۆی بۆمبێکی دژە پیادە کە لەوێ چاندوومە، ئەشکەوتەکە دەتەقێنمەوە.

ـ ئایە مینت لە ناو ئەشکەوتەکە چاندووە؟ ـ ئەرسین سامانچین لە پڕ هاواری کرد.

ـ بەڵێ ئەو شتەم لە ئەفغانستان دەکرد. بیست ملیۆن دەدەیت و دەردەچیت، ئەگینە ئەو کات تەقینەوەکە ڕوودەدات و هەموو شتێك لەناو دەبات. بۆچی بەم شێوەیە تێم دەڕوانیت؟ من کابرایەکی ئاساییم، تۆ بە خۆیشت دەزانیت، بەڵام ناشێت ئەم هەلە لە چیاکانمان دووبارە ببێتەوە تەنیا یەك جار نەبێت، ئیدی هەرگیز دووبارە نابێتەوە. پڵنگە بازووەکان بەرەو ئەو دیوی دربەندەکە هەڵدێن. باشە، با بگەڕێینەوە لای بابەتەکەی خۆمان. بۆچی دەڵێم هەموو شتێك لەسەر تۆ ڕاوەستاوە؟ چونکە دەبێت بە زمانی ئینگلیزی، بە زمانی خۆمان، ئاشکرایشە بە ڕووسیش کە هەموو گەورەو بچووکێك دەیزانن، هەموو فەرمان و ڕێنوێنییەکان لە مایکرۆفۆنەکانەوە بگوێزیتەوە. لە ڕاستیشدا ئەوەی ڕاوو نێچیر دەگرێت تەنیا دوو کەسن ـ هەردوو میوانەکە، تۆیش بەردەوام لە

تەنیشتیانەوەیت، هەرچی ئێمە پێنج سوارەکەین ئەوە لەم لاو لەولاوە دەبین. هەرچی ئەوانی دیکەیە ئەوە لە پشتەوە دەبن. ئەو کات مامت لە خوا دەپاڕێتەوە سەربکەون. با بپاڕێتەوە، لەم کاتەیشدا ئەرسین ، بە فەرمانی من هەردوو میوانەکە لە ئەشکەوتەکە قۆڵبەستیان دەکەین، چەکیان دەکەین، گرنگتر ئەوەیە داوا دەکەین بڕە بارمەتەی هەردوو دیلەکە، لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا، بە پارەی (کاش) لەسەر مێزەکە دابنرێت. یەك ڕۆژی ڕەبەق بۆ جێبەجێ کردنی (ئۆلتیماتۆم)ەکە دەبێت. یەکسەر مەرجی ئەوەیش دادەنێین کە ئەو ڕۆژە درێژ ناکرێتەوە، یان پارەکە کاش بێت، یان هەردوو سەرەکە کاش بێت. ئەوەتە بێ دەنگیت ئەرسین.، لەوە ڕازی نیت، من تێتدەگەم، بەڵام ئەوەت بۆ ڕوون دەکەمەوە کە ڕەنگە بتەوێت ـ تاشئەفغان لە زۆربەی مەزەندەکانیدا ڕاستی دەکرد ـ تۆ دەتەوێت بزانین بە پرەکتیکی ئەوە بکرێت؟ ڕەوشەکە بەو جۆرە بەڕێوە دەچێت: ئەوان لە بانکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینیاندا ، زستان و هاوین، شەوو ڕۆژ، ملیاران دۆلاریان بە کاش لە گەنجینەی تایبەتدا هەڵگرتووە. یەك ملیۆن دۆلار بەلای ئەوانەوە بڕە پارەیەکی بێ نرخە. پارەکان لە ماوی پێنج خولەکدا لەسەر یەك دادەنرێن و سەفتە دەکرێن، هەر سەفتەیەك پێنج ملیۆن دۆلار دەبێت و لەناو چوار هەگبەدا دادەنرێن، هەمووشیان هەشتا کیلۆگرام دەبن. چۆن دەگوێزرێنەوە؟ بە فڕۆکە، لە ماوەی نۆ کاتژمێر فڕیندا. ئەوان دەبێت فەرمان بدەن، ئەو کات هەموو شتێك یەکسەر جێبەجێ دەبێت. بەڵام چۆن دەبێت ئەم زانیارییانە بگوێزرێنەوە، لەکاتێکدا ئەوان لەناو ئەشکەوتەکەدان؟ تۆ بە خۆت دەزانیت ـ بەو مۆبایلانەی لایانە، کە دەتوانن بە هۆیانەوە پێوەندی بە هەموو شوێنێکەوە بکەن، تەنانەت بۆ بۆشایی ئاسمانی گەردوون، تۆ چاودێری پێوەندییەکان دەکەیت، بەردەوام لێیان دوور مەکەوەوەو چاوتروکانێك بەجێیان مەهێڵە. ئەرسین بۆچی هێشتە بێ دەنگیت، ناتەوێت دەست لە ڕیسواییە وەربدەیت، بەڵکو لەم تاوانە ناڕەوایە؟ بەڵام وەك دەبینیت خۆم بۆ هەموو شتێك ئامادە کردووەو بیرم لە هەموو شتێك کردووەتەوە. بە ئاواتی خۆم دەگەم، ئەگەر ئەوەیش بە شتێکی بێزراو دەزانیت، ئەوە دەتوانیت بۆ ئێمە واز لە پشکەکەی خۆت بهێنیت ئەو کات ڕەتی ناکەیتەوە. ئەوە تەنیا پێوەندی بە خۆتەوە هەیە. دەڵێیت هێشتە بێ دەنگیت؟ باشە، بۆ ئەوەی هیچ گومانێکت نەمێنێت کە شتێکی دژوار

نییە ئامانجەکەمان بەدی بێت، پێت دەڵێم کە ئەم پلانەمان داناوە کە هەردوو میوانەکە لەناو ئەشکەوتەکەدا قۆڵبەست دەکەین. لەیەکەمین بڕگە لە نزیك کۆلۆمۆتۆ، دەبێت لە نزمایییەکەی نزیك بە ئەشکەوتەکە جێگیر بین، بە شێوەیەك بتوانن شوێنەکەی دەوروبەری خۆیان ببینن، لەو بڕوایەدام کە گرووپەکەمان تا ئەو کاتە دەتوانن یەکێك لە پڵنگە بازووە بەفرینەکان ناچار بکەن ڕوو بکاتە ئەو شوێنە، کە ماوەیەکی زۆرە پێمان زانیوەو، ناوی (سەر زل و کلك درێژ)مان لێ ناوە، چونکە سەری زۆر زلە، وەك مانگی چواردە، کلکیشی تەواو درێژە. ئەو دڕندەیە بە درێژایی هاوین لە داوێنی ئۆزینگلیش دەسووڕایەوە، وەك بڵێیت چاوەڕوانی شتێك بکات. یەکەمین دڕندە دەبێت کە ناچاری دەکەین ڕوو بکاتە ئەو شوێنەو بە سووکی بریندار دەکەین تا لە ڕاکردندا خێرا نەبێت. ئەو کات ئامادە دەبین هەردوو زۆر دەوڵەمەندەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەرەو لای ئەشکەوتەکە ببەین، لەو شوێنەی شوانەکان دەمێننەوە کاتێك ڕانە مەڕو پەزو پۆڵەکانیان بەرەو لەوەڕگە دەبەن، با کەمێك لەوێ بمێننەوە. ئەو کاتە ئەرسین دەبێت تۆ ئەرکە گرنگەکە ئەنجام بدەیت. تۆ دوایەمین هوشیارکردنەوە بە هەردوو میوانەکە دەدەیت. ئێمەیش، چەك بە دەست چوار دەوری ئەشکەوتەکە دەدەین و پاسەوانی دەکەین. لاوەکانم ئامادە کردووەو ڕامهێناون، تۆیش هیچت لەسەر نییە ئەوە نەبێت بە خان زادەکان بڵێیت کە پێویستە هەر یەکەو لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا دە ملیۆن دۆلار بدات، ئەوەیش تەنیا مەرجە بۆ ئەوەی بە ساغ و سەلامەتی بمێننەوە. پاشان یەکسەر لە ئەشکەوتەکە دێیتە دەرەوەو، سەرەتا بە ئینگلیزی و دواترلا بە زمانی خۆمان هاوار دەکەیت کە: هەردوو میوانەکە ڕفێنران. مەرجەکانی ڕفاندنەکەیشیان پێ ڕاگەیەنراوە ـ ژمارەکە بە دەنگی بەرز ناڵێیت ـ باری نائاساییش ڕادەگەیەنیت، ئەو کات ڕێ بە کەس نادرێت، هەر کەسێك بێت، خەڵکی ناوچەکە، بیانی، بەو ناوەدا بێن و بچن و بجووڵێنەوەو هەرکەسێکیش هەوڵ بدات لە ئەشکەوتەکە نزیك ببێتەوە تەقەی لێ دەکرێت و هیچ کەسێك نابوێرریت. ئەگەر بەر لە تەواوبوونی بیست و چوار کاتژمێرەکە مەرجەکە جێبەجێ نەکرێت ...

ئەرسین سامانچین نەیتوانی خۆی ڕابگرێت و گوێ لەو قسانەی هاوپۆلەکەی پێشووی خۆی و نیازە کوشندەکانی بگرێت پاش ددان بەخۆداگرتنێکی زۆر نەبێت. بەڵام ڕاگرتنی ئەو

ئامێرەی چارەنووس هەڵیدەسووڕێنێت، بوو بە کاری نەکردەنی. شتی سەیریش ئەوەبوو کە لە کاتێکدا کە سەرکۆنەی تاشئەفغانی دەکرد، هاوکات سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بە ڕادەی وردی و باش ئامادەکردنی ئەو کردە هەرگیز نائاسانەی ڕفاندنی ئەو دوو بارمتەیە دەربڕی. بەڵام داخی ئەوەی خوارد، کاتێك چاودێری ئاماژە توندەکانی کۆنە هاوڕێکەی و هەردوو چاوە بە نیازو سووربوون و گەشەکەی دەکردو داخی ئەوەی دەردەبڕی کە ئەم جۆرە وزەو ئەم جۆرە قایل بوونە بۆ کاری چاکە تەرخان نەکراون. هاوکات بیرۆکەو هزری زۆر سەیروسەمەرە بە ئەندێشەی (ئەرسین)دا تێپەڕین. ئەوەبوو ئارەزووی دەکرد ئەو ئێرتاش کۆرچاڵە نەفرەتییە، لێرە لەگەڵ هەردوو ڕفێنراوەکە لەم ئەشکەوتەدا بووایە، نەك هەر لەوێ بووایە، بەڵکو ئەرسین بە خۆی بە شەق بۆ ئەوێی لەبەر بدایە. بیرکردنەوە سەبارەت بەو بابەتە شەرمەزارانەو سەرشۆڕانەو بێ سوود بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا هەر بیری لێ دەکردەوەو ئارەزووی دەکرد ئەو بزنس مان ـ شۆ ملهوڕو بێ نرخە لە ترساندا بلەرزێت، کە تەگەرەو کۆسپی خستە بەردەم بووکی نەمرو ئایدانا سامارۆڤاو، هیچ بڕە بارمتەو هیچ کوبیکێکی لێ نەدەویست ـ بەڵکو یەك گوللەی بە تەوێڵییەوە بنایە.. هەروەها بیری لەوە کردەوە کە هەردوو پەڕەسیلکەکە بە خۆڕایی زیکە زیکیان نەکرد، ئەوەبوو هەردووکیان دەیانویست ئاگەدارو هوشیاری بکەنەوە، بەڵام ئەوەتە ئەوەی لێیان ئاگەدار کردەوە ڕووی دا، شتێکی جێی داخ و جێی پێکەنینیشە.. ئەی هەردوو پەڕەسیلکەکە ئێستە ئێوە لە کوێن؟ ..

خەریك بوو نیوەڕۆ دادەهات، هێشتە تاشئەفغان هەر قسەی دەکرد ـ ڕەنگە ئەوە ئارەزوویەکی نەستیانە بێت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ کردەوەکەی و هەوڵێکی دیکە بێت بۆ ئەوەی خۆی پێ قایل بکات ـ ئەوەتە ئێستە باسی ئاکامەکانی ڕفاندنی هەردوو بە بارمتەگیراوەکە دەکات.

ـ ئەرسین ڕەنگە تۆ لەو بڕوایەدا بیت کە ئێمە بە پەرۆشی ئەوەوەین بڕە بارمتەکەمان چنگ بکەوێت و، نەزانین دواتر چی بەو چوار هەگبە پڕ لە دۆلارە بکەین. دواتر هەرکە هەردوو ڕفێنراوەکە ئازاد دەکرێن یەکسەر هێزە تایبەتەکانی ئەو نزیکانە دەستگیرمان دەکەن. لەوە دەگەیت. بەڵام ئەرسین نیگەران مەبە. پلانیشمان بۆ ئەوە داناوە، لەو کاتەدا

حەوت کاتژمێر کاتی بێ لایەنمان بە دەستەوە دەمێنێت. دەتـەوێت لـە واتـای کـاتی بـێ لایەن و سوودی ئەو کاتە بگەیت؟

ـ هەوڵ بدە بۆم ڕوون بکەیتەوە، ئەگەرچی ئەو قسانەی تۆ وەك بەردی نـاو گورچـیلە وان، حەزم دەکرد قسەم لەبارەی شتی دیکەوە لەگەڵ بکردایت، بەڵام چوویتە ناو سـەنگەرەکەی خۆتەوەو، لەوێوە دەستت بە تەقە کرد، بێ ئەوەی هیچ شتێکی دەوروبەری خۆت ببینیت.

ـ ئەگەر من لـە نـاو سـەنگەردا بم، وەك تـۆ دەڵێیـت، ئـەوە تـۆیش ئێـستە لـە هـەمان سەنگەردایت و، پێکەوە بەرگری لێ دەکەین. هەرچی پێوەندی بە کاتی بێ لایەنەوە هەیـە گوێ بگرە پێت بڵێم. کاتێك ئامانجەکەمان بـەدی دەهێـنین و، بارمتـەی هـەردوو میوانـە عەرەبەکە دەبەینە دۆڵ و نهالەکانی کۆلۆمتۆ، لە نزیك هـەمان ئەشـکەوتدا، ئـەو کاتـەی بۆمـان دەردەکـەوێت کـە هـەموو شـتێك ئاسـاییە، ئـەو کـات تـۆ ڕوو دەکەیتـە لای تەپۆڵکەکەو مایکرۆفۆنەکەت پێیەو بە دەنگی بەرزو بە ئینگلیـزی و بـە زمـانی خۆمـان هاوار دەکەیت کە ئێمە کاتی بێ لایەن بۆ ماوی حەوت کاتژمێر ڕادەگەیـەنین. ئـەو کاتـە هەردوو ڕفێنراوەکە لە ئەشکەوتەکەدا بە ساغ و سەلامەتی دەمێننەوە، خـواردن و ئاویـان دەبێت و ئێمەیش ملی ڕێ دەگرین و دەڕۆین. هەروەها لەو کاتـەوە مەترسـی چـوونە نـاو ئەشکەوتەکەو لێ دەرچوونی ڕادەگەیەنیت، چونکە مینی تایبەتی چیـچانی لـێ چـێنراوە، کە مینی دانراوەن و دوای حەوت کاتژمێر کاریگەرییان نامێنێت. ئەمە سێ جـار دووبـارە دەکەیتەوە. ئەمە دوا وتەمان دەبێت. با ئەوان چاوەڕوان بـن، ئێمـەیش لـەو کاتـەدا دوور دەکەوینەوە پاش ئەوەی هەگبەکان دەئاخنینە ناو جانتاو (کە ئامادەمان کـرووە) لـە دوو ئەسپیان بار دەکەین هەر ئەسپەو دوو هەگبەی لـێ بـار دەکـەین. هـەردوو ئەسـپەکەیش ئامادەن، کە لە هەردوو عەرەبەکە وەریاندەگرین. هەمووما‌ن لەگـەڵ هـەردوو ئەسـپەکەدا خێرا بەرەو دەربەندی ئۆزینگلیش تێی دەتەقێنین. هەموو ڕێگـەکانمان بـاش لێکداوەتـەوە، هیچ مەترسییەك لەئارادا نییە. پـێش ئـەوەی بگەینـە لووتکەکـە کـاروانی خێزانـەکانمان دەبیـنین چـاوەڕێمان دەکـەن، کـە لـە هاوینەهوارەکانـەوە هـاتوون. لـەو بارەیـشەوە ڕێککەوتووین، کەواتە هیچ نیگەران مەبە.

ئەرسین سامانچین بێ دەنگ بوو. زۆر لەم پلانە وێرانکارییە ڕەشبینە ورد دەبووەوە، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دانراوە، تا دەهات پتر قایل دەبوو کە هیچ ڕێگەچارەیەك نییە کە سەری تێدا دەچێت. چونکە نەدەتوانرا بە ئاسانی خۆی لە چنگی گرووپەکەی تاشئەفغان قوتار بکات و بلێت ئارەزوو ناکات بەشداری لە پرۆژەکەیاندا بکات. ئەو کاتەی پلانەکەیان بۆ باس کرد تێگەیشت کە هەردوو دەست و هەردوو پێیان بەستووەتەوەو خەریکن پێکەوە دەچنە ناو دۆزەخەوە.

ـ پێویست بە خۆخواردنەوە ناکات ـ تاشئەفغان ئەوەی گوت ـ ڕاستە کارەکە سەرکێشی تێدایە، بەلام شایەنی ئەوەیە. پاشان من ڕاستگۆیانە، بێ فرت و فێڵ و، بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە پێت دەڵێم ئەم ئێشە بکەین. ئەمە لە چیاکان ڕوو دەدات، کاتێك بەرز دەفڕیت، ڕەنگە وەك ئەو باڵندانە بین.

ئەرسین سەرو هەردوو شانی جوولاندەوە:

ـ من پێ لەسەر هیچ شتێك داناگرم. چی دەڵێیت دەیکەم. بەلام بە شێوازی خۆم بیر دەکەمەوە. لەم کاتانەدا لەناکاو مۆبایلەکەی لێی دا. هەردووکیان مووچڕکەیان بە لەشدا هات .. ئەوەی زۆرتر تاشتان ئەفغانی وریاکردەوە بە تایبەتی کاتێك ئەرسین بە ئینگلیزی وەلامی دەدایەوە، زۆرتر نزیك بووەوە، وەك بلێیت کە دەتوانێت شتێك تێ بگات، بە بایەخەوە لە ڕوخساری (ئەرسین)ی دەڕوانی. کە لەناکاو بووژایەوەو گەڕایەوە ڕەوشی ئاسایی خۆی، چ لە ڕووی قسەکردن و چی لە ڕووی ڕەنگ و ڕووەوە. تەلەفۆنەکە نزیکەی پێنج خولەکی خایاند. پاش ئەوەی مۆبایلەکەی داخست و، بۆ تاشتان ئەفغانی ڕوون کردەوە، کە هیچی لە قسەکانی هەڵنەکڕاند تەنیا (بەڵی بۆب، باشە بۆب) نەبێت، کە ئەوەی پێوەندی پێوەکرد (ڕۆبێرت لۆکاس)ی سکرتێری ڕاگەیاندنی حەسەن بوو، کە پێی ڕاگەیاند بڕیار وایە گرووپی ئامادەکار لە پازدەی تەمووز بگەن، کە لە سێ کەس پێکهاتوون، کە لەگەڵ خۆیان کیسە نوێیەکانی نووستن دەهێنن، ئەوانەی تایبەتن بە هەڵزنان بە چیاکاندا لە ناوچە بەفرینە سەرکەشەکاندا، جگە لە ئامێرەکانی دیکەی ڕاوکردن. ئەوەیش بە فاکسێك بە کۆمپانیای (مێرگن) ڕادەگەیەنن. بە هەمان فرۆکە دوو وێنەگری سینەمایی دەگەن بۆ وێنەگرتنی دیمەنی سروشتی و خودی پرۆسەی ڕاوکردنکە،

ئەویش بۆ ئەو فیلمەی کە چاوەڕوانن دواتر دەریبهێنن. لۆکاس داوای کـرد لـە فرۆکەخانـە پێشوازی لە هەموویان بکەن.

ـ ئەوەتە کارەکە دەستی پێ کرد ـ ئەرسین بە زارێکی کردەنی ئەوەی گـوت ـ دەبێـت دوو سبەینێ بڕۆین بۆ فرۆکەخانەی ئۆلیاتی، دواتریش لەو بارەوە لەگەڵ شیڤ قـسە دەکـەین ـ بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەك بووە قسەکانی لەگەڵ تاشـتان ئـەفغان کۆتـایی پـێ بهێنێـت، کەمێك بە ناو پۆلەکەدا پیاسەی کرد، پاشان لە پەنجەرکەوە ڕوانی و بیری کـردەوەو گـوتی:

ـ تاشتان کاتی ئەوە هاتووە دەبێت بەم نزیکانە شیڤ ببینم.

ـ بەڵام سەفەری (داستۆرکانی)ی کردووە، ڕەنگە نەگەڕابێتەوە.

ـ دەبێت بەم نزیکانە بگەڕێتەوە ـ ئەرسین سامانچین بە زارێکی نادیار ئەوەی گوت ـ بـە گشتی پێکەوە قسەی زۆرمان کرد. ئیستەیش دەبێت دەست بە کارەکە بکەین.

ـ بەڵێ، بەڵێ، وایە. بەڵام لە چوارچێوی کارە جۆراوجۆرەکاندا کاری زۆر گرنگتر هەیە. بـۆ ئەوەی هیچ گومانێکت نەمێنێت، ئەرسین دوایەمین وتەت پێ دەڵێم: دەبێت هەموو شتێك بەپێی پلانەکەی ئێمە بێت، تەنیا بەم شێوەیە، نەك بە شـێوەیەکی دیکـە. تـۆ چـیت لـە مێشکدا دەخولێتەوە، ئەوە پێوەندی بە خۆتەوە هەیە، بەڵام پابەندیت بەوەی ئامادە بیـت فەرمانەکانم جێبەجێ بکەیت ـ ئەمە وەك ئەو خولەکەی پێش مەرگ وایـە، لـەو بڕوایـەدا مەبە کە من چەنەبازی دەکەم، یان شێتم، من تـەواو هوشـیارم و دەزانم چـی دەڵـێم، تـۆ ئێستە بە ئێمەوە بەستراویتەوە. بە چاوی سووك تێت ناڕوانم، بەپێچەوانەوە، تۆ وەك مـرۆڤ لە من گەورەترو گرنگتریـت، بـەڵام هـەر پێویـستی و ڕێ و شـوێنی خـۆی هەیـە ـ هـیچ چارەیەك نییە کە دەبێت دەست بـەجێ فەرمانـەکانی مـن جێبـەجێ بکـرێن. ناشـتوانیت ڕەتیان بکەیتەوە، چونکە کار لە کار ترازاوە. ئێمەیش بۆ ئێرەمان بانگ نـەکردوویت، تـۆ بە خواستی خۆت هاتوویت بۆ ئایل. ئەوەیـشت لـەبیر نەچـێت: ئێمـە دز نـین، ئەگەرچـی سبەینێ بە بۆچوونی هەمووان وەك ئـەوانمان لـێ دێـت، هەرچـۆنێك بووبێـت ئـەوە ئێمـە پشکەکەی خۆمان دەبەین، هیچ چارەیەکی دیکەیش نییە.

ــ باشـە ـ ئەرسـین سامانـچین قـسەکەی پـێ پـچڕی ـ تـۆ دەبینیـت مـن بـە هـەموو ئاگەبوونێکەوە گوێم لێ ڕاگرتیت. تۆ ناچارم دەکەیت و، منیش دەبێت بە خۆم بڕیار بدەم.

ـ من تێتدەگەم و ئەگەر لە جیاتی تۆیش بووایەم هەر هەمان قسەم دەگوت. بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کە ئێمە پاشگەز نابینەوە. هەر یەکەو پشکی خۆمان وەردگرین، تۆیش، بەڵام نەك پێش هەفتەیەك لە سەفەرەکەمان. کاتێك دەچینە ئەودیو سنووری ئەفغانستان لەو دیوی چیای پامیرەوە. پرسی گەیشتنمان بەو شوێنە لە شێوەی کاروانێکدا ئەرکی منە. من ئەم ناوچانە شارەزام، ئێستە لە هاویندایین. ئەو ناوچانە دەبڕین، هیچ گومانم لەوە نییە، لەبەر ئەو هۆیەیشە خێزانەکانمان لەگەڵ خۆمان دەبەین. نابێت بەجێیان بهێڵین، ئەگینە بە هۆی ئێمەوە سزایان دەدەن. بۆ تۆ کارەکە ئاسانە، لەبەر ئەوەی تۆ سەڵتیت. هێشتە دوارۆژت لە پێشە، بەڵام هەموو شتێکت لە پێشە. وەك پێشتر پێم ڕاگەیاندیت ئەوە خێزانەکانمان ئێوارەی ڕفاندنی هەردوو بەبارمتەگیراوەکان دەگەنە داوێنی لووتکەی ئۆزینگیلیش بۆ ئەوی لەسەر ڕێگەکەمان بن، بەڵام هیچ کام لە ئەندامانی هەر پێنج خێزانەکەمان هیچ شتێك لەبارەی ئەوەوە نازانن لە دۆڵی کۆلۆمتۆ ڕوو دەدات چونکە پێوەندی بەوانەوە نییە، لە سنوورر دەەپەڕینەوە، لەوێ لە نێوان قرغیزو ـ ئەفغاندا، داڵدەیەك بۆ خۆمان دەدۆزینەوە. هەرچی پێوەندی بە منداڵەکانەوە هەیە ئەوە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار خوێندنی باڵا لە چین، هندستان یان پاکستان تەواو دەکەن، بەتایبەتی پارەیەکی زۆرمان دەبێت.

لەو کاتەدا سەرلەنوێ زەنگی مۆبایلەکە لێی دایەوە. ئەم جار شیف بیکتۆر بە خۆی بوو.

ـ گوێ بگرە، تۆ ئێستە لە کوێیت؟ لای تۆ چ دەنگوباسە؟

ـ من ئێستە لە فێرگەکەم. لەگەڵ تاشتان ئەفغان هاتووین بۆ ئێرە بۆ ئەوەی ساڵانی خوێندنمان بیر بکەوێتەوە، ئەسپێکی باشیان بۆ هێناوم. بایکی من شادومانم. هەواڵەکان بریتن لە: ڕۆبێرت لۆکاس سکرتێری ڕاگەیاندن تەلەفۆنی کرد. دوو سبەینێ گرووپی ئامادەکاری ـ سێ کەس و دوو وێنەگری سینەمایی دەگەن. هەرچی هەردوو میوانەکەیە، ئەوە پاش دوو ڕۆژ پاش ئەوان دەگەن. بەڵێ، بەم نزیکانە دێمە نووسینگەکەو، هەموو شتەکان تاوتوێ دەکەین، نیگەران مەبە، هەموو شتێك ئاساییە. هەموو شتێك بەپێی پرۆگرامەکە بەڕێوە دەچێت.

پێدەچێت کە تاشتان ئەفغان دڵنیا بوو کاتێك بینی ئەرسین بۆ شیڤ ـ بیکتـۆری مـامی ـ باسی ئەوەی بۆ نەکرد لێرە دووچاری بووەتەوە. هەرچی ئەرسین سامانچین بوو بە زارێك کە خۆ زۆر کردنی پێوە دیار نەبوو گوتی:

ـ فەرموو، شیڤ فەرمان دەدات ئامادە بم، کۆمەڵێك کـار هەیـە، خـۆت دەزانیـت. دەی تاشتان، ئەوە باسی بابەتەکەیە، من دەڕۆم.

ـ باشە. کەواتە لە یادت نەچـێت. ئاماژەیـەکی تایبـەت دەبێـت ـ لـەو ڕۆژەی لەسـەری ڕێککەوتووین بێرییە سەربازییەکەم لەسـەر دەکـەم، کـە بێرییـەکی سـۆڤیەتییە، لێـوارو چوارچێوەکەی سوورە. ئەگەر بێرییەکەم لەسەر نابوو ئەوە واتای ئەوەیە کە دەبێت هـەموو فەرمانەکانم گەورەو بچووك جێبەجێ بکەیت. ڕوونە؟ بە بایەخیشەوە گـوێ بگـرە ـ هـەوڵ نەدەیت کارەکەمان شکست پێ بهێنیت، ئەگینە ئاکامەکەی خراپ دەکەوێتـەوە، چـونکە ئێمە سڵ لە هیچ کارێك ناکەینەوە یان دەبێت بارمتەکەمان چنگ بکەوێت، یـان هـەردوو میوانەکە، لە ڕاوکردن، یان لە ناو ئەشکەوتەکەدا بکوژرێن. دەبێت دەرەنجامـەکان لەسـەر ئەم بنەمایە بنیات بنێیت, ئەگەر یەك وشەیش بۆ مامت بدرکێنیت. ئەو کـات ڕەوشـەکە زۆر خراپتر دەبێت ـ ئەو کـات هـەر هـەمووان بـەر ڕێژنـەی گوللـە دەدەیـن و کـەس بـە زیندوویی ناهێڵینەوە. ئەگەر هەوڵی هەڵاتنیش بدەیت و خۆت دەرباز بکەیت، ئـەو کـات ئێمە لە ڕێگە پێت دەگەین. ئەگەر نەشتوانین ئەوە لە شار دەتگـەینێ .. مـن تکـات لـێ دەکەم ئەوە تێ بگەیت کە من هەڕەشەت لێ ناکەم، من لە ژیانمدا دەستم دەچـێت ـ هـیچ چارەیەکی دیکە نییە، من تەواوم کرد، هـیچ وشـەیەکی دیکـەی ناخەمـە سـەر. ئێـستە چاوەڕوان بە، با هەموو هاوەڵەکانم بێنە ژوورەوە، بانگی هەمووانی کرد بێنە ژوورەوە.

ـ بۆچی؟ ـ ئەرسین سامانچین پرسیاری کرد ـ.

ـ ئێستە دەزانیت.

یەکسەر هەر چوار لاوەکە هاتنە ژوورەوە. کە بە درێژایی ئـەو کاتـە پاسـەوانی فێرگەکـەو حەوشە چۆڵەکەیان دەکرد. کاتێك هاتنە ناو پۆلەکەوەو بەریز ڕاوەستان، تاشـتان ئـەفغان، ئاماژەی بە ئەرسین سامانچین کردو بە زارێکی فەرماندەرانە، پێی گوتن:

ـ پێتان ڕادەگەیەنم: هەموو شتێکمان تـاوتویێ کـرد، هـەموو کێـشەکان چارەسـەر کـران، ئێستەیش با هەر یەکەتان نزیك ببێتەوەو ئەوەی پێویسە بیلێت. ساکسان قژ بـژ یەکـەمین کەس بوو هەنگاوی بەرەو لای ئەرسین نا:

ـ تەنیا بەم شێوەیە. نەك بە هیچ شێوەیەکی دیکە ـ گـوتی، پاشـان وەلا کـەوت، پاشـان ئەوانی دیکەیش وەك ئەویان کرد:

ـ تەنیا بەم شێوەیە. نەك بە هیچ شێوەیەکی دیکە.

تەنیا بەم شێوەیە. نەك بە هیچ شێوەیەکی دیکە.

لە کۆتاییدا تاشتان ئەفغان لە (ئەرسین)ی پرسی:

ـ ئایە ئەرسین ئێستە هەموو شتێك ڕوونە؟

ـ تەواو بەم شێوەیە! وەك لە سوپادا: فەرمانەکان تاوتویێ ناکرێن.

ـ هەرچی لای ئێمەیە لە ئەفغانستان ئەوە دەڵێن: بەبێ فەرمان ناژیـت. تەنانـەت تـا لای کیژیش ناچیت. ئێستە ئێمە شەش کەسین. سا با دەست بە کارەکە بکەین. ئەرسـین کـاری خـۆی هەیـە. ساکـسان پێوەنـدی لەگـەڵ مـن دەبێـت. هەرچـی ئێـوەن هەرسـێکتان: کۆڵتای.گیلکیش و گندۆش، بچن چاودێری بکەن بمێننەوە، بە مـەرجێك سـبەینێ نیـوەڕۆ بگەڕێنەوە. لەو شوێنانە بگەڕێن کە دەشێت بە ئاسانی دڕندەیان تێدا بدۆزرێتەوە، هەرچی ئەو (سەر زل و کلك درێژە)ی لای دەربەندەکەیە، ئەگەر بینیتـان، بێـزاری مەکـەن. تـەنیا ڕێگە ئاسانەکان بەکار بهێنن بۆ ئەوەی ناچاری بکەن لە دۆڵی کۆلۆتـۆوە نزیـك ببێتـەوە. چەکی تەواو لەگەڵ خۆتان ببەن بۆ ئەوەی ئەسـپەکانی پـێ بپـارێزن. گـرنگ ئەوەیـە ئـەو شوێنانە دەستنیشان بکـەن کـە لێیـان ڕادەوەسـتین، دووربینتـان پـێ بێـت، لەسـەرەتای ڕاوکردنەکەدا. ئێستەیش بەرەو لای ئەسپەکانتان بڕۆن. پاشان لە یادتان نەچێت کلیلـەکان ڕادەستی پاسەوانەکە بکەن. ئەو لە هەموو شوێنێك خۆی سەرخۆش دەکات، بیدۆزنەوە.

بەم شێوەیە لە حەوشەی فێرگەکە بڵاوەیان لێ کرد. ئەوەبوو ئەسپەکەی (ئەرسین)یان لەگەڵ خۆیان برد، هەرچی ئەو بوو بەپێ لە شەقامەکەوە بەرەو نووسینگەی پێـشووی کۆڵخۆزکـە ڕۆیشت، کە ئێستە نووسـینگەی کۆمپانیـای (مێـرگن)ی لێیـەو شـیڤ بیکتـۆر ـ ئاغـا چاوەڕێی دەکات. زۆر نەڕۆیشتبوو ئەوەندەی نەخایاند تاشان ئەفغان بە سواری ئەسـپەکەی

خۆی پێ گەیاند، پاشان لە ئەسپەکە دابەزی و لە تەنیشتییەوە دەڕۆیشت. ئەسپەکەی بە جڵەوەکەی گرتبوو.

سەرلەنوێ سەبارەت بە هەمان بابەت قسەی دەکردو هوشیاری دەدایە: ئەگەر هەر شتێکی لەناکاوی ڕووی دا ئەوە هەر هەمووان ـ لە نزیکەوە بە دەستڕێژی گوللە دەکوژرێن، بەڵام ئەگەر بارمتەکە گەیشت، ئەو کاتە کەس یەك تاڵەمووی لەسەر ناڕووتێتەوە.

# هەشتەمین پار

بەم شێوەیە بەو قرچەی نیوەڕۆیە، بە شەقامە سەرەکییە لێژەکەی ئایل / تۆیـۆك ـ جـار/ی ناو چیاکان دەڕۆیشتن بەرەو خوار دەبوونەوە، پێکەوە ڕۆیـشتن، پـاش ئـەو وتووێـژە دژوارو سەختە دەڕۆیشتن، بێ ئەوەی لەنێوان خۆیاندا ڕێك کـەوتبن. ئـەوان دوو هـاوپۆلی یەکـدی بوون، تەنانەت لە بەرزی بـەژن و پانـایی شـاندا چـوون یـەك بـوون. بـەرەو نووسـینگەی پێشووی کۆڵخۆزەکە دەڕۆیـشتن، هـەر بیریـان لـە ئاکـامی پلانەکـە دەکـردەوە ـ ئەرسـین سامانچین کە ملی بـۆ پلانەکـە کـەچ نـەکردو تاشـتان ئـەفغان، کـە لـەو بڕوایـەدا بـوو توانیویەتی ئەرسین ناچار بکات بەشداری لە پیلانەکەیاندا بکات.

دەیانتوانی درێژە بەو وتووێژە نەگریسە بدەن، ئەگەر ئەو سوارە نەبووایە، کـە لاغـر لاغـر لێیان نزیك دەبووەوەو، دەرکەوت کە شیڤ بیکتۆر بە دوای (تاشتان ئەفغان)یـدا نـاردووە، تا پێی ڕابگەیەنێت کە پێویستە سەر لە نوسینگەکە بدات بۆ ئەوەی ئەرکێکی نوێی پـێ ڕابسپێرێت. سوارەکە ـ کە ناوی ئەرزکۆل بوو ـ لە ئەسـپەکەی دابـەزی چـونکە شایـستە نەبوو لەسەر ئەسپەکەی دانەبەزێت لە کاتێکدا کەسایەتییەکی وەك ئەرسین سامانچین، کە هاوکات برازای خودی (بیکتۆر گان سامانچین)ە، بـەپێ دەڕۆیـشت. ئەوەتـە ئێـستە هـەر سێکیان پێکەوە دەڕۆن ـ ئەرسین لە نێوان دوو ئەسپدا، کە جڵەوی هەر یەکەیان بە دەسـتی سوارەکەیەوەیە.

ئەوەیش، وەك دواتر بڕوای هێنا، تەواو ئارەزووی چارەنووس بوو ـ کاتێك بـە نـاو ئایـل / تۆك جار/دا بە پێ دەڕۆیشت.

لەسەر خۆ دەڕۆیشتن، قسەیان لەبارەی ئەم بابـەت و ئـەو بابەتـەوە دەکـردو سـڵاویان لـە خەڵکی گوندەکەیان دەکرد، ئەوانەی پیادەن و ئەوانەی سواری گوێدرێژن، زۆر لـە خـەڵکی (ئایل) لە ماڵەکانیانەوە سەریان هێنایە دەرەوەو سڵاویان لێ کردن، چونکە بەلای ئەوانەی ئەرسین سامانچین کەسایەتییەکی ناوداربوو. زۆریشیان شانازییان بەوەوە دەکرد کە خەڵکی تۆیۆك ـ جارە. لە نزیك ماڵێکـدا پیرەژنێـك لـە نزیـك دەروازەکـەدا دانیـشتبوو کـەمێك هەستایەوە بۆ ئەوەی سڵاویان لێ بکات، ئەوانیش لای خۆیانەوە ڕاوەستان، لەم کاتەیـشدا

وەك بڵێیت کارەکە پلانی بۆ دارێژرابێت، لە شوێنێکەوە ئافرەتێکی چوست و چالاکی لاو دەرکەوت کامێرایەکی پێ بوو. بەژن زراڤ و ڕوو نیان. کەمێك گەنم ڕەنگ بوو، بزە لەسەر لێو، دوو چاوی گەش. پێ دەچوو خەڵکی ئێرە نەبێت، وەك شێوەی قژ شانەکردن و پانتۆڵی کاوبۆی و ئەو بلووزە وەرزشییە کەمێك درز تێ بووەی دەیانسەلماند کە پۆشیبوونی.

ـ ئەم کاتەتان باش، شتێکی جوانە هەرسێکتان پێکەوە پیاسە دەکەن. ئەرسین ـ ئاغا لە ناوەڕاست و، ئێوەیش هەردووکتان لەگەڵ ئەسپەکانتاندا لەم لاو لەو لاوە. چ ترویکایەکی نایابە. ڕێم دەدەن وێنەیەکتان بگرم، وێنەیەکی جوان دەردەچێت. بەڵێنتان پێ دەدەم. نا، ڕامەوەستن، ڕێ بکەن. کەمێك پێشتان دەکەوم. ئایە دەزانن کامێرایەکی دیجیتاڵیم پێیە.

ـ دیجیتاڵ؟ ـ ئەرسین سامانچین سەری سوڕ ما ـ ئۆکمۆش (پەکوو).

ـ من گەڕۆکم، ناوم (ئیلێس)ە. خەڵکی (ئایل تیۆمین)ی تەنیشتی ئێرەم، خوشکێکم لێرەیە، نەخۆشە. بەم جۆرە، بەم جۆرە، لەیەکدی نزیك ببنەوە، تۆزێك جڵەوی ئەسپەکان کورتتر بکەنەوە. بەم شێوەیە، تەواو. منیش بۆ (مێرگن) دەچم.

لە کاتێکدا بەوپەڕی چوست و چالاکییەوە دەستی پێ کردو بەردەوام ئاماژەی پێ دەکردن بۆ ئەوەی وێنەیەکیان بۆ بگرێت. لەناکاو ئەرسین سامانچین هەستی بە خۆشنوودییەکی لەناکاوانە کرد، وەك بڵێیت ئەو ئافرەتە لە دوورەوە لێی نزیك ببێتەوە، ڕوحی ببووژێنێتەوەو، لەم بار قورسییە,، لەم ئازارو ئەشکەنجەیەی ڕزگار بکات، کە پاش وتوێژەکەی لەگەڵ تاشتان ئەفغان باری گیانی قورس کردووە. ئەو کات لە چاوتروکانێکدا هەستی بە گرنگی ئەوە کرد (جیهان لە شوێنی خۆیدا مابێت) لە پێناوی هەست کردن بە دڵنیایی. بۆیە هەر حەزی دەکرد ئەو ئافرەتە هەر وێنە بگرێت، بەم شێوەیە ناوەکەی لە یەکەمین ساتەوە بیردەکەوتەوە ـ ئیلێس، کە بە چەمکی بیرەوەری و بیری ڕاگوزارییەوە پەیوەستە. ئەم ناوە بە هۆی جوانی و کورتییەوە وای لێ کرد هەست بە دەربازبوون بکات.

لەم کاتەدا ئیلێس داوای لێ کردن ڕاوەستن. لە پەردەی کامێراکەیەوە ئەو وێنانەی پێشاندان کە گرتبوونی. (بنواڕن، چەندە جوانن. ترویکایەك ئەسپ سوار). هەموو شاد

بوون، هەرچی تاشتان ئەفغان بوو گوتی: (پەکوو لە تەکنیکی هاوچەرخانە) هەرچی ئەرسین سامانچین بوو لای خۆیەوە هەڵیدایەو ناوی هێنا:

ـ سوپاس ئیلیێس. با وێنەیەکی بە کۆمەڵ پێکەوە بگرین، بەڵام کێ وێنەکەمان بۆ دەگرێت؟

ـ ئۆی، چەند نایابە. من حەز دەکەم بۆ بیرەوەری وێنەیەکت لەگەڵ بگرم ـ ئیلیێس هاواری کردو کاتێك لاوێکی بینی بە لایاندا تێدپەڕی، داوای لێ کرد:

ـ گوێ بگرە. (بلاباش) وێنەیەکمان بگرە. پەنجە بەم دوگمەدا بنێ.

لاوەکە ئەوپەڕی ئامادەیی پێشان دا. ئەو کات هەموویان لەبەردەم کامێراکەدا ڕاوەستان: ئەرسین و ئیلیێس لە ناوەڕاستەوە، لە کاتێکدا ئەو دووەکەی دیکە لەگەڵ ئەسپەکەیاندا لەم لاو لەو لاوە ڕاوەستان. یەکسەر ئەرسین، کە لە تەنیشتییەوە ڕاوەستا، هەستی بە نەرم و نیانی جەستەی کردو توانی زۆرتر خۆی پێوە بنووسێنێت، ئەویش نەیویست خۆی لێ دوور بخاتەوە، بەڵکو بۆ ساتێك خۆی پێوە نووساند، کاتێك لاوەکە پەنجەی بە دوگمەکەدا نا، ئەرسین بە پەلە گوتی:

ـ سوپاس بالاباش، بەڵام با دووبارەی بکەینەوە ـ سەرلەنوێ لە ساتی میگناتیزیدا توانەوە .. پاشان دەستیان بە سەیرکردنی وێنە گیراوەکان کرد. ئیلیێس زۆر شادومان بوو:

ـ ئەرسین ـ ئاغا چ وێنەیەکی زۆر جوانن، هەرگیز خەونم بەم وێنانە نەبینیوە.

ئەرسین کاتێك لە پەردە بچووکەکەی کامێراکەوە سەیری وێنەکانی دەکرد، پرسی:

ـ ئیلیێس وێنەکان چی پێ دەکەیت، دەکرێت سەرو دانەمان بەرکەوێت؟ کەی؟

ـ ئاساییە ئەرسین ـ ئاغا، دەکۆشم لە ڕۆژانی داهاتوودا ئامادە بن. خۆ تۆ ئێستە سەفەر ناکەیت؟

ـ نا هێشتە. ئێمە لێرەین کارێکی کۆمپانیای مێرگن ڕادەپەڕێنین.

ـ منیش ڕۆژانی داهاتوو لێرە دەبم، لە کۆمپانیای مێرگن ڕایانسپاردووم وێنە بۆ کۆمپانیاکەو بۆ میوانەکان بگرم. هەروەها شیف ڕایسپاردووم ئاهەنگێکی گۆرانی (ئایل)ی بۆ میوانەکان ساز بدەم، کاتێك لە ڕاوکردنەکە دەگەڕێنەوە. کیژەکان گۆرانی تێدا

دەڵێن. لە ئایل ـ تیۆمینیشەوە ئەڤین بیالی دێت، حەزیش دەکەم بە خـۆم گۆرانییـەك لـە سەر ڕێتمی کۆمۆز پێشکەش بکەم.

ـ بەم شێوەیە؟ کەواتە ئاهەنگێك ڕێك دەخرێت؟ ئەگەر سـاز درا ئێمـەیش لای خۆمانـەوە گوێ دەگرین.

بەڕێگەی خۆیاندا ڕۆیشتن و، بەو بۆنەیەوە ئەرسین پرسی:

ـ ئیلێس، ئایە تۆ وێنەگرێکی پیشەکاریت؟

ـ ئۆی، نا، نەك بە تـەواوەتی. مـن پێـشتر ئەمینـداری پەرتووکخانـە بـووم. ئەوسـا لـە ئامۆژگەی پەروەردەیی خوێندبووم. ئەو کاتە پاسـێکمان هـەبوو، بـە نـاو شارۆچـکەکەدا کتێبمان پێ دەگواستەوەو ناوی پاسەکەمان نابوو (پیپلیۆس پاس). دواتـر هـەموو شـتێك ڕاوەستاو وەك دەزانیت پرۆسەی بە تایبەتمەندکردنی پاسـەکە دەسـتی پـێ کـرد. هەرچـی پێوەندی بە مووچەوە هەیە ئەوە خۆت باش دەزانیت، چـونکە کـەس مانگانـە بـە پـازدە دۆلار ناتوانێت ژیان بەسەر ببات، ئەوەیش ناچاری کردم کاری دیکە بکەم.

ـ تێگەیشتم ـ ئەرسین ورتەیەکی لێوە هات، هەرچی تاشتان ئەفغان بوو، ئـەوە نیگایـەکی واتابەخشی تێ سرەواند و، ئارەزووی دەکرد ـ بێ گومان ـ بڵێت : دیتت ڕەوش و بـارودۆخ چی لێ هاتووە. خەڵك پازدە دۆلاریـان دەسـت دەکـەوێت، کەچـی لێـرەدا بیـست ملیـۆن دۆلارە، کەچی تۆ ڕەتی دەکەیتەوە.

ئۆرۆزگول ڕۆیشت، لە کاتێکدا ئەرسین سامانچین سەری سوڕما کە تاشتان ئەفغان سواری ئەسپەکەی نەبوو تا خێرا خۆی بگەیەنێتە شیڤ بیکتۆر. بەڵام ئەو پەلەی نـەبوو. ئەرسـین بیری کردەوە: با وا بێت. نەیدەویست ئەوەی پێش ماوەیەکی کەم لە نێوانیاندا ڕووی دا بیر بکەوێتەوە، هیچ وتەیەکی دەربڕی سەبارەت بەوە نەدۆزییەوە ئەگەر دوو کەس بکەونە نـاو بیرێکەوە، چۆن دەتوانن لێی بێنە دەرەوە، ئەگەر یەکێکیان بەرەو خوار ڕایکێشێت و ئـەوی دیکەیان بەرەو سەرەوە؟

تۆ بڵێیت ئیلێس بە سەلیقەی خۆی هەستی بە شتێك کردبێت، بۆیە لەناکاو دەرکەوت، تـا بێ ئەوەی پێ بزانێت، کەمێك لە ئازارو ئەشکەنجەکانی سـووك بکاتـەوە، ئـەوێك تـاك و تەنیا، نائومێد، بێزار، کە بێ ویستی خۆی لەناکاو خـۆی لـەو ڕەوش و بـارەدا بینییـەوە؟

چۆن دەتوانێت خۆی لە چنگی بەدووکەوتنی نالەبارانەی چارەنووس قوتار بکات؟ (لەم شوێنە دوور بکەوەوەو، بیر مەکەوە). لە بێ دەستەڵاتیدا خۆی بەوە قایل دەکرد، دەبیویست ئەو ئازارو ئەشکەنجە چەشتنە لە یادی خۆی بباتەوە، کە دڵی شەکەت و ماندوو کردووە، تا دەهات بڕوای ئەوەی پتەوتر دەبوو ئیلێس، کە لەناکاو لە تەنیشتییەوە دەرکەوت، کە گومانی لە هیچ شتێك نەدەکرد، بۆ ئەوە هاتبوو تا قوتاری بکات. بۆیە بە ڕێگەوە بە هەموو دڵنەواییەکەوە لە کارەکانی خۆی ئاگەداری دەکرد، کە سەرقاڵی بازرگانی کردنی کاڵایە بە کۆ. لەئۆلیاتی سواری شەمەندەفەر دەبێت تا ساراتۆڤ. لەوێشەوە بە فڕۆکە دەچێتە مۆسکۆ. لەوێ کاڵای پڕفرۆش بە نرخێك دەکڕێت و، بە نرخێکی دیکە بە بازرگانەکانی دەفرۆشێتەوە. ئەو کات ڕێژەیەك قازانجی دەست دەکەوێت، کە لە سەددا دە تا لە سەددا پازدە دەبێت، بەو شێوەیە ژیان و گوزەرانی خۆی بەسەر دەبات. تا ئێستە تەندروستی ڕێی ئەوەی پێ دەدات. هەموو ئەو قسانەی بۆی کردن، کاریان تێ دەکرد، لەبەر هۆیەك و، بە شێوەیەك کە جێی دڵنیاییە. بەڵام بۆچی و چۆن و، چی لەناکاودا ڕووی دا، ئەمە ئەو شتە بوو کە ئەرسن سامانچین نەیتوانی بۆ خۆی ڕوونی بکاتەوە، چی شتێك بەرەو لای ئەم ئافرەتە ئەفسوونگەرەی ڕاکێشا کە پێش تاوێك و بێ چاوەڕوانی بەیەك گەیشتن؟ ئەم هێشتە وێی نەناسیوە، بەڵام بەڵێنی خۆشەویستی و پاراستنی لێ بەدی دەکرد، ئەو پاراستنەی لەو ساتەدا بوو، کە زۆری پێویست بەوە هەبوو بوێری خۆی لە دەست نەدات، خۆی لەبەردەم ترس و لاوازی و ورەبەردانەدا بپارێزێت. ئێستە ئارەزووی دەکرد لەگەڵیدا بەئۆتۆمبیلە (نیڤا)کەی سەفەری شار بکات ـ تا نیوەشەو بۆ ئێرە نەگەڕێتەوە. لەوێ ڕووناکی و میوزیك هەن.

لە کاتی پیاسە بە شەقام و کۆڵانەکانی گوندەکەدا هەموو شتێك پێشوازییان لێ دەکردن، سەگەکان ڕایان دەکرد، دووکەڵدانە هاوینەکان دووکەڵیان دەردەدا، خاوەن ماڵەکان سەریان دەهێنایە دەرەوەو سڵاویان لێ دەکردن و بەخێرهاتنیان دەکردن .. تەنیا شتێك کە ئەرسین پێرا گەیشت پێی بڵێت لە کاتێکدا بە ڕێگەوە بوون بەرەو نووسینگەی پێشووی کۆڵخۆز دەچوون، ئەوە بوو بە جێنای تاك قسەی لەگەڵ بکات (تۆ): جیاوازی تەمەن زۆر نییە، بۆیە گونجاوترە بە جێناوی تاك (تۆ) یان (تۆ) (بۆ مێ) قسە لەگەڵ یەکدی بکەن. هەروەها

پێڕا گەیشت بەر لەوەی بچنە ناو نووسینگەکەوە لێی بپرسێت، ئایە زۆر لێرە دەمێنێتەوە، ئەویش بەرسڤی دایەوەو گوتی:

ـ ئەرسین چەندت دەوێت چاوەڕێت دەکەم.

هەرچی ئەو بوو لای خۆیەوە گوتی:

ـ لە خۆشبەختی ئێمەیە تۆ لێرەیت ..

ژمارەیەك خەڵك لە نووسینگەکەو لەناو حەوشەو لە شەقامەکە بوون. ئایل بە هەمووی بەو ڕووداوەوە سەرقاڵ بوون ـ گەیشتنی هەردوو ڕاوچییە بیانییەکە. شوێنەکە جم و جووڵێکی بەردەوام و نائاسایی پێوە دیار بوو، منداڵان بە بەردەم نووسینگەکەدا بە ڕاکردن جرت و فرتیان بوو. دەڵێن : یەکێك لە پیرەوانی ئایینی (تینگریانی)، واتە ئاسمان پەرستان، داوای لە خزمەکانی کردووە لە چیاکانی ئۆزنیگیلیش بپاڕێنەوە تا ڕەشەبای چیا ڕاوکردنەکە سەربخات، بەوەی پڵنگە بازووە بەفرینەکان لە کونەکانیان وەدەر نێت. لای خۆیەوە پیری ئایل لەوە دریغی نەکرد کە سەرزەنشتی ئەو (تینگریانی)یە بکات، چونکە مرۆڤ دەبێت لە خوا بپاڕێتەوە، نەك لە ڕەشەبا. بەڵام هەر هەموو ئەمە، وەك دەڵێن: هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێت و هیچ سوودێکی نییە، ئەوەبوو لە کۆمپانیای مۆرگین شیف بیکتۆر سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی دەکرد نەك تەنیا بۆ خودی ڕاوکردنەکە، بەڵکو لە پێناوی دەستەبەرکردنی شوێنی حەوانەوەی دەست و پێوەندەکانی هەردوو میوانە بەناوبانگەکەو باش خزمەتکردنیان. بە تەمەنەکان بە خۆشحاڵییەوە ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەو کۆبوونەوەیە یەکەمین کۆبوونەوەی لەو جۆرەیە لە ئایل ساز بدرێت، دوای کۆبوونەوەکانی ئەوسای کۆڵخۆزەکان، کە پیاوو ئافرەتان بەشدارییان تێدا دەکرد کە بە داخەوە ڕابوردووی مێژوویی، ئەوو سۆسیالیستی ڕەحمەتی لەبیر بردەوە. هەروەها گاڵتەیان دەکردو دەیانگوت: ئەم کۆبوونەوەیە بە فەرمانی پڵنگە بازووە بەفرینە مەزنەکان سازدراوە. بە ڕاستی بوو هەندێکیان سەرقاڵی ئیش کردن بوون، هەندێکی دیکەیش لەو لاوە دەهاتن و دەچوون بەشکو بە کارێکیان ڕابسپێرن. ئەرسین سامانچین ئەو ڕەوشەی بەدڵ بوو. چونکە لە مێژە خەڵکی گوندەکەی خۆی نەدیون، ئەوەتە ئێستە دەیانبینێت. تەنیا داخی یەك شتی دەخواردو ئازاری دەدا، ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی گوندەکەی زۆریان ڕیز لە تاشتان

ئەفغان دەگرت و لای ئەوان بە دەستڕۆیشتوو و بەناوبانگ ناوی ڕۆیشتبوو. بۆیە بەو پێیە دەجوولایەوە: وەك بڵێیت هیچ نهێنییەكی لە ناخی خۆیدا نەشاردووەتەوە كە بەم نزیكانە وا لە هەموو ئامادەبووان بكات واقیان وڕبمێنێت. كاتێك ئەو هەڵهەڵەیە لێدرا، كە ئافرەتانی ئایل لەبارەی تاشتانەوە هەڵیانبەستووە، ئەرسین هەستی نەكرد شتێكی ئەوتۆی تێدا بێت جێی گاڵتەجاڕی بێت:

هێی ئەفغان، هێی ئەفغان

كاروانێكم پێ پێشكەش بكە.

كەواتە تۆم بە مێردی خۆم پەسەند كرد.

منداڵم بۆ هێنایت.

یەك كوبیك چییە نابەم.

تەنیا پارووە نانێكم بەسە.

هێی كاروان، هێی كاروان.

هێی ئەفغان، هێی ئەفغان.

ئەرسین لەگەڵ خۆیدا بیری كردەوە: گرنگ ئەوەیە ئەم گاڵتە ئایلییە بێ مەبەستە نەبێتە جۆرە فۆلكلۆرێكی دیكەی تراژیدیانە.

لەم ڕەوشەدا كە هێشتە گونجاوەو، مەترسییەكیشی شاردووەتەوە كە لەمەوپێش لەم ناوچەیەدا ڕووی نەداوە، چونكە دەركەوتنی لەناكاوانەی ئیلێس (وەك بۆ خۆی باسی كرد) چۆن كەوتە ئەوینییەوە، هەرچەندە ئەوەیش هەرزانە، لەیەكەمین بینینەوە، هەر هەموو ئەوە بە ڕای ئەرسین سامانچین تەنیا ئاماژەیەك بوون لە چارەنووسەوە. ئەوەبوو لەو ساتەدا هات، كە تەنیایی درێژ خایەن تەڕو هشكی ناو ڕوحی سووتاندو، كردی بە بیابانێكی چۆڵی قەرەبرووت، بەم شێوەیە لەو دیدارو بەیەك گەیشتنەی دەڕوانی، كە لە ڕووداوەكانی ئەو ڕۆژەدا بۆ ئەو بوو بە دارێكی ڕزگاركەر. هەرچی خەڵكی گوندەكەی بوو هیچ شتێكی جیاكارو جێی سەرنجیان لەو ڕووداوەدا بەدی نەكرد، تەنانەت هیچ بایەخێكی ئەوتۆیشیان پێ نەدا، چونكە زۆر جار ئیلێس بۆ سەردانی خوشكەكەی دێتە ئێرەو، كەسێكی نەناسراو نییە، چونكە خەڵكی گوندی (تیۆمین ـ ئایل)ی تەنیشتیانە ـ واتە ئایلی خواروو. (لێرەدا

لەگەڵ خۆیدا کەوتە پرسیارکردن ئایە ناوی تیۆمینی سیبیریا لەو ناوەوە وەرگیراوە یان نا).
لە کاتی تاوتویێ کردنی کاروباری ڕاوکردن لـە گـەڵ مـامی شـیڤ بیکتـۆردا کـە ڕدێنـی بەردابووەوە، بیری ئەرسێن لە شوێنێکی دیکە بوو، لە خۆی دەپرسی: ئایـە ئێـستە بـچێتە دەرەوەو بچێتە ناو شەقام و بانگی ئیلیێس بکات و، دەستی بگرێـت و، بـەرەو لای مـاڵی خوشکەکەی بەڕێ بکەون و، لەگەڵی سواری (نیڤا)کە ببێـت و، بـەرەو شـار، بـەرەو ئـەو جیهانە چیاو نهال و شـیوەکان بـبڕن کـە (وێ) باشـی دەناسـێت وەك هـەموو بەڵگـەکان ئاماژەی پێ دەکەن.. هەروەها بە سەرسوڕمانەوە بەرانبەر بە بیرێکی ڕاگوزاری ڕاوەسـتا ـ تەنیا لەیەك ساتدا ئایداناو شێڤە نەگریسەکەی (کۆرچاڵ)ی لـە یـاد کـردو، چـراکەیان لـە هزریدا کوژایەوەو، بیری لای ئەوان نەما ..پێ دەچـێت یـار لـە تاریکاییـدا بـزر دەبێـت، دوژمنیش لە تاریکاییدا بزر دەبێت.
چەند خۆشە ئەگەر بە ڕاستی لەگەڵ (ئیلیێس)دا سـەفەری شـار بکـات و لەگـەڵ شـەپۆلی میوزیك و تیشکی ڕووناکیدا بکەونە سەما، وەك بڵێیت لـەناو ئۆقیانووسـدا بـن، ئـای چ شادومانییەکە. ستۆپ (ڕاوەستە). ئەی چی لەبارەی بەڵێنەکەوە، کە بە مـامی داویـەتی، ئەی ئەرکەکەی وەك خزم، ئەو ئەرکەی، کە بوو بە هۆی ئەوەی بگاتە ئێـرە؟ نـا، نـا، بـۆ هیچ کوێیەك ناچیت. هاوکات تاشتان ئەفغان و هەردوو بارمتە بیانییەکـەیش لـەو لاوەو، ئەشکەوتەکە، کە بۆیان ئامادە کراوە. ڕاستە ئەوە هێـشتە تـەنیا هەڕەشـەیە، بـەڵام کـێ دەزانێت سبەینێ چی ڕوو دەدات؟ ئەی چار چییە؟ پاشان کەس بایەخی پێ نـادەن .. ئـای ئەگەر دەزانن...

***

بەڵام یەکێکی دیکەیش هەیە ئازار دەچێژێت و دەناڵێنێت، بە دەستی تـەنیایی و ترسـەوە گیرۆدە بووە. ئەویش (جابارس)ە، کە لە بناری لووتکەی ئۆزینگیلیشدا لێی پاڵ کـەوتووە. لەم ڕۆژانەی دواییەدا ئەو ئەسپ سوارانە زۆر بوونە، کـە بـە دووربینـەکانیان کـە لەسـەر چاوی دادەنێن و لە شتێك دەڕوانن و بە دەنگێـك فـوو بـە شـەیپوورەکانیاندا دەکـەن کـە چیاکان دەهەژێنێت، ئەوەتە سێ لەوانە بـە سـواری ئەسـپەکانیان هـاتوون و، سـەرلەنوێ دەڕوانن و هاوار دەکەن. هەرچی ئەوە لە بری ئەوەی خۆی لە شوێنێك بـشارێتەوە، کەچـی

بەسەری زل و کلکی درێژییەوە کە بەسەر پشتیدا داوەو دەگاتە سەر سەری .. لـە شـوێنی خۆی جمە ناکات.. ئەگەر جابارس بیزانیبایە کە ئەسپ سوارەکان بینیویانـەو نـاوی (سـەر زل و کلکل درێژ)یان لیێ ناوەو دەڵێن: ئەوەتە، هێشتە لەو ناوە دەسوورێتەوە..

لێرەدا جابارس بە ناڵینێکی کپ نەڕاندی: (بۆچی ئێوە لێرەن. بۆچی؟ چـی لێـرە دەبیـنن؟ بێزارم مەکەن. بەم نزیکانە چیاکان هەرەس دەهێـنن و ئاکـامی ئێـوەیش خراپـی بەسـەر دێت...).

بەر لەوە ئێوارە دابێت ئەرسین سامانچین ئوقرەی لـێ بـڕا. هەسـتی بـە ئارەزوویـەکی زۆر دەکر لەگەڵ ئیلێسدا دوور بکەوێتەوە، بە تاك و تەنیا بە دیداری بگات. بـە قـسەکانییەوە لەگەڵ شیڤ دەرکەوت کە ئێوارە سەرقاڵ نییە، ڕوونیشی کردەوە کە لەسبەینێوە بـەردەوام لەگەڵیان دەبێت و کارەکەی دەست پێ دەکات. چونکە دەبێت هـەر لـە بەیانییـەوە بـەرەو فڕۆکەخانەی ئۆلیاتی بەڕێ بکەون، بۆ ئەوەی پێـشوازی لـە گرووپـی ئامادەکـاری لەگـەڵ هـەردوو وێنـەگرە سـینەماییەکە بکـەن، پاشـان، پـاش ڕۆژێـك، پێـشوازی لـە هـەردوو ڕاوچییەکەیش بکەن. بەم شێوەیە لەسەر وردەکارییەکان ڕێك کـەوتن، کـە ئەرسـین لـەناو تێنووسەکەیدا تۆماری کردن و ڕووی کردە دەرگەی چوونە دەرەوە، کاتێك تاشـتان ئـەفغان پێیڕا گەیشت:

ـ ئەرسین گوێ بگرە، لە یادت نەچێت، ئەگەر دەڕۆیت ـ سبەینێ ئەسپەکەت بۆ دەهێنن با لەبەردەم ماڵی خوشکەکەتدا بەردەوام زین کرابێت ..

ـ باشە با بیهێنن. پێشتریش سواری بووبووم..

ـ ئەی کەی چەکەکانت بۆ بهێنین، تفەنگێکیش بۆ تۆ تەرخان کراوە، پاشـان تـۆ پرسـیاری دەمانچەت لێ کردم، ئەویشت بۆ دابین دەکرێت، هەروەها کلاشینکۆڤێکیشت پێ دەدەین. ئەوە جگە لە ئەو مایکرۆفۆنە، شەبیوورەی پێشتر باسمان لێوە کرد.

ـ باشتر وایە ئەمڕۆ نەیهێنن، بەڵکو لە دەوروبەری کاتژمێر شەشی سبەینێ ئێـوارە، پـاش ئەوەی من و شیڤ لە ئۆلیاتی دەگەڕێینەوە، بە مەرجێك چەکەکە ڕادەستی خۆم بکرێت.

ـ ئاشکرایە ڕادەستی خۆت دەکرێت و، پسوولەی وەرگرتنەکەیش مۆر دەکەیت، وەك شیڤ پێی باشە. تۆ چۆنت بیر دەکردەوە؟ بەڵێ ئەرسین ، شتێکی گرنگتر هەیە، با کـەمێك دوور بکەوینەوە.

بۆ ئەو دیوی شۆستەکە دوور کەوتنەوە، پاشان لەسەرخۆیان بە پیاسە دەهاتن و دەچوون. تاشتان ئەفغان دەستی بە قسەکرد:

ـ ئێستە گرنگترین شت ئەوەیە، لێك دادەبڕێین. ڕەنگە یەکدیش نەبینین لە چیا نەبێت، لـە بانە تەپۆڵکەکانی مۆلۆتاش، لەو شوێنەی لەگەڵ هـەردوو میوانەکـەدا دێـن. لەکاتێکـدا ئێمە لەوێ دەبین. دەبێت لەوێ بسووڕێینەوەو، بە سواری ئەسپ و بە پێ، بـە تاوێرەکانـدا هەڵژنێین. بەڵام هەر کاتێك بێرییە سەربازییە چوارچێوە سوورەکەم لەسەر دەنـێم ـ ئـەوەی لە ئەفغانستان بـۆم ماوەتـەوە، وەك پێـشتر بـۆم بـاس کردیـت ـ ئـەو کاتـە دەسـت بـە جێبەجیکردنی هەرچی فەرمانە دەکەیت کە پێی ڕادەسـپێررێیت. بـیرت نەچـێت: بێرییـە لەسەر نانەکە فەرمانە. ئەرسین سامانچین هەستی کرد گوێی دەزرنگێتەوەو خـوێنێکی زۆر دەزێتە مێشکییەوە:

ـ گوێ بگرە. ئایە تۆزێك بیرت لەوە نەکردووەتەوە کە تەگبیرت بۆ کـردووە! ڕاوەسـتە بـەر لەوەی کار لە کار بترازێت.

ـ چی دەڵێیت! پێت ناخۆشە شوانەکانمان بیست ملیۆن دۆلار لەو مشەخۆرە جیهانییانـەیان دەست بکەوێت؟

ـ نابێت دابەش کردن بەم شێوەیە بێت.

ـ بەڵێ، لەچوارچێوەی شۆڕش و چاکسازییەوە ـ تەنانەت لێرەشدا لەسەر تۆو ئازایەتی تـۆ ڕادەوەستێت. نا چاوەڕوان نابم.

ـ بەڵام ئەوەی تۆ تەگبیری بۆ دەکەیت کارێکی تیرۆریستییە! لە کۆتاییدا ئەوە تێدەگەیت.

ـ با وابێت، ئێمە پشکی خۆمان وەردەگرین.

ــ ئێـستە ناکەوینـە دەمـەقاڵێوە. بـەڵام ئـەوەی تـەگبیری بـۆ دەکـەیت بـۆ هـەموومان کارەساتێکی ناقۆڵایە. چونکە ئەوان پاسەوانی خۆیان هەیەو دووریش نییـە خـوێنی تێـدا برژێت.

ـ نیگەران مەبە، هەرچۆنێك بووە ئێمە زیانمان پـێ ناگـات، ئەگـەر قـسەکانی ئێمـە بـۆ ئینگلیزی وەربگێڕیت.

ـ مەبەستم خۆم نییە، بلێم و نەلێم، گوێ بگرە، باسی بەرەنگاربوونەوەی زۆرانبازی نییە.

ـ بۆ زۆرانبازی، با بۆ زۆرانبازی بێت. تۆ ئامادەیت لە پشکی خۆمان لەم گلۆبالیزمە بـێ بەش بکەیت؟

ـ دیسان گەڕایتەوە. واز لە گلۆبالیزم بهێنە، تەنانەت ئەگەر لـەو ڕایـەدا لەسـەر هـەقیش بیت.

ـ باشە، ئەرسین مادامەکێ وای لێهـات بـۆ خـۆت بـیر بکـەرەوەو منـیش بـۆ خـۆم بـیر دەکەمەوە، چونکە هێشتە کات بە دەستەوە ماوە. سێ ڕۆژی تەواو. بڕیییەکەم ئامادەیـە. ئێستەیش بۆ سبەینێ ـ تاشتان ئەفغان کاتێك ویستی بەجێی بێلێت، پاش ئـەوەی ئـاوڕی دایەوەو دەستی بە قژیدا هێنا:

ـ من لە هەستی تۆ دەگەم. ئەگەر من و تۆ ئێستە بە بەرچاوی هەموو خەڵکی ناوچەکەوە جوێن بەیەکدی بدەین، ئەوە کەمێك دڵت دەسرەوێت. بـەڵام ئایـە بـیرت لـە خـودی مـن کردووەتەوە. چیم بەسەر دێت. حـەز دەکـەم خـۆم بخنکێـنم، بـەڵام دەبێـت هـەر بـژیت. مادامەکێ دەژیم، با ژیانێکی خۆشنوود بژیم، ئیدی بەسە، با ئەو ئیبلیـسانە، نـەفرەتیان لێ بێت، کەم گاڵتەمان پێ بکەن. منداڵەکان جل و بەرگیان نییە بیپۆشن تا بچنە فێرگە، نەدارو هەژاری، ئێمەی شوان لە برساندا خەریکە بـەلادا دێـین، لەسـەر شـێوەی ئەوانـەی پێیان دەڵێن (بۆمیج) بێ دەرەتان، بـا ئـەو تەرەسـانە بـزانن، ئەوانـەی لـە ڕۆژنامەکانـدا قوونیان دەلێسنەوە، با بزانن کە ئێمە ئێستە چنگ لە بینەقاقای ئەو زەنگینانە دەنێین.

ـ تۆ لەو بڕوایەدایت کە تۆ دێیت و بڕییەت لەسەر ناوە، دۆخەکە ڕاست دەکەیتـەوە؟ تـۆ بەو کارەت ڕەوشکە بەرەو خراپتر دەبەیت. ئەو تێڕوانینەت بەرانبەر بە جیهان هەڵەیە.

ـ نەفرەتیان لێ بێت، لە کێشەو لە تێڕوانین .. بڕییەکە لەسەر دەکەم.

ـ باشی بیر لێ بکەوە، بەر لەوەی لەسەری بکەیت.

ـ تۆ بیر بکەوە. باشە. بای.

بەم شێوەیە لێك دابڕان، کە پتر نیگەران و گرژ بوون، بێ ئەوەی لـە نێـوان خۆیانـدا ڕێـك بکەون و لێك بگەن، ئەگەرچی بە سەلیقە دەیانزانی کـە چارەنووسـیان یەکـەو، هەسـتیان دەکرد چی لە چیاکانی تیان ـ شان ڕوو دەدات، لەو شـوێنەی لـە دۆڵ و کەنـدو نهالـەکان پڵنگی بازووی بەفرین دەژین، کە دەشێت بێ ئەوەی بە خۆیان بـزانن لـە سووچـێکەوە لـە ڕفاندنەکەدا تێ گلابن. بەڵام پڵنگە بازووە بەفرینەکان بەچیدا ئەوە بزانن، تەنانەت ئەگـەر بەهرەی بیرکردنەوەو لاساییکردنەوەیشیان هەبێت.

هەرچۆنێك بووە، لەو ساتەدا ئەرسین سامانچین بیری لە شـتێکی لـەو جـۆرە نـەدەکردەوە. ڕەنگە خۆی ڕادەستی وەهمی لەناکاو کردبێت. کاتێـك بـە تـەنیا مایـەوە، بـە شـادییەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، وەك یەکێك توانیبێتی بکەوێتە سـەر ئـاوو، لـە مەترسـی نغرۆبوون قوتار بووبێت و، هەستی بە ورووژانی سۆزە نوێیەکانی کرد، بەڵام ئایـە دەشـێت خۆشەویـستی بـەم شـێوەیە لـەناکاوو بـێ پێـشەکی دەربکـەوێت و لەیـەك کاتـژمێردا سەرهەڵبدات؟ یان ئەمـە فریاگوزارییـەکی خێرایـە چـارەنووس بـۆ ڕوحـی نـاردووە، کـە مەترسـییەکی دڕندانـە هەڕەشـەی لـێ دەکـات ـ مەترسـی بەشـدار کـردن لـە کـارێکی تیرۆریستیدا؟ وەك ئەوەی بڵێیت ئیلێس زانیبێتـی چـی بەسـەر دێـت، چـاوەڕێی دەکـرد، ئەوەتە لە پەنجەرەکەوە بانگی دەکات:

ـ ئەرسین مـن لێرەم.

خێرا پێویستی بەمە بوو، ئەندێشەیان بەیەك گەیشتن و لێك گەیشتن و لەگەڵ یەك سـازان، پاشان چاویان لێك گەیشتن لەسەر ئەوەی، وێ خێرا بـچێتە مـاڵی خوشـکەکەی، یـان لای ماڵ لەناو (نیڤا)کەیدا دانیشێت و چاوەڕوانی بێت، تا دواتر هەردووکیان بەرەو دوور ..بـێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ دەڕۆن ..تێی بتەقێنن.. ئەوەی پتر دڵی فێنك کردەوە ئەوەبوو کـە وێ لەو هەست و نەستانەیدا هاوبەش و هاوسـۆزی بـوو. کاتێـك ئەرسـین لـە نزیـك ماڵەکـە ڕاوەستا، ئیلێس خۆی ئامادە کردبوو. هاتە دەرەوەو بـزەی بەسـەر لێـوو ڕومەتـەوە بـوو، هەگبـەی سەفەریـشی بـە کۆڵـەوە بـوو، گیتارەکەیـشی بـە دەسـتەوە بـوو، پەتۆیـەکی قەدیفەیشی بەسەر شاندا دابوو.

تێیان تەقاند، هەردووکیان لە تەنیشت یەکدییەوە دانیشتبوون، شادومان بوون، هەرکە سەیری یەکدییان کردبایە شادومانتر دەبوون. (نیڤا) دڵسۆزەکە بە ڕەورەوەی دڵسۆزی و لەسەر ڕێگەی دڵسۆزی هەڵێگرتبوون، ئەگەرچی جیهان نەگۆڕابوو، بەڵام بووبووە جیهانێکی دیکە، مرۆڤ بە ئاسانی تێی نەدەگەیشت. هەرچی ئەوان بوون بە تێڕوانین چاوی خۆیان پێ دەڕشت. هەموو شتێکی تێدا، لەم جیهانە گۆڕاوە ڕەنگێکی دیکەی دەنواند، وەك ئەوەی بڵێیت تابلۆی هونەری تێدا لە خاڵێکی جیاوازەوە ڕووناك کرابنەوە. لەکاتێکدا ئەوپەڕی شادومانی مەستی کردبوون، خۆشنوودانە سەیری چواردەوری خۆیان دەکرد. وەك بڵێیت دوو منداڵن نەك دوو مرۆڤی پێگەیشتوو ـ ئافرەتێك بیست و پێنج ساڵی تەمەن تێپەڕاندبوو. لەگەڵ پیاوێك تەمەنی سی ساڵەی تێپەڕاندبوو، پێشتریش زۆر کاری چاکەو خراپەی بینیبوو، زەماوەندی بینیبوو، دووچاری ڕیسوایی هاتبوو، بە ئەزموونی جیابوونەوەدا تێپەڕیبوو، ئەوەتە ئێستەیش لە لەکەکانی ڕابوردوو قوتار بووەو، سەرلەنوێ بۆ ژیان ژیاوەتەوە. وەك لاوی ساکار، ئێستە هیچ شتێکیان نەدەبینی تەنیا سۆزی ئەوینداری نەبێت، کە بەسەریاندا زاڵ بوو، ئەوەیش خەیاڵ نەبوو، خۆ خلافاندنیش نەبوو، بەڵکو بەخششی چارەنووس بوو کە وەك بەهرەیەکی لەناکاو بۆ گیان و جەستە دێت، بۆیە هەر کەسێك، لە دوورو لە نزیك و، لەچیاو، لە ئاسۆکان، لە هەتاوو ڕووبار، لەڕێگەی بە شادومانی داپۆشراوی ژێر ڕەورەوەکان بیبینیبان، هەموو ئەوەیان لەو ساتەدا بە شتێکی مەزن و نایاب و پشووبەخش دەهاتە پێش چاو، لەبەر ئەوەی هەردووکیان پێکەوە بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ دەچن تێیانتەقاندووە. جا لەبەر ئەوەی ئیلێس لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، نەرم و نیانی لێ بەرجەستەیە، بۆیە ئەرسین سامانچین ئەوەی لێکدایەوە کە خۆشەویستی، ئەگەر بەرانبەرانە بوو، ئەوە دادوەری ژیانی باڵا، کە چاودێری چارەنووسەکانی مرۆڤایەتی دەکات، لە خودی ئەو خۆشەویستییەدایە. دەڵێن ڕۆمانسیزم ئەگەر تێکەڵ بە تراژیدیا نەبێت ، ئەوە ساکارانە دەبێت و ئاکامیش فریودەرە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە، ئەوە ڕۆمانسیزم جۆرە دەرك پێکردنێکی دیکەی هەیە، هەتاوو، ئاسمانێکی دیکەی هەیە، بەڵام بینینی ئەو جیهانە بەکەس نابەخشرێت بۆ ئەو کەسە نەبێت کە

خۆشەویستی پێ دەبەخشرێت، لێرەوەیش ئـەو پەنـدە هـاتووە کـە دەڵێـت: خۆشەویـستی سرووشی ڕوحە.

ئەوە بارێکی قورس بوو لەسەر شانی ئەرسین لاچوو. بە خۆیشی سەری لەوە سوڕ ما. ئازار بچێژێت، سەرزەنشتی خۆی بکات، بـە هـۆی ئایـداناوە ئـەم جـۆرە ڕقـەی لـەو ئیبلیـسە (ئیرتـاش کۆرچـاڵ) ببێتـەوە..بکەوێتـە داوی تـەگبیری ناشـیرین و ناپەسـەندی تاشـتان ئەفغانەوە.. لە ناکاویش بە دیداری ئیلـێس هـەموو شـتێکی پێـشتر بـسڕێتەوە، چـونکە ئیلێس لە یەك کاتژمێردا بوو بە بەشێك لەو لێی جیا نەبێتەوە. بیری بۆ لای ئـەوە دەچـوو کە وێ بۆ ڕزگارکردنی ئەو هاتووە، بۆ ئەوەی لە هەڵدێری هەزار بە هەزاری دوور بخاتەوە.

لای خۆیەوە ئیلێس ڕەهایانە بەشـداری ئـەو هەسـتەی دەکـرد، کـە شـادومانی مەسـتی کردبوو، بێ ئەوی ئەوە هیچ بیشڵەژێنێت، بۆیە گوتی:

ـ ئەرسین بنوارە، ئەم چیایانە چاوەڕوانی خۆشەویستییەکەی ئێمەن، من زۆر جـار دەهاتمـە ئێرە چاوەڕەوان دەبووم، ئەگەر نەمتوانیبایە بڕوا بەوە بکەم کە ئەمـە ڕوو دەدات..چـونکە خەڵك لەئایلەکان لەو بڕوایەدان کە بووکی هەرە نەمرەکە بەم چیایانەدا دەخولێتەوە.

ـ ئیلێس ئەوە مەڵێ، ئەگینە دەست بە گریان دەکەم.

ـ ئۆی، باش ئاگەت لە ستێرنەکە بێت ـ ئەوەی گوت و پێکـەنی، ئـای چـی پیاسـەیەکی خۆشە.

کەواتە ئەگەر هەردوو ئاشقەکە شادو بەختەوەر بـن، ئـەوە گـرنگ نییـە پێـشتر چـی لـە ژیانیانـدا ڕووی داوە. هـەموو شـتێك هەڵدەوەشـێتەوەو دەخرێتـە نـاو ئیرشـیفی پرسـە هەڵواسراوەکانەوە، چونکە سەرلەنوێ ژیان، لـە خـاڵێکی نوێـوە دەسـت پـێ دەکاتـەوە ـ ئەرسین ئەم بیرانەی بە مێشکدا تێدەپەڕی. گرنگ ئەوەیە بە چاوی ئیرەیی خۆی بـە چـاوان نەبات. بەڵام هەرچەند ئەم جۆرە نموونەییە بەرجەستە بکات، کەچی لەناکاو ئەو بیرۆکەیـە دزەی دەکردە ئەندێشەیەوە کە دەبێـژێت چـاوی بێـداری تراژیـدیا بـەردەوام و بـێ ئـەوەی شەکەت بێت بۆ شادومانی خـۆی لـە بۆسـە نـاوە، ئـەوەیش ئێـستە ڕوودەدات، چـونکە نیگەرانی ڕاستەقینە سەرلەنوێ لە ناخیدا سەرهەڵدەداتەوە:

ـ هەردوو میوانە عەرەبەکە چییان بەسەر دێت، ئەگەر بێت و بەڕاستی تاشتان ئەفغان بە بارمتەیان بگرێت؟ سەرلەنوێ دەکۆشم لەو نیازەی پەشیمان بکەمەوە، بەڵام چار چییە، ئەگەر ڕەتی کردەوە؟ ئایە دەست بە بەرگری دەکات و دەست دەداتە کلاشینکۆڤەکەی (شیڤ بیکتۆر بەڵێنی داوەتێ کلاشینکۆڤێکیش بەو ببەخشێت)؟ ئایە تەقە لە ڕفێنەرەکان دەکات، پاشان تەقە لە خۆی دەکات؟ بە درێژایی ڕۆژگار هەژارەکان خۆشیان بە زەنگینەکاندا نەهاتووەتەوە، بەڵکو ڕقیان لێ دەبێتەوە، چونکە ئەوان بە ملیۆنان جار لەوان زۆرترن، شتی سەیرو پێچەوانەیش ئەوەیە کە هاوکات ئەمانیش حەز دەکەن ببنە ملیادێر، بە گشتی مرۆڤ دەتوانێت چۆنی پێ باشە بەو جۆرە بیر بکاتەوە، بەڵام چار چییە، چی بکەین؟ هەموومان بەیەك پەت دەستمان بەستراوەتەوە. ئێستە گرووپەکەی تاشئەفغان هیچ شتێکیان نییە لەدەستی بدەن، ئەوان ئامادەن هەموو شتێك لە پێناوی پارەی شێتدا بکەن. بوونەتە دڕندە. بەڵام نێچیری دڕندە لە سروشتەوە دێت. هەرچی نێچیری ئەو جۆرە کەسانەیە لە ئاکامی تاوانەوە دەستەبەر دەبێت.. وەك تاشتان ئەفغان دەڵێت: ، چاوەڕوان مەبە، هەلەکە بقۆزەوە، مادامەکێ هەلەکە ڕەخساوە. ئێی نەفرەت لە ئیبلیس، ئەوەتە هاوپۆلەکەی پێشووی بە هۆی وڵاتی ئەفغانستانەوە خەریکە دەبێتە دڕندە، ئەوەتە ئێستە ڕکی لە گلۆبالیزم دەبێتەوەو، ئامادەیە هەر کەسێکی چنگ بکەوێت یەکسەر ساردی بکاتەوە. نەفرەت. لەیادی خۆتی ببەرەوە. تف لە هەموو شتێك بکە..

ژیانێکی دیکە هەیە، کە لەناکاو ڕەوڕەکەی دەستی بە خولانەوە کردووە، ئەوەبوو ئەو ڕۆژە لای ئەو بوو بە واقیعێکی نوێ. سەرەتا لایان دایە لای تەنیا بەنزینخانە ناوخۆییەکە، کە دەکەوێتە ئەوپەڕی (ئایل)ەکەوە، لەو شوێنەی خوشکەکەی دیکەی (ئیلێس)ی لێ نیشتەجێیەو جار جار ئیلێس لە هات و چۆکردنە جۆلاییەکانیدا سەری لێ دەدا. پاش ئەوەی (نیڤا)کەیان پڕ لە بەنزین کرد، ڕێگەیان گرتەبەر. کاتێك دەچووە شەقامە سەرەکییەکەوە، ئەرسین سامانچین بەو شێوەیە ئۆتۆمبیلەکەی سووڕاندەو وەك بڵێیت بە نیازن بە شەقامی ناو چیاکاندا، ڕوو لە شار بکەن، پاشان ستۆپی گرت و، تاوێك ڕاوەستا، بەبێ دەنگی دەستی بە بیرکردنەو کرد؟ پاشان پرسیاری لە ئیلێس کرد:

ـ ئیلێس چی ڕووی داوە، ئایە بەرەو ئەو لایە تێی بتەقێنین؟

بێ دەنگ بوو، پاشان سەری لەقاندەوە ـ پاشان بزەیەکی هاتێ، کاتێك ڕاستەوخۆ لە چاوی دەڕوانی، پاشان، بە گاڵتە، یان بە ڕاستی گوتی:

ـ ئیلیێس ئەگەر ئارەزووت لێیە، ئەوە من حەز دەکەم بۆ شارت ببەم.

ـ کەواتە بەم شێوەیە؟

ـ بەڵێ، دەمەوێت بتڕفێنم، وەك ڕۆژگاری پێشوو. چی دەڵێیت؟

ـ لەبەر چی؟

ـ حەز دەکەم پێکەوە بین.

ـ ڕۆژنامەنووسی ڕفێنەر. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە من بوومەتە ڕفێنراو، من و گیتارەکەم؟ ـ ئیلیێس ئەمەی گوت و بە شادییەوە پێکەنی ـ پاشان هەردوو چاوی نوقاندو گوتی: خودایە .. چ خەونێکی شیرینە. کەواتە ئاگەت لە ستێرنەکە بێت، ئەگینە ئۆتۆمبیلەکە نازانێت ملی چ ڕێگەیەك بگرێت.

ـ کەواتە ڕێککەوتین؟ بەڵام تا ئەو کاتە لە چیاکان دەمێنینەوە، تا بمانەوێت. لێرەدا ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو نزیك ترین شێو، بەرەو زەل و قامیشەڵانەکەی تەنیشت چۆمەکە برد. هەموو ئەوەی دواتر ڕووی دا گرتە سینەماییە کوت و پڕەکان بیر دەخاتەوە.خێرا گەیشتنە شوێنە پیرۆزەکە، خێرا دابەزین. تەنانەت گیتارەکەشیان لەناو ئۆتۆمبیلەکە لەیاد نەچوو و لەگەڵ خۆیان بردیان. لەم کاتانەدا هەتاو بەرەو ئاوابوون دەچوو، ڕەنگی سوورو ئاڵ و واڵا لە نێوان چیاکاندا سەرەتاتکێی دەکردو مژدەی سەرەتای فێنکایی پێ بوو. چلەی هاوین بوو، ڕووبارە چیاییەکە بەناو تاوێرە لووسەکاندا توند سەرەو خوار دەڕۆیشت.. ئاگرێکی بچکۆلانەیان کردەوە. یەکسەر لای کەناری ڕووبارەکەدا، لە ساتێکدا ئەمیان لەویاندا نغرۆ بوو، یەکدییان لە ئامێز گرت، پاشان بە ئاسمانە بێ گەردەکەدا فڕین، کە سۆزی بۆ دەنواندن و چاوی بە بینینیان دەڕشت. هەرچی ئەوان بوون دەتگوت لێرە نین. لە خودی ئاسمانی بڵندو بێ کۆتایی گەردوونیدا بوون، پاشان بە یەك جار گەڕانەوە سەر زەمین. کە لەگەڵ جووڵانەوەکانیاندا هەموو شتێکی دەورو بەریان لە سروشتدا، هەموو گیاو هەموو گەڵایەك لە ڕەوشێکی جووڵانەوەدا بوون: چونکە لقەکانی سەر سەریان جارێك بەرەو لای ئەوان نزم دەبنەوەو جارێکی دیکە بەرز دەبنەوە، گوڵاڵەکانی دەورو پشتیشیان جارێك

لەگەڵ سروەی بایەکەدا لار دەبنەوەو جارێکی دیکە ملکەچانە لـە شـوێنی خۆیانـدا قیـت ڕادەوەسـتن، لـە لێـك گونجـان و تەباییەکـدا بـە تایبـەتی لەگـەڵ سـیمفۆنیای ڕووبـارە چیاییەکەدا، کە تیژ تیژ بەسەر تاوێرە بریسکەدارەکاندا بە ڕێڕەوە تیژەکەیدا هاژەی دێـت. ڕووبارەکە هاژەی دەهات، دەکولاّ، ئاه و ناڵەی بوو، ئاخ و ئۆفی بوو، لـەناکاو لـە هـەموو ڕێڕەوەکەی خۆیدا چاوترووکانێك ڕادەوەستا تا بە شادییەوە هەردوو کەنارەکـەی خـۆی لـە ئامێز بگرێت. هێشتە هەتاو بەو بەرزاییەوە تیشکی خـۆی پـەرش و بـلاّو دەکـردەوە، بـە تیشکە ڕووناکەکەی لووتکەکەی چیاکانی دادەپۆشی. باڵندەکانیش لـە فـڕین ڕاوەسـتان و بێ دەنگ بوون. تەنانەت جـورجی کێڵگـەکان وازیـان لـە جـرت و فـرت هێنـا. سـەریان جووڵاندەوە. گوێیـان شـل کـرد، بـە چـاوە بریـسکەدارەکانیان دەیـانڕوانی. هەرچـی دوو ئاشقەکە بوو، ئەوە ڕوویان کردە ڕوبارەکەو، خۆیان هاویشتە ناو ئاوە تافەکەیەوە، بە ئـاوی زیندوو یەکدییان تەڕ دەکرد. زۆر جوان بوون، دوو جەستە دوو ڕوخساری ڕووخۆش. پاشـان گەڕانەو باوەشی داڵدە بەهەشتییەکەیان، گەڕانەوە ژێـر سـێبەری درەختـەکان، هـەتاو بـە شێوەیەك خۆی دەنواند وەك بڵێیـت لەوپـەڕی چـیاکانەوە ڕۆنیـشتبێت.. هەرچـی بووکـە نەمرەکە بوو، کە هەستی بە دڵ و شادومانی خۆی کرد، بـەرەو لایـان تێـی تەقانـد، لـەم چیاوە بۆ ئەو چیا دەفڕی، هەرکە گوێی لە ئیلێس بـوو، لەگـەڵ ئـاوازی گیتـاردا گـۆرانی دەچڕی، لەسەر لووتکەکە ڕاوەستاو، گوێی شل کرد، دەستی بە گریـان کـردو بـە چـرپەوە دەیگوت: (منیش خەونم بەمەوە دەبینی.. تۆ لـە کوێیـت، ڕاوچـییەکەم تـۆ لـە کوێیـت؟ کەی. کەی دەتدۆزمەوە؟)..

کاتێك ماندوو بوون، دانیشتن و بە ڕاستی لەبارەی زۆر شتەوە دوان، بێ ئەوەی باسی هـیچ لایەنێکی ژیانی پێشوویان بکەن، لای ئەوان ژماردنی ڕۆژگار لـەمڕۆوە، لـەم کاتـژمێرەوە دەست پێ دەکات. قسەکانیان بە گاڵتەیەك دەست پێ کرد:

ـ دەزانیت ـ ئەرسین گوتی ـ من بیر لەوە دەکەمەوە ئێستە ناوی ئـەم دۆڵـە ببێتـە دۆڵـی ئیلێس. تۆ ڕات چییە؟ ئەم پێشنیازە دەخەمە بەردەم کۆمەڵەی جوگرافیناسان.

ـ ئەرسین تاقی بکەوە، ئەوجا دەزانین تـەرازووی کامـان سـەردەکات، چـونکە منـیش لای خۆمەوە بە نیازم پێشنیازێك پێشکەش بکەم کە ناوی دۆڵی (ئەرسین)ی لێ بنرێت. ئـەمڕۆ

ئێمە، من و تۆ، چوون منداڵ واین. با بە ناوی ئەرسین بیك گازت بكەم، هاوكـات تـۆیش بە ناوی ئیلێس گول گازم بكە، وەك چۆن بە منداڵی گازیان دەكردم.

سەبارەت بە زۆر شت قسەیان كـرد، تەنانـەت سیاسـەتیش، ئەگەرچـی ئـەم بابەتـە لـەم بارودۆخە زۆر ئەویندارییەدا نەگونجاویش بوو. بەڵام سیاسەت هەموو شتێكی گرتووەتەوەو دەست لە یاخەی كەس ناكاتەوە، بە شێوەیەكی ئاسایی باسی ئەو بابەتـەیان كـرد كـە تـا دێت داواكردن و كڕینی بەروبوومی نـاوخۆیی و بـەروبوومی ئـاژەڵ كـەم دەبێتـەوە، بۆیـە بێكـاری و هـەژاری لادێكـانی تەنیوەتـەوەو، ئـەو كـارە خراپانـەی لەگـەڵ بێكاریـدا سەرهەڵدەدەن: وەك دزە و سەرخۆشی و، بەكارهێنانی تلیاك، بەرانبەر بەو ڕەوشەیش، كـە چارەسەری نییە، خەڵكەكە دەستبەرداری (بزنس)ەكەی كۆمپانیای (مێـرگن) بـۆ ڕاوكـردن نابن ـ كە كار هەیەو كرێش وەردەگرن، ئەوەیش سوودی بە زۆر كەس گەیاندووە. هاوكـات خەڵكی گوندەكە پێیان خۆشە ڕاوچییە دەوڵەمەندە بیانییەكان دێن. ئیلێس گوتی ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر بەوە ڕەنگە بێزاری خزمەكانی لێ بكەوێتەوە: ئەو كات دەڵـێن ـ وێ بـە خۆیشی وای لێهاتووە (كۆك دەكرێت). شتێكی دەست دەكەوێت، ئەی مافی ئەوەمان نییـە ئێمەیش شتێكمان چنگ بكەوێت؟ مامـت مرۆڤێكـی كردەنـی گەورەیـە، چـەندە چـاكە پێشكەش بە خەڵكی دەكات، بەڵام سبەینێ چی ڕوو دەدات؟

ـ ڕاستە، هەركە بانگیان كردم، خێرا خـۆم گەیانـدە ئێـرە، بـەڵام ئەرسـین خەریكـە دڵـم دەتەقێت ـ ئیلیس درێژەی بە قسەكانی دا ـ بگرە، ئـەو گیتـارەم لـێ وەربگـرە. ئـارەزوو دەكەم تا لە ژیاندام گۆرانیت بۆ بڵـێم ـ ئەمـەی گـوت لـە كاتێكـدا هـەردووكیان خۆیـان ئامادە دەكرد بگەڕێنەوە تۆیۆك جار ـ قسەكردن لە بارەی ژینگەوە چەند خۆشـە، هەرچـی ئێمەین ..

ـ بەڵێ، ئیلێس تۆ ڕاست دەكەیت، من تێتدەگەم، من بە خۆیشم ئازار دەچـێژم ـ ئەرسـین ئەوەی گوت و قسەكانی ئەوی پەسەند كرد ـ چەند لەبارەی ئەوەوە قسە بكەین ـ دەتـوانین داستانێك بنووسین، بەڵام هەركە بۆنی پارە هات ئەو كات ئامادەین هەموو شتێك بكـەین و سڵ نەكەینەوە، ئیدی خەمی ژینگە نـاخۆین. بـێ خـود سەرزەنـشتی خـۆت دەكـەیت، چونكە تۆ هیچ تاوانێكت نەكردووە، بەشداری خودی ڕاوكردنەكەیش ناكـەیت، بـەڵكو بـە

خۆت و گیتارەکەت، بەشداری ئاهەنگ دەکەیت، بەڵام من ناچارم ڕاستەوخۆ بەشداری لەم کاری ڕاوکردنەدا بکەم، چونکە پێشتر بەڵێنم بە شیڤ بیکتۆر داوە، چونکە لەبەر خزمایەتی ئەوە وەك ئەرکێك دەزانم، ناتوانم خۆمی لێ بدزمەوە.

ـ خۆشەویستم، ئەرسین من تێتدەگەم. ئەرێ لە ئامێزم ناگریت، چونکە من هەست بە کامەرانییەکی لەڕادەبەدەر دەکەم ـ سەرلەنوێ ماچی یەکدییان کرد ـ بەڵام ئەگەر ڕەتیشت کردبایەتەوەو نەهاتبایتە ئێرە، نەهاتبیاتە ئەم چیایانە، ئەوە کارەکە بەبێ تۆ هەر بەڕێوە دەچوو...

ـ ڕاوەستە، ڕاوەستە، نەفرت لە بزنسەکەی (مێرگن) بێت، بەڵام ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە من پێشتر دەمزانی، دڵم ئاگەداری کردبوومەوە کە بە دیداری تۆ دەگەم، ئیلێس ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە من لە پێناوی تۆدا هاتووم.

ـ ئۆی، چەندم چاوەڕێ کرد تا ئەو قسەیە بکەیت.ئەرسین منیش لای خۆمەوە لە پێناوی تۆدا هاتوومەتە ئێرە. هەموو بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن.

ـ لێرەدا ئەو پەندە لە جێی خۆیدایە کە دەڵێت: (ڕەنگە شتێکی زیانبەخش سوودێکی لێ بکەوێتەوە)، هەرچۆنێك بێت پڵنگە بازووە بەفرینەکانمان شایەنی سوپاسن، ئەوان ئێمەیان لێرە گرد کردووەتەوە ـ ئەرسین ئەوەی بە پێکەنینەوە گوت.

ـ وایە ـ سوپاس بۆ پڵنگە بازووەکان ـ سەرلەنوێ دەستیان لە ملی یەکدی کردو یەکدییان ماچ کرد ـ ئەرسین گوێ بگرە، ئایە دەزانیت تۆ پڵنگی بازووی نێرو، منیش پڵنگی بازووی مێینەم.

ـ ئەی چ ڕێگرییەك هەیە؟ شتەکە بە ڕاستی وایە.

لێرەدا بیرۆکەیەکی ترسێنەری بە مێشکدا هات، لە ئەژمەتدا ساتێك لە شوێنی خۆیدا وشك ڕاوەستا: (کەواتە چیمان بەسەر دێت، مادامەکێ ئێمەیش دوو پڵنگ بین؟).

ئەو ڕستەیەی بە گاڵتەوە بە زاری (ئیلێس)دا هات، هێزێکی ئەوتۆی بەخشی خۆیان لەقەرەی بابەتێکی ڕاستەقینە بدەن. ئەوەبوو لەم ڕۆژانەی دواییەدا ئیلێس هەستی بە نیگەرانییەکی زۆر دەکرد، بەڵام کەسی لێ ئاگەدار نەدەکردەوە، کە بزنسی ڕاوکردن خەریکە لە ئایلی چیا دەبێتە تەنیا شێوازی سەرەکیی ژیان. چونکە بەروبوومی کشتوکاڵی

بەلای دانیشتووانەوە ئەوەندەی ڕاوکردنی ئاژەڵی کێـوی گـرنگ نـەبوو. ئەگـەر کـار بـەو شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوە چەند ساڵێك پاش ئەم بزنسی ڕاوکردنە تێناپەڕێت، تا هـەموو ئاژەڵە کێوی و باڵندە کێوییەکان، تا دوا پۆڕ، تۆتکیان دەبڕێتەوە. ئەو کات خـەڵکی چـی ڕاودەکەن، پاش ئەوەی بە پلەی یەکەم پڵنگە بازووە بەفرینەکان لەناو دەبـەن، بـێ ئـەوەی بەرهەمهێنانی کالآی ناوچەیی لە بارودۆخی بازاڕی نوێدا هەڵسەنگێنن؟

ـ ئەرسین، چەندم پێ ناخۆشە، بەڵام ناوێرم ئەمە بە کەس بڵێم. تەنانەت ویستم لـە کـاتی هاتنی هەردوو ڕاوچییە عەرەبەکەدا ڕوو بە ڕوویان ببمەوەو دروشمێك بەرزبکەمەوە دەڵێت: (دەست لە پڵنگە بازووەکانمان هەڵگرن، تـوخنی ئاژەڵـە کێوییـەکانمان مەکەونـەوە، بـەڵام تەنانەت ناتوانین بیر لەمەیش بکەینەوە. تـەنانت کەسـوکارم، هـەموو ئایـل، بـەردەبارانم دەکەن و، ڕێ نـادەن ئـەم بزنـسە شکـست بهێنێـت. هـیچ شـتێکیان نەماوەتـەوە تـەنیا ڕێکخستنی ڕاوکردن بۆ بیانییەکان نەبێت. نا، تێم ناگـەن، بەزەییـشیان پێمـدا نایەتـەوە، ئەرسین ئەدی ئەوە ڕاست نییە؟).

ـ بەڵێ، ڕەوشەکە ئێستە وایە، قسەکەت پەسەند دەکەم. بـەڵام کارەکـە شـایەنی ئەوەیـە جاری داهاتوو پەنای بۆ ببرێت، دەبێت بەرەنگاری ئەم بزنس ـ ڕاوکردنە ببینەوە. تەنانـەت لە ئەفغانستان بەدوای چاندنی بەروبوومی دیکەدجا دەگەڕێن بۆ ئەوەی سنوور بۆ چـاندنی تلیاك دابنێن. ئێستە زۆر وتار لەبارەی ئەم بابەتەوە دەنووسرێت.

ـ ئەرسین داوای لێبوردن دەکەم کە من دەروازەی ئەم باسەم کردەوە، کـە ڕەنگـە نـەگونجاو بێت، لە کاتێکدا دروازی بەختەوەری لە بەردەمدا کردمەوەو، هەردوو ڕوحمان بەم شـێوەیە بە یەك گەیشتن. بەڵام، وەك دەزانیت، بە پێـی ئـەوە کارەکـەم دەیخوازێـت، سـەفەری زۆر شوێن دەکەم و، دەبینم هەمووان بە شێوازێك لە شێوازەکان لەگـەڵ ئـابووریی بـازاڕدا خۆیان دەگونجێنن، بەڵام نەك وەك دڕندەیی ئێمە لێرە لە چیاکان. باشە، ئـەمڕۆ بـە هـۆی بیانییەکانەوە بەروبوومەکەمان دەچنینەوە، بەڵام ئـەی دواتـر چـی دەکـەین؟ تـەنیا هـەر ڕاودەکەین، کار ناکەین ـ ئەو کات خۆمان لە ناوەنـدی سروشـتی مـردوودا لـە بۆشـاییدا دەبینینەوە. ببوورە.. درێژ دادڕیم کرد .. من خۆشم دەوێیت .. بڕوا دەکەیت؟

ـ بەڵێ، ئیلێس پێویست بە داوای لێبوردن ناکات، قسە قسە ڕادەکێشێت، دەتوانم زۆر شتی دیکەیشی بخەمە سەر، بەڵام با ئێستە ئەوە دوابخەین.. با بڕۆین خەریکە ئێوارە دادێت، دواتر لە بارەی کارەوە قسە دەکەین. لەدایکبوونی خۆشەوێستیمان ئەمڕۆ میوزیکێکە سەرلەنوێ ژیانمدا بەرز دەبێتەوە.

ـ ئەرسین با لەگەڵ گیتارەکەمدا لە پشتەوە دانیشم، بۆ ئەوەی لەکاتی هاژووتندا بێزارت نەکەم، بە دەنگێکی لەسەرخۆیش ئاوازگەلی کۆن و نوێ دەژەنم. ڕازیت؟

ـ زۆر. با ئەم ئاهەنگە تەنیا بۆ من بێت. گوێ دەگرم. بیر دەکەمەوە ... سوپاسی چارەنووس دەکەم.

ـ بۆچی؟

ـ بۆ تۆ ئیلێس ..

ئەگەر دەیزانی چ پیلانێك لەو دیوی پەردەوە دادەڕێژرێت، ئەگەر دەیزانی ئەرسین سامانچین چەندە کۆشا بۆ ئەوەی جڵەوی خۆی ڕابگرێت تا لە پلانە ترسێنەرەکەی ئاگەدار نەکاتەوە، کە لای ڕاونەرانی پڵنگە بازووەکان پێگەیشتووەو، تاشتان ئەفغان دوژمنی سەرسەختی گلۆبالیزم، خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات بێرییە سەربازییەکەی لەسەر بنێت، نیشانەی فەرمان بۆ ڕفاندنی هەردوو بە بارمتەگیراوەکەو ئەوەی ڕەنگە لە ئاکامی هەر هەموو ئەو کارەوە ڕووبدات و ئایە چۆن دوایی دێت و .. سەبارەت بە داوەکەیش .. نەفرەت لە (بزنس)ی ڕاوکردن! کە هەمووانی ـ مرۆڤ و دڕندەکانی بە گرێیەکی کوشندەوە بەستووەتەوە.

بەڵام تەنانەت لەوپەڕی چێژی ئەویندارییدا نەیوێرا لەوەی ئاگەدار بکاتەوە.

ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە سروشت ڕێزی سەردانی دڵداران دەگرێت، ئەوە پرەکتیکانە هەستیان بەوە کرد. ئەوەبوو لە هاتنەوەدا، وەك ڕێزلێنانێك بۆ ئەوینداریییان، هەموو پیرۆزباییەکانی جیهانی دەوروبەریان لەگەڵیان بوو. چیاکان، کە جلی ئێوارەیان پۆشیبوو، لەسەرخۆو بە مەزنیەتی پێشوازییان لە ئاوابوونی ڕۆژ کرد، وردە وردە لەناو سەرەتای تاریکی ئێوارەدا دەتوانەوەو سیمای خۆیان بزردەکردو تیژی و ڕاشکاوی شاخە تاوێرینەکانیان لە دەست دەدا. بە ئاسمانە بێ گەردەکەشەوە، بەسەر لووتکەکانەوە،

هەورە زۆر سـپییەکان بەشـێوەیەکی دڵـڕفێن گـرد دەبوونـەوە. ئـەو ڕۆژە بـێ هـەڵکردنی ڕەشەبا، بێ باران، بێ گەرمایـەکی سـووتێنەر تێپـەڕی. بەڕاسـتی ڕۆژێکـی خـۆش بـوو، نموونەی نەبوو، بۆ ئەوە هات دڵخۆشیان بکـات. پـاش ئـەوەی دابەزینـە نـاو نـشێوەکەوە (نیڤا)کە لەسەرخۆ دەڕۆیشت، هـیچ پێویـستیان بـە پەلـەکردن نـەبوو ـ ئـەو دوو کەسـە ئەفسوونگەرە حەزیان دەکرد پیاسەکەیان درێژتر بکەنەوە، کـە بـەلای ئەوانـەوە بـۆ کـات بەسەر بردن نەبوو، بەڵکو ژوانێك بوو، ئاسمان بۆی ڕەوانە کردن، ژوانێك بـوو هـەردووکیان خۆشیان دەویست و، بۆ هەردووکیشیان گرنگ بوو تا ڕادەیەك هەموو شتێك یەك جـارەکی ڕژایە ناو چوارچێوەی ژیانیانەوە ـ ئەم ڕۆژە سەرەتای ژیـانێکی نـوێی بـۆ پێکهێنـان. تـۆ بڵێیت نیشانەی خێری پێوە بێت؟ تۆ بڵێیت سبەینێ ڕۆژێ چی چاوەڕوانیان بکـات؟ بـەڵام هێشتە بیریان لەوە نەدەکردەوە ـ چونکە لە خۆشی ئەویندارییـدا کـە بـەر لـە لێکـدابڕانی چاوەڕوانکراو، بە گشتی نەیاندەتوانی بیر لە هیچ شتێك بکەنەوە، تەنیا ئـەو شـادومانییە نەبێت، کە لەناکاو لە ئاسمانەوە بەسەریاندا داباری.

ئیلێس، کە لە پشتەوە دانیشتبوو، لەسەرخۆ دەستی بـە گیتـار ژەنـین کـرد، ئەرسـینیش گوێی شل کردبوو، (نیڤا)کـەی بـە ڕێگەکـەدا لێـدەخوڕی، کـە زۆر جـار هاتوچـۆی پێـدا کردووە، ئێستە وا دەزانێت هەر پێیدا نەڕۆیشتووە، لەبەر ئەوەی ئێستە بووەتە مرۆڤێکـی دیکەو بۆ یەکەمین جارە لەگەڵ یارەکەیدا پێیدا تێدەپەڕێت، لەبەر ئەم هۆیە بوو نەیویـست بخافڵێـت و بـیری لای ڕێگەکـە ببڕێـت و بەڕاسـتی ڕامێنێـت. جـار ناجـاریش گاڵتـەیان دەگۆڕییەوە، بە هەست و سۆز خێرا لەیەك دەگەیشتن بێ ئەوەی پێویست بە قسە بکات.

ـ ئەی چی دەبێت ئەگەر بـە ئۆتۆمبیلەکـە سـووڕامەوەو، بـەرە شـارمان تێتەقانـد؟ چـی دەڵێیت؟ ـ ئەرسین پرسیاری لێ کردو بۆ چەند چرکەیەك ئاوڕی لێ دایەوە، ئیلێس کـەمێك خۆی لێ نزیك کردەوەو بە دەنگێکی زۆر نزم کە لە چرپە دەچوو گوتی:

ـ ئەگەر بۆ ئەوپەڕی دنیایش بێت.

لەم میزاجە نایابەدا ئەرسین سامانچین سەری لە شتێکی زۆر سـەیر سـوڕما: چـونکە ئـەو بیرۆکـە ڕەشـبینانەی، کـە بـەردەوام سـەبارەت بـە تۆڵەسـەندنەوە دەسـتیان لـە یاخـەی نەدەکردەوە وردە وردە پاشەکشەیان کردو، هەستی کرد ئارەزوو دەکات تا هەتایە لـەیادیان

بکات (با ئیبلیس ئەو کۆرچاڵە لەناوبەرێت). دەتوانم، دەتوانم تەنانەت بیّ ویّ، بیّ ئایدانا (کە بووەتە ئەستێرەیەکی ناودار) ژیانی خۆم بگـوزەرێنم. (چـەندە بـیّ مێـشك و گێـل و گەوج بووم. بەسـە. فیلـستۆپ. ژیـان خۆشـی و شـادی دیکـەی هەیـە)ـــ بـیری لەمانـە دەکردەوە. هەروەها بیری لەوە دەکـردەوە: کـە (لەگـەڵ ئەوەیـشدا (بـووکی نـەمر) لـەبیر ناچێتەوە. ئێستەیش دەتوانم بە هێزی نویّ دەست بەکاربم).

ئەرسین بە ڕاست و تەواوەتی بیری لـەوە دەکـردەوە ئیلـێس بخوازیـت و ببێتـە هاوسـەری. چونکە هەموو بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کـە لـە ڕووی ڕەفتـارو ڕوانینیـان لـە ژیـان، هەردووکیان بۆ یەکـدی گونجـاون. ویّ ئافرەتێکـە تـا توانیویـەتی خوێندوویـەتی، دەسـت ڕەنگین و جوانـە، بـیّ گومـان زۆر چوسـت و چالاکیـشە، مادامـەکیّ خـەریکی کـڕین و فرۆشتنی (جانتا)یە، چونکە لەم بازرگانییەدا ناکرێت وەك ئافرەتێکی بازرگانی پـشتەوەی سەماوەر دانیشێت. بەم بۆنەیشەوە ویّ دەتوانێت لـە گلـەیی و گازنـدەی کەسـوکارەکانی ڕزگاری بکات. بەتایبەتی شیڤ بیکتۆر ـ ئاغا (مام چرچڵ)، کە هەندێك جـار لـە ئایـل بەو ناوەوە بانگی دەکەن، پێی خۆش دەبوو، هەروەها (ئەرداك)ی برای و، ئامۆزاو خاڵۆزاو پوورزاو پلکزاکانی پێیان خۆش دەبوو. بەڵام لە هەموو گرنگتر، ئەوەیە ویّ تـا چ ڕادەیـەك ئامادەیە، ڕەنگە ئیلێس لەم گۆڕانکارییەی لە ژیانیدا ڕوودەدات کێـشەی هـەبێت. لەبـەر ئەوەی پیاوە بۆیە پێویستە ئەم دەسەتپێشخەر بێت، دەبێت داخـوازی بکـات مێـردی پـیّ بکات .. شتێکی ئاساییە ئەو بابەتەی لەگەڵ باس بکات ـ نەك بۆ گاڵتـە، وەك چـۆن بـۆ ماوەیەکی کورت ڕووی دا، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕاستەقینە ـ ئێستە، مادامـەکیّ لەسـەر داخوازی کۆمپانیای (مێرگن) لێرەن ـ ئەرسـین ئـەم بیرۆکانـەی بـە مێـشکدا تێدەپـەڕی، لەکاتێکدا گوێی بۆ ژەنینەکەی ئیلێس شل کردبوو. بەڵام ژیان، کـە لـە بـری بەختـەوەری پاداشتی دەوێت، کۆسپێکی لەبەردەم نیازەکانیـدا قـوت کردبـووەوە. چـونکە هەرچـەندە ئەرسین سامانچین هەوڵی دابایە ڕیّ بە خۆی نەدات بیر لـەو پلانـە نەکاتـەوە کـە تاشـتان ئەفغان و دەست و پێوەندەکەی خەریکن دایدەڕێژن و بە تـەواوەتی خـۆی لـە چـنگی ئـەو بیرکردنەوانە قوتار بکات، کەچی هەرگیز نەیدەتوانی، ئەگەرچی کۆشا خۆی دڵنیا بکاتەوە کە ئەوەندە نابات تاشتان ئەفغان پەشـیمان دەبێتـەوە، ناوێرێـت ئـەم جـۆرە سەرکێـشییە

سەیرە بکات، وێڕای ئەو چەند ملیۆن دۆلارەی چاوی تێ بڕیون و، دەتوانێت بەسەر ئارەزووی ئەو هەل قۆستنەوەدا سەربکەوێت، کە تەنیا یەك جار لە ژیاندا دەرەخسێت و، دەرك، نەك هەر بەو مەینەتیانە دەکات بەسەر گوندەکەیدا دەیانهێنێت، بەڵکو تا چ ڕادەیەك نیگەتیڤانە کار لە ناوبانگیەتی وڵاتەکەی دەکات.

ڕەنگە ئەوە ساکارانە بێت. بەڵام هەموو جارێك کە ناچار بیت کێشە ئاڵۆزە تایبەتییەکانی خۆتی تێدا چارەسەر بکەیت لەو بڕوایەدا دەبیت کە جیهانمان بە شێوەیەکی سەیر ڕێك خراوە چونکە هەر لە سەرەتای دروست بوونی گەردوونەوە بە شتی دژ بەیەك و پێچەوانەی یەکدی پێچراوەتەوەو، لە ناوەوەیش تا هەتایە پاڵەپەستۆی لەسەرە.

تاشتان ئەفغان خۆی بە نەیاری گلۆبالیزم دەزانێت بەڵام دوژمنایەتی کردنی گلۆبالیزم لای ئەو شێوازی تیرۆریزمی وەردەگرێت. ئای لەو پاساوەی دۆزیویەتییەوە. دەشیا مارکسیزمەکان لایەنگیری لێ بکەن. ئەوەیش بە گاڵتە نەبوو کە بە سەرپێیی گوتبووی کە پێویستە لە چیاکان **چی گیڤارای** تایبەت بە خۆمان دەربکەوێت. بەڵام ئەو لە کوێ و **چی گیڤارا** لەکوێ، هەوڵ بدە قایلی بکەو هەڵبەت بڕە دۆلار دەتوانێت هەموو ئەو هزرو پرەنسیپانە ڕامالێت کە تووشی دەبێت بە تووشیانەوە. ئەو بەستەزمانە ئەقڵی خۆی لە دەست داوە. بە ڕاستیش کێ دەیەوێت بە درێژایی تەمەنی بە دەستی نەدارییەوە بناڵێنێت؟ بەڵام بەسە ..با تف لە هەموو شتێك بکات و، گۆڕی ون بکات. بەڵام بۆ کوێ دەچیت، چۆن خۆت ڕزگار دەکەیت، ئەی ئەوانی دیکە چی لێ دەکەیت؟ تا دەهات هزرو بیرۆکەی دەگمەن بە مێشکیدا تێدەپەڕین. لە پێناوی ئەوەی ئیلێس شادومانتر بکات خێرایی ئۆتۆمبیلەکەی کەم کردەوەو، بە جدییەتێکی گاڵتەجاڕییەوە لێی پرسی:

ـ ئەی چی دەڵێیت لەبەر هەر هۆیەك بێت لە چیاکان بمێنمەوەو، لە ئەشکەوتێکدا بچمە خەڵوەتەوە؟

ئیلێس نەشڵەژا، خۆی بە پشتییەوە نووساندو وەڵامی دایەوە:

ـ ئەگەر پێکەوە بین ئەوە من ڕازیم.

ـ ئیلێس من لە قسەکەمدا ڕاست دەکەم. وەرە ئێرە. وەرە تەنیشتمەوە، با قسە بکەین، چونکە هێشتە دە کیلۆمەترمان لە پێش ماوە.

(نیڤا)کەی ڕاگرت، ئیلێس بە پەلە بازی داو، لە پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکە دانیشت، یەکسەر ئەوەندەی دیکە فێنکایی دەروونیان بەتینتر بوو.

ـ بە ڕاستیتە خەون بەوەوە دەبینیت لەناو ئەشکەوتێکدا بژیت؟

ـ ئەی کێ چوزانێت؟ باشتر وایە پێم بڵێیت چۆن یەکسەر قایل بوویت لەوێ لەگەڵم بـژیت؟ ئایە زەندەقت لە ژیانی سەرەتایی ناچێت؟

ـ ئەرسین تێبینی ئەوە ناکەیت کە من دەمەوێت سەرنجی تۆ زۆر بە لای خۆمدا ڕابکێشم؟

ـ منیش دەمەوێت سەرنجی تۆ ڕابکێشم.

ـ مادام وای لێهات ئەوە لە چیا دەژین و، یەکدیمان خۆش دەوێت .. بـەڵام پـێم ناڵێیـت چ کارێك بکەین، کاتێك ژیانی خۆمان لە ئەشکەوت دەست پێ دەکەین؟

ـ من سەرقاڵی بیرکردنەو ڕامان دەبم. وانەبێژیت بۆ دەڵێمەوە. جـۆرە ئایینێـك هەیـە بـە ناوی (تینگریانی) دەناسرێت، پەیڕەوانی ئاسمان دەپەرستن.

ـ ئەگەر پیاوانی ئـایینی لای خۆمـان بـەوە بـزانن، دێـن و دەرگـەی ئەشـکەوتەکەت لێ دادەخەن. ئەو کات چی دەکەیت؟ بەڵام بە خۆت تەنیا لەوێ نامێنیتەوە، ئەو کات من لـە تەنیشتتەوە دەبم.

ـ کەواتە هیچ شتێك نییە لێی بترسم، هەرچی سەبارەت بە پیـاوانی ئـایینی لای خۆمانـە ئەوە بە کاری خۆیانەوە سەرقاڵن و بایەخ بە کەسێك نادەن چـووبێتە خەڵوەتـەوە، چـونکە بایەخدانەکانی ئەوان مۆرکی گەردوونیانە لەخۆدەگرن.

ـ هەرچی بایەخدانەکانی منە بە تۆی دەدەم. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە تـۆ گـەردوونی منیت.

ـ ئەی تۆ بایەخ بە چی دەدەیت؟

ـ ئارەزوو دەکەم، منداڵێك، کوڕێکمان ببێت، دەستی بگرم و بێینە وانەبێژییەکەتـەوە لـە ناو ئەشکەوتەکەدا، تا هەر بە تەمەنی ساوایی گوێیان لێ ڕادێرێت.

ـ من ئامادەم، لە خوا دەپاڕێمەوە ئەمە بێتە دی. ئیلێس بمبـوورە، ڕەنگـە ئـەم پرسـیارە نەگونجاو بێت، بەڵام دەمەوێت بزانم ئایە پێشتر منداڵت بووە.

ئیلێس هیچ نەشڵەژاو بە کورتی بەرسڤی دایەوە:

ـ نا، دەمتوانی خۆم لەوە بپارێزم.

ـ دواتر پێویست بەو ناکات خۆت بپارێزیت.

ـ جارێکی دیکە وا ناکەم. بە پێچەوانەوە، منیش لە خوا دەپاڕێمەوە منداڵێکی جوانمان پێ ببەخشێت.

ـ ئەگەر کیژیش بوو ئەوە ئەوەندەی دیکە شادومان دەبم.

ـ منیش، چونکە کیژان هەر لە منداڵییەوە زیرەکترن.

ـ شتێکی ئاشکرایە. بەم شێوەیە سەبارەت بە هەموو پرسەکان رێککەوتین، هیچ شتێکی ئەوتۆ نەما، وەك لەم جۆرە رەوشانەدا دەڵێن، تەنیا مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی نیازەکان نەبێت ـ ئەمەی بە گاڵتەوە گوت.

لێرەدا ئیلێس قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

ـ پرۆتۆکۆلەکە ئامادە دەکەین.

دەوروبەری گوندەکە لە دوورەوە دەرکەوت، تاریکایی داهاتبوو، لە هەموو شوێنێك گلۆپەکان پێ کرابوون. لەناکاو دەنگی زەنگی مۆبایلەکە بەرگوێ کەوت.

ـ ئۆی، ئەوە مۆبایلەکەی منە ـ ئیلێس راپەڕی و خۆی بەسەر کورسییەکەی پشتەوەدا شۆڕ کردەوە، کە چاکەتەکەی لەوێ دانابوو، مۆبایلەکەی لە گیرفانەکەی دەرهێنا.

ـ بەڵێ؟ ئەوە تۆیت زەینەب؟ ئاااااا. لەە راستیدا من لە چیا بووم لە شوێنێك لە دەرەوەی بازنە بووم. هەرچی ئێستەیە ئەوە من لە تۆیـوك ـ جارم. بەڵێ گوێم لێتە. بەڵێ، چاوەڕوانی وەڵامێك بووم بە فاکس. ئەی لای ئێوە چی هەیە؟ رۆژی نۆزدەی مانگ؟ بەم خێراییە؟ باشە. بیردەکەمەوەو پێوەندیت پێوە دەکەم. بەڵێ، بەڵێ، دڵنیا بە. دوای نزیکەی دوو کاتژمێری دیکە. خوات لەگەڵ زەینەب. پاش ئەوەی ئیلێس مۆبایلەکەی خستەوە گیرفانی، رِوونی کردەوە کە هاوەڵەکەی لە (بزنس)ی کڕین و فرۆشتنی جانتا لە (چۆلگان) لە دەوروبەری (ئۆلیاتی) پێوەندی پێوە کرد. ئەوان چوار ئافرەتن، ئیلێس گەورەترینیانە، وەك چاووشی گرووپی پێشەنگای پێشوو. چونك لە ساراتۆڤ بنکەیەکی بازرگانی بەکۆ بە بڕی بچووکتر هەیە، دەبێت سەفەری ئەو شوێنە بکەن، چونکە

گرێبەستێکی کڕینی کاڵای جۆراوجۆریان بە دەستەوەیە، کە دواتر بەسەر دوکانەکانی ناوچەکەو بارە بچووکەکاندا دابەشیان دەکەن.

ـ دەبێت سەفەر بکەیت؟ ـ بە پەرۆشییەوە پرسیاری کرد ـ دەتەوێت بتگەیەنمە ئەوێ؟

ـ نا، نیگەران مەبە. لە (ئۆلیاتی)یەوە بە شەمەندەفەر دەڕۆین، من لەو بڕوایەدابووم کە پاش هەفتەیەك بانگمان دەکەن بچینە ساراتۆڤ، بەڵام پێدەچێت کە پێویستە سبەینێ بچین.

ئیدی بێ دەنگ بوو. ئەرسین ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت. لەپڕ کاروباری ڕۆژانە خۆی هاویشتە ناو ژیانە بەهەشتیانە خۆش و کورتەکەیانەوە. پێدەچێت کارەکە زۆر ئاسایی بێت چونکە هەر یەکەیان کاروبارو سەرقاڵی خۆی هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەستیان کرد کە لە ئاسمانەوە فڕێ دراونەتە خوارەوە. هەرچۆنێك بووە، ئەوە پتر لە یەك خولەکی نەخایاند، ئەوەبوو ئیلێس ڕایگەیاند:

ـ ئەرسین، تەلەفۆنیان بۆ دەکەم و هاوەڵەکانم قایل دەکەم کە ئەم جارەیان بەبێ من سەفەری ساراتۆڤ بکەن.

بەڵام ئەرسین نەیدەویست کە ئیلێس تووشی هیچ ئاڵۆزییەك بێت کە پێویست ناکات.

ـ ئاگەم لە هەموو وردەکارییەکان نییە، بەڵام ئیلێس من لەو بڕوادام پێویست ناکات ڕێککەوتنەکان پێشێل بکرێن.

ـ پاش ئەوەی شانی بەر شانی ئەرسین کەوت، گوتی ـ ئەرسین من ئامادەم هەموو شتێك لە پێناوی هەردووکماندا بکەم.

وەك جووتە نەورەسی سەر ڕووی دەریا ـ بە دەنگ بە کەمترین باڵ ڕاوەشاندنێك ـ لەیەك دەگەیشتن. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەرسین هەستی بەوە کرد کە پێویستە پێی بڵێت، دروستتر ئاماژەیەکی بۆ بکات، پێش ئەوەی لای ماڵی خوشکەکەی دایبەزێنێت، کە وای لێهاتووە نەتوانێت بێ ئەو بیر لە ژیانی ئاییندەی بکاتەوە. بەڵام هەرکە ئۆتۆمبیلەکەی کوژاندەوە ئەوەندەی نەبرد زەنگی مۆبایلەکە لێی دایەوە، ئەم جارە مۆبایلەکەی ئەو بوو. خودی شیڤ بوو. پاش ئەوەی لێی پرسی کە ئێستە لە کوێیە، پێی ڕاگەیاند کە ئەقیم (بەڕێوەبەری ناوچەکە) جانیشبایێڤ بە خۆی گەیشتە تۆیۆك ـ جار: چونکە پرۆتۆکۆلەکە

وایە کە بەڕێوەبەری ناوچەکە بە خۆی لە پێش هەموو ئەو کەسانەوە بن کە پێشوازی لە هەردوو میوانە بەناوبانگەکە دەکەن و بەخێرهاتنیان دەکەن، لەبەر ئەوەیە شیڤ لەسەر ئەوە سوور بوو بە زووترین کات ئەرسین سامانچین بگاتە نووسینگەکەی، چونکە دەبوو لەگەڵ خودی ئەقیمدا سەبارەت بە سەفەری بەیانی بۆ فڕۆکەخانەی ئۆلیاتی ڕێك بکەون.

بەم شێوەیە کاری ڕۆژانە تێکەڵاوی جیهانە ئەفسووناوییەکەیان دەبووەوە. بۆیە دەبوو دەست و برد بکەن. لەسەر ئەوە ڕێککەوتن بەردەوام بە مۆبایل پێوەندی پێکەوە بکەن. لە پێناوی دڵنیابوون لە ژمارەکەی ئەرسین نووکەیەکی بۆ کردو مۆبایلەکەی زرەی لێوە هات.

ـ بەڕێز ئیلێس پاتیرۆڤا ـ بە شێوەیەکی ڕێز لێ گرتنەوە گوتی ـ ببوورە ئەگەر بێزارت بکەم. من ئەرسین سامانچین بەردەوام پێوەندیت پێوە دەکەم، چونکە بەبێ تۆ ژیان دەرنابەم. کەواتە ئیلێس پاترۆڤا چی دەڵێیت؟

ئیلێس پاترۆڤا، بە پێکەنینەوەو لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ بەڕێز ئەرسین سامانچین، منیش لای خۆمەوە بەردەوام پێوەندیت پێوە دەکەم و بەوپەڕی پەشوودرێژییەوە چاوەڕوانی پێوەندییەکانت دەکەم. سوپاس بۆ تۆ موهیبان موهیباتۆڤیچ ـ ئەی خۆشەویستی خۆشەویستم.

پاش ئەوەی مۆبایلەکانیان داخست، هەر یەکەو لە چاوی ئەوی دیکەی ڕوانی، وەك بڵێیت تا هەتایە لە یەکدی جودا دەبنەوە. ـ چاوەڕێ دەکەم ـ ئەرسین سامانچین ئەوەی گوت و ماڵئاوایی لێ کرد.

ـ منیش چاوەڕێ دەکەم ـ ئیلێس وەڵامی دایەوە.

بە دەوری ئۆتۆمبیلەکەدا سووڕایەوەو دەرگەکەی بۆ کردەوەو، سەرلەنوێ لە دەوروبەری گۆڕەپانەکەدا یەکدییان لەنیوچە تاریکاییەکەدا ڕوو بە ڕووی یەکدی بینییەوە. لەم ساتەوە تەواو بڕوای کرد کە هەرگیز ناتوانێت بەبێ ئەو ژیان بگوزەرێنێت.

ئیلێس پێی گوت:

ـ هیچ ئارەزوو ناکەم سەفەر بکەم. دەکۆشم هاوەڵەکانم قایل بکەم.

ـ ئیلێس هەوڵ دە، ڕەنگە سەربکەویت، ئەگینە من دەتوانم سێ تا چوار ڕۆژ ئوقرە بگرم. بەبێ تۆ ئێرە بەجێ ناهێڵم.

ـ ڕەنگە ڕاستەوخۆ لە (ساراتۆڤ)ەو بۆ بیشکیك سەفەر بکەم؟

ـ لە تەرمینالّ چاوەڕێت دەکەم، هەقت بەسەرەوە نەبێت تەنیا تەلەفۆنێکم بۆ بکە. ئەگەر ڕاوکردنەکە زوو تەواو ببێت ئەوە شتێکی دیکەیە، ئەوە شتێکی دیکەیە.

ـ بەڵێ. تێدەگەم.

بە سۆزو تامەزرییەوە یەکدییان لە ئامێز گرت.

ئیلیێس هەر دەستی بۆ ئۆتۆمبیلەکەی ئەرسین (نیڤا)کە بەرز دەکردەوە، تا لە چاو بزربوو، هەرچی ئەو بوو چاوی لەسەر ئاوێنەی لا تەنیشت لانەدەبردو وێنەکەی دەبینی بچووك و بچووکتر دەبووەوە. دەبووە سێبەر. ئەوەندەی نەڕۆیشتبوو لەناکاو بیری کەوتەوە ـ هەستی کرد وەك بڵێیت کەوتبێتە ناو کەندەڵانێکەوە: چی ڕوو دەدات ئەگەر بێت و بە ڕاستی هەردوو (میرەکان) بڕفێنرێن؟ ناتوانێت کەس ئاگەدار بکاتەوە، تەنانەت (ئیلیێس)یش .. ئەگەر ئەو هەناوە بهاوێت، ئەوە هەرەسهێنانی وێرانکەری بەفر هەموو شتەکانی بەردەم خۆی ڕادەماڵێت و تەنیا یەك گەردیش چییە لە کۆمپانیای (مێرگن) نامێنێتەوە، ئەگەر ئەو هەنگاوە نەهاوێت، ئەوە کارەساتی گەورە ڕوو دەدات.. ئەی چی بکات؟

کاتێك ئەرسین سامانچین گەیشتە نووسینگەکەو، ڕووی کردە ژوورەکەی شیڤ، لە ناو یارمەتیدەرەکاندا(تاشتان ئەفغان)یشی بینی، ئەو سڵاوی لێ کرد:

ـ ئەرسین ئەم کاتەت باش، گەیشتیت؟ سا خێراکە با بڕۆین چونکە شیڤ چاوەڕێ دەکات ـ قۆڵی بە قۆڵیدا کردو وەك بڵێیت هیچ شتێك ڕووی نەدابێت، پاشان لای دەرەکە لێی پرسی: ـ ناوی ئەقیم دەزانیت؟ ناوی خۆی و ناوی باوکی؟

ـ نا، باش نایناسم.

ـ کارچۆبیك ئەلتایڤیچ.جانیشبابێڤ کارچۆبیك ئەلتایڤیچ. ئەزبەرت کرد؟ دیسان گوێ بگرە ـ پێدەچێت ئەقیم دوو هەڵۆی زێڕینی، لە بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکە وەك دیاری بۆ هەردوو میوانەکە ئامادە کردبێت.

ـ ئەی تۆ لێرە چی دەکەیت؟

ـ چۆن، نا، خۆ من تەنیا ڕاونەر نیم، شیڤ بەردەوام بانگم دەکات کاتێك ڕووداوی گرنگی لەم جۆرە ڕوودەدات.

ـ ڕوونە.

ـ دەرچوونەکەت لەگەڵ ئیلیێس چۆن بوو؟

ـ ئەی تۆ چ هەقێکت بەسەرەوەیە؟

ـ واز لەوە بێنە، ئافرەتێکی باشە. تەواو لەگەڵت دەگونجێت.

لێرەدا چوونە ناو ژوورەکەوە. وەك چۆن باوە بەو شێوەیە ئەرسین سامانچین سەرەتا سلاوی لە ئەقیم کرد ـ کە پیاوێکی بەرێزی قەڵەوە، جلێکی فەرمی لەبەرە، بۆینباغی بەستووە، پێوەی دەرناکەوێت کەمێك چل ساڵی تێپەڕاندووە، بیری کەوتەوە کە پێشتر لە دوو شوێن بە دیداری یەکدی گەیشتوون، لە دوو کۆنگرە. پاش ئەوە سلاویان لە (بیکتۆر)ی مامی کرد. لای خۆیەوە ئەقیم بوو دەرگەی قسەی والا کرد:

ـ ئەرسین چاوەڕێمان دەکردیت، چونکە دەبێت سەبارەت بە هەندێك شت ڕاوێژکاری بکەین.

ـ کارچۆبیك ئەلتایڤیچ من ئامادەم. کاری سەرەکی من وەرگێڕانە. دەبمە وەرگێڕێکی ڕاستەوخۆ.

ـ دەزانم، دەزانم و لەم حاڵەتەیشدا ناشێت دەستبەرداری وەرگێڕ ببیت. بەڵام ئەرسین تۆ بۆ ئێمە تەنیا وەرگێڕ نیت، ئەم خزمەت هەیە بیکتۆر ئاغا (چرچیل ـ ئاغا) دەبێت شانازی پێوە بکەیت. ئەوسا ئەم (بیك)ەمان بەسووربوونەوە کۆڵخۆزەکەی بەڕێوە دەبرد. ئیستەیش هەموو ڕاوکردنە بە دەستی ئەوەوەیە: هەر بە بەرانە کێوییەوە بگرە، تا بە پڵنگە بازووەکان دەگات. هەرچی لەبارەی ڕاگەیاندیشەوەیە ئەوە تۆ یەکێك لە ناودارەکانی ئەو بوارەیت.

هەموویان بەو نوکتەیە پێکەنین. پاشان قسەی ڕاستەقینە دەستی پێ کردو ئەقیم لە هەر هەمویان زۆرتر بەشداری لە ڕادەربڕین کرد. سەرەتا بڕیاری دا سەبارەت بە پێشکەش کردنی هەردوو هەڵۆ زێڕینەکە بە دیاری ڕاوێژیان پێ بکات (چونکە عەرەبە دەوڵەمەندەکان حەزیان لە هەڵۆو بازە چیاییەکانە بۆیە ئەو دوو میوانە زۆریان پێ خۆش دەبێت ئەو دوو باڵندەی ڕاوکردنەی (ئۆزینگیلسین)ە بۆ وڵاتی خۆیان ببەنەوە) دیارییەکان لە ئاهەنگێکی شکۆدارانەدا پێشکەش دەکرێن، ئەو کات سەری هەردوو هەڵۆکە

دادەپۆشرێت و بە دەستێك درێژ دەكرێتەوەو پێشكەش بە دەستی میوانەكە دەكرێت كە بە دەستكێشێكی درێژ داپۆشراوە. بۆ ئەوەی خوانەخواستە باڵندەكە بە چڕنووكەكانی دەستی میوانە پایە بەرزەكە بریندار نەكات. بەڵام پرسیار ئەوەیە چ كاتێك بۆ پێشكەش كردنی ئەو دیارییە باشە: ئایە ئەو كاتە هەردوو هەڵۆكە پێشكەش بە هەردوو میوانەكە بكرێت كە دەگەنە تۆیۆك ـ جار، یان پاش ڕۆیشتنیان، كاتێك ڕاوكردنەكە كۆتایی دێت.
لێرەدا تاشتان ئەفغانیش خۆی تێهەڵقورتاندو گوتی: گرنگ تر وایە هەردوو میوانەكە بە شتی لاوەكییەوە سەرقاڵ نەكرێن جگە لە كارە سەرەكییەكە كە ڕاوكردنە، دیارییەكەیشیان لە كۆتاییدا پێشكەش بكرێت، بەر لەوەی سەفەر بكەن، لەگەڵ ڕەچاوكردنی هەموو ڕێوڕەسمەكەدا. شیڤ بیكتۆریش لایەنگری ئەم بۆچوونەی كرد، هەروەها هەموو ئەوانی دیكەیش، لای خۆیشیەوە ئەقیم جانیشیاییێڤ ئەو پاساوەی پێ باش بوو. تاشتان ئەفغان بە سووربونەوە درێژەی دایە: پێویستە پێشكەش كردنی دیارییەكان بە پێی نەریتی كۆن بێت، بە ئامادەبوونی شامان كە سرووتی ڕاوكردن پێشكەش بكات.
ئەم جۆرە (شامان)انەمان هەیە، هاوكات چاوەزاری هەڵۆیش پێشكەش دەكەن. بێ گومان كە هەردوو میوانەكە ئارەزوو دەكەن ناوەرۆكی ئەو چاوەزارانە بزانن، بۆیە ئەرسین تۆ ئەوەیان بۆ وەردەگێڕیتە سەر زمانی ئینگلیزی. بۆیە باشتر وایە گوێ لە یەكێك شامانە ئافرەتەكان بگریت، بۆ ئەوەی لەناو هونەرە شامانییەكاندا بزر نەبێت.,
ـ باشە، بیری لێ دەكەمەوە ـ ئەرسین سامانچین ئەوەی بە دەنگێك گوت تێكەڵ بە گرژی بوو، لە كاتێكدا نەیدەزانی تاشتان ئەفغان بۆ وا دەكات (تۆ بڵێیت ڕای خۆی گۆڕیبێت؟ ئای چ كامەرانییەكە، بەڵام چی دەڵێیت ئەگەر بیەوێت فریومان بدات؟).
هەرچی تاشتان ئەفغان بوو، وەك بڵێیت هەستی بە شلەژانی خۆی كردبێت، بۆیە بە ئەنقەست ئەوەندەی دیكە ئاگرەكەی خۆش كرد، ئەوەبوو سەبارەت بە (شامان)ێكی ئافرەت كە نازناوی (شماڵباش)ە، واتە ملهوڕ، قسەی بۆ (بایكی) دەكرد:
ـ بەڕێز كارچۆبیك ئەلتایڤیچ لە تۆیۆك ـ جار شامانێكمان هەیە، ناشێت لە هیچ شوێنێك لە نموونەی ئەوت دەست بكەوێت. بیكتۆر ـ ئاغا تۆ شماڵباشان دەناسیت ـ ئەویش سەری بۆ لەقاندەوە، بزەیەكی بۆ كرد ـ تۆیش ئەرسین دوور نییە شتت لەبارەوەیە بیستووە؟

هەمووان لە ئایل لە بچووکەوە تا گەورە دەیناسن. کە دەستی پێ کرد کـەس ڕایناگرێـت، چونکە واز لە سەماو بازدان و هات و هاوارکردن ناهێنێت:

ڕێی تێ دەچێت

ئەو چیایانە نەبینن، کە هەرەس دەهێنن؟

ڕێی تێ دەچێت

ئەو درەختانە نابین، کە بەردەبنەوە؟

ڕێی تێ دەچێت

ئەو ڕووبارە نابینن، بەرەو دواوە دەکشێت؟

هەموو ئەوە من دروستم کردوون

هەموومان چوون ڕانە مەڕ لە پێش خۆم دەدەم

لە تەویلەیش چوون بزن لە تەویلەتان دەنێم

بەسەر پێیەکانمدا بکەون، بەرببنەوە

ئەگەر واشتان نەکرد زیز مەبن

من ـ شمبالْباشم، هەموو شتێکم لەدەست دێت.

هەمووان پێکەنین. هەرچی جانیشبایێڤ بوو بە خۆشنودییەوە پرسی:

ـ کەواتە تۆ لەو بڕوادایت بشێت ئەم (شمبالْباش)ە پێشکەش بە هەردوو میوانەکە بکەین؟

بەڵام شیڤ بیکتۆر خان بە سووربونەوە بەرسڤی دایەوە:

ـ هەرگیز. نابێت ڕێی پێ بدرێت لێیان نزیك بکەوێتەوە. چونکە شـامبالْباش بـاز دەدات، هاوار دەکات، ترس و تۆقین دەنێتەوە، پاشان ناکرێت وڕینەکانی وەربگێڕرێن. ئەرسـین تـۆ چی دەڵێیت ئایە پێویست بەم هەراوهوریایە دەکات؟

ـ وەرگێڕان کێشە نییە بەڵام پێـشکەشکردنی هـەردوو هەڵۆکـە ئاهـەنگێکی شـکۆدارەو، پێویست بەو سەرقاڵییە ناکات، چونکە هەڵۆ باڵندەی ڕاستەقینەن و بیبیمەتوو نین..

سەرلەنوی هەموویان لە قاقای پێکەنینیان دا، پاشان ئەوەندەی نەخایاند ڕاستەوخۆ چـوون دەستیان بە کارەکانیان کرد. لەو کاتەدا لە دەرەوە شەو باڵی بەسەر گەردوونـدا کێـشابوو. هەرچی شیڤ بیکتۆر بوو، کە لەسەر شێوازی چرچڵ، دووکـەڵی جگەرەکـەی بـەبادا دەدا،

هەر ئێستە بەڕێوەبەری ناوچەکەی لە تەواوی پلانەکە ئاگـەدارکردبووەوە، کـە لەبـەر هـەر هۆیەك بوو ناوی (پلانی جابارس)ی لێنابوو، هەمووشیان (پلانی جابارس)یان بڕگـە بڕگـە لە یاداشتەکانیاندا تۆمار کرد: پێشوازی کردنی هەردوو میوانەکە لە فڕۆکەخانـە، یـاوەری کردنیان تا تۆیۆك ـ جار، مانەوەیان لە شوێنی میوانان، هەرچی پاسەوانەکانە ئـەوە شـەو لە نووسینگە دەمێننـەوە، کـە ئێـستە لێـی گردبوونەتـەوە، بـەیانی لـە خـەو هەسـتان، خۆئامادەکردن بۆ ڕۆیشتن بەرەو چیاکان. لەچیایش سەربازگە بچووکەکە ئامـادەکراوەو دوو خێـوەتی تایبـەت بـۆ هـەردوو میوانەکـە هەڵـدراون و، هـەموو شـتێك بـۆ گـەرەنتی پشووبەخشییان بۆ ئامادە کراوە. بـە مەبەسـتی گەیـشتنە دۆڵەکـەیش لـە قەتـەرەوە بـە فڕۆکەی بارهەڵگر ئۆتۆمبیل دابین کراوە. لەو شوێنەی کە ڕێگـەی چـیا بـۆ پێداڕۆیـشتنی ئۆتۆمبیل سەخت و دژوار دەبێت، هەمووان سواری ئەسپ دەبـن و ئەسـپەکانیش ئامـادە کراون. بەو شێوەیش پێویستە تاقەت کراون. هەرچی قۆناغی دواییە ئەوە پێویـستە بـەپێ بڕۆن و بە تاوێرو کون و کەلەبەرەکاندا هەڵبگژێن. بەڵام ئەوە بۆ ڕاوچییە ئارەزوومەنـدەکان بەجێ دەهێڵرێت. هەموو ئەوانەی ئامادەی دیدارەکە بوون خۆشنوود بـوون کاتێـك پێیـان ڕاگەیەنرا کە هەموو بڕگەکانی (پلانی جابارس) پاداشتیان دەدرێتـەوە، هـەروەها هـەموو جۆرە خەرجییەك بەرچاو گیراوە، بە نرخی سووتەمەنی و کرێی ئەسپ و ئامێرو، تەنانـەت دارو چیلکەدار بۆ ئاگرکردنەوەیش. ئەوە پلانی ڕاستەقینەی کارکردن بوو، خۆشنوودییەکی باشی لە دەروونی خەڵکی تۆیۆك ـ جاردا بەجێ هێشت. ئێستە لای خۆیانەوە دەرکیان بـە واتای بازاڕ کرد، هەر هەنگاوەو نرخی خۆی هەیە. هەموویان دڵیان خـۆش بـوو. هەرچـی بەڕێوەبەری ناوچەکە بوو ئەوە، هەر بۆ ئەوەی بزانێت، پرسیاری لەشیڤ بیکتۆر کرد:

ـ بیکی ئەکساکال پلانەکە زۆر پتەوو مکوومە، بەڵام ئەم ناوی (جابارس)ەتـان لـە کوێـوە هێناوە؟

شیڤ بیکتۆر، کە دووکەڵی جگەرەکەی بە با دەدا، بە بزەیەکەوە گوتی:

ـ گۆرانییەك لەبارەی جابارسەوە هەیە، هەموو خەڵکی لای ئێمە دەیزانن، تەنانەت تـۆیش ئەرسین پێ بزانم لە وتارێکتدا شتت لەبارەیەوە نووسیوە؟

ـ بەڵێ بیکی، بابەتەکە لەبارەی فۆلکلۆرەوە بوو.

بەم شێوەیە بەڕێز کارچۆبیك ئەڵتایڤیچ، ئەوە ئێستە هەندێك دێڕیم بیرکەوتــەوە، دەکۆشــم بۆتی بێژم:

ئەوەتە جابارس بە چیادا باز دەدات و باڵ دەگرێتەوە.

ئەوەتە جابارس چنگی ناوتە بینەقای نێچیرەکەی.

جابارس بەردەوام دڵی بە نێچیرەکەی خۆشە.

سروشت هێزێکی لەڕادەبەدەری پێ بەخشیوە.

ئەو هێزەیش بۆ ئێوە ئاواتەخوازم.

تا لەناو خەڵکدا

ئێمەیش جابارسی خۆمان هەبێت.

جابارسی ئێمە، جابارسی پاڵەوان ..

بەڕێوەبەری ناوچەکە بە هەردوو دەستی چەپڵەی لێ داو گوتی:

ـ کەواتە بەم شێوە. شتێکی دڵگیرە، واتە ئەکساکال بیکی تۆ جابارسی پاڵەوانیت؟

شیڤ هەردوو شانی هەڵتەکاندو گوتی:

ـ نەك بە تەواوەتی. لە بواری بزنسدا ڕەنگــە تــوانیبێتم شــتێکم لــە دەڤەرەکــەی خۆمــان کردبێت، بەڵام جابارسە ـ پاڵەوانەکان لاوەکــانن. تاشــتان ئــەفغان دەبێتــە ئــەو جابارســە پاڵەوانە ئەگەر پڵنگە بازووە بەفرینەکانی دۆزییەوەو بەرەو لای ئێمەی ڕاونان.

ـ سوپاس، سوپاس ـ تاشتان ئەفغان بە خۆشنوودییەوە ئەو وشەیەی لە زار هاتە دەر.

ـ پاشان جابارسێکی دیکەی پاڵەوانمان هەیە ـ ئەویش ئەم شارەزای زمانانەیە، (ئەرسین)ی برازام.

ـ کام جابارس؟ من یارمەتیــدەری ـ وەرگێــڕم بــۆ چــەند ڕۆژێــك، وەرگێڕەکــانیش ناشــێن پاڵەوان بن ـ ئەرسین سامانچین ئەوەی بۆ گاڵتە گوت.

هەموویان پێکەنین. ئەو کەش و ڕەوشە دۆستایەتییە ڕاســتەقینە بەڵگــەی ئــەوە بــوو کــە هەڵمەتی ڕاوکردنی پڵنگە بازووە بەفرینەکان هەر لە سەرەتاوە سەرکەوتوو دیــارە، هیــچی نەماوە تەنیا ئەوە نــەبێت کەســایەتییە ســەرەکییەکان لەســەر شــانۆ دەربکــەون، پاشــان دەردەکەوێت ئایە بەخت یاریان دەبێت یان نا، ئەویش لەسەر کار ڕێکخــستنی چــارەنووس

ڕادەوەستێت، نەك چارەنووسی تەنیا ڕاوچییەکان، بەڵکو چارەنووسی ئەوانەیش کە ڕاودەکرێن. تا هەنووکە هەموو شتێك بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچێت.

جاینشبایێڤ بەڕێوەبەری ناوچەکە، بە شادومانییە ئەوێی بەجێ هێشت. بڕیاریشی دا بە خۆی ڕاستەوخۆ بچێت لە فرۆکەخانە پێشوازی لە هەردوو ڕاوچییەکە بکات، لەوێ بە ناوی دەڤەرەکەوە پێشوازییان لێ دەکات، هەرچی ئاهەنگی پێشکەش کردنی هەردوو هەڵۆکەیە ئەوە دواتر لەبارەیەوە ڕێك دەکەون ـ چونکە کەس نازانێت ڕاوکردنەکە چەند دەخایەنێت.

لێرەدا شیڤ بیکتۆر بەوپەڕی ڕێزەوە ڕوونی کردەوە:

ـ ئەوەی پێوەندی بە ڕەتکردنەوەی دیارییەکەوە هەیە لەلایەن هەردوو میوانە عەرەبەکەوە، ئەوە پێوەندی بە خۆیانەوە هەیە، چونکە میوان میوانە.

هەموو ئامادەبووان بۆ بەڕێکردنی بەڕێوەبەری ناوچەکە ڕۆیشتنە دەرەوە، کە خواحافیزی لێ کردن و گوتی:

ـ سوپاس. چامان خواردەوەو دەمەتەقێمان کردو پێویستە بگەڕێمەوە ئەوە کاتژمێر هەشتی تێپەڕاندووە ـ سەیری کاتژمێرەکەی کرد ـ کات چەند خێرا تێپەڕی، ئەویش لەبەر ئەوەی کاتێکی خۆشم بەسەر بردو زۆرم سوود لە ڕاوێژکردن لەگەڵ ئێوەدا بینی. هەرچی پێوەندی بە (پلانەکەی جابارس)ەوە هەیە، ئەوە دەشێت بگوترێت : ئستراتیژیەتییەکی تەواوە. ئێستەیش خوات لەگەڵ بیکتۆر ئەکساکال، خوات لەگەڵ تا فرۆکەخانە. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. بە دەست لە مل کردن یەکدییان بەجێ هێشت و هەر یەکە توند دەستی ئەوی دیکەی گوشی. ئەرسین سامانچین سەری لە شادومانی و دڵخۆشبوونی خەڵکی گوندەکەی سوڕما، ئەوەی بە مێشکدا تێپەڕی کە لێرەیش بزنس کاری خۆی دەکات. سەرەڕای هەموو شتێك هیوایەکی زۆریان بە دەست بڵاوی و چاوتێری هەردوو میوانە ـ دەوڵەمەندە نەوتییەکە ـ هەبوو، بۆیە هەر هەموویان خۆڕسکانە دەکۆشان بەشداربوونیان لەو کارەدا دەربخەن، بە سەرۆکی کارگێڕی ناوچەییشەوە. بەڵام ئاکام ئەمە بارێکی سروشتی باوە. بەڕاستی ڕەفتارەکەی تاشتان ئەفغانیش جێی بایەخ و چالاکی و پێزانین بوو، تا ڕادەیەك بە بیری کەسدا نەیەت کە سەرپەرشتی ئەو سەرکێشییە دەکات، کە تا ڕادەیەك سەرکێشییەکی بازاڕیانەیە. تۆ بڵێیت ویژدانی بە ئاگە هاتبێتەوە؟ (خۆزگە

هەموو شتێك ئاكامی باشی لێ بكەوتایەتــەوە) ــ ئەرســین سامانــچین بــەو شــێوەیە بــە ئومێدەوە لەگەڵ خۆیدا بیری دەكردەوە. بەڵام ترس بەری نــەدەدا، دەیویــست دڵنیــا بێــت، بەڕاشكاوی پرسیار بكات، بەڵام هێشتە نەیتوانیوە. جگە لەوەیش دڵی لای ئیلــێس بــوو، دەیویست پێوەندی پێوە بكات، بەڵام دەبوو بەر لەوە قسە لەگەڵ تاشــتان ئــەفغان بكــات. پاش بەڕێ كردنی بەڕێوەبەری ناوچەكەو شیڤ بیكتۆر، تاشــتان ئــەفغان ڕووی كــردە ئــەو شوێنەی ئەسپەكانی لێ بەسترابوونەوە، لەوێ كــە ئەســپەكەی ئــەوی لێ ڕاوەســتاوە، لــەو ساتەدا ئەرسین سامانچین لێی نزیك بووەوە كە جڵەوی ئەسپەكەی كردەوەو ویستی ســواری پشتی ببێت.

ـ گوێ بگرە ـ ئەرسین ڕایگرت ـ چی بڕیارێكت لــەبارەی بێرییــە ســەربازییەكەتەوە داوە؟ لەسەری دەكەیت؟

ـ نیگەران مەبە، هەموو شتێك ئاسایی دەبێت.

ـ ئاسایی دەبێت ـ چی دەگەیەنێت؟

ـ پێم گوتیت نیگەران مەبە. بەسە، من پەلەمە.

تاشتان ئەفغان دووركەوتەوەو هاوپۆلەكەی خۆی بە پەشۆكاوی بەجێ هێشت. چۆن دەشــێت هەموو ئەمە تێ بگەیت؟ هەر ئێستە پــێش ماوەیــەك وا پێدەچــو وەك بڵێیــت پەشــیمان بووبێتەوە، وەك دەگوترێت لەبەردەم ئاسماندا چۆكی دادایەوە.

ـ تا ئەم ڕادەیە دلێرو بەڕێز بوو، كەچی ئەوەتــە تەنانــەت نایــەوێت قــسەیش بكــات. تــا ڕادەیەك ناشێت لێی بگەیت، چونكە ئەو بە ئاسانی ناتوانێت واز لە پلانە سەرنجڕاكێشەكە بهێنێت، ئەویش پێویستی بە كۆششی زۆر كرد تا خودی خۆی كۆنترۆڵ بكات، بۆیە ســەیر نییە كەمێك بە گوڕ بچێتە پێشەوە، ئەوە زیانی نییە، گرنگ ئەوەیە بە خۆیدا چووبێتەوە، باشتریش ئەوەیە لە ڕاوكردندا ببێتە جابارسێكی پاڵەوان.

ئەرسین سامانچینیش لە ڕەوشێكی ئەوتۆدا نەبوو ئیرەیی پێ ببرێت، هەستی دەكــرد دڵــی دەگوشرێت كاتێك دەگەڕایەوە ناو واقیع، چونكە كەس بە ئاماژەیش ئامــاژەی بــەو زیانــە نەكرد كە ئەم (بزنس)ی ڕاوكردنە بــە ژینگــەی دەگەیــەنێت، كــەس بایــەخ بــەوە نــادات. تەنانەت بە خۆیشی ناچار بوو بە هــۆی پێوەنــدی خزمایەتییــەوە بــێ دەنــگ بێــت، ئــەو

خزمایەتییەی بە خاوەنی ئەم بزنسە دەگمەنەوەی گرێ دەدات، کە ئـەم جـۆرە سـەرکەوتنە بێ وێنەیەی بەدی هێناوە. ئابووری بازاڕ نەك بە تـۆڕی خـۆی تـەنیا خـەڵك ڕاو دەکـات، تەنانەت ڕوحیشیان ڕاو دەکات. بیکتۆر خان ئەو بەسەرهاتەی بۆ گێڕانەوە: لە ناو هـەموو خەڵکی گوندەکەدا، ئەوانەی بە ڕۆژ هاتن بۆ ئەوەی بـە دوای کارەکانـدا بـچن، پیـاوێکی سەیر هەبوو، بیرۆکەیەکی سەیری دەخستە ڕوو، چونکە ڕاوکردنی پڵنگە بازووە بەفرینەکان بە بۆچوونی ئەو شتێکی بێ بایەخەو گوتی : (با بیر لە شتێکی دیکە بکەینـەوە، دەشـێت بەفری چیاکانمان بفرۆشین). شیڤ بیکتۆر سەرسوڕمانی خۆی لەبارەی ئـەو قـسە پووچـەوە دەربڕی، بەڵام ئەو پیاوە پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد: هەموو شـتێك ئـەمڕۆ لـە جیهانـدا دەفرۆشرێت و دەکڕرێت. بەفری چیاکانمان ئاوی ناو ڕووبارەکانن. ژیانی ئاسـیای نـاوین بـە گشتی لەسەر بەفرە هەمیشەییەکانی ئێمە ڕاوەستاوە. خۆ چیاکان چیای ئێمەن، بەفرو چیا بەفرینەکانیش هی ئێمەن. هەموو چێنراوەکانی پێدەشتەکان کە ئـاودەدرێن لـە ئاسمانـەوە دانەباریون، بەڵکو هەموویان هی ئێمـەن، جـا کـە وای لێهـات بـا داوای پـارەی ئاوەکـە بکەین. بۆچی نەوت و غازو کەرەستەی دیکەی وزە بەم نرخە گرانانە دەفرۆشن، بێ ئەوەی هیچ ئاسانکارییەك بۆ کەس بکەن، کەچی ئێمە ئاوەکەمان بە خـۆڕایی دەبەخشـینەوە، کـە بێ ئەو ئاوەمان پێدەشتەکان هیچ ژیانێکیان تێدا نابێت، بێ ئەوەی کەس تەنانـەت بڵێـت سوپاستان دەکەین؟ ئەوانەی لەو خوارەوە ئێمەی ئەم چـیایانە بـە ئـادەمیزادیش دانـانێن. کەواتە بۆچی دەبێت پڵنگە بازووەکـان ڕاوبنـرێن؟ بـا کۆمپانیـای (مێـرگن) نـەك تـەنیا خزمەتگوزاری ڕاوکردن دەستەبەر بکات، بەڵکو با ئاویش بفرۆشێت، هەر هەمووومان لەوە قازانجمان بەر دەکەوێت. ئەو پیاوە بەو شێوەیە ئەم بیرۆکە بازاڕیانەی بە هـەموو بایـەخ و گوڕو تینەوە خستە ڕوو، بۆیە دەبوو هێور بکرێتەوەو، قایل بکرێت کـە ئـاو بەخشـشێکە خوا بۆ هەموو مرۆڤی ناردووە. دەشێت ئەم جۆرە ڕووداوە ببێتە جۆرە نوکتەیـەك، ئەگـەر لە بنەڕەتدا پێوەری بازاڕی ئەم سەردەمە هاوچەرخەی تێدا نەبووایە.

ئەرسین سامانچین بەم جۆرە بـیری دەکـردەوە، کاتێـك لەپـشتی سـتێرنی ئۆتۆمبیلەکـەوە دانیشت، بێ ئەوەی سلف لە ئۆتۆمبیلەکە بدات، دەستی بـە ژمارەکـەی (ئیلـێس)دا نـا. مۆبایلەکەی پێوەندی لەگەڵ بوو. کەواتە هێشتە لەگەڵ دەستە خوشکەکانیدا سەبارەت بـە

گەشتە جۆلاّییەکانیان قسە دەکەن. حەزی دەکرد گوێی لە دەنگی بێت. کاتێکیش بیری لە (پلانەکەی جابارس) دەکردەوە، بیری بۆ ئەوە چوو کە ئیلیێس یەکێك لەو کەسانە بــوو کــە ئەو ڕۆژە قسەی لەگەڵ کردن، کە بیرۆکــەی بەرەنگاربوونــەوەی ڕاوکردنــی بــێ ویژدانانــەی پڵنگە بازووەکانی بە بیردا هات. ڕاستە کە دەیزانی کە خەڵکی گوندەکەیان پشتگیری لــێ ناکەن، چونکە ڕێگەی بژێو پەیداکردنیان لێ دەگرێت.لەگــەڵ ئەوەیــشدا ئەگەرتــەنیا یــەك مرۆڤیش هەبێت بایەخ بەو کارە بدات ئەوە جێی خۆشنوودییە. ئەرســین ئــارەزووی دەکــرد گوێی لێ بگرێت و وێیش گوێ لەم بگرێت، بۆیە دەکۆشا پێوەندی پێوە بکات، بــەلاّم بــێ هوودە بوو. چونکە کاتی ئەوە هاتبوو بگەڕێتەوە ماڵی خوشــکەکەی، چــونکە چــاوەڕێیان دەکرد، سبەینێش هەر لە بەیانییەوە لەگەڵ شیڤ بیکتۆردا ســەفەری فرۆکەخانــە دەکــەن، پاشان خۆ بۆ پێشوازی لێ کردنی هەردوو میوانە گەورەکە ئامادە دەکەن، پاشــان ســەرەتا بەرێ کەوتن بە ئۆتۆمبیل بەرەو چیاو دواتر بە سواری ئەسپ، پاش ئەوەیش بەپێ ڕۆیــشتن بەناو نهال و دۆڵ و کۆمەڵە لم و سەرکەوتن بەسەر بەرزاییەکاندا تا دەگەنــە ئــەو شــوێنەی پڵنگە بازووەکانی لێیە، پاشان خودی ڕاوکردنەکەو گەڕان بە دوای دڕندەکانــدا دەســت پــێ دەکات لەکاتێکدا دەستیش لەسەر بەلەپیتکەی چەکە. شیڤ هەموو ئەوەی باش دەزانــی، بۆیە زۆر ئارەزووی دەکرد ئەرسین بەشداری لــەو کــارەدا بکــات. (هــەموو وەرگێڕێــك بــۆ هەڵگژان بە چیادا ناشێت، هەرچی تۆیت ئەوە گەنجیت و لەوپەڕی هێزو تواناداییت. سوپاس بۆ خوا ئەسپ سوارانی خانەوادەکەمان بەردەوام چوست و چالاك بوونە ..). لە ڕاستیــشدا قسەکانی ڕاست بوون، چونکە ئەرسین ڕکابەری هەردوو میوانە عەرەبەکە بــوو، ئەگەرچــی ئەوان لە چیانەبەردان بوون و مەشقیان کردبوو، لەگەڵ ئەوەیشدا با ببینین..

ئەم کارە، کــە بەوپــەڕی گــورج و گۆڵییــەوە دەســتی پــێ کــرد، کۆتاییەکــەی لــە ئــازارو ئەشــکەنجەکانی (ئیلــێس)دا بەرجەســتە بــوو، کــە نــەیتوانی هاوەڵــەکانی (بــزنس)ە جۆلاّییەکەیان قایل بکات بەبێ ئەو ســەفەر بکــەن و، نــەیش ســەفەری شــاری (ســاراتۆڤ) دوابخــات. ئیلــێس بــە دەســتی ئــەو دوو کێــشەوە دەینالاّنــد، لــە مۆبایلەکــەی دوور نەدەکەوتەوە، پەیتا پەیتایش چارچی دەکردەوە، نەوەك دابخرێت و نــەتوانێت پێوەنــدی بــە یارەکەیەوە بکات، چونکە دەبێت سبەینێ سەفەری ساراتۆڤ بکات.

چەندە کون و قوژبنی جیهانی بە پێ گەڕاوە، چەندە کۆڵی قورسی پڕ لـە کـاڵای هـەزرانی هەڵگرتووە! لە سەفەریشدا چەندە ئازارو شەکەتی چەشتووە. چونکە بەرپرسانی ئاسایش و گومرگ لە شەمەندەفەرو بنکەکانی پۆلیـسدا دوایـەمین کوبیکیـان لێ دەسـتاند. لەگـەڵ ئەوەیشدا هیچ کات ئەو کارە نەبووە هۆی ئـەوەی ئـارەزووی سـەفەرکردنی لا نـەمێنێت. تەنانەت ئارەزوویەکی کوشندەی بە مێشکدا تێپەڕی ـ بچێت بۆ لای پڵنگە بازووەکـان لـە چیا، تا لەوێ لە ناو ڕاوکەراندا چای بە یارەکەی بکەوێت، لە کاتێکدا بە هەڵەداوان بـەرەو لای دەچێت بۆ ئەوەی بە دیداری بگات و پێی بڵێت، کـە وێ چـاوەڕێی دەکـردو ئامادەیـە لەگەڵی بڕوات، تەنانەت بۆ ئەوپەڕی جیهانیش بێت. لە ڕاستیـشدا دەبـوو ئـەرکی خـۆی بەرانبەر بە دەستەخوشکە هاوەڵەکانی لەو کارەدا جێبەجێ بکردایە ـ چونکە هەر چواریان بۆ هەموو شوێنێکی جیهان پێکەوە سەفەریان کردووە ـ زەینەب و دوو ئافرەتی دیکـە لـە دو گوندی دراوسێ، تەنیا ئەوان دەیانتوانی بەو شێوەیە خۆیان لە دزو جەردەکان بپـارێزن، چەند ئافرەتی هاتوچۆکەر شوێن بزربوون، چونکە بە تـاك و تـەنیا کاریـان دەکـرد، جگـە لەوەیش، ئیلێس بە خۆی دیکیۆمینتێکی تێپەڕبوون (پاسپۆرت)ی بـە هـەموو بنکـەکانی پۆلیسی سنوورەکاندا هەیە، هەرچی ئەو ئافرەتەکانی دیکەیە ئەوە یارمەتیدەری وێ بوون، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە سەفەر بکات.

ئەو شەوە ئیلێس بە هێوری گریاو، لە خوا پاڕایەوە لەو کامەرانییەی بێ بەش نـەکات کـە پێی بەخشیوە .. کاتێك زەنگی مۆبایلەکە لێی دا کە چاوەڕوانی دەکرد، کاتێك سەرلەنوێ هەستی بەوە کردو باسی خۆی بۆ کردو ئەویش باسی خۆی بـۆ کـرد، کاتێـك هـەردووکیان بەڵێنیان بەیەکدی دا بەم نزیکانە بە دیداری یەکدی بگەن، ئەو کات ئیلێس هەسـتی کـرد کە سەرلەنوێ گیانی بووژایەوە.

ئەو شەوە مانگ بە ئاسمانەوە چواردە شەوە بوو. جابارسی بێزراو ڕووەو ئەو مانگە گـەورە بڵند دەینەڕاند، کە بە ئاسمانی بێ گەردەوە بە هەزاران ئەسـتێرەی بـچووك بـچووك چـوار دەور دراوە، ئەو کات سکاڵای لای مانگ دەکرد، بەڵام مانگ وەڵامی نەدەدایەوە. دەبـوو بۆ شوێنێك بچێت، لە پڵنگە بازووکانی دیکەوە نزیکە، لەبری ئەوە کەچـی وەك ئەفـسوون لێ کراو هێشتە لە بناری لوتکەی ئۆزینگیلیش ـ ستریمیانی ماوەتەوە. وێـڕای ئـەو سـێ

ئەسپ سوارە کە بۆ دووەمین ڕۆژە لەو تەنیشتەوە دەرکەوتن، کەچی جابارسی ڕووگرژ هیچ بایەخێکی بەوە نەدا. با بۆ خۆیان لەو ناوە تەڕاتێنی بکەن، ئەو چی بەسەریانەوەیە. بەلاّم بێ هوودە بوو، ئەوان بە دووربینەکانیان چاودێری خودی ئەمیان دەکرد ( سەر زلە کلک درێژەکە).

# نۆیەمین پاڕ

پلانە بیکتۆرییەکەی (جۆبارس) بە پێی ئەو بەرنامەیەی بۆی داڕێژرابوو بەبێ ڕاوەستان بەرەو پێشەوەچوونی مسۆگەر کرد، دەبوو ڕێز لە باشی ڕێکخستنی پلانەکە بگیرێت، بە ڕاستی پلانەکە بە هەموو وردەکارییەکانییەوە زۆر ورد داڕێژرابوو، بۆیە بەبێ هیچ کەم و کورتییەك جێبەجێ کرا، دەشێت بگوترێت کە هەموو ئایل تۆیۆك ـ جار بەشدارییان لە ڕێوشوێنی ئامادەکاری بۆ ڕاوکردنەکەو جێبەجێ کردنیدا کرد. لەم ڕۆژانەیشدا هەموو خەڵکی گوند، لە گەورەیانەوە تا بچووکیان، چاوەڕوانن ڕاوکردنی پڵنگە بازووە بەفرینەکان سەرکەوتووانە کۆتایی بێت و ئەو قازانجە لە ڕادەبەدەرەیان دەست بکەوێت. ئایل هەمووی شڵەژابوو، هەموو هیوایان دەخواست هەردوو میوانەکە سەربکەون. تەنیا پڵنگە بازووەکان نەبێت نەیاندەزانی چ داوێکیان بۆ دەنرێتەوەو، چ شتێك بەم نزیکانە چاوەڕێیان دەکات.

بەرانبەر بەوەیش کارەکە بەو شێوەیە سەرکەوتوانە بەڕێوەچوو کە کۆمپانیای (مێرگن) هیوای بۆ دەخواست، هەموو وتوێژەکانیش بە درێژایی شەوو ڕۆژ بە هۆی ئەرسین سامانچینەوە بەڕێوە دەچوو، تەنانەت شیڤ بیکتۆر گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەگەر ئەرسین نەبووایە ئەوە ئەم کارە بەرهەمدارە بەدی نەدەهات بۆیە هەرکە هەلی دەست بکەوتایە ستایشی برازاکەی دەکرد. (ئەی ئەرسینی خۆشەویستمان پێت ڕادەگەیەنم کە هەرکە قسە لەگەڵ هەردوو میوانەکە دەکەیت، وەك گوڵی پاش باران دەگەشێنەوە. ئەگەرچی من یەك وشەیش تێناگەم، بەڵام ئەوە لە چاویاندا دەبینم). شیڤ لەو قسانەیدا هیچ زێدەڕۆییەکی نەدەکرد. هەر لە یەکەم پێشوازی کردنەوە .. پاشان لە ڕێگەی فڕۆکەخانە، هەردوو میوانە عەرەبەکەو، یارمەتیدەرەکەیان سەبارەت بە پرسە گرنگەکان و نیازە چاکەکان قسەیان دەکرد. لای خۆیەوە ئەرسین سامانچینیش هەستی بە خۆشی دەکرد، وێڕای بارە قورسەکە، بە درێژای ڕۆژ ناچار بوو قسەکان بۆ ئینگلیزی و ڕووسی و قیرغیزی وەربگێڕێت. تا ڕادەیەکیش جێبەجێ کردنی یەکەمین قۆناغ ـ گەیشتنی گرووپی ئامادەکاری، پاشان گەیشتنی خودی هەردوو میوانەکە ـ بە شێوەیەکی ڕێکخراوو شارستانیانەو دوور لە شتی زێدە بۆ چاکەی ئەو دەگەڕێتەوە.

ئەوەیش ڕوون بووەوە کـە هـەردوو میوانەکـە دوو گـەنجی ڕووخۆشـن، نزیکـەی لـە یـەك تەمەندان، هاوچـەرخانە بـیر دەکەنـەوە، وەرزشـوانن، ڕوخـسارێکی زیرەکانـەیان هەیـە، یەکێکیان زانکۆی (کمبردیج)ی تەواو کردووەو ئـەوی دیکـەیان ـ ئۆکـسفۆرد. لەکاتێکـدا حەسەن دوو سمێڵی پڕی ڕەشی پێوەبوو، کەچی مویەسـەر تراشـیبووی. هـەموو بەڵگـەکان ئاماژەیـان بـەوە دەکـرد کـە ڕاوکردنـی دڕنـدە کێوییـەکان بـەلای ئەوانـەوە هـیچ جـۆرە هۆکارێکی پاڵەوانیەتی نەدەگەیاند، بە ڕادەی ئەوەی کە جۆرە وەرزشێکی نائاسایی بوو.

وەك سەرەتایەك ئەم زانیاری و تێبینیانە بـەس بـوون. لای خۆیـشییەوە ئەرسـین زانیـاری سەبارەت بە وڵات، سەبارەت بەم ناوچە شـاخاوییە، سـەبارەت بـە کـەش و هـەوای چـیا بڵندەکان، سەبارەت بە دانیشتووانی دەڤەرەکەو نەریت و ڕەوشت و هەڵس و کەوتی میللی بۆ هەردوو میوانەکە ڕوون دەکردەوە.

لە کەژاوەیەکدا گەیشتنە تۆیۆك ـ جار، شیڤ بیکتۆر خان لە ئۆتۆمبیلـە جێپەکەیـدا لـە پێشەوە بوو، لە پشتیشییەوە ئۆتۆمبیلە (هەمەر)ەکە دەڕۆیشت، کە هـەردوو میوانەکـەی تێدا سواربووبوون لەگەڵ ئەرسین سامانچین بەوەی کە وەرگێـڕو یـاوەری ڕاوێـژ پـێ کـراوە، پاشان ئەو ئۆتۆمبیلەکانی دیکە کە پاسەوان و وێنەگرەکانی تەلەڤزیۆنیان تێدابوو.

هەموو خەڵکی تۆیۆك ـ جار ڕژانە شەقامەکان. پێشوازییان لە هەردوو میوانەکە دەکـردو سڵاویان لێ دەکردن. هەرچی منداڵەکان بوون کە دیمەنی (هەمەر)ەکە سەرسوڕمانی کردن، لەم بەرو لەو بەری ڕێگەکەوە ڕایان دەکرد، هاوکات حەپـەی سـەگیش بـەرگوێ دەکـەوت. یەکەمین جارە ئەم جۆرە ئۆتۆمبیلە دەبینن، بڕوایان نەدەکرد کە ئەم ئۆتۆمبیلە سـەیرە بـە شەقامی گوندەکەیاندا دەڕوات، تەنیا منداڵەکان واقیان وڕنـەمابوو، بـەڵکو هەنـدێك لـە گەورەکانیش واقیان وڕمابوو: پێشبینی ئەوەیان دەکرد ملیۆنێرەکان ببینن، بـەڵام هیـچیان نەبینی تەنیا دوو لاوی ئاسایی نەبێت جلی وەرزشیان لەبەر بوو.

ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو. هەرکە هەردوو میوانەکە گەیشتن، برانە ئـەو ژوورانـەی بۆیـان ئامادە کرابوو. پاش پشوویەکی کورت، شیوی ئێوارەیان پێشکەش کرا، کاتێـك ڤۆدگایـان بۆ هێنان ڕەتیان کردەوە، پاشان بە گاڵتەوە ڕوونیان کردەوە کە هۆی ڕەتکردنەوەکـەیان بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناشێت ڕێ بە خۆیان بدەن سوود لەو چێژە ببینن، پاش کۆتایی هاتنی

ڕاوکردنەکە نەبێت، کاتێك پێستی پڵنگە بازووە بەفرینەکان، کە لە ڕۆژهەڵات زۆر گرانە، لەبەر دەستیاندا دەبێت. بەو بۆنەیشەوە لەکاتی قسەکردندا ئەرسین سامانچین ئەفسانەی بووکی نەمری بۆ هەردوو ڕاوچییە عەرەبەکە باس کرد. تەنیا دەیویست باسی بکات بەڵام نەیدەزانی کە نیگەرانی خۆی و نیگەرانی هەردوو میوانەکە دەورووژێنێت. ئەوەبوو کارەساتی بووك و زاواکە زۆری کار تێ کردن، کە بە هۆی ڕق و ئیرەیی بەسەریان هات، ئەو ڕق و ئیرەییەی هەر لەمێژەوەیە لەناو ناخی مرۆڤدا چەکەرەیان کردووە، ئەوەی زۆرتر نیگەرانی کردبوون ئەوەبوو کە زاواکە ڕاوچییەکی ناودار بوو، پێستی پڵنگی بازووی بەفرینی، وەك باشترین دیاری، پێشکەش بە دایك و باوکی بووکەکە کردبوو، دەبێت ئەوەیش بزانرێت کە ئەو کاتە هێشتە تفەنگی ڕاوکردن سەری هەڵنەدابوو. پرسیاری ئەوەشیان کرد ئایە نەریتی پێشکەش کردنی پێستی پڵنگی بازووی بەفرین تا ئێستە ماوە یان نا. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە فەروی پڵنگە بازووەکان سامانێکی سروشتی پلە یەکە، وەك فەروی پڵنگەکانی دیکە. ئەرسین سامانچین بۆی دەرکەوت کە حەزکردنیان لە تێکەڵاوبوون تەنیا بۆ لێ ئاگەداربوون نییە، بەڵکو بەڵگەی ئەو دۆستایەتییەیە کە ناخی مرۆڤ خۆشنوود دەکات. لە کاتی قسەکردندا لێیان پرسی ئایە سەری لە وڵاتانی عەرەب داوە یان نا، کاتێك زانییان کە تا ئێستە سەری لە هیچ وڵاتێکی عەرەبی نەداوە میسر نەبێت، بانگهێشتیان کرد سەر لە وڵاتەکەیان بدات و دوو بلیتی سەردانیان پێ بەخشی و، دووپاتیان کردەوە کە بەوپەڕی ڕێزو پێزانینەوە پێشوازی لێ دەکرێت و لە ڕوانگەی دۆستایەتییەوە دەیبەنە سەردانی خێوەتگەی بەدووەکان. شتێکی ئاساییە کە ئەرسین لە ناخەوە سوپاسی کرد، بەڵام لە قسەکانیدا باڵی نەکشاندە سەر بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییە هەنووکەییەکان، وێڕای ئەوەی کە وەك ڕۆژنامەنووسێك، حەزی دەکرد ڕای ئەوان لەبارەی بابەتە گرنگەکانەوە ببیستێت، چونکە لەبەر ئەوەی ئەوان دوو کەسایەتی ناوداربوون دەشێت بیرو بۆچوونی خۆیان بەرانبەر بەم جیهانە هەبێت، بەڵام چەند پرسێکی سەرتاسەری جیهانی هەن، بە چەمکە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە پەیوەست نییە، وەك پرسەکانی ژینگە بۆ نموونە، کە ڕەنگە یەکەمین جار وەك پرسی ناوچەیی بێنە بەرچاو ـ لە شوێنێك شتێك ڕوودەدات، بەڵام ئەوە پێوەندی بە ئێمەوە نییە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر

گۆڕانێك لەژینگەدا لە ئاكامدا كار لە سروشتی هەموو زەوی دەكات. ئەرسین سامانچین حەزی دەكرد لەگەڵ هەردوو میوانەكەدا سەبارەت بە زۆر شت قسە بكات، بەڵام بیكتۆری مامی بۆی دووپات كردبووەوە (گرنگ لەم ـ بزنس ـ ەی ئێمەدا چاوتێرییە لە رووی میوانداریییەوە ـ كە ئەویش ڕەوشت بەرزی و ڕێز لێ گرتنە ـ نابێت سنووری ڕێز لێ گرتن ببەزێنرێت، با میوانەكە شادومان و خۆشنوودو دڵنیا بێت. هەموو شتێك پەسەند بوو، ئەو مۆتەكەیە نەبێت، كە ڕوحی ئەرسین سامانچینی شەكەت كردبوو، كە بەردەوام بیری لێ دەكردەوە.

ـ ئەویش تاشتان ئەفغانی شێت بوو. پێدەچێت هەستی بە پەشیمانی كردبێت، پێدەچێت دامركابێتەوە.. ئەمە بە ڕەفتارەكانیەوە دیاربوو، بەڵام .. بەر لەوەی بچێتە ناو جێگەوە، هەردوو میوانەكە چوونە گۆڕەپانەكە بۆ ئەوەی بای پاكژ هەڵمژن و سەرقاڵی سەیركردنی (پانۆرامای شەوانە) بن ـ مانگی چواردە، ئەستێرە درەوشاوەكان، ئاسمانی ساماڵ، لە ژێریشیەوە ـ لووتكە بەفرینە زەبەلاحە، نووك تیژو تەم و مژاوییەكان.

حەسەن بە پەنجە ئاماژەی بۆ كردن و پرسی:

ـ بەڕێز ئەرسین ڕەنگە ڕاوچییە ـ زاواكە لەو چیایانە ڕاوی كربێت؟

ـ بەڵێ لەوێ دەژیاو لەوێش ڕاوی دەكرد ـ ئەرسین سامانین وەڵامی دایەوە.

لای خۆیەوە مویەسەر پرسی:

ـ ئەی بووكە نەمرەكەیش بە ئێرەدا دەسووڕێیەوەو دەگریت؟

ـ بەڵێ. هێشتە تا ئەمڕۆیش بە دوای زاوا ڕاوچییەكەیدا دەگەڕێت و بانگی دەكات.

ـ بەستەزمان ـ حەسەن بە خەفەتەوە گوتی، هەرچی مویەسەر بوو ئەوە بیرۆكەیەكی سەیری خستە ڕوو:

ـ ڕەنگە جیهان بەو شێوەیەی ئێستە هەیە، پێویستی پێ بێت؟ ئەگەر لە سەرەوە بە كامێرای تەلەڤزیۆنی وێنەی كیژێك، ئافرەتێكی هونەرمەند بگرین بە ناو چیاكاندا ڕابكات، ئەو كات دەیتوانی ببێتە كەسایەتییەكی هیماگەری.

ـ بیرۆكەیەكی جوانە ـ حەسەن ئەوی گوت و لایەنگری لەو بیرۆكە كرد ـ كە بووكە نەمرەكە ڕایبگەیەنێت خۆشەویستی و دڵسۆزی دەپارێزیت، ئەو كات لە هەموو

کەسێکەوە نزیك دەبێت، چونکە تراژیدیای خۆشەویستی بەردەوام هەیە، بەڕێز ئەرسین ڕات چییە؟

ـ لە مێژە خەون بە (بووکی نەمر)ەوە دەبینم، خۆزگە وا بووایە ..ئەو بیرۆکانەی تۆ پتر تین و گوڕم پێ دەبەخشن و منیش لێکچوونی بیرۆکەکان زۆرم کار تێدەکەن.

بەم شێوەیە بەبێ چاوەڕوانی، بیرۆکەی (بووکی نەمر) سەری هەڵدایەوەو، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن پاش ڕاوکردنەکە، لەسەرخۆو بە دوورو درێژی لەو بارەوە قسە بکەن. پاش ئەوەیش هیوای:

ـ شەوێکی خۆش.

ـ تا بەیانییان.

بۆ یەکدی خواست.

ئەرسین پاش ئەوەی بۆ ماڵی خوشکەکەی گەڕایەوە، کەمێك بە گۆڕەپانەکەدا پیاسەی کرد. دەمەتەقێی هەردوو میوانەکە کاریگەرییەکی لای ئەرسین سامانچین بەجێ هێشت. پێشبینی ئەوەی نەدەکرد. کاریگەری فێرکردنی ئەوروپای پێوە دیاربێت، لەگەڵ ئەوەیشدا بەسەرسوڕمانەوە پرسی: چۆن دەتوانن هاوکات بابەتە بەهادارەکان و ئارەزووکردنی ڕاوکردن پێکەوە گرێ بدەن؟ بەڵام کاتی نووستن هاتووە.

***

لەو کاتەدا هەموو گیاندارەکان لە چیاکان نووستبوون و، خۆیان بە تاریکایی شەوی ئارام داپۆشیبوو، تەنیا جابارس نەبێت، کە لە بناری لووتکەی (ئۆزینگلیش ستریمیانی)دا مابووەوە چاوی نەدەچووە خەو، هەر دەینەڕاندو هەڕەشەی لە مانگ دەکردو، دەستی خۆی دەگەزی و، دڵیشی ئاگەداری دەکردەوە کە بەم نزیکانە تووشی مەترسییەك دەبێت، نازانێت لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت.. سەرلەنوێ لە دوورەوە هەمان دەنگ بەرگوێ کەوت، ئەوە بووکی نەمرە، ئەویش ئاگەی نووستن نازانێت.

***

یەکێك لەو شەوەدا بیری لە یاری زەمینی دەکردەوە، ئیلێس لەوێ چۆنە؟ ئایە بە شەمەندەفەرەکەدا گەیشت کە لەگەڵ دەستەخوشکەکانی هاوەڵێدا بەرەو ساراتۆڤ دەچێت؟

ئەگەر لێیان دواکەوتبێت ئەوە دەبێت یەك ڕۆژی ڕەبەق چاوەڕوان بن، چونکە ئێستە شەمەندەفەرەکان بە دەگمەن دەڕۆن، چونکە خەڵکی بە فڕۆکە سەفەر دەکەن. بەیانی تەلەفۆنی بۆ ئیلێس کرد، پاش ئەوە نەیانتوانی پێوەندی بەیەکدییەوە بکەن. تەنیا یەك خولەکیش کاتی بەتاڵیان نەبوو، سەرلەنوێ ئەوەی بیر کەوتەوە کە لە یاد ناچێتەوە، ئەوەی لە دۆڵەکە ڕووی دا، لای کەناری ڕووبارەکە، کە پێکەوە زۆر شادومان بوون، ئارەزووی دەکرد ئەو ساتی کامەرانییە پیرۆزە جار لە دوای جار دووبارە ببوایەتەوە ..

شەو تێپەڕی. بەیانی کەش و هەوا کەمێك درژ بوو، لە شوێنێکەوە هەندێك پەڵە هەور بەسەر چیاکانەوە تێدەپەڕین. بایەکی کز جارێك لێرەو جارێکی دیکە لەوێوە هەڵیدەکرد. ئەگەرچی لە ڕۆژانی ڕابوردوودا کەش و هەوای هاوینە باڵی بەسەر ناوچەکەدا کیشابوو، تا ڕادەیەك پێدەچوو بەو شێوەیە تا هەتایە بەردەوام بێت، هەرچۆنێك بێت ئەوە هیچ هۆیەك نەبوو جێی نیگەرانی بێت، چونکە ئەوەندەی نەدەخایاند ئەو گرژی و درژییە لەناکاو نەمێنێت، ئەوە پێویست بەوە ناکات کە بە نیشانەی باران بارین دابنرێت، یان لەوە خراپتر ـ ڕوودانی باوبۆرانێك بە هەورە تریشقەوە.

هەر لە بەیانییەوە بە گورج و گۆڵی دەستیان بەکار کرد. دەبوو سەفەرکردنەکە لە (ئەرکی ڕاوکردنی پرۆسەکاری)دا ڕێك بخرێت ـ وەك لە دیکیۆمێنتی فەرمی کۆمپانیای (مێرگن)دا ئاماژەی پێ کراوە، بەر لەوەی بە ئۆتۆمبیلی زرێپۆشی (هەمەر)ەکە بەرێ بکەون، ئەرسین سامانچین شت و مەکەکانی بەسەر کردەوە، نەوەك شتێکیان لەیادکردبێت، چەکی نیشانشکێنەکان، چەکی ئۆتۆماتیکی، دووربینەکان، مایکرۆفۆن، بڵندگۆکان، دەمامکی هەناسەدان کە بۆ ئەوە پێویستن یەکێك لە شوێنە بڵندەکان تووشی هەناسەتەنگی بێت و شتی دیکە.

بە شێوەیەکی ئاسایی گەیشتنە شوێنی ئەسپەکان، پاش ئەوەی بە ئۆتۆمبیل سی کیلۆمەتریان بڕی، بە خێرایی چل و پێنج کیلۆمەتر لە یەك کاتژمێردا. ئەسپەکان ئامادەبوون، هەموویان زین و جڵەو کرابوون.

لێرەدا دەبوو کەلوپەلەکان لە ئەسپەکان بار بکرێن، شیڤ بیکتۆر بە خۆی سەرپەرشتی کارەکەی کرد.

دەرکەوت کە هەردوو عەرەبەکە سوارێکی خراپ نین. ئەسپ سواری لە چیاکان جیاوازی لە گۆڕەپانەکانی پێشبڕکێدا هەیە، چونکە دەبێت ئەسپ سوار لە چیا بەردەوام ئاگەی لەخۆی بێت هاوسەنگی خۆی لەدەست نەدات و چاوی لە ڕێی ئەسپەکە بێت، چونکە لە بناری چیاکاندا، جارێك لای چەپ و جارێکی دیکە لای ڕاستەوە، خۆڵ دادەڕمێت و بەرد بەر دەبنەوە.

یەك ڕیز بە شوێنی یەکدیدا دەڕۆیشتن، شوانکارەیەکی ناوچەکە، وەك ڕێ پیشاندەر لە پێشیانەوە دەڕۆیشت، شیڤ بیکتۆریش لە پشتی ئەوەوە بوو، پاشان هەردوو میوانەکە، دوای ئەوانیش ئەرسین سامانچین. تا ئێستە دەیانتوانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکدی بدوێن بەڵام هەر یەکەیان مایکرۆفۆنێکیان پێ بوو ، بۆ ئەوەی پێوەندییان پێکەوە نەپچڕێت، کاتێك لێك دوور دەکەونەوە. هەرچی پاسەوان و یارمەتیدەرەکان بوون ئەوە لە دواوە بوون.

تا دەهات چیاکان نزیکتر دەبوونەوەو تاوێرە زلەکان دەردەکەوتن، وەك بڵێیت هەڵواسراون، بناری چیاکان بە وردە بەردو زیخ داپۆشرابوون کە دەکرا مرۆڤیان لێ بخلیسکێت، ئەوەیش پێدا ڕۆیشتن و تێپەڕبوونی دژوارتر دەکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەسپەکان بە ڕێگەی خۆیاندا ڕۆیشتن.

لەم کاتەدا جیهانی گیانلەبەران لە چیا بڵندەکاندا ڕوخساری خۆی ئاشکرا دەکرد - چەند جارێك لەم لاو لەو لای ڕێگەکەوە ڕانە بزنە کێوی ـ تیکی و بەرانی شاخدار ـ ئەرخای دەبینران، کە لە ترساندا بازیان دەدا. ئەم گیانلبەرە سمدارانە، ژەمی بەردەوامی دڕندەکان بوون، بەڕێی خۆیاندا دەڕۆیشتن، حەسەن بە دووربین لێی دەڕوانین و، بازدانە جوان و لێهاتووانەکانیان سەرنجی ڕادەکێشا، پاشان ئەسپەکەی ڕاگرت و کەمێك هەنسکە هەنسکی بوو، گوتی:

ـ ئێستە ئەوەم بە یاددا هات ئەگەر هەر هەموو ئەم گیانلەبەرانە جوانانە بچنە ناوچەی دیکە، ئەوە پڵنگە بازووەکان لە برساندا یەکدییان دەخوارد، ئەدی وا نییە؟

ـ بێ مێشکن، ئەگینە هەڵدەهاتن ـ مویەسەر بە گاڵتەوە قسەکەی پێ بڕی.

ـ ڕەنگە شتەکە پێچەوانە بێت و، سروشت زیرەکانە ئەم شتەی ڕێکخستبێت؟ ـ ئەرسین سامانچین گوتی. لێرەدا هەردوو ڕاوچییەکە بزەیان هاتێ.

ـ ڕاستە! دەبێت بەرانبەر بە دانایی و پەندی سروشت سەر دانەوێنین.

ـ سەرکەوتنی پڵنگەکان سەرکەوتنی ئێمە دەگەیەنێت. ئەدی وا نییە؟

ئالْ و گۆڕکردنی قسەو پلاری گاڵتەجاڕی لە نێوانیاندا بێ مەبەستانە کەشێکی سەرسوڕمانی بەرانبەر بە یەکدی دروست کردبوو، ئەمەیش تەواو لە جێی خۆیدا بوو.

ئەرسین سامانچین هیوای دەخواست تا بکرێت هەردوو میوانەکە خۆشنوود بن. لەبەر ئەوەی تەنیا بۆ ڕاوکردن نەهاتوون بۆ ئێرە، چونکە پێوەندی مرۆییانەیش لەم جۆرە ڕەشانەدا بایەخی خۆیان هەیە.

ـ ئیستەیش ئەی هەردوو میوانە بەڕێزەکە ـ ئەرسین گوتی ـ شیڤ بیکتۆر خان (سەرۆکی کۆمپانیاکەمان) داوای لیێ کردم پێتان ڕابگەیەنم کە لێرە پشوو دەدەین، لەپشتی ئەو تاوێرەوە کە ئۆردوەگەکەی لێیە، لەوێ ئەسپەکان بەجێ دەهێڵین و، ڕێگەکە بە پێ دەبڕین.

ـ ئێمە ئامادەین.

ـ ڕاوکردن هەر ڕاوکردنە..

نیوەڕۆ بوو، سوپاس بۆ شیڤ بیکتۆر کە ئەم پشووە کورتەی ڕێکخست، لەناو خێوەتەکاندا دانیشتن و، (کومێس)ی چیایان خواردەوەو، کاریگەری بڵندایی چیاکان کاریگەری خۆی هەبوو ـ چونکە هەستیان بە هەناسەتەنگی دەکرد. دەستیان بە تاقیکردنەوەی ڕاستییە ڕواڵەتییەکان دەکردو، چەکەکانیان بە قەد خۆدا دەکرد، لەگەڵ مایکرۆفۆن و ئامێرەکانی دیکەدا.

کاتێك هەردوو میوانەکە، پاش بڕینی ئەو ڕێگە دژوارە، لە ناو خێوەتەکەدا پاڵ کەوتن بۆ ئەوی کەمێك پشوو بدەن، ئەرسین سامانچین هەلی قۆستەوە بۆ ئەوەی بە تەنیا بێت، هەرچی شیڤ بیکتۆر بوو، ئەوە ئەویش لە ئەسپەکەی دابەزی و دوو کەس لە یاریدەدەرەکانی باڵیان گرت چونکە بە زەحمەت هەناسەی دەداو ڕدێنی خۆی گرتبوو، بە پێویستی زانی بە هەردوو میوانەکەو یاریدەدەرەکانیان ڕابگەیەنێت کە پێویستە چاوەڕوان بن و بەم نزیکانەیش ناچنە دەرەوە بۆ ئەوەی دوای نێچیر بکەون، چونکە تا ئێستە هیچ

هەواڵێکیان لە ڕاونەرەکانەوە پێ نەگەیشتووە، هەردوو میوانەکە بە تێگەیشتنەوە ئەم هەواڵەیان وەرگرت.

وەك چیانەبەردو جیۆلۆجییەکان دووپاتی دەکەنەوە، لەم بەرزاییی ئەم چیا بڵندانەدا شتێکی ئاساییە ئەو شتە ڕوو دەدات کە پێی دەگوترێت (گۆڕینی وەرزییانەی ڕوح)، ئەویش جۆرە چارچ کردنەوەو نوێ کردنەوەیەکی میزاج و تێگەیشتنی جیهانی دەورو بەرە، لە چیاکاندا بیرکردنەوە باشتر دەبێت، بەڵگەیش دروستکردنی پەرستگەو دێری سەر بە ئایینزا جۆراوجۆرەکانە لە چیاکان کە تێیاندا سەرقاڵی ڕامان و بیرکردنەوە دەبن. دەڵێن بیرکردنەوە لە چیاکان ئازادانەترو پڕ لە سۆزترە لە پێدەشتە نزمەکان. چیاکان سروشتی دەگمەنیان هەیە چونکە ئەوەتە ئاسمان خەریکە بە سەرتەوە دەنووسێت، دەتوانیت دەستت بە هەورەکان بگات، ئەوەتە تاوێرە هەمیشەییەکان توند ڕەگیان بە ناخی تویکڵی زەویدا ڕۆچووە، ئەوەیش بەفرو سەهۆڵەکان بەوپەڕی بێ گەردی کریستاڵیانەیانەوە، دەتوانیت دەستت پێیان بگات، ئاوی ڕۆشنیش شین شین لەناو ڕووباردا خوڕەی دێت، ئەو بایەیش کە لە هەڵمژینی تێر نابیت، بەشێوەیەك هەستی پێ دەکەیت دەچێتە ناو سینگتەوەو دێتە دەرەوە، وەك بڵێیت هەر ئێستە قورساییەکی زۆرت هەڵگرتبێت.

ڕەنگە مۆرکی شتەکان ئەمەی تێدا بێت، ڕەنگە بە ڕاستیش ئەو حاڵەتە تایبەتەی ڕوحی مرۆڤ لە شوێنە بڵندەکاندا دەربکەوێت، کاتێك هزرو هەست و ئەندێشە دەبنە نەیاری لووتکە بە بەفرداپۆشراوەکان و زوقم و سەرمای لەڕادبەدەری کەشی چیا. لەو کاتەدا ئەرسین سامانچین هەستی بەوە دەکرد. هەرکە بۆ لای ناخی خۆی گەڕایەوەو خۆی لەچنگی هەموو ئەو کارانە قوتار کرد کە سەرنجی ڕادەکێشان، وای لێهات وەك بڵێیت چووبێتە ناو جیهانێکی دیکەوە. ئەو کاتە بە بیرو هزر لێرە نەبوو، لە وێستگەکە نەبوو، بەڵکو لەوێ بوو، لە پێدەشتە دوورەکە بوو، وەك چۆن لە بێداریدا، بەو شێوەیە گوێی لە (شووت)ی بەهێزو درێژو، تەق و تۆقی ڕێکو پێکی شەمەندەفەرەکە بوو. هەرچی ئەو بوو ڕای دەکردو شەمەندەفەرەکەی دەڕۆیشت و لە پەنجەرەکەوە سەری دەردەهێنا و هاواری دەکرد: (ئیلێس، هێی، ئیلێس، ئەوە منم، من خۆشم دەوێیت، هێی خاتوونەکەم، ئەوەتە بۆ ساراتۆڤ دەچیت، هەرچی منم، ئەوە لەچیام بەڵام لەگەڵ تۆدام و ناتوانم بەبێ تۆ بژیم،

هەمو ژیانی وەك خوێندکار، ئەوەبوو کە بەم ڕێگەیەدا سەفەری (ساراتۆڤ)ی دەکرد، لەوێشەوە بۆ مۆسکۆ. (ساراتۆڤ)ی خۆش دەویست کە دەکەوێتە سەر کەناری ڕووباری (فۆلگا) واتە ساری ـ تاو بە کازاخی. ئێستەیش ئیلێس بەڕێوەیەو بەرەو ئەوێ دەچێت. هەرچی ئەوە بە هزری تکای لێ دەکرد لێی ببورێت چونکە نەیهێشت لەسەرخۆ سەفەر بکات و هەر گێچەڵی پێ دەکرد، بەڵام بە ڕاستی نەیدەتوانی بەبێ ئەو بژیت، بۆیە خەریك بوو ئەقڵی خۆی لە دەست بدات کاتێك داستانەکەی دەگوتەوەو دووبارە دەکردەوەو، نغرۆی ناو ڕووداوە ئەندێشاوییەکان دەبوو تا ڕادەیەك کە خەیاڵ پلاوی و خەونەکان لەگەڵ واقیعدا یەکسان بوون).

ئەوانەی لە ئەرسینەوە نزیك بوون نەیاندەزانی ئەرسین چی بەسەر هاتووەو بیر لە چی دەکاتەوە، تەنیا ئیلێس گوێی لێ بوو و دەیبینی، ئەوەتە لە (تامبوور)دا بە جەستەی بەرجەستەیەوە لە دەرگەی والای فارگۆنەکەدا ڕاوەستاوە، بە دەستێکی توند دەستکی دەرگەکەی گرتووە، ئەو دەستەکەی دیکەی بۆ بەیەك گەیشتنی ئەرسین سامانچین درێژ کردووە:

ـ ئەرسین، ئەرسین، گوێم لێتە، دەتبینم، خۆشم دەوێیت، پێمڕا بگە، باز بدە. دەتگرمەوە. لە ئەندێشەدا هیچ شتێك نابینرێت. ئەرسین زۆر کۆشا بەو شەمەندەفەرەدا بگات کە دوور دەکەوتەوە. پێیڕا گەیشت. چونکە هەردوو ئەویندارەکە ئەوەیان دەویست، چونکە خۆشەویستی هێزێکی لەڕادەبەدەری هەیە، نەمری و هەمیشەیی ملکەچی دەبن، چونکە ئەویندارى ئەو بانگەوازەیە کە داوای بەردەوامبوونی ڕەگەز دەکات.

ئەوە خواستی چارەنووس بوو، بە فارگۆنەکەدا بگات، ئیلێس دەستی بۆ درێژ کردو ئەمیش بازی دایە سەر پێپلکەکەو، یەکدییان لە ئامێز گرت ..

ـ با دانیشین و دەمەتەقێ بکەین ـ ئەرسین سامانچین ئەوەی گوت پاش ئەوەی لەئاکامدا هەناسەی وەبەر هاتەوە ـ دەمەوێت بە ڕاستی قسەت لەگەڵ بکەم.

ـ بۆچی پەلەتە؟ تۆ ماندوویت. پشوویەك بدە..

ـ کاتم بە دەستەوە نییە. ئێمە خۆمان بۆ ڕاوکردن لەچیا ئامادە دەکەین، نابێت دوابکەوم، ئەم نووسراوە بگرە، دەستنووسەکەمی تێدایە ..

ـ دەستنووس؟ ئەرسین  چی دەڵێیت؟ لـە پێنـاوی دەستنووسـێکدا بـەوای شـەمەندەفەرەکە کەوتیت؟

ـ حەز دەکەم پێت بڵێم، وەرە.

لەناو کابینەکە، نزیك بە پەنجەرەکە دانیشتن، یـەك بەرانبـەر بـەوی دیکـە، بنـۆڕن بـزانن ئەرسین سامانچین چی گوت:

ـ ئیلێس، بـەم بۆنەیـەوە پێـت دەڵـێم چـیرۆکە (سـاراتۆڤ)ییەکـەم لـەم دەستنووسـەدایە، بەرێگەوە بیخوێنەوە ـ چیرۆکێکی ڕۆژگاری دووەمین جەنگی جیهانییە، ئەو کاتـەی مـن و تۆ هێشتە ڕووناکیمان نەبینیبوو، ئەو کاتەی دایك و باوکم و دایك و باوکت لـە تەمـەنی هەرزەییدا بوون و بەپێ خواسی دەڕۆیشتن. بەو شێوەو پاش ئەو هـەموو سـاڵانە ـ چـونکە سەدەیەك تێپەڕی و سەدەیەکی دیکەی بەسەردا هات، ئەو چیرۆکە بە شێوەی سـۆزێك بـۆ ساڵانی ڕابوردوو سەری هەڵدایەوە، ئەوە بیر دەخاتەوە کە هەرگیز بیرچوونەوە لەناو نابـات: هەموو جەنگەکان ـ بە پلەی یەکەم بـریتین لـە زنجیرەیـەك کوشـتنی بەرانبـەر بـە یـەك و ئاڵوگۆڕ کراوو هەر کوژراوێك، بە چاوپۆشین لەپلەکەی ـ ئەگەر ژەنەراڵ یان سەرباز بێـت ـ تا ڕادەیەك هەست بە پەشیمانی دەکات، کاتێك دەچێتە ناو جیهانی هەمیشەیی کپییەوە، چیرۆکێکی خەفەتئامێزم لەسەر ئەو ڕۆژگارە بـە ناوونیـشانی (دەکوژیـت یـان ناکوژیـت) نووسیوە، چونکە لەم سەردەمەی ئێستەدا کوشتن و فڕێدانی قونکە جگەرە بـە یـەك شـت دادەنرێن، لەچەپ و ڕاستەوە تەقە دەکەن، تەنانەت من بـە خـۆم خـەریك بـوو خـۆم لـەو دەروازەیەدا ببینمەوە. بەڵام ئەم چیرۆکە داوێکی خۆڕایی و تابلۆیەکی بابەتێکی تاوانکاری نییە. هەست بەوە دەکەم کە من ئـەم چـیرۆکەم لـە قـووڵایی ئۆقیـانووس ڕزگـارکردووەو، چوومە گۆڕستان، لەو شوێنەی ملیۆنان کەس لە کوژراوان و بکـوژان نێـژراون، بـۆ ئـەوەی لەسەرخۆ بۆ خۆم و بۆ ئەوانی بخوێنمەوە. ئیلێس داوای لێبوردنت لێ دەکـەم، مـن بـەرەو بێشەو شوێنە نەناسـراوەکان دەچـم، بـەڵام تـۆ ئەمینـدارێکی پیـشەگەری کتێبخانـەیت، ئاکامیش بە تەواوەتی لـە نـاوەرۆکی شـتەکە دەگـەیت، مـن سوپاسـت دەکـەم کـە وەك پێویست بیرو هزرە تـەڕبووەکانم دەخوێنیتـەوە، سـوپاس ئیلـێس. سـەرت دەلەقێنیتـەوە. زستانی ڕابوردوو بە شەمەنەفەر سەفەری بنکەی ئاسمانی (بایکۆنۆر)م کرد، ڕاستەوخۆ لـە

ئاسمانەوە کۆنە کەشتییەوانی ئاسمانی ـ سالیجان پێوەندی پێوەکردم، چونکە ئێمە بـرادەری یەکدیین، دەمویست وتارێك سەبارەت بەو مرۆڤە بنووسم کە دەکۆشێت هـەر کەسـێك لـە ڕەگەزی ئادەم شوێنێك بۆ خۆی لـە بۆشـایی ئاسمانـدا بدۆزێتـەوە، ڕاسـتە هێـشتە ئەمـە ئەندێشەیە، بەڵام ڕۆژێك دێت ببێتە ڕاستی. ببوورە، ئەوەتە بەرەو لای یۆتۆپیا گەڕامـەوە. بەو شێوەیە زستانی ڕابوردوو قۆناغی سۆز دەستی پـێ کـرد ـ لەمێـژە بـە شـەمەندەفەر سەفەرم نەکردووە، بە ڕێگەوە بیرەوەرییەکانی سەردەمی خوێنـدن بەسـەرمدا داواڵـین. لـە بایکانۆریشەوە بە شەمەندەفەر بە شـاری (سـاراتۆڤ)دا ڕۆیـشتمە مۆسـکۆ. لـەناکاو، لـە کاتێکدا لە بەردەم پەنجەرەکەدا ڕاوەستابووم و لە دیمەنەکانی دەوروبەرم دەڕوانی ـ خۆیـشم هەر حەزم لە سەفەرکردن و سەیرکردنی دیمەنە، بەم شێوەیە من خۆم بە سۆزم، چی بکەم ـ ڕابوردوو شەپۆلێکی دەریایی بوو بەرەو کەناری دڵم غلۆر بووەوە، دەریـش کـەوت هـەموو ئەوەی ئێستە گیانی تەنیبوومەوە هەموو ئەو کاتە لە ناخمدا دەژیاو چاوەڕوانی کاتی خۆی دەکرد، چی بوو، ئەی چی لەسەر ئەم هێڵی شەمەندەفەرە ڕوودەدات، لەو شەمەندەفەرانەی بە هەمان ئەو شوێنانەدا، بە پێدەشتەکاندا، لە کازاخستانەوە بەرێگەی سـاراتۆڤدا بـەرەو مۆسکۆ تێدەپەڕن؟ ـ لەبەر ئەو سۆزە زۆرەم ئەمەم بە بیردا هات، ڕێگەکە هەمان ڕێگەیە، شەمەندەفەرەکان کە دێن و دەچن، هەمان شـەمەندەفەرن، ڕووگەکـەیش هـەر وەك خـۆی وایـە: ڕۆژئـاوا ـ ڕۆژهـەڵات. بـەڵام تـۆ بڵێیـت چـی بەسـەر خـەڵکی ئێـرە هاتبێـت، چ گۆڕانکارییەك لە چارەنووسی ئادەمیزاددا ڕووی داوە؟ ڕووداوەکانی سـاڵانی ڕابـوردووم لـە بەردەمدا بەرجەستە بوون، وەك بڵێیـت فیلمێـك بێـت، لـە ئاسمـانی گەردوونـەوە وێنـەی گیرابێت: دەریای ئارال لەناوبرا، دڵت بۆ ئەوە شەق دەبات ـ بەڵام بەرانبـەر بـەوە بنکـەی ئاسمانی (بایکانۆر)یان دامەزراند.. لە نێوان ئەو دوو ڕووداوەدا چەندین ڕووداوگەلی دیکـە هەن، ئەو کات، کاتێك من بەرێگەوە بووم، بەڵێنم بە خـۆم دا تـا بـۆم بکرێـت چـیم لـەو سـاڵانەدا بیـستووە کـە دوور کەوتوونەتـەوە، لەسـەر زمـانی سـێرگی نیکـۆلاییڤیچ بیاننووسمەوە،، کە یەکێکە لە شێوێنەرانی کەتیبەی پێشووی هەڵۆ، کە ئەمڕۆ بـەوو بـە ئەوانەی چەشنی ئەون بە ناوی (شێوێنەرانی جەنگی نیـشتمانی مـەزن) نـاو دەبـرێن. لـە چیرۆکەکەدا ناوی (سێرگی)یە، هەرچی منم ئەوە ئەو کاتە خوێندکاربووم و لە گەشتەکاندا

هاوەڵی بووم. بەپێی نەریت و ڕەفتارەکانمان ئەوە لەبەر تەمەنی لە من گەورەتری ڕێزم دەگرت چونکە لە تەمەنی باپیرەمدا بوو، ئەوەتە سەرلەنوێ بام دایەوە لای درێژدادڕی، کاتیشمان ئەوەند بە دەستەوە نییە. ڕێگەی نێوان ساراتۆڤ، کە سێرگی نیکۆلاییڤی سواری شەمەندەفەرەکەمان بوو، نێوان مۆسکۆ دوو ڕۆژی دەخایاند، بۆیە چیرۆکەکە درێژ دەرچوو، پاشانیش لە مۆسکۆ، بۆ گەیاندنە نەخۆشخانە یارمەتیم دا، بەڵام بیرم لە چیرۆکی (دەکوژیت یان ناکوژیت) نەکردبووەوە، پاش دە ساڵ نەبێت. سێرگی نیکۆلاییڤ، مەبەستم سێرگی، مردووە، زانیاریم لەو بارەوە وەرگرتووە. ئەوەیش جێی داخ و پەژارەیەکی زۆرە، ڕاستتر وایە، کاتێك سەرلەنوێ ئەوەم دارشتەوە کە سێرگی نیکۆلاییڤ دەیویست لێی ئاگەدارم بکات، دەرکم بەوە کرد کە پێویستە ئەوە لە گۆڕستانەکانی بەرەکاندا بخوێنرێتەوە، پاشان تۆیش جۆرە پێوەندییەکت بە چیرۆکەکەوە هەیە، ئەمەت پێ سەیر نییە؟ لە ڕاستیدا من و تۆو ئەم چیرۆکە ـ هەمووی ئەمانە لەسەر یەك ڕێگە ڕوودەدەن، ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا پێکەوە دەبەستێتەوە، لەسەر ئەو ڕێگەیەی بەرەو مۆسکۆ دەچێت و بە ساراتۆڤدا تێدەپەڕێت، سێرگی لەم ڕێگەیەوە سەفەری بەرەی جەنگی کردبوو، منیش لەم ڕێگەیەوە سەفەری هەردوو شارە گەورەکەی ڕووسیا ـ مۆسکۆو لینینگرادم دەکرد بۆ خوێندن، تۆیش ئێستە بە هەمان شەمەندەفەر پێیدا سەفەر دەکەیت و لە گەشتەکانتدا دێیت و دەچیت. شتێکی دیکەیش پێکەوەمان دەبەستێت: ئۆی، ئیلێس ڕامبگرە، ڕامبگرە، کات، بەلاّم ئەو شتە گرنگەی دەمەوێت بۆت ڕوون بکەمەوەو، لە پێناویدا بەڕاکردن دوات کەوتم ـ پێدەچێت کە دەکرا دوابخرێت و، جارێکی دیکە بە هێوری لێی ئاگەدارت بکەمەوە، بەلاّم ناتوانم چاوەڕوان بم ـ ئیلێس پێوەندی بە تۆوە هەیە، پێوەندی بە بەیەککگەیشتنمانەوە هەیە، یەکسەر پێت دەڵێم: تۆ ڕزگارت کردم، تۆ، تۆ نازانیت من چیم بەسەر دێت، گیانی منت ڕزگار کرد، بەهاری ئەم ساڵ ویستم (دەکوژیت یان ناکوژیت) بلاّوبکەمەوە، حەزم دەکرد بۆچوونی خۆم لەبارەی سروشتی هەمیشەیی جەنگ، سروشتی هەمیشەیی مرۆڤ بلاّوبکەمەوە. هەر جەنگێگ ڕوو بدات ئادەمیزاد بە خۆی هەڵێدەگیرسێنێت، هەر جەنگەیش بۆ کەسێك کارەساتە کە ئەو ڕاستییە ساکارەی لێوە فێر دەبێت .. لە چیرۆکەکەمدا ویستم لەو بارەوە قسە بکەم، بەلاّم شتێك لە ژیانمدا ڕووی

دا، وای لێ کردم، تەنانەت لەم ڕۆژگارەی ئێستەدا، بە نیاز بووم تاوانێکی ناڕەوا بکەم و یەکێك بکوژم، تاوانێك نەك تەنیا یەکێك لەو تاوانانە بێت کە بێ شومارن، بەڵکو کوفرو خوانەناسیشە تاوانی لەو جۆرە لە لایەن نووسەری ئەم چیرۆکەوە بکرێت: لە نووسینەکانتدا شتێك دەنووسیت، بەڵام لە واقیعدا بە شێوەیەکی تەواو جیاواز دەجووڵێیتەوە.. لەبەر ئەوەیە شتەکەم دواخست. (دەکوژیت یان ناکوژیت)م شاردەوە، بۆ ئەوەی ویژدانم ئازارم نەدات، بۆیە ئێستە هەست بە شەرمەزاری دەکەم، چونکە بەو تاوانی کوشتنە هزری کەسایەتی خۆمم تیرۆر دەکرد، بەڵام چارەنووس بەزەیی پێمدا هاتەوە ـ ئیلێس تۆ بوویت کە لەو نیازی تاوانی کوشتنەت ڕزگار کردم، لەبەر ئەوەی ئەویندارى نێوان هەردووکمان بۆ من بوو بە سرووشێك. من سەر لەنوێ لەبەرانبەر خۆمدا ئازادو بێ تاوانم، تۆ بوویت ئەم ئازادییەت بۆ دەستەبەر کردم، ئەمڕۆ هەرگیز ئەو شتە ناکەم، کە تا دوێنێ بەوپەڕی ئارەزووەوە، بە تۆڵەیەکی ڕەوای بێ پاشگەزبوونەوەم دەزانی.

دەمویست لەو بارەوە قسەت بۆ بکەم، بە ڕادەی ئەوەی کات ڕێم پێ بدات، شتێکی دیکەیش: پاش دیدارەکەمان تەواو گۆڕام، لێرەدا بیرم بۆ ئەوە چوو: ئای چەندمان پێویست بە دیداری ڕوحی هەیە، بە دەربڕینی جۆش و خرۆشی هەموو ئەوەی لە ناخماندا کەڵەکەیان کردووە. جۆرێکی دیکەی ئەوەی دەمویست لە (دەکوژیت یان ناکوژیت)دا بیڵێم ئەوەیە کە پێویستە ئەم ددان پێدانانەی سێرگی لە کەشێکی هێورو دڵنیاییدا بخوێنرێتەوە، دوور لە سەرقاڵییەکانی ڕۆژانە، بە شێوەیەك گیانی مردووەکان ببیسن و بڕوا بەو شتانە بکەن کە بەردەوام ژیان پێڕا ناگات بیانزانێت، لەوەیش پتر پێویستە مرۆڤ پێوەندی نهێنی تایبەت بە خۆی هەبێت، پێوەندییەکانی من لەو جۆرەیە کە لە دەقی ئەم چیرۆکەدایە، ئەگەر دەرکەوت کە لە تۆوە نزیکن، کەواتە وەرە با بە دیداری یەکدی شاد بین و، لە هەستە هاوبەشەکانی نێوان خۆماندا بەشدار بین. لە ئەویندارىدا ئەمە لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترە.. لە یادداشتەکەمدا نووسیومە ـ حەز دەکەم یەکەمین جار لە گۆڕستانی بە ناوبانگی (فۆلۆکلام) نزیك مۆسکۆو، قەڵای (بریست) و لە زۆر شوێنی دیکەی ئەورووپادا بخوێنرێتەوە.

ئیلیێس داوای لێبوردن دەکەم مـن زۆر دەڵـێم. بـەڵام سـاتی شـادومانی کورتـە، هەرچـی ئەویندارییە ئەوە دۆزینەوەیەکی نائاسایی دوو کەسە پـێش بانگـەوازی هەمیـشەیی. مـن ئێستە لە چیام، لەگەڵ ئەوەیشدا من قـسەت لەگـەڵ دەکـەم، وەك بڵێیـت پێکـەوە لـەناو کابینەیەکدا دایشتبین. ئەوەیش بە ڕاستی خـەیاڵ پڵاوییـە، بگـرە ئـەوەی کـە ئـەو شـتە دەسەلمێنێت ـ ئەوە ئەسپ سوارێکە بەرەو وێستگەکەمان دێـت، دەبێـت لـە ڕاونـەرەکانی سەر بە تاشتان ئەفغان بێت .. باشە، ئێـستە کـاتی دەسـت بەکارکردنـە، خـوات لەگـەڵ ئیلیێس، خوات لەگەڵ.

ئەسپ سوارەکە قژبژ بوو،کە یەکێك لە گرووپی ڕاونەرەکان بـوو، پـاش ئـەوەی بـە سـەری قژنییەوە ئاماژەی کرد، سـڵاوی لـە هـەردوو میوانەکـە کـرد، ڕووی قـسەی کـردە شـیڤ بیکتۆر: تاشتان ئەفغان ناردوویەتی و داوای لیّ کردووە پێیـان ڕابگەیـەنێت کـە دوو ڕەوە پڵنگی بازوویان بینیوەو دەشێت بە دووربین ببینـرێن، هـەروەها پڵنگـی (سـەرزل و کلـك درێژ)ەکەیش لەژێر کۆنترۆڵدایەو دەکرێت ناچار بکرێت بـەرەو شـوێنی مەبەسـت بـڕوات، بەڵام تاشتان ئەفغان داوا لە سەرۆك دەکـات سـەرەتا ئەرسـینی وەرگێـڕ بـچێت بـۆ لای، چونکە دەیەوێت بۆی ڕوون بکاتەوە چی پێویستە بیکـەن بـۆ ئـەوەی شـوێنی گونجـاو بـۆ تەقەکردن لە پڵنگە زلەکە دەستنیشان بکەن، کە لەناو بێشەکەدایە.

دژوارە بە قسەکردن ئەو شتە ڕوون بکرێتەوە. پێویستە لـە شـوێنەکە نزیـك ببێتـەوەو بـە چاوی خۆی بیبینێت. پاشان هەردوو میوانـە ڕاوچـییەکە ئاراسـتە دەکـرێن. لای خۆیـەوە شیڤ بیکتۆر ئەوەی پەسەند کرد.

ـ گویّ بگرە ئەرسین، بۆ هەردوو میوانەکەی ڕوون بکەرەوە کە ئێستە، بـەر لـە سـەرەتای ڕاوکردنەکە، چاوت بە ڕاونەرەکان دەکەوێت، دڕنـدە فێڵبازەکـە، تەنیایـە، دەشـێت بـەخۆ بکەوێت و بەناو زەل و بنەدارەکاندا هەڵێت، با بە شێوەیەکی مەیدانی لە شێوازو شـوێنی گونجاو بۆ لیّ نزیکبوونەوەی ئاگەدارت بکەنەوە.

هەردوو میوانەکە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە قایل بوون چاوەڕیّ بکەن.

قژبژ پێشیان کەوت، لە دوایشییەوە ئەرسین سامانچین بە سواری ئەسپەکەیەوە، دەرکـەوت کە ڕێگەی نێوان تاوێرەکان و بێشەکان زۆر سەخت و ڕکە، پاش کۆششێکی زۆر گەیـشتنە

دەربەندەکە، لەو بڵندایشەوە پۆلە مەلێك دەخولانەوە، کپــی و بــێ دەنگــی بــاڵی بەســەر هەموو شوێنێکدا کێشابوو، قژبژ مایکرۆفۆنەکەی گرتە دەستەوە هاواری کرد:

ـ تاشتان ئەفغان ئێمە گەیشتینە شوێنی مەبەست، گوێت لێمە؟ گەیشتینە ئێرە.

ئەو میگرافۆنەکەی دی بەرسڤی دایەوە:

ـ منیش لێرەم، کەمێك ڕاوەستە. ئەرسین ویــستی دابــەزێت، بــۆ ئــەوەی کــەمێك پــشوو بدات، بەڵام قژبژ نەیهێشت:

ـ دانیشە، بۆچی دادەبەزیت؟ ئەوە تاشتان ئەفغانە، گەیشت.

لە پشتی بێشەکەی لای تەنیشتەوە تاشتان ئەفغان، بــە ســواری ئەســپەکەی دەرکــەوت و، بڵندگۆیەکەی کە بە گەردنیــدا شــۆڕ بووبــووەوە، بەســەر ســینگیدا دەلەرییــەوە، تفەنگــە کلاشینکۆفەکەیــشی لەســـەر شــانی بــوو ـ ئــای خودایــە ـ بێرییــە ســەربازییە زۆر تەسکەکەیشی لەسەر ناوە، ئەرسین سامانچین زمانی لاڵ بوو، هەرچی تاشتان ئەفغان بوو، پاش ئەوەی بێرییەکەی ڕاست کردەوەو گوتی:

ـ واقت وڕ نەمێنێت! ئێمە هەموومان، هەر پێنجمــان تــەواو ئامــادەین، کلاشــینکۆفمان پێیە، یان بارمتەکەمان ڕادەست دەکەن، بیست ملیۆن، یان هەر هەموو، هەموو ئەوانــەی لێرەن دەمرن، کەس دەرناچێت، بەزەییمان بە کەسدا نایەتەوە. بۆچی بێ دەنگیت؟

ـ ئەی دەتوانم چی بڵێم؟ ـ ئەرسین سامانچین بە زەحمەت ئەو وشــانەی لــەزار هاتنــە دەر ـ بەڵام تۆ بەڵێنت داو گوتت: نیگەران مەبە، هەموو شتێك ئاسایی دەبێت.

ـ سیستم لای ئێمە وایە، ئێستەیش دەی جێبەجێی بکە، ئاوڕی ئەو شوێنە بدەوە، بنــواڕە، ئەوە ئەشکەوتەکەی (مۆلۆتــاش)ە، ئــەوەی بــۆم بــاس کردیــت، مینڕێــژ کــراوە، هــەردوو دەوڵەمەندەکە دەبەینە ئەو شوێنە، هەرچی تۆیت، من هەرچی دەڵێم، هەر وشەیەك دەڵــێم بۆیان وەردەگێڕیتە سەر زمانی ئینگلیزی. گلۆبالیزم بەسەر هەمووداا جێبەجێ دەبێــت، بــا بیر لەوە نەکەنەوە کە تەنیا هەر ئەوان دەگرێتەوە. ئێمەیش پشکی خۆمان دەبەین، بگــرەو بنواڕ، ئەوە دەروازەی ئەشــکەوتەکەیە، لــە ئەســپەکە دابــەزە، بــڕۆرە ژوورەوە، شــوێنەکە فرەوانە، هەردوو بەبارمتەگیراوەکە یەك ڕۆژی ڕەبەق دەمێننەوە، ئەگەر بارمتەکــە نــەدەن، تۆزێك بەزەییش نابێت. بۆچی بێ دەنگیت؟ بۆچی واقت وڕماوە؟ بەڵام پێــشتر هوشــداریم

پێ دابوویت، ئایە دەتویست وەك شەکر بتوێمەوە؟ چاوەڕوانی ئەوە مەکە، بۆچی بێ دەنگیت. من لێت دەپرسم فەرمانەکەم زوو جێبەجێ دەکەیت، یان نا؟
ئەرسین سامانچین، کە لە ئەسپەکەی دابەزیبوو، ویستی سەرلەنوێ پێ لە ئاوزەنگییەکە توند بکات، بەڵام تاشتا ئەفغان تێی خوڕی:
ـ ڕاوەستە، سەرەتا گوێم لێ بگرە، هەردووکیان دەهێنیتە ئێرەو، چەکیان دەکەیت و لەناو ئەشکەوتەکەیان توند دەکەین. قسەکردن لەگەڵیان توند دەبێت. لوولەی کلاشینکۆفەکان ئاراستەی تەوقی سەریان دەکرێت، بە فەرمانی من فەرمانیان پێ دەدەیت لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە پێوەندی بە بانکەکانی کوێت، میرنشینەکان ... یان ئەوانی دیکەوە بکەن، بۆ ئەوەی خێرا بارمتەکەمان بە فڕۆکە بۆ ئێرە ڕەوانە بکەن، دەبێت هەموو وشەیەکی ئۆڵتیماتۆم لە مێشکیاندا بچەسپێت، دەبێت هەرچی بڵێن، هەر وشەیەك بڵێن، هەمووم بۆ وەربگێڕیت، ڕوونە؟ ئەگەر ڕەتی بکەیتەوە دەبیتە دیلمان، ئەو کات ژیانی تۆو ژیانی ئەو دووانەیش کۆتایی پێ دێت.
ـ پەلە مەکە ـ ئاکام ئەرسین سامانچین قسەی کردو دەیشیزانی کە سوودی نییە ئەم مرۆڤە قایل بکرێت کە بووەتە دڕندە ـ ئەگەر تۆ بڕیارت لەسەر ئەمە داوە ئەوە پێویستە ئەوە بزانیت ئەگەر یەك دڵۆپە خوێن بڕژێت، ئەو کات لە هیچ کاردانەوەیەك سڵ ناکەمەوە.

ـ هەڕەشەم لێ مەکە، من بە خۆم حەز بە خوێن ڕشتن ناکەم، بیست ملیۆن دەدەن و، بە سەلامەتی دەڕۆن. بەڵێن بێت، ئەم قسەیە جێبەجێ بکە، تەنیا مۆڵەتی بیست خولەکت پێ دەدەم، یەك چرکەیشی زیاد نەبێت، بۆ ئێرەیان دەهێنیت، بە بیانووی بینینی ڕاونەرەکان، ئەگەر هەر شتێکیش ڕوو بدات ئەو کات تەقەیان لێ دەکەین، ئێمە هیچ شتێکمان نییە لە دەستی بدەین و ئەوەیشت لەیاد نەچێت: تەنیا هەردووکیان دەهێنیت، هەردوو میوانەکە، بە بیانووی ڕاوکردنی پڵنگە بازووەکە، پێیان ڕابگەیەنە کە لێرەیە، لە بۆسەدایە، ئێمەیش پڵنگی دیکەیشمان بینیوە، بەڵام ئەوان دواتر، هەرچی ئەوانی دیکەن با لەوێ چاوەڕوان بن، ڕوونە؟ جێبەجێی بکە.

ـ باشە ـ ئەرسین ورتەیەکی لێوە هات و، نیگایەکی خێرای گرتە بێرییەکەی سەر هاوپۆلەکەی پێشووی و خۆزگەی خواست لەسەریدا نەبووایە، ئەو کات هەموو شتێك بەرێچکەیەکی دیکەدا دەڕۆیشت، پاشان هەناسەیەکی قوولّی هەلّکێشاو، بێ دەنگ سواری ئەسپەکەی بوو، پاشان بۆ ئەو شوێنە گەڕایەوە کە ئیستە لێوەی هاتبوو.

ماوەیەکی کپی و بێ دەنگی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، ئەرسین سامانچین ، بێ دەنگ، سەرشۆڕ، دلّگوشراو بەسەر ئەسپەکەیەوە بوو، بۆ ئەوەی هەردوو میوانە ـ ڕاوچییەکە بۆ لای ئەشکەوتەکە بهێنێتەوەو ڕادەستیان بکات و خۆی دەرباز بکات. هیچی نەدەبیست تەنیا خوڕەی ئاوی جۆگەکان نەبێت کە بەرەو خوار دەچوون، چەند باڵندەیەك بێ دەنگ بەسەر سەریدا تێپەڕین، ئەسپەکە لەسەرخۆ بەناو بەربەست و تەلانەکاندا تێدەپەڕی کە تووشی دەهاتن و بەرەو خێوەتگەکە دەڕۆیشت، تەنیا چەند هەنگاوێکی مابوو بگەن، کاتێك ئەرسین لە پشتی بێشەو بنەدارەکانی پشت تاوێرەکەوە ئەسپەکەی توند ڕاگرت. پاشان پێی لە ئاوزەنگییەکەدا بوو و جەستەی بەرز کردەوەو، لەم لاو لەو لای خۆی ڕوانی، پاشان مایکرۆفۆنەکەی کردەوە کە بە شانی ڕاستییەوەی شۆڕکردبووەوەو کلاّشینکۆفەکەی لەسەر گۆپکەی زینەکە دانا، پێدەچوو خۆی بۆ شتێك ئامادە کردبێت، چەند چرکەیەکی کەمی نەخایاند دەنگی (ئەرسین سامانچین)ی نائومێد بەسەر چیاکانەوە لە مایکرۆفۆنەکەوە دەنگی دایەوەو توند هاواری دەکردو جارێك بە ئینگلیزی و جارێکی دیکە بە ڕووسی و قەرغیزی هەڕەشەو گوڕەشەی دەکرد:

ـ ئەی ڕاوچییە بیانییە داگیرکەرەکان گوێ بۆ فەرمانەکانم شل بکەن و هوشدار بن! نەفرەتتان بەسەردا دابارێت ـ مایکرۆفۆنەکە دەنگەکەی بە چیاکاندا دەگواستەوەو چەندین جار دەنگی دەدایەوە ـ دەستتان لە پلّنگە بازوو بەفرینەکانمان هەلّگرن! زوو ئێرە بەجێ بهێلّن و بۆ ئەو شوێنە بگەڕێنەوە لێوەی هاتوون، ڕێتان نادەم درندەکانمان لەناوبەرن. بۆ ولاّتی خۆتان بگەڕێنەوە، لە چیا پیرۆزەکانمان دوور بکەونەوەو نەکەن جارێکی دیکە پێ بەم ناوەدا بنێن. تا زووە گۆڕتان لەم ناوە ون بکەن، ئەگینە بە دەستی من تێدا دەچن، هەمووتان گوللەباران دەکەم ـ لێرەدا قسەکەی خۆی سەلماندو دەستڕێژێکی بە ئاسماندا

کردو، دەنگی گوللە لە چیاکاندا دەنگـی دایـەوە، لـە لاپاڵێکـەوە چـەند بـەردێك غلـۆر بوونەوە، هاوکات لە چەند شوێنێکەوە دەسترێژی گوللە کرا، دەسـترێژی گولـە ئەسـپەکەی (ئەرسین)ی تۆقاند، کە غاری دا پاشان ئەوەندەی نـەبرد کـەوت و بەسـەختی برینـداربوو، ئەرسین بە زەحمەت توانی خۆی لەژێر سمتی ئەسپەکە قوتار بکات و هەردوو لاقی ئازاریـان پێگەیشت. تەقە لێك کردن تا دەهات توندتر دەبوو، هەموو لایەك چـوون شـێت تەقـەیان دەکـرد. گرووپەکـەی تاشـتان ئـەفغان و پاسـەوانەکانی هـەردوو میوانەکـەو گرووپەکـەی بیکتۆر، ئەرسین نەیزانی کە هەردوو میوانەکە ئەو شـلەژان و بـشێوییەیان قۆسـتووەتەوەو سواری ئەسپەکانیان بوونەو هەڵاتوون.

ئەرسین لەکاتێکدا لە تەنیشت ئەسپە کوژراوەکەوە کەوتبوو، نەیدەزانی هاوکات لـە چـەند شوێنێکەوە برینداربووە. لەلای شان و سینگ و خوار پشتییەوە هەستی بـە ئـازارێکی زۆر دەکرد، زۆر کۆشا بۆ ئەوەی بەلاپاڵەکەدا بەرەو خوار غلۆر نەبێتەوەو کەمێك لـە لێوارەکـە دوور بکەوێتەوە، لەم کاتانـەدا لـەناکاو پڵنگێکـی بـازووی زلی لەبـەردەم خۆیـدا بـینی، خەڵتانی خوێن بوو، ئەو پڵنگە جابارس بوو. دڕندەکە نەڕانـدی و دوور کەوتـەوەو بەسـەر عەردda نووشتابووەوەو لاقە بریندارەکەی لە دووی خۆی ڕادەکێشا.

هەتاو بەسەر سەری (ئەرسین)ەوە یاری دەکرد، چیاکان دەجووڵانەوە، بایە خنکێنەرەکـەیش فشاری خستبووە سەر گەرووی ئەرسین، لێرەدا مـایکرۆفۆن و کلاشـینکۆفەکەی فـڕی داو، دەکۆشا بەو ئاراستەدا بڕوات کە دڕندەکەی لێوە بزربوو. هیچی نەدەبینی و نەیدەزانی چی لە دەورو بەری ڕوو دەدات و نەیش چۆن (تاشتان ئەفغان)ی تووڕە تێر جنێـوی کـرد: (بـێ قیمەت، خاین، خۆزگە دەتۆپیت، خۆزگە بەو لەشەوە داڕزێیـت) و نـەیش چـۆن بیکتـۆری پیرەمێرد کەوتە خوارەوەو، ڕدێنی خۆی هەڵدەکێشاو بە دەنگی بـەرز هـاواری دەکـرد: (چ ڕیسواییەکە، چ ڕیسواییەکەمان بەسەر هـات، نـەفرەتی خـواو باووباپیرانـت لـێ بێـت)، هەرچی ئەو هاوارانەی هەردوو میوانە ڕاوچییە هەڵاتووەکە بوو کە بـە عـەرەبی هاواریـان دەکرد، هیچ کەسێك لەم ناوچەیە لێیان نەگەیشت.

وردە وردە تەقەکردن کەمتر بووەوە، ئەوەندەیشی نەخایاند هاوارکردنیش ڕاوەستا.

ئەگەر ئەرسین سامانچین دەیزانی لە ساتێکدا چی بەسەر خەڵك و دڕندەکان هێناوە.. بەڵام ئەو ئێستە بیری لەوە نەدەکردەوە، برینەکان قووڵ بوون وەك دواتر دەرکەوت، هەستی پێ دەکرد، هەستی بە ئازارێکی لەڕادەبەدەر دەکرد بە تایبەتی لای سینگی، هەموو جلەکانی خەڵتانی خوێن بووبوون. دەیزانی زۆر بەرگە ناگرێت، ویستی خۆی لە شوێنێك بشارێتەوە، لۆقە لۆق ڕۆیشت و پتر لە جارێك بەربووەوەو هەڵسایەوەو لە دواهەناسەو گیانەڵادا بوو. لە خۆش بەختیدا بوو ئاراستەی شوێنەکەی لەبیر نەکردبوو، کە ئەشکەوتەکەی (مۆلۆتاش)ی لێیە، ئاکام ئەرسین سامانچین گەیشتە ئەوێ و بە سکەخشکێ چووە ژوورەوە. لێرەدا هەردوو چاوی پڵنگە بەفرینە زەبەلاحەکەی بینی، کە لەسەرخۆ دەبریسکانەوە کە (جابارس)ە. دڕندەکە هیچ نەجوولایەوە. تەنانەت هەوڵی نەدا سەری لەسەر هەردوو دەستی بەرز بکاتەوە کە بەرەو پێشەوەی درێژ کردبوونەوە. هەر ڕاکشابوو، سەری لەسەر هەردوو دەستی دانابوو، بە ئاستەم و بە دەنگێکی خنکاو هەناسەی دەدا.

ـ تۆیش لێرەیت؟ ـ ئەرسین لەبەر هۆیەك ئەو قسەیەی ئاراستەی دڕندەکە کرد، وەك بڵێیت هەردووکیان هاوەڵی یەکدی بن.

جابارس خوێنی لێ دەچۆڕا. هەمان چارەنووسیش تووشی مرۆڤ بووبوو.

بە خواستی چارەنووس هەردووکیان، مرۆڤ و دڕندەکە، لە دوا ساتی ژیانیاندا، لەو چیایانەدا کە خۆ لە ئاسمان دەسوون، لە ئەشکەوتێکدا، خۆیان لە تەنیشت یەکدییەوە بینییەوە. لێرەدا دەنگی هەورەتریشقە بەسەر چیاکاندا دەنگی دایەوە، دەنگێك دەنگی دایەوە، وەك بڵێیت بە سەرسوڕمانەوە بپرسێت: ئەوە چییە ڕوودەدات؟ بە هەمان سەرسوڕمانیشەوە بروسکەکان لەناو هەورەکانەوە بریسکەیان دەدا..

کاتێك هەردوو میوانە ـ ڕاوچییەکە لە ئەسپەکان دابەزین و سواری ئۆتۆمبیلەکە بوون و بە پەلە بەرەو ئایل بەڕێ کەوتن، پاشان بێ ئەوەی کەس بەڕێیان بکات، پاشان سواری ئۆتۆمبیلە (هەمەر)ەکەیان بوون و لەگەڵ یاوەرەکانیاندا بەرەو فڕۆکەخانەی ئۆلیاتی بەڕێ کەوتن، کە فڕۆکەکەیان لەوێ ئامادەیە، ئەو کات هەموو شتێك ڕوون بووەوە.

لەچاوترووکانێکدا کۆمپانیای (مێرگن)ی نێودەوڵەتی بزنس بۆ ڕاوکردن لە لووتکەوە هەرەسی هێنا، کەس نەیدەتوانی بڕوا بکات کە ئەو کەسەی بوو بە هۆی شکست هێنانی پرۆژەی ئەم (بزنس)ە، خودی برازاکەی بیکتۆر ـ ئاغایە.
هەموو دانیشتوانی تۆیۆك جار ماڵەکانیان بەجێ هێشت و گردبوونەوەو هاواریان دەکرد:
ـ ئای لەو ڕیسواییە، چ تووشی نەفرەتێك بووین.
ـ ئەرسین لە سێدارە بدرێت هێشتە کەمە، پێویستە بسووتێنرێت.
ـ ئەم کارەی لەناوبرد، نەیهێشت کەمێك قازانج بکەین.
ـ ئەو دڕندەکانی لە خەڵکەکە پێ پڕ بایەخترە ـ دەسا با خودی پڵنگە بازووەکان پارچە پارچەی بکەن.
ئیدی هستیریای ڕەمەکیانە پترتەشەی سەند، ئەو کات خەڵکە تووڕەکە هوروژمیان بەرەو ماڵی خوشکەکەی ئەرسین برد، لە کاتێکدا زۆر تووڕەو ڕق لە دڵیاندا بوو، تەواوی ڕق و کینەی خۆیان بە سەر هەموو شتێکدا داباراند کە لەناو حەوشەی ماڵەکەدا تووشیان دەهات. شووشەی پەنجەرەو لایتەکانی ئۆتۆمبیلەکەی ئەرسینیان شکاند کە (نیڤا) بوو. کراس و چاکەتەکەیان دڕاند کە بە تەفاکەوە هەڵواسرابوون. هەرچی خوشکەکەی بوو کە دەیویست لاپتۆپەکەی بشارێتەوە تێرو پڕیان لێ دا، مێردەکەیشی تووشی هەمان چارەنووس هات، کە بە پەلە لەسەر کارەکەی هاتەوە بۆ ئەوەی بەرگری لە ژنەکەی بکات.
تەنیا باران بوو کە لەناکاو بە شەستە دایداو هەورە تریشقەو بروسکەو باوبۆرانە بەهێزەکە توانییان ئەو بشێوییە ڕابگرن و بڵاوە بە خەڵکەکە بکەن.
هەرچی هەورە تریشقە بوو ئەوە ناوچەکەی هەژاندو، بروسکەکان یەك لە دوای یەك بە ئاسمانەوە دەبریسکانەوەو درزو ئەشکەوتەکانی چیاکان پڕ لە باران بوون کە ڕەهێڵەی دەکرد.
ئیلێس، وەك بڵێیت دڵی ئاگەداری کردبێتەوە، پێش ئەوەی ئێوارە دابێت لە وێستگەکەوە تەلەفۆنی بۆ خوشکەکەی کرد لە تۆیۆك ـ جار، پێشتر مۆبایلەکەی لای خوشکەکەی بەجێ هێشتبوو، پێی گوتبوو: با لای تۆ بێت، هەرچی منم ئەوە ئەگەر پێویستی کرد بە مۆبایلی هاوەڵەکانم پێوەندیت پێوە دەکەم. پێشتر ئەم کارەی نەکردبوو مۆبایلەکەی بەجێ

بهێڵێت، هەرچی ئەم جارەیە لەبەر هۆیەك بوو ویستی پێوەندی بەردەوامی هەبێت و ئیدی بەو جۆرە، بە نیو کاتژمێر پێش کاتی سەفەرکردنەکە، بڕیاری دا بزانێت بارودۆخیان چۆنە، هەمان کاتیش بزانێت هیچ هەواڵێك لەچیاوە نییە. بەڵام هێشتە زاری بە وشەیەك نەترەکاندبوو، یەکسەر گوێی لە هاواری هستیریانەی خوشکەکەی بوو:

ـ هەموو خەڵکی ئایل گردبوونەتەوە. ئەگەر دەزانیت (ئەرسین)ەکەت چی کردووە، لەوێ لەچیا بە مایکرۆفۆن هاواری کردووە: (دەستتان لە پلنگە بازووەکانمان هەڵگرن! زوو ئێرە بەجێ بهێڵن، ڕاوچییەکانی دەرکردبوو، تەنانەت تەقەی لێ کردبوون، هەموو ئەوانەی لە چوار دەوری بوون لە بەرسقی ئەوەدا تەقەیان لێ کرد، هەرچی بیکتۆر ئاغا بوو بەردی بەسەر خۆیدا دەکێشا. ئێستەیش هەموو ئایل سەرقاڵی ڕووخاندن و وێران کردنی ماڵی خوشکەکەی (ئەرسین)ە. هەرچی (ئەرسین)ە ئەوە لە شوێنێك خۆی شاردووەتەوە، دەڵێن بە گوللەی تەقەکەرەکان بریندار بووە. یان بە خۆی تەقەی لە خۆی کردووە. ئیلێس گوێت لێمە؟ بۆ بێ دەنگیت؟ چیتە؟ ئەلۆ، وەڵامم بدەوە!).

لێرەدا خوشکەکەی هاواری کرد:

ـ ئای چ کارەساتێکە! ئێستەچی ڕوودەدات؟ ئەم (ئەرسین)ەی خۆش ویستووە.

ـ ئەی ئێستە چی بکەین؟

مێردەکەی خەریك بوو هێوری دەکردەوە:

ـ ڕاناوەستیت؟ کەمێك بیر بکەوە، ئەم هاوارکردنە چ سوودێکی هەیە؟ کاتێك ئیلێس دێتەوە لەگەڵی دەچمە چیا، دەچمە مۆلۆتاش. پێکەوە دەڕۆین، ئەگەر بتەوێت. بە خۆی بە چاوی خۆی ببینێت، تێبگات چی ڕووی داوە، پێویست ناکات خۆت ماندوو بکەیت.

ـ ئۆی چی بکەم؟ چی چاوەڕوانی دەکات؟ .. ئەگەر بەرەو مۆلۆتاش بەڕێ بکەوین، ئەی منداڵەکان چی لێ بکەین؟

ـ قەیدی نییە، ئەوان هەرزەکارن، دەشێت دوو ڕۆژ بە تەنیا بمێننەوە، ڕانە پەزەکە بلەوەڕێنن، پاشان دراوسێکان چاویان لێیان دەبێت..

دەستە خوشکەکانی ئیلێس سەریان سوڕما کاتێك پڕی دایە جانتاکەی و بە شانیدا داو وشەکانی جوان ڕێك دەخست و گوتی:

ـ بەبێ من سەفەر بکەن، بگرن ئەوە ئەو بەڵگەنامانەی لە ساراتۆڤ پێویستتانە، من یەکسەر دەگەڕێمەوە ئایل.

ـ ئایە کەسێك کۆچی دوایی کردووە؟

ـ بەلکیم (ڕەنگە).

ـ کاتێك بگەڕێینەوە یەکدی دەبینین؟

ـ بەلکیم (ڕەنگە).

ـ چی بڵێین؟ دێیت شت و مەکەکانت ببەیت؟

ـ بەلکیم (ڕەنگە).

ـ چیت بەسەرهاتووە؟ شتێکی دیکەت نییە بیڵێیت؟

ـ وازم لێ بێنن .. پێم گوتن بێ من سەفەر بکەن و، بڕایەوە.

پاش ئەو وشانە ئیلێس تێی تەقاندو ڕای دەکرد، بە هیچدا نەدەپەرژا، هەر پاڵی بە خەڵکی بەردەمیەوە دەنا، پیادەڕۆکانیش خۆیان لەبەردەمی لا دەدا..

***

ئای ئەگەر بیانزانیبا .. کێ دەیتوانی ئەوە بزانێت، کێ دەیتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە کارەساتەکەی، ڕێگە دوورەکانی بڕیوە، لەو ساتەدا لەگەڵ باوبۆران و هەورەتریشقەو بروسکەو ڕەهێڵەی باراندا لە چیاکانی (ئۆزینگلیش ستریمیانی)دا دادەبارێت، لەو شوێنە کە خۆشەویستەکەی بزربوو، ئێستەیش وێ بە ناو چیاکاندا هەڵەداوان ڕادەکات .. لەگەڵ بووکی نەمردا ڕادەکات .. (خۆشەویستم یارمەتیم بدە، ڕێم پێ پیشان بدە، پێم بڵێ نەتبینیوە):

لەو چیا دوورانە، باوبۆران تا ئێوارە خۆشی نەکرد. هەر دەنگی دەدایەوەو هەموو شوێنێکی دەگرتەوە، تیشکی بروسکەکانی نهال و دۆڵەکانی ڕووناك دەکردەوە بە شێوەیەك ئاوی چاوی دەستاند، تاریکایی ئێوارەیش کە بارانەکەی قورستر کردبوو، تا دەهات وردە وردە تاریکتر دەبوو. لە مێژ بوو لەو هاوینەدا ئەم جۆرە بارانە بەردەوامە نەباریبوو، بە هۆی ئەو بارانەیشەوە تا دەهات ڕەوشی ناو ئەشکەوتەکەی مۆلۆتاش تاریکترو ساردتردەبوو.

بەڵام ئەم شتە بۆ ئەو دوو گیانەوەرە هیچی نەدەگەیاند، کە چ بە ڕێکەوت، یان بە خواستی چارەنووس بێت، خۆیان لەو ئەشکەوتەدا بینییەوە. لەم دوا دالّدەیاندا دوو گیانەوەر بوون: دوو گیانەوەر لە گیانەڵادا بوون، یەکێکیان لە ئادەمیزاد، لە تەنیشتیشییەوە دڕندەیەکی کێوی. هەردووکیان هاوشێوەی یەکدی ڕێگەی ژیانی سەر زەمینیان تەواوکرد ـ بە گوللەی وێڵ، یان ئاراستەکراو بەرکەوتن ـ کێ ئێستە بایەخ بەوە دەدات بزانێت کێ تەقەی لە کێ کردووەو بۆچی تەقەی کردووە؟ ئێستە هەر هەموو ئەوە گرنگ نەبوون پێش چەند خولەکێکی کەم پێش ئەوەی تا هەتایە چاو لێك بنێن.

جابارسەکە خەریك بوو هەناسەی لێ دەبڕا، لە کاتێکدا هێدی هێدی و بێ ڕاوەستان خوێن لە برینەکانیەوە فیشقەی دەکرد، هێشتە لەو ڕەوشی ناتوانییەدا پاڵ کەوتبوو، سەرە زلەکەی لە سەر هەردوو دەستی ڕاکشاوی دانابوو کە تەڕبووبوون. لە کاتێکدا کلکە بەناوبانگەکەی وەك شتێکی بێ کەڵك لەسەر عەرد لەوێ کەوتبوو.

ئەرسین سامانچین لە تەنیشتییەوە ڕاکشابوو، سمتی بە ڕانی پڵنگەکەوە نووساندبوو کە لە گیانەڵادابوو. بەم شێوەیە ڕەوشەکە پشووبەخشتر بوو (ئەوەتە بەر لێکدابڕان بەیەکدی گەیشتن ..).

تا دەهات تەڕایی لای سمتی ئەرسین سامانچین تەشەنەی دەکرد، چونکە خۆڵە تاوێرییەکە خوێنەکەی دەمژی کە لێی دەچۆڕا. هەرچی ئەوبوو هێشتە بە ئاگەبوو، تا بیتوانیایە، دەکۆشا شتی لە بیر بمێنێت ـ دوایەمین بەخششی ژیان.

بیری لەوە دەکردەوە تا چ ڕادەیەك لەوەی ڕووی دا گوناهبارە. بەڵام بەر لە هەموو شتێك دەستی بەماڵئاوایی لە ئیلێس کرد، هەموو ئەو شادی و بەختەوەری و خۆشەویستییەی لە چارەیان نوسرابوو بە هەمان چارەنووس لە دەست چوو.

ـ ئیلێس خوات لەگەڵ. ببەخشە ئەو خەونانەمان بەدی نەهاتن.. ئیلێس سلاو، سلاوت لێ بێت.. خوات لەگەڵ .. خوات لەگەڵ ...نەمتوانی .. من نەمتوانی ..من تاوانبارم .. ویژدانی ئازاری دەدا، کاتێك ئەو دوو میوانە عەرەبەی بیر دەکەوتەوە، کە ڕیسوای کردن:

ـ من تاوانبارم، به پیسترین وشە جنێوم پێ بدەن، نەفرەتم لێ بکەن، بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو، تەنیا بەم شێوەیە دەمتوانی لەو مەترسییەتان قوتار بکەم کە بەرێوەبوو، ئەگەر دەتوانن لێم خۆش بن ..

بە ئازارێکی خراپترو پەشیمانییەکی ڕاستگۆیانەتر قسەی لەگەڵ مامیدا دەکرد:

ـ تۆیش بیکتۆر ـ ئاغا بیکی، نەفرەتم لێ بکە، بێ بەزەییانە نەفرەتم لێ بکە، خێزانەکەمانم ڕیسوا کردو، بزنسەکەتم تێك و پێك دا. ئێستە چۆن دەتوانم شتت بۆ ڕوون بکەمەوە، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەم نەبوو؟ من دەزانم چ پەتپەتییەکم بەسەر هێناویت. بوومە هۆی ئەوەی تووشی ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیە بیت. بەڵام ببەخشە. بە مەبەستی خراپە ئەو کارەم نەکرد، هەروەها لە گێل و گەوجی و ئیرەییەوە ئەو کارەم نەکرد .. مامە داوای تەمەنی درێژت بۆ دەکەم، هەرچی برا خۆلێخۆشبووەکەتە کە باوکمە، ئەوە لەو دنیا شتەکەی بۆ ڕوون دەکەمەوە..

کەس و کارو کادیشای خوشکی و مێردە ئاسنگەرەکەی بیر کەوتەوە. چی پەتپەتییەکم بەسەر هێنان، من تاوانبارم، ببەخشن .. بە خراپە ناوم مەبەن ..

لە کۆتاییدا (ئارداك)ی برای بیرکەوتەوە:

ـ ئارداك من گیان دەدەم .. خەفەتم بۆ مەخۆ، تۆیش کێشەو گیروگرفتی خۆت هەیە، منداڵەکانت بەخێو بکە، هەرچی منم ئەوەتە بەبێ نەوە دەمرم، ئەمەیش لای خۆیەوە سزایەکە خوا سەپاندوویەتی ..

ئەرسین سامانچین داوای لێبوردنی لە ئایدانایش کرد:

ـ ئایدانا ببەخشە چونکە ئەزیەتم دایت و بە هۆی ناوبانگییە ناشایستەکەتەوە سووکایەتیم پێ کردیت. ئەوە پێوەندی بە خۆتەوە هەیە. چەندم ئارەزوو لێ بوو لەسەر شانۆی ئۆپرالی ڕۆڵی بووکی نەمرت ببینیایە. ئێستەیش ئەوەتە چارەنووس لە چنگی پەلپ و بیانووەکانی منی قوتار کردیت، هەرچی ئەو (ئیرتاش کۆرچاڵ)ەیە تەنیا یەك وشەیشی پێ مەڵێ، بە خۆم پێش ئەوەی برۆم هەموو شتێکی پێ دەڵێم. ئیرتاش تا ئەم ڕۆژانی دواییەیش بەرانبەر بە تۆ تاوانبار بووم، بیرم لە کوشتنت دەکردەوە، تا ئەم ڕادەیە ڕقم لێ دەبوویتەوەو حەزم

به چارەتدا نەدەهات، ئەویش بێ هۆ نەبوو. بەڵام پەشیمان بوومەوە. بە خراپە ناوم مەهێنە، ئەگەر دەتوانیت ببەخشە ..

بەڵام دژوارترین ئازارو ئەشکەنجە کە چاوەڕوانی (ئەرسین سامانچین)یان دەکرد کە لە گیانەڵادا بوو، ئەوەبوو کە ڕووی قسەی لە هاوپۆلەکەی پێشووی (تاشتان ئەفغان) کرد. دەیتوانی چی پێ بڵێت؟ سەرکۆنەی بکات، نەفرەتی لێ بکات؟

ـ با من ئەو قوربانییە بم کە تۆ پێشکەشت کرد، کەس بەوە نازانێت کە خۆت ئامادە دەکرد ئەو کارە دڕندەییە تاوانکارییە ئەنجام بدەیت. من تاوانبارم، بەرانبەر بە خۆم، نەك بەرانبەر بە تۆ، کەواتە با من ببمە قوربانی و کەفارەتی تۆ، خوات لەگەڵ.

ئێوەیش ئەی لە نەوەی ئادەمیزاد، ببەخشن، لە کەسابەتم بێ بەش کردن، ئەگەرچی کەمیش بوو. ئەمە ئەوە بوو کە ڕووی دا.. قسەی خراپم لە دووا مەکەن، چاو لەوە بپۆشن کە کردم، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەم لەبەردەمدا نەمابوو، ناچاربووم ئەو کارە بکەم .. بەڵام کەس بەوە نازانێت .. خواتان لەگەڵ.

پڵنگە بازووە بەفرینەکە بووبووە تەرمێکی بێ گیان، کاتێك مرۆڤەکە بە دوای ئەودا دواهەناسەی دەرچوو.. بەڵام لەکاتێکدا لە گیانەڵادا بوو، لە دوایەمین چرکەکانی ژیانیدا لە دوورەوە دەنگی بووکی نەمری بەرگوێ کەوت:

(ئەی ڕاوکەرەکەم، تۆ لە کوێیت)؟ بە پڵتەپڵت، بە چرپەوە گوتی: (خوات لەگەڵ، من و تۆ لە ئێستە بە دواوە یەکدی نابینین ..).

مانگ بە ڕێی خۆیدا بەناو پەڵە هەورەکانی شەودا پێی هەڵدەنووتا، ڕەشەبایش بەناو تاوێرەکاندا دەیلووراندو گڤەی دەهات، هیچ شتێکی دیکە بەر گوی نەدەکەوت.

***

ڕۆژی دواتر نزیك نیوەڕۆ، لە هەمان شوێن، نزیك ئەشکەوتی مۆلۆتاش، کە دوێنێ ئەو کارەساتە نالەبارەی لێ ڕووی دا، سێ کەس بە سەر ئەسپەکانیانەوە دەرکەوتن ـ پیاوێك لە پێشەوە، دوو ئافرەتی لە دواوە بوون. ئەوانە ئیلێس و خوشکەکەی و مێردی خوشکەکەی بوون. بۆ ئێرەیان هێنابوو تا بە چاوی خۆی ببینێت و بڕوا بکات: کە ئەو کارەساتەی بەسەری هاتووە تازە ناگەڕێتەوەو، دەبێت ملی بۆ کەچ بکات.

جۆرۆ مێردی خوشکەکەی ئیلێس، باش ئەم ناوچانەی دەناسی. ئەو کاتەی بەڕێوەبەری کێڵگەی بەخێوکردنی پەزو پۆڵە بوو، کە سەر بە کۆڵخۆز بوو، پتر لە جارێك لای داوەتە ئەم ناوانەو بەرەو لەوەڕگەکان چووە، ئەشکەوتەکەی مۆلۆتاشیش دەناسێت، بۆیە خێرا لەگەڵ ئیلێس و خوشکەکەیدا گەیشتنە ئێرە. یەکەمین شت کە لەسەر تەپۆڵکەکە بینییان ئەسپە بۆرە تۆپیوەکە بوو، کە لێرە ڕۆژێکی ڕەبەقی لەژێر باراندا بەسەردا تێپەڕیوە، ئەمەیش وای کردووە ئەستوور ببێت تا ڕادەیەك سمەکانی بەرزببنەوەو روو لە هەر چوار لا بکەن. هەرچی قایشی زینەکەیە ئەوە لە ئاکامی فشاردا پچڕاوەو بەلادا کەوتووە. مایکرۆفۆنەکەی ئەرسین و کلاشینکۆفەکەیشی لێرە لەسەر عەرد کەوتوون. جۆرۆ لەسەر پشتی ئەسپەکەی بازی دایە خوارەوە، پاشان بەبێ دەنگی هەردووکی لەسەر عەرد هەڵگرتنەوە. چەکە بەجێ هێنراوەکەو ئەسپە کوژراوەکە بەڵگەی ئەوەبوون کە ئەرسین زیندوو نییە.

لەژێر باری هەستێکی خەفەتبارانەدا چوونە ناو ئەشکەوتەکەوە. ئیلێس دەلەرزی و دەگریا، خوشکەکەیشی باڵی گرتبوو. واقیان وڕماو زمانیان لاڵ بوو کاتێك بینییان: لەناو گومە خوێنە مەیوەکەدا دوو تەرم ڕاکشابوون، مرۆڤێك و دڕندەیەکی کیوی ـ پڵنگێکی بازووی بەفرینی زەبەلاح. سەری ئەرسین سامانچین لەسەر سکی جابارس گیرسابووەوە. ئیلێس لەسەر ئەژنۆ چەمایەوەو دەستی ئەرسینی بێ گیانی گرت و لە پڕمەی گریانی دا. ئافرەتەکە زۆر گریا، هەرچی خوشکەکەی بوو، سەرپۆشێکی ڕەشی تازیەتباری بە سەر (ئیلێس)دا دا. جۆرۆیش هەر لە ئەشکەوتەکەوە دەچووە دەرەوەو دەهاتە ژوورەوە چاوەڕوان بوو هەردوو ئافرەتەکە داساکێن.

ئیلێس، کە هێشتە هەر دەگریا، بە خوشکەکەی گوت، کە لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو:

ـ کومار تۆ لە جێی دایکمیت، لێت ناشارمەوە، کە هەر لە ڕوانگەی سەرەڕۆییەوە بە (ئەرسین)م گوت، ئارەزوو دەکەم دەرچم و تابلۆیەك بەرز بکەمەوە لێی نووسرابێت (واز لە پڵنگە بازووەکانمان بێنن)، ئەگەرچی دەمزانی ئەو شتە لە (ئیل)ەکەمان کاری نەکەردەنییە. ئەو کات ئەرسین هیچی نەگوت، بەڵام لە ڕووی ڕوحەوە بە گوێی قسەکانی کردم، بنواڕە ئەوەیش ئاکام ..چی وای لێ کردم ئەمەت پێ بڵێم؟

ـ ئیلێس هێور بە، خۆشەویستان لەنێوان خۆیاندا باسی زۆر شت دەکەن. چارەنووس ئەوەی ویست. باشتر وایە بیر لەوە بکەینەوە چۆن بینێـژین. چـونکە کـەس و کـاری نایانـەوێت شتێك لەبارەی ناشتنییەوە بزانن، پاش ئەوەی ڕووی دا، ڕێیـشی تـێ ناچـێت تـا هەتایـە لێرەدا لە تەنیشت ئەم درندە کوژراوەوە بەجێی بهێڵین.

ـ تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام من بەبێ ئەرسێن چۆن بژیم؟ وەك بڵێیت ئێمـە هـەموو ژیانمـان پێکەوە بەسەر بردووە. دەڵێن لە ڕووسیا چەندین دێری ئافرەتـان هەیـە، لـە گەشـتەکانمدا ئەوەم بیستووە، لەو بارەوە دەپرسم و، دەچمە ناو دێرەکـەوەو، بـە ڕۆژو شـەو لـە پێنـاوی ئەودا نوێژ بۆ خوا دکەم، ئەگەرچی مـن بـێ بڕوایـشم، هـیچ شـتێکیش ڕێـی ئـەوەم لـێ ناگرێت، تەنیا لە یەك حاڵەتدا نەبێت ـ ئەگەر چارەنووس بەختەوەری کردم و کوڕێکی پـێ بەخشیم . .

ـ لە خوا دەپاڕێمەوە، تۆ لەو بڕوایەدایت؟

ـ لەبەر هەر هۆیەك بێت چاوەڕوانی ئەوە دەکـەم. ئـەوەم لـە خەونـدا بینیـوە. . ئەگـەر وا نەبێت ئەوە تا هەتایە خۆم لە دێرەکەدا دەنێژم.

لەم کاتەدا گوڕە گوڕێکی بەهێز بەسەر چیاکانەوە بـەرگوێ کـەوت، تـا دەهـات بـەرزتر دەبووەوە، ئەو کات لە ئەشکەوتەکە چوونە دەرەوەو، ڕاوەستان و لە کۆپتەرێکیان ڕوانی بە درێژایی دۆڵەکە، بە سەر لووتکە بەرزەکانـدا دەفـڕی. لێـرەدا ئەسـپەکان شـڵەژان کـە بەسترابوونەوە، تا جۆرۆ ناچار بوو جڵەوەکانیان بگرێت بۆ ئەوەی هێور ببنەوە. کۆپتەرەکـە یەك دوو جار خولایەوەو دواتر ڕۆیشت، کاتێك گوڕەکە دوور کەوتەوە، جۆرۆ بیری کـردەوەو گوتی:

ـ لەو بڕوایەدام کۆپتەرەکە هەر بە ڕێکەوت ڕێی بە ئێرە نەکەوتووە، چونکە فڕینی فڕۆکـە بە چیاکاندا مەترسی هەیە، دەبێت هەواڵەکانی ڕووداوەکـەی ئێـرە گەیـشتبنە مەڵبەنـدی دەڤەرەکە.

هەرچی ژنەکەی بوو، گوتی:

ـ ئەوە پێوەندی بە خۆیانەوە هەیە، هەرچی ئێمەیشین ئەوە خەفەت و پەژارەی خۆمان هەیە. ئێستە من و ئیلیێس بیرمان لەوە دەکردەوە چۆن ئەرسین بنێژین، جۆرۆ تۆ چی دەڵێیت؟

ـ چی بڵێم؟ تەنانەت پێویست بەبیرکردنەوە ناکات. دەبێت بەزووترین کات بە خاك بسپێررێت: تا ئێستە هیچ کام لە کەس و کارەکەی یان دراوسێکان یەك قسەیان لەبارەی بەخاك سپاردنی نەکردووە، لە بری ئەوە هەر جنێوبارانی دەکەن و هاواردەکەن و نەفرەتی بۆ ڕەوانە دەکەن، بەڵام تا کەی دەشێت ئەوە بەردەوام بێت؟ گواستنەوەی تەرمەکە بۆ گۆڕستانە گەورەکەی ئایل بە ڕێگە چیاییەکاندا ئەوەند ئاسان نییە، لە هەندێك شوێن دەبێت تەرمەکە لەسەر دارەتەرم دابنرێت، ئەوەیش پێویست بە چەند کەسێك دەکات.

لێرەدا جۆرۆ گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە دەبێت هەرچۆنێك بووە لەگەڵ کەس و کارەکەیدا چارەسەرێك بدۆزنەوە. ڕاستە هەر هەموویان بە هۆی ئەو ڕووداوەوە کە بە هۆی ئەرسین سامانچینەوە ڕووی دا زۆر توورەو بێزارن، بەڵام تەنانەت تاوانبارە ترسناکەکانی بەخاك دەسپێررێن. جۆرۆ گوتی:

ـ دەبێت بیر بکەینەوە، با ئێستە بچینە ژوورەوە، دەمەوێت نوێژ بۆ گیانی (ئەرسین)ی کۆچکردوو بخوێنم. ڕاستە من مەلا نیم، بەڵام خواوەند بەڕادەی توانای مرۆڤ کاری بەسەردا دەدات.

سەرلەنوێ هەرسێکیان چوونە ناو ئەشکەوتەکەوەو، بێ دەنگ نزیك مردووەکە دانیشتن، هەرچی جۆرۆ بوو ئەوە هەردوو لەپی کردەوەو، دەستی بە نوێژ کرد، بە عەرەبی شتێکی لەژێر لێوەوە دەگوت، ئەگەرچی ئەویش وەك هەموو ئەوانی دیکەی ئێرە، یەك وشە لەم ڕێوڕەسمە ئایینییە تێناگات، بەڵام نەریت هەر نەریتە.

لە کاتی ئەم نوێژە سەرپێییەدا ئیلیێس لەگەڵ خۆیدا گوتی: لە خۆشبەختی ئەوە کە مێردی خوشکەکەی و خوشکەکەی ئەم سۆزو لێکگەیشتنەیان نواند، ئەگینە کەس پشتیوانی لێ نەدەکردو، مردووەکەیش تاك و تەنیا و بیرکراو دەمایەوە، وەك بشڵێیت کە ئەمە وەڵامی ڕامانە تاڵەکانی بێت، ئەوەبوو لە دەرەوە دەنگی سمی ئەسپ و دەنگی مرۆڤ بەرگوێ کەوت.

پێنج کەس هاتنــە نــاو ئەشــکەوتەکەوە، تاشــتان ئــەفغان و گرووپەکــەی. وەك پێویــستی دەکرد، دانەنیشتن، بەڵکو بێ دەنگ و ڕوو گرژ ڕاوەستان و چاوەڕوان بوون نوێژەکە کۆتــایی بێت، نوێژەکە تەواو بوو و نەبوو، تاشتان ئــەفغان بــە تونــدی گــوتی: دەبێــت ئاگــەدارتان بکەینەوە کە ئەشکەوتی مۆلۆتاش مینرێژ کــراوە، دەبێــت هــەر ئێــستە بــەجێی بهــێڵن، چونکە ئێمە دەیتەقێنینەوە، خێراکەن.

بەڵام جۆرۆ بەرهەڵستی کرد:

ـ ئەی بۆچی دەیتەقێننەوە؟ ئەرســین سامانــچین لێرەیــە کــە کــوژراوەو دەبێــت بــە خــاك بسپێررێت.

ـ ئەوە پێوەندی بە ئێمــەوە نییــە. دەبێــت ئەشــکەوتەکە بتەقێنینــەوە، تەرمەکــە لــەژێر پەردووەکاندا دەمێنێتەوە. ئەوەیش ئەوە دەگەیەنێت کە لێرەدا دەنێژرێت.

لێرەدا کومار بە بێزارییەوە نارەزایی دەربڕی:

ـ ئەوە بەخاك ســپاردن نییــە، مــن ئــافرەتێکم و پێتــان دەڵــێم: ســەرەتا بــیر لــە بــەخاك سپاردنەکە بکەنەوە، پاشان تەقاندنەوەکە. ئێمە هەر هەموومان دەمــرین، دەبێــت بــەپێی نەریتی مرۆیی هەموو ئادەمیزادێك بەخاك بــسپێررێت، بــە ئێوەیــشەوە، کاتێــك ڕۆژتــان دێت.

ـ تۆ ئەوە نیت ئێمە فێر بکەیت. ئەرکی ئێمــە تەقاندنــەوەی ئەشــکەوتی مۆلۆتاشــە، بــۆ ئەمەیش هاتووینەتە ئێرە. نیو کاتژمێر مۆڵەتتان پێ دەدەین.

لێرەدا ئیلێس سەرپۆشە ڕەشەکەی لەسەر سەری لاداو گوتی:

ـ (نەکەن ئەو کارەبکەن، نەکەن گاڵتە بە مردنی مرۆڤ بکەن، ئەو کوفرەتــان گــران لەســەر دەکەوێتەوە. ڕێتان پێ نادەم، ئەو مافەتان نییە جەستەی مرۆڤێکی کوژراو پارچــە پارچــە بکەن و بسووتێنن. مافی ئاسایی خۆیەتی بەخاك بسپێررێت).

ـ ئەی تۆ کێیت؟ ـ تاشتان ئەفغان بە تووڕەییەوە هاواری کردو بــە زەحمــەت تــوانی خــۆی کۆنترۆڵ بکات.

بەڵام ئیلێس لەکوێ بەو شکستییە گەورەیە بزانێت، کە دوێنێ لێرە تووشی تاشتان ئەفغان هات، ئێستەیش پڕ لە ئارەزووی سادییانەی تۆڵەسەندنەوەی دڕندانەیە لە تەرمی هاوپۆڵەکەی.

ـ من هەر کێ بم؟ ئێستەکاتی گونجاو نییە بەرسقت بدەمەوە. ئەوە مرۆڤە کوژراوەکەیە لەبەردەمتاندا ڕاکشاوە، هەرچی منم ئەو کەسەم ئامادەی مردنم، ئێستە بمکوژن. بمکوژن، دوایی بیتەقێننەوە. من ئامادەم، دەی ئێستە ڕاستەوخۆ بیتەقێننەوە، تا لەگەڵیدا لەژێر پەردووەکاندا بۆ هەتا هەتایە بمێنمەوە.

شتێکی دژوارە پیشبینی ئەوە بکرێت ئەم دیمەنە دڕندانە چۆن کۆتایی دێت، ئەگەر بە هۆی زیرەکی جۆرۆوە نەبووایە چارەسەرێکی دۆزییەوە.

ـ تاشتان ئەفغان گوێ بگرە، ناشێت بەم شێوەیە لەگەڵ ئافرەتاندا قسە بکرێت، کە لەم ڕەوشە کارەساتاوییەدا بن، هەروەها نابێت بەم شێوەیە لەبەردەم مردوویەکدا مشتومڕ بکرێت، با بچینە دەرەوەو سەبارەت ئەوەی پێویستە بکرێت ڕاوێژ بکەین، هەرچی تەقاندنەوەی ئەشکەوتەکەیە ئەوە دەشێت لە هەر کاتێکدا بووە جێبەجی بکرێت.

بەم شێوەیە هاتنە دەرەوە، ماوەیەکی زۆر لە دەرەوە مشتومڕو هات و هاواریان بوو.

کاتێك سەلەنوێ هەردوو ئافرەتەکە لای تەرمەکەوە بوون، کومار کاتێك سەرپۆشە ڕەشەکەی سەر خوشکەکەی ڕاست کردەوە، گوتی : خوشکم مەگری چون گیانی مردوو گوێی لە هەموو شتێك دەبێت. ئەوی لە دڵتدابوو گوتت، ئیدی گیانی ئەرسین پشوودەدات، هەرچی ئەوی دواتر ڕوودەدات بۆ پیاوانی بەجی بهێڵە قسەی لێوە بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن. ئۆی چی کارەساتێکە، کارەسات..

ئیلێس وەڵامی دایەوە:

ـ سوپاس کومار، ئەی خوشکە خۆشەویستەکەم، بە ڕاستی تۆ وەك دایك وایت بۆ من، ئەوەتە منیش ئێستە بیر دەکەمەوە: تۆ بڵێیت هۆکاری ئەم گۆڕانە خێرایە چی بێت لە چارەنووسی ئەرسین، مرۆڤێکی زۆر زیرەك بوو، بە ویژدان بوو. لەو کاتەوە کە کیژێکی هەرزە بووم، لەو کاتەوە هەموو ئەو شتانەم دەخوێندەوە لە ڕۆژنامەکاندا بلاودەکرانەوەو، گوێم لە پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنەکان دەگرت، ئەوە ئەو خۆشەویستییەی لەنێوانماندا بوو،

بەشی دوو ژیانی دەکرد، ئەوەیش کۆتاییەکەی: لـە تەنیـشت پڵنگێکـی گـەورەوە گیـانی دەرچووە. لە ئەشکەوتێکدا، لـە هـەموو شـت خـراپتریش خەڵکـە درنـدەکان دەیانـەوێت یادوەریشی لە ڕووی زەوی بسڕنەوە بە ناشتنی لەژێر پـەردوودا. ئەمـە چـی دەگەیـەنێت؟ ئایە پلەو پایەی بەرز دەکاتەوە یان نزمی دەکاتەوە؟ .. بەڵام ئێستە بە کەسـێکی پـیرۆزی تێدەگەم .. غەم و ئومێدم ئەوەیە منداڵێکمان ببێت، کوڕ یـان کـچ بێـت، یـادی زینـدوو ڕابگرێت و، ناوی بە نەمری بهێڵێتەوە.

جۆرۆ گەڕایەوە ناو ئەشکەوتەکەو زۆر نیگەران بوو، ڕوونیشی کردەوە کە نەیتوانی تاشـتان ئەفغان قایل بکات، کە تا بەیانی مۆڵەتی پێ دان، گوتیشی لەو بـارەوە ڕاوێـژ بـە شـیڤ بیکتۆر دەکات، بۆیە دەبێت تا بەیانی چاوەڕوان بن، ئەو کات دوایەمین بڕیار لەگەڵ خـۆی دەهێنێتەوە...

ئیلێس دانیشت و شەوی لە تەنیشت ئاگرەکەوە بەسەر برد، هێـشتەیش بـیری لـە هـەمان شت دەکردەوە: ئایە لە بۆنەکاندا دەتوانێت بچێتە گۆڕسـتان، بـۆ ئـەوەی سـەر لـەکڵگۆی ئەرسین بدات و، دەستی بە دەستی کوڕەکەیەوە بێت؟

کاتێك هاواری بووکی نەمری بەرگوێ کەوت، لە چیا دوورەکانەوە دەهات: (تۆ لە کوێیت، تۆ لە کوێیت: ڕاوکەرەکەم بەرسڤم بدەوە)، بەچرپەوە بەرسڤی دایەوە ( ئـەی بـووکی نـەمر من گوێم لێتە، ئەوەتە منیش تەواو وەك تۆم لێهاتووە).

بەیانی ڕەوشەکە گۆڕا، پێدەچێت پەشیمانی یەکسەر نایەت و، ڕێگەکەی دژوارە، بە هـۆی سەرکەوتنی هەمیشەییەوە بەسەر ئەو شەڕەی لە ناخی مرۆڤدایە، ئاسانیش نییـە مرۆڤـی ناتەواو بە درێژایی ڕۆژگار و نەوەکان بانگەوازی مرۆڤایەتی بەرەو چاکە ببیستێت.

تاشتان ئەفغان هات و دارەتەرم و پاتسقەو خامی پێویستی بۆ تـەرمی مردووەکـە لەگـەڵ خـۆی هێنـا. دەبـوو تـا کۆتـایی دۆڵەکـەی بگوێزنـەوە، لـەو شـوێنەی بیکتـۆر لەگـەڵ ئۆتۆمبیلەکاندا چاوەڕێ دەکەن، ئەمەیش ئەوە دەگەیـەنێت کـە تەقاندنـەوەی ئەشـکەوتی مۆلۆتـاش دواخـراوە، یـان هەڵوەشـێنراوەتەوە. هەرچـی سـەبارەت بـە تـەرمی پڵنگـە بازووەکەیـە ئـەوە بیکتـۆر فـەرمانی دا لـە شـوێنی خـۆی لـە چـیا خـۆڵی بەسـەردا بکرێت.ئیلێس، بێوەژنە ناشەرعییەکەی ئەرسین، سەرپۆشێکی ڕەشـی بەسـەرەوەبوو، دوای

دارەتەرمەکە کەوت، لە دوای ئەویشەوە کومـاری خوشـکی و جـۆری مێـردی دەڕۆیـشتن، جۆرۆ جلەوی هەر سێ ئەسپەکەی گرتبوو.

کەس نەیدەزانی تاشتان ئەفغان بیری لە چی دەکردەوە، کـە بـە دوای ئەوانـدا دەڕۆیـشت، ئەویش جلی ڕەشی لەبەرکردبوو. دەڵێن بـە ڕۆیـشتنەوە دەگریـاو فرمێـسکی دەڕشـت و، بێرییە سەربازییە زۆر خۆشەویستەکەی لەسەر داکەندبوو، تا دەستی بگرێت لە نشێوەکەوە تووڕی دابوو.

هەرچی ئیلێس بوو ئەوە بەڕێوە ئەمەی دووبارە دەکردەوە: (گوێم لێتـە، گـوێم لێتـە ئـەی بووکی نەمر، دواتر دێمەوەو دەتدۆزمەوەو، پێکەوە دەگریین، چـاوەڕێم بکـە بـەم نزیکانـە دێمەوە ..).

لەو ڕۆژگارەدا پڕوپاگەندەیەك بڵاوبووەوە دژوارە بڕوای پێ بکرێت، دەیانگوت کە دوو پیـاو لە پیاوەکانی تاشتان ئەفغان بۆ ئەشکەوتی مۆلۆتاش گەڕانەوە، تا تەرمەکـەی (سـەر زلی کلك درێژ) لە ئەشکەوتەکە ڕاکێشنە دەرەوەو لەشوێنێکی نزیکی تەنیشتەوە قۆرتێکی بـۆ بکەن و خۆڵی بەسەردا بکەن و بیشارنەوە، بـەڵام هـیچ شـوێنەوارێکی جابارسـیان لـەناو ئەشکەوتەکەدا نەدۆزییەوە. جابارس بزر بوو، بـزر بـوو بـێ ئـەوەی هـیچ شـوێنەوارێکی لەپاش بەجی بهێنێت .. دواتر، زۆریان گوت کە بووەتـە تارمـایی و بـە چـیاکاندا دێـت و دەچێت، ئەوەی ڕاستی بێت هەرگیز کەس نەیبینیوە، بەڵام زۆر کـەس شـوێنەواری پێیـان بەسەر بەفرەوە بینیوە، شوێنەواری زەبەلاح، وەك پێشوو. هێشتە جابارس ئـارەزووی ئـەوە دەکات بە ناو تەپۆڵکە بەفرەکاندا بێت و بچێت وەك چۆن گۆش کراوە ..

# ( دەکوژێت یان ناکوژێت ) . .

کورتە چیرۆک

(تەنیا هەتاو خەڵتانی خوێن نابێت و

ئەسپ بێ سوار هەڵدێت)

ـ پێشبینییەکی قەرەجەکان ـ

ئەرسین سامانچین

پەخشکردنەوەی: ئیلێس جەبارسۆڤا

فڕۆکەوانەکە کە دەکۆشا فڕۆکەکەی لە ناوچەی ئاگرو گوللەی چڕی فڕۆکە شکێنەکان دەرباز بکات، سەیرێکی خوارەوەی کرد بۆ ئەوەی بزانێت تا چ ڕادەیەك لە خۆدوور خستنەوە لە پێکانی دژە فڕۆکەکان سەردەکەوێت. لە خوارەوەیش دارستانە سەوزە ـ خۆڵەمێشینە چڕە فرەوانەکە دیاربوو، کە بەو شێوەیە دەبینرا بەرەو لاتەنیشت وەرچەرخاوە، لەگەڵ بەرەو لاتەنیشت وەرچەرخانی فڕۆکەکەی، بەو شێوەیە دەردەکەوت وەك بلێیت دارستانەکە تا دێت وەردەگەڕێت و خەریکە فڕۆکەکە بۆ هەڵدێرێکی هەزار بە هەزار بەردەبێتەوە، لە چرکەکانی دواتردا فڕۆکە جەنگییەکە لە فڕیندا ڕاست بووەوەو دەست بەجێ دارستانەکە گەڕایەوە شوێنی جێگیری خۆی و تێکەڵ بە ئاسۆی دووری دووکەڵاوی بوو و جیهان ڕواڵەتە ئاساییەکە خۆی وەرگرتەوە. هێشتە فڕۆکەوانەکە تەواو هەناسەی وەبەر نەهاتبووەوە لەچرکەکانی دواتردا کوتوپڕ شتێك لەبەردەم فڕۆکەکەدا بەرچاو کەوت، تا ڕادەیەك فڕۆکەوانەکە ئەو کاتەی نەبوو بزانێت بە ئاسمانەوە خۆی بە چیدا کێشاوە، کە بارستاییەکی بێ شێوەبوو، بەلاّم تەنێکی زیندوو بوو، توند بەر فڕۆکەکە کەوت. فڕۆکەکە لەبەر توندی بەرکەوتنەکە لارەسەنگ بوو، فڕۆکەوانەکەیش لەبەشێکی بچووکی چرکەیەکدا توانای بینینی لەدەست دا.

ئەوە پۆلە مەلێك بوو، پێدەچێت لەکاتی فڕینیاندا تووشی نابینایی بووبن..

ئارەقەیەکی سارد بە لەشی فڕۆکەوانەکەدا چۆڕاوگەی بەست. پاش ئەوەی لە دوایەمین چرکەدا توانی ستێرنەکە توند بگرێت، بۆ ئەوەی نەکەوێتەوە ناو گێژەنگەکەوە، لەبەر ئەو بارستاییە خوێناوییەی شووشەی کابینەی فڕۆکەکەی خوێناوی کردبوو هێڵنجی هاتێ و ڕووی خۆی درژکرد.

سەرەتا باڵندەکان ئەم ناوچانەیان بەجێ هێشت، بێ ئەوەی چاەڕوانی پاییز بکەن، بە چلەی هاوین پۆل پۆل و تاك تاك، بە شەوو ڕۆژ، ڕۆیشت هێلانەو هێلکەکانیشیان بەجێ هێشت، کە هێشتە نەجووقابوون، ڕۆشیتوون و ئەو بێچووانەی خۆیان بەجێ هێشت کە بێ توانا ملیان درێژ دەکردەوەو، هێشتە دایکانەو باوکانەکانیان بە دەنووك خواردنیان دەرخوارد دەدان ، دوایەمین باڵندە کە بزربوون کوندە پەپووی زەلکاوەکان بوون، کە قیڕەی شەوانەیان نەما..

دڕندەکانیش هەڵاتن ..

لە شوێنێك لە شوێنەکانیش ئاگر لە دارستانە چڕەکە بەربوو و شوێنێکی زۆری سووتاندو تا دەهات دووکەڵ لەگەڵ بۆنە تیژەکەیدا بڵاودەبووەوەو دارستانە دێرینەکە هەرەسی دەهێناو دار سنەوبەرە زەبەلاحەکان بەردەبوونەوەو قرچ و هوڕیان دەهات، وەك بڵێیت گەردەلوولێکی توند لێی داوە، زەوی لەژێر باری قورسی تەقینەوە یەك لە دوای یەکەکاندا شێت و هار بوو، تەقینەوەی گوللەتۆپی تۆپخانەکان و ئەو بۆمبانە لە ئاسمانەوە بەردەبوونەوە، هەروەها لە دەستی گوڕەی زرێپۆشەکان کە هێرشیان دەبردو ئەو ئاگرانەی ئاراستەیان دەکرد.. جۆگەکان کە تەقینەوەکان شپرزەیان لێ بڕیبوون، ئاوەڕۆی خۆیان گۆڕی، لە لێواری خۆیان دەرچوون و، دۆڵ و نزماییەکانیشیان داپۆشی. تانکێك بۆ هەمیشە کەوتە ناو خەرەندێکەوەو هیچی لە دەرەوە لێ نەماوەو لەژێر ئاودا نغرۆ بوو تەنیا لوولەکەی نەبێت..

ئەمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووی دەدا، نەشدەتوانرا ڕابگیرێت چونکە شەڕی بەرەکان، بەپێی دەربڕینی سەربازی، لێرە ڕووی دەدا. بەرەیەك دژ بە بەرەیەکی دیکە. هەر لایەك پێویستی بە تێکشاندنی بەرەنگاری دوژمن و دەست پێکردنی هێرشێکی یەکلاکەرەوەو شکاندنی هێزو توانای دوژمن بوو، لە هەردوو باڵ و لە پشتیشەوە، لەگەڵ تێکشاندنی هێزە چالاکەکانی. هەر لایەك بڕوای وابوو کە ئەرکەکەی لەوەدایە لە دزە کردنە ناو بەرەی دوژمنەوە دەستپێشخەر بێت و یەکەم کەس بێت هێرش ببات.

بەڵام تا ئێستە هیچ کام لە هەردوو لا نەیانتوانیوە ئەو ئەرکە بەدی بهێنن، بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، جەنگی سەنگەرەکان درێژەی کێشا.

ڕەوڕەوەی ڕۆژگار دەخولایەوە، تا پاییز تۆپخانەکان، شەوو ڕۆژ، بە باران و بە سایەقەی سامالێ، لە بۆردومان کردن لەم ناوچەیە ڕانەوەستان، کە بە گۆڕەپانی ئۆپەراسیۆنەکان ناودەبرێت. ئەو ساڵە باڵندەکان نەگەڕانەوە هیلانەکانیان، گیا شێلراوەکانیش نەیانتوانی گوڵ بکەن و تۆویش بگرن.

لەم کاتانەیشدا فەرماندایەتی هەردوو لایەن بۆ شکستی پێ هێنا بە دوژمن، بە پەلە سەرقاڵی داڕشتنی پلانی نوێی ئۆپەراسیۆن بوون و داتای نهێنی سەبارت بە زیانەکان،

ژمارەی کوژراوو برینداره‌کانیان دەگواستەوە ـ ئەم سەرکردایەتییەو ئەویش بە یەك دەنگ جەختیان لەسەر پێویستی زیادکردنی قەوارەی هێزی گورزوەشێن دەکردەوە، بۆیە هەر یەکەیان داوایان لە فەرماندایەتی گشتی دەکرد یارمەتی پتر لە هێزی مرۆیی و چەك و تەقەمەنییان بۆ ڕەوانە بکەن: ئەمیان لە پێناوی داگیرکردنی سەنگەری نوێی گرنگ و، ئەویان لەپێناوی پاراستنی ئەو سەنگەرانە، بەڵام، هەرچۆنێك بووە ئەو یەدەکە لەم حاڵەتەو ئەوی دیکە پێش دەکەوت، بەڵام ئەوەندەی نەبرد لەشەڕەکاندا کەمتر دەبووەوە، تا بە یەدەکی دیکە پڕ دەکرایەوە..

هاوین کە جەنگ پارچە پارچەی کردبوو، بەرەو ئاوابوون دەچوو، هەر لایەك لە هەردوو لای شەڕکەر کاتی دوایەمین هەلی خۆ ئامادەکاری هات، دوایەمین کات، کە پێش سەرەتای دزەکردنەکەیە، ئەو کاتەی زەوی لەژێر قورسایی هێزە هێرشبەرەکەدا ـ هێرشە یەکلاییکەرەوەکەدا شێت دەبێت.

تا ئەو ڕووداوە مەزنە، کاتێك هەتاو بە تەنیا لەناو هەموو شتە ڕەشەکاندا، خەڵتانی خوێن نەبووە لەم ناوچانەدا کە باڵندەکان بەجێیان هێشتوون، چارەنووس لەو کاتەدا خەڵکانێکی زۆری بۆ ئەو ناوچە ڕەوانەکرد، کە ڕەنگە لەم جیهانەدا لە پێناوی تەنیا خودی ئەم ڕووداوە شوومەدا لەدایك بووبن.

یەکێك لەوانە بە شەمەندەفەری سەربازی لەشاری ساراتۆڤەوە گەیشت و لە ئاسیای فۆڵگای گەرمەوە هاتبوو. هەموو ئەوانەی ناو شەمەندەفەرەکە دەیانزانی بەرەو جەنگ دەچن. بەڵام نەیاندەزانی تەواو بۆ کوێ ـ بۆ کام بەرە یان کەرت ـ کەس نەیدەتوانی ئەمە بزانێت، تەنیا فەرماندایەتی گشتی نەبێت، هەرچی سەربازە ئەوە دەبوو بۆ ئەو شوێنە بچێت کە ڕەوانەی دەکەن. بەڵام هەندێکیان دەیانگوت بۆ مۆسکۆ دەچن و لەویشەوە شتەکە ڕوونە بۆ بەرەی جەنگ ..هەر بەو جۆرەیش بوو. پێشبینی کردن بەرەو ئەو شوێنە هیچ دژوار نەبوو. کاتێك سارتۆڤیان بەجێ هێشت ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو، پاش شەوێك بەو ڕێگە خنکێنەرەوە، پاش پێدەشتەکانی فۆلگا، کە گەرمای هاوین سووتاندبووی، لەم لاو لای ڕێگەکەوە، جارێك لە نزیك هێڵی شەمەندەفەرەکەو جارێك لە دوورەوە بنەدارو درەختی سەوز دارستانی سنەوبەر دەبینران، چاویان ڕوون دەکردەوە ـ وەك

بلێیت لەسەر تـابلۆی دێـرین نـەخش کێـشراون، تەنانـەت سـەرما وردە وردە لـە دەرگـە وازەکانی فارگۆنە پڕ لە سەربازو چەکە سـووکەکانی شـەمەندەفەرەکەوە دەهاتـە ژوورەوە. ئەوەندەی نەخایاند دارستانەکانیان زۆر لێ نزیك بووەوە ـ بنوارە ـ چەند دارستانێکی پـان و بەرینن، ئێرە ڕووسیایە ـ ڕووسیای دایك ـ سەربازەکان بە یەکدییان دەگوت، وەك بلێیت خەلکی ڕووسیا نەبن، بەلکو خەلکی شوێنی دیکە بن.

لاوێکی درێژو باریکیان تێدابوو، جلە سەربازییەکەی لەبەردا دەلپ بوو، وا پێدەچـوو جلـی باوکی لەبەر کردبێت، ئەویش سێرگی فۆرنتسۆڤ بوو. یان وەك لە ناو پۆلەکە بانگی دەکەن ـ سێرگی ئینۆك ، نا بەلکو بابە سێرگی. ئەو لاوە پێـشتر لـە قـسەکانیدا ئامـاژەی بـەوە کردبوو کە خواوەند (ئیڤۆنە) نییە، بەلکو بەرجەستە بوونە بەلام چ بەرجەستە بوونێك هیچ کەس لەوەی لەو بارەوە گوتی تێنەگەیشت. بەلام ئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی زمان درێـژەکان ناوێکی کلێسەیی بەبەردا ببڕن ـ سێرگی ئینۆك. ئەوەیان پێ خۆش بوو ـ چـونکە سـێرگی نۆزدە سالی تێنەپەڕاندبوو، ئیدی بۆچی گالتەی پێ نەکرێت، بە تایبەتی بە خۆیشی بێـزار نەدەبوو. ئەو (سێرگی)یە چـەندین کاتـژمێر لەبـەردەم بەربەسـتی دەرگـەی فارگۆنەکـەدا ڕادەوەسـتا، لـە هـەموویش زۆرتـر حـەزی لـێ بـوو لای دەرگەکـە ڕاوەسـتێت. پـاش مالئاواییەکـەی دوێنـێ و سـواربوونی شـەمەندەفەرەکە، هەنـدێك پاپـەزانیان دەکـرد، هەندێکی دیکەیش کەمێك خواردنەوەیان پێ مابوو. وەك لە سەفەردا باوە، وێـڕای هـەراو زەناو گوڕەی شـەمەندەفەرەکە، قـسەکردن نەدەبڕایـەوە. هەنـدێك گۆرانییـان دەگوتـەوەو هەولیان دەدا لەو کاتی دەست بەتالییەدا دلی خۆیان خۆش بکـەن، هەرچـی سـێرگی بـوو شـتێك بـەرەو لای دەرگەکـەی ڕادەکێـشا ـ بـۆ ئـەوەی شـوێنە نوێیـەکان ببینێـت، کـە شـەمەندەفەرەکە خێـرا پێیانـدا تێدەپـەڕی، وەك منـدالی بـچووك، لـە هـەمووان زۆرتـر ئارەزووی لێ بوو سەیر بکات و شت بزانێت.

ئەمە یەکەمین جار بوو، سێرگی بەم ناوچە ڕووسییە ڕەسەنەدا سـەفەر بکـات، ئەگەرچـی خەونی بەوەوە دەبینی خوێندن لە مۆسکۆ تەواو بکات، پاش ئەوەی ئامـادەیی تـەواوکرد، بەلام هەموو ئەوە ئێستە هەلوەشایەوە، ئەوەتە شەمەندەفەر بەرەو جـەنگی دەبـات. لـەم کاتەیـشدا ژیـان بـەردەوام بـوو: لـە نـاو فارگۆنەکـەدا، لـە جوولـەدا، لـە دەرچـوون لـە

شەمەندەفەرەکە لە وێستگەکاندا، لە هێنانی ئاوی گەرم لە کتری چادا، لە خواردنی بەشـە ژەمی خواردنی سەربازی، لە تێبینی کردنی دیمەنەکان بە ڕێگەوە، پاش سێ مانگ مەشق و ڕاهێنانی قورس لە یەکێك لە سەربازگەکانی لێواری فۆلگا. سێرگی کە شتێکی نابـاوی دەبینی، بەلای ئەوانی دیکەوە نائاسایی نـەبوو، جێـی سـەرنج نـەبوو، یەکـسەر دەسـتی یەکێك لە ئەوانەی تەنیشتی دەگرت، وەك بڵێیت بانگی بکات لەو دۆزینەوەیەدا بەشـداری لەگەڵ بکات کە ڕەنگە گوندێکی بچووك بێت، کە زۆر لە هێڵی شـەمەندەفەرەکەوە نزیـك بوو، یان دەریاچەیەك نیوچە داپۆشراو بـە قـامیش و زەل، یـان کابرایـەکی سـەیر سـواری مانگایەك بووبێت. ئای چ ئەسپ سوارێکی زرنگیت. ڕەنگە دووکەڵدانێکی بەرز بێـت لـە پێدەشتێکی ڕووتدا بێت، نزیك بـە کارگەیـەك و بڵێـسەی ئاگرەکـەی لـە سـەرروویەوە بـە ئاسماندا بڵند دەبێتەوە بۆ ئەوەی لە زێدە غازەکەی قوتار بن. لـەو شـوێنەی باوکیـشی لـە کێڵگە نەوتییەکان کاری دەکرد، دووکەڵدانێك هەیە لەسەرروویەوە بڵێسەی ئاگری لێ بـەرز دەبێتەوە. لە شەوی تاریکی زستانیشدا بەفر بارین زۆر جوانـە. کوڵـووە بـەفرەکان سـەما دەکەن، بە ئاسمانیشەوە ئاگرێکی زیندوو دەبریسکێتەوە. ڕێك دەکـەوت لەجـەژنی سـەری ساڵدا لەگەڵ دایك و هەردوو خوشکەکەی دەچووە ئەوێ بـۆ ئـەوەی دیمـەنی مەشـخەڵەکە ببینێت.، بە ناو بەفردا دەڕۆیشتن و هەر یەکەو دەستی ئەوەکەی دیکەی گرتبوو. لە کـاتی هاتنەوەیدا بۆ ماڵ کە گەرم و گوڕو ڕوونـاك بـوو شـیعریان دەخوێنـدەوە، دایکـی پەپکـە چەورەی پێشکەش دەکردن، تەنانەت باوکیشی ـ کە زۆر توند بـوو ـ ئـەویش لای خۆیـەوە کاتی بە خۆشی بەسەر دەبرد. ئای ئەم (ئینۆك)ە چەند ڕەفتاری سەیرە، تەنانەت هەنـدێك پێی پێدەکەنین، ئەو شیعرو پەپکە چەورەی بیر دەکەوتەوە .. لەکاتێکـدا شـەمەندەفەرەکە بەرەو بەرەی جەنگ دەڕۆیشت.

لە یەکێك لە وێستگە سـەرەکییەکاندا ـ شـەمەندەفەرەکە لەسـەرخۆ دەڕۆیـشت، دەمـەو ئێوارە بوو ـ سێرگی سـەرنجی هـەمووانی بـەرەو لای شـەمەندەفەرێك ڕاکێـشا بـە هـۆی بۆردومانەوە سووتابوو، برابووە سەر هێڵی یەدەك، مەکینەکەی شـێوابوو، فارگونـەکانیش تێکشێنرابوون. کەس ورتەی لێوە نەهات، بەڵام دەبێت هەر یەکەیان بیری بـۆ لای ئەمـە چووبایە: ئەم شەمەندەفەرە چۆن لە ئاکامی بۆردوماندا سووتاوە، چۆن فڕۆکە فاشـیزمەکان

هێرشیان هێناوەتە سەرو، چی لەناو ئەم فارگۆنانەدا ڕووی داوە؟ چەند کەس برینداربوون، چەند کەس توانییان باز بدەن، چەند کەس سووتان؟ ئەوە یەکەمین نیشانەی جەنگ بوو، کە بە چاوی خۆیان بینییان، بەم شێوەیە دیدارو بەیەك گەیشتنەکە بەبێ دەنگی ڕووی دا، وەك چۆن لە گۆڕستاندا ڕوو دەدات، لە دەمی ئێوارەدا بە هێوری لێك دابڕان. زۆریان بێ دەنگیان هەڵبژاردو دووکەڵی جگەرەی (ماخۆرکا)یان بەبا دەداو نغرۆی بیرکردنەوە بووبوون.

بەڵام بە ڕێگەوە ڕووداوێکی سەیری دیکە ڕووی دا، بە لاوەکە پێکەنین کاتێك مەچەکی یەکێکی ڕاکێشاو گوتی:

ـ لە بیرەکانی ئێرە بنواڕە چەند جوانن، ئا لەوێ نابینیت؟ ئەو بیرە نەخشێنراوەو، دەروازەی خانووەکەیش بە وێنەو نیگار ڕازێنراوەتەوە، ئای چەند جوانە..!

بەڵام ئەوەی تەنیشتی بە زارێکی تووڕەوە تێی خوڕی:

ـ واز لە سەیرکردنی بیری نەخشێنراوو دەروازەی بە نەخش و نیگار ڕازێنراو بێنە، سەیری ئەو کیژە بکە ئاو لەبیرەکە دەردەهێنێت. سەیری پێستی گەنم ڕەنگی بکە، ئەی پاشەڵی بۆ ناڵێیت، هەرچی تۆیت تەنیا بیرەکە دەبینیت. ئای ئینۆك، ئەگەر ئێستە، لەبری تۆ، لە شەمەندەفەرەکە بازبدەم و ناوم بە (هەڵاتوو) بنووسن. ئای ئەو کاتە چەند پێکەنین.

دەبێت بگوترێت: خەڵك خێرا بۆیان دەرکەوت کە بە ڕاستی کابرایەکی گێلە، ئینۆك لاوێکی ساویلکەیە، سەیری لایە هەڵەکە دەکات، ئەگەرچی خوا بەژنێکی بڵندو ناوشانێکی پان و توانای مشتومڕی پێ بەخشیوە. بەڵام سێرگی هێشتە لاوێکی هەرزەو شەرمنۆك بوو، نەك هەر ئەوە بەڵکو ڕەفتاریشی سەیر بوو. سێرگی بە خەفەت و پەژارەوە بیری لەوە دەکردەوە کاتێك سەیری هاوتەمەنەکانی دەکرد، کە جگە لە لایەنەکانی دیکە، بە ئاسانی قسە لەگەڵ ئافرەتاندا دەکەن، بەڵام ئەو ... بەم بۆنەیەوە، ئەویش تووشی ڕووداوێك بووە، لە ئاماژە کردن بە خۆشەویستی دوور نییە، بەڵام بە شێوەیەکی شەرمەزارانە کۆتایی هات.

دوێنێ لە وێستگە کاتێك سواری شەمەندەفەر دەبوون، تووشی ڕووداوێکی سەیر بوو، ڕەنگە پێکەنیناویش بێت، ڕەنگە بەو جۆرەیش نەبێت .. بەڵام بە درێژایی ڕێگە هەر بیری

لیٚ دەکردەوە. ئەویش لەبەر ئەوەی خەڵك لە یەکەمین نیگاوە دەزانن کە ـ ئینۆك ساویلکەیەو، هیچ شتێکی دی نییە.

ناوەرۆکی ڕووداوەکە ئەوەبوو کە ڕاگەیاندنی ڕۆیشتنی یەکە سەربازییەکەیان شتێکی کوتوپڕ بوو، وەك لە بارودۆخی لەناکاودا، بەیانی زوو بوو. جەنگ بەردەوامەو ئەوەیش هەموو شتێك ڕوون دەکاتەوە. فەرمانی سەربازیش هێنان و بردنی ناوێت. بۆیە بە پەلە خۆیان ئامادەکرد. ئەوەندەیشی نەخایاند سەربازگەی نزیك شاریان بەجیٚ هێشت، بەتالیۆن بە دوای بەتالیۆندا بەناو شەقامەکانی (ساراتۆڤ)دا بەرەو وێستگە ڕۆیشتن. زۆربەی سەربازەکان خەڵکی شاری ساراتۆڤ بوون، بۆیە کاتێك بە شەقامەکاندا دەڕۆیشتن هەندێك بەلای پەنجەرەی ماڵەکانیاندا لە خانووەکانی کرێکاراندا، نزیك بە دەرگەی کارگەکان تێدەپەڕین، ئەو کارگانەی تا دوێنیٚ کاریان تێدا دەکرد، چۆن دەکرێت مرۆڤ بیٚ دەنگ بەوێدا تێپەڕێت؟ لەوێدا ئەو ڕووداوەی تووش هات. کەس نەبوو بیر لەوە بکاتەوە ڕیزەکەی خۆی بەجیٚ بهێڵێت، چونکە فەرماندەکان لەو جۆرە ڕەفتارە بیٚ دەنگ نابن. بەڵام هەبوو هاواری بە ڕووی پەنجەرەکاندا دەکرد کە بەو هاوینە کرابوونەوە، بۆ ئەوەی خواحافیزی لە کەسوکاری خۆی بکات، یان بانگی ڕێبوارەکان بکات و داوای لیٚ بکات سڵاوی بە کەسوکارەکەی بگەیەنێت. منداڵەکان لە هەموو کووچەو کۆڵانێکەوە گرد بوونەوەو هاواریان دەکرد: (سەربازەکان هاتن، سەربازانی سوپای سوور بەرەو جەنگ دەچن) ئافرەتان ـ ژن و خوشك و دراوسێکان، گردبوونەوەو هەموو بەیەك گەیشتن، وەك بڵێیت چاوەڕوانی ئەو ساتەیان کردبێت، پاشان خێرا بەپەلە، هەندێکیان بە بابووج، هەندێکی دیکەیان بە پیٚ خواس هاتنە دەرەوە، بازیان دەدا، تەنانەت یەکێکیان بە قژی تەڕەوە هاتە دەرەوە، سەری بە پەشتەماڵ داپۆشیبوو، کاتێك سەری دەشوشت و گوێی لە هەراو هوریاکە بوو، هەندێکیان جلەکایان دڕابوو. بە تەنیشت سەربازەکانەوە ڕایاندەکرد، کە لەناو ڕیزەکەدا ڕێیان دەکردو بەرەو جەنگ دەڕۆیشتن، خواحافیزییان لیٚ دەکردو هەموویانیان بە خواوەند دەسپاردن. هەموویان لەو ساتەدا بەلای ئەوانەوە خۆشەویست بوون، خزم بوون، هەموویان بیٚ ئەوە کەسیان لیٚ دەربهاوێژن، ڕایان دەکردو داوایان لە سەربازەکان دەکرد خێراو سەرکەوتووانە بگەڕێنەوە ساراتۆڤ، فۆڵگا، گوندی دایك. یەکێك

له ئافرەتەکان هەر هاواری دەکردو هەر دەگریا: (بـژی سـتالین، بـژی سـتالین)، پاشـان ، کاتێك ڕیزی سەربازەکان لە وێستگەکە نزیـك بوونـەوە ئافرەتـەکان تێگەیـشتن و بـەر لـە جیابوونەوە دەستیان بە گریان و لاوانەوە کردو نـەفرەتیان لـە چارەنووسـی تـاڵ و بـەختی ڕەشی خۆیان دەکرد لە کاتێکدا خواحافیزییان لەو سەربازانە دەکرد کە بـۆ بـەرەی جـەنگ دەڕۆیشتن، چونکە هەر لە ئێستەوە ژیانیان بوو بە جۆرە قوربانییەك لە سـەر کوشـتارگەی جەنگدا، لەگەڵ هەموو ئەو ناخۆشییانەی ژیانی بێـوەژنی تـا دوایـەمین ڕۆژگـاری تەمـەن لەخۆی دەگرێت..

ـ ئافرەتەکان شین و واوەیلێ مەکەن، ڕێڕەوی ڕیزەکە تێك مەدەن، دەی بڵاوەی لێ بکەن.

بەڵام هاوار و تێخوڕین و هەڕەشەی فەرماندەکان کاری لە ئافرەتەکان نەکردو، بەم شـێوەیە ڕێڕەوی سەربازەکان لە ڕیزەکـەدا بـە شـەقامەکانی سـاراتۆڤدا، جارێـك بـەرەو سـەرەوەو جارێکی دیکە بەرەو خوارەوە بە لێژاییەکەدا بەردەوام بـوو، ئـافرەت و منداڵـەکانیش لـە تەنیشتیانەوە بوون، تا دەهاتیش لە فۆڵگا دوورتر دەکەوتنەوە..

سێرگی لەو باوەڕەدا نەبوو کە ئەوەند بە دەسـتی ژان و ئـازاری لێکدابڕانـەوە دەناڵێنێـت، ئەوە یەکەمین جارە، کە ئاگەی خواحافیزی دەزانێت، گیانی ئـازارو ئەشـکەنجەی دەبـینی. ئەگەرچی وەك هاوەڵەکانی تەنیشتی خۆی بەو شێوەیە پیشان دەدا کـە دەربەسـت نایـەو، هەر کەسەی چاوی بە چاوی ببڕیبایە بـۆی پێدەکـەنی و دەسـتی ڕادەوشـاند ـ وەك بڵێیـت دەڵێت: هەموو شتێك ئاسایی دەبێت. چۆن نا؟ بەڵام هەستی دەکـرد کـە دڵـی گوشـراوە، چونکە نەیتوانی خواحافیزی لە هەمووان بکات ـ چـونکە بـاوك و دایکـی پیرەمێردێـك و پیرەژنێکی بەتەمەن بـوون، خۆیـشی دوایـەمین منـداڵیان بـوو. خوشـکە گەورەکـەی لـە کازاخستان، لەسەر سنووری ئەو وڵاتە لەگەڵ چین، لە بنکەیەکی  سنووری دەژیا. هەرچـی دووەمیانە (فیرۆنیکا)، لێرە، لە ساراتۆڤ دەژیت، مێردەکەی لـە بەرەیـە، کـەس نازانێـت زیندووە یان نا. منداڵێکی بچووکی هەیە، جا لەبەر ئەوەی ئیش دەکات بۆیە منداڵەکـەی لای دایکی بەجێ هێشتووە بەخێوی بکات، کە پـیری زوو زەفـەری پـێ بـردووە، هەرچـی باوکیەتی ـ فۆرنتسۆب نیکۆلای ئیڤانۆڤیچ، کە هەموو تەمـەنی خـۆی وەك ژمێریـار لـە کێڵگە نەوتییەکانی لای فۆڵگا بەسەربرد، ئەو کاتە لە نەخۆشـخانە کـەوتبوو، ماوەیـەکی

زۆرە نەخۆشە. فیرۆنیکا ئەو شتانەی لە نامەیەکدا بۆ نوسیبوو، بە ناونیشانی پۆستی یەکە سەربازییەکەی بۆی ڕەوانە کردبوو، کە لەوێ شەوو ڕۆژ لەسەر کاروباری جەنگ مەشقیان پێ دەکردن. ڕێگەیان نەدەدا کەسوکاریان سەریان لێ بدەن. لەو نامانەدا فیرۆنیکا باسی هەموو مەینەتییەکانی خۆیانی بۆ دەکردو، تا چ ڕادەیەك ژیانی بە کولەمەرگی بەسەر دەبات کە لە نێوان چوون بۆ کارو نێوان ماڵ و، چوون بۆ نەخۆشخانە بۆ سەردانی باوکی نەخۆشی دابەشی کردووە. بەوە ناسراوە کە زۆر دڵسۆزەو بەشداری خەم و پەژارەی هەمووان دەکات. خوشکەکەی خۆش دەویست لەبەر ئەوەی قسەی لە ڕوو بوو، ڕاشکاوانە هەموو شتێکی لە نامەکاندا بۆ دەنووسی و هیچی لێ نەدەشاردەوە. بەڵام سێرگی وەڵامی دوایەمین نامەی خوشکەکەی نەدابووەوە، نەیشیدەزانی وەڵامی دەداتەوە یان نا، چونکە هەستێکی سەیری شەرمەزارانەی لە دڵیدا بەجێ هێشتبوو. فیرۆنیکا ـ بەڵام هەموو ئەوەی لە کوێ زانیبوو ـ سەبارەت ناتاشکای کیژە هاوپۆلەکەی نووسیبوو، ئەوەی کە لە فێرگە نازناوی (کۆمینترینا)یان لێنابوو، لەبەر ئەوەی ناتاشکا، لە کاتێکدا هێشتە لە پۆلی حەوتەم بوو، چامەی لەسەر کۆمینترۆن نووسیبوو، لەسەر ئەوەی چۆن گرووپەکانی کۆمینترۆن لە ئیسپانیا لە پێناوی کامەرانی و بەختەوەری کرێکارو جووتیاراندا لە هەموو وڵاتانی جیهان تێکۆشان. ئەو چامانەیشی ڕەوانەی مۆسکۆ کردبوون، لەوێشەوە نامەیەکی ڕێزو پێزانینیان بۆ ناردبوو، ئەو نامەیە ڕووداوێکی گرنگی لە فێرگەکە پێکهێنابوو. ناتاشکا دەیدایە هەمووان بیخوێننەوە. پاشان ناتاشکا ـ کۆمینتیرکای بزێوو چالاك بوو بە چالاکوانێکی بەناوبانگ، لە هەموو کۆبوونەوەکاندا قسەی دەکرد، هەمووان دەیانناسی و هەمووانی دەناسی. بەهار، پێش ئەوەی جەنگ هەڵبگیرسێت، جارێکیان لە ئاهەنگێکی فێرگەدا سەمای لەگەڵ کرد، وێ بوو دەستی گرت و بۆ سەماکردنی برد، کاتێك لای پەنجەرەکەوە ڕاوەستابوو، سەیری جووتەکانی سەمای ڤاڵسی دەکرد، لەناکاو لێی نزیك بووەوە، پاش ئەوەی ئەو سەماکەرەی بەجێ هێشت لەگەڵی سەمای دەکرد، بە هەموو بڕوا بە خۆبوونێکەوە قۆڵی بە قۆڵیدا کردو گوتی: ـ (وەرە سێریۆجا، حەز دەکەم لە هەموو کەسێکی دیکە پتر سەما لەگەڵ تۆ بکەم). ئەمیش بەگوێی کرد، وەك چۆن بە گوێی ئەو پێشەنگە دەکات کە سەرپەرشتی

دەكات، ئەگەرچی وێ زۆر لەم کورتتر بوو، ئایە ئەو هەموو سووربوونەی لەکوێ بـوو؟ وەك بڵێیت ئەمـە چـاوەڕوانی دەکـرد، هـەردووکیان چـوونە نـاو گۆڕەپـانی سـەماکردنەکەوە، ئەوەیش خاڵی دەست پێ کردن بوو. سێرگی هەستی بەو جۆرە هەستانە دەکرد کـە پێـشتر هەستی پێ نەکردبوون ـ سەری لەناو ئەم هەموو سەماکەرانەندا دەخولایەوە، وەك بڵێیـت ئاگرێکی نەبینراو لەم کۆمەڵە خەڵکە سەماکەرەوە دەردەچوو، لەش و هەناسـەی گـڕ تـێ بەر دەداو هەستت دەکـرد خـۆت بەدەسـتی ئـارەزووە بەتینەکـەوە دەدەیـت، بۆیـە ئـەو ئارەزووی دەکرد لەناو ئەم خەڵکە زۆرە هەڵێت و لەگەڵ ناتاشکادا بە ئاسماندا بفڕێـت، بـە شێوەیەك کەس نەیانبینێت، لە ئامێزی بگریت و دواتـر بـەرزترو بـەرزتر بفـڕن. هەرچـی ناتاسکا ـ کمۆمنتیرکا بوو چوون پلاسـتیك ـ نـەرم و شـل بـوو، خـۆی بەدەسـتەوە دەدا، ئەوەی زۆرتر سەری لێ سوڕما ئەو شەرمەی سەرەتا هەستی پێ دەکرد ئەوەندەی نەخایانـد جڵەوی ئازادو ڕەهابوو، هەستی لێك نزیکبوونەوەی تایبەت شـوێنی گرتـەوەو تـا دەهـات دڵی خێراتر لێی دەداو نەیدەتوانی جڵەوی ڕابگرێت. ئەم لێکنزیك بوونـەوە پـتر کـۆنترۆڵی دەکرد، بەڵام نەیتوانی شێوەی ڕوخساری لێك جیابکاتەوە، کە زۆری لێـوە نزیـك بـوو، تـا ڕادەیەك هەسـتی بـە هـاڵاوی هەناسـەی دەکـرد، ڕووداوەکـە ئەوەنـدە کـاری تێکردبـوو تێنەدەگەیشت چی بەسەر هاتووە.کاتێك لەناکاو پێی گوت: (سێرگی من دەزانم تۆ خۆشت دەوێم و، خەونم پێوە دەبینیت) ئەو کات هەردوو چـاوە بـە پێکەنینـە بوێرەکـەی و، دەم و چاوی بینی کە بە ئەنقەست لێی نزیك دەکردو جۆرە دەربڕینێکی ئاماژەی پێوە دیاربوو.

سێرگی هەستی بە ئەوپـەڕی شـپرزەیی کـرد، چـونکە چـاوەڕوانی شـتێکی لـەو جـۆرەی نەدەکردو خۆیشی بۆ ئامادە نەکردبوو، لە خۆشبەختی ئەویش بوو ڕێتمەکەی تێـك نـەداو درێژەی بە سەما کردنەکە دا. ویـستی بـە شـتێك، شـتێکی زیرەکانـە، هـەرزان، لەسـەر شێوەی هاوتەمەنەکانی کە لەوەدا زیرەکن وەڵامی بداتەوە، بەڵام شـتەکەی بـە لاوە جـدی بوو. ئارەزووی دەکرد پێی بڵێت: ئـەو بـیری لـەوە نەکردووەتـەوە خۆشـی بوێـت یـان نـا، ئەگەرچی بە گوێرەی دڵیشی بوو، نا بەڵکو زۆریشی بەدڵ بوو. بەڵام ناتاشکا، وەك بڵێیـت کە دەزانیـت بـیر لـە چـی دەکاتـەوە، لـە کاتێکـدا هـەر دەسـووڕایەوەو لەسـەر ڕێتمـی میوزیکەکە سەری دەلەقانـدەوە، پێـشی کـەوت و گـوتی: (سـێرگی وەڵام مـەدەوە، وەڵام

مەدەوە، پێویست ناكات خۆت ماندوو بكەیت، من بە گاڵتەوە ئەو قسەیەم كرد، بەڵام لە ڕاستیدا من دەزانم بیر لە چی دەكەیتەوەو، دەتوانم لە جیاتی تۆ بڵێم ـ ناتاشكا كەمێك لەوپەڕی هۆڵەكەوە ڕاوەستا، بۆ ئەوەی باشتر گوێیان لە وشەكانی بێت ـ من ناخی هەمووان دەخوێنمەوە، دەزانم هەر یەكە بیر لە چی دەكاتەوە. لە لیژنەی ناوچە پێم دەڵێن من كومسۆمۆلییەكی شارەزام لە پڕوپاگەندەو ڕیكلامدا. من بە تەواوەتی دەتبینم، تۆ خۆشت دەوێم و، ئەوەندەیش نابات ئەوەم پێ دەڵێیت، تۆ لەوانی دیكەی ئێرە ناكەیت، تۆ درەنگ بیر دەكەیتەوە، تا ئەو كاتەی بڕیار دەدەیت .. من هەموو شتێك دەزانم چونكە پێشتر هیچ پێوەندییەكت لەگەڵ كچاندا نەبەستووە. ئەدی وا نییە؟ بەڵێ شتەكە ڕوونە، پێویست ناكات بیشاریتەوە، ئەوەتە من لە چاوەكانتدا دەیبینم. بەڵام كاتێكی زۆر تێناپەڕێت و هەموویان دەبینیت خۆشیان دەوێیت و پێوەندیت پێوە دەكەن، بۆیە نەكەیت، من یەكەمیانم و، تۆ لەگەڵ من دەمێنیتەوە ـ سەرلەنوێ درێژەیان بە سەماكردنەكەیان داو ناتاشكا هەر قسەی دەكرد ـ پێكەوە سەر لە هەموو شوێنێك دەدەین، لەو كاتەی من لە كۆبوونەوەكاندا وتار دەبێژم، تۆ بۆ ڕۆژنامەكەی تۆمار دەكەیت و دەبیتە ڕۆژنامەنووس، تۆ لە نووسیندا زیرەكیت، من ئەمە دەزانم، لە ڕاستیدا من لە وتاربێژیدا گۆساغ و زیرەكم، تۆیش لەبەرانبەردا زیرەكیت، منیش پێویستم بەوەیە. ڕوونە؟).

ئەم قسانەیان لە نێواندا ڕووی دا، ڕەنگە جۆرە گاڵتەیەك بێت، یان ڕاست بێت، ئایە دەبوو بەو شێوەی بیر بكاتەوە، نا بەڵكو لە بیری بكات، بەڵام ئەوەی ڕووی دا ئەوەبوو كە سێرگی ئەو شەوە خەوی لێ نەكەوت و تا بەیانی گینگلی دا، وەك بڵێیت كارەبا گرتبێتی، پاش ئەوە بڕیاری دا نامەیەكی بۆ بنووسێت، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند دڕاندی. گەیشتە ئەو بڕوایەی كە نووسین بە شێوەیەكی جدی گونجاو نییە، یان بەو شێوەیە بۆی بنووسێت، بۆ كات بەسەربردن، وەك بڵێیت خۆی لێ نزیك بكاتەوە، ئەوەیشی بەدڵ نەبوو، بۆیە بە تێپەڕبوونی كات سارد بووەوە. دواتر ـ ئەوەیش پاش دەرچوون بوو، لە كاتێكدا كە دەیویست بچێتە پەیمانگەی پەروەردە ـ ئەو هاوینە جەنگ هەڵگیرسابوو ـ دوو جار سەرپێیی بە دیداری یەكدی گەیشتبوون، بەڵام سەبارەت بە ئەویندا‌ری قسەیان نەكرد. هەردوو جارەكە سێرگی چاوەڕوان بوو بگەڕێنەوە سەر باسەكە، بەڵام بە خۆی لەو بارەوە

قسەی لەگەڵ نەکرد، هەروەها لە زاری ئەویشەوە هیچ شتێکی لەو ڕووەوە بەرگوێ نەکەوت، باشتر وابوو ئەو بەسەرهاتەی لەیاد بچێتەوە، بەڵام پاش ئەوەی بانگهێشت کرا بچێتە ڕیزی سوپاوە، شتی تەواو پێچەوانە ڕووی دا. سێرگی نەیتوانی هەستەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات و ڕووی کردە ئەوماڵە چەند نهۆمە، لەو شوێنەی کچەکەی لێ نیشتەجێیەو، بە دەورو بەریدا دەسووڕایەوەو، نیگەرانی و ئازار ناخیان دەخواردەوە، وەك بڵێیت کەوتبێتە ناو دوو ئاگرەوە: چونکە لە سەرێکەوە دەیویست پاشگەز ببێتەوە، لەلایەکی دیکەوە دەیویست لە شوێنەکەی خۆی بمێنێتەوەو چاوەڕوانی گەڕانەوەی بکات، بۆیە تای تەرازووی چاوەڕوانی هەڵبژارد، ئەوەتە بەرەو ڕووی دێت. بەڵام هەموو شتێك بە شێوەیەکی ئاسایی ڕابورد، وەك چۆن ئاگر خەریکە دادەمرکێتەوەو دەبێت چیلکەی هشك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی دیسان بڵێسەکەی هەڵچێتەوە، سێرگی پێی ڕاگەیاند کە دەچێتە سەربازی و بۆ ماڵئاوایی لێ کردنی هاتووە. ئەو هەواڵەی بە هێوری وەرگرت و ئاماژەی بەوە کرد کە ئێستە هەمووان ڕەوانەی بەرە دەکرێن، چونکە کاتی سەربازگری گشتییە، گوتیشی (وێ) ئێستە پەلەیەتی، سەرقاڵە، بەڵێنی دایە نامەی بۆ بنووسێت. گرنگ ئەوەیە بە پەلە ناوونیشانی پۆستەکەی لە بەرە بۆ ڕەوانە بکات. ئەمەیش سێرگی زۆر خۆشحاڵ کردو وەك بڵێیت بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە هاتووە ـ بۆ ئەوەی لەسەر نامە بۆ یەکدی ناردن ڕێك بکەون، لە نامەدا دەشێت قسەی زۆرتری بۆ بنووسێت لەوەی ڕاستەوخۆ بە زارەکی قسە بکەن، لە نامەیشدا دەتوانێت ئەو شتانەی پێ ڕابگەیەنێت کە ڕوو بە ڕوو ناوێرێت پێی بڵێت. بەڵام وەڵامی هیچ کام لە نامەکانی پێ نەگەیشت، ئەگەرچی سێ نامەی یەك بە دوای یەکدای بۆ نارد، ئەگەرچی بە پشوو درێژییەوە چاوەڕوانی کردو، لە مێشکی خۆیدا ڕستە جۆراوجۆرو بەرسڤە مەزەندەکراوەکانی نمایش دەکرد. کاتێك تروسکەی هیوای لە چڵەپۆپی مەشقە چڕەکاندا دامرکایەوە، نامەی خوشکەکەی گەیشت و ئاماژەی بەوە دەکرد کە ناتاشکا کۆمینتیرکا مێرد دەکات، وەك ئاگەداران دەزانن ـ مێرد بە پیاوێك دەکات زۆر لە خۆی بەتەمەنترە، ساڵێك دەبێت هاوسەرەکەی مردووەو لە بانگهێشت کردن بۆ سەربازی بۆ بەرەی جەنگ بەخشراوە. فیرۆنیکا لە نامەکەیدا نووسیویەتی: (سیریۆجا نەکەیت برالەی خۆشەویست ئەمەت پێ ناخۆش بێت, من

دەتناسم، زۆر ڕۆمانت خوێندووەتەوەو، بەو شێوەیە سەیری دەکەیت، وەك بڵێیت لەسەر لاپەڕەی کتێب ڕوودەدات، بەو هۆیەوە ئازار دەچێژیت، بەڵام نەکەیەت خەفەتی بۆ بخۆیت. تۆ مرۆڤیکی دیکەی تەواو جیاوازیت، هەردووکتان دوو ڕەفتاری جیاوازتان هەیە. لە دڵەوە لۆمەی نەکەیت، ئەوە پێوەندی بە خۆیەوە هەیە کە بڕیاری داوە مێرد بکات. ئێوە بەیەك ناگەن. بڕوام پێ بکە. گرنگ ئەوەیە بە ساغ و سەلامەتی بگەڕێیتە ماڵەوە، گرنگ ئەوەیە ئەم جەنگە خێرا کۆتایی پێ بێت، هیچ گومانی ئەوەیشم نییە کە بەختەوەر دەبیت و ئەو کیژە دەدۆزیتەوە کە بە بەختەوەری و کامەرانی ژیانی لەگەڵ بەسەر دەبەیت. گرنگ ئەوەیە برای زۆر خۆشەویستم خۆت ئەزیەت نەدەیت و خەفەت نەخۆیت، بە زووترین کات بگەڕێیتەوە لامان ..ئەم جەنگەیش خێرا کۆتایی بێت، خۆزگە زوو کۆتایی دەهات..).ئەمە لە نامەکەی خوشکەکەیدا نووسرابوو. بەڵام ئەوی ڕاستی بێت، هیچ شتێك لە نیوان ئەم و لە نێوان ناتاشکا کۆمینتیرکادا نەبوو جێی ئەزیەت و خەفەت بێت، لەگەڵ ئەوەیشدا خوشکەکەی بڕیاری دابوو دڵنیای بکاتەوە.

ئێستەیش ئەم بەسەرهاتە سەرنەگرتووەی لەگەڵ ناتاشکادا بوو بە بەشێك لە ڕابوردوو، وەك خەونێکی نیوچە لەبیرکراو، وەك پەندێکی پێشووی برگەیەکی پێشووی ژیانی، کە لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدایە.

بەم شێوەیە بەرەو بەرەی جەنگ دەڕۆیشت، دەڕۆیشت بێ ئەوەی تێبگات چی بەسەر دێت، لە کاتێکدا هەستێکی ئاڵۆزی تێکەڵاو بە پەشیمانی و خۆقوتارکردن لەوەی ڕوحی ساویلکەی ئامادەبوو بێ ئەنقەستانە بڕوای پێ بهێنێت ناخی دەخواردەوە. ڕاستەوخۆ لە شاری سەردەمی منداڵیەتییەوە بەرەو بەرەی جەنگ دەڕۆیشت، لە ڕیزێکدا ئافرەتان و منداڵان بەڕێی دەکەن، ئەو منداڵانەی بە شەقامەکاندا ڕادەکەن، ئەوەی زۆرتر جێی داخیشە ئەوەیە کە فیرۆنیکای خوشکی لە ناویاندا نییە، کە ئەگەر بیزانیبایە بۆ بەرەی جەنگ دەڕۆن ئەوە هەرچۆنێك بووایە دەهات و خواحافیزی لێ دەکرد.

بەڵام ، وەك چۆن بە درێژایی ڕۆژگار گوتوویانە ئەوە جیهان بێ پەرجوو نابێت. ڕەنگە ئەوەی ڕوویشی دا یەکێك لەو پەرجووانە بێت، ئەوەبوو خواستی چارەنووس بە شێوەیەکی

تەواو کوتوپڕانە نەهاتنی خوشکەکەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە، بە ڕێگەیشەوە هەر بیری لەوە دەکردەوە، پاش ئەوەی کەمێك دڵنیا بووەوە، دوای ئەوەی سواری شەمەندەفەرەکان بوون.

کاتێك بە ڕێگەوە بوون و بۆ وێستگە دەچوون، لەناو بڕە ئافرەتەکاندا لەناکاو ئافرەتێکی قەرەجی بینی، لە کوێوە هاتبوو، خوا خۆی دەزانێت، ئەویش وێڕای ئەوەی هاوینان، ژمارەیەکی زۆر قەرەج لە ساراتۆڤ هەن. ژنە قەرەجەکە بە ڕوخساری گەنم ڕەنگ و جوانی و هەردوو گوارە مسینەکەی، کە لەکاتی خێرا ڕۆیشتنیدا سەمایان دەکردو، دەستماڵە دڕاوە کاڵەوەبووەکەی سەر شانی و عەزییە درێژەکەیەوە، کە بە عەرددا دەخشا، سەرنجی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. بەڵام قەرەج هەر قەرەجە ئەویش خێرا لە تەنیشت ڕیزەکەوە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەڕۆیشت و هاواری دەکردو ئاماژەی دەکرد، وەك بڵێیت چاو بە دوای یەکێکدا بگێڕێت لە ناو ڕیزەکەدا، سەربازەکان چاویان لە یەکدی داگرت و نقورچکیان لە پەراسووی یەکدی دەگرت، وەك ئەوەی هەر یەکەیان بە برادەرەکەی تەنیشتی بڵێت: بنواڕە، ئەو قەرەجە بە دوای تۆدا ناگەڕێت؟ تەنانەت یەکێکیان بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

ـ هێی ئەی ژنە قەرەجەکە، هێی ئەی ژنە بوێرەکە، من لێرەم، گوێت لێیە؟ ئەوە منم، ئایە بۆ ئەوە بە دوامدا دەگەڕێیت تا بەختم بۆ بخوێنیتەوە؟

چەندەی پێ سەیر بوو کاتێك گوێی لێ بوو وەڵامی دایەوەو گوتی بەختی ئەویش دەخوێنێتەوە، بەڵام کاتێکی دیکە، هەرچی ئێستەیە ئەوە بە خۆی ئەو کەسە دەدۆزێتەوە کە بە دوایدا دەگەڕێت. هەر ئەوەیش ڕووی دا. ئەوەندەی نەخایاند لە کاتێکدا ڕای دەکرد، ڕەنگە بە هەستی بێت، کە خواوەند پێی بەخشیوە، یان ڕەنگە بە هۆی ئارەزوویەکی کاتییەوە بێت، ئەوەی بە دوایدا عەبداڵ بوو، دۆزییەوە. ئەوەی پتر سەربازەکانی سەرسوڕماو کرد ئەوەبوو کە سێرگی هەڵبژارد. بەڵام بۆچی تەنیا ئەو؟ بۆچی ژنە قەرەجەکە تەنیا ڕووی قسەی لەو کرد؟ کاتێك لە تەنیشتیەوە ڕێی دەکرد:

ـ ئەی گەنج، ئەی لاو گوێ بگرە. تۆ ئەی بڕۆ ڕەش. لە ڕیزەکە وەرە دەرەوەو دەستتم بدەیە. تا بەر لە سەفەرکردنەکە بەختت بۆ بگرمەوەو بەڕێت بکەم و سەرکەوتنت بۆ بخوازم.

سێرکی لە ڕیزی سێیەم بوو لەو پەڕەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدا نەبوو، بەڵکو لەوەدا بوو کە نەیدەزانی لەم جۆرە ڕەوشەدا کە بەلای ئەوەوە نائاسایی بوو چۆن ڕەفتارو هەڵسوکەوت بکات، چونکە پێشتر کەس بەختی بۆ نەگرتبووەوە، بەختی ئاشکرا نەکردبوو، چونکە هەموو ئەندامانی ماڵەوەی لە هەموو جۆرەکانی سیحر بەدوور بوون ـ باوکی بڕوای بە پاپەز نەبوو، هەروەها دایکیشی هیچ بایەخێکی بە فاڵ گرتنەوە نەدەدا، کەچی ئەو بە خۆی کوتوپڕ لەبەردەم ئەم هەڵوێستەدا دەبینێتەوە.

ـ پێویست ناکات، نامەوێت ـ بە دەنگێکی بەرز بە ژنە قەرەجەکەی گوت و، لە گەڵیدا بزەیەکی هاتێ و هەردوو شانی هەڵتەکاند، لە ڕەتکرنەوەکەیشیدا پەشۆکابوو، دەیزانی دەبێت داوای لێبوردن بکات، بەڵام چۆن، بەرانبەر بە چی؟

لێرەدا هاوەڵەکانی پلاریان تێ گرت: ژنە قەرەجەکە دەزانێت کێ هەڵدەبژێرێت، لاوەکەمانی بە دڵە: ئەی دڵی لەکێ دەچێت، ئەگەر دڵی لەو نەچێت؟ پێدەچێت لە بڕوادارەکانەو، ئەمەیش تەواو گونجاوە.

بەڵام ژنە قەرەجەکە وازی لێ نەهێنا.

ـ ئەی لاو گوێ بگرە، ڕەتی مەکەوە ـ ئەوە چارەنووسە.

یەکێك هەڵێکێشاو گوتی:

ـ ناوی (سێرگی)یە.

ـ سێرگی، هێی سێرگی، هێی خۆشەویستم، ئەی برۆ ڕەش. پێت دەڵێم ئەوە چارەنووسە، سێرگی ڕەتی مەکەرەوە، تۆ هێشتە لاویت، سا با سەبارەت بە چارەنووست قسەت بۆ بکەم. بە دڵێکی بێ گەردەوە بەختت بۆ دەگرمەوە، هیچ شتێکت لێ ناشارمەوە.

لێرەدا هەندێك گەوج هاواریان کردو تێیان خوڕی:

ـ ژنە قەرەجەکە بەسە بێزارمان مەکە، نابینیت ئەوە ئێمە ڕێ دەکەین.

ـ تەنگتان پێ هەڵناچنم، تەنیا بێ ڕاوەستان سەیرێکی ناولەپی دەکەم.

ـ پێت دەڵێم سا دەی دوور کەوەوە، بێزارت کردین، بەسە چیدی جاڕسمان مەکە.

ژنە قەرەجەکە نە ئەوەندە گەنج، نە ئەوەندەیش پیر نەبوو، ڕوخساری، وەك بۆ سێرگی دەرکەوت، لە جادووگەرییەوە دووربوو، بەڵکو وەك ڕووی خوشکەکەی ڕاشکاوو بەسۆزبوو،

فیرۆنیکای خوشکی. فیرۆنیکا حەزی دەکرد بەردەوام چاکە بۆ خەڵك بکات، ئاگەی هێوری و دڵنیایی نەدەزانی. بەڵێ تا ڕادەیەکی زۆر لە فیرۆنیکا دەچێت، یان ئـەو بـەو شـێوەیەی دەبینی، تەنانەت بانگی سێرگی کردو گوتی: (ئاگـەدارت دەکەمـەوە، وەك چـۆن خوشـك برای خۆی ئاگەدار دەکاتەوە). کاتێك قەرەجەکـە لـەناو ئاپوورەکـەدا لـە چـاوی بزربـوو، هەستی بە پەشیمانی کردو، دەستی بـە سەرزەنـشتی خـۆی کـرد. دەبـوو بـە دەنگییـەوە چووبایە، بۆچی تا ئەم ڕادەیە شەرمنۆکە؟ لەو ڕەتکردنەوەیدا هەڵەی کرد.

لەم کاتەدا لە تەرمیناڵەکە نزیك بوونەوە. بە ڕیزی تەواوەوە، پـۆل لـە دوای پـۆل، بـڕ لـە دوای بڕ گەیشتن، هەراو هوریاو پاڵ بە یەکدییەوە نـان لـەناو خەڵکـە گردوبووەکـەدا ڕووی دا، کە پاش سەربازەکان گەیشتنە تەرمیناڵەکە.

شەمەندەفەرەکە لەسەر هێڵەکە ڕاوستابوو، دەرگەی فارگۆنەکانی کـاڵاو کولوپەلـەکان بـۆ پێشوازی ئەوانەی هاتبوون لەسەر پشت بوو، سەربەزەکان بە هەراو هوریـاوە بـە درێـژایی شەمەندەفەرەکە دەجوولانەوە، ئەوەی ئەوەندەی دیکە قوڕەکەی خەستتر کردبوو ئـافرەت و منداڵان بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبووبوونەوە، کەس نەیدەتوانی دەریان بکات.

دابەشبوون بەسەر فارگۆنەکاندا ماوەیەکی زۆری خایانـد، لەسـەر شۆسـتەی تەرمیناڵەکـە کەش گەرم و قەرەباڵغ بـوو. سـێرگی کاتێـك چـاوەڕوان بـوو نـۆرەی بێـت و بـچێتە نـاو فارگۆنەکەوە بە تەواوەتی ژنە قەرەجەکەی هەر لـە بیرچـووبووەوە، بـەڵام ئەوەتـە لـەناکاو لەناو ئاپوورەکەدا دەرکەوتەوە، ئاکام دۆزییەوە، ئای چەند کەللە ڕەقە.

ـ هێی. سێرگی. من بە دوای تۆدا هاتووم، بێ ئومێدم مەکە، ئەی لاو، گوێ لە منی ژنـە قەرەج ناگریت، چارەنووس فەرمانت پێ دەکات بەر لە سـەفەر کـردن بـەختت بگرمـەوە، ڕەتی مەکەرەوە، تۆ بۆ جەنگ دەچیت، چارەنووسی خۆت دەزانیت.

سێرکی بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

ـ باشە، بەختم بۆ بگرەوە، ئەگەر ئەوە پێویستە ـ پاش ئەوەی بوخچەی کەلوپەلەکانی لای هەردوو پێیدا داناو کلاشینکۆڤەکەی بە ملدا کرد، بـە خۆشـنوودییەوە دەسـتی بـۆ درێـژ کرد. بەم شێوەیە لە تەنیشت فارگۆنەکەوەو بە بەرچاوی ژمارەیەك لە هـاوەڵانی پۆلەکـەی

بەرلەوەی سوار بێت بەختی بۆ گێرایەوە. ژنە قەرەجەکە بە بایەخەوە لە هێڵەکانی ناو لەپی ورد بووەوەو، شتێکی بە گوێوە دەچرپاندو، لێوی دەجووڵاندەوەو سەریشی بۆ دەلەقاندەوە.

ـ وەی، شەڕێکی قورس ڕوو دەدات، پێشتر شەڕی لەو جۆرە ڕووی نەدابێت. ئۆی ئەی چارەنووس! ئەی چارەنووس! تەنیا هەتاو خەڵتانی خوێن نابێت و ئەسپیش بێ سوارەکەی هەڵدێت ـ ژنە قەرەجەکە ئەوەی گوت و قسەکانی ئاراستەی کەسێکی دیاریکراو نەدەکرد، پاشان، دوای ئەوەی سەیری سێرگی کرد گوتی: بەسەرهاتێکی ئەوینداریت هەبوو سەری لێ دەرنەچێت. خەفەتی بۆ هێنایت، بەڵام بێ خودە. تۆ وەك کاغەزێك هیچی لەسەر نەنووسرابێت پاکیت.

لێرەدا سەربازەکان دەستیان بە پلارگرتنی گاڵتەجاڕی کرد:

ـ شتەکە ڕوونە، برادەرە پاکەکەمان هەوڵی دا، بەڵام سەرنەکەوت. ـــ سەرنەکەوت ـ یەکێك خۆی هەڵکێشاو خۆی بەو شێوەیە پیشان دا بەرگری لێ دەکات، هیچ کارێکتان نییە تەنیا ئەوە نەبێت مر لە خەڵك ببەنەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە لاوەکەمان (ئینۆك) ئەشکەنجەی چەشتووە، بەڵام بێ خود، کیژەکە بەجێی هێشتووەو تێی تەقاندووەو ڕۆشیتووە، هەرچی ئەوە هەر بە پاکی ماوەتەوە.

ـ ئەی لاو گوێیان مەدەیە، بەڵکو گوێ لە من بگرە ـ ژنە قەرەجەکە ئەوەی گوت و بە دەستی ئاماژەی دەکرد، ئێستەیش دەستەکەی دیکەت بێنەو تەنیا گوێ لە من بگرە.

ژن قەرەجەکە لەناو لەپی دەستە چەپی سێرگی ورد بووەوە، پاشان هێزی وەبەر خۆی هێنایەوەو، چەند چرکەیەك بێ دەنگ بوو، پاشان بە زارێکی سەرکەوتووانە گوتی ـ تۆ نەمریت، دڵم پێی ڕاگەیاندم، ئێستەیش بینیت ـ تۆ نەمریت، تۆ ئەستێرەیەکی لەو جۆرەت هەیە، وەك ئەوەی من بزانم، لەبەر ئەوەبوو من دوات کەوتم.

جووڵە کەوتە ئەوانەی گردبووبوونەوە. هەرچی سێرگی بوو بە گێلییەوە بزەیەکی هاتێ و، نەیدەزانی چی بکات ـ خۆشی بکات، یان پێ بکەنێت و بۆ سوپاس کردنی سەری بۆ بنووشتێنێتەوە، بە مەبەستی ڕابواردن. ویستی دەستی ڕابکێشێتەوە، بەڵام یەکێك لەسەربازەکان لەناکاو خۆی تێ هەڵقورتاند، ئەویش کۆزما بوو. کابرایەکی گێچەڵبازە،

گێچەڵ بە هەموو کەسێك دەکات کە قسەیەك بڵێت، یان بە شێوەیەك ڕەفتار بکات بەدڵی ئەو نەبێت، زۆری حەز بە ئامۆژگاری دەکرد:

ـ ڕاوەستە، ئەی ژنە قەرەجەکە ڕاوەستە، گیانەکەم ئەم قسانە چییە دەیانکەیت؟ ئەوەی گوت و بە سووربونەوە سەری دەلەقاندەوە ـ پێدەچێت ڕێیەکەت هەڵە کردبێت، مەبەستت چییە کە دەڵێیت: نەمر؟ ڕێی تێدەچێت مرۆڤ نەمر بێت؟ لەکوێ شتی لەو جۆرەتان بیستووە؟ هەموو لە دنیادا دەمرن، تەنیا ئەو نەمرە؟ بۆ زانیاریت ئێمە بۆ شوێنێك دەچین نەناسراو نییە، بەڵکو بۆ جەنگ دەچین، کێ دەزانێت چی بەسەر دێت ـ هەندێك یەك گوللەو، هەندێکی دیکە ـ نا؟ ئێستە لە بەرەی جەنگ مردن جیاوازی لە نێوان ئەم و ئەودا ناکات و چی لە چارەی ئەم و ئەو نووسراوە، بەڵکو بێ ئەوەی کەسی لێ دەرچێت هەمووان دەدورێتەوە. ئیدی چی پێویست دەکات بە گێلمان بزانیت؟

ـ بە گێلتان نازانم، من چارەنووسی ئەو دەردەخەم، ئەستێرەیەکی نەمری هەیە. ئەوەی لە تەوێڵ نووسراوە ـ ژنە قەرەجەکە خۆی بە دەستەوە نەدا، قسەی دیکەی خستە سەر قسەکانی و زۆر کەسی لێ ڕازی بوو، ئەگەرچی تەواویش تێی نەگەیشتن ـ: چارەنووس لە مردن بڵندترە، چونکە چارەنووس بەرەو چارەنووست دەبات، بەڵام مردن بەرەو هیچت نابات. ئەستێرەی ئەم لاوە نەمرە، ئەوەیش چارەنووسیەتی.. کۆزما بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ هەر ورتە ورتێکی لێوە دەهات و هەردوو دەستی دەجووڵاندەوە وەك لە کۆبوونەوەدا بێت و دەکۆشا بیسەلمێنێت کە قسەکانی ژنە قەرەجەکە بێ بنەمان. ئەگەرچی ڕاستی دەکرد، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بوو سەربازەکان بڕوایان بە قسەکانی ژنە قەرەجەکە هێنا.

کە کاتی سواربوون و سەرکەوتنە ناو فارگۆنەکانیش نزیك بووەوە، زۆربەیان بە تەوقە کردن خواحافیزییان لێ کرد، هەرچی (وێ) بوو شۆستەی تەرمیناڵەکەی بەجێ نەهێشت تا کاتی سەفەرکردنەکە نەهات، کاتێکیش شەمەندەفەرەکە بەڕێ کەوت لەگەڵ ئافرەت و منداڵەکانی دیکەدا دوای شەمەندەفەرەکە کەوت و دەستی بۆ سێرگی ڕادەوەشاند.

کەش گەرم بوو، ئەو شەوە سێرگی خەوی لێ نەکەوت. ڕەوڕەوەکانی شەمەندەفەرەکە لە تاریکاییدا تەق و تۆقیان دەهات و، مەکینەکەیش شووتی درێژی لێ دەدا، دڵیش لە داخ و خەفەت و ترسدا دەگوشرا. هیچ شتێك بە بیری (سێرگی)دا گوزەری نەکرد، لە کاتێکدا

شەپۆلی مێژوو بۆ ناوجەرگەی جەنگی جیهانی کێشی دەکـرد، لـە نێـوان ئەمـەو ئـەوەدا بەردەوام ئەو قەرەجەی لەبیر نەدەچووەوەو ئەو قسەیشی بەردەوام لەیاد بوو: (تـەنیا هـەتاو خەڵتانی خوێن نابێت و ئەسپیش بێ سوارەکەی هەڵدێت..) تۆ بڵێیت مەبەست لەمە چـی بێت؟ ئەمە تەمومژاوییەو کەس لێی ناگات، تۆ بڵێیت چی ڕوو بدات تا هـەتاو بـە تـەنیا خەڵتانی خوێن نەبێت؟ تـا ئەسـپیش بـێ سـوارەکە هـەڵبێت؟ ئەسـتێرەی نـەمریش کـام ئەستێرەیە؟ لە کوێیە؟ ڕەنگە هەر هەموو ئەمە قسەی پووچ بن، بەڵام پێوەنـدی ئەسـتێرە بە مرۆڤەوە چییە؟ ئەستێرە لە کوێ ـ مرۆڤ لە کوێ؟ بەڵام چارەنووس هەیـە. چارەنووسـی ئەم بە چارەنووسی ئەوەوە بەندە، بەڵام چارەنووس چییە؟ چـۆن دەشـێت چارەنووسـێك لـە چارەنووسێکی دیکەوە لك و پۆپی لێ ببێتەوە.

ڕەوڕەوەکان بەسەر هێڵە ئاسنینەکەدا تەق و تۆقیان دەهات. سەربازەکان لە شیرینی خەودا بوون و، پرخەیان دەهات. مانگیش جارێك لە کـونی دەرگەکـەوە دەردەکـەوت و جـارێکی دیکە بزر دەبوو، ئەستێرەکانیش بەسەر شەمەندەفەرە تیژڕەوەکەدا دەبریسکانەوە..

بەڵام شتی سەیر ئەوەبوو چـۆن ژنـە قەرەجەکـە بەسـەرهاتەکەی ئـەمی لەگـەڵ ناتاشـکا کۆمینترکادا زانی و ئەم نامەی بۆ نووسیوەو هەر ئەوەیش ئاکامی نەبووە؟ ژنە قەرەجەکـە چۆن ئەوەی وەسف کرد؟ بێ خود خەفەت دەخۆیت؟ ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە خەفـەت خواردنیش بێ خود بێت، بەڵام لەوێ چی چاوەڕوانی دەکات؟ بارودۆخ لە بەرە چۆن دەبێت؟ بە ڕاستی شتەکە تۆقێنەرە، چونکە ئەو بریندارانەی لە بەرەی جەنگەوە گەیشتنە ساراتۆڤ، لەبارەی جەنگەوە دوان، ئێستەیش دەبێت خـۆی بـە چـاوی خـۆی ببینێـت جـەنگ چـۆنە ..هەرگیز خەوی لێ نەکەوت. سەرلەنوێ بـیری لـە بـوونی هێزێـك کـردەوە لـە سـەرووی هەمووانەوەیە، لە سەرووی هەموو کەسێکەوەیە، ئەویش چارەنووسە، کەسـیش ناتوانێـت ئەو هێزە ڕابگرێت، یان ڕوونی بکاتەوە. ڕەنگە جەنگ بەشێك لە چارەنووس بێت، بڕیـاری ژیان و مردن، سەرکەوتن و ژێرکەوتنیش بە دەستی چارەنووسەوەیە، ئەوەتە ئەوانـە بـەرەو بەرەی جەنگ دەچن، ئەوەیش خواستی چارەنووسە: لەبەر ئەوەیـە ئـەوان ئێـستە لـە نـاو شەمەندەفەرەکەدا لەسەر تەختەکان ڕاکشاون، کە بە پەلە بۆ ئەوێیان دەبات، لەو شـوێنەی جەنگی دژ بە فاشیزمەکان هەڵگیرساوە. لەوێ چی ڕوودەدات؟ ئەویش سـەرلەنوێ بڕیـاری

چارەنووسە! دەکوژیت یان ناکوژیت؟ تەرازووی سەرکەوتنیش لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە کێ کێ بکوژێت. هەمووان ئارەزوو دەکەن جەنگ خێرا کۆتایی بێت و برسیەتی پاشەکشێ بکات. لە کاتی ڕۆیشتن بە شەقامەکاندا ئافرەتەکان بوون ئەو هاوارەیان دەکرد، تەنانەت منداڵەکانیش، ئەوەیش پێویست بە کوشتار دەکات، پێویست بە کوشتن دەکات و پێویست بە بەدیهێنانی سەرکەوتن دەکات. ئەمە بەم شێوەیە پێ دەچێت، لە ماڵەوەیش باوکی لەگەڵ دایکیدا لەسەر ئەوە دەمەقرێیانە. ئەو کاتەی یادداشتنامەی ئاگەدارکردنەوەکەی پێ گەیشت، دەستیان بە تاوتوێ کردن و ئامادەکردنی کەلوپەلەکانی کرد، دایکی کە لە لێواری کورسییەکە دانیشتبوو و دەستی خستبووە سەر سینگی لێی پاڕایەوەو پێی گوت: (خۆشەویستم سیریۆجیکا تکات لێ دەکەم کەس نەکوژیت، خوێن نەڕێژیت) بەڵام چی پاڵی پێوە نا ئەو داوایەم لێ بکات؟ ئایە بە ڕێکەوت بوو، یان زۆری بیر لێ کردبووەوە؟ بە درێژایی ژیانی ئەوەی لەبیر ناچێتەوە چۆن چۆنەکی دایکی ئەو وشانەی لە زار هاتنە دەرێ، لە کاتێکدا سەیری ناوچاوانی دەکرد وەك بڵێیت هەر ئێستە لە شوێنێکی دوورەوە گەڕابێتەوە، تازە لەبەر دەرگەی ماڵ هاتبێتە ژوورەوە، ئەوەی پێ گوت کە بە درێژایی سەفەرەکە بیری لێ دەکردەوە. تەنانەت بە خۆیشی، وەك بڵێیت یەکەمین جارە لە ژیانیدا دایکی دەبینێت. چاوەکانی بینی، کە بریسکە زێڕینەکەی جارانیان لە دەست دابوو، هەروەها دەم و چاوی کە چرچ و لۆچ داپۆشیبوو، بەو سەڵتە کۆنەیەوە چەند پیرو کەنەفت دێتە پێش چاو، کە دەستماڵێکی بەسەر شانەوەیە. لێرەدا شتێکی سەیری بۆ دەرکەوت: ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە وێ بە درێژایی ساڵانی ژیانی گەڕۆکی بە ناو کێڵگەکانی نەوت لە چوار دەوری فۆلگا، کاتێك منداڵ بوو بە پێ خواس هەڕای دەکرد، لە کاتێکدا دایکی، کە ئافرەتێکی قەڵەوی بەژن زراڤ و قژ زەردبوو، قژی لە شێوەی چەپکە گوڵ بەسەر سەرییەوە کردبوو پەلکی چنراو، خەم و پەژارەی بەردەوامی ماڵ و منداڵ و فێرگەو ئەرکی مێردی بە کۆڵەوە بوو، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە وێ بە درێژایی ئەو ساڵانە خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد ئەوەی پێ بڵێت، کە ئەو کاتە پێی گوت بۆ سەربازی بەڕێی دەکرد. داواکردنی دایکی لەو کە لە جەنگدا کەس نەکوژێت، خوێن نەڕێژێت، بە تەواوەتی شڵەژاندوویەتی، بۆیە بە تەمومژاوییەوە ورتەیەکی لەبەر خۆیەوە لێهات:

ـ ئەوە چیتە دایە! ئێستە ئەمە پێویست ناکات؟ من دەچمە سەربازی ـ بۆ ئەوەی خۆی لە باس کردنی ئەو مشتومڕە بدزێتەوە، دەستی بە هەڵبژاردنی کتێبی فێرگەو کتێبی خوێندنەوەی ناو کتێبخانەکە کرد، پاشان پێی گوت: دایە لێرە چەند کتێبێکم لە کتێبخانەی گشتی وەرگرتووە، بە جیا دایاندەنێم، بە فیرۆنیکا بڵێ بیانبات و ڕادەستی کتێبخانەکەیان بکاتەوە. دەبوو ئەو قسەکردنە بەردەوام بووایە، چونکە باوکی خێرا خۆی تێ هەڵقورتاند. نیکۆلای ئیڤانۆڤیچ بەوە ناسرابوو، کە قسەی لەڕووبوو، تا ڕادەی تووڕەبوون مشتومڕی دەکرد، ڕەنگە هەر لەبری ئەوەیش بوو لەگەڵ بەرپرسانی خۆیدا تەبا نەبوو، بە خەفەتەوە ئازاری دەچەشت.

ـ مەبەستت لەو قسەیەت چییە کەس مەکوژە؟ ـ بە شێوەیەك هاواری کرد بێزاری پێوە دیار بێت، ئەوە چییە ـ مەکوژە، خوێن مەڕێژە؟ شتێکی جوانە، کەواتە ئەو بۆ کوێ دەچێت؟ ئەو بۆ جەنگ دەچێت. ئافەرین ئەی دایك، ئافەرین بۆ ئەو قسەیە ـ بۆ جگەرە دەستی بە پیاسەکردن بە ناو ژوورەکەدا کرد، چونکە کاتێك تووڕەیی دەیگرێت ئارەزووی جگەرە کێشان دەکات. دایکەکەیش بەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە جگەرەکیشان وای لێ کردووە لاواز بێت و زۆر تووڕە بێت، لێی پاڕایەوەو گوتی:

ـ کۆلیا تکات لێ دەکەم جگەرە مەکێشە، بەزەییت بە خۆتدا بێتەوە.

ـ بەڵام چۆن دەبێت جگەرە نەکێشم پاش ئەو قسەیەی بە (سێرگی)ت گوت، کە سبەینێ دەچێت بۆ بەرەی جەنگ، ئەی لەوێ چی دەکات؟

ـ لەبەر ئەو هۆیە پێی دەڵێم، با بڕیارەکە بۆ یەزدان بەجی بهێڵین. هەمووان بەردەوام دووپاتی دەکەنەوە: بکوژە بکوژە، چونکە دوژمنان مەرگمان بۆ دێنن، ئێمەیش مەرگیان بۆ دەبەین. بەڵام پاش ئەوە مرۆڤ چۆن دەتوانێت ژیان بەسەر ببات، ئایە جگە پیاوکوژان کەسانی دیکە لەسەر ڕووی زەمین دەمێننەوە؟ ئایە تۆ لەو بڕوایەدایت کە من تێناگەم: ئەگەر نەکوژیت ئەوان تۆ دەکوژن، بەڵام ئەگەر بکوژیت دەبیتە بکوژ. ئەی چی لە بارەی ئەناتۆلی زاوامانەوە دەڵێیت؟ ڕەنگە زیندوو بێت، ڕەنگە زیندوویش نەبێت، ڕەنگە بێت کوشتبێتیان، ڕەنگە بشبووبێتە بکوژ؟ من دەترسم ئەوە بە فیرۆنیکا بڵێم، بەڵام ئەوەی بە بیرمدا گوزەر دەکات بە کوڕەکەی خۆمی دەڵێم. ـ بەبێ دەنگی دەستی بە گریان کردو

هەنسك و گریەی کپ کرد، چونکە هیچ وەڵامێکی دیکەی چنگ نەکەوت، وێ ناتوانێت بڕوای مێردەکەی بگۆڕێت.

ـ ئافەرین! ـ باوکەکە بە سەرزەنشتی کردنەوە درێژەی دایە ـ بۆ ئەم پڕوپاگەندەیە. دەشێت بە دوژمنی گەل تۆمەتبار بکرێیت و بۆ سیبیریا دوور بخرێیتەوە. ئەوە جەنگێکی جیهانییەو هەڵگیرساوە، پرسەکەیش ئەوەیە کێ سەردەکەوێت، ئێمە یان ئەوان ، هەرچی تۆیت ـ مەکوژە، تۆ وا دەزانیت من بەزەییم بە کوڕەکەم، بە جگەرگۆشەکەمدا نایەتەوە؟ یان بەزەییم بە ئەناتۆلی زاوامانددا نایەتەوە؟ بەڵام چار چییە؟ سەرباز بەرگری لە خاکی خۆی دەکات، فەرمانی پێ دراوە. ئەگەر سەرباز دوژمن لەناو ببات، واتە بیکوژێت، ئەوە ئەو کارە دەکات بەپێی ئەو فەرمانەی پێی کراوە، واتە ئەوە ئەرکە، بۆیە لێرەدا پاڵەوانییەتییەکەی دەردەکەوێت.

دایکی بێ دەنگ بوو، خۆی بە چاککردنی هەگبەی شت و مەکەکانی ئەمەوە سەرقاڵ کردبوو، باوکیشی جڵەوی بیری ڕادەستی یادوەرییەکانی لاویەتی کردبوو، کاتێك بەشداری لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا کرد، کاتێك تەمەنی ئەویش نۆزدە ساڵان بوو، لەناو ژێر ئاوییەکدا دەریاوان بوو. کورتەی قسەکەی ئەوەبوو کە لەناوبردنی هێزی زیندووی دوژمن گرنگترین کارە لە جەنگدا، چونکە ئەوە ژێرئاوییەکەی ئەوە لە دەریای بەلتیکدا کەشتییەکی جەنگیی گواستنەوەی دوژمن بە سەرنشینەکانییەوە نغرۆ دەکات، سەرەتا بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر دەریادا دوای کەوتن پاشان تۆربیدێکیان ئاراستە کرد. هەردوو گوللەکە ئامانجەکە ـ لاتەنیشتی کەشتییەکەیان لە سەر هێڵی ئاوەکە پێکاو کەشتییەکە ئاگری گرت و وردە وردە نغرۆ بوو. هەرچی ژێرئاوییەکەی ئەمان بوو بەرەو قووڵایی ئاوەکە ڕۆیشت و پاش چاوەڕوانی یەك کاتژمێر، سەرلەنوێ بەرزبووەوەو، بە بیریسکۆپ دەستیان بە چاودێری کردنی ئەو ڕووداوانە کرد لەسەر ڕووی ئاوەکە ڕوویان دەدا. پتر لە نیوەی کەشتییە زەبەلاحەکە نغرۆی ناو ئاوەکە بووبوو، لە کاتێکدا پێشەوەی بەرەو ئاسمان بەرزبووبووەوەو، خەڵکێکی زۆری لە چوار دەور بوو کە دەیانویست خۆیان قوتار بکەن. شتێکی ئاساییە کە فەرماندەو گەورە ئەفسەرەکان لە بیریسکۆپەوە سەیریان دەکرد. کارمەندانی ئاماژەیش ڕاپۆرتەکانیان بە شێوازی تەلگرافی (مۆرس) سەبارەت بەجێبەجێ

کردنی سەرکەوتووانەی ئۆپۆەراسیۆنەکە بۆ فەرماندایەتی لە دوورگەی (کرانـچتات) بـەرز دەکردەوە، ئەرکەکەیش فەرمان بوو، فەرمانی لەناوبردنی دوژمن بوو.

لەسەرەتاوە بە بیریسکۆپ تەنیا چاودێری خەڵکەکەیان دەکـرد کـە نغـرۆ دەبـوون. پاشـان کاتێك ئاو کەشتییەکەی دوژمنی قووت دا، پاشان کە لـەوە دڵنیـابوون لـە تەنیـشت ژێـر ئاوییەکەوە هیچ مەترسییەك نەماوە، تەواو هاتنە سـەر ڕووی ئاوەکـەو فـەرمان دەرچـوو: هەمووتان بۆ سەرەوە. هەموو تیمەکە چوونە سەرەوە، پاشـان لەبـەردەم فەرمانـدەدا ڕیـز ڕاوەستان، ئەویش سوپاسی کردن. دوژمنانیش لە تەنیـشتەوە نغـرۆ دەبـوون، ژمارەیـەکی زۆر کەمیان لێ مابوو. هەندێکیان دەکۆشان بە مەلەوانی لە ژێرئاوییەکـە نزیـك ببنـەوە، کەچی نەیانتوانی، بەڵام گوللەی تفەنگەکان هەر هەمووی لەناوبردن.

ئەوە جەنگە، سەرکەوتن لە جەنگدا بۆ ئەو کەسەیە کە دەکوژێت، سـەرکەوتوویش لەسـەر هەقە، ئەوە ئەو شتە بوو تەواو ڕووی دا، ئەوەیش دەمێنێت.

دایکی نەیویست دەمەقرەی لەگەڵ بکات و نەیش بەرهەڵستی بکات، بەڵکو تەنیا سـەری بۆ لەقاندەوە. پاش ئەوە دراوسێکان هاتن خواحافیزی لێ بکـەن، هـەروەها پلکـی لەگـەڵ منداڵەکانیـدا هـاتن، فیرۆنیکـایش بـە پەلـە لەسـەر کارەکەیـەوە هاتـەوە، دەسـتی بـە یارمەتیدانی دایکی کرد لەبەڕێوەبردنی کاروبـاری ماڵـەوەدا، دەمەتـەقێش تـا نیوەشـەو بەردەوام بوو، بەڵام سەبارەت بە بابەتگەلی دیکە.

ئەو ئێستە دڵی بە دایـك و بـاوکی دەسـووتێت ـ لـە کاتێکـدا دایکـی دەیویـست کـەس نەکوژێت، باوکی داوای لێ دەکرد دوژمن بکوژێت، هەموو ئەوەی لە ڕابـوردوودا دیـاربوو دەهاتە پێشەوەو لە پشتەوە دەمایەوە. فۆلگای خوارووی چـیای (سـاراتۆڤ)ی بیرکەوتـەوە، شوێنە هاوینەییە دڵگیرەکان، دوورگە سەوزەکان، ئـاوی ڕۆشـن و جـوانی ڕووبارەکـە، کـە بەلەمە چارۆکەدارەکانی بەسەرەوەبوون. بەڵام زۆرترین شت کە سـێرگی بـە منـداڵی زۆری حەز لێبوو بچێت ببینێت پردی شـەمەدەفەرەکە بـوو بەسـەر ڕووبارەکـەوە. پردەکـە زۆر بەرزبوو، ئەو کە لە خوارەوە بوو، لە کەناری ڕووبارەکە چەندین کاتژمێر دەمایەوە، دەبـوو سەری زۆر بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی سـەیری ئـەو شـەمەندەفەرانە بکـات کـە لـە پردەکـە دپەڕنەوەو گوێی لـە تـەق و تـۆقی ڕەوڕەوەی فارگۆنـەکان دەگـرت. ئەسـتوونی ئاسـنینی

پردەکە دەنگی لێوە دەهات و دەلەرزییەوە، لەو چرکانەدا ئێرەیی بەو سەرنشینانەی ناو شەمەندەفەرانە دەبرد بەسەر ئەو پردەدا بەسەر فۆڵگاوە بەرەو ئەو وڵاتە جوانانە دەڕۆیشتن کە شتی لە کتێبەکاندا لە بارەیانەوە خوێندووەتەوە..

هەروەها منداڵیەتی خۆی بیر کەوتەوە چۆن شەوی سەری ساڵ، هەموو ئەندامی خێزانەکە، کاتێك پووتی لبادیان لەپێ دەکرد، بەناو کێڵگە پڕ لە بەفرەکەدا بەرەو دووکەڵدانە بڵندەکە دەڕۆیشتن، کە مەشخەڵی گڕەکەی لەسەرەوە دەسووتا، ئەو ئاگرە زیندووەو ئەو بەفرە زیندووە کە هەر بەناو گڕی ئاگرەکەدا دادەباری، کە بێ دەنگ کوڵووە بەفرەکانی هەڵدەلووشی، لە کاتێکدا بەفرەکە دادەباری و دادەباری، ئەویش نەیدەتوانی لە ئاگرەکە دوور بکەوێتەوە، بەچڕی دادەباری ـ ئاگرەکە نەدەکوژایەوەو بەفریش تەواو نەدەبوو.

لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆردا، ئێستەیش جەنگ هەڵگیرساوە، پێویستییەکی لەگەڵ خۆی هێناوە کە بکوژێت یان بکوژرێیت، چونکە هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە نییە. بەم شێوەیە سێرگی لە تاریکاییدا گریا، کاتێك باوك و دایك و فیرۆنیکای خوشکی بیر کەوتەوە، لە ناو سەربازەکاندا بە دزییەوە گریا، چەندی حەز لێبوو سەرلەنوێ لەگەڵیاندا بەناو کێڵگەی بەفردا ڕێگەی بەرەو ئاگرەکە دووشەق بکات، کە دڕی بە تاریکایی شەو دەدا.

ڕەوڕەوەی فارگۆنەکان بەسەر هێڵە ئاسنینەکەدا هەر تەق و تۆقیان بوو، فارگونەکان سەمایان دەکرد، کاتێك بەرەو پێشەوە دەچوون، بە پەلە چەند وێستگەیەکی بچووکیان تێپەڕاند، ڕووناکییەکانیان بروسکە ئاسا لە تاریکایی شەودا دەبینران. شەمەندەفەرە پڕ لە سەربازو چەکەکە ڕێگەکەی بە پەلە بۆ ئەوێ دەبڕی، بۆ ئەو شوێنەی کە دەبێت بکوژیت یان بکوژرێیت، ئەوەیش لەسەر تۆ ڕانەدەوەستا، کەس حەز ناکات بکوژرێت، کەسیش نازانێت کە ئەو دەکوژرێت. هەرچی ئەوەی کە تۆ یەکێك بکوژیت، ئەوە لەسەر تۆ ڕادەوەستێت، ئەوەیش لە جەنگدا فەرمانێکەو بڕاوەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا چۆن بە خۆت دڵێیت: دەکوژیت یان ناکوژیت؟.

ڕەوڕەوەکان لە سەر ڕیتمی: دەکوژیت یان ناکوژیت، دەکوژیت یان ناکوژیت، دەکوژیت یان ناکوژیت هەر تەق و تۆقیان بوو ..لەسەر ئەو ڕیتمە سێرگی وردە وردە خەو دەیبردەوەو،

فرمێسك برژانگەکانی تەڕکردبوو، دەکۆشا جەنگ و شەڕەکان و ئەو کەسانە وێنا بکات کە دەبێت بیانکوژێت و چۆن بیانکوژێت، تەقەیان لێ بکات، یان بە نێزە بیانکوژێت، هەروەها ویستی ئەو کەسە وێنا بکات کە هەمان شت دەکات، بۆ ئەوەی ئەم بکوژێت. چەند تێکۆشا، ئەو دوژمنە، ئەو ئەڵمانییە فاشیزمە وێنا بکات .. بەڵام بێ خود بوو، زۆر دژوار بوو وێنای بکات، هەروەها دژواریش بوو ئەو کەسانە وێنا بکات کە لە تەنیشت ژێرئاوییەکەوە نغرۆ بوون. بەپێی گێڕانەوەکەی باوکی، شەپۆلەکان دەم و چاوی داپۆشیبوون، ئەوەیش دەبووە هۆی ئەوەی نەتوانرێت لێك جیابکرێنەوە، هەرچی ئەوانە بوون کە نزیك دەبوونەوە، لەناو ئاوەکەدا تەقەیان لێ دەکردن، بەبێ دەنگی و بێ شوێنەوار لە بن ئاوەکەدا نوقم دەبوون.

(دەکوژیت یان ناکوژیت) ـ ڕەوڕەوەی فارگۆنەکان تەق و تۆقیان بوو. سێرگی ویستی ئەو وشە ئەڵمانیانەی بیر بکەوێتەوە کە لە فێرگە فێریان بووبوو، بەڵام لە وەرگێڕانی دەکوژیت یان ناکوژیت، دەکوژیت یان ناکوژیت، دەکوژیت یان ناکوژیت، بۆ ئەڵمانی دڵنیا نەبوو.

شەمەنەفەرەکە ڕێگەکەی خۆی بە ناو تاریکایی شەودا بەرەو پێشەوە دوو شەق دەکرد..

توانیم دەقی چیرۆکی (دەکوژیت یان ناکوژیت)ی لەناو کاغەزەکانی (ئەرسین سامانچین)دا بدۆزمەوە. چەند بە داخەوەم کە نووسەر نەیتوانی چیرۆکە بڵاوکراوەکەی خۆی ببینێت.

بەڵام خوێنەران دەمێنن، چ لەژیانی نووسەر، یان پاش مردنی، ئەگەرچی بە ژمارەیەکی زۆرتر، وەك ئەرسین سامانچین ڕایسپاردم، ئەوە (دەکوژیت یان ناکوژیت) بە دەنگی بەرز لە گۆڕستانی شەهیدەکاندا دەخوێنمەوە.

من گوێم لە بانگی بووکی نەمرە، کە کۆچکردوو ئەرسین سامانچین زۆر شتی لەبارەوە گێڕایەوە کاتێك هەردووکمان پێکەوە بووین ...

شوباتی ٢٠٠٦ برۆکسل

ئیلێس

کاتژمێر ٩ی ئێوارەی ٢٠١٢/٦/١٢ وەرگێڕانەکە تەواو بوو.

المصدر: جنكيز آيتماتوف، عندما تتداعى الجبال، العروس الخالدة، ترجمة: د.هاشم حمادي. الطبعة الأولى ٢٠٠٧.

## جەنگیز ئایتماتۆڤ ١٩٢٨/١٢/١٢ ـ ٢٠٠٨/٦/١٠




جەنگیز ئایتماتۆڤ (١٢ی کانوونی یەکەم ١٩٢٨ ـ ١٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٨) ڕۆماننووسێکی قەرغیزی (سۆڤیەتی پێشوو)ە، لە ١٩٢٨/١٢/١٢ لە گوندێکی قەرغیزیا لەدایك بووە. ساڵی ١٩٥٣ پەیمانگەی کشتوکاڵی تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٥٢ەوە دەستی بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی کردووە. ساڵانی ١٩٥٦ ـ ١٩٥٨ لە مۆسکۆ وێژەو ئەدەبی خوێندووە. ساڵی ١٩٨٨ ـ ١٩٩٠ سەرنووسەری گۆڤاری (وێژەی بیانی) بووە. ساڵانی ١٩٩٠ ـ ١٩٩٤ باڵیۆزی یەکیەتی سۆڤیەت جاران و ڕووسیای فیدراڵ و قەرغیزیا بووە لە وڵاتان و ڕێکخراوەکانی ئەوروپا. سێ خەڵاتی دەوڵەت و خەڵاتی (لینین)ی بەرکەوتووە.

باوکی لە سەردەمی ستالیندا لە ساڵی ١٩٣٨ لەسێدارە دراوەو ناچار بووە لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا دەست بە ئیش کردن بکات. ژمارەیەکی زۆر چیرۆك و ڕۆمانی نووسیوە، لە ڕۆمانەکانی: جەمیلە، یەکەم مامۆستا، ڕۆژ پتر لە سەدەیەك درێژتر دەبێتەوە، ڕێگەی دروێنە، کەشتی سپی، گۆڵساری خوات لەگەڵ، قازو قولنگەکان زوو هاتن، پەرییە دەستەسڕە سوورەکەم، کاتێك چیا هەرەس دەهێنێت.. بووکی نەمر، منداڵیەتی لە قەرغیزیا، پڵنگی ناوبەفر، ئەو سەگە بازووەی لە لێواری دەریا ڕادەکات.

لە ڕۆمانەکانیدا بایەخی بە لایەنی ڕوحی و دەروونیی مرۆڤ داوە، هەروەها لە هەندێك لە ڕۆمانەکایدا بایەخی بە ژینگەو سروشت داوە، ڕەخنەگران زۆریان بە ڕۆمانەکانیدا

هەڵـداوە. فیلیمێکـی سـینەمایی لـە ڕۆمـانی (جەمیلـە)وە بەرهـەم هێنـراوە. بـاڵیۆزی قەرغیزیا بووە لە هەر یەك لە بلژیك و یەکیەتی ئەوروپاو پەیمانی ناتۆو یۆنسکۆ.
جەنگیز ئایتماتۆڤ لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا لە یەکێك لـە نەخۆشخانەکانی نۆرینبێرگ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.
بەرهەمەکانی ئایتماتۆڤ بە ١٦٥ زمان نزیکەی ٤٠ تـا ٦٧ ملیـۆن دانـەیان لـێ چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە. زۆر لـە بەرهەمـەکانی کراونەتـە فیلمـی سـینەمایی و بـە شـانۆگەریش پێشکەش کراون.
ژمارەیەك پیشەو پۆستیشی بەڕێوەبردووە لەوانـە جێگـر لـە سـۆڤیتی بـاڵا (پەرلـەمان)، ئەندامی دەستەی کارگێڕی لە یەکیەتی نووسەرانی سۆڤیەتی جاران، بەڕێوەبەری ستۆدیۆی سینەمای قەرغیزیا. پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتی سۆڤیەتیش بوو بە باڵیۆزی قەرغیزیا لە وڵاتانی بلینۆکس.

# وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا



- ساڵی ١٩٥١ لەناوچەی بنکوورەی سەر بە قەزای خانەقین لەدایکبووە .
- ساڵی ١٩٦٣ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی گۆڕەشەلەی کەناری زێی سیروان لە ناوچەی خانەقین تەواوکردووە.
- قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری خانەقین تەواو کردووە .
- ساڵی ١٩٧٠ چووەتە بەشی کوردی کۆلێژی وێژەیی زانکۆی بەغداو لە ساڵی ١٩٧٤دا بەکالۆریۆسی زمان و وێژەی کوردی وەرگرتووە .
- لەساڵی ١٩٧٠وە دەستی بە نووسین کردووە .
- لە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمی وێژەیی و شیعرو بابەت و وتاری هەمەجۆری بلاوکردووەتەوەو بەرهەمێکی زۆری شاعیران و چیرۆکنووسانی کوردی کردووەتە

عەرەبی و بڵاوی کردوونەتەوەو لە سایتی ئینتەرنێت بەرچاو دەکەون و چەند بەرهەمێکی دەستنووسی هەیە چاوەڕێی چاپ دەکەن ، ئەم بەرهەمانەشی چاپ کردووە

- کۆشیعری شەپۆلی ئاواز ساڵی ١٩٧٨ بەغدا .
- کۆشیعری ژیلەمۆی ڕاز ساڵی ١٩٨٠ بەغدا .
- کۆشیعری بەردەباز ساڵی ١٩٨٦ بەغدا .
- کۆشیعری خۆر کۆچ ناکات ساڵی ١٩٨٧ بەغدا .
- کۆشیعری ڕێس ساڵی ١٩٩٧ هەولێر .
- کۆ شیعری ئەفسانەی سێو ساڵی ٢٠٠٥ هەولێر .
- دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا ٢٠٠٨ هەولێر.
- ئامۆژگاری دایك. چیرۆکی منداڵان. وەرگێڕراو. ٢٠٠٨ هەولێر.
- خەونەکەی دارا.چیرۆکی منداڵان. وەرگێڕراو ٢٠١٠، هەولیر.
- خەناوکە.چیرۆکی فۆلکلۆری گەلان، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠١٠
- فریشتەی دارستان.چیرۆکی فۆلکلۆری گەلان، وەرگێڕان،هەولێر، ٢٠١٠.
- کۆچیرۆکی (هەورە تریشقە)، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٢٠١١.
- ڕۆمانی (بەفر لە پەنجەرەوە دێتە ژووری)، حەننا مینە، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠١١.
- دیوانی (درۆیەکی دیکە)ی شاعیر(زانا خەلیل)،وەرگێڕان بۆ عەرەبی، هەولێر،٢٠١١.
- ڕۆمانی (پردەکەی سەر ڕووباری درینا)، ئیڤۆ ئاندریچ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، دەزگەی موکریان و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٢٠١١.
- ڕۆمانی (گۆڕەپانی نەفرەتی)، ئیڤۆ ئاندریچ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، دەزگای موکریان و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٢٠١١.
- (قاسپەی کەو ـ شدو القبج)، وەرگێڕانی ٦٠ شیعری ٤٠ شاعیری کورد بە عەرەبی، دار الغاوون، بەیرووت، ٢٠١٢.
- ڕەهیلێ، کۆشیعر، سەرجەم شیعرەکانی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، لەسەر ئەرکی خۆی چاپ کراوە.
- مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی بووەو ڕۆژنامەنووسە. ئێستە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی ـ پەروەردەو فێرکردن)ە.

تێبینی: ئەم نووسینە لە دوایەمین لاپەڕەی بەرگ دادەنرێت

# کاتێك چیاکان هەرەس دەهێنن

## بووکی نەمر

چ چیایەکە ئەوەی هەرەس دەهێنێت؟ ئایە ئـەو چـیا سـەخت و چەسـپیوانەی ئەسـتوونی زەوین؟ یان چیای ڕوح؟ یـان چـیای ئـەو نـەریت و بەهایانـەی کـە بەدرێـژایی سـەردەم و ڕۆژگارەکان گیانی مرۆڤیان خەملاندووە؟

هەموویان هەرەس دەهێنن و دەڕووخێن، چونکە جیهانی بێزراوی (بزنس) هەموو شـتێکی ڕامالّی، هەموومانی داگیرکردووە، لە ناو ناخماندایەو پارچە پارچە دەمانکرۆژێت.

تەنانەت بووکی نەمر کە سەرەخۆشی لـە خـۆی دەکـرد، لـە گەڕانـە بەردەوامەکەیـدا بـە بینینی دوو ئەویندار لەوانەی ئـەوینیان لـە دەور دەبرسـکێتەوە، دەگمەنـە ئـەم ڕۆژگـارە شتێکی لەو جۆرە ببینیت بۆیە تا دەهات غەم و پەژارەی پەرەی دەستاند.

ئەگەرچی تەنیا هەتاو خەڵتانی خوێن نابێت و ئەسپەکەیش بەبێ سوارەکەی هەڵـدێت وەك قەرەجەکان پێشبینی دەکەن، کەچی جەنگیز ئایتماتۆڤ لە ڕۆمانی نایابی (کاتێـك چـیاکان هەرەس دەهێنن، بووکی نەمر) باسی ئەو لێکترازانە ترسێنەرەی دانیشتووانی گۆی زەمـین دەکات و خۆی وەك قوربانییەك بۆ قوتارکردن و ڕزگارکردنی ئەوەی دەشێت ڕزگـار بکرێـت پێشکەش دەکات، بەشکو هەست بجوولێتەوەو خۆشەویستی گـوڵ بگرێـت و خـوێن ڕشـتن نەمێنێت و ئەسپەکە بۆ لای سوارەکەی بگەڕێتەوە.